# باڵەخانەی یاقوبیان

ڕۆمان

عەلا ئەسوانی

# باڵەخانەی یاقوبیان

ڕۆمان

وەرگێڕانی:

سەباح ئیسماعیل

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

عەلا ئەسوانی
باڵەخانەی یاقوبیان- ڕۆمان
وەرگێڕانی: سەباح ئیسماعیل
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٢٦٥
چاپی دووەم ٢٠١٢
تیرێژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٣٦٤ – ٢٠١٢
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
پیت لێدان: ئۆژین سەباح
هەڵەگری: بۆکان نووری، تریسکە ئەحمەد

ژینک:
ژمارەی پێوانەییی ناودەوڵەتیی کتێب
ISBN: 978-9966-487-32-4

## پێشەکی

دەبوو بەر لە ڕۆمانی "شیکاگۆ" ڕۆمانی "باڵەخانەی یاقوبیان"م وەربگێڕایا، مـــخـــابن بـەر لەوەی بڕیـاری وەرگـێـڕانی بـدەم، چووم تەمـــاشـــای فـــیـلمی "باڵەخـانەی یاقوبیـان"م کرد، لێ بـڕیا نەمبـینیایە؛ چونکە فیلمـەکە گەلێک لە ئاستی بەرزی ڕۆمانەکەی کەم کردبووەوە.

لە سۆنگەی ئەوەی ئەو ڕۆمانە دژ بەفێندەمێنتالیزمی ئیسلامییە و دیمەنی سێکسیی هۆمۆسێکسوالیشی تێدان و دژ بەسیاسەتی دیکتاتۆرییانەی ڕێژیمی میـسـری قـسـان دەکـات، فـیلمـەکـە هێندە شـێـوێنرابوو و لێی قرتێنرابوو، بەتەواوی چێژە هونەرییەکەی لەدەست دابوو. ئەمە وای لێ کردم نەک هەر بڕیاری وەرگێڕانی نەدەم، بەڵکو هەر نەیشی خوێنمەوە.

ڕاستییەکەی بەوەم نەدەزانی عەلا ئەسوانی گوتەنی: "لە میسردا سانسۆر لەسەر فیلم هەیە و لەسەر کتێب نییە".

پاش مـاوەیەک هـەینێ دوا چاوپێکەوتنی عـەلا ئەسـوانیم خـوێندەوە، کـە چۆن گلەیی و گازندە لەوە دەکات، "ئەمـە ناشرینکردنێکی زۆر گەورەیە، وەلێ ئەم ناشرینکردنە فیلمەکەی گرتووەتەوە، نەک ڕۆمانەکەی من نووسیومە. لە کـــەتواری ئەمـــڕۆدا بـەرابەر بەم فـــیـلمـــە من هیچ بەرپرســـیـــار نیم... ئەوە دەستدرێژیکردنێکی ڕووت و ئاشکرایە بۆ سەر داهێنان".

ئەم قسانە وایان لێ کردم بگەڕێمەوە سەر ڕۆمانەکە و بیخوێنمەوە، ئینجا لە مەزنیی ڕۆمانەکە گەیشتم و زانیم چەندە غەدری لێ کراوە.

ئەسوانی تا بڵێی ڕۆماننووسێکی بوێرە و بەرپرسیی ئەوە هەڵدەگرێت، کە نووسیویەتی و لەوی دەینووسێت ژیوان نییە. ئەمەش کارێکی وای کردووە لە

لایەن حکوومەتی میسرەوە "کە ئەو بەڕێژیمێکی پۆلیسی ناو دەبات" خۆشەویست و لە بەردڵان نەبێت و لە کوێت و قەتەریش فیلمەکەی قەدەغە بکرێت.

ئەو بەردەوام باجی نووسینەکانی دەداتەوە و کێشە و ئاریشەی زۆری دێنە ڕێ، یاخۆ ڕاستتر دەیخەنە ڕێی. نووسەر لەم ڕۆمانەیدا دەڵێت، ئەگەر ئیسلامی سیاسی دەسەڵات بەدەست بگرێت، ئەوا دەبێت چ دۆزەخێکمان بۆ بنێتەوە؟ بەپاڵ ئەوەشەوە ژیانمان لە وڵاتێکی عەرەبیدا بۆ وێنا دەکات و دەیەوێت بڵێت ئەم شێوە ژیانەش هەر بەردەوامیی نابێت و چەندە تەمەنی دیکتاتۆران درێژ بێت، هێندە کارەسات و ماڵوێرانیمان بۆ دەهێنن و لەژێر هەڕەشەی ترس و تۆقیندا دەژین.

ئەو دەبێژێت ئەوە نادادپەروەری و نایەکسانی و هەژارییە دەبنە مۆڵگە و ماڵی ئارامی تیرۆر، ئەوە دژوەستانەوەی دیموکراسی و دواکەوتوویی دەسەڵاتە مامانی بۆ هاتنە دنیای تیرۆر دەکات.

کاتێک دەڵێت دەکرێت لەم سەر زەمینەدا بەهەشتێکی واقیعی بۆ مرۆڤەکان بنیات بنرێت، مەبەستی ئەوەیە بڵێت سەرتاپای دنیا بووەتە دۆزەخ.

ئەسوانی وەکو نووسەرێکی خودان ئەزموون لەو کارەساتانەی بەرێوەن وریامان دەکاتەوە. ئەو کارەساتە مرۆییانەی لە سایەی ڕێژیمە تۆتالیتارییەکاندا هەمیشە لەسەر پێن و لە هەر ساتێکدا بێت مەزەندەی ڕوودانیان دەکرێت.

ئەو بەهیچ شێوەیەک لە ڕۆمانەکانیدا مەبەستی تایبەتی سیاسی بەکار ناهێنێت، بەڵکو بۆ ئامانجێکی ئەدەبیی ڕووت دەیاننووسێت.

***

عەلا ئەسوانی ساڵی ١٩٥٧ لە میسر هاتووەتە دنیاوە، کوڕی عەباس

ئەســوانیی پارێزەر و ڕۆمــاننووسی کــۆچکردووی ناودارە. خــوێندنی لە قوتابخانەی ئەلیسێی فرەنسی لە قاهیرەدا تەواو کردووە و ماستەری لە نۆشداریی ددان لە زانکۆی ئەلینۆی لە شیکاگۆدا بەدەست هێناوە. ئینجا لە مەدرید ئەدەبی ئیسپانی خوێندووە و زمانی ئینگلیزی و فرەنسی و ئیسپانی دەزانێت. دوو کۆمەڵە چیرۆک و سێ ڕۆمانی بەچاپ گەیاندوون. ئەندامێکی چالاکی بزاڤی لیبراڵیی کیفایەی بەرهەڵستکارە. لە ساڵی ١٩٩٠ـەوە دەستی داوەتە نووسین و ئەم ڕۆمــانەی بەردەســتــتــانی لە ســاڵی ٢٠٠٢دا بڵاو کردووەتەوە. کە لە ساڵی ٢٠٠٦دا کرا بەفیلمی سینەمایی و ساڵێک دوای ئەوەش کرا بەزنجیرەی تەلەڤزیۆنی. ڕۆمانەکانی بۆ زۆرێک لە زمانەکانی دنیا وەرگێڕراون و چەندین خەڵاتی جیهانیی لە بواری ئەدەب و خەڵاتی برۆنۆ کرایسکیشی وەکو داکۆکیکارێک لە مافەکانی مرۆڤ لە دوای وەرگێڕانی ڕۆمانی شیکاگۆ بۆ زمانی ئەڵمانی پێ بەخشرا.

***

باڵەخانەی یاقوبیان ساڵی ١٩٣٤ هاگۆب یاقوبیانی ملیۆنێری ئەرمەنی بنیاتی ناوە. ئێستاش ماوە و لە شەقامی تەڵعەت حەربە.

ئەم باڵەخانەیە بەپێکهاتەی دانیشتوانەکەیەوە لە موسڵمان و دیان، لە هەژار و دەوڵەمــەند بەگشت توێژەکــانیــەوە وەکــو شــوێن لە واقــیــعــە جوگرافییەکەی دادەماڵرێت و دەچێتە خانەی ڕەمزەوە و وەکو باڵەخانەیەکی کۆزمۆپۆلیتی میسر لەودا دەبینرێتەوە، دانیشتوانەکەیشی خەڵکەکەین.

ڕۆمانی "باڵەخانەی یاقوبیان" ڕۆمانی تووڕەیی و تاسەی گۆڕانە لە بەرابەر ئەو واقیعە تاڵەی، کە ناکرێت چاوپۆشی لێ بکرێت.

لە ڕۆمانەکەدا ململانێیەکی زۆرجار نەبینراو لە نێوان بەهێز و بێ هێزدا هەیە، بەتایبەت لە نێوان سەرمایەداران و نەداراندا، لەم نێوەدا هەژاران دەبنە سووتەمەنی ماشێنی زەبەلاحی سامان کۆکردنەوە و دامرکێنەرەوەی

گرِی ئالۆشی سێکسییان.

حاجی عەزامی ملیۆنێر بێوەژنێکی لێقەوماوی شۆخ و شەنگ و نازداری خۆشی لەخۆ نەدیو دەستەمۆ دەکات و دەیچەوسێنێتەوە.

تەلاڵ شننی خاوەن کۆگای جلوبورگ لە بەرابەر دە جونەیهدا لەسەر جەستەی ناسکی بوسەینەی کارمەندی نەداردا دەلەوەڕێت.

هەینێ تەهای خۆشەویستی پێی دەڵێت لای تەلاڵ کار مەکە و دەرچۆ، ئەمیش لە کاتێکدا خانەوادەکەی چاویان لە دەستی ئەوە و بەو مووچەیە دەگوزەرێن، بەتەها دەڵێت:

– ئەمرەکەی قوربان.. دە تۆ ئەو دووسەد و پەنجا جونەیهەم بدەرێ، کە لای تەلاڵ بەدەستی دەهێنم، ئیتر ناهێڵم لە تۆ زیاتر کەس بمبینێت.

حاتەم ڕەشیدی دەوڵەمەندی نەسرۆ لە بەرابەر بەدیهێنانی حەز و ئارەزووەکانیدا بەسێکسکردن لەگەڵ هەمان ڕەگەزدا، عەبد ڕەبەی سعێدیی بێ پارە و پووڵ و دەسەڵات تەفرە دەدات و لە بەرابەر دەوام نەکردنی لە خزمەتی سەربازییەکەیدا، بەدەر لە ئیرادەی خۆی دەبێت بەمێردی، کە بەناچاری بەرژەوەندییەکی هاوبەشی کاتی کۆیان دەکاتەوە، بەڵام لە کۆتاییدا ناکۆکییەکان دەگەنە چڵەپۆپە و شەڕ و ئاژاوەی توندیان لێ دەکەوێتەوە.

لەو لاشەوە تەهای خوێندکاری کوڕی شازلیی دەرکەوان ئاواتی گەورەی ئەوەیە ببێتە ئەفسەری پۆلیس، لە کاتی تاقیکردنەوەی وەرگرتندا لە کۆلێجی پۆلیس هەموو هەنگاوەکان بەسەرکەوتوویی دەبڕێت، وەلێ هەر لەبەرئەوەی پیشەی باوکی دەرکەوانییە، ڕەتی دەکەنەوە و وەرناگیرێت.

ئەو نادادپەروەری و لاقەکردنەی لە بەندیخانەدا وای لێ دەکەن، واز لە کۆلێج بهێنێت و بەناچاری ببێتە تیرۆریست و لە خەمی ئەوەدا بێت چۆن تۆڵەی خۆی لەوانە بستێنێتەوە، کە بەو دەردەیان برد.

زۆربەی کاراکتەرەکانی ڕۆمانەکە "زیاتر ئافرەتەکان" کەسانی سەرلێ شێواو و ونن، بەدووی خودی خۆیاندا دەگەڕێن.

لە ڕۆمانەکەدا تەنیا تارماییی دوو منداڵ بەدی دەکرێن، یەکیان هەر بەکۆرپەلەیی بەزۆر لە سکی دایکیدا مافی ژیانی لێ دەسەننەوە و لەباری دەبەن، ئەوی تریش تووشی نەخۆشی دەبێت و گیان لەدەست دەدات.

لێرەدا نووسەر لەم پەنجەرانەوە دەڕوانێتە ژیان و ئومێدی بەدیکردنی تروسکەی هیوای ئاسۆیەکی نوێ بەدی ناکات، چونکە هەر کۆمەڵگەیەک بەر بەمردنی کۆرپەکانی نەگرێت، داهاتوویەکی نادیار لە چاوەڕوانیدا دەبێت.

سەباح ئیسماعیل – کەرکووک

٢٠٠٩/٥/١٨

# ١

مـــەودای نێـــوان گـــوزەری بەهـلەر لەو شـــوێنـەی زەکی بـەگ دســـوقـــیـی لێ نیشـتـەجێ بوو، لەگەڵ نووسـینگەکەی لە باڵەخـانەی یاقـوبیـان سـەد مـەتری تێـپـەڕ نەدەکـرد، لێ گـشت سـبـەینانێک ئەو مـاوەیەی بـەسـەعـاتێکی تەواو دەبڕی، چونکە دەبوو بەدەم ڕێکرنەوە یەک یەک چاکوچۆنی لەگەڵدا بکردنایا:

دوکـانداره جلفـرۆش و پێـڵاوفـرۆش و ئەوانی کـاریان تێـیـدا دەکـرد «لە هەردوو ڕەگەزەکە»، ئافرەتە گەرسۆن و کارمەندانی سینەمـا و ئەوانەش، کە بەردەوام هـاتوچۆی دوکـانی قـاوەی بـەرازیلی فـرۆشـەکـە دەکـەن، تەنـانەت دەرگەوان و بۆیاخـچیی پێڵاو و دەرۆزەکەر و پۆلیسی هـاتوچۆش، کە زەکی بەگ یەک یـەک بەناو دەیناسـین، سـڵاویـان لێ دەکـات و هـەواڵی دنیـایان لێ دەپرسێت. زەکی بەگ پێشـینەترین کەسی دانیشـتووی شـەقامی سلێمـان پاشـایە. لە ئاخـروئۆخـری سـاڵانی چلەکـاندا هاتە ئێـرە، دوای ئەوەی لە نێردەکەی لە فـەڕەنسـا گەڕابووەوە، ئیـتر لێی جیا نەبووەوە. ئەم پیـاوە لای خـەڵکی گەڕەکەکە کەسێکی میللی و خۆشـەویست بوو، بەهاوین و زسـتـان بەقـاتە پانـوپۆڕەکـەیـەوە، کـە جـەسـتـە لەڕ و لاوازەکـەی داپۆشـیـبـوو، بەدەردەکەوت، هەروەها بەدەستەسڕە جوان ئوتووکراوەکەیەوە، کە هەمیشە

له گیرفانی چاکەتەکەیەوە تەکەتەکێتی، هەمان ڕەنگی ملبەستەکەی هەڵگرتووە، لەگەڵ ئەو سیگارە ناوادارەی ڕۆژانی شکۆیی کوبا بەبەها بوو، ئێستاش بووەتە جۆرێکی بۆن ناخۆشی خۆماڵی. دەموچاوە چرچ و لۆچە پیرەکەی و چاویلکە ئەستوورە پزیشکییەکەی و ددانە بریقەدارە دەستکردەکانی و قژە ڕەشە بۆیاغ کراوە پەرچەم کورتەکەی، کە لای چەپەوە بۆ ئەوپەڕی ڕاستی بەمەبەستی داپۆشینی کەچەڵییەکەی هەڵی دابووەوە، بەکورتی زەکی دسوقی شێوە ئەفسانەییەکی وەرگرتووە، ئەمەش وا دەکات ئامادەبوونی سەرنجڕاکێش و بەتەواوی ناڕاستەقینە بێت «چون لە هەر ساتێکدا لەپڕ ون بێت، یاخۆ وەک ئەکتەرێک ڕۆڵێک بگێڕێت و دوای ئەوەی لە نمایشەکەی دەبێتەوە جلی نمایشی لێ فڕێ دەدات و سیپاڵەکانی لەبەر دەکاتەوە»، خۆ ئەگەر ڕوحسووکی و قۆشمەیی و نوکتە بێ ئابڕووەکانی و توانا سەیرەکەی لە قسەکردن لەگەڵ هەر کەسێکدا چاوی پێ بکەوێت دەڵێی کۆنە دۆستێکێتی، لە نهێنیی ئەو گەرموگوڕییەی لە بەرابەر هەر کەسێکدا، کە لە شەقام تووشی دێت، دەگەین. ڕاستی هەر کە زەکی بەگ سەعات دەی بەیانی لەوسەری شەقامەکەوە بەدەردەکەوێت، لە هەموو لاوە بەیانیت باشی لێ دەکەن و زۆرجاریش هەندێک لەو کوڕوکاڵانەی لە دوکانەکاندا کار دەکەن بەشۆخییەوە بەرەو لای دێن و ئەو پرسیارە سێکسییانەی لێ دەکەن، کە بەلای ئەوانەوە پەنهانە.

زەکی بەگیش بۆ وەڵامدانەوەیان پەنا بۆ ئینسکلۆپیدیا سێکسییە قەبەکەی دەبات و «بەدرێژی و تاموچێژ و دەنگی بەرزەوە تا هەمووان بیبیستن» وردترین نهێنیی سێکسییان بۆ ڕوون دەکاتەوە، نەک هەر ئەمە، بەڵکو هەندێک جار داوای قەڵەم و کاغەزیان لێ دەکات «لە چاوترووکانێکدا بۆی پەیدا دەکەن»، تاکو بەڕوونی بۆ لاوەکان وێنەی هەندێک شێوازی دەگمەنی سەرجێیی بکێشێت، کە ڕۆژانی گەنجێتی بەخۆی تاقی کردووەتەوە.

***

زانیاریی زۆر گرینگ لەسەر زەکی دسوقی ماون...

ئەو، کوڕە گچکەی عەبدولعال پاشا دسوقیی گەورە پیاوی ناسراوی وەفدە، کە زیاد لە جارێک پۆستی وەزارەتی گرتە دەست و یەکێک بوو لە گەورە دەوڵەمەندانی بەر لە شۆڕش، خۆی و بنەماڵەکەی پتر لە پێنج هەزار دۆنم زەویی کشتوکاڵییان هەبوو. زەکی بەگ بڕوانامەی ئەندازەی لە زانکۆی پاریسی فرەنسی وەدەست هێنا، بەسانایی پێشبینی دەکرا لە سۆنگەی دەسەڵات و سەروەت و سامانی باوکییەوە ڕۆڵێکی بەرچاوی سیاسی لە میسردا بگێڕێت، کەچی لەپڕ شۆڕش هەڵگیرسا و ڕەوشەکە گۆڕا:

عەبدولعال پاشا گیرا و درایە دادگەی شۆڕش. هەرچەندە ماوەیەک دەستبەسەر بوو و زۆربەی ماڵ و سامانەکەی لێ سەندرایەوە، تاکو چاکسازیی کشتوکاڵی بەسەر جووتیاراندا دابەشی بکات، لێ تۆمەتی گەندەڵیی سیاسی بەسەردا نەسەپا. هێندەی نەبرد پاشا لە داخاندا دیقی کرد و گیانی لە دەست دا. ئەم کارەساتەی باوک کاریگەریی لەسەر کوڕەکەی جێ هێشت، ئیتر نووسینگەی ئەندازیارییەکەی، کە لە باڵەخانەی یاقوبیان کردبوویەوە شکستی هێنا، تا وای لێ هات لەگەڵ ڕۆژگاردا بووە شوێنێک زەکی بەگ کاتی لێ دەبردە سەر، ڕۆژنامەی دەخوێندەوە و قاوەی دەخواردەوە و برادەر و دۆستە ئافرەتەکانی سەریان لێ دەدا، یاخۆ چەندین سەعاتی لە بانیژەکەی دەبردە سەر و لە هاموشۆکەران و ئەو ئۆتۆمبیلانەی، کە بەشەقامی سلێمان پاشادا تێ دەپەڕین، ڕادەما..

خۆ ئەو تێکشکانەی زەکی دسوقیی ئەندازیار لە ژیانی ڕۆژانەیدا بەدەستییەوە دەیناڵاند تەنیا بۆ هەڵگیرسانی شۆڕش ناگەڕێتەوە، بەڵکو لە بناغەدا دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمی و هەڵپەی چێژوەرگرتن، ڕاستییەکەی بەدرێژیی شەست و پێنج ساڵی ژیانی تا نەهۆ بەهەموو ڕووداو و ناکۆکییەکانی بەخۆشی و ناخۆشییەکانییەوە بەدەوری یەک وشەدا

دەسووڕێنەوە: ئافرەت.. ئەو یەکێک لەو کەسە واقعییانەیە بەیەکجارەکی دیلی دەستی ئافرەتە، بەلای ئەوەوە ئافرەت ئارەزوویەک نییە ماوەیەک گڕ بگرێ، هەینێ تێری بکەیت دابمرکێتەوە، بەڵکو جیهانێکی تژی لە تەفرەدانە لە وێنەی بێ کۆتاییدا خۆی نوێ دەکاتەوە، چونکە بەچەندین شێوە دەتورووژێنێت:

مەمکی تورت و پڕ، بەگۆیە هەڵزەپیوەکانییەوە دەڵێی دەنکەترێی بەتامە، کەفەڵی نەرم و شل و لەریویان هەر دەڵێی چاوەڕوانی ئەوەن لە ناکاوڕا لە دواوە دڕندانە هەڵکوتیتە سەریان، ئەی ئەو لێوە سوورکراوانەی ماچ دەنۆشن و ئاهی لەزەت هەڵدەکێشن، قژیش بەگشت شێوە دەرکەوتنەکانییەوە «درێژ و شۆڕ و ئارام، یاخۆ درێژی ئەگریجە شێتانە پەشۆکاو، یان درێژییەکەی مامناوەندییەکی سەقامگیر بێت، یانیش ئەو کورتە ئەگریسۆنە کوڕانەیەی کەس نەزانێت لە چ ڕەگەزێکە»، چاوانیشی.. ئای لە غەمزەی پەنهانی ڕاستگۆ، یان درۆی چاوانی بێ ئابڕووی یاخۆ شەرمێونی، تەنانەت بەناز و توورە و ناڕازی، ئای لە جوانیی.. تا ئەم ڕادەیە و پتریش زەکی بەگ کوشتەی ئافرەت بوو، شارەزای هەموو جۆرێکیان بوو، هەر لە کامیلەی کیژە وەجاخزادەی خالۆزای شای پێشوو، کە لەگەڵیدا داوونەریتی ناوجێگەی پاشایی و سرووتەکانی فێربوو:

بەدرێژاییی شەو مۆم داگیرساندن و بادەی شەرابی فرەنسی، کە حەز دەورووژێنێ و ترس دەرەوێنێتەوە، جگە لە گەرماوی بەر لە پێک گەیشتن، کە جەستەی بەکرێم و بۆن چەور دەکات. لە کامیلەی وەجاغزادەوە "کە تا بڵێی بەئاڵۆشە" فێر بوو چۆن دەست پێ بکا و کەنگێ دەست هەڵگرێ و چۆن چۆنی بەوشەی ناسکی فرەنسی داوای خۆشترین دۆخی سێکسی بکات، هەروەها زەکی بەگ لەگەڵ ئافرەتدا لە گشت چینێک ڕایبواردبوو.. سەماکەری ڕۆژهەلاتی و ئافرەتی بیانی و خانمانی کۆمەڵگە و ژنی پیاوێلێکی خواپێداو و بەناوبانگ و کیژە خوێندکاری زانکۆ و دواناوەندی،

بەڵکو سۆزانی و جووتیار و خزمەتکاری ماڵانیش، هەریەکە و تامی خۆی هەیە.

گەلێک جار بەپێکەنینەوە بەراوردی دەکرد لە نێوان نوێنی کامیلە خاتوون، کە دەبێت بەئەتەکێت بجووڵێتەوە لەگەڵ ئەو دەرۆزەکەرەی شەوێکیان بەسەرخۆشی بەئۆتۆمبیلە بیوکەکەی هەڵی گرت و بردیە ئەپارتمانەکەی خۆی لە گوزەری بەهلەر. کاتێک بردییە گەرماوەوە، تاکو بەدەستی خۆی بیشوات، بینی لەبەر هەژاری دەرپێکەی لە کیسە چیمەنتۆ دروست کردووە، تا ئێستاش بەمیهرەبانی و خەمەوە لە یادیەتی چۆن ژنە تێکچوو، هەینێ دەرپێکەی داکەند بەپیتی درشت لەسەری نووسرابوو "چیمەنتۆی تازەی پۆرتلاندی"، هەروەها ئەوەشی بیر ناچێت شەنگترین ئافرەتە ئەم ناسیبێتی و لە هەمووشیان گەرمتر بوو.

ئەم هەموو ئەزموونە هەمەڕەنگە وایان لە زەکی دسوقی کرد ببێتە ژنناسێکی ڕاستەقینە، لە "ئافرەتناسی"دا «وەکو خۆی ناوی لێ نابوو» بیردۆزی سەیر و دانسقەی هەبوون، ڕەنگە بەدڵت بن، یاخۆ ڕەتیان بکەیتەوە، لێ بەڕاستی شایانی تێڕامانن:

بۆ نموونە ئەو وای دەبینێت ئافرەتی لە ڕادەبەدەر جوان و شۆخوشەنگ بەسروشتی خۆی لە جێگەدا ئەویندارێکی ساردوسڕە، هەرچی ئەو ئافرەتانەشن جوانییەکەیان مامناوەندییە، یاخۆ ئەوانەی تۆزێک ناشرینن ئەوا هەمیشە گەرمن، چونکە بەڕاستی پێویستیان بەخۆشەویستییە و گشت هەوڵێکیان بۆ ڕازیکردنی دۆستەکەیان دەخەنە گەڕ.

زەکی بەگ بڕوای وایە، کاتێک ئافرەت بەتایبەت پیتی "سین" دەردەبڕێت نیشانەی ئەوەیە چەندە لە خۆشەویستیکردندا گەرموگوڕە. بۆ نموونە ئەگەر ئافرەتێک وشەی "سوسو"، یاخۆ وشەی "بەسبووسە" ی بەحەینجەی وورووژێنەر دەربڕی تێ دەگەین ئەمە لە کاتی سەرجێییدا هونەرمەندە و

پێچەوانەکەیشی ڕاستە، هەروەها زەکی بەگ پێی وایە، هەر ئافرەتێکی سەر ڕووی ئەم زەمینە بەدەوریدا کایەیەکی ئەتمۆسفیری وا هەیە بەردەوام شەپۆلی نەبینراو، یاخۆ بیستراو هەیە، لێ بەشێوەیەکی هەست پێ کراوی پەنهان دێت و دەچێت. ئەوی خۆی لەسەرخوێندنەوەی ئەم شەپۆلانە ڕابهێنێت پەی بەوە دەبات ئەم ئافرەتە چەندێک لە لایەنی سێکسەوە تێرە. شەرم و ویقاری ئەو ئافرەتە هەرچەندێک بێت ئەوا زەکی بەگ دەکارێت لە ڕێگەی زرنگانەوەی دەنگی، یاخۆ توندیی پێکەنینە زیاد لە پێویستەکەیەوە، یانیش گەرمیی دەستی لە کاتی تەوقەکردندا هەست بەبرسێتیی سێکسیی بکات، هەرچی ئەو ئافرەتانەن کە ئالۆشی شەیتانییان هەرگیز دانامرکێتەوە، "ئافرەتانی قەدەر" وەک چۆن زەکی بەگ بەفرەنسی ئاوای ناو دەبردن، ئەو ئافرەتە ئالۆزانەی لەناو جێگەی خۆشەویستیدا نەبێت هەست بەبوونی ڕاستەقینەی خۆیان ناکەن، ئەوانەی چێژی سێکسی بەهەمووچێژی دنیا ناگۆڕنەوە. ئەم بوونەوەرە سەرەڕۆیانە تینوێتییان بۆ لەزەت بەرەو چارەنووسێکی ترسێنەری حەتمییان دەبات.

ئەم جۆرە ئافرەتانە هەر وەک زەکی دسوقی جەختی لەسەر دەکاتەوە، گشتیان یەک ڕوخساریان هەن، ئەگەر چی دەموچاویشیان بگۆڕێت، ئەوانەشی کە گومانیان لەم ڕاستییانە هەیە با بچن تەماشای ئەو وێنانە بکەن، کە ڕۆژنامەکان لەسەر ئەو ئافرەتانەی بڵاو دەکەنەوە بەتۆمەتی دەست تێکەڵکردن و بەشداربوون لە کوشتنی مێردەکانیاندا بڕیاری لەداردانیان بەسەردا دراوە. «بەکەمێک لێ وردبوونەوە» بۆمان دەردەکەوێت، کە هەموویان هەمان سەروفەساڵیان هەن، زۆرجار لێویان قەوی و دەمیان پان و داپچڕاوە، ڕەنگوڕووشیان تژی لە ئالۆش و تەماشاکردنیشیان چون ئاژەڵێکی برسی، درەخشاوە و بەتاڵە.

***

ئەمڕۆ یەکشەمەیە: دوکانەکان لە سلێمان پاشا دەرگەکانیان دادەخەن و

مەیخانە و سینەماکان جمەیان دێت لە خەڵک، شەقامە تاریکە دوکان داخراو و باڵەخانە بەشێواز ئەوروپاییە دێرینەکان دەڵێی بەشێکن لە فیلمێکی خەمناکی ڕۆمانسیی ڕۆژئاوایی.

لە سەرلەبەیانییەوە شازلیی پیرە دەرگەوان کورسییەکەی لە تەنیشت ئاسانسەرەکەوە دەباتە سەر شۆستەکە لە بەردەم باڵەخانەی یاقوبیان، تا بزانێت لەم ڕۆژی پشووەدا کێ دەردەچێت و کێش وەژوور دەکەوێت.

زەکی دسوقی بەر لە نیوەڕۆ گەیشتە نووسینگەکەی، هەر لە یەکەم ساتەوە ئەبسەخرۆنی بەردەست درکی بەڕەهەندەکانی هەڵوێستەکە کرد، دوای بیست ساڵ کارکردن لەگەڵ زەکی بەگدا بەسەرنجدانێک درک بەوە دەکات خاوەن کارەکەی بەوپەڕی ڕێکپۆشییەوە خۆی لێ دابێ و بۆنە خۆشەکەشی، کە تەنیا بۆ بۆنەکانی لە خۆ دەدات پێش خۆی بکەوێ، مانای وایە شپرزەیە، هەڵدەستێ و دادەنیشێ و بەتووڕەیییەوە دێ و دەچێ و جێ بەخۆی ناگرێت و بەسەرپێ دوویی و ڕەقییەوە وەڵام بەتاسەکانی دەداتەوە. ئەمەش هەمیشە مانای ئەوە بوو، کە بەگ چاوەڕوانی یەکەم ژووانێتی لەگەڵ دەنکە تازەکەیدا.. ئەبسەخرۆن لەوە تووڕە نەبوو، کە جەنابی بەگ بەبێ هۆ سەرزەنشتی کرد، لێ بەشێوەیەک چون لە دۆخەکە گەیشتبێت سەری لەقاند و خێرا لە گسکدانی ساڵۆنەکە بووەوە، پاشان هەر دوو دارشەقەکانی گرتنە دەستەوە بەتوندی و بەخێرایی دەیکێشان بەمافووری ناو ژوورە درێژەکەدا، تاکو گەیشتە ژوورە گەورەکەی بەگ لێی دانیشت. بەدەنگێک بەشارەزایی خۆی فێر بووبوو تەواو بێ لایەنانە قسە بکات، گوتی:

– جەنابتان کۆبوونەوەتان هەیە؟.. "شتەکان" بۆ جەنابتان ئامادە بکەم؟

بەگ چون لە دڵی خۆیدا ئەو شێوە قسەکردنە شیاوە هەڵبژێرێت تا بەرسڤی بداتەوە، تەماشایەکی کرد و تاوێک لێی ڕاما.. چاوی لە دیشداشە قەستۆرە میلدارەکەی بڕی، کە لە چەندان شوێنەوە دادڕزابوو، هەروەها لە

دارشـەقەکانی و شـوێنی بڕاوی قـاچی و دەمـوچاوی چرچ و لۆچی بەچەناگە چەرمـــو و چـاوە بچـــووکـــە تـژی لە مـــەکـــر و بزە پـاڕانەوە ئـاســـا زندۆق چووەکەیەوە، کە هەرگیز لێی جیا نابێتەوە..

–خێرا پێداویستییەکانی کۆبوونەوە ئامادە بکە.

بەگ لەو دەمەی دەچووە بانیژەکە "بەڵەکۆنە" بە سەرپێوە وای پێ گوت.

"کـۆبوونـەوە" واتا فـەرهـەنگی هاوبەش، تەنیـا مـانەوە لـە نووسـینگەکـەی لەگـەڵ ئافـرەتێکدا، هەرچی" پێـداویسـتـیـیـەکـان" ـە هێـمـای ئەو سـرووتە دیارکراوەیە ئەبسەخرۆن بەر لە خۆشەویستیکردن بۆ بەگی دەسازێنێت:

دەرزییـەکی "ئەڵتـرای بی"ی لە لاڕانی دەدات، کـە گـشت جـارێک بەدەنگی بەرز دەناڵێنێت و نەفـرەت بۆ ئەبسـەخـرۆنـی دەست قـورسـی کـەر دەنێـرێت، دوای ئەوە کوپێک قـاوە لەسـەرخـۆ فـڕ دەکـا و پارچەیەکی بچووکی ئەفـیون دەخاتە ژێر زمانییەوە و دەیمژێت، بە قاپێکی گەورەی زەڵاتەوە لە ناوەڕاستی خـوانەکـەدا بـەتەنیـشت بوتڵـە وێسکیـیـە مـارکـە "بلاک لەیبڵ "ـەکـە و دوو پەرداخی بەتاڵ و دەفـرێکی کـانـزایی "شـەمـپـانێـرا"ی پڕ لـە بەفـری شـەش پاڵوویی، کۆتایی بەم سرووتە دێنێت. ئەبسـەخـرۆن دەسـتوبرد سـەرگـەرمی سازکردنی شتـەکان بوو، لە کاتێکدا زەکی بەگ دانیشتبوو و لە بانیژەکەوە دەیڕوانییـە سـەر شـەقـامی سلێمـان پاشـا، جگەرەیەکی پێ کرد و چاوی لە هامـوشـۆکـەران بڕیبـوو، هەسـتـەکانی لە نێوان تاسـەی سـەرکـردووی بۆ ئەو پێکگەیشــتنـە جــوانە و کــەڵکەڵە و دڵەڕاوکێ لەوەی "ڕەباب"ی ئەویـنداری پابەندی بەڵێنەکەی نەبێت و نـەیەت، بەمـە خـەرجی مـانگێکی، کە لـە کەوتنە دوایدا خـەرجی کرد، بەفیـڕۆ دەچێت. هـەر کە یەکەم جار لە باڕی "کایرۆ" لە مەیدانی تەوفیقییە، کە لەوێ خزمەتی دەکرد، ئەم چاوی پێ کەوت ئیتر شێت و شـەیدای بوو. بەتەواوی کـەوتـە ژێر سـیـحـرییـەوە و وای لـێ هات ڕۆژانە هاتوچۆی ئەو باڕەی دەکرد، تاکو بیبینێت. لە وەسـفکردنیدا بۆ برادەرێکی

پیری گوتی:

– بەهەموو بازاڕی وورووژاندنێکییەوە نموونەی جوانیی میللییە، دەڵێی ئێستا لە یەکێک لە کەڤاڵەکانی مەحموود سەعید هاتووەتە دەر.

پاشان زەکی بەگ تاکو زیاتر بۆ هاوەڵەکەی ڕوون بکاتەوە، درێژەی دایێ:

– ئەو نۆکەرەت لە یادە کە لە ماڵتاندا کاری دەکرد، چۆن ئەو دەمی هەرزەکار بوویت ختووکەی خەونە سێکسییەکانی دەدایت؟ ئەوپەڕی ئاواتت ئەوە بوو خۆت بەدواوەی بنووسێنیت و ئەو دەمی لە ئاشخانەکەدا قاپ دەشوات، بەهەردوو دەستت پڕ بەو مەمکە قیتە توندوتۆڵانەیدا بکەیت؟ ئەویش بەشێوەیەکی وا دادەچەمییەوە تا سووقدانەکەت پێوەی زیاتر بێت، پاشان بەر لەوەی خۆی بداتە دەستتەوە بەشێوە بەرگریکردنێکی ورووژێنەرەوە دەیگوت "گەورەم.. شوورەییە گەورەم".. دە من ئێستا لە ڕەبابدا ئەو گەنجینەیەم بینیوەتەوە.

وەلێ گەنجینە دۆزینەوە ئەوە ناگەیەنێت، کە تۆ دەستی بەسەردا بگریت، لە پێناوی ڕەباب خاندا زەکی بەگ ناچار بوو بەرگەی گەلێک شتی وەڕسکەر بگرێت:

وەک چەندین شەو لە شوێنێکی پیس و پۆخڵ و تەنگ و تاریکی وەک باڕی "کایرۆ"دا بباتە سەر. هێندەی نەدەما لە سۆنگەی قەرەباڵغی و دووکەڵە جگەرەی پەنگ خواردووەوە هەناسەی لەبەر ببڕێت و لەبەر بەرزیی دەنگی نەوارەکەی، کە بۆ ساتێک لە پەخشکردنی گۆرانیی ئاست نزم نەدەوەستا، خەریک بوو کەڕ بێت، باسی دەمەقاڵێی پیس و بەگژ یەکداچوونی هاموشۆکەرانی باڕەکە هەر مەکە، کە تێکەڵن لە پیشەگەر و خوێڕی و بەرەڵای ناوێزەی سێکسی، جگە لە بادەی خراپی براندیی گەدە سووتێنەر، کە بەنابەدڵی شەوانە نۆشی دەکات، هەروەها دەمپیسی و قسە بەیەک گوتنی بێ مانا لەسەر حیسابی یەکتر، کە ناچارە پشتگوێی بخا و

بەخشیشێکی زۆر بۆ شوێنەکە و بەخشیشێکی لەوەش زیاتر بخاتە سینگی کراسەکەی ڕەبابەوە، کاتێکیش پەنجەی بەر مەمکە پڕ و هەڵزەپیوە لەریوەکانی دەکەوێت، دەمودەست هەست دەکات خوێنی گەرمی لە جەستەدا قوڵپ دەدا و حەزی شێتانە تەوژم دێنێ و وا زۆری لێ دەکات خەریکە ئازاری پێ بگەیەنێت.

زەکی بەگ هەموو ئەمانەی لە پێناو ڕەبابدا قبووڵ دەکرد و جار دوای جاریش داوەتی دەرەوەی دەکرد، کەچی ئەو بەنازەوە ڕەتی دەکردەوە و ئەمیش بێ ئەوەی پەتی هیوای بپسێت چەند بارەی دەکردەوە، تاکو ئەوەبوو دوێنێ قایل بوو، کە لە نووسینگەکەی سەری لێ بدات، ئەمیش لە خۆشییاندا کاغەزێکی پەنجا جونەیهی "هەرگیز پەشیمان نەبوو" خستە نێو مەمکەکانییەوە، ئەویش لێی نێزیک بووەوە تا هەناسە گەرمەکانی دەموچاویان گرڕدا، ڕەباب لێوی خۆی گەست و بەدەنگێکی هەستبزوێنی واوە بەیەکجاری ورەی ڕووخاند، بەگوێیدا چرپاند:

– خۆشەویستم.. لە پێناوی هەموو ئەوانەی بۆت کردم سبەینێ خەڵاتت دەکەم.

زەکی بەگ بەرگەی دەرزیی (ئەڵترا بی)یە پڕ لە ئازارەکەی گرت و کەوتە ئەفیون مژین. لەسەرخۆ قومی لە یەکەم پێکی وێسکییەکە دەدا، پاشان پێکی دووەم و سێیەمی بەسەردا کرد. هێندەی نەبرد لەو شڵەژان و نیگەرانییە ڕزگاری بوو و تەزووی خۆشی دای گرت. یادەکان بەئارامی لە شێوەی ئاوازێکی ناسک و خەمرەوێن لە سەریدا ختووکەیان دەدا. ژووانی ڕەباب لەگەڵیدا سەعات یەکی پاش نیوەڕۆ بوو، هەینێ دووجاران کاتژمێری قەد دیوارەکە لێی دا، خەریک بوو زەکی بەگ بێ ئومێد بێت، کەچی، لە ناکاو زرمەی دارشەقەکانی ئەبسەخرۆنی لەسەر کاشیی ژوورەکە بەرگوێ کەوت، زۆری پێ نەچوو دەموچاوی لە کەلێنی دەرکەکەوە بەدەرکەوت و

بەهەناسەبڕکێ و شڵەژانەوە، وەک چۆن هەواڵەکە هەر بەڕاستی دڵخۆشی کردبێت، گوتی:

– جەنابی بەگ، ڕەباب خان گەیشت.

***

ساڵی ١٩٣٤ بوو هاگۆب یاقوبیانی ملیۆنێر و سەرگەورەی ئەرمەنییە نیشتەجێکانی ئەوسای وڵاتی میسر بیری لە بنیاتنانی تەلارێک بۆ نیشتەجێکردن کردەوە، تاکو ناوی هەڵبگرێت، بۆیە چاکترین شوێنی لە شەقامی سلێمان پاشا هەڵبژارد و گرێبەستی لەگەڵ نووسینگەیەکی بەناوبانگی ئەندازیاریی ئیتاڵیدا بەست و نەخشەسازییەکی جوانی بۆ کرد:

دە نهۆمی بڵند لەسەر شێوازی کلاسیکی ئەوروپی: بانیژەکانی بەکۆتەڵی ڕوخساری گریکی لە بەرد تاشراو نەخشێندرابن، پایە و نەردەوان و ڕێڕەوەکانی سەرجەمیان لە مەڕمەڕی سروشتی بن، ئاسانسەرەکەیشی مارکەی شندلەر لەسەر نوێترین شێواز بێت.

دوو ساڵی ڕەبەق بەبنیاتنانییەوە خەریک بوون، دوایی شاکارێکی ناوازەی تەلارسازیی وای لێ دەرچوو لە بان هەموو پێشبینییەکانەوە بوو، بەڕادەیەک وای لە خاوەنەکەی کرد داوا لە ئەندازیارە ئیتاڵییەکە بکات لە ناوەوە لەسەر دەروازەکەی، ناوی "یاقوبیان" بەپیتی درشتی لاتینی هەڵکۆڵێت، شەوانیش بەنیۆن بدرەوشێتەوە، تا ناوی بەنەمری بهێڵێتەوە و موڵکدارێتیی ئەو تەلارە دڵڕفێنەی بپارێزێت.

لەو ڕۆژانەدا باڵەخانەکە کەسانی هەڵبژاردەی تێدا نیشتەجێ بووبوون، وەزیر و پاشاکان لە گەورە دەرەبەگ و پیاوانی پیشەسازیی بیانی و دووان لە ژنانی ملیۆنێری جوولەکە «یەکیان لە بنەماڵەی ناسراوی بوسێری بوو»، خوارەوەی باڵەخانەکە بەیەکسانی لە نێوان گەراجێکی فراوانی چەندین دەرگە لای دواوە، ئۆتۆمبیلەکانی خەڵکانی نیشتەجێی ناو تەلارەکەی تێدا

دەمـــانەوە «زۆربـەیان جــۆری مــۆدیل بەرزی وەک ڕۆڵز ڕۆیس و بیـــوک و شـۆفرلێت بوون»، لە پێشـەوەش دوکانێکـی گەورەی سێ سـووچی، یاقـوبیـان وەکو پێشـانگەیەک بۆ بەروبوومـە زیوینەکانی بەرهـەمی کـارگـەکانی تەرخـان کردبوو، ئەم پێشـانگەیە بۆ ماوەی چل ساڵ سـەرکـەوتووانە کاری کرد، دواتر پەیتـا پـەیتـا بەرەو خـراپی ڕۆیی، تـا بەم دواییـیـە حـاجی مـحـەمـەد عـەزام کڕییەوە و کردی بەدوکانی جلفرۆشتن.. لە سەربـانە گەورەکەشی دوو ژوور بە پاشکۆکانییـەوە بۆ دەرگـەوان و خێـزانەکەی تەرخـان کران. لەلایـەکەی ترەوە، لە سـەربانەکـە پەنجـا ژووری بچـووک بەپێی ژمـارەی ئەپارتمانەکـان دروست کــران. ڕووبـەری هـەر ژوورێک لە دوو مـــەتر تـێ نەدەپـەڕی، دیوار و دەرگەکانی لە ئاسنی خاو دروست کرابوون، بەجـۆرە قـفـڵێک کلـۆم دەدران کلیلەکانیان ڕادەستی خاوەن ئەپارتمانەکە دەکرد.

ئەو ژوورە ئاسنینانە ئەو کـات بۆ مـەبەسـتی جیـاجیـا دروست کـرابوون، وەک کـۆگـای خـۆراک و شـوێنی مـانەوەی سـەگ «ئەگـەر زەبەلاح، یاخـۆ دڕ بووایا»، هەروەها شـوشـتنی سیـپاڵ، کە چـەند ژنە جلشـۆرێکی تـایبـەتمەند ئەنجـامیـان دەدان «بەر لە بڵاوبوونەوەی جلشـۆری کارەبایی»، جلەکانیـان لە ژوورەکـە دەشـوشت و لـەسـەر تەنافی درێژ بەپانیی سـەربانەکـە هـەڵیـان دەخـستن. هەرگیـز ئەو ژوورە ئاسـنینانە بۆ تێـدا خـەوتنی خـزمـەتکارەکـان بەکار نەهێنراون، ڕەنگە لەبەرئەوە بوو بێت دانیشتوانی ئەوسای باڵەخانەکە بەئۆرۆسـتـۆکـراتی و بیـانیـیـەکـانـەوە، وێنای ئەوەیان نـەکـردبێت مـرۆڤـێک بتــوانێت لە ژوورێکی تەنگی وادا بنوێت، هـەروەهـا لە ئەپـارتمانە گــەورە و خـۆشــەکـانیـاندا «هـەندێک جـار هـەشت، یاخـۆ دە ژووریان تێـدا بوون»، ژوورێکیان بۆ خزمەتکارەکەیان تەرخان دەکرد..

سـاڵی ١٩٥٢هاوکـات لەگـەڵ هەڵگیـرسـانی شـۆڕشـدا هەمـوو شـتـەکـان گۆڕان.. کۆچی جوولەکە و بیانییەکان بۆ دەرەوەی میسر دەستی پێ کرد، هەر ئـەپارتمـانێک خـاڵی دەبوو یەکـسـەر یـەکـێک لە ئـەفـسـەری هێـزە

چەکدارەکان، کە ئەو کات خودان دەسەڵات بوون دەستی بەسەردا دەگرت، تا ساڵانی شەستەکان نیوەی نیشتەجێیانی ئەپارتمانەکانی باڵەخانەکە ئەفسەری پلە جیا جیا بوون، لە یەک ئەستێرەوە تاکو سێ ئەستێرە لە شان، کە تازە ژنیان هێنابوو، تا دەگاتە لیواکان، کە بەخێزانە گەورەکانیانەوە دەیانگواستەوە باڵەخانەکە. کەسێکی وەک لیوا دەکروری «بەڕێوەبەری نووسینگەی سەرۆک محەمەد نەجیب لە کاتی خۆیدا» توانی دوو ئەپارتمانی گەورە لە نهۆمی دەیەم وەربگرێت. یەکیانی بۆ خۆی و خێزانەکەی تەرخان کرد، ئەوی تریش وەکو نووسینگەیەکی تایبەت، بۆ ئەوانەی ئیشیان لای هەبوو لە دوای نیوەڕۆوە دەیکردەوە..

ژنانی ئەفسەرەکان بۆ یەکەمین جار ئەو ژوورە ئاسنینانەیان بۆ مەبەستی دی بەکار هێنا، کردیانن بەشوێنی حەوانەوەی خوانچی و چێشتلێنەر و کیژە منداڵە بەردەستەکان، ئەوانی لە گوندەکانەوە هێنرابوون، تا خزمەتی ژنی ئەفسەرەکان بکەن، هەندێک لە ژنە ئەفسەرەکان، چونکە بنەچەیان لادێیی بوو، پێیان ئاسایی بوو مریشک و کەروێشک و مراوی لەو ژوورە ئاسنینانەدا بەخێو بکەن.

دەفتەری تۆماری گەڕەکی ڕۆژئاوای قاهیرە سیخناخ بوو لە سکاڵای گەڕەکنشینە دێرینەکان، دەیانویست ڕێ لە پەروەردەکردنی پەلەوەر لە بان سەربانەکان بگرن، لێ بەردەوام لە ڕێگەی دەسەڵاتی ئەفسەرەکانەوە ئەو سکاڵانامانە دەخرانە لاوە، وای لێ هات خەڵکەکە سکاڵاکانیان بردە لای لیوا دەکروری، ئەویش بەهۆی پێگەی لەنێو ئەفسەرەکاندا توانی ئەو دیاردە ناتەندروستە نەهێڵێت.

دواتر لە ساڵانی حەفتاکاندا کرانەوەیەک هاتە کایەوە، پارەدارەکان لەناو شارەوە گواستیانەوە بۆ گەڕەکی ئەندازیاران و شاری نەسر، هەندێکیان ئەپارتمانەکانیان لە باڵەخانەی یاقوبیان فرۆشت و برێکیشیان کردیانە

نووسـینگە و نۆرینگی نـۆژداری بۆ کـورە تازە کـۆلێج تەواوکـردووەکـانیـان، یاخـۆ کـردیان بەمـۆتێل و بەکـرێ بەگـەشـتـیـارە عـەرەبەکـانیـان دەدان.. سـەرەنجـام هێـواش هـێـواش پێـوەنـدیی لە نێـوان ژوورە ئاسـنینـەکـان و ئەپارتمانەکانی باڵەخـانەکەدا پچڕا و خـوانچی و خـزمـەتکارە دێرینەکان لە بەرابـەر برێک پـارەدا دەسـتـیـان لە ژوورە ئاسنینـەکـانیـان بـۆ خـەڵکانی تازەهـاتووی گوندەکان هـەڵگرت، یاخـۆ لە شـوێنێکدا لە ناوەندی شار کـاریان دەکـرد و ئاتاجـی خـانوویـەکی نزیـک و هـەرزان بوون.. ئـەوی یارمـەتی دان بەئاسـانی دەسـتی لێ هەڵبگرن، مردنی مسیۆ "گریگۆر"ی ئەرمەنیی جێگری باڵەخـانەکە بوو، کـە بەوپەڕی وردی و دەسـتپاکـییەوە مـوڵک و مـاڵی هاگـۆب یاقـوبیـانی بەڕێوە دەبرد و لە دیسـەمـبـەری هـەموو سـاڵێکدا قازانجـەکـەی بۆ سویسرا دەنارد، کە لە دوای شـۆڕش میـراتگرانی یاقوبیان بۆ ئەوێ کۆچیان کردبوو. لە پاش گریگۆریش فیکری عـەبدولشـەهیدی پارێزەر جـێی گرتەوە، کـە بـۆ پارە هـەمـوو شـتـێکی دەکـرد، ڕێژەیەکی زۆری لـە دەسـتـهـەڵگرتوو دەسـەند، هـەروەهـا ڕێژەیەکـیـشـی لـە کـرێچـیـیـە تـازەکـە دەسـەند تاکـو گـرێبـەسـتـەکـەی بۆ بکات. کـارەکـە بەوە کـۆتـایی هات لە سـەربـانەکـە کۆمـەڵگەیەکی نوێی تەواو سەربەخۆ جیا لەوی باڵەخانەکە دامەزرا، هەندێک لەوانە دوو ژووریان بەتەنیشت یەکەوە بەکرێ گرت و خـانوویەکی بچکۆڵەیان بەئاودەست و گـەرمـاوەوە لێ دروست کـرد، لێ ئەوانەی تـر «کە لە ڕادەبەدەر دەسـتکورت بـوون» بەهـاوکـاری بۆ هـەر سێ چـوار ژوور گـەرمـاوێکی هـاوبەشـیان بنیـات نا، ئیتر وای لێ هات کۆمـەڵگەی سەربان هیـچی جیاواز نەبوو، لەگەڵ هەر کۆمەڵگەیەکی میللیی تر لە میسردا:

زارۆکان بەپێخـاوسـی و بەنیوە ڕووتی لەمسـەر بۆ ئەوسـەر تەراتێنیان بوو، ژنانیش ڕۆژەکەیان بەنان ئامـادەکردن و لەبەر ڕۆژەکە دانیشتن و لە پاشمله قسـەکردن و غـەیبـەتکردن دەبردە سـەر، بەردەوامـیش دەمـەقـاڵەیان دەبوو، پیسـترین جـوێنیـان بەنامـووسـی یەکتـر دەدا، کەچی هـێندەی نەدەبرد ئاشت

دەبوونەوە و چون هیچ ڕووی نەدابێت بەگەرمی ماچی یەکتریان دەکرد و هەندێک جار لە خۆشەویستی و دڵسافیدا هۆن هۆن فرمێسکیان دەڕشت. هەرچی زەلامەکانیش بوون ئەوەندە گوێیان بەشەڕی ژنان نەدەدا و بەبەڵگەیەکی تری ناتەواوی ئاوەزیانیان دادەنا، کە پێغەمبەر (د.خ) لەبارەیانەوە وای فەرمووە.

بەڕۆژەوە پیاوانی سەربان لە پێناوی پارووییەک ناندا زەحمەتی و ماندووبوونێکی زۆریان دەکێشا، دەمەو ئێوارەش کە بەشەکەتی دەگەڕانەوە هەوڵی بەدی هێنانی سێ چێژە بچووکەکانیان دەدا:

خواردنی گەرموگوڕی بەتام و چەند بەردە تەماکۆیەک "معسل" و ئەگەر دەستبکەوێت حەشیشەش، بەتەنێ، یاخۆ لە شەوانی هاویندا بەکۆمەڵ لە سەربان دەیانکێشا. هەرچی چێژی سێیەمە "سێکس"ـە، کە سەربان نشینەکان بەهەڵپەوە بەرەو پیری دەچن و مادامەکی حەڵاڵە هیچ شەرم و فەدییەک لە ڕاشکاوی باسکردنیدا نابیننەوە، ئا لێرەدا دژایەتییەک بەدی دەکرێت:

پیاوی سەربانی‌نشین وەکو زۆرێک لە خەڵکە ڕەمەکییەکە پێی شەرمە لە بەرابەر زەلامەکاندا ناوی ژنەکەی ببات، بۆیە بەدایکی فلان، یان بەمنداڵەکانی ناودەبات، بۆ نموونە دەڵێت "منداڵەکان ملووخییەیان لێ نابوو" ئیتر ئامادەبووان تێ دەگەن مەبەستی ژنەکەیەتی. هەمان زەلام شەرم ناکات لە کۆڕ و کۆبوونەوەی پیاواندا باسی بچووکترین وردەکاریی پێوەندییە تایبەتییەکانی لەگەڵ ژنەکەیدا بکات، تا ڕادەیەک پیاوانی سەربان گشت شتێک لەبارەی پێوەندییە سێکسییەکانی یەکترەوە دەزانن.

هەرچی ژنانن سەرەڕای پلەی ئایینداری و پابەندبوونی ئاکارییان، ئەوا سەرجەمیان زۆریان حەز بەسێکسە و لەبارەی وردەکارییەکانی ناوجێ، بەسرتە و چپەچپ بۆ یەکتری دەگێڕنەوە، خۆ ئەگەر تەنیا بن ئەوا بەزولاڵی و

بێ شەرمانە دەتریقێنەوە.

ئەوان تەنیا لەبەر دامرکاندنەوەی ئالۆش ئارەزووی سێکس ناکەن، بەڵکو لەبەرئەوەی سێکس و بەتەنگەوەهاتنی پیاوەکانیان بۆیان ئەو هەستەیان دەداتێ، کە سەرەڕای ئەو دەستکورتی و هەژارییەش هێشتا جوانییەکەیان پاراستووە و بەدڵی مێردەکانیانن.

لەو دەمەی منداڵەکان دوای شامکردن و سوپاسکردنی خوا، لەوەی ماڵەکەیان پڕ لە خواردنە و بەشی هەفتەیەک زیاتر دەکات و یەک دوو عانەشیان بۆ ڕۆژی ڕەش هەڵگرتووە، ئەو ژوورەشی تێیدا دەژین گەلێک پاک و پوختەیە. پیاوە، شەوی پێنج شەممە هێند حەشیشەی کێشاوە بەمێشکی سافەوە بێ و داوا لە ژنەکەی بکات یان نا، ئەوا لەسەریەتی دوای ئەوەی خۆی دەشوات و بەری دەتاشێ و بۆن لە خۆی دەدات بەدەنگییەوە بێت، یان ئەم چەند سەعاتە کورتانەی بەختەوەری نەداتێ نیشانەی ئەوەیە سەرەڕای هەموو شتێک ژیانی کلۆڵی ژنەکەی سەرکەوتووە.

ئەم کارە پێویستی بەوێنەکێشێکی دەستڕەنگینە، تاکو دیمەنی ڕوخساری ژنێکی سەربانەکەمان بۆ بگوازێتەوە، سەرلەبەیانی ڕۆژی هەینی، هەینێ مێردەکەی بۆ نوێژکردن دادەبەزێت، ئەویش لە سۆنگەی شوێنەواری خۆشەویستییەوە ئاوێک بەخۆیدا دەکات، پاشان دەچێتە سەربان هەتا چەرچەفە شووراوەکە هەڵخات، لەو ساتەدا بەقژی تەڕ و پێستی سوور هەڵگەڕاوی و سەرنجدانە پاراوەکانییەوە دەڵێی گوڵێکە تینوێتیی بەئاونگی بەیان شکاوە و تەواو پێگەییوە.

***

تاریکیی شەو پاشەکشەی دەکرد و سپێدەیەکی نوێی ڕادەگەیاند، ترووسکاییەکی کز لە سەربانەکەوە تیشکی دەداوە، لە پەنجەرەی ژوورەکەی شازلیی دەرکەوانەوە دەهات. چونکە تەهای کوڕی لە نیگەرانیدا شەو خەو

نەچووە چاوی، نوێژی بەیانی و دوو ڕکات سوننەتیشی کرد، پاشان بەدیشداشە سپییەکەیەوە لە ژوورەکەیدا لەسەر جێیەکەی دانیشت و لە بێدەنگیی ژوورەکەیدا کتێبی "دعاء المستجاب"ی دەخوێندەوە و بەدەنگێکی نزم دەپاڕایەوە:

"خوایە ڕووم لە تۆیە و ئەمڕۆ بەخێری بگێڕیت، لە خراپە دوورمان بخەیت و خراپە نەیەتە ڕێمان، خوایە ئەو دیدە هەمیشە بێدارانەت لێمان بێ و لێم خۆشبە، پشت و پەنامبە تا ناخۆشی نەیەتە سەر ڕێگەی ژیانم.

ئەی خوای مەزن و بەخشندە ڕووم لە تۆ کرد، تۆش ڕوخساری میهرەبانی خۆتم لێ بکە، دەستی لێخۆشبوونم بۆ درێژ بکە و بەڕووی گەشاوە و لێ ڕازیبوونەوە بەزەییت پێمدا بێتەوە".

تا تیشکی خۆرەکە بەر ژوورەکە کەوت تەها هەر خەریکی نزا خوێندن بوو، ئیتر پەیتا پەیتا جووڵە کەوتە ژوورە ئاسنینەکانەوە:

دەنگە دەنگ و هەرا و زەنا و پێکەنین و کۆکە کۆک و کردنەوەی دەرکە و داخستنی، بۆنی ئاوی گەرم و چای و قاوە و خەڵووز و تەماکۆ دەهات.. بەلای خەڵکانی سەربانەکەوە سەرەتای ڕۆژێکی نوێ بوو، هەرچی تەها شازلی بوو درکی بەوە کردبوو، کە ئەمڕۆ بۆ یەکجاری چارەنووسی دیار دەکرێت، دوای چەند سەعاتێکی کەم دەچێتە پێشەوە بۆ دەستەی کۆلێجی پۆلیس، دوابەربەست بۆ کێبەرکێی ئاواتی دوور، هەر لە منداڵییەوە خەونی بەوەوە دەبینی ببێتە ئەفسەری پۆلیس، لە پێناوی بەدیهێنانی ئەو خەونەشیدا هەموو توانایەکی خستە گەڕ. لە دواناوەندیدا خۆی زۆر ماندوو کرد، تاکو ڕێژەی ٨٩٪ی بەشی وێژەیی بەدەست هێنا، بێ ئەوەی مامۆستای تایبەتی گرتبێت «جگە لە هەندێ وانەی بەهێزکردنی قوتابخانە نەبێت، کە باوکی بەهەزار حاڵ کرێکەی دابین کرد». لە پشووی هاوینیشدا «بەخەرجی دە جونەیە لە مانگێکدا» چووە سەنتەری لاوانی عابدینەوە، هەروها بەرگەی

ڕاهێنانە قورسەکانی لەشجوانیی گرت، تاکو جەستەیەکی وەرزشیی هەبێت و بۆ تاقیکردنەوەکانی توانای جەستەیی کۆلێجی پۆلیس ئامادە بێت.

لە پێناوی بەدیهاتنی ئەم خەونەدا تەها خۆی لە ئەفسەرانی پۆلیسی ناوچەکە نزیک کردەوە، تاکو وای لێ هات گشتیان بوونە برادەری، چ ئەو ئەفسەرانەی لە بەشی قەسرلنیل کار دەکەن، یاخۆ ئەوانی خاڵی کۆتسیکای سەر بەئەو بەشە، هەر لە ڕێگەی ئەوانەوە تەها هەموو وردەکارییەکی تایبەت بەتاقیکردنەوەکانی وەرگرتنی بۆ کۆلێجی پۆلیس زانی، هەروەها بەو بیست هەزارەشی زانی، کە دەوڵەمەندەکان وەکو بەرتیل دەیدەن، تاکو وەرگرتنی کوڕەکانیانی پێ مسۆگەر بکەن «چەند بەئاواتەوە بوو ئەو بڕە پارەیەی هەبووایا». هەر لە پێناوی هێنانەدی ئەو خەونەدا تەها شازلی گەنجەفە و بێ شەرمیی دانیشتوانی باڵەخانەکەی قبووڵ دەکرد، هەر لە منداڵییەوە یاریدەی باوکی دەدا، هەینێ زیرەکییەکەی لە خوێندندا بەدەرکەوت، دانیشتوانەکە بەشێوەی جیاجیا لێکیان دەدایەوە:

هەندێکیان هانی خوێندنیان دەدا و یەک دوو عانەیەکیشیان دەدایێ و پێشبینیی دواڕۆژێکی پرشنگداریان لێ دەکرد، هەرچی ئەوانی تریش بوون «کە زۆربەیان پێک دەهێنا» ئەوا بیرۆکەی "کوڕە زیرەکەکەی دەرکەوان" تا ڕادەیەک بێزاری دەکردن، هەوڵیان دا باوکی بەوە قایل بکەن دوای ناوەندی بچێتە ئامادەیی پیشەسازی... "تاکو پیشەیەک فێربێت سوودی بۆ تۆ و بۆ خۆیشی هەبێت"، ئاوایان بەمام شازلیی پیرەمێرد دەگوت و وایان نیشان دەدا بەزەییان پێیدا دێتەوە.

کاتێک تەها چووە دواناوەندییەوە و بەردەوام بوو لە سەرکەوتنەکانی لە خوێندنەکەیدا، ڕۆژی تاقیکردنەوەیان لێ دەپرسی و کاری قورسی وایان بەسەردا دەدا کاتی زۆری لێ ببا، پاشان بەخشیشیان بەسەردا دەباراند تا هەڵی خەڵەتێنن، حەزێکی نەگریسی شاراوەشیان لە دڵدا بوو تا لە

خوێندنەکەی بکەن. تەها لەبەرئەوەی پێویستی بەپارە بوو بەو کارانە ڕازی بوو و خوێندنەکەی بەقوربان دەکردن، گەلێک جار یەک دوو ڕۆژ خەو نەدەچووە چاوی، تا ئەنجامی ئامادەیی دەرچوو و سەرجەمی پلەکانی لە پلەی زۆرێک لە کورانی باڵەخانەکە زیاتر بوو، ئیتر وای لێ هات بۆڵەبۆڵکەران بەئاشکرا قسەیان دەکرد، لە بەرابەر ئاسانسەرەکە هەر یەکێکیان بەوی تر دەگەیشت بەقەشمەرییەوە لێی دەپرسی، داخۆ پیرۆزبایی لە دەرکەوانەکە کردووە لەسەر پلە باشەکانی کوڕەکەی؟ پاشان بەتیزەوە دەیگوت، کوڕی دەرکەوان بەم زووانە لە کۆلێجی پۆلیس وەردەگیرێت و دەبێتە ئەفسەری دوو ئەستێرە لە شان، یەکسەر ئەوی تر بەڕاشکاوییەوە بێزاریی خۆی دەردەبڕی و یەکەم جار بۆ ڕەوشتی تەها و کۆشش و ماندووبوونی دەگێڕایەوە، پاشان ئەوەی دەدرکاند، کە «چون ئەوەی مەبەستی بێت متمانەیە نەک کەسەکە» پۆستی پۆلیس و دادوەری و پۆستە هەستیارەکان بەگشتی دەبێت بۆ منداڵی خەڵک بن، چونکە کوڕی دەرکەوان و ئوتوچی و هاوشێوەکانیان ئەگەر هەر دەسەڵاتێک بەدەستەوە بگرن ئەوا بۆ قەرەبووکردنەوەی ناتەواوی و گرێ دەروونییەکانیان، کە لەگەڵ سەرەتای پێگەیاندنیانەوە تووشیان بوون، بەکاریان دەهێنن، دواتر قسەکەی بەنەفرەتکردنی عەبدلناسر، کە خوێندنی بەخۆڕایی کرد، تەواو دەکات. یانیش فەرموودەیەکی پێغەمبەر (د.خ) دەکات بەنموونە: "ڕۆڵەی بەدخووان فێر مەکەن"..

هەر لە دوای دەرچوونی ئەنجامەکان خەڵکی باڵەخانەکە خۆیان تەشقەڵەیان بەتەها دەکرد و لەسەر بچووکترین شت سەرکۆنەیان دەکرد، وەک ئەوەی کە ئۆتۆمبیلەکە دەشوات بیری دەچێت لاستیکەکان بگەڕێنێتەوە شوێن خۆیان، یاخۆ کە بۆ شوێنێکی دووری دەنێرن چەند خولەکێک دوادەکەوێت، یان کە بۆ شتکڕین بۆ بازاڕی دەنێرن لە دە داواکاری یەکیانی بیر دەچێت، بەئەنقەست و بەئاشکرا سووکایەتییان پێ دەکرد، تاکو وای لێ

بکەن بێتە وەڵام، کە ئەم سووکایەتییانەی پێ قبووڵ نییە، ئەوسا دەرفەتی زێڕینیان بۆ هەڵدەکەوێت تاکو ڕاستیی پێ ڕابگەیەنن:

ئەو لێرە جگە لە دەرکەوانێک هیچی تر نییە، خۆ ئەگەر بەئیشەکەی نارازییە با بۆ یەکێکی جێ بهێڵێت کە پێویستییەتی.. لێ تەها هەرگیز ئەم دەرفەتەی پێ نەدان، لە بەرابەر تووڕەیییەکەیاندا بێدەنگیی هەڵدەبژارد و بەنیمچە بزەیەکەوە سەری دادەنواند، ڕوخسارە قۆزە ڕەشتاڵەیییەکەی کەشاکێکی وای دەدا، کە لەوەی پێی دەکەن نارازییە، تەواو لە تواناشیدایە وەڵام بەو سووکایەتییانەی پێی دەکەن بداتەوە، لێ ڕێزگرتن لە گەورە ڕێی ئەوەی پێ نادات.. ئەمە یەکێک لەو دۆخانە بوو، کە تەها لە کاتی تەنگانەدا وەکو ئامرازێکی داکۆکیکردن بەکاری دەهێنا، تاکو ئەوی لە دڵیایەتی بیلێت و لە هەمان کاتیشدا خۆی لە گرفت دوور بخاتەوە. دەست بەنمایشی دۆخێلێک دەکات و هێندەی پێ ناچێت چون ڕاستەقینە بێت بەڕاستگۆیی بەجێی دەگەیەنێت، بۆ نموونە حەزی بەدانیشتن لەسەر کورسیی بەر دەرکە نەدەکرد، تاکو ناچاری لەبەر هەستان بۆ ئەم و ئەو نەبێت، خۆ ئەگەر لەسەر کورسییەکە بووایا و چاوی بەیەکێک بکەوتایا بەرەو لای دێت خۆی بەشتێکەوە خەریک دەکرد، تاکو ئەرکی لەبەر هەستان نەکێشێت، وا ڕاهاتبوو بەدیارکراوی بەپێی ڕێز قسە لەگەڵ باڵەخانە نشینەکان بکات و وەکو کارمەندێک لەگەڵ سەرۆکەکەیدا مامەڵە بکات نەک وەک نۆکەرێک لەگەڵ ئاغاکەیدا، هەرچی کوڕانی هاوتەمەنیشی بوون، ئەوا وەکو هاوتای خۆی لێیانی دەڕوانی و بەناوی خۆیانەوە گازی دەکردن و وەکو هاوەڵی گیانی بەگیانی گاڵتەی لەگەڵدا دەکردن و جارجاریش کتێبی قوتابخانەی لێ دەخواستن، ڕەنگە هەندێک جار پێویستی بەو کتێبانەش نەبووبێت، بەڵکو مەبەستی ئەوە بوو بیریان بخاتەوە سەرەڕای ئەوەی کوڕە دەرکەوانە هاوڕێی خوێندنیشیانە.. ئەمە خراپیی ژیانی ڕۆژانەی بوو:

نەداری و کاری پڕ لە شەکەت و قسەی ڕەقی دانیشتوان و ئەو پێنج

جونەیهە لوولدراوەی هەموو شەمووانێک باوکی دەیداتێ، کە بەهەزار ناری عەلی بەشی حەفتەیەکی دەکات، دیمەنی دەستی ناسک و گەرمی یەکێک لە دانیشتوانەکە لە جامی ئۆتۆمبیلەکەوە بەخاوییەوە درێژ دەبێت تاکو بەخشیشێکی بداتێ، دەبێت ئەویش دەستی منەتباریی هەڵبڕێت و بەگەرمی و دەنگی بیستراوەوە سوپاسی چاکەکارەکە بکات، ئەو نیگا دزێوە بەزمان هاتووەی ئۆخژنیان پێ دەهاتەوە، یاخۆ ئەو لێبووردەییە هاوسۆزە لە شەرما پەنهانە لە "بابەتەکە"، هەینێ لە چاوی برادەرە قوتابییەکانیدا بەدی دەکات، ئەو کاتی سەردانی دەکەن و بۆیان دەردەکەوێت، کە نیشتەجێی هۆدەی دەرکەوانە "لە سەربان".. ئەو پرسیارە قێزەونە وەرسکەرەی ئەوانی بەباڵەخانەکە نامۆن لێی دەکەن "تۆ دەرکەوانیت"؟..

بەئەنقەست قنگگرانی جێنشینانی باڵەخانەکە لە کاتی هاتنە ژوورەوەدا وای لێ دەکات ڕابکا و ئەوی بەدەستیانەوەیە «جا چەندێک سووک و بێ نرخیش بێت» بۆیان هەڵبگرێت.

بەم شێوەیە بەم دەردیسەرییە ڕۆژ بەڕێ دەکات و کاتێک درەنگانێک دەچێتە ناو جێوە، هەمیشە گیانی پاک و بەدەستنوێژەوەیە، پاش ئەوەی نوێژی شێوان و شەفع و ویتریش دەکات، قەدەرێک لە تاریکیی میچەکە ڕادەمێنێ، تا هێواش هێواش بەرز دەفڕێ و بەچاوی خەیاڵ خۆی بەئەفسەری پۆلیس دەبینێت، چۆن شانازی بەجلە فەرمییەکەیەوە دەکات و ئەستێرە زیوینەکان بەسەر شانیەوە بریقەیان دێ و دەمانچە میرییەکەشی بەلاقەدیەوە تەکەتەکێتی، هەروەها وای دەهاتە بەرچاو بوسەینە سەیدی خۆشەویستی خواستووە و گواستوویەتییەوە بۆ ئەپارتمانێکی شیاو لە گەڕەکێکی زۆر چاک، دوور لە هەرا و زەنای سەربان و پیسییەکەی، بڕوایەکی تەواوی هەبوو، کە خوا یەکەمین شت هەموو خەونەکانی بەدی دێنێت، چونکە بەپێی توانا خۆپارێزی دەکا و ئەرکەکانی ئیسلام دەپارێزێ و خۆی لە گوناهی گەورە دوور دەخاتەوە، خوایش لەم ئایەتەدا مژدەی بەبەندە

خواپەرستەکانی داوە "ئەگەر نیشتەجێی ئەو باژێڕانە خوایان بناسیبا و خۆپارێز بان، دەروازەی بەرەکەتمان لە ئاسمان و زەمینەوە بەڕوویاندا دەکردەوە".

دووەمیش هەمیشە پەروەردگار جێ متمانەیەتی، پێغەمبەری مەزنیش لە فەرموودەیەکی قودسیدا بەزمانی خواوە دەفەرمووێت: "من بەگوێرەی دڵی بەندەی خۆم، بەچاکە بیرم لێ بکاتەوە، یان بەخراپە ئەوا بەو لایەدا دەشکێنم"، ئەوەتانێ خوا بەڵێنەکەی بەجێ هێنا، لە ئامادەیی سەرکەوت و سوپاس بۆ یەزدانی مەزن لە گشت تاقیکردنەوەکانی کۆلێجی پۆلیسدا دەرچوو و تەنیا پشکنینی جەستە ماوە، بەپشتیوانیی خوا ئەوەش دەبڕێت.

تەها هەستا دوو ڕکات نوێژی بەیانی و دوو ڕکات قەلای گێڕایەوە، پاشان ئاوێکی بەخۆیدا کرد و ڕیشی تاشی و جلەکانی لەبەر کردن، لەبەر ئەم تاقیکردنەوەیە قاتێکی ڕەنگ خۆڵەمێشی و کراسێکی سپی و بۆینباخێکی شینی قەشەنگی کڕیبوون، هەینێ لە ئاوێنە دوا سەرنجی لە خۆی دا زۆر کەشخە دەهاتە بەرچاو، بەمەبەستی خواحافیزی دایکی ماچ کرد، ئەویش دەستی نایە بان سەریەوە و بەنەرمی لەبەر خۆیەوە ورتە ورتی بوو. ڤێجا بەگەرمی کەوتە نزاکردن بۆی. تەها دڵەکوتەی پێ کەوت، لە دەروازەی دەرگەکە بینی باوکی بەخدێی خۆی چوارمشقی لەسەر سەکۆکە دانیشتووە، کابرای پیرە لەسەرخۆ هەستا و قەیرێک لە تەها ڕاما، پاشان دەستی نایە سەر شانی و بزەیەکی بۆ کرد، سمێڵە چەرمووەکەی لەرییەوە و دەمە خاڵی لە ددانەکەی بەدەرکەوت، بەشانازییەکەوە گوتی:

– پێشەکی لێت پیرۆز بێ جەنابی ئەفسەر.

سەعات دەی تێپەڕاندبوو، شەقامی سلێمان پاشا جمەی دەهات لە ئۆتۆمبیل و لە خەڵک، زۆربەی دوکانەکان کرابوونەوە، تەها بیری کردەوە هێشتا سەعاتێکی تەواوی بۆ تاقیکردنەوەکە لە بەردەمدایە، لە ترسی ئەوەی

نەکو لە ئاپۆڕەی ناو پاسدا گیانی پیس بێت بڕیاری دا تەکسییەک بگرێت، ئاواتی ئەوەشی خواست ئەو کاتەی کە ماوە لەگەڵ بوسەینەیدا بەسەر بەرێت. وا ڕێککەوتبوون ئەم بەبەردەم فرۆشگەی شنن بۆ جلفرۆشی، کە ئەو کاری تێدا دەکرد ڕەت بێت، ئەویش هەر کە بینی، بەبەهانەی شت هێنان لە کۆگا مۆڵەت لە تەلاڵی خاوەن دوکان بسێنێت، دواتر لە هەوارگەی دلآن لای باخچە تازەکە لە مەیدانی تەوفیقیە پێک بگەن.

بەو شێوەیەی لەسەری ڕێککەوتبوون تەها نزیکەی چارەکێک دەبوو لەوێ دانیشتبوو، تا بوسەینە دەرکەوت، هەستی کرد لەگەڵ دیتنیدا دڵی بەخورپە کەوت.. شێوەی ڕۆیشتنەکەی گەلێک پێ جوان بوو، بەهەنگاوی بچووک و لەسەرخۆ وەک ئەوەی شەرم بکات، یاخۆ لەبەر هەر هۆیەک بێت لە شتێک ژیوان بووبێتەوە، یان چون بەئاگەدارییەوە لەسەر هێلکە بڕوات نەکو بشکێت ملی کەچ کردبوو و دەڕۆیشت. تێبینیی کراسە سوورە تەنگەکەی بەری کرد، چۆن وردەکارییەکانی جەستەی بەدەر دەخات و لە شەقەکەی سەر سینگییەوە مەمکە توندەکانی بەدەردەکەوتن. هەستی تووڕەیی دایگرت، ئەوەی بیر هاتەوە چۆن پێشتر لەسەر ئەوە لەگەڵیدا تێکی داوە، کە چی تر ئەم کراسە لەبەر نەکات، لێ تووڕەییەکەی خواردەوە و نەیویست ئەم بۆنەیە تێک بدات. بوسەینە هەینێ خەنییەوە، ددانە سپی و سۆڵەکانی لەگەڵ دوو خاڵی ڕەشی دڵگیر، کە دەوری لێوە ڕەشباوەکانیان دابوون، بەدەرکەوتن. لەسەر پەرژینە مەڕمەڕییە نەوییەکەی باخچەکە بەتەنیشت تەهاوە دانیشت، پاشان بەلایدا وەرسووڕا و بەسەرسامییەوە بەچاوە ڕەنگ هەنگوینییە گەورەکانییەوە گوتی:

– ئەم هەموو کەشخەیییە؟!

بەدەنگێکی کزی گڕ تێ بەربووەوە وەڵامی داوە:

– من ئێستاکێ دەچم بۆ تاقیکردنەوەی لەشرێکی، ئیتر حەزم کرد بتبینم.

- خوا پشتیوانت بێت.

بەمیهرەبانییەکی ڕاستگۆیانەوە وای گوت. ئەویش بەتوندی دڵی وەلێدان کەوت و لەو ساتەدا حەزی دەکرد لە ئامێزی بگرێت.

- دەترسیت؟!

- بەتەمای خوا داومەتە دەستی پەروەردگارەوە، هەرچییەک بێت پێی ڕازیم..

چون پێشوەخت وەڵامەکەی ئامادە کردبێت، یان وەک ئەوەی قسە بکات تا قەناعەت بەخۆی بێنێت، وای گوت. پاشان ساتێک بێدەنگ بوو و لەو دەمی لە چاوانی دەڕوانی بەنەرمییەوە گوتی:

- دوعام بۆ بکە.

- خوا سەرکەوتووت بکات تەها..

بەگەرمییەوە وای گوت، پاشان وەک ئەوەی پەیی بەوە بردبێت زیاد لە پێویست هەستەکانی ئاشکرا کردوون، درێژەی دایێ:

- دەبێ بڕۆم، چونکە ئێستا مامۆستا تەڵاڵ چاوەڕێمە.

خەریکبوو دەڕۆیی، ویستی بیهێڵێتەوە کەچی دەستی درێژ کرد، تا تەوقەی لەگەڵدا بکات، لە هەمان کاتیشدا خۆی لە سەرنجەکانی ئەو بەدوور دەگرت، بەزمانێکی ئاسایی فەرمییەوە گوتی:

- بەتەمای خوا.. سەرکەوتوو دەبیت.

تەها دوای ئەوە لەناو تەکسییەکەدا بیری لەوە کردەوە بوسەینە لە بەرابەریدا گۆڕاوە، ئەمە ڕاستییەکە ناکرێ لە بیر بکرێت، ئەم باشی دەناسێت، تاقە نیگایەک بەسە بۆ ئەوەی لە ناخی بگات، چونکە ئەم لەسەر پەڕەی دڵی هەموو وردەکارییەکانی ئەزبەر کردووە:

ڕووە بەخۆشی گەشاوە یاخۆ خەمگینەکەی، زەردەخەنە سەرسامکەرەکەی

و ڕوخساره سوور هەڵگەڕاوەکەی ئەگەر شەرم بکات، نیگا پڕ لە ڕق و دیمەنی تووڕە و تۆسنی «ئینجاش هەرجوانە».. تەنانەت ئەگەر ئێستاکێش لە خەو هەستابێت حەزی دەکرد لێی بڕوانێت، چونکە دەموچاوی خەواڵووی وای لێ دەکات لە منداڵێکی هێمن و هۆگر بکات.

زۆری خۆشدەویست لە بیرگەی خۆیدا وێنەی منداڵیی ئەوی پاراستبوو چۆن لە سەربان گەمەی لەگەڵدا دەکرد، بەدوویدا ڕای دەکرد و بەئەنقەست خۆی پێوە دەنووساند و ئەو بۆن سابوونەی لە قژییەوە دەهات ختووکەی دەدا، وێنەکەی ئەو کاتی لە قوتابخانەی بازرگانی قوتابی بوو، کراسە سپییە گیرفان شینەکەی لەبەر دەکرد لەگەڵ گۆرەوییە کورتە سپی و پێڵاوە ڕەشەکانی، هەینێ ڕێی دەکرد چون مەمکە تازە دەرچووەکانی بشارێتەوە ئاوا جانتاکەی لە ئامێز دەگرت، ئەو وێنە جوانانەی کاتێک لە قەناتر خەیریە و باخچەی ئاژەڵان پیاسەیان دەکرد، هەر ئەو ڕۆژە بوو کە خۆشەویستیی خۆیان بۆ یەکتر ڕاگەیاند و بەڵێنی بۆ یەکتربوونیان بەیەک دا، پاشان ئەو شەیدای بوو و چون ژنە بچووکی بێت کەوتە پرسیارکردن لەبارەی ژیانییەوە، هەردووکیان لەسەر گشت شتێک لە داهاتوودا ڕێککەوتبوون، تەنانەت چەند منداڵی لێ ببێت، لەگەڵ ناویان و ئەو ئەپارتمانەی تێیدا زەماوەند دەکەن. کەچی لەپڕێکدا بوسەینە گۆڕا، وەک جاران بایەخی پێ نەدەدا و بەکەمتەرخەمی و تیز پێ کردنەوە باسی "پڕۆژەکەیان"ی دەکرد، زۆرجاران لەگەڵیدا بەشەڕ دەهات و هەر جارەی بەبەهانەیەکەوە خۆی لە ژووان دەدزییەوە، لە دوای مردنی باوکییەوە وای لێ هات.. باشە بۆ وا گۆڕا؟! داخۆ ئەوینەکەیان تەنیا حەزێکی هەرزەکارانە بووە و هەینێ گەورە بوو لێی ڕزگار بوو، یاخۆ کەسێکی دی خۆش دەوێت؟ ئەم بیرۆکەیە وەکو دڕک بەدڵیدا دەچەقی، مامۆستا تەلالی دەهاتە بەرچاو «خاوەن دوکانەکەی بوسەینە کاری لا دەکرد» چۆن بەجلی زاواییەوە دەستی بوسەینە دەخاتە بن هەنگڵییەوە.. تەها هەستی کرد خەمێکی قورس چۆکی لەسەر دڵی گیر

کردووە، کاتێک تەکسییەکە لە بەردەم بینای کۆلێجی پۆلیس ڕاوەستا ئەم هاتەوە سەر خۆی، لەو ساتەدا وای هاتە بەرچاو ترسناک و مێژووییە، وەک ئەوەی قەڵای قەدەر بێت و بڕیار لەسەر چارەنووسی بدات، دیسانەوە ترس لە تاقیکردنەوە دای گرتەوە، لەو کاتی لە دەروازەکە نزیک دەبووەوە، لە دڵی خۆیدا ئایەتەلکورسییەکی خوێند.

***

ئەو زانیارییانەی لەسەر ئەبسەخرۆن بەدەستەوەن زۆر کەمن:

ئێمە نازانین بەر لە چلساڵی خەریکی چی بووە، هەروەها هیچیش لەبارەی ئەو دۆخەی قاچی ڕاستی تێدا بڕایەوە نازانین.. ئەوی دەیزانین بەر لە بیست ساڵ، لەو ڕۆژە زستانە باراناوییەوە دەست پێ دەکات، کاتێک ئەبسەخرۆن بەئۆتۆمۆبێلە شۆفرلێتە ڕەشەکەی خاتوو سەنا گەیشتە باڵەخانەی یاقوبیان، کە بێوەژنێکی قیپتیی بەبنەچە سعێدیی دەوڵەمەندە، لە دوای مردنی مێردەکەی خۆی بۆ پەروەردەکردنی دوو کوڕەکەی تەرخان کردووە، لێ سەرەڕای ئەوەش بێ دڵی خۆی نەدەکرد و جار جار وڵامی بەداخوازییەکانی جەستەی دەداوە. زەکی دسوقیی لە یانەی ئۆتۆمبێلدا ناسی و تا ماوەیەک لەگەڵیدا بوو، هێندەی چێژوەرگرتنی لەو پێوەندییە، ویژدانی ئاینیی ئازاری دەدا و زۆرجاران دوای تەواوبوون، لە باوەشی زەکی لە پڕمەی گریانێکی بەکوڵی دەدا. بۆ کەمکردنەوەی هەست بەگوناحکردن لە ڕێگەی کڵێساوە خێرێکی زۆری دەکرد. ئا لێرەوە هەر هێندەی "بورعی" فەڕاشە کۆنەکەی نووسینگەی زەکی مرد، سەنا زۆری لێ کرد تا ئەبسەخرۆن لای خۆی دامەزرێنێت «کە ناوی لە لیستی یارمەتی لە کلێساوە تێدابوو» ئەوەتانێ ئەبسەخرۆن مشک ئاسا سەری دانەواندووە و خۆی کرژ کردووەتەوە، هەر لە یەکەم پێکگەیشتنی لەگەڵ زەکی بەگدا، کە بەبینینی دیمەنی ناپوختە و لاقی بڕاوی و جووتە دارشەقەکەی، کە لە سواڵکەر دەچوو، بەتیزەوە بەفرەنسی بەسەنای هاوەڵی گوت:

– ئازیزم من نووسینگە بەڕێوە دەبەم نەک کۆمەڵەی خێرخوازی.

چونکە خاتوو سەنا نازی دەکێشا و میهرەبانیی لە بەرابەردا دەنواند، لە ئەنجامدا بەنابەدڵییەوە ئەبسەخرۆنی وەرگرت، لە هزری خۆیشیدا وای دانابوو بۆ چەند ڕۆژێک دڵی سەنا ڕابگرێت و پاشان دەری بکات، وەلێ هەیهات.. ئەبسەخرۆن هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە لێوەشاوەییەکی کەم وێنەی بەگەڕ خست:

توانایەکی سەیری بەردەوامی لەگەڵ کاری قورسدا هەبوو، تا ئەو ڕادەیەی ڕۆژانە داوای لە بەگ دەکرد کاری تریش بداتە سەریا، ئەمە جگە لە ژیری و ڕووخۆشی و تێگەیشتوویییەکەی وای لێ دەکرد لە کاتی خۆیدا ڕەفتاری گونجاو بنوێنێت، هەروەها نهێنیگیریی ڕەها، وەک ئەوەی ئەوی لە بەردەمیدا ڕوو دەدات نەبینیبێتی و نەیش بیستبێتی، تەنانەت ئەگەر تاوانی کوشتنیش بێت.

لە سۆنگەی ئەم خەسڵەتە مەزنانەوە، دوای چەند مانگێک زەکی بەگ وای لێ هات نەیدەتوانی تەنانەت بۆ تاقە سەعاتێکیش دەستبەرداری ئەبسەخرۆن ببێت. زەنگێکی نوێی لە ئاشخانەی ئەپارتمانەکە دانابوو ئەو دەمی ئاتاجی بوایا گازی دەکرد. مووچەکەشی بۆ زیاد کرد و ڕێگەی پێ دا لە نووسینگە بمێنێتەوە «ئەمەی پێشتر لەگەڵ کەسدا نەکردووە».

ئەبسەخرۆن هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە لە سروشتی بەگ گەیشت، زانی کە بەگ نازکێشراو و حەزی بەڕابواردنە، خەون ئەرخەوانی و بەردەوام بیری لای کەیف و سەفایە.

ئەم جۆرە پیاوانە «بەپێی ئەزموونی درێژی ئەبسەخرۆن لە ژیاندا» زوو تووڕە دەبن و وشکن، لێ بەدەگمەن ئازار دەدەن و ئەوپەڕی کاردانەوەیان پێداهەڵشاخان و سەرکۆنەکردنە. ئەبسەخرۆن لەوە گەیشتبوو سەر نەنێتە سەر بەگ، یاخۆ چی بوێت بچێت بۆ لای، نا، بەڵکو هەمیشە داوای

لێبووردنی لێ بکات و دەستەوداوێنی بێت، هەتا بەدڵی دەبێت. ئەبسەخرۆن لەگەڵ هەر رستەیەکدا "قوربان" ی بەکار دەهێنا، بۆ نموونە ئەگەر بەگ بیپرسیایا: "سەعات چەندە؟.."ئەبسەخرۆن ئاوا وەڵامی دەداوە:

"قوربان.. سەعات پێنجە..!"

ڕاستییەکەی خۆ گونجاندنی ئەبسەخرۆن لەگەڵ ئیشەکەیدا لە نووسینگە، لەوە دەکات تا ڕادەیەک دیاردەیەکی بایۆلۆجی بێت، لە ناوجەرگەی تاریکییەکی خامۆش، کە لە ڕۆژدا ئەپارتمانەکەی دەگرتەوە لەگەڵ ئەو بۆنە ناخۆشەی لە تێکەڵبوونی بۆنی کەلوپەلی کۆن و شێداری ماڵەوە، لەگەڵ بۆنی تیژی ئەسپەنک، کە بەگ پێی گوتووە لە پاککردنەوەی گەرماوەکەدا بەکاری بهێنێت، لەو نێوەدا هەینێ ئەبسەخرۆن لە گۆشەیەکەوە بەدارشەقەکانی و دیشداشە هەمیشە چڵکنەکەی و ڕوخساری پیر و کڵۆڵ و پێکەنینە ڕیاکارانەکەیەوە بەدەر دەکەوێت، لەو کاتەدا دەڵێی بوونەوەرێکە لە بواری سروشتیی خۆیدا چالاک دەبێتەوە «وەکو ماسی لە ئاودا، یاخۆ مێروو لەناو زێرابدا»، کە بەبەهانەیەکەوە لە باڵەخانەی یاقوبیان دەچێتە دەر و بەناو ئاپۆرا و گرەگرِی ئۆتۆمبیلدا لە شەقام هەتاوی بەردەکەوێت پیاسە دەکات، ئەو دەمە دەڵێی دیمەنێکی نائاشنا و ئاوارتەی هەیە «چون چەکچەکیلەیەک بێت لە ڕۆژی ڕووناکدا»، ئیتر دەق ناگرێتەوە تا نەچێتەوە نووسینگە، لەو شوێنەی بیست ساڵی ڕەبەقی لە تاریکی و شێدا بەسەر برد.. دەبێ ئێمە بەوە فریو نەخۆین وا دابنێین ئەبسەخرۆن تەنیا نۆکەرێکی گوێڕایەڵە و هیچی تر، ڕاستییەکەی ئەو زۆر لەوە زیاترە، لە پشت دیمەنی لەڕولاواز و ڕیاکارییەوە بڕوایەکی پتەو و ئامانجێلی دیارکراو خۆیان مەڵاس داوە، کە ئازایانە و کەللەڕەقانە لە پێناو هاتنەدییاندا دەجەنگێت.

ئەم جگە لە پەروەردە و فێرکردنی سێ کچەکەی، بەخێوکردنی مەلاکی برا بچووکی و منداڵەکانیشی گرتوونەتە ئەستۆی خۆی.. لێرەوە تێ دەگەین ئێواران بەتەنێ لە ئۆدە بچووکەکەیدا خەریکی چییە، ئەوی ئەو ڕۆژە

بەدەستی هێناوە لە قرووش و پارەی کاغەزی بچووکی لوولدراوی بەئارەقە تەڕبوو، جا وەکو بەخشیش دەستی کەوتبێت، یان لە پارەی شت کڕین بۆ نووسینگە خستبێتییە لاوە، لە گیرفانی دیشداشەکەیدا دەری دەهێنێت «شێوازی ئەبسەخرۆن لە جامبازیدا نموونەی وردی دەستڕەنگینییە لە قۆڵبڕیندا، ئەو وەک پیشەکاران لە نرخی ئەو شتانەی دەیکڕێت زیادەڕۆیی ناکات، چونکە نرخەکان دیارن، یاخۆ لە هەر ساتێکدا دەشێ بزانرێن. لێ ئەو، بۆ نموونە، ڕۆژانە نەختێک لە قاوە و چای و شەکر دەخاتە لاوە، کە ئەستەمە هیچ کەسێک تێبینیی بکات، پاشان ئەوی دزیویەتی دەخاتە کیسەی تازەوە و لەگەڵ وەسڵێکی نوێدا، کە لەگەڵ سونیی دوکانداری شەقامی مەعروفدا ڕێککەوتبوو، بەزەکی بەگی بفرۆشێتەوە».

ئێواران بەر لەوەی بچێتە ناو جێگەوە، دووجار بەوردی پارەکەی دەژمێرێت، پاشان پێنووسە قۆپییە بچووکەکە، کە هەمیشە بەپشت گوێیەوەیەتی دەردەهێنێت، بڕی ئەو پارەیە دەنووسێت، کە دەستی کەوتووە، ئینجا بەشی پاشەکەوتکردنی لێ دەردەهێنێت «کە ڕۆژانی یەکشەمە دەیخاتە دەفتەری پاشەکەوتکردنەوە و ئیتر هەرگیز دەستی لێ نادات»، دواتر لەوی ماوەتەوە پێداویستییەکانی خانەوادە گەورەکەی دابین دەکات، خۆ ئەگەر شتێکیش مایەوە یان نا، ئەوا ئەبسەخرۆنی فەلەی باوەڕدار، خەو ناچێتە چاوی ئەگەر نوێژی منەتباری بۆ پەروەردگار نەکات، ئیتر لە بێدەنگیی شەودا بەسرتە سرت و سڵەمینەوەیەکی ڕاستگۆیانە لە بەرابەر کۆتەڵەکەی یەسوعی لە چوارمێخە دراوی قەد دیواری ئاشخانەکە دەوەستێت:

"... سەروەرم، چونکە خواردنی خۆم و زارۆکانت دام، من سوپاست دەکەم و با هەر ناوت شکۆدار بێت.. ئامین".

***

یەک دوو وشەی پێویست لەسەر مەلاک..

هـەمـــوو پـەنجـــەکـــانـی دەست وەک یەک نـین، لێ هـەمـــوویـان بـەڕێکی دەجـووڵێنەوە تاکـو ئیـشـێک بەجێ بگەیەنن.. لە گـۆڕەپانی یاری تۆپێندا، یـاریچـــیـی ناوەند زۆر بـەوردی تۆپـەکـــە دەنێـــرێت، تـاکـــو لـە نزیک پێی هێـرشـبـەرەکـەدا بداتە زەوییا و گـۆڵێک تۆمـار بکات.. بەم ئاوایە پێـوەندیی ئەبسـەخـرۆن لـەگـەڵ مـەلاکی برایدا بەشـێوەیەکی گونجـاوی دڵگیـر بەڕێوە دەچێت.. مـەلاک هـەر لە منداڵییـەوە جلدوورین لە وۆرکشـۆپی کراس دوورین فێـر بووبوو، بۆیە خزمەتکردن لە مـالآن وەکو براکەی داماوی و کەساسی بۆ جێ نەهێشتبـوو، ڕاستییش بەبالآی بچووک و جلە خۆماڵییـە ڕەشباوەکەی و ورگە زلەکـەیەوە لەگەڵ دەمـوچاوە تێکسـمڕاوە ناشرینەکەی، کە لـە سەرەتادا کەشـاکێکی خراپی لێ وەردەگریت، کەچی ئەو یەکسـەر بزەیەکی بـۆ دەکات، بەگەرمی دەست لەناو دەستی دەنێت و بەکوڵ دەیدوێنێ، ستـایشی دەکات و ڕێـزی لێ دەنێت، ئـینجـــاش لەســـەر گـــشـت بۆچوونەکـــانی ڕازی دەبێت «مـادامـەکی توخنی بەرژەوەندییـەکانی ناکەوێت»، پاشـان بەزۆر جگەرەیەکی کـیلـۆپاترای «لە پاکـەتە ژاکـاوەکـەی کـە بەئاگـەدارییـەوە دەری دەهێنێت و هەمـوو جـاریش چون مـرواری بێت لـە سـاغ و سـەلامـەتی دڵنیـا دەبێت» دەداتێ.. هـەرچەنـدە ئەم میـهرەبانییـە لە ڕادەبەدەرەی لایەنێکی تری هـەیە، چونکە ئەگـەر پێویستی کرد ئەوا مـەلاک زۆر بەسـانایی دەمـودەست دەبێتـە کـــەســـێکی زمـــانپـــیس و بێ ئابڕووی وا تـەنیـــا شـــایـان بەبـەرەڵایەکی پەروەردەکـراوی سـەر شـەقـامی وەکـو ئەوە.. مـەلاک دوو دژایەتیی لـە خـۆ گرتووە: دڕندەیی و ترسنۆکی.

حەزێکی توند بۆ ئازاردانی نەیارەکانی و ترسێکی زۆر لە ئەنجامەکانی.

لە کاتی شـەڕکردندا وا ڕاهاتبوو بەوپەڕی تواناوە تا هەڵوێستـەکە ڕێگە بدات هێرش بەرێت، خـۆ ئەگەر بەرهەڵستیی نەبینییـەوە ئەوا چون نەزانێت مـانـای تـرس چییـە زۆر بـێ بەزەییـانـە هەڵی دەکـوتایە سـەر، خـۆ ئەگـەر بەرەوڕووی بەرهـەڵسـتیی ڕاسـتـەقـینە ببـوایـەتەوە، یەکسـەر کلکی دەنایە

ناوگەڵی و دەکشایەوە.. ئەم هەموو شارەزاییی مەلاک دەخرێتە سەر دانایی و ژیریی ئەبسەخرۆن خۆی، ئەم دووانە پێکەوە تەواو بەرێکوپێکی کاریان دەکرد و شتی سەیروسەمەرەیان لێ دەبیسترا.

هەر دوو برا ویستیان ژوورێکیان لە سەربان دەست بکەوێت، چەندین مانگ خەریکی پلان دانان بوون، تاکو کات و ساتی بەجێگەیاندنی هاتەپێش. هەر هێندەی ڕەباب چووە لای زەکی بەگ، ئەبسەخرۆن لە لاشیپانی دەرگەکە وەستابوو، داچەمییەوە و بە بزەیەکی سووکی فێڵبازانەوە وتی:

– قوربان.. بەیارمەتیت من بەپەلە بەئیشێک دەردەچم.

بەر لەوەی قسەکەی تەواو بکات، بەگ «کە لەگەڵ دۆستەکەیدا سەرقاڵ بوو» ئاماژەیەکی بۆ کرد کە بڕوات. ئەویش لەسەرەخۆ دەرگەکەی داخست، کاتێک بەدارشەقەکانی بەسەر کاشیی ژوورەکەدا دەڕۆیشت دەتگوت ڕوخساری دەگۆڕێت. بزەی سەرشۆڕی و پڕ لە پاڕانەوەی ون بوو، لە بری ئەوە دیمەنێکی شێلگیرانەی تژی لە نیگەرانی جێی گرتەوە.. ئەبسەخرۆن ڕووی لە ئاشخانە بچووکەکەی تەنیشت ڕاڕەوی ئەپارتمانەکە کرد و بەوریاییەوە لە دەوروبەری ڕوانی، ڤێجا خۆی دایە سەر دارشەقەکەیدا و خۆی بەرز کردەوە، تاکو توانی بەئاسپایی وێنەی مریەم کە بەدیوارەکەوە بوو لێ بکاتەوە، لە پشتییەوە دەلاقەیەک هەبوو، دەستی درێژ کردە ناوییەوە و چەند بەستەیەک پارەی دەرهێنان، پاشان بەئاگەدارییەوە خستنیە بەرکییەوە، ئینجا دوای ئەوەی بەهێمنی دەرگەکەی داخست لە ئەپارتمانەکە دەرچوو.. هەینێ گەیشتە بەر دەرکی باڵەخانەکە بەدارشەقەکانیەوە بەلای ڕاستدا وەرسووڕا، گەیشتە لای ژووری دەرگەوانەکە، هێندەی پێ نەچوو مەلاکی برای کە چاوەڕوانی بوو بەدەرکەوت، هەردوو برا بەسەرنجێک لەیەک گەیشتن، دوای چەند خولەکێک شەقامی سلێمان پاشایان بڕی و بەرەو

یانەی ئوتۆمبیل بۆ چاوپێکەوتن بۆ لای فیکری عەبدولشەهیدی پارێزەر و بریکاری باڵەخانەی یاقوبیان چوون.

هەردووکیان خۆیان بۆ ئەم دیدارە ئامادە کردبوو، چەندین مانگ بوو بەردەوام باسیان لێوە دەکرد بەشێوەیەک هیچیان نەمابوو بیڵێن، بێ ئەوەی متەق بکەن بەڕێ کەوتن.

ئەبسەخرۆن لەژێرەوە هەر ورتەورتی بوو نزای بۆ مریەمی پاکیزە و یەسوعی دڵسۆز دەخوێند، تاکو لەم کارەیاندا ئاگەداریان بن و سەرکەوتنیان بۆ بەدەست بێن. هەرچی مەلاک بوو مێشکی دەگووشی، تا بڕگەی کاریگەر بۆ قسەکردن لەگەڵ فیکری بەگدا هەڵبژێرێت.

ئەو چەند هەفتەیەی دوایی بەکۆکردنەوەی زانیاری لەبارەی ئەوەوە بردەسەر، زانی فیکری لە پێناوی پارەدا هەموو شتێک دەکات، بۆ خواردنەوە و ئافرەتیش سەری پێوە نەبوو.

لە نووسینگەکەی لە "قصر النیل" چووە سەردانی، بەر لەوەی بچێتە ناو باسکردنی ژوورە ئاسنییەکەی لای دەروازەی سەربانەکە، کە بەمردنی ئەو عەتییە ڕۆژنامەفرۆشەی لە تەنیاییدا ژیا و سەری نایەوە، چۆڵ بوو. ئیتر ژوورەکە درایەوە خودان باڵەخانەکە، مەلاک هەمیشە خەونی بەم ژوورەوە دەبینی و دەیویست بیکات بەدوکانی کراس فرۆشتن، دوای ئەوەی سی ساڵی تێپەڕ کردبوو و کاتێک مێردمنداڵ بوو بەپێی ڕەوشەکە لەم دوکان دەیگواستەوە بۆ ئەو دوکان. بوتڵێک وێسکیی لە جۆری "ئۆڵد پار" پێ بەخشی. هەینێ چووە ناو باسەکەوە فیکری بەگ داوای کرد ماوەی بداتێ، تاکو بیرێکی لێ بکاتەوە. دوای پێداگرتنی مەلاک و براکەی ڕازی بوو ژوورەکەیان لە بەرابەر شەش هەزار جونەیهدا بداتێ. لە یانەی ئۆتۆمبیل، کە وا ڕاهاتبوو گشت یەکشەموانێک لەوێ نانی نیوەڕۆی بخوات، کاتی بۆ دیارکردن.. دوو برا گەیشتنە یانەکە، ئەبسەخرۆن لە گەورەیی شوێنەکە

ترس زایە دڵیەوە، تەماشای مەڕمەڕە سروشتییەکەی زەوی و دیوارەکانی داپۆشیبوون دەکرد، لەگەڵ مافوورە کوڵکنە سوورەکەی تا لای ئاسانسەرەکە درێژ بووبووەوە، چون مەلاک هەستی پێ کردبێت قۆڵی گووشی تا ئاگەدار بێتەوە، پاشان هاتە پێشەوە و بەگەرمی دەستی لەناو دەستی دەرگەوانەکە نا، گووشی و پرسیاری فیکری عەبدولشەهیدی لێ کرد. مەلاک حیسابی بۆ ڕۆژێکی وا کردبوو، لە ماوەی دوو هەفتەی پێشوودا خۆی بەکرێکارەکانی یانەکە ناساندبوو و بەقسەی خۆش کردبوونیە برادەری خۆی و هەندێک دیشداشەی سپییشی پێ بەخشیبوون. ئیتر خوانچی و کرێکارەکان کێبەرکێی بەپیرەوە چوونی ئەو دوو برایە بوون، بردیانن بۆ چێشتخانەکە لە نهۆمی دووەم، کە فیکری بەگ لەوێ لەگەڵ کچە هاوەڵێکی قەڵەوی سپی نانی نیوەڕۆی دەخوارد. هەڵبەت بۆ دوو برا جوان نەبوو دانیشتنەکە لە بەگ تێک بدەن، یەکیان نارد تا لە ئامادەبوونیان ئاگەداری بکاتەوە.

لە ژوورێکی چەپەک چاوەڕێیـــان دەکـــرد. هێندەی نەبرد فـــیکری عەبدولشەهید بەجەستە تێکسمڕاو و سەرە ڕووتاوەکەی و ڕوخسارە سپی و سوور هەڵگەڕاوەکەیەوە، کە هەر لە بیانییەکان دەچوو، بەدەرکەوت. ئیتر یەکسەر لە سووربوونەوەی چاوی و سووکە قورسییەک لە قسەکردنیدا زانییان زۆری خواردووەتەوە. دوای سڵاو و زمان شیرینی ئەبسەخرۆن ناوبرێکی درێژی تەرخان کرد بۆ ستایشی بەگ و دڵباشییەکەی و لە یەسوع چوونی لە گشت هەڵسوکەوتێکیدا، قسەی لەسەر ئەوە دەکرد «مەلاکی برایشی گوێی ڕادێرابوو و وای نیشان دەدا خۆشیی بەو قسانەدا دێتەوە»، کە چۆن بەگ لە کرێی کێشەی زۆرێک لە نوێنەرگرەکانی خۆش دەبێت، ئەگەر دڵنیا بوو غەدر لێ کراو و نەدارن و توانای پارەدانیان نییە.

– دەزانی مەلاک فیکری بەگ چی بەنوێنەرگری دەستنەڕۆیشتوو دەڵێت کاتێک بیەوێت پارە بدات؟

ئەبسەخرۆن بەم ئاوایە پرسیاری کرد، هەر زووش خۆی وەڵامی خۆی دایەوە:

– پێی دەڵێت.. برۆ کرنۆشی منەتباری بۆ مەسیح ببە، چونکە ئەو کرێی کێشەکەتی سەرلەبەر دا.

مەلاک لێوەکانی خۆی مژین و دەستەکانی لەسەر ورگە زلەکەی گرێدان، سەری دانەواندبوو و کاریگەرییەکی زۆری پێوە دیاربوو، گوتی:

– فەلەی ڕاستەقینە وا دەبێت.

لێ فیکری بەگ سەرەڕای مەستییەکەی ئاگای لە ڕەوتی قسەکان هەبوو، هێندە بەناواخنی قسەکانیان ئاسوودە نەبوو، بەزمانێکی شێلگیرانەوە تا پرسەکە ببڕێنێتەوە، گوتی:

– ئەو پارەیەی لەسەری ڕێککەوتبووین هێناتان؟

ئەبسەخرۆن هاواری کرد:

– بێگومان قوربان..

لەو دەمی دوو کاغەزی بۆ درێژ کرد درێژەی پێ دا:

– ئەوە گرێبەستەکەیە وەک چۆن لەگەڵ جەنابتاندا ڕێککەوتین، خوا پیرۆزی بکات.

پاشان دەستی بۆ بەرکی درێژ کرد تا پارەکە دەرهێنێت، ئەو شەش هەزارەی لەسەری ڕێککەوتبوون هێنابووی، لێ بەسەر هەموو گیرفانەکانیدا دابەشی کردبوون، تاکو بەپێچوپەنا تۆزێکی لێ گل بداتەوە. دەسپێک چوار هەزار جونەیهی دەرهێنا و بەداخ و کەسەرەوە بۆ بەگی درێژ کرد، ئەویش بەتووڕەییەوە شیراندی:

– ئەمە چییە.. ئەی کوا باقییەکەی؟!

هەردوو برا چون پێکەوە گۆرانی بڵێن، کەوتنە پاڕانەوە:

ئەبسەخرۆن بەهەناسەبڕکێوە بەدەنگە کزە نووساوەکەی و مەلاکیش بەدەنگە بەرزە باریکە تیژەکەیەوە، قسەکانیان بەشێوەیەک تێکەڵ بەیەک بوون هیچیان لێ نەگەیشت، بەکورتی بەقسەکردن لەبارەی دەستکورتییان و سوێندیان بەمەسیحی نەمر، کە ئەو پارەیەیان قەرز کردووە و ناتوانن لەوە زیاتر بدەن، دەیانویست سۆزی بەگ بۆ خۆیان ڕاکێشن، کەچی فیکری بەگ تۆزقاڵێک چییە دڵی نەرم نەبوو، بەڵکو تووڕەییەکەی زیادی کرد، گوتی:

– ئەمە ئیشی منداڵوتواڵە. قسەی وا ناچێتە مێشکی منەوە.

وەرسووڕا تا بگەڕێتەوە چێشتخانەکە، لێ ئەبسەخرۆن کە پێشبینیی ئەمەی کردبوو، بەتوندی بەشێوەیەکی وا خۆی هاویشتە بەردەمی بەگ بەلادا هات و خەریک بوو بکەوێت، پاشان بەجووڵەیەکی خێرا لە گیرفانی دیشداشەکەیدا دەسچەیەکی هەزار جونەیهی دەرهێنا و لەگەڵ ئەوی دیدا پەستایە گیرفانی بەگەوە، ئەویش سەرەڕای تووڕەیییەکەی بەرهەڵستی نەکرد و لێگەڕا پارەکە بئاخننە گیرفانییەوە. دەبوو ئەبسەخرۆن سەرلەنوێ ناوبڕێکی تر لە سۆز و میهرەبانی خواستن تێهەڵچێتەوە، زیاد لە جارێک ویستی دەستی بەگ ڕامووسێت، دواتر پاڕانەوە بەجۆشەکەی بەجووڵەیەکی تایبەت، کە بۆ پێویستیی هەڵگرتبوو کۆتایی پێ هێنا، لە هیکرا لە ناوقەدەوە خۆی بۆ دواوە چەماندەوە، پاشان بەهەردوو دەستی دیشداشە چڵکنە شڕەکەی ڕاکێشا و لاقە براوە بەستراو بەپارچە دەستکردە ڕەشباوەکەی بەدەرکەوت، بەدەنگێکی نووساوی پچڕ پچڕی واوە هاواری کرد بەندی دڵی دەپساند:

– جەنابی بەگ خوا منداڵەکانت لێ نەستێنێت.. من دەستەوستانم و لاقم بڕاوەتەوە.. پەککەوتەم و باوشێک منداڵ بەئەستۆمەوەیە، مەلاکیش خەرجیی چوار منداڵ و دایکیانی بەسەرەوەیە.. قوربان ئەگەر مەسیحت خۆشدەوێت بەدڵشکاوی مەمنێرەوە..

ئەمە لە سەرووی ئەوەوە بوو فیکری بەگ بەرگەی بگرێت، دوای قەیرێک

هەرسێکیان دانیشتبوون گرێبەستەکەیان ئیمزا دەکرد:

فـیکری عـەبدولشـەهیـدی وەڕس و بێـزار لەوەی دەرگـیـری قـۆڵبـڕینی سـۆزداری بووبوو، وەک خۆی دوایی ناوی لێ نا، ئـەمەی بۆ کیژە هاوەڵەکەی دەگێڕایەوە، مەلاکیش بیری لای یەکەمین هەنگاو بوو، کە لە ژوورە تازەکەیدا لە سەربان جێبەجێی دەکات.

هەرچی ئەبسـەخرۆن بوو، دوامین گوزارشتی کاریگەری بەرِوخسـاریەوە هێشتبووەوە:

نیگایەکی خـەمباری دڵشکاو وەک کەسێکی دەستـەوەستـان، کە گەلێک لە سـەرووی تـوانای خـۆیەوەی بـەخـەرج دابێت، لێ لە ناخـیـدا لە سـۆنگەی ئیـمزاکـردنی گرێبـەسـتی ئۆدەکـەوە گەلێک دڵخـۆش بوو، هەروەهـا چونکە بەلێـزانیی خـۆی توانـی دەسـچـەیەکی هەزار جـونەیهی، کـە گـەرمـیـیـەکی خۆشیبەخشی بەگیرفانی لای چەپی دیشداشەکەی دەبەخشی، قوتار بکات.

***

بەلای کەمـەوە سەد ساڵ دەبوو سەنتـەری بازرگانی و کۆمەلآیەتیی قـاهیرە لە ناوەڕاستی شاردا بوو، لەو شـوێنەی گەورەترین بانک و کۆمپـانیای بیانی و فــرۆشگەی بازرگــانی و نۆرینگی پزیشکی و نووســینگەی پارێزەرە ناودارەکـان و سینـەمـا و ڕیسـتـۆرانتی بەناوبانگی لێ بـوون، دەستـەبژێری دێرین لە ناوەڕاستی شـاردا بنیـاتیـان نابوو، تا ببێتـە گەڕەکێکی ئەورووپیی قـاهیرە، بەشـێوەیەک کە لە گشت پایەتەختـە ئەوروپاییـەکـاندا شـەقامێلێک دەبینیـتـەوە کوتومت لەمـە بـچن. بەهەمـان شـێوازی تـەلارسـازی و بەرچاوی مێژوویی ڕەسەنەوە، تا سەرەتای سـالآنی شەستەکان لە ناوەڕاستی شاردا سـیـمـا تـەواو ئەوروپاییـەکـەی پاراسـتـبوو، بێگومـان ئـەوانی زۆر ژیابن ئەو قەشەنگییەیان باش لە بیرە.

هەڵبـەت نەشیـاو بـوو کوڕانی شـار بەدیشـداشـەکـانیـانەوە بەنـاوەڕاسـتی

شـاردا پیـاسـه بکەن، ئەسـتـەمـیش بوو بەو دیمەنە مـیللیـیـەیانەوە لە ڕیسـتـۆرانتـەکـانی وەک گـرۆپی و ئـەمـەریکاییـەکـان و ئۆنیـۆندا جـێیـان بکرێتـەوە، تەنانـەت لە سـینـەمـا مـیـتـرۆ و سـان جـیـمس و ڕادیۆ و ئەو شـوێنانەش، کـە چوونە ژوورەوەیان پێـویست بـەقـات لەبەرکـردن دەکـات بۆ پیـاوان و کـراسـی دەرەوەش بۆ ئافـرەتـان، سـەرجـەم فـرۆشگـەکـان ڕۆژانی یەکشەم و جـەژنەکانی دیانە کـاسۆلیکەکانی وەک کریسـمس و سەری سـاڵ دایان دەخست.

ناوەندی شـار دەتگوت پایەتەخـتـێکی ئەوروپاییـیـە تا ئـەوپەڕ دەڕازایەوە، جامـخـانەکانی بەردەم بەپیـرۆزبایيکردن بەزمانەکانی فرەنسی و ئینگلیزی و درەخـتـی بچـووک و بووکـەشـووشـە لە شـێـوەی بابانـۆئێل دەڕازێنـرانەوە، ڕیستۆرانت و بارەکانیش پڕ دەبوون لە بیانییە ئەرستۆکراتییەکان، ئەوانەی بەخواردنەوە و گۆرانی و سەماکردنەوە ئاهەنگیان دەگێڕا.

ناوەندی شـار پڕدەبوو لە بارِی بچـووک بچووک، تاکو خـەڵکەکە بتـوانن لە کـاتی حـەوانەوە و پشـوودا چەند پەرداخـێک هـەڵدەن و مـەزەی بەتام بەنرخی ماقووڵ بخۆن.

لە سـیـیـەکـان و چلـەکـاندا هـەندێک لە بـارەکـان لەگـەڵ خـواردنەوەدا بەمـەبەسـتـی ڕابواردن نمایشی بچـووکی ژەنـیـاری یۆنانی، یاخـۆ ئیـتـاڵیـیـان بەڕێوە دەبرد، یان تیپی سەمای کیژە بیانیی جوولەکەیان دەهێنا.

تا کۆتاییی ساڵانی شەستەکان تەنیا لە شەقامی سلێمان پاشادا نزیکەی دە بارِی بچووک هەبوون، پاشان حـەفتاکان هاتنە پێشێ، ئیتر وای لێ هات پەیتا پـەیتا ناوەندی شـار بایەخـی خـۆی لەدەست دا و ناوجـەرگـەی قـاهیـرە گواسـترایەوە بۆ ئەو شوێنەی دەستـەبژێری نوێی لێ بوو، وەک ئەندازیاران و نەسـر. ئیـتـر وای لێ هـات شـەپۆلێکی گـەورەی دینداری کۆمـەڵگـەی مـیـسـری گرتەوە، بۆیە لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە شـیاو نەبوو مەی بخۆیتەوە، حکوومەتە

یەک لە دوای یەکەکانی میسریش لەگەڵ ئەو گوشارە ئاینییەدا هاووەڵام بوون «ڕەنگە موزایەدەی سیاسی لەسەر ڕەوتی ئیسلامیی بەرهەڵستکار کردبێت» بۆیە مەی فرۆشتنی تەنیا لە میوانخانە و ڕیستۆرانتە گەورەکاندا ڕێگە پێ دا و ڕێی مۆڵەتدانیشی لە بارە بچووکەکان بڕی و لە دۆخی مردنی خاوەن بارِ "بیانییەکان زیاتر" حکوومەت مۆڵەتی بارەکەی پووچەڵ دەکردەوە و مەرجی لەسەر میراتگرانی دادەنا بیکەنە شتێکی تر.. هەموو ئەمانە و بێجگە لە هەڵمەتە بەردەوامەکانی پۆلیس بەسەر بارەکاندا، ئەفسەرەکان هاموشۆکەرانی بارەکە دەپشکنن و سەیری پسووڵەکانیان دەکەن، هەندێک جاریش بەمەبەستی منەکردنیان دەیانپێچنەوە بۆ پۆلیسخانە. ئیتر بەم شێوەیە، لەگەڵ هەشتاکاندا، لە گشت شاردا لە چەند بارێکی بچووک لەملا و لەولا زیاترت نەدەکەوتنە بەرچاو، کە خاوەنەکانیان توانیبوویان خۆیان بەرووی شالاوی ئاینی و ستەمی دەسەڵاتدا ڕابگرن. ئەمەشیان بەدوو ڕێگە ئەنجام دا:

خۆشاردنەوە و بەرتیل. وای لێ هات لە ناوەندی شاردا هیچ بارێک بوونی خۆی ڕانەدەگەیاند، بەڵکو وشەی بار لە تابلۆکاندا دەگۆڕدرا بەوشەی چێشتخانە، یاخۆ کافی شۆپ، هەروەها خودان بار و کۆکاگانی مەیفرۆشی بەئەنقەست جامی دوکانەکانیان ڕەش دەکرد، تاکو ژوورەوە دیار نەبێت، یانیش لەبەر دەرکی دوکانەکەدا کلینیکس، یاخۆ هەر شتێکی تریان دادەنان تا چالاکییە ڕاستەقینەکەیان بەدەر نەکەوێت. ڕێگەش بەهیچ کەسێک نەدەدرا لەسەر شۆستەکە لە بەرابەر بارەکەدا بخواتەوە، تەنانەت لە بەرابەر پەنجەرەیەکی کراویشدا، کە بڕوانێتە سەر شەقامەکە.

دوای ئەوەی چەند دوکانێکی مەیفرۆشی بەدەستی لاوانی سەر بەڕەوتی ئیسلامی سووتێنران، ڕێوشوێنی توند گیرایە بەر، لە لایەکی دیشەوە دەبوو ئەو خاوەن بارە کەمانەشی ماون بەرێکوپێکی بەرتیلی زۆر بەئەفسەرانی ئاسایشی سەر بەخۆیان و بەرپرسانی پارێزگەش بدەن، تاکو لێیان گەڕێن

بەبەردەوامی کار بکەن.

لەبەرئەوەی فـرۆشـتنی خـواردنەوەی هەرزانـی خـۆمـاڵی بەرتیلەکـە پڕ نـاکـاتـەوە، خـاوەن بارەکـان ناچار بوون "ڕێگەیەکی تر" بۆ داهـات بەدەستهێنان بدۆزنەوە، هـەندێکیان لـە ڕێگەی بەکارهـێنانی سۆزانییـەوە لە پێشکێشکردنی خـواردنەوەدا کارئاسانییان بۆ لەشفرۆشی کرد «وەکو لە باڕی کایرۆ لە تەوفیقیە و باڕی میدۆ و باڕی پوسی کات لە عیمادەددین ئەمە کرا».

ئەوانی تریش لە پێناوی چەند قات قازانجکردن، لە باتی کڕین ڕوویان لە چێکردنی خـواردنەوە لە کـارگـەی سـەرەتاییـدا کـرد، هەر وەک لـە باڕی هاڵجیان لە شـەقامی عەنتیکەخانە و باڕی جامایکا لە شـەقامی شـەریف پێڕەو کرا.

ئەم خواردنەوە دروستکراوە خراپانە کارەساتی جەرگبڕیان بەدواوە بوون، گرینگترینیان ئەوە بوو، کە بەسەر هونەرمەندێکی شێوەکاری گەنجدا هات، کە لە ئەنجامی خـواردنەوەی براندیی تێکچووەوە لە باڕی هاڵجیان، تووشی کوێری هات.

ئەوسـا داواکـاری گـشـتی بڕیاری دا بـارەکـە دابخـرێت، لێ دوایی خاوەنەکەی توانی بەشێوازی باو جارێکی تر بیکاتەوە.

بەم ئاوایە، ئەو بارە بچـووکانەی لـە ناوەندی شـاردا مـابوون وەک جـاران هەرزان و پاک و پوخـتـە نەمـابوونەوە بۆ ڕابواردن، بەڵکو بووبوونە مـۆڵگەی خراپـی بێ ڕۆشنایی و هەواگۆڕکێ و زۆربەی کات بەرەڵا و گومـان لێکراوان هاموشـۆیان دەکردن.. لەگەڵ بوونی ئاوارتەی دەگمەن بۆ ئەم ڕێسـایە، وەکو باڕی مـەکـسیم لە ڕێگەکەی نێوان شـەقامی قەسرلنیل و سلێمـان پاشـا، هەروەها باڕی چینۆ، کە دەکەوتە ژێر باڵەخانەی یاقوبیانەوە.

***

چینۆ chez nous وشـەیەکی فرەنسییە مانای "لە ماڵمان"ـە، شوێنەکە بەچەند پلەیەک لە خوار شەقامەکەوەیە، ڕووناکی تەنانەت لە ڕۆژیشدا کز و تاریکە، ئەمەش لە سۆنگەی پەردە ئەستوورەکان و بارە گەورەکەی لای چەپ و مێزە ڕیزکراوەکانی لە داری سروشتیی ڕەنگ تێر دروستکراو، چرا کۆنەکانی لەسەر شێوازی ڤیەننا و کارە هونەرییە لە دار و برۆنز تاشراوەکانی بەدیوارەکەوە هەڵواسراون و نووسینە لاتینییەکانی سەر سفرە کاغەزییەکان و پەرداخە گەورەکانی بیرە، هەموو ئەمانە سیمای پەبی pub ئینگلیزی بەبارەکە دەدەن. لە هاوینیشدا هەر هێندەی شەقامی سلێمان پاشا بەهەراوزەنا و گەرمی و ئاپۆراکەیەوە جێ دەهێڵێت و خۆت بەباری چینۆدا دەکەیت، دادەنیشیت تا لە ئارامی و بەر هەوای فێنک و ڕووناکیی کز و ئاسوودەدا بیرەی سارد هەڵقوڕێنیت.. دەمودەست هەست دەکەیت چون لە دەست ژیانی ڕۆژانە "خۆت شاردبێتەوە " ئەم هەستکردنە بەتایبەتمەندێتی، زیاتر باری چینۆ جیا دەکاتەوە، کە لە بناغەدا بەوە ناسراوە شوێنێکە بۆ پێکگەیشتنی نەسرۆکان «لە زۆر ڕابەری گەشتوگوزاریی ڕۆژئاواییدا بەم ئاوایە ناسرابوو»..

خودان بارەکە ناوی عەزیز بوو، بە "ئینگلیزی" بانگیان دەکرد «بۆیە ئەم نازناوەی لێ نرا، چونکە بەپێستە سپی و قژە زەردەکەی و چاوە شینەکانییەوە کوتومت لە ئینگلیزی دەکرد» تووشی نەسرۆیی هاتبوو. دەڵێن لەگەڵ یۆنانییە پیرەکەی بارەکەی هەبوو هەڵساوە و دانیشتووە، خۆشی ویستووە و بەر لە مردنی بارەکەی پێ بەخشیوە.

هەروەها ئەو قسەیەش هەبوو گوایا ئاهەنگی بێ ئابڕوویی ڕێک دەخست، تێیدا نەسرۆی بۆ گەشتیارە عەرەبەکان دەهێنا و لە گەوادیکردن بەنەسرۆوە پارەی باشی دەست دەکەوت، لەو پارەیە بەرتیلی دەدا و لەدەست بێنەو بەرەی ئاسایش ڕزگاری بووبوو و تەواو ئاسوودە بوو، ئامادەیی و ڕووخۆشییەکی باشی هەبوو، لەژێر چاودێری و سەرپەرشتیی ئەودا

نەسـرۆكـان لە بارِی چینۆدا پێک دەگـەن، یەكـتـر دەناسن و لەو گـوشـارە كۆمـەڵایەتیـیـەی رِێ لە ئاشكراكردنی حـەزەكانیـان دەگرێت قـوتار دەبن.. شـوێنی نەسـرۆكـانیش وەكـو حـەشـیـشـە چاندن و مـۆڵگەی قـومـار، ئالوودەبوونی لە ئاستی كۆمەڵایەتی و تەمەنی جیاجیادان.

لە نێوانیـاندا دەستكارە و پیشـەوەر و لاو و بەسـالاچوویان تێدان، تەنیا نەسرۆیی پێكەوە كۆی كردوونەتەوە.. نەسرۆكانیش وەكو چەتە و قۆڵبرِان و هەمـوو ئەو دەستـە و تاقـمانەی لە دەرەوەی داوونەریت و یاسادان، زمـانێكی تایبـەت بەخۆیان دادەهێنن، بەشێوەیەک كەسی تر لێیان نەگات. بەنەسرۆی نەرێنی دەڵێن "كـۆدیانا"، ناوێكی مـێـیـینـەی لێ دەنێن، تا لەناو خـۆیاندا بیناسنەوە، وەكو سوعاد، ئینجی، فاتمە،... هتد.

نەسـرۆی ئەرێنیـیش پێی دەڵێن "بورغـەل"، خـۆ ئەگـەر پیـاوێكی سـادە و سـاكـار و نەزان بێت، ئەوا پێی دەڵێن "بورغــەلی سـاكـار"، بەسـێكسی نەســرۆش دەڵێن "چوونە پاڵ یەک". یەكـتـر دەناسـن و بەهـۆی جـووڵەی دەسـتـەوە لەنێو خـۆیاندا گفتوگۆی نهێنیی دەكەن، ئەگەر یەكیـان لە كاتی تەوقـەكردندا دەسـتی ئەوی تری گووشی و بەقـامكی یاریی بەمـەچەكی كرد، مـانای وایە دڵی تێ چووە، یاخـۆ ئەگەر نەسرۆكە دوو پەنجـەی دەسـتـەكانی لێک نزیككردنەوە و لە كاتی قسەكردندا جووڵاندنی مانای ئەوەیە هاوەڵەكەی بۆ "چوونە پاڵ یەک" بانگهێشتن دەكات، ئەگەریش بەیەک پەنجـە ئاماژەی بۆ دڵی كرد ئەوا مەبەستی ئەوەیە هاوەڵەكەی دڵی بردووە، ئیتر بەم شێوەیە..

عـەزە ئینگلیزی زۆر بەتـەنگ حەوانەوە و دڵخـۆشیی مـەعمیلەكانی چینۆوە بوو، لە هـەمـان كـاتیـشـدا رِێگەی بەرِەفـتـاری نـامـۆ نەدەدا. «وەكـو هەمـوو بارِەكــانی تر» لـەگــەڵ شــەو هاتن و زۆر خــواردنەوەیاندا دەنگیــان بەرز دەكردەوە و حەزی قسـە گەرمكردنیان زیاتر دەبوو. لێ بەدەمەسـتانی چینۆ ئارەزووی پەرِین و سەرگەرمییان بەرز دەبێتەوە و قسەی پرِ لە عـەشقبازی و

گاڵتە و گەپی ناقۆڵایان دەگۆڕییەوە، وا ڕێک دەکەوێت یەکیان دەستی درێژ دەکات بۆ هاوەڵەکەی، ئا لێرەدا ئینگلیزی یەکسەر دێتە پێشەوە و گشت ڕێگەیەک بۆ سەپاندنی ڕێکوپێکی دەخاتە گەڕ، هەر لە چپەچپی ژیرانەوە تاکو هەڕەشەکردن بەدەرکردنی کەسی ئاژاوەگێڕی ناو بارەکە. گەلێک جاریش ئینگلیزی هەڵدەچێ، ڕوخساری سوور هەڵدەگەڕێت و ئەو نەسرۆیەی ئاڵۆشی گڕی گرتووە دەشواتەوە:

– گوێ بگرە.. مادامەکی لای من دانیشتووی ڕێزی خۆت بگرە، ئەگەریش هاوەڵەکەت بەدڵە هەستە لەگەڵیدا بڕۆ، بەڵام نەکەی ناو بارەکە دەستی بۆ ببەیت.

ئەم توندییەی ئینگلیزی ناگەڕێتەوە بۆ داوێن پاکی، بەڵکو حیسابی سوود و زیان دەکات، گەلێک جار ئەفسەرانی ئاسایش سەر لە بارەکە دەدەن.. ڕاستە بەوەندە واز دێنن لە دوورەوە بەخێرایی سەیرێکی ناو بارەکە بکەن و ئەوانی دانیشتوونە بێزار نەکەن «ئەمەش بۆ ئەو هەموو بەرتیلە دەگەڕێتەوە، کە وەری دەگرن»، لێ هەر بەڕاستی ئەگەر بەدڕەوشتییەکیان لەناو بارەکەدا بینی، ئەوا دنیا بەیەکدا دەدەن، چونکە دەبێتە هەلێکی باش تاکو ئینگلیزی بڕووتێننەوە.

***

بەر لە نیوەشەو دەرگەی بارەکە کرایەوە و حاتەم ڕەشید لەگەڵ لاوێکی ڕەشتاڵەی بیستساڵیدا بەدەرکەوت، جلی ئاسایی لەبەردا بوو و قژی لە شێوەی سەربازان تاشیبوو. ئەوانی لەوێ بوون تەواو سەرخۆش بووبوون، هاواریان دەکرد و گۆرانییان دەچڕی، لێ هەر هێندەی حاتەم خۆی بەژووردا کرد، هێمن بوونەوە و بەلاپرەسەنی و کەمێک ترسانەوە لێیان دەڕوانی. دەیانزانی "کۆدیانا" یە، لێ لەمپەرێکی یەکلاکەرەوەی سروشتی ڕێی لێ دەگرتن ڕێزی لێ نەگرن، تەنانەت زۆرترین هاموشۆکەر لە بەدخوویی و

خـراپەکـاریدا نـەیدەتوانـی جگە لـە ڕێز شــتـێکی تـر لە بەرابـەردا بنوێنێت، هۆیەکانیش زۆر بوون:

حاتەم ڕەشید ڕۆژنامەوانێکی ناسـراو و سەرنووسەری ڕۆژنامەی لۆکیری LECAIRE بوو، کـە بەزمـانی فـرەنسی لـە قـاهیـرەدا دەردەچوو. هـەروەها ئەرسـتـۆکراتییـەکی دێرینیش بوو، دایکی فـرەنسی بوو و بابیشـی دوکتـۆر حەسـەن ڕەشیدی یاسـاناسی ناودار و لە پەنجاکاندا ڕاگری کۆلێجی یاسـا بوو، دەبێ ئەوەش بڵێین حاتەم ڕەشـید لە نەسرۆ کۆنەپارێزەکان بـوو «ئەگەر تەواو بۆی چووبین»:

خـۆی ریسـوا ناکـا و سـووراو و سـپـیـاو ناکـات، یاخـۆ وەکـو زۆرێک لە کۆدیاناکانی تر بەشـێـوەیەکی ورووژێنەر خۆی بنووشـتـێنێتـەوە.. لە دیمەن و ڕەفتاریدا هەمیشە بەلێهاتووییەوە لە نێوان قۆزییەکی ناسک و ژنانیبووندا دەوەسـتێت. بۆ نموونە قـاتەکەی ئەمـشـەوی سوورێکی جەرگیی شـەرابییـە، ئیشارپێکی زەردی لـە ملە باریکەکەی بەسـتبوو، زۆرییـەکەی خسـتبـووە ژێر کـراسە گوڵینە لە ئاوریشمی سـروشـتی دروستکراوەکـەیەوە، هـەردوو چمکی یەخە پانەکانی بەسەر چاکەتەکەیدا شـۆڕ بووبوونەوە، بەشیکی و باڵای ڕێک و سیمـا فـرەنسییـە وردەکەیەوە لە ئـەسـتێرەیەکی سینەمـایی دەچوو، ئەگەر ئەو چرچ و لۆچییـەی دەمـوچـاوی نەبوایا، کە ڕۆژگـار بـۆی جێ هێشـتـبـوو، لەگەڵ ئەو دێزەییـە پەنهـانە قێزەوەنە پڕ لە کڵـۆڵییـەی هـەمـیشـە ڕوخسـاری نەسـرۆکـانی داپۆشـیوە. عەزە ئینگلیـزی لێی چووە پێشـێ، سـڵاوی لێ کـرد. حاتەمیش بەگەرمـی تەوقەی لەگەڵدا کرد و بەشـەنگییـەوە دەستی بۆ دۆسـتە گەنجەکەی درێژ کرد و گوتی:

– عەبد ڕەببەی هـاوەڵم. سـەربازە لە ئاسـایشـی گشـتی.

– بەخێربێی.

عـەزیز بزەیەکی بۆ کرد و چاوێکی لە جەسـتـەی پڕ و بەهێزی لاوەکە بڕی،

پاشـــان هـەردوو مـــیـــوانەکـــەی بردە ســـەر مـــێـــزێکی لاچەپی بێـــدەنگ و داخوازییەکانیانی تۆمار کرد:

پێکێک جنی تۆنیک بۆ حـاتەم و بوتڵـێک بیـرەی هاوردە بـۆ عـەبد ڕەببـە، لەگەڵ هەندێک مـەزەی گەرموگورِ.. پەیتا پەیتا میوانەکان ئاگایان لەوان بڕا و دەستیان بەقسـەکردن و پێکەنین بەدەنگی بەرز کردەوە. ئەو دووانەش چون لە گفتوگۆیەکی درێژ و مـاندووکەردا بن، حـاتەم بەدەنگێکی نزمـەوە دەدوا و لە دۆسـتـەکـەی دەڕوانـی و هەوڵی دەدا قـایلـی بکات، کـەچی عـەبد ڕەبە بێ ئەوەی هـاوسـۆزییـەکی لە تەکـدا هەبێت بەتوندی بـەرسـڤی دەداوە، حــاتەم ساتێک بێدەنگ دەبوو و سەری دادەنواند، ئینجا تێهەڵدەچووەوە.

نزیکەی نیـو سـەعات قسـانیـان کرد، لەم نێوەدا دوو بوتڵ و سێ پێکیـان خـواردەوە. حاتەم پشـتی دایە کورسییـەکەوە و سـەرنجێکی قووڵی لە عەبدە بڕی:

– ئەمە دوا قسـەتە؟!

عـەبدەیش کە زوو خـواردنەوە کـاری لێ دەکـرد، بەدەنگی بڵـند بەرپەرچی دایەوە:

– بەڵێ..

– عەبدە گیان دە ئەمشەو لەگەڵمدا وەرە سبەینێ قسەی لێ دەکەین.

– نەخێر.

– بەیارمەتیت عەبدە.

–.. نا..

– باشە.. دەکرێت بەهێمنی لەیەک بگەین؟!.. ئەوەندە خۆت قەڵس مەکە.

حـاتەم بەم ئاوایە بەنازەوە وای گوت و پەنجـەکانی بەدەسـتـە گۆشـتنەکەی عەبدەدا، دەهێنان کە لەسەر مێزەکەی درێژ کردبوو. ئەم زۆرلێکردنە تاوی بۆ عەبدە هێنا و دەستی کێشایەوە، هەناسەیەکی دایەوە و بەبێزارییەوە گوتی:

– پێم گوتی ناکرێ لات بمێنمەوە. من بەبۆنەی تۆوە هەفتەی ڕابردوو سێ جار درەنگ چوومەوە.. ئەفسەرەکە ڕەوانەی تەمێکردنم دەکات.

– گوێی مەدەرێ. من واسیدەیەکم بۆ لای ئەو ئەفسەرە دۆزیوەتەوە.

– ئاهوو..

عەبدە بەم ئاوایە بەوەڕسییەکەوە هاواری کرد و پاڵێکی بەبوتڵە بیرەکەوە نا و قـڵـپـەوە بوو، زرنگەیەکی لێـوە هات. لە شـوێنەکـەی هـەسـتـا و بەتووڕەییـیەوە سـەیرێکی حاتەمی کرد، بەپرتاو گـەیشتـە دەرگەکە، حاتەم هەندێک پارەی کاغەزی لە جزدانەکەی دەرهێنان و فرێی دانە سەر مێزەکە، پاشان بەپەلە کەوتە دوای دۆستەکەی.

بۆ چەند سـاتێ خـامۆشـییەک بارەکەی داگرت، پاشـان قسـە و قسـەڵۆکی سەرخۆشان دەستی پێ کرد:

– کوڕینە بورغەل سەری لێ شێواوە.

– ئەفسووس بۆ ئەوی دڵداریی کرد و درێژەی نەکێشا.

– ئای لە تۆ لوسی، پارەت لێ بردم بەلووسی.

ئامـادەبووان لە قـاقـای پێکەنینیـان دا و بەخـرۆشـان و دەنگی بەرزەوە گۆرانییەکی بێ ئابڕووانەیان دەگوتەوە، تا عەزە ئینگلیزی ناچار بوو خۆی تێ هەڵقورتێنێ و بێدەنگیان بکات.

***

وەکـو زۆرێک لەو مـیـسـرییـانەی لـە گـوندەوە هاتبـوون، مـحـەمـەد سـەید «یاریدەدەری چێشتلێنەر لە یانەی ئۆتۆمبیل» دەمێک بوو تووشی بەلهارزیا بووبوو، دوایی بووە ئەگـەری هـەوکـردن و لاوازکـردنی جگەری و لـە پەنجـا ساڵیـدا کـوشـتی. بوسـەینەی کـچـە گـەورەی بیـری هـاتەوە، دوای ئەوەی خـێـزانەکـەی لـە ئەپارتمانە بچـووکـەکـەیان، کـە پێکـهـاتبـوو لە دوو ژوور و ئاودەستێک لە سـەربانی باڵەخانەی یاقوبیـان، لە ڕۆژێکی مانگی ڕەمەزاندا

بوو بەربانگیان دەکرد، باوکی هەستا تاکو نوێژی ئێواریٚ بکات، لە هیکرِا گوێیان لە شڵپەیەکی قورس بوو بەر زەوی کەوت، بوسەینە قیژەکەی دایکی بیرهاتەوە، چۆن بەدەمی پڕ لە هاوارەوە زریکاندی:

– فریای باوکتان بکەون.

گشتیان بەپرتاو ڕایان کرد. بوسەینە و سەوسەن و فاتن و مستەفای چکۆڵە، باوکە بەدیشداشە سپییەکەیەوە لەسەر چارپایەکە ڕاکشابوو، جەستەی تەواو سارد بووبووەوە و دەموچاوی شین هەڵگەڕابوو، کاتێک پزیشکیان بۆ هانی «گەنجێک بوو شڵەژانی پێوە دیار بوو» خێرا دەستی بەپشکنینی کرد، پاشان هەواڵە دڵتەزێنەکەی ڕاگەیاند، کچەکان لە قیژەیان دا و دایکیشیان بەتوندی بەدەموچاوی خۆیدا دەکێشا، تا کەوتە سەر زەوییەکە. ئەوسا بوسەینە قوتابیی بەشی بازرگانی بوو، خەونی خۆی هەبوو و بۆ ساتێک گومانی لە هاتنەدییان نەدەکرد:

تەواوی دەکا و شوو بەتەها شازلیی خۆشەویستی دەکات، دوای دەرچوونی لە کۆلێجی پۆلیس. لە ئەپارتمانێکی گەورە و شیاوی دوور لە سەربان دادەنیشن و لە کچ و کوڕێک زیاتر ناهێنن، هەتاکو بتوانن دەرۆستی پەروەردەکردنیان بێن. لەسەر هەموو شتێک ڕێککەوتبوون، کەچی لەپڕ باوکە مرد و خێزانەکەی لە چۆڵەوانی جیٚ هێشت. مووچەکەیان تا بڵێی کەم بوو، بەشی خەرجی قوتابخانە و خواردن و جلوبەرگ و کریٚ خانووی نەدەکرد. دایکە زوو گۆڕا، جلی ڕەشی فڕیٚ نەدا، ڕۆژ بەڕۆژ لە لاوازی دەدا و وشک هەڵات، سیمای ئەو دیمەنە یەکلاکەرەوە پیاوانەیەی وەرگرت، کە بێوەژنە دەستکورتەکان لەوانی تر جیا دەکاتەوە. هێواش هێواش جیقڵدانە تەنگتر دەبوو، زۆر بەڕووی کچەکاندا هەڵدەگژا، تەنانەت مستەفای چکۆڵەش لە جوێن و لێدانەکانی قوتار نەبوو، لە دوای هەر شەڕکردنێکیش کەفوکوڵی گریان بەری نەدەدا، وەکو ڕۆژانی یەکەم بەسۆزەوە ناوی خوالێخۆشبووی

نەدەبرد. بەڵکو بەداخ و کەسەر و بێ ئومێدییەوە قسەی لەبارەوە دەکرد، چون ڕیسوای کردبێت و لەم ڕۆژە ڕەشەدا جێی هێشتبێت. پاشان وای لێ هات لە حەفتەیەکدا بەدوو ڕۆژ و سێ ڕۆژ گوم دەبوو، لە بەیانییەوە دەردەچوو و شەودرەنگان دەهاتەوە، بڕستی لێ بڕابوو، بێدەنگ و خەیاڵبردو، چەند کیسەیەکی لە چێشتی لێنراوی تێکەڵ بەیەک «برنج و تەڕە و قنچکە گۆشت»ی بەدەستەوە بوون، گەرمی دەکردنەوە و پێی دەدان تا بیخۆن. ئەو ڕۆژەی بوسەینە دەرچوو و دیبلۆمی بەدەست هێنا دایکە چاوەڕێی کرد تا شەو هات و هەموان نووستن، ئینجا لەگەڵیدا چووە سەربان، شەوێکی گەرمی هاوین بوو، زەلامەکان نێرگەلەیان دەکێشا و گفتوگۆیان دەکرد، بڕێک ژنیش لە ترسی گەرمای ژوورە تەنگە ئاسنینەکانیان خۆیان دابووە بەر بایەکە، دایکە سڵاوێکی لێ کردن و بوسەینەی بۆ ئەوسەرەوە، بۆ لای پەرژینی سەربانەکە برد. بوسەینە دیمەنی ئۆتۆمبیلەکان و ڕۆشناییەکانی شەقامی سلێمان پاشای لەو شەوەدا لە سەربانەوە چۆن بینیبوو ئاوای بیر هاتەوە، لەگەڵ ڕوخساری مۆنی دایکی و سەرنجە بزە پرسیار ئامێزەکانی و دەنگە گڕە سەیرەکەی، کاتێک لەبارەی ئەو خەمەی خوالێخۆشبوو بۆی جێ هێشتبوو و بەدەستییەوە دەیناڵاند، بۆی دەدوا و پێی گوت کە لە ماڵێکی باش لە زەمالک کار دەکات و بۆیە لێی شاردبووەوە، تاکو لە دواڕۆژدا کار لە شووکردنی بوسەینە و خوشکەکانی نەکات «هەینێ خەڵک پێ بزانن دایکیان خزمەتکاری ماڵانە». پاشان دایکە داوای لە بوسەینە کرد لە سبەینێوە بەدوای کاردا بگەڕێت.

بوسەینە متەقی نەکرد، قەیرێک لە دایکی ڕاما، لە بەرابەریدا شەپۆلی میهرەبانییەک دای گرت، بەلایدا چەمایەوە و لە ئامێزی گرت، ئەو دەمی ڕایدەمووسی وای بەمێشکدا هات دەموچاوی وشک و زبر بووەتەوە و بۆنێکی سەیری تازە لە جەستەیەوە دێت، بۆنی ئارەقەی تێکەڵ بەگڵ، کە لە گیانی خزمەتکارانەوە دێت.

بۆ ڕۆژی دوایی بوسەینە هەموو هەوڵی خستە گەڕ تا ئیشێک بدۆزێتەوە. لە ساڵێکدا چەندین جار ئەم ئیش و ئەو ئیشی کرد:

سکرتێرە لە نووسینگەی پارێزەرێک، یاریدەدەری جوانکاریی خانمان، پەرستارێکی تازەفێربوو لە نۆرینگی ددان.

گشت ئەم کارانەی لەبەر هۆیەک جێ هێشت، دوای ئەوەی چەندین جار هەمان سەرهات چەند پات بووەوە:

بەپیرەوەچوونی گەرم لەلایەن خاوەنکارەوە، گرینگی پێدانێکی لە ڕادەبەدەر، ئینجا گاڵتە لەگەڵدا کردن و دیاری و خەڵاتی بچووکی پارە و ئاماژەکردن بەزیاتر، لە بەرابەردا ئەویش بەنەرمی ڕەتی دەکردەوە «تاکو ئیشەکەی لە دەست نەدات». لێ خاوەنکار بەردەوام دەبوو تا کارەکە دەگەیشتە ئەوپەڕی، ئەو دیمەنەی دوایی، کە حەزی لێ نەدەکرد و لێی دەترسا، هەمیشەش ڕووی دەدایەوە:

هەینێ کابرای گەورە دەیویست بەزۆر لە نووسینگە خاڵییەکەی ماچێکی بکات، یاخۆ خۆی پێوە بنووسێنێت، یان دەستی بەداکەندنی دەرپێکەی دەکرد تاکو ڕووبەڕووی واقعی بکاتەوە، ئەویش پاڵێکی پێوە دەنا و دووری دەخستەوە و هەڕەشەی فیزاحکردن و ئابڕووبردنی لێ دەکرد. ئیتر دەگۆڕا و ڕوخساری تۆڵەسێنەری بەدەر دەخست، دوای ئەوەی گاڵتەی پێ دەکرد دەری دەنا گوایا "خوزرەی پاکدامێن "ـە، یاخۆ وای دەنواند ئاکاری تاقی دەکاتەوە و دڵنیای دەکردەوە وەکو کچی خۆی تەماشای دەکات، پاشان هەلێکی دەڕەخساند «دوای نەمانی ئابڕووچوونەکە» و بەهەر هۆیەکەوە بوایا دەری دەکرد.

ئەم ساڵ بوسەینە فێری گەلێک شتان بوو:

بۆ نموونە زانی لەشـولارێکی جـوان و ورووژێنەری هەیە، چاوە گەورە قاوەیی و لێوە پڕەکانی و سینگە بەرزەکەی و سمت و کەفەڵ و پاشووە خڕە

لەریوەکەی، هەموو ئەمانە بنەمای گرینگن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکدا، هەروەها ئەوەشی بۆ ساغ بووەوە، کە سەرجەم پیاوان چەندە بەویقار بن و پایەیان بەرز بێت، لە بەرابەر ئافرەتی جواندا ئەوپەڕی لاوازن. ئەمەش پاڵی پێوە نا تا تاقیکردنەوەی پڕ لە شەڕانگێزی و کات بەسەربردن ئەنجام بدات، هەینێ بچوایەتە لای پیرێکی بەتەمەنی ماقووڵ، پێی خۆش بوو تاقی بکاتەوە، دەنگی ناسک دەکرد و دەچەمییەوە، تاکو سینگە پڕەکەی بەدەر بکەوێت، پاشان دەمودەست چێژی لە دیمەنی کابرای بەویقار وەردەگرت، چۆن نەرم بووە و لە تاوا گڕی گرتووە و چاوانی تینووی حەز و ئارەزوون.

ئاخ هەڵکێشان و پەرۆشیی پیاوان بۆی، لەزەتێکی پێ دەبەخشی نزیک بوو لە سەبووری پێدا هاتنەوە و خۆشی هاتنەوە بەخەمیان، هەروەها لەمساڵدا ئەوەشی بۆ دەرکەوت، کە دایکی تەواو گۆڕاوە و هەینێ بوسەینە لە سۆنگەی شەڕ پێ فرۆشتنی پیاوانەوە وازی لە کارەکەی هێنا، دایکە هەواڵەکەی بەبێدەنگییەکی نزیک لە جاڕسییەوە وەرگرت، کاتێکیش دووبارە بووەوە لەگەڵ هەستان و بەجێهێشتنی ژوورەکەدا بەبوسەینەی گوت:

– براکانت پێویستیان بەهەر قرووشێکی ئیشەکەت هەیە، کچی وریا و زرنگیش دەزانێت چۆن خۆی و کارەکەی بپارێزێت..

بوسەینە بەم قسانە خەم و پەژارە و سەرسامی دای گرت، لە دڵی خۆیدا پرسی:

"چۆن خۆم لە بەرابەر خاوەنکارێکدا بپارێزم دەرپێکەیم بۆ دابکەنێت؟!"

چەندین هەفتە بەم شێوەیە مایەوە، تاکو فیفیی کچی سابری ئوتوچیی دراوسێیان لە سەربان بەدەرکەوت، زانیبووی بوسەینە لە ئیش دەگەڕێت، بۆیە هاتبوو تا پێی بڵێ فرۆشیارێکیان لە فرۆشگەی شنن بۆ جلوبەرگ پێویستە، هەینێ بوسەینە باسی ئاریشەی خۆی لەگەڵ خاوەنکارانی پێشوو بۆ کرد، فیفی هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و دای بەسینگی خۆیدا،

بەنارەزاییەوە قیژاندی بەسەریدا:

– دەزانی زۆر بێ مێشکیت؟!

فیفی دڵنیای کردەوە زیاد ٩٠٪ی خاوەنکارەکان بەم ئاوایە رەفتار لەگەڵ ئەو کیژانەدا دەکەن، کە لایان کار دەکەن. ئەو کچەشی رەتی بکاتەوە دەردەکرێت و سەد کچی تر دێنە شوێنی و رازیشن.

هەینێ بوسەینە ویستی نارەزایی دەربرێت، فیفی بەگاڵتە پێکردنەوە لێی پرسی:

– جەنابت دەرچووی بەشی بەرێوەبردنی زانکۆی ئەمەریکیت؟!.. دەرۆزەکارانی سەر شەقامەکان وەکو تۆ دیپلۆمی بازرگانییان هەیە!

فیفی بۆی روون کردەوە لاواندنەوەی خاوەنکار "لە سنووری خۆی" بەئازایەتی دادەنرێت، دنیای واقع شتێکە و ئەوی لە فیلمە میسرییەکاندا دەیبینیت شتێکی ترە، هەروەها دڵنیای کردەوە کچێلێکی زۆر دەناسێت سالانێک لە فرۆشگەی شنندا کاریان کرد و "لە سنووری دیارکراو" وەلامیان بەخواستەکانی مامۆستا تەلالی خودانکار دەدایەوە. ئێستاش ژنی بەختەوەرن و منداڵ و ماڵی خۆیان هەیە و مێردەکانیشیان زۆر خۆشدەوێت.

– باشە بۆ دوور برۆین؟

بەم ئاوایە فیفی پرسیاری کرد و نموونەیەکی لەسەر خۆی هێنایەوە، ئەوەتانێ دوو ساڵە خۆی لەو فرۆشگەیە کار دەکات و مووچەکەی سەد جونەیهە، کەچی بە "زیرەکیی خۆی" جگە لە دیاری سێ ئەوەندەی دەست دەکەوێت، ئینجاش تاکو ئێستا مقەیەتی خۆیەتی و کچی ناو کچانیشە، ئەوەیشی قسەی لەسەر بکات پەنجە دەکاتە چاوییەوە، هەزار کەسیش ئاوات دەخوازن شوویان پێ بکا، بەتایبەت ئێستا مووچەی هەیە و لەگەڵ هاوەلانیدا مانگانە پارە دەخاتە لاوە تاکو بتوانێ خۆی خڕ بکاتەوە.

بۆ رۆژی دوایی، بوسەینە لەگەڵ فیفیدا چوو بۆ لای مامۆستا تەلال لە

فـرۆشگەكـەی. بینـی كـابرایەكی چل سـاڵەی سـپـیكەلـەی چاو شـینی سـەر ڕووتاوەی قـەڵەوە، لووتی پان و سـمـێـڵـێكی فش بەمـلاو بەولای دەمـیدا شـۆڕ بووەتەوە. تـەلاڵ هێند قـۆز نـەبوو، بوسـەینـە زانی حـاجی شننـی سـووری لە دوای چەند كچ ئـەم تاقــە كــوڕەی بووە. حـــاجی لـە ڕۆژانی یـەكگرتندا لە سووریاوە هـاتبوو و بۆ یەكـجاری لێرەدا سەقامگیـر بووبوو. ئەم فرۆشگەیەی بۆ خــۆی كـردەوە، كـە چووە نـاو تەمــەنـەوە، ئەم بازرگــانیــیــەی بـۆ كـوڕە تاقـانەكـەی جێ هێـشت، هـەروەها ئەوەیشـی زانی، كە ژنی هێنـاوە و ژنێكی میسریی جوانی هـەیە، دوو كوڕی لێ بووە، كـەچی ئینجاش چاوبرسێتیی بۆ ئافرەت لە بن نایەت. تەلاڵ تەوقـەی لەگـەڵ بوسـەینەدا كـرد «دەسـتی بەتوندی گووشـی» و لە كاتی قسەكردندا چاوی لەسـەر سینگ و جەستەی هـەڵنابڕی.

دوای چەند خولەكێك لەسـەر ئیشە تازەكەی دەستبەكار بوو.

چەند حەفتەیەكی نەبرد فیفی فێری كرد دەبێ چی بكات:

چۆن بایەخ بەخـۆی بدات، نینۆكـەكـانی دەست و پێی بۆیە بكات و كـەمێك بەری سـینگی بەربداتەوە و ناوقـەدی كراسـەكـەی تەنگ بكات، تاكـو سـمت و كەفەڵی بەدیار بكەون.

دەبوو بەیانیان دوكانەكە بكاتەوە و لەگەڵ هـاوكارەكانیدا خاوێنی بكەنەوە، پاشــان خـۆی ڕێـک بخـا و لەبەر دەرگـەی فـرۆشگەكـە بوەسـتـێت «ئەمـەش شـێوازێک بوو بۆ ڕاكێشـانی كڕیاران لە گشت فرۆشگەكانی جلفرۆشتندا پێڕەو دەكرا» هـەینـێ كـڕیارێكیش دێت دەبێ ڕووی بداتـێ و داواكـانی بەجێ بگـەیەنێت و وای لـێ بكات كــەلوپەلـێكی زۆر بكـڕێت «نیــو لە ســەدای ئەوەی دەفـرۆشــرێت بۆ ئـەوە»، هـەڵبــەت دەبێ چاوپـۆشی لە شــەڕپێــفـرۆشــتنی كڕیارانیش بكات ئەگەر چەندێک بێ ئابڕووانەش بن.. ئەمە سـەبارەت بەكار، هـەرچی "بابەتەكەی ترە" ئەوا مامۆسـتا تەلاڵ لە سێیەمین ڕۆژی هـاتنەكەیەوە دەسـتی پێ كرد. دەمـەو ئێوارە بوو، فرۆشگەكە خاڵی بوو لە كڕیاران، تەلاڵ

داوای لێ کرد بێت بەدوایدا بۆ کۆگاکە، تاکو هەموو جۆرە کەلوپەلەکانی پێ نیشان بدات، بوسەینەش بەبێدەنگی دووی کەوت، تێبینیی تارمایی بزەخەنەیەکی گاڵتەجارانەی بەڕووی فیفی و کچەکانی ترەوە کرد، کۆگاکە بریتی بوو لە ئەپارتمانێکی مەزن لە ژێرزەمینی باڵەخانەکەی تەنیشت دوکانی ئەمریکەین لە شەقامی سلێمان پاشا، تەلاڵ بردیە ژوورەوە و دەرگەکەی کلۆم کرد، بوسەینە لە دەوروبەری خۆی ڕوانی:

شوێنەکە شێدار و ڕووناکییەکی کز و هەناسەت تێدا تەنگ دەبوو، سیخناخ بوو لە سنووقی تا بنمیچ هەڵدراوە. درکی بەوە کردبوو چی لەسەرە بیکات، بۆیە هەر لە ڕێگەوە خۆی ئامادە کردبوو، قسەکانی دایکی بیرهاتنەوە "براکانت پێویستیان بەهەر قرووشێکی ئیشەکەت هەیە، کچی وریا و زرنگیش دەزانێت چۆن خۆی و کارەکەی بپارێزێت.."

ئەو کاتی مامۆستا تەلاڵ لێی نزیک بووەوە، هەستێکی بەتین و دژ بەیەک دای گرت:

پێداگرتن لەسەر بەکارهێنانی هەلی لەبار و ئەو ترسەی سەرەڕای هەموو شتێک دەیگووشێ و هەناسەبڕکێی پێ دەخات و هەست بەشێوە دڵتێکچوونێک دەکات. لاپرەسەنییەکی پەنهانیش دای گرتبوو تا بزانێت مامۆستا تەلاڵ چۆنی مامەڵە لەگەڵدا دەکات:

داخۆ قسەی خۆشی بۆ دەکا؟! بۆ نموونە پێی دەڵێت خۆشم دەوێی، یاخۆ هەوڵ دەدات ڕەپوڕاست ماچی بکات؟! زوو وەڵامەکەی درایەوە، تەلاڵ لە دواوە پڕی پێدا کرد، بەتوندی لە ئامێزی گرت و ئازاری پێ گەیاند، خۆی پێوە نووساند و بێ ئەوەی ورتەی لێوە بێت گەمەی بەجەستەی دەکرد، زۆر توندوتیژ بوو، دەیویست زوو ڕەحەت بێت، دوو خولەکی نەبرد تەواو بوو، جلەکانی بوسەینەی تەڕ کرد و بەدەم هەناسەبڕکێوە بەچرپەوە پێی گوت:

– گەرماوەکە لەوسەرەوەیە بەلای ڕاستدا.

لەودەمی کراسەکەی بەئاو پاک دەکردەوە بیری دەکردەوە، ئیشەکە زۆر لەوە ئاسانتر بوو، کە ئەو بۆی چووبوو، شتێک بوو وەک چۆن لە پاسدا یەکێک خۆی پێوە بنووسێنێت ئاوا بوو «کە زۆرجاران بەسەریدا دەهات»، ئامۆژگارییەکەی فیفیی بیرهاتەوە، کە دوای ئەوە چی بکات؟ گەڕایەوە لای تەلاڵ و بەدەنگێکەوە تا توانی هەوڵی دا ناسک و فریودەرانە بێت، گوتی:

– پێویستم بە بیست جونەیهە لە جەنابت.

تەلاڵ بۆ ساتێک لێی ورد بووەوە، دواتر چون پێشبینیی ئەوەی کردبێت بەپەلە دەستی بەگیرفانیدا کرد، لەو دەمی پارەیەکی لوولدراوی دەدایە دەست بەزمانێکی ئاساییەوە پێی گوت:

– نا.. دە جونەیە بەسە.. هەر کە کراسەکەت وشک بووەوە بەدوومدا وەرە بۆ فرۆشگە.

پاشان دەرچوو و دەرگەکەی لە دوای خۆیەوە داخست.

***

هەر جارێک و بە دە جونەیە. مامۆستا تەلاڵیش هەفتەی دووجاران دەیەوێت، هەندێ جاریش دەیکاتە سێ. فیفی فێری کرد چۆن ماوە نا ماوەیەک سەرسامیی خۆی بۆ کراسێکی فرۆشگەکە دەرببڕێت و زۆر لە تەلاڵ بکات تا پێی ببەخشێت.. وای لێ هات پارەی باشی دەست دەکەوت و جلی جوانی لەبەر دەکرد، دایکی ئەوەی زۆر بەدڵ بوو و ئەو پارەیەی لەوی دەستاند ئارامیی پێ دەبەخشی، دەیخستە توێی مەمکەکانییەوە و بەگەرمی بۆی دەپاڕایەوە. لە بەرابەر ئەو نزاکردنەدا حەزێکی نەگریسی پەنهان بوسەینەی دادەگرت، کە بەڕوونی لە دایکی بگەیەنێت پێوەندیی لەگەڵ تەلاڵدا هەیە، دایکەش ئەو پەیامەی پشتگوێ دەخست و بوسەینەش زیاتر پێی لەسەر ئەو ئاماژەکردنە دادەگرت، تا وای لێ هات پشتگوێ خستنی دایکە ئاشکرا و بۆش و بەتاڵ بوو، ئەو کات بوسەینە وەک ئەوەی دەمامکی

درۆزنەی بێــتــاوانیی بەڕووی دایکیــیــەوە دامــاڵێت و جــەخت لەســەر بەشداریکردنی لەو تاوانەدا بکات، هەستی ئاسوودەیی دای دەگرت.

بەتێپەڕبوونی کات پێکگەیشتنەکانیان لە کۆگاکەدا کاریگەرییەکی وای لە ناخی بوسەینەدا جێ دەهێشت هەرگیز بەمێشکیدا نەدەهات، نەیدەتوانی نوێژی بەیانیان بکات «تاقە فەرمانی خوا بوو بەجێی دەگەیاند»، چونکە لە ناخەوە شەرمی لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ "یەزدان"دا دەکرد و ئەو هەستەی لەلا ڕوابوو، چەندێک دەستنوێژ هەڵگرێت ئەوا هەر گڵاوە، بۆیە بەردەوام خەوی ناخۆشی دەبینی، لە خەو ڕادەپەڕی و چەندین ڕۆژ دڵتەنگ و خەمبار دەمایەوە. ئەو ڕۆژەی لەگەڵ دایکیدا بۆ دیدەنیی ئیمام حوسێن چوو، هەر کە ڕۆیشتە ناو نزرگەکەوە بخوڕ و ڕووناکی گرتیانە خۆ و هەستی بەو ئامادەبوونە بنج داکوتاوە شاراوەیە کرد، کە دڵی پڕ دەکات، تاکو لە ناکاو لە پڕمەی گریانێکی درێژی دا..

کەچی لەلایەکی ترەوە، نەیدەتوانی پاشەکشە بکا و بەرگەی هەست بەگوناحکردنی نەدەگرت، بۆیە بەگەرمی بەرهەڵستیی دەکرد.

سیمای دایکی هاتە بەرچاو پێی ڕادەگەیاند نۆکەریی ماڵان دەکات، هەروەها بیری لە قسەکانی فیفی لەبارەی ڕۆژگار دەکردەوە چۆن بەڕێوە دەچێت، زۆرجاریش لە خانمە دەوڵەمەندە کرِیارە شۆخ و شەنگەکان ڕادەما و بەپەرۆشییەکی نەگریسانەوە دەیپرسی:

– دەبێ ئەم ئافرەتە چەند جارخۆی دابێتە دەستەوە، تاکو ئەو پارەیەی بەدەست هێنابێت؟

ئەم بەرهەڵستییە توندەی هەستکردن بەگوناح دڵڕەقی و پەژارەی بۆ جێ هێشت، بۆیە بەرابەر بەخەڵک متمانەی لەدەست دابوو، یاخۆ بەهانەی زۆری دەهێنایەوە، زۆرجار بیری دەکردەوە «پاشان داوای بەخشینی دەکرد»، پەروەردگار دەیویست بیدا بەزەوییدا، چونکە ئەگەر وانەبوایا ئەوا

دەوڵەمەندی دەکرد، یاخۆ چەند ساڵێکی تر باوکی دەهێشتەوە «بۆ ئەو چەند ئاسانە»، دواتر پەیتا پەیتا ڕقی لە تەهای خۆشەویستی هەڵدەستا و هەستێکی نامۆی وا دای دەگرت، کە ئەم گەلێک لەو بەهێزترە، ئەم پێگەییوە و لە دنیا گەیشتووە، هەرچی ئەوە لە لاوێکی خودان خەیاڵ پڵاو و خۆشباوەڕ زیاتر هیچی تر نییە، وای لێ هاتووە بەو گەشبینییەی بەئایندە دڵتەنگ و شێتگیر دەبێ، بەگاڵتە پێکردنەوە پێی دەڵێت:

– تۆ خۆت بەعەبدولحەلیم حافز داناوە؟ گەنجی هەژاری کۆڵنەدەر ئەوەیە بەتێکۆشان ئاواتەکانی بەدی دەهێنێت.

تەها نەیدەزانی هۆی ئەم داخ و سوێیە چییە؟ پاشان وای لێ هات گێچەڵ و تەوس پێکردنەکەی تووڕەی دەکرد و دەستیان بەشەڕ دەکرد. جارێکیان داوای لێ کرد لە ئیشەکە لای تەلاڵ وازبهێنێت، چونکە ناوی زڕاوە، ئەویش بەچاوقایمییەوە لێی ڕوانی و گوتی:

– ئەمرەکەی قوربان.. دە تۆ ئەو دووسەد و پەنجا جونەیهەم بدەرێ، کە لای تەلاڵ بەدەستی دەهێنم، ئیتر ناهێڵم لە تۆ زیاتر کەس بمبینێت.

تەها وەک ئەوەی تێنەگەیشتبێت ساتێک لێی ڕاما، تووڕەیی گرتی و پاڵێکی بەشانیەوە نا، قیژاندی و کەوتە جوێندانی، پاشان ئەڵقە زیوینەکەی بۆی کڕیبوو تووڕ هەڵدا، لە دڵی خۆیدا ئاواتی ئەوە بوو پێوەندییەکەیان هەڵوەشێتەوە، تاکو لەو هەست بەگوناحکردنە ئازاردەرەی لە کاتی بینیندا تووشی دەبێت، قوتار بێت. لە هەمان کاتیشدا نەیدەتوانی بۆ یەکجاری دەستی لێ ببێتەوە. چونکە خۆشی دەویست و مێژوویەکی درێژ لە ساتێلی جوان لە نێوانیاندا هەبوو. هەر کە دەیبینی خەمبارە، یاخۆ نیگەرانە، چون دایکی بێت گشت شتێکی بیردەچووەوە و میهرەبانییەکی ڕاستگۆیانە دای دەگرت. چەندێکیش ناخۆشی و شەڕ و دەمەقاڵە لە نێوانیاندا بقەومایا، لێی خۆش دەبوو و دەگەڕایەوە لای. هەڵبەت نێوانیان ساتێلی دەگمەن و دڵگیری

بێگەردیشی بەخۆوە دەبینی، لێ هێندەی پێ نەدەچوو زویرییەکە دەیگرتنەوە. بەدرێژاییی ئەو ڕۆژە گلەیی و گازندەی لە خۆی دەکرد لەسەر ئەو دڵڕەقییەی ئەم بەیانییە لە بەرابەریدا نواندی. تەها ئاتاجی یەک دوو قسەی پڕ لە هاندان بوو لەمەوە، چونکە لە تاقیکردنەوە نزیک بووەتەوە، ئەمیش باشی دەزانی چەندین ساڵە تەها ئاواتی ئەم شتەیە، بەڕاستی دڵڕەقی لە بەرابەریدا نواند، باشە چی لێ دێت ئەگەر بەوشەیەکی خۆش، یاخۆ بزەیەک گوڕی بەبەردا بکات، کاشکی هەندێک لەگەڵیدا دەمایەوە و کاتی لەگەڵدا دەبردەسەر.

بوسەینە هەوڵی دا دوای دەوام تەها ببینێت، بەرەو گۆڕەپانی تەوفیقیە ملی نا، لەسەر پەرژینی باخچەکە، وا ڕاهاتبوون هەموو سەر لە ئێوارەیەک لەوێ یەکتری ببینن، چاوەڕێی بوو. دنیا بەرەو تاریکبوون دەڕۆیی، گۆڕەپانەکەش لە هاموشۆکەران و فرۆشیاران جمەی دەهات، لەو دەمی بەتەنێ لەوێ دانیشتبوو، تووشی چەندین شەڕ پێ فرۆشتن هات، کەچی ئینجاش نزیکەی نیو سەعات چاوەڕوانی کرد و ئەو هەر نەهات. ئەوەی بەهەزردا هات ڕەنگە تووڕە بووبێت، چونکە ئەم سەرلەبەیانییە ڕووی پێ نەدابوو. هەستا بەرەو ژوورەکەی تەها لە سەربان ملی نا، دەرگەی ژوورەکە کرابووەوە، دایکی تەها بەتەنێ دانیشتبوو و نیگەرانی بەڕوخسارە پیرەکەیەوە دیار بوو. بوسەینەی لە ئامێز گرت و ماچی کرد، پاشان لەسەر قەنەفەکە بەتەنیشت خۆیەوەی دانا و گوتی:

– دڵم زۆر دەترسێت بوسەینە.. تەها لە بەیانییەوە بۆ تاقیکردنەوە ڕۆیشتووە و هێشتا نەگەڕاوەتەوە.. خوا دەست بەباڵمانەوە بگرێت کچم.

***

بەتەمەنی و ڕۆژانی مەینەتی نەبوایا، کە کاریگەرییان بەڕوخسارییەوە جێ هێشتبوو، حاجی عەزام بەقۆزی و دەوڵەمەندییەکەی و بەدەموچاوە

سوورهەڵگەڕاوەکەیەوە، لەبەر تەندروستی باشییەکەی و پێستە لووسە بریقەدارەکەی، لە سۆنگەی شارەزایی سەنتەری لاجیتێ بۆ جوانکاری لە گەڕەکی ئەندازیاران، کە هەموو هەفتەیەک سەری لێ دەدا، وەکو ئەستێرەیەکی سینەمایی، یاخۆ پاشایەک تاجی شکۆمەندی و ئارامیی لەسەر نابێت، بەدەردەکەوت. زیاد لە سەد قاتی لە باشترین جۆر هەبوو، ڕۆژی یەکیانی لەبەر دەکرد، لەگەڵ بۆینباخێکی کراوە و پێڵاوێکی هاوردەی کەشخە..

ڕۆژانەش بەرەبەیانان بەئۆتۆمبیلە سوورە مەرسیدسەکەیەوە بەشەقامی سلێمان پاشادا شۆڕ دەبووەوە لەلای ئەمریکەینەوە دەهات. لە کوشنەکەی دواوە دادەنیشت و بەتەسبیحە کارەباییە دەنک وردەکەی، کە هەمیشە بەدەستییەوە بوو، تەسبیحاتی دەکرد. ڕۆژی بەپێداچوونەوە بەموڵک و ماڵەکانی دەست پێ دەکرد:

دوو فرۆشگەی گەورەی جل فرۆشتن، یەکیان لە بەرابەر ئەمریکەین، ئەوی تریش لەژێر باڵەخانەی یاقوبیان، لەو شوێنەی نووسینگەکەی و دوو پێشانگەی فرۆشتنی ئۆتۆمبیل و چەند دوکانێکی کەرەستە فرۆشی لێیە لە شەقامی مەعروف، جگە لە خانووی زۆر لە ناوەندی شار و چەندین تەلاری تر، کە لە تەواوبووندان و بەم زووانە بەئاسماندا هەڵدەکشێن و ناوونیشانی "عەزام بۆ بەڵێندەرایەتی" لە خۆ دەگرن.

ئۆتۆمبیلەکە لێژ دەبێتەوە و لە بەرابەر هەر دوکانێکدا دەوەستێت. کرێکارەکانیش ئاپۆڕە بەدەوریدا دەبەستن و بەگەرمی سڵاو لە حاجی دەکەن و ئەویش بەئاماژەیەکی دەستی بۆیان دەسەنێتەوە «هێند بەدەنگێکی نەبیستراو و لەسەرخۆوە دەیکات تێبینیی ناکەیت»، ئیتر دەمودەست سەرۆکی کرێکارەکان، یاخۆ پێشینەترینیان لە پەنجەرەی ئۆتۆمبیلەکە نزیک دەبێتەوە، بەلای حاجیدا دەنووشتێتەوە و لە ڕەوشی کاری دەگەیەنێت، یاخۆ

له ئیشێکدا پرسی پێ دەکات، حاجی عەزامیش بەوردی گوێ ڕادەدێرێ و سەری دادەگرێ و برۆ چرەکانی بەیەکدا دەدا و لێوەکانی لێک توند دەکا و بەچاوە ڕێوییە بچووکە خۆڵەمێشییە هەمیشە هەڵاوساوەکانییەوە لە ئەنجامی حەشیشە کێشانەوە، چون چاوی لە شتێک لە ئاسۆگە بڕیبێت لە دوور دەڕوانێت. ئینجا بەدەنگە گڕە یەکلاییکەرەوە و کەمدووییەکەی دێتە قسە، حەزی بەچەنەبازی، یاخۆ ژاوەژاو نییە، هەندێک وایان دەزانی حەزکردنی بۆ بێدەنگی، بەجێگەیاندنی «چونکە زۆر بڕوادار بوو» فەرموودەکەی پێغەمبەرە (د.خ): "ئەگەر یەکێکتان هاتە قسە، یا خێر بڵێت یانیش بێدەنگ بێت"، هەروەها بەسامانە بێ شومارەکەی و دەسەڵاتە زۆرەکەیەوە، پێویستی بەقسەی زۆر نەبوو، چونکە قسەی ئەو یەکلاییکەرەوە بوو و دەبوو یەکسەر جێبەجێ بکرێت، هەروەها ئەو ئەزموونە درێژەی لە ژیاندا، وای لێ دەکات بەتاقە نیگایەک پەی بەشتەکان بەرێت.

ئەم ملیۆنێرە پیرە کە شەستساڵی تێپەڕ کردبوو، لە سی ساڵییەوە بەتەنێ لە پارێزگەی سووهاجەوە بەدوای نان پەیداکردندا بۆ قاهیرە هات، بەساڵاچووانی شەقامی سلێمان پاشا باشیان لە بیرە چۆن بەدیشداشە و مێزەرەوە لەسەر زەوییەکە لە ڕاڕەوی ئەمریکەین دانیشتبوو، سندووقێکی بچووکی لە بەردەمدا بوو، پێڵاوی بۆیاغ دەکرد، ماوەیەکیش لە کتێبخانەی بابیک بەردەست بوو، پاشان دوای ئەوە بۆ ماوەی بیست ساڵ گوم بوو، لەپڕ بەسامانێکی زۆرەوە بەدەرکەوت.

حاجی عەزام دەیگوت لە کەنداو کاری دەکرد، کەچی خەڵکەکە بڕوایان نەدەهات، وا بڵاو بوو گوایا لە سۆنگەی بازرگانیکردنی بەمادە هۆشبەرەکانەوە چەندین ساڵ زیندانی کێشاوە، هەندێکیش پێ لەسەر ئەوە دادەگرن، کە تاکو ئێستاش هەر خەریکی مادە بێهۆشکەرەکانە، باشترین بەڵگەش لە ڕادەبەدەر دەوڵەمەندییەکەیەتی، کە لەگەڵ قازانجی کۆمپانیاکانی و بڕی فرۆشتنەکانیدا نایەتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە چالاکییە

بازرگانییەکانی تەنیا پەردەپۆشکردنن بۆ ساختەکاری و قۆڵبڕین.

بەچاوپۆشـیکردن لە دروسـتی ئەو پڕوپاگەندانە، حاجـی عەزام بێ ئەوەی کـەس شـان لە شـانی بدات، بـووە گـەورەی سلێـمـان پاشـا، خـەڵکیش بۆ ناوبژیوانی و پێـویسـتی ڕوویان تێ دەکـرد، بەم دوا دواییـیـە بەچوونە ناو حزبی نـەتەوەیییەوە، دواتـر بوونی حەمدیی کوڕە بچووکی بەجێگری داوەری گشتی، دەسەڵاتی زیاتر بوو.

حاجی عەزام خولیـایەکی سـەیری بۆ کڕینی خـانووبەرە و دوکـان هـەبوو، بەتایبـەت لـە ناوەندی شــاردا، وەک بڵـێی جـەخت لـەو دۆخـە تازەیـەی لەو شوێنەدا بکاتەوە، کە ڕۆژێکیان تێیدا هـەژار و نەبوو بوو.

.. ئەوا بۆ دوو ساڵ دەچێت.

حــاجی عــەزام بەخـدێی خـۆی هـەسـتــا تا نـوێژی بەیانی بکات، بینی دەرپێکەی تەڕ بووە، وەڕس بوو، ئەوەی بەمێشکدا هات تووشی نەخۆشییەک بوو بێت، کـەچی هـەر هێندەی خـۆی بەگـەرمـاوەکـەدا کرد تا خـۆی بشـوات، زانی شـەیتـانی بووە، یەکسـەر وێنەی شێواو و دووری ئەو ئافرەتە ڕووتەی لە خـەوندا بینیبـووی هـاتە بەرچاو، ئـەم دیاردە نامـۆیـەی بۆ پیـرێکی سـەروو شـەست سـاڵی وەک خـۆی پێ سـەیر بوو. پاشـان لە ڕۆژێکی پڕ لە ئێشـدا لە بیری کرد. کەچی چەندین جار گەڕایەوە سەری، تا وای لێ هات ڕۆژانە بەر لە نوێژی بەیانی خۆی لەو لەشپیسییە پاک دەکردەوە.

کــارەکـە هـەر بەمــەندەوە نەوەســتــا. چەنـدین جــار خـۆی لە چاوەدزێ لە بەرابەر جەسـتەی ئافرەتە کرێکارەکانی فرۆشگەکە پاراست. هـەندێکیشـیان بەغــەریزە هـەســتــیــان بەئارەزوو هەڵســانـی کــرد، بۆیە بـەئەنقــەست دادەچەمــینەوە و لە بـەرابەریدا بەنـاسکی دەدوان، تاکـو حــەز و ئارەزووی ببـزوێـنن، بۆیە ناچار بوو پتـر لە جارێک پێـیـاندا هـەڵشـاخێ و قسـەیان پێ بڵێت.. ئەم حـەزە کتـوپڕە شـێتـانەیە حـاجی عـەزامی تەواو تەنگەتاو کـردبوو،

یەکەم لەبەرئەوەی لەگەڵ تەمەنیدا نایەتەوە، دووەمیش چونکە بەدرێژاییی ژیانی ئەملاو ئەولای نەبووە، بڕواشی وایە خۆ بەدوور گرتنی لەو شتانەی خوا بەدڵی نییە هۆیەکی سەرەکیی ئەو سەرکەوتنانەن، کە بەدەستی هێناون:

ئەو لە هەموو تەمەنیدا نەیخواردووەتەوە «هەرچی حەشیشەیە کە دەیکێشێ، ئەوا زۆرێک لە زانا ئاینییەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە ناپەسەندە نەک گڵاو، یاخۆ حەرام، هەروەها ئاوەز نابات و پاڵ بەمرۆڤەوە نانێت تا بەدکاری، یاخۆ تاوان بکات وەک ئەوەی خواردنەوە دەیکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە حەشیشە وا لە پیاو دەکات هێمنتر و گران و سەنگینتر و بیر تیژتر بێت»..

حاجی لە هەموو تەمەنیدا زینای نەکردووە، وەکو سعێدییەکان زوو ژنی هێناوە، لە درێژەی ژیانیدا پیاوانی پارەداری زۆری بینیون خۆیان دەدەنە دەست حەز و ئارەزووەکانیانەوە و سامانێکی زۆر لە دەست دەدەن.

حاجی نهێنیی ئاریشەی شەهوەتەکەی بۆ هەندێک لە برادەرە بەتەمەنەکانی درکاند، ئەوانیش دڵنیایان کردەوە ئەوی ڕوو دەدات دیاردەیەکی کتوپڕە و دوای ئەوە بۆ یەکجاری نامێنێت:

– ئەمە شیرنیی ڕوحە.

حاجی کامیلی بازرگانی چیمەنتۆ بەخەنینەوەوە وای گوت.. لێ بەتێپەڕبوونی ڕۆژ شەهوەتەکەی بەردەوام و توندتر بوو، وای لێ هات بووە بارێکی قورس بەسەریەوە، لە سۆنگەیەوە پتر لە جارێک لەگەڵ حاجیە سالْحەی خێزانی، کە چەند ساڵێک لەم بچووکترە، تووشی دەمەقاڵێ هاتووە. بەو گەرموگوڕییە ناکاوەی سەیری هاتێ، زیاد لە جارێکیش بەسەرکۆنەکردنەوە پێی گوت کوڕەکانیان بوونەتە پیاو و لەسەریانە وەکو دوو ژن و مێردی بەتەمەن ڕێز لەخۆیان بگرن، ئیتر حاجی هیچی بۆ

نەمایەوە ئەوە نەبێت بۆ شێخ سەمانی زانای ناسراو و سەرۆکی کۆمەڵەی خێرخوازیی ئیسلامیی بگێڕێتەوە، کە عەزام لە گشت کارە دینی و دنیاییەکانیدا بەرابەر و ڕێنوێنیکەری خۆی دەزانی، تەنانەت لە هیچ شتێکی گرینگدا لە کار و لە ژیانیدا هەنگاو هەڵناهێنێت ئەگەر پرس بەو نەکات.

بەدەیان هەزار جونەیە دەخاتە بەردەستی، تا بەزانیاریی خۆی لە کاری باشدا خەرجی بکا، جگە لەو دیارییە بەنرخانەی لە دوای هەر مامەڵەیەکی باش لە ئەنجامی دوعا و نزاکانیەوە بەدەستی دەهێنێت، پێی دەبەخشێت.

لە دوای نوێژی هەینی و وانەی هەفتانەی ئاینی، کە شێخ سەمان لە مزگەوتی سەلام لە شاری نەسر دەیداتەوە، حاجی عەزام داوای لێ کرد بەتەنێ بێت، گرفتەکەی خۆی بۆ باس کرد، شێخ گوێی ڕادێرابوو، پاشان قەیرێک بێدەنگ بوو و بەکەفوکوڵێکەوە لە تووڕەییەوە نزیک بوو، گوتی:

– سوبحانەڵا حاجی.. باشە بۆ خۆت ئاوا تەنگاو کردووە، لە کاتێکدا پەروەردگار ڕێگەی لە بەردەمتدا والا کردووە برام؟ بۆچی دەرکە بۆ شەیتان دەخەیتە سەر گازی پشت تابگلێیتە گوناحەوە؟ دەبێت وەک خوا فەرمانی پێ داویت بەداوێن پاکی بمێنیتەوە، پەروەردگار ژنهێنانی زیاد لە ئافرەتێکی بۆ حەڵاڵ کردوویت، بەمەرجێک وەک یەک تەماشایان بکەیت. ناوی خوای لێ بێنە و بەر لەوەی بگلێیتە حەرامەوە هەڵپەی حەڵاڵ بکە.

– من کابرایەکی گەورەم، ئەگەر ژن بهێنم لە قسەی خەڵکی دەترسم.

– ئەگەر لە چاکەخوازی و خواپەرستیت دڵنیا نەبوومایا ئەوا مەزەندەی خراپم لێ دەکردیت. قسە و قسەڵۆکی خەڵکی، یاخۆ تووڕەبوونی یەزدان؟ داخۆ ئەوی خوا حەڵاڵی کردووە بەحەرامی دەزانیت؟ تۆ پیاوێکی خواپێداویت و تەندروستیت باشە، حەز و ئارەزووشت بۆ ئافرەت تێدایە. ژن بهێنە و جیاوازی مەکە لە نێوانیاندا.. پەروەردگار پێی خۆشە ئەوی ڕێی پێ

داوە حەڵاڵی بکەیت.

حـاجی قـەیرێک بەدوودڵی مـایـەوە "یاخـۆ وای نواند"، شـێخ سـەمـان بەردەوام سـەری نابووە سـەر تا ڕازیـی کرد، بـەڵکو "مـاڵی ئاوا بێت" ئەرکی قـایلکردنی سێ کوڕەکەشـی فەوزی و قـەدری و حـەمدیی "جێگری داواکـاری گشـتی" لە ئەسـتۆ گرت، ئەم دووانەی دواییـیان حـەزەکەی بـاوکیـان بەسـەیر هـاتە بەرچـاو، لێ هـەرچۆنێک بوو پـێیـان قـبـووڵ بـوو. هـەرچی فـەوزیـی کـوڕە گەورەی و دەسـتـەڕاسـتی لە کـارکـردنـدا بوو نابەدڵی پێوە دیار بوو، کەچی ئینجاش نارەزایی دەرنەبڕی، پاشان لە کۆتاییدا بەئازارەوە گوتی:

– ئەگـەر هـەر دەبێ حـاجیـی باوکمـان ژن بهێنێت، ئەوا لەسـەرمـانە ژنێکی باشـی بۆ هـەڵبـژێرین، نـەکو بکەوێتـە داوی حـەرامـزادەیەکەوە ژیـانی لێ تاڵ بکات.

لەسـەر ئەوە ڕێککەوتن بەدوای ئافرەتێکی گونجاودا بگەڕێن، حاجی عەزام ناسـیـاوە جێ بڕواکـانی ڕاسـپـارد بگەڕێن و لەم چەند مـانگەدا ئافـرەتێکی باشـی بـۆ بدۆزنەوە، خـێرا ئەوانەی بۆیـان دەسـتـنیـشـان کـردبوون بینین، لێ بەشارەزایی خـۆی ئەوی هـەڵسوکەوتی بەدڵ نەبوو ڕەتی کردەوە، ئـەمیان زۆر جـوانە کەچی چاوڵەدەر و بەدخووە، ئەم نـامووسی خـۆی نـاداتە دەست شـتی واوە، ئەمیشیان بچووک و بەنازە بەداخـوازییەکانی ماندووی دەکات، ئەمەش بەتەمـاحـە و زۆری حـەز لە پارەیە. بەم ئاوایە حـاجی گـشت ئەوانـەی بۆیان دەسـتـنیـشـان کـردبوون ڕەتکردنەوە، تـاکو سـوعـاد جـابری فـرۆشـیـاری لە فـرۆشـگـەکانی هـانـۆ لە ئەسکەندەرییـە بینی. بێـوەژن بوو و کـوڕێکی هـەبوو، هـەر هێندەی بینی ئاوەزی لەدەست دا:

ئافرەتێکی سپی، خرپن، جوان و لەچک لەسەر:

قــژە قــەترانـیــیــە نەرمــەکــەی بـەردابووەوە، ئـەگــریـجــەکــانی لـەژێر سـەرپۆشـەکەیەوە سـەرەتاتکێیان بوو، دوو چاوی ڕەشـی گەورەی ئەفسووناوی

و لێوە پڕە حەزبزوێنەکانی، پاک و پوختە و بایەخدانی بەجەستەی لە شێوەی کیژە ئەسکەندەرییەکان تا ئەوپەڕی بوو. نینۆکەکانی دەست و پەنجەکانی پێی کردبوون و بەوردەکارییەوە دەوروبەرەکەی پاک کردبوونەوە، هەرچەندە بۆیاغی نەکردبوون «هەتا بۆیەکە ڕێ لە ئاوی دەستنوێژ نەگرێت»، دەستەکانیشی نەرم و شل بەکرێم چەور کرابوون، تەنانەت پاژنەکانی لەوپەڕی پاقژیدا بوون، ناسک و توند قڵیشی تێدا نەبوو، هێند بەردە ڕەشەی پێدا هێنابوو سوورەوە بووبوون.. سوعاد کاریگەرییەکی بەسۆز و سەرنجڕاکێشی لە دڵی حاجیدا چەقاند و پتریش بەو شکانەوەیە سەرسام بوو، کە هەژاری و قورسیی ژیان بۆیان جێ هێشتبوو. بیریشی لەوە کردەوە، کە ڕابردووی هێند خەوشدار نییە:

شووی بەبەردتاشێک کردبوو و کوڕێکی لێ بووبوو، پاشان جێی هێشتبوو و چووبوو بۆ عێراق، ئیتر هەواڵی بڕابوو و دادگە لە ترسی قسە و قسەڵۆک و ئابڕووچوون تەڵاقی دابوو.

حاجی بەنهێنیی یەکێکی نارد تا پرسیاری خۆی و ئیش و جێ و ڕێگەی بکات. هەموو خەڵکەکە ستایشی ڕەوشتیان کرد.

پاشان نوێژی ویست وخواز "استخارە"ی کرد و سوعادی بەقەڵافەتێکی دڵگیرەوە هاتە خەو «لە خەونەکەدا خۆی تەواو داپۆشی بوو و وەک ئەو ژنانەی پێوەیان شەیتانی دەبێت خۆی ڕووت نەکردبووەوە».. ئا لێرەوە، حاجی عەزام ناوی خوای لێ هێنا و لە سیدی بەشەر سەری لە خێزانەکەی سوعاد دا. لەگەڵ حەمیدۆی برا گەورەی دانیشت «کە قاوەچی بوو لە مەنشیە» لەسەر گشت شتێک ڕێککەوتن، حاجی عەزام بەخدێی خۆی لە مامەڵەکردندا ڕاشکاوانە و بەڕوونی کاری دەکرد و قسەی یەک بوو، لەسەر ئەم مەرجانە سوعاد جابری خواست:

١- دەبێ سوعاد بێت لە قاهیرە لەگەڵیدا بژێت و تامری کوڕە بچووکیشی

لای داپیرەی لە ئەسکەندەرییە جێ بهێڵێت، "کەنگێ بۆی هەڵکەوت" بچێت سەری لێ بدات.

٢- نیشانێکی دە هەزار جونەیهی بۆ دەکرێت و بیست هەزاریش مارەییەکەی دەدات، پاشەکیشی لە پێنج هەزار جونەیە زیاتر نابێت.

٣- دەبێ زەماوەندەکەیان نهێنی بێت، هەروەها دەبێ ئەوەش باش بزانێت ئەگەر حاجییە ساڵحەی ژنی یەکەمی بەو بەزمەی زانی، ئەوا ناچارە دەمودەست سوعاد تەڵاق بدات.

٤- لەسەر سوننەتی خوا و پێغەمبەر ژن دەهێنێت، لێ بەهیچ شێوەیەک نایەوێ منداڵیان ببێت.

حاجی عەزام زۆر لەسەر ئەم مەرجەی دواییان مکوڕ بوو، یەکجار بەڕوونی بەحەمیدۆی ڕاگەیاند نە تەمەنی و نەیش زرووفی ڕێگەی ئەوەی پێ دەدەن، ئێستا ببێتە باوک، خۆ ئەگەر سوعاد ئاوس بوو، ئەوا یەکسەر ئەوی لەسەری ڕێککەوتبوون هەڵدەوەشێتەوە.

***

- چیتە..؟!!

هەردووکیان لەناو جێ بوون، سوعاد بەکراسی شینی نووستنیەوە، کە سینگە قیتە لەریوەکەی و هەردوو ڕانی و قۆڵە سپییەکانی بەدەر خستبوون، حاجی عەزام بەدیشداشە سپییەکەیەوە بەتەنیشتییەوە ڕاکشابوو. ڕۆژیان بوو، گشت ڕۆژێک دوای ئەوەی حاجی نوێژی ئێوارەی لە نووسینگەکەی دەکرد، بەرەو ئەپارتمانە گەورەکەی لە نهۆمی حەوتەمی باڵەخانەکەی بۆی کڕیبوو بۆ لای سەردەکەوێت، نانی نیوەڕوانێ دەخوا و تا بەر لە شێوان لەگەڵیدا دەنوێت، ئینجا لێی دەگەڕێت تاکو ڕۆژی دواتر. ئەمە تاقە سیستەم بوو دەیتوانی لە ڕێگەیەوە بێ ئەوەی پشێوی بکەوێتە خانەوادەکەیەوە بیبینێت، کەچی ئەمڕۆ بەپێچەوانەی نەریتی خۆیەوە، ماندوو و نیگەرانە.

بیری لە شتێک دەکردەوە بەدرێژاییی ڕۆژ تێکی دابوو، لە بیرکردنەوە ماندوو بووبوو، لە سـۆنگەی ئەو چەند جگەرە پێـچـراوەی لە پاش نانخـواردن کێشابوونی هەستی بەژانەسەر و دڵتێکچوون دەکرد، لە دڵی خۆیدا ئاواتی دەخواست سوعاد لێی بگەڕێ هەندێک بنوێت، کەچی ئەو دەستی درێژ کرد و سەری حاجیی خستە نێو هەردوو لەپە نەرموشلەکانییەوە، کە بۆنێکی خـۆشـیـان لێ دەهات، سـوعـاد بەدوو چاوی گـەورەیەوە لێی ورد بووەوە و بەگوێیدا چرپاند:

– چیتە گیانەکەم؟

حاجی بزەیەکی بۆ کرد و لەبن لێوانەوە گوتی:

– گرفتی کار زۆرن..

– سوپاس بۆ خوا، تەندروستیت لە هەموو شت گرینگترە.

– سوپاس بۆ خوا.

– قەستەم بەخوا گشت دنیا بارتەقای ئەوە نییە چرکەیەک خەمت هەبێت.

– ڕاست دەکەیت..

– قسە بکە چی وا بێزاری کردوویت؟

– چییە خەمت نییە؟!

– خوا بتگرێ حاجی.. من لە تۆ زیاتر کێم هەیە؟

حاجی بزەیەکی بۆ کـرد و بەمنەتبـارییـەوە لێی ڕوانی، دواتر لێی نزیک بووەوە مـاچێکی گـۆنای کـرد، کەمـێک سـەری گـەڕاندە دواوە و بەدەنگێکی شێلگیرانەوە گوتی:

– پشت بەخوا.. بەنیازم خۆم بۆ ئەنجوومەنی گەل هەڵبژێرم..

– ئەنجوومەنی گەل؟

– بەڵێ.

سوعاد پیچەک پەشۆکا، چونکە پێشبینی ئەوەی نەدەکرد، هێندەی نەبرد هاتەوە خۆی و ڕووی بەزەردەخەنەیەکی دڵخۆشانە گەشایەوە و بەشادمانییەوە گوتی:

– هەزار جار پیرۆزت بێ حاجی.. نازانم هەڵهەڵە لێدەم، یاخۆ چی بکەم؟!

– خوا ئاسانی بکات و سەرکەوم.

– بەپەنای خوا..

– دەزانی سوعاد ئەگەر بچمە ئەنجوومەنەوە ئیشی ملیۆنی دەکەم؟

– بێگومان دەچیت.. قابیلە ئەوان لە تۆ باشتر دەدۆزنەوە؟

پاشان چون گروگاڵ لەگەڵ کۆرپەدا بکات لێوەکانی درێژ کردنەوە و بەراناوی مێ لەگەڵیدا دوا:

– گوڵەکەم من لە تۆ دەترسم، ئەگەر لە تەلەڤزیۆن دەرچی و بەم جوانییە بتبینن دەڵێی مانگیت، دەترفێنن و لەدەستی منت دەردەکەن.

حاجی لە قاقای پێکەنینی دا، ئەویش لێی نزیک بووەوە تا ئەم هەستی بەگەرمیی جەستە گڕگرتووەکەی کرد، ئەو دەستی هێنا و بەشارەزایی خۆی کەوتە دەستبازی، لە کۆتاییدا کاری خۆی کرد، خەنینەوەیەکی پڕ لە ئاڵۆشی کرد و بینی چۆن ورووژا، ئەم بەپەلە بوو تا دیشداشەکەی دابکەنێت، لە کاتی داکەندندا سەری لە کونەکەی گیر بوو..

***

وەک ئەوەی فیلمێکی سینەمایی ببینیت، لەگەڵیدا جووت بیت و پێی هەڵبچیت، لە کۆتاییشدا گڵۆپەکان پێ بین و بگەڕێیتەوە سەر واقیع، سینەما جێهێڵیت و لە شەقامە جەنجاڵ بەئۆتۆمبیل و هاتوچۆکەرانەکە ئەو بایە سارده لێت بدات، هەموو شتەکان بگەڕێنەوە دۆخی سروشتیی خۆیان، ئەوەت بێتەوە بیر ئەوی بینیت تەنیا فیلم بوو.. نواندن و هیچی تر.. بەم شێوەیە تەها شازلی بوویەرەکانی ئەو ڕۆژەی بیر هاتنەوە:

قەڵافەت دەرخستن، ڕاڕەوە درێژە بەمافووری کوڵکنی سوور ڕاخراوەکە، ژوورە پانوپۆڕە درێژەکەی بنمیچێکی بڵندی هەبوو، نووسینگە گەورەکەی لەسەر زەویی ژوورەکە وا بڵند بووەتەوە دەڵێی سەکۆی دادگاییکردنە، ئەسکەمیلە چەرمییە نزمەکەی لەسەری دانیشتبوو، ئەو سێ لیوایەیش بەجەستە زەبەلاحە شلوشاوەکانیان و قاتە سپی و قۆپچە بریقەدارە مسینەکانیان و پلە و نیشانە چرووسکەدارەکانیان بەسەر سینگ و شانیانەوە، سەرۆک لیواش بەزەردەخەنەیەکی دیسپلینکراوی بەوردی کێشراوەوە بەخێرهاتنی دەکات، پاشان ئاماژە بۆ ئەندامەکەی لای ڕاستیش، کە دەستەکانی لەسەر مێزەکە درێژ کردبوون و سەرە کەچەڵەکەی دەبردە پێشەوە و پرسیاری ئاراستە دەکرد، ئەو دووانەی تریش چون هەر وشەیەکی لە زار بێتە دەر هەڵی بسەنگێنن و چاودێریی سیمای بکەن، ئاوا چاویان تێ بڕیبوو.. چۆنی مەزندە کردبوو ئەو پرسیارانەیان لێ کرد، پێشتریش برادەرە ئەفسەرەکانی دڵنیایان کردبووەوە، پرسیارەکان لەبارەی قەڵافەتەوە هەمیشە دووبارە و ناسراون، تاقیکردنەوەکەش بریتییە لە ڕاپەڕاندنێکی ڕواڵەتی، یان بۆ دوورخستنەوەی توخمە زێدڕەوەکان لەسەر بنەمای ڕاپۆرتی ئاسایش، یانیش بۆ جەختکردنەوە لەسەر وەرگرتنی بەختداران لەوانەی لەملا و لەولا تەشەبزیان کردبوو.

تەها زۆر باش پرسیار و وڵامە "نموونەییە" مەزندەکراوەکانی لەبەر کردبوون و لە بەرابەر لیژنەکەدا بەبێ ترس و بەهێمنییەوە بەرسڤی دەداوە.. گوتی نمرەکانی هێند باشن ئامادەیی ئەوەی تێدایە لە کۆلێجە باشەکاندا وەربگیرێت، لێ کۆلێجی پۆلیسی پێ بەگەنترە، تاکو لە شوێنی خۆیەوە، وەکو ئەفسەری پۆلیس ڕاژەی نیشتیمانەکەی بکات. هەروەها جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە، کە کاری پۆلیس تەنیا ئاسایش نییە، وەک زۆرێک بۆی دەچن، بەڵکو کۆمەڵایەتی و مرۆییشە، نموونەیشی بۆ ئەم بۆچوونەی هێنایەوە.

دواتر لەسەر ئاسایشی پاراستن قسەی کرد، لە لایەن پێناسە و ئامرازەکانەوە. قایلبوون بەروخساری مامۆستاکانەوە دیاربوو، تەنانەت لیواش دووجاران سەری ڕەزامەندیی لەقاند و وەڵامەکانی تەهای زۆر بەدڵ بوون. پاشان بۆ یەکەم جار هاتە قسان و لە تەهای پرسی هەڵوێستی چی دەبێت ئەگەر چوو بۆ گرتنی تاوانکارێک و بینی یەکێک لەوانەیە، کە لە منداڵییەوە برادەریەتی؟

تەها پێشبینیی ئەو پرسیارەی کردبوو، وەڵامەکەی لا بوو، لێ وای نیشاندا کەمێک بیری لێ دەکاتەوە، تاکو کاریگەریی لای ئەوان جێ هێڵێت، پاشان گوتی:

– گەورەم ئەرکی وا خزم و برادەر ناناسێت، پیاوی پۆلیس وەکو سەربازە لە جەنگدا، لە پێناوی خوا و نیشتیماندا دەبێ بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکەی هەموو شتێک فەرامۆش بکات.

لیوا زەردەخەنەیەک گرتی و بەسەرسوڕمانەوە سەری ڕاوەشاند. بێدەنگی دای گرتبوون، تەها مەزەندەی ئەوەی دەکرد فەرمانی ڕۆیشتنی پێ بدەن، کەچی لیوا لەپڕ بەکاغەزەکاندا چووەوە، چون شتێکی دۆزیبێتەوە، کەمێک کاغەزەکەی بەرز کردەوە تا لەوی خوێندیەوە دڵنیا بێت، پاشان لەودەمی خۆی لە تەماشاکردنی تەها دەپاراست، لێی پرسی:

–.. باوکت ئیشی چییە تەها؟!

– فەرمانبەرە گەورەم.. «لە فۆرمەکە ئاوای پڕ کردبووەوە، سەد جونەیهی دابوو بەموختاری گەڕەک تا ئیمزای لەسەر بکات».

لیوا سەرلەنوێ تەماشای کاغەزەکانی کردەوە و لێی پرسی:

– فەرمانبەر.. یان دەرکەوان؟!

–................

تەها بۆ ساتێک بێدەنگ بوو، پاشان بەدەنگی نزمەوە گوتی:

– باوکم دەرکەوانە گەورەم.

لیوا بزەیەکی هاتێ و شڵەژانی پێوە دیار بوو. دواتر بەسەر کاغەزەکاندا نووشتـایەوە و بەئاگەدارییەوە شتێکی نووسی، بەهەمان بزەوە سەری هەڵبڕی و گوتی:

– سوپاس کوڕم.. بڕۆ.

***

دایکە هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و گوتی:

– ڕەنگە حەز لە شتێک نەکەن، بەڵام بۆتان وەخێر گەڕێ..

بوسەینەش بەتوندییەوە گوتی:

– قابیلە ئەفسەری پۆلیس چییە؟ ئەفسەران لە خەم زیاترن لەسەر دڵ.. خەنی لە خۆم هەینێ بەجلی سەربازییەوە چەند ملیمێک وەردەگریت.

تەها ڕۆژەکەی بەسووڕانەوە بەشەقامەکاندا بردبووە سەر، تا تەواو ماندوو بووبوو گەڕابووەوە سەربان، لەسەر قەنەفەکە بەهەمان قاتەوە، کە بەیانی لەبەری بوو سەری دانەواندبوو و دانیشتبوو، ئێستا ئەو قاتە ڕەونەقی لەدەست دابوو، لۆچ بووبوو و هەرزان دەهاتە بەرچاو، دایکی ویستی لە خەمی کەم بکاتەوە:

– کوڕم تۆ دنیات لە خۆت بار کردووە، ئەوەندە ناهێنێت.. جگە لە کۆلێجی پۆلیس هی باشترت لە بەردەم دایە.

تەها سەری دانەواندبوو و متەقی نەدەکرد، کارەکە لە قسەکانی دایکی مەزنتر بوو. هێندەی نەبرد دایکی چووە ئاشخانەکەوە و لەگەڵ بوسەینەدا جێی هێشت، ئەویش هاتە تەنیشتییەوە لەسەر قەنەفەکە، لێی نزیک بووەوە و بەمیهرەبانییەوە بەگوێیدا چرپاند:

– تو گیان پێغەمبەر خۆت دڵتەنگ مەکە تەها.

دەنگی ئەو هەستی بزواند، بەئازارەوە هاواری کرد:

– من لەسەر ئەو ماندووبوونەم نارەحەتم.. ئەگەر لە دەستپێکەوە مەرجێکی دیارکراویان بۆ پیشەی باوک دابنایا ئەوا دەمزانی.. بیانگوتایا بۆ نەوەی دەرکەوانان قەدەغەیە.. پاشان ئەم قسەیە دژ بەیاسایە.. پرسیارم لە پارێزەرێک کرد، گوتی ئەگەر سکالایان لەسەر تۆمار بکەیت ئەوا دەیبەیتەوە.

– نە سکالا و نە هیچ.. ڕای منت دەوێت؟ تۆ بەم نمرانەت لە باشترین کۆلێج وەردەگیرێیت و بەسەرکەوتوویی تەواوی دەکەیت، دەچیتە وڵاتێکی عەرەبی و یەک دوو قروش دێنیتەوە و وەک پاشا دەژیت.

تەها قەیرێک لێی ڕاما، پاشان سەرلەنوێ سەری داخست، ئەویش درێژەی پێ دا:

– تەماشاکە تەها.. ڕاستە من ساڵێک لە تۆ بچووکترم، بەڵام کارم کردووە و لە ئیشکردنەوە زۆر فێر بووم. ئەم وڵاتە نیشتیمانی ئێمە نییە تەها، ئەمە وڵاتی ئەو کەسەیە پارەدار بێت. ئەگەر بیست هەزار جونەیهت هەبووایا و بەرتیلت پێ دابان، ئەوسا کەس لە ئیشی بابتی دەپرسی؟ تەها گیان پارە پەیدا بکە و هەموو شت بەدەست دەهێنیت، لێ ئەگەر ئاوا بەهەژاری بمێنیتەوە ئەوا بەپلیشاندن دەتپلیشێننەوە.

– نابێت بێدەنگ بم.. دەبێت سکالایان لە دژ بەرز بکەمەوە.

بوسەینە بەتاڵییەکەوە خەنییەوە:

– سکالا لە کێ و بۆ کێی دەکەیت؟.. گوێ لە من بگرە و بیر لە شتی قۆڕ مەکەرەوە.. تۆ هەوڵ و کۆشش بکە و بڕوانامەی خۆت وەربگرە، مەگەڕێوە ئێرە تا زەنگین دەبیت. خۆ ئەگەر هەر بەیەکجاری نەهاتییەوە ئەوا باشتر.

– واتا ڕای تۆ وایە بۆ وڵاتێکی عەرەبی بڕۆم؟

– بێگومان.

– تۆش لەگەڵمدا دێیت؟

ئەم پرسـیـارەی پێ ناکاو بـوو، ورتەیەکی لێـوە هات و خـۆی لە نیگاکـانی پاراست:

– بەپشتیوانی خوا.

بەخەمبارییەوە گوتی:

– بوسەینە تۆ بەرابەر بەمن گۆڕاوی، دەزانم.

بوسـەینە دەمـەقـاڵەیەکی تری لە ئاسـۆدا بەدی کـرد، لە کـاتی هەسـتـاندا گوتی:

– تۆ ئێستا شەکەتیت.. هەستە بنوو، سبەینێ قسەی لێ دەکەین.

ئەو ڕۆیشـت، بەڵام ئەم خـەو نەچووە چاوی. بێـدار بوو، بـیـری دەکـردەوە، بەسـەدان جـار ڕوخـسـاری لیـوای سـەرۆک لیـژنەی هـاتە بەرچاو چۆن بەشێنەیی وەک ئەوەی چێژ لە سووککردنی ببینێت، لێی دەپرسێت:

– کوڕم باوکت دەرکەوانە؟

دەرکەوان.. ئـای لەو پەیڤە سـەیرە، نە بەمێشکیدا هات و نەیش مـەزەندەی دەکـرد.. وشـەیەک گـشت ژیانێـتـی.. سـاڵانێکی درێژ لەگـەڵیـدا ژیا و بەدەسـتییەوە دەیناڵاند و بێ سـڵکردنەوە بەرهەڵسـتیی دەکرد، زۆری هەوڵدا لە دەستی ڕزگار بێت، کۆشا تاکو لە دەلاقەی کۆلێجی پۆلیسەوە بچێتە ناو ژیانێکی پڕ لە ڕێزی شـایسـتـەوە، لێ وشـەی "دەرکـەوان".. لە کـۆتاییی کـێـبـەرکێ تاقـەت پرووکـێنەکـەدا چاوەڕوانی بوو، تا لـە دوا سـاتدا هەمـوو شتەکانی لێ تێک بدات.

بۆچی لە دەسـپێکەوە پێیان نـەگوت؟ بۆچی لیـوا تا کۆتایی هێشـتـییـەوە و سەرسـامیی خـۆی لە بەرابەر وەڵامەکـانیدا دەرخـست، پاشان دوا گوللەی نا بەسـەریـەوە. "هـەسـتـە لە پێـشـم هەی کـوڕی دەرکـەوان.. کـوڕی دەرکـەوان دەتەوێ لە کۆلێجی پۆلیس وەربگیرێیت؟ کوڕە دەرکەوان ببێتـە ئەفسـەر؟.. بەخوا چاکە".

تەها بەناو ژوورەکـــەدا دەهات و دەچوو، مکوڕ بوو لەســـەر ئەوەی دەبێ شتێک هەر بکات. لە دڵی خۆیدا دەیگوت ناکرێت بەم ئاوایە ڕیسوای بکەن و قـســان نەکـات.. ناکـرێت لە سـاتێکدا ئەم هەمــوو مـاندووبوونـەی لەدەست بدات.. وای لێ هات هێـدی هێدی دیمەنی تۆڵەسـەندنەوەی ئەفسـانەیی وێنا دەکرد:

بۆ نموونە خۆی دەبینییەوە پەیڤی کاریگەری بەسـەر لیـواکانی لیژنەکەدا لەبارەی هـاوتایی دەرفـەت و ڕەوایی و دادپەروەری دەخـوێندەوە، کـە خـوا و پەیامبـەرەکەی (د.خ) فەرمـانمان پێ دەکەن، ئیـتر لەسـەر ئەوەی کردبوویان هێند سەرکۆنەی کردن، تا بوونە دڵۆپێک ئاو و بەسەر دەست و پێیدا کەوتن و ڕایان گەیاند لە کۆلێجی پۆلیس وەرگیرا.. لە دیمەنێکی تریشدا خۆی هاتە بەرچاو چۆن یەخەی لیوای سەرۆک لیژنەی گرتووە و بەسەریدا دەشیرێنێت:

– تۆ حـــەقت بەســـەر ئەوەوە چییـــە باوکم چ ئیـشـــێک دەکـــات؟.. هەی ساختەچیی بەرتیلخۆر..!!

ئینجا بەتوندی چەند مشتێک بەناو دەمیدا دەدا و دەکەوێتە سەر زەوییەکە و لە خوێنی خۆیدا دەگەوزێت.. بەخدێی خۆی کاتێک تووشی هەڵوێستی وا دەبووەوە، کـە دەرۆســتـیـان نەدەهات ئەندێشـەی دیمەنێلی وای دەکرد. لێ ئەمجار دیمەنە پڕ لە تۆڵەسەندنەوەکان بەو هەمـوو توندییەیانەوە کەفوکوڵیان دانەدەمــرکـاندەوە، هەست بە ڕیســواییکردن دەیهــاڕی، تا بیــرۆکــەیەک بەمـێـشکیـدا هات و زۆری لێ کـرد، لەسـەر کـورسی و مـێـزە بچـووکەکـەی دانیشت، کاغەز و خامـەی دەرهێنا و بەخەتی گەورە لەسەرەوەی لاپەڕەکەی نووسی:

"بەناوی خـوای بەخـشندە و مـیـهرەبـان.. سکالایەک بۆ جـەنابی ســەرۆک کۆمار..."

ساتێک وەستا و سەری کێشایە دواوە، لە شکۆیی و مەترسیی گوتەکانی

هەستی بەئاسوودەیی کرد، پاشان دەستی بە نووسین کرد.

ئەمەندەم بەبەتاڵی جێ هێشت، چونکە قسەیەکم نەبوو تێیدا بینووسم..

پەیڤەکان بۆ پەسنی غەمباری، یاخۆ خۆشیی ئاسایی دەست دەدەن. هەرچی ساتە مەزنەکانی شادین، وەک ئەوەی زەکی دسوقی لەگەڵ ڕەبابی خۆشەویستیدا تێیدا ژیا، ئەوا بەڕاستی خامە لە بەرابەر وەسفکردنیدا لاڵ دەبێت. وێڕای ئەو ڕووداوە دڵتەزێنەش زەکی بەگ هەمیشە ڕەبابی جوان و قەشەنگ بەڕوخساری شەرابیی جادوویی و چاوە ڕەشە گەورەکانی و لێوە گۆشتنە قرمزییەکانییەوە قژی بەردابووەوە و بەسەر شانیدا هاتبووە خوار، لە بەرابەری دانیشت و وێسکیی هەڵدەدا و بەدەنگە ورووژێنەرەکەی گەمەی لەگەڵدا دەکرد، پاشان دەچووە گەرماوەکەوە و دەگەڕایەوە کراسێکی کراوەی کورتی نووستنی وای لەبەر کردبوو گشت گیانی بەدەرەوە بوو، بەزەردەخەنە پڕ لە ناز و عیشوەکەیەوە لێی دەپرسی:

– لە کوێ بنووین؟

هەروەها ئەو چێژە خۆشەی جەستە ناسک و گەرمەکەی پێی بەخشی.. هەموو وردەکارییە دڵگیرەکانی ئەڤینداریین زەکی بەگ بەبیری خۆی دێنێتەوە. لە هیکڕا وێنەکە لە مێشکیدا شڵەژا و بەتوندی تێکچوو، پاشان دەبڕێ و بەتاڵاییەکی تاریک و هەستێکی بەئازاری ژانەسەر و دڵ بەیەکدا هاتن لە دوای خۆی جێ دەهێڵێت، دوا شت لە یادی بێت دەنگێکی کزی لە شێوەی فیشکەی مار بەرگوێ کەوت، بەدوایشیدا بۆنێکی تیژ بەر پەردەی لووتی کەوت، ڕەباب لەو کاتەدا بەچاوێکی بزی پرسیار ئامێزەوە چون چاودێریی شتێک بکات، لێی ڕوانی. دوای ئەوە زەکی بەگ هیچی بیر ناکەوێتەوە.

بەزەحمەت هەڵسا، گرپە گرپی توندی سەرێشەش هەراسانی کردبوو، بینی ئەبسەخرۆن بەتەنیشتیەوە وەستاوە، نیشانەی شپرزەیی پێوە دیار

بوو، بەپێ لەسەر داگرتنەوە بەگوێیدا دەچرپاند:

– قوربان شەکەتیت پێوە دیارە.. پزیشک بێنم؟

زەکی بەگ بەزەحمەت سەرە قورسەکەی ڕاوەشاند، ئەوپەڕی توانای خستە گەڕ تا بیری پەرش و بڵاوی کۆ بکاتەوە، بیری هاتەوە زۆر نووستووە، ویستی بزانێ سەعات چەندە، سەیری کاتژمێرە زێڕەکەی دەستی کرد، کەچی نەیدۆزییەوە، هەروەها جزدانەکەی کە لەسەر مێزەکەی تەنیشتییەوە دای نابوو، نەبینییەوە. ئێستا بۆی ڕوون بووەوە دزی لێ کراوە. پەیتا پەیتا زانی زیانەکانی چی و چی نین:

جگە لە کاتژمێرە ئاڵتوونییەکە و پێنجسەد جونەیە، کە لە جزدانەکەیدا بوون، زەکی بەگ تاخمێک پێنووسی زێڕی مارکەی "کرۆس" «بەقووتووەکەیەوە بەکار نەهێنرابوون»، هەروەها چاویلکەیەکی خۆری مارکەی "پیرسۆڵ".. لێ بەدبەختیی گەورە لە دزینی ئەنگوستیلە ئەڵماسەکەیدا بوو، کە هی دەولەت دسوقیی خوشکە گەورەی بوو:

– دزیم لێ کراوە ئەبسەخرۆن.. ڕەباب ڕووتانمییەوە.

بەم ئاوایە زەکی بەگ قسەی کرد، بەڕووتوقووتی لەسەر لێواری قەنەفەکەی، کە بەر لە تۆزێک لانکی خۆشەویستی بوو، دانیشت. لەو دەمەدا بەجلەکانی ژێریەوە و جەستە لەڕ و لاوازەکەی و دەمە کەلۆسە جوقاوەکەیەوە «هەر بۆ ئەوەی بتوانێت خۆشەویستەکەی ماچ بکات، تاخمە ددانەکەی داکەندبوو».. لە ئەکتەرێکی قۆشمەی کلۆڵی دەکرد لە نێوان دوو بڕگەدا وچان بدات.. سەری خستە بەینی هەردوو دەستییەوە و هەستی بەوپەڕی کلۆڵی دەکرد، ئەبسەخرۆن کە بەو ڕووداوە گەورەیە تێک چووبوو و شڵەژابوو، سەگ ئاسا وەکو سەگی بەستراوە بەدارشەقەکانی بەعەرزەکەیدا دەدا و بەهەموو لایەکدا بەناو ژوورەکەدا دەهات و دەچوو، پاشان بەسەر زەکی بەگدا نوشتایەوە و بەهەناسەبڕکێوە گوتی:

– قوربان.. خەبەری پۆلیس لەو دەڵەقۆڕە بدەین؟

زەکی قەیرێک بیری کردەوە، پاشان بەنیشانەی نارازیبوون سەری لەقاند و متەقی نەکرد، ئەبسەخرۆن زیاتر لێی نزیک بووەوە و بەگوێیدا چرپاند:

– قوربان.. دەبێ شتێکی پێ نەدابیت خواردبێتتەوە، یاخۆ شتێکی بەدەموچاوتدا کردبێت؟!

زەکی دسوقی ئاتاجی ئەم پرسیارە بوو، تاکو جامی تووڕەیی و جوێنبارانی بەسەر ئەبسەخرۆنی بەستەزماندا ببارێنێت. بەهەرحاڵ، لە کۆتاییدا هاریکاری کرد تاکو هەڵبسێت و جلەکانی لەبەر بکات، ئیتر بریاری ڕۆیشتنی دا.. بەتڵێکی شەو ڕاکشابوو، سەرجەم دوکانەکانی شەقامی سلێمان پاشا دایان خستبوو، زەکی قاچەکانی بەدوای خۆیدا بەکێش دەکردن، هێند سەری ژانی دەکرد و شەکەت و ماندوو بوو بەلادا دەهات، پەی دەر پەی ئەوپەڕی ڕق و کینە لە ناخیدا پەنگی خواردەوە.. بیری هاتەوە لە پێناوی ڕەبابدا چەندێک ماندووبوونی کێشا و پارەی کۆکردەوە، ئەی ئەو شتە بەنرخانەی لێی دزی؟ چۆن ئەم هەموو شتانە لەگەڵیدا ڕوو دەدەن؟ زەکی دسوقیی خانەدان، وێڵی دوای ئافرەت و دۆستی کچە میران، ئەوەتا سۆزانییەکی هیچوپووچ و ناچیزە تەفرەی دەدا و دزی لێ دەکات.. ڕەنگە ئێستا لەگەڵ دلبەرەکەیدا بێ چاویلکە پێرسۆڵەکە و پێنووسە ئاڵتوونییە مارکە کرۆسەکانی «کە هەرگیز بەکاری نەهێنان» پێشکێش بکات و بەو پیرە بێ مێشکە پێکەنن، کە شەقەکەی خوارد. ئەوی زیاتر دەهری کردبوو ئەوەبوو، کە ناتوانێت خەبەری پۆلیس بدات، نەکو ئابڕووی بچێت، بێگومان ئەوکات دەگاتەوە دەولەتی خوشکی. هەروەها ناشتوانێ بەدوای ڕەبابەوە بێت، یاخۆ لە باڕی کایرۆ کە لەوێ ئیش دەکات سکاڵای لە دەست بکات، چونکە بەدڵنیاییەوە ئەوە دەزانێت خودان باڕەکە و سەرجەم ئەوانەی لەوێ کار دەکەن، ئالوودەی تاوان و خاوەن پێشینەن، دووریش نییە ئەو

دزییە بۆ ئەوان کرابێت. لە گشت حاڵەتەکاندا ناکرێت شانبەشانی ئەم دژ بەرەباب بوەستنەوە، زۆریش ڕێی تێ دەچێت تێی هەڵبدەن، هەروەک بەخۆی بینی چی بەمیوانە گێرەشێوێنەکان دەکەن.

کەواتە هیچی لە بەردەمدا نەماوەتەوە ئەوە نەبێت سەرلەبەری ڕووداوەکە لەبیر بکات، چەندێک زەحمەت و ئازاربەخشە، لەسەر هەموویشییەوە ئەو خەمەی لە سۆنگەی دزینی ئەنگوستیلەکەی دەولەتی خوشکییەوە پێی لەسەر سینگی گیر کردووە. کەوتە سەرکۆنەکردنی خۆی: "هەینێ ئەنگوستیلەکەی لە پاپتــــازیانی زێڕینگەر لە دوای چاککردنەوەی وەرگـــــرت، بۆچی لە نووسینگەکەی هێشتییەوە و زوو بۆ ماڵەوەی نەبردەوە؟. باشە ئێستا چی بکات؟ ناتوانێت ئەنگوستیلەیەکی نوێ بکڕێت، ئەگەر توانیشی ئەوا دەولەت خشڵەکانی خۆی وەک منداڵەکانی دەناسێتەوە.."

لە هەموو شت زیاتر لەوە دەترسا ڕووبەڕووی دەولەتی خوشکی ببێتەوە. تەنانەت کاتێک گەیشتە نزیک ماڵ لە گوزەری بەهلەر بەنیگەرانی لە بەرابەر دەرکە وەستا و وای بەمێشکدا هات بچێت لای یەکێک لە برادەرەکانی بمێنێتەوە، خەریک بوو وابکات، لێ درەنگی کات و هەستکردنی بەشەکەتی وایان لێ کرد سەربکەوێت، ئیتر سەرکەوت.

***

– جەنابی بەگ لە کوێ بوویت؟

هەر هێندەی خۆی بەئەپارتمانەکەدا کرد دەولەت بەم قسەیە بەرەو ڕووی بووەوە، لە هۆڵەکەدا لەسەر قەنەفەکەی بەرابەر بەدەرکەکە چاوەڕێی دەکرد، ئەگریجە لوولدراوەکانی لە ڕەنگی بەڕوو ڕەنگ کردبوون، دەموچاوە چرچ و لۆچەکەشی بەسووراو و سپیاو داپۆشی بوو، جگەرەیەکی قونک ئاڵتوونیی بەگۆشەی دەمیەوە تەکە تەکی بوو، ڕۆبێکی شین جەستە ڕەقوتەقەکەی داپۆشیبوو، بابووجە شێوە کەروێشکییە سپییەکەی لە پێیەکانی

هەڵکێشابوون و بەدەرزیی تریکۆ پارچەیەک خوریی دەڕست، دەستەکانی زۆر بەخێرایی بێ وچان و ماندووبوون دەتگوت لە جەستەی جیا بوونەتەوە کاریان دەکرد، بەخدێی خۆی دەیتوانی جگەرە بکێشێ و تریکۆ بڕێسێت و قسانیش بکات.

– ئێوارەت باش.

زەکی دەمودەست وای گوت و هەوڵی دا یەکسەر بچێتە ژوورەکەیەوە، کەچی دەولەت هێرشی کردە سەری و بەڕوویدا قیژاند:

– تۆ چیت؟ لە ئوتێل دانیشتوویت؟ کوڕی باوکم تۆزێک ڕەوشتت هەبێت. ئەوە سێ سەعاتە من لە دەرگە و پەنجەرەوە چاوەڕێتم.. خەریک بوو پێوەندیی بەپۆلیسەوە بکەم.. وتم شتێکی بەسەردا هاتووە.. خوا بتگرێ، ئاخر من نەساغم. دەتەوێ بمکوژیت؟ خوایە بەزەییت پێمدا بێتەوە.. خوایە بمبەوە و ڕزگارم بکە.

ئەمە وەک دەسپێکێکی خێرا بوو بۆ دەمەقاڵەیەکی دوور و درێژ، دوور نییە هەتا بەیانی بەردەوام بێت، زەکی لەو دەمی بەپەلە هۆڵەکەی دەبڕی، گوتی:

– داوای لێبووردن دەکەم دەولەت. گەلێک شەکەت و ماندووم. دەچم دەنووم و پەنای خوای لەگەڵدا بێت سبەی هەموویت بۆ دەگێڕمەوە.

– شەکەت و ماندووی چیت بەخێر؟ لەو ئافرەتانەی وەک سەگ بەدەوریاندا دەخوولێیتەوە و بۆنیان پێوە دەکەیت؟ کورە پیرە لە خوا بترسە.. عومری پیرە مەڕێکت ماوە.. ئەگەر ڕووبەڕووی خوا ببیتەوە چی پێ دەڵێیت؟

لەگەڵ ئەم هاوارەی دواییدا، لە پشتەوە بەتوندی پاڵێکی بەزەکییەوە نا، لەترێکی برد، لێ هێزی کۆکردەوە و خۆی بەژوورەکەیدا کرد، هەرچەندە دەولەت سەرسەختانە بەرهەڵستیی کرد، کەچی ئەو توانی دەرگەکەی لەسەر دابخات و کلیلەکە بپەستێتە گیرفانیەوە.. دولەت دەیقیژاند و دەسکی دەرگەکەی ڕادەتەڵەقاند تا بیکاتەوە، لێ زەکی هەستی کرد ئەمجاریش

لەدەستی قوتاری بوو، لە دڵی خۆیدا گوتی، با هەر بقیژێنێت، هێندە نابات شلوکوت دەبێ و ملی دەشکێنێت. پاشان هەر بەجلەکانیەوە لەسەر قەرەوێڵەکەی ڕاکشا. هیلاک و خەمبار بوو، ڕووداوەکانی ئەمڕۆی بیر خۆی دەهێنانەوە، بەفرەنسی بڵمەبڵمێکی کرد:

– چ ڕۆژێکی پڕ لە بەدبەختییە.

پاشان بیری لە دەولەت کردەوە و لە خۆی پرسی:

– چۆن ئەو خوشکە شیرینەی گۆڕا بەم پیرە ئێسکقورسە دڕندەیە؟

خوشکەکەی تەنیا سێ ساڵ لەم گەورەتر بوو، تا ئێستاش لە بیریەتی چەند کچێکی ناسک و نەشمیل بوو، جلی قوتابخانەی "ئەلمێر دۆدیۆ" ی بەڕەنگی زەرد و خەنەییەوە لەبەر دەکرد، هەندێک کۆپلەی هۆنراوەکانی لاڤۆنتین، کە لەبارەی ئاژەڵەوە بوون، ئەزبەر کردبوون، لە ئێوارە هاوینییەکانیشدا لە هۆڵی ماڵە کۆنەکەیاندا لە زەمالک «ئەوەبوو پاشا دوای شۆڕش فرۆشتی» پیانۆی دەژەند.. هێند بەدڵگیری دەیژەند خاتوو شدیدی مامۆستای فێرگەی میوزیک قسەی لەگەڵ پاشادا کرد، تا بۆ پێشبڕکێی نێودەوڵەتیی ئارەزوومەندان لە پاریس بینێرێت، لێ پاشا ئەوەی ڕەت کردەوە.

دەولەت شووی بەیوزباشیی فڕۆکەوان حەسەن شەوکەت کرد و کچ و کوڕێکی لێ بوو "هانی و دنیا"، پاشان شۆڕش هەڵگیرسا و شەوکەت لە سۆنگەی پێوەندیی توندوتۆڵی بەبنەماڵەی پاشاوە خانەنشین کرا، زۆری پێ نەچوو لە ناکاو مرد و هێشتا چل و پێنج ساڵیی تەواو نەکردبوو، دوای ئەوە دەولەت دوو شووی تری کردەوە و منداڵی نەبوو. دوو شووی سەرنەکەوتوو، تەنیا دەردیسەری و تووڕەیی و جگەرەکێشانیان بۆ جێ هێشت، پاشان کچەکەی پێگەیی، شووی کرد و چوو بۆ کەنەدا.

هەینێ کوڕەکەی کۆلێجی پزیشکیی تەواو کرد، دەولەت لەجەنگێکی

بەردەوامـدا بوو لەگەڵیدا تا بەر بـەکۆچکردنی بگرێت، گریا و هاتوهاواری کرد و لـە گشت خـزمـەکـانی پاڕایەوە تا قـایلی بکەن لەگـەڵیـدا بمێنێتـەوە، کەچی پزیشکی لاو «وەکو زۆربەی ڕۆڵەکانی نەوەکەی» تا ڕادەی بێ ئومـێدی لە مـیـسـر بێـزار بوو، بۆیە بڕیاری کـۆچکردنی دا و داوای لە دایکـی کـرد لەگەڵیا بچێت، کەچی ڕەتی کردەوە و بەتەنیا مایەوە.

پاشـان ئەپارتمانەکـەی گـاردن سـتـیی بەکـرێ دا و چوو لای زەکی لە ناوەڕاستی شاردا دابنیشێت.. ئیتر هەر لە یەکەمین ڕۆژەوە ئەم دووانە چون باوەکوشتـەی یەکدی بن، لە ڕکەبەرایەتی و بەگژ یەکدا چوونەوەی یەکتری نەوەستان.

زەکی لەگەڵ سـەربەخۆیی و ئازادیدا ڕاهاتبوو، زۆری بەلاوە زەحـمـەت بوو یەکێکی تر هاوبەشیی ژیانی بکات:

ناچار بێت پابەندی کاتی نووستن و نـانخـواردن بێت، پێشـەکی بەدەولەت ڕابگەیەنێت ئەگەر نیـازی بوو درەنگ بێتـەوە.. بوونی ئەو ڕێی لە سـەردانی دەنکەکـانی لـە مـاڵەکـەی خـۆیدا دەگـرت، ئەوی زیاتر دڵتـەنگی کـردبوو خۆهەڵقورتاندنی بوو لە ورد و درشتی ژیانی و هەوڵی بەردەوامی بۆ زاڵبوون بەسەریدا.

دەولەتیش بەدەست تـەنیـایی و کـڵـۆڵیـیـەوە گـیـرۆدە بوو، زۆری خـەم دەخـــوارد، کــە بـێ ســـوود و دەسـکەوت ژیـانی دوایی دێت، دوای ئـەوەی لە شـووکردنەکەیدا شکستی خوارد، منداڵەکـانی لە پیریێتی جێـیـان هێشت، ئەوی زیاتر تەنگەتـاوی کـردبوو زەکی بـوو، ئەو هـەرچەنـدە پێی لەســەر گـۆڕ بوو، ئینجاش خۆی بەپیر نەدەخوێندەوە.. تا نووکە بۆن لە خۆی دەدات و ناز و فیز دەکا و دەکەوێتە دووی ئافرەت. دەبینێت لە بەرابەر ئاوێنەدا بەپێکەنین و مزەمزەوە خەریکی خۆیەتی، یاخۆ تێبینیی ئەوە دەکات دڵخـۆشە و زەوقی هەیە، ئیـتـر ئەم پیش دەخـواتەوە و ئۆقـرە ناگرێت، شـەڕی پێ دەفـرۆشـێ و

پێیدا هەڵدەشاخێ، شالاوی دەبردە سەر ڕابواردن و خەیاڵ پلاوییەکانی، ئەمەش نەک بەمەبەستی چاکەکردن، بەڵکو هەڵکوتانی بەم شێوەیەی بۆ سەر ژیان لەگەڵ ئەو بێ ئومێدییەی ئەم هەستی پێ دەکات، ناگونجێت. خەشم و قینی لە بەرابەر زەکیدا لە تووڕەیی پرسەداره خەمبارەکانی دەکرد بۆ گیان پیاوێک لە ماتەمینیدا لە قاقای پێکەنین بدات. هەروەها لە نێوان ئەو دوو پیرەدا هەموو ئەو شتانەش کە پیری لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت، وەک وەڕسی و بێ ئارامی و شـــپـــرزەیی، جگە لەو ئاڵۆزییـــەی لە نزیکبـــوونەوەی زیاد لە پێویستی نێوان دوو کەسدا دروست دەبێت:

یەکیان لە گەرماو بێت و دەرنەچێت، ئەوی تریش بیەوێ خۆی بشوات، یەکیان دەموچاوی تورشاوی ئەوی تر ببینێت کاتێک لە خەو هەڵدەستێت، یەکیان حەز بەبێدەنگی بکات و ئەوی تریش حەزی بەقسە بێت. تەنیا بوونی بەردەوامی یەکێکی تر شەو و ڕۆژ لێت جیا نەبێتەوە، تەماشات بکات و خۆی هەڵقورتێنێتە ئیشتەوە و بەو قسانەتدا بچێتەوە، کە دەیانڵێیت و لەگەڵتدا دابنیشێت نان بخوات و جیرەی ددانەکانی لە کاتی جاویندا پەستت بکەن، تەنانەت تەقەی کەوچکەکەی لە بەرکەوتنی بەقاپەکەدا تەواو بێزارت بکات.

زەکی بەگ دسوقی لەسەر جێگەکەی هەلایژابوو و شریتی ڕووداوەکانی بەمێشکدا تێپەڕ دەبوو، وردە وردە خەوەنوتکە دایگرت، لێ ڕۆژە شوومەکەی کۆتایی پێ نەهاتبوو.

لە نێوان خەون و بێداریدا بوو، گوێی لە جیرەی کلیلە یەدەکەکە بوو، کە دەولەت دەیزانی چۆنی بدۆزێتەوە، دەرگەکەی کردەوە و لێی نزیک بووەوە، لە تووڕەییياندا چاوی چووە پشتی سەری، هێند شڵەژابوو بەهەناسەبڕکێوە گوتی:

– ئەنگوستیلەکە لەکوێیە زەکی؟

***

جەنابی سەرۆک،بەم شێوەیە دەبینن کوڕی خۆتان، تەها محەمەد شازلی، بەدەستی جەنابی لیوای سەرۆک لیژنەی تاقیکردنەوە لە کۆلێجی پۆلیس، ستەمم لێ کراوە و مافم خوراوە.. پەیامبەری خوا دروودی یەزدانی لەسەر بێت لە حەدیسێکدا دەفەرموێت:

"ئەو گەلانەی رابردوو سەرپاکیان لەناوچوون، ئەگەر پیاوێکی گەورە دزی بکردایا، ئەوا چاویان لێ دەپۆشی، لێ ئەگەر هەژارێک بیکردایا لە داریان دەدا. بەو خوایە ئەگەر دەسپیسی لە فاتمەی کچیشم ببینم چاوپۆشی لێ ناکەم و دەستی دەبڕمەوە".

.. پێغەمبەر ڕاستی فەرمووە.

جەنابی سەرۆک..

زۆرم ڕەنج کێشا و ماندوو بووم، تاکو لە بەشی شەشی وێژەیی ڕێژەی ٨٩م بەدەست هێنا، هەروەها بەپشتیوانیی یەزدانی مەزن توانیم لە گشت تاقیکردنەوەکانی وەرگرتن لە کۆلێجی پۆلیس سەرکەوتن بەدەست بهێنم.. جەنابی سەرۆک داخۆ ڕەوایە هەر لەبەرئەوەی باوکم کابرایەکی مەرد و هەژارە و کاری دەرگەوانی دەکات لە کۆلێجی پۆلیس بێبەری بکرێم؟

جەنابی سەرۆک، ئەی دەرگەوانی کارێکی ئابڕوومەندانە نییە، گشت کارێکی ئابڕوومەندانەش مایەی ڕێز نییە؟!

تکاکارم لە جەنابتان بەچاوی باوکێکی دڵسۆزەوە، کە هەرگیز قایل نابێت یەکێک لە ڕۆڵەکانی ستەمی لێ بکرێت، چاوێک بەم سکالایەمدا بخشێنن..

جەنابی سەرۆک دوارۆژی من لەسەر بڕیارێکی جەنابتان وەستاوە، منیش بەپشتیوانی یەزدانی مەزن لە ئاوڕدانەوەی پڕ لە بەخشندەتان دڵنیام.

خوا پایەدارتان بکات بۆ ئیسلام و موسڵمانان.

کوڕی دڵسۆزتان

تەها محەمەد شازلی

ژمارەی ناسنامە ١٩٥٧٨ قەسرلنیل

ناوونیشان: باڵەخانەی یاقوبیان ٣٤ شەقامی تەڵعەت حەرب– قاهیرە

***

چون سەرکردەیەکی براوەی جەنگ بێت و بەکەژاوەی سەرکەوتنەوە بێتە ناو ئەو شارەی دوای کوشتوکوشتارێکی زۆر دەستی بەسەردا گرت. مەلاک بەدڵێکی خۆشەوە لە سەربانی باڵەخانەکە بەدەرکەوت، تاکو ژوورە تازەکەی وەربگرێت، قاتە خۆماڵییە شینەکەی بۆ بۆنەکانی هەڵگرتبوو لەبەر کردبوو، فیتەیەکی درێژی بەملیدا شۆڕ کردبووەوە، بەلای ئەوەوە وەک «پلەیەکی سەربازیی ئەفسەر و بیستەکی پزیشکیی وابوو» نیشانەیەکی جیاکەرەوەی پیشەی بەرگدروویی بوو، ئەو بەیانییە کۆمەڵێک کرێکاری بۆ ئامادەکردنی ژوورەکە لەگەڵ خۆیدا هێنابوو:

ئاسنگەر و کارەباچی و بۆریچی و چەند مێرمنداڵێک بۆ بەردەستی..

وەستا مەلاک لەژێر لێوەوە نوێژی سوپاسگوزاری بۆ مریەم و یەسوعی دڵسۆز کرد، پاشان دەستی برد تا بۆ یەکەمین جار ژوورەکە بکاتەوە، بۆنی بۆگەنییەکی پیسی لێ دەهات، چونکە ساڵێکی ڕەبەق لەو کاتی عەتییەی ڕۆژنامەفرۆش مردبوو داخراوە.

«مەلاک هەندێک شتومەکی ئەوی بینی، فەرمانی بەمێرمنداڵەکان دا لە کارتۆنێکی گەورەدا کۆی بکەنەوە».

ئێستا.. مەلاک لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا ڕاوەستاوە، پەنجەرەکەی کردووەتەوە و تیشکی ڕۆژ ژوورەکەی گرتووەتەوە، بەدووروودرێژی و بەوردی ڕێنوێنیی بۆ کرێکارەکان دەردەکات تا چی بکەن، جارناجارێکیش یەکێک لە دانیشتوانی سەربان دەوەستێ و بەلاپرەسەنییەوە سەر دەردەکات تا بزانێت چ دەکەن. هەندێکیان کەمێک دیقەت دەدەن و دەڕۆن، هەندێکی تریشیان پیرۆزبایی ژوورە تازەکە لە مەلاک دەکەن و بەهیوای خۆشگوزەرانی تەوقەی

لەگەڵدا دەکەن، هەڵبەت هەموو دانیشتوانی سەربان ئاوا دڵنەرم نین، دوای کەمتر لە نیو سەعات هەواڵەکە بەسەرباندا بڵاو بووەوە، هێندەی نەبرد دوو کەس، کە کەمترین خۆشحاڵییان بەهاتنی کرێچیی تازە پێوە دیار نەبوو، بەدەرکەوتن:

مامۆستا حامد حەواس و عەلی شوفێر.. یەکەمیان فەرمانبەرە لە دەستەی نەتەوەیی خەرجیی تەندروستی، بەڕێوەبەرەکەی لێی تووڕە بوو و لە مەنسوورەوە، کە ماڵی لێی بوو بۆ قاهیرەی گواستەوە، ژوورێکی لە سەربان گرت بەتاقی تەنێ خۆی تێیدا دەژیا، وا زیاد لە ساڵێکە بێهودە خەریکە تا گواستنەوە نارەواکەی هەڵوەشێنێتەوە و بگەڕێتەوە شارەکەی خۆی، مامۆستا حامد حەواس یەکێکە لە گەورەترین سکاڵانووسە فەرمییەکان، چێژێکی گەورە لە هەڵبژاردنی بابەتی سکاڵا و داڕشتنەوە ڕەوانبێژییەکەیدا دەبینێت، پاشان بەخەتێکی ڕێک و ئاسان خوێندنەوە دەینووسێت و تا کۆتاییش چەندێک زەحمەتی بێتە ڕێ بەدواداچوونی بۆ دەکات، چونکە بەشێوەیەک لە شێوەکان خۆی بەلێپرسراوی دروست ڕاپەڕاندن لە گشت بوارەکاندا لە هەر شوێنێکدا لێی نیشتەجێ بێت، یاخۆ پێیدا گوزەر بکات، دادەنێت. هەمیشەش ئەو کاتەی بەدەستەوەیە ڕۆژانە سەر لە بەڕێوەبەری گەڕەک و پارێزگە و پۆلیس بدات، بەپێداگری و وردئاگاییەوە بەدواداچوون دژ بەو دەستفرۆشانەی لەسەر شەقامەکەدا دوور لە شوێنی نیشتەجێی دەوەستن سکاڵاکەی پێشکێش دەکات، لێ بەئەرکی خۆی دەزانێت بێ ماندووبوون و کۆڵنەدان سکاڵا لە دوای سکاڵا لەسەر ئەم لە یاسا دەرچووانە بنووسێت، تاکو لە کۆتاییدا پۆلیس بجووڵێنێ بیانگرن و دەست بەسەر شتومەکەکانیاندا بگرن. ئیتر مامۆستا حامد لە دوورەوە چاوی لەو دیمەنە دەبێ و هەست بەئاسوودەیی دەکات، کە ئەرکەکەی بێ درێغی بەجێ هێناوە و ناتەواویی تێدا نییە.

هەرچی عەلی شوفێرە ئەوا مەیخۆرێکی بەربادە، پەنجای تێپەڕاندووە و هێشتا بوخچەی نەکراوەیە، وەکو لێخوڕ لە کۆمپانیای دەرمان کار دەکات،

ڕۆژانە هەر کە دەست لە کار بەردەدات، یەکسەر ڕوو لە مەیخانەی عەڕابی لە تەوفیقیە دەکات، لەوێ نانەکەی دەخوات و ئیتر تا درەنگانێ دەخواتەوە. تەنیایی و خراپیی جۆری خواردنەوەکەی کاریان لێ کردبوو و کردبوویانە کەسێکی دوورەپەرێزی چاونەترسی وا هەندێک جار بەدوای شەڕدا دەگەڕا، تاکو وزە دوژمنکارانەکەی تێدا خاڵی بکاتەوە.

مامۆستا حامد حەواس لە مەلاک نزیک بووەوە و سڵاوێکی لێ کرد، پاشان بەوپەڕی ڕێزەوە لەگەڵیدا دوا:

– ئەرێ برا سەبارەت بەم ژوورە هیچ گرێبەستێکت پێیە ئەو مافەت لە خاوەن ماڵەوە بداتێ، کە وەک شوێنی بازرگانی بەکاری بهێنیت؟

– بێگومان گرێبەستم پێیە.

مەلاک بەگەرمییەوە وەڵامی داوە، پاشان لە جانتا چەرمییە بچووکەکەیدا وێنەیەکی گرێبەستەکەی دەرهێنا، کە لەگەڵ فیکری عەبدولشەهیددا ئیمزای کردبوو، حامد کاغەزەکەی لێ وەرگرت، چاویلکە پزیشکییەکەی لەسەر چاوی دانا و بەوردی سەیری کرد، ئینجا گرێبەستەکەی گەڕاندەوە بۆ مەلاک و بەنەرمییەوە گوتی:

– گرێبەستەکە بەم شێوەیە بەتاڵە..

– بەتاڵە؟

مەلاک بەشپرزەییەوە ئاوای وەڵام دایەوە.

– بێگومان بەتاڵە.. بەپێی یاسا سەربان بۆ سوود و قازانجی گشت دانیشتوانەکەیەتی و ناکرێت سوودی گشتی بۆ مەبەستێکی بازرگانی بەکرێ بدرێت.

مەلاک لەو قسەیە تێ نەگەیشت، بەتووڕەییەوە چاوی بڕییە مامۆستا حامد، کە بەبڕوا بەخۆ بوونەوە درێژەی پێ دا:

– ئەمە بۆ دادگا زیاد لە حوکمێکی تێدایە کە هەڵی بووەشێنێتەوە،

مەسەلەکەش تەواو بووە.. ئیتر گرێبەستەکە هەڵوەشاوەیە و تۆش مافی ئەوەت نییە ژوورەکە بەکار بهێنیت.

– باشە ئەی ئەوە نییە ئێوە هەمووتان لە سەربان نیشتەجێ بوونە.. ئەی من بۆ نا؟

– ئێمە بەمەبەستی نیشتەجێ بوون ژوورەکانمان گرتووە، ئەمەش شتێکی یاساییە. هەرچی تۆیت ژوورەکەت بەمەبەستی بازرگانی گرتووە، ئەمەش نایاساییە و هەرگیز ڕێی پێ نادەین.

– باشە. برۆ سکاڵا لە خاوەن ژوورەکە بکە، چونکە ئەو گرێبەستەکەی پێ داوم.

– بێگومان نا.. یاسا هەر لە بنەڕەتەوە ڕێگەی ئەوەت پێ نادات ژوورەکە بەکار بهێنێت.. ئێمەش بەو پێیەی کەسانی زەرەرمەندین، دەبێ ڕێگەت لێ بگرین.

– ئەمە مانای چییە؟

– مانای ئەوەیە ترۆتفاقت بپێچیتەوە و بڕۆیت باشترە.

عەلی شوفێر بەدەنگە گڕەکەیەوە وای گوت و بەبەرەنگاربوونەوەوە چاوی تێ بڕی، دەستی خستە سەر شانی و بەهەڕەشەیەکی بەرچاوەوە گوتی:

– گوێ بگرە کاپتن.. ئەم سەربانە شوێنی خێزانە بەناموسەکانە، نابێت بەم دوا دواییە بێیت و دوکانێک بکەیتەوە کرێکار و کڕیاران کاتێک دێن و دەچن چاو ببڕنە ئافرەتەکانمان. تێگەیشتیت یان نا؟

مەلاک لە کاتێکدا هەستی بەمەترسیی هەڵوێستەکە کرد دەمودەست بەرسڤی داوە:

– گەورەم، سوپاس بۆ خوا سەرجەم کرێکارەکانم بەڕەوشتن و کەسانی تێگەیشتوون، پاشان دانیشتوانی سەربان و ئافرەتەکانیشیان لەسەر سەرم دادەنێم.

– گوێ بگرە.. قسەی زۆرم ناوێت، ترِوتفاقت بپێچەوە و ناوی خوای لێ بێنە.

– چییە، چی ڕووی داوە؟! کەربازاڕییە چییە؟!

– بەڵێ کەربازاڕییە قوربان.

عەلی شوفێر لەودەمی وای گوت یەخەی مەلاکی ڕاکێشا و شەپازلەیەکی بەبناگوێیدا سرەواند، ئەمەش بانگەشەیەک بوو بۆ شەڕکردن.. بەئاسانی و بەتەواوی توانـاوە ئامادەیی شەڕی تێدا بوو، وەک ئەوەی کارێکی ڕۆتینیی ساکار بکات، یاخۆ یارییەک بکات خۆی حەزی پێی بێت:

دەستپێک کەللەیەکی توندی بەدەموچاوی مەلاکدا کێشا، پاشان دوو مستی دا بەناو زگیدا، سێیەمیشی بە لووتیدا کێشا، خوێن بەکەپوویدا هاتە خوارێ. مەلاک ویستی بەرگری بکات، بۆکسێکی بەدرۆی لە دەموچاوی ناحەزەکەی گرت، بۆش ڕۆیی و بەری نەکەوت، پاشان لەو دەمی درابووە بەر شەق و مشتەکۆڵە هاواری لێ هەستا و بووە ژاوەژاو و غەڵبەغەڵب، کرێکارەکان لە ترسی ئەوەی تووشی کێشە نەیەن، هەڵاتن. لە گشت لاوە خەڵک هاتن تەماشایان دەکرد، لە هیکرِا ئەبسەخرۆن لە سەربان پەیدا بوو، کەوتە باوکەڕۆ و واوەیلێ و پەنا بۆ هێنان، شەڕەکە بەردەوام بوو تا عەلی شوفێر مەلاکی دەرکردە دەرەوەی ژوورەکە، مامۆستا حامد حەواسیش هەر زوو خۆی دزییەوە و چوو لە تەلەفۆنی کوشکی جگەرەفرۆشەکەی بەرابەر باڵەخانەکەوە بانگی پۆلیسی فریاکەوتنی کرد، هەندەی پێ نەچوو ئەفسەرێکی پۆلیسی لاو و چەند سەرباز و ئاسایشێک هاتن و هەموو شەڕکەرەکانیان دەستگیر کرد:

مەلاک و شاگردەکانی، هەروەها ئەبسەخرۆن و عەلی شوفێر، هەرچی حامد حەواس بوو لە ئەفسەرەکە نزیک بووەوە و بەنەرمی سڵاوێکی لێ کرد، پاشان گوتی:

– گەورەم جەنابت یاسات خوێندووە، ئەو برایەش "ئاماژەی بۆ مەلاک کرد" دەیەوێت دوکانێکی بازرگانیی لە سەربان بکاتەوە. سەربانیش هەمووان سوودی لێ دەبینن بۆیە نابێت بۆ بازرگانی بەکار بهێنرێت، جەنابیشتان باش دەزانن ئەمە تاوانێکە و گونجاندنی بەپێی یاسا دەستدرێژیکردنە و سزاکەی حەپسکردنە، ڕەنگە سێ ساڵێک ببات.

– تۆ پارێزەریت؟!!

ئەفسەرەکە بەم شێوەیە پرسیاری لە مامۆستا حامد کرد، ئەویش بەبڕوا بەخۆبوونێکەوە وەڵامی دایەوە:

– گەورەم من حامد حەواسم، جێگری بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتیی بەدواداچوونم لە دەستەی نەتەوەیی خەرجیی تەندروستی لقی مەنسوورە. هەروەها من یەکێک لە زیان لێکەوتووەکانم لە بەرژەوەندیی گشتیی سەربانەکەدا مافم خوراوە.. باشە جەنابی بەگ خاوەن ماڵ چۆن سەربان بۆ مەبەستی بازرگانی بەکرێ دەدات؟!! ئەمە دەستدرێژیکردنێکی بەرچاوە بۆ سەر بەرژەوەندیی گشتیی دانیشتوانەکە.. دەشێ دوای ئەوە ئاسانسەر و بەردەرکی باڵەخانەکەش بەکرێ بدات!! وڵات بێ خاوەنە، چییە؟! نا.

مامۆستا حامد بەم شێوە نمایشکردنەوە تەماشای خەڵکە ئاپۆرا بەستووەکەی کرد، تا هانیان بدات، قسەکانی کاریگەرییان لەسەریان جێ هێشت و بەناڕەزاییەوە پرتە و بۆڵەیان دەربڕی و سەرسوڕمان بەڕووی ئەفسەری لاوەوە دیار بوو، هەندێک تێفکری، پاشان بەجاڕسییەوە گوتی:

– چاکە، دەی هەمووتان پێشم بکەون بۆ پۆلیسخانە.

***

دوکتۆر حەسەن ڕەشید یەکێک لە ناودارانی یاسایە لە میسر و لە جیهانی عەرەبیدا، لە شێوەی تەها حوسێن و عەلی بەدەوی و زەکی نەجیب مەحموود و ئەوانی تر. هەروەها یەکێک لەو ڕووناکبیرە گەورانەی ساڵانی

چلەکـانە، کـە خـوێندنی باڵایان لە ڕۆژئاوا تەواو کـرد و گـەڕانەوە بۆ وڵاتەکـەیان، تا ئەوەی لەوێ فـێری بوونە مـوو بەمـوو وەکـو خـۆی لـە زانکۆ میسرییەکاندا پراکتیزەی بکەن. لەچاو ئەمانەوە بەگشت ئاکارێکی ئەرێنی و نەرێنییەوە "پێشکەوتن" و "ڕۆژئاوا" دوو زاراوە بوون یەک واتایان دەگەیاند، لای هەموویان جۆرە بەپیرۆزکردنێک بۆ بەها مەزنە ڕۆژئاواییەکان هەبوو:

دیموکراسی و ئازادی و دادپەروەری و کاری جدی و یەکسانی، هەروەها پشتگوێ خستنێکیان بۆ کەلەپووری نەتەوە و ڕق لێبوونەوە لە داوونەریت هەبوو، گوایا کۆت و بەندن و بەرەو دواکەوتن ڕاپێچمان دەکات، بۆیە ئەرکی ئێمە ئەوەیە لێی قوتار بین، تاکو ڕێنیسانس بەدەست دەهێنین.

دوکتۆر ڕەشید لە کاتی خوێندنیدا لە پاریس "جانێت"ی کیژە فرەنسیی ناسی، خۆشیویست و لەگەڵ خۆیدا هێنای بۆ میسر، خواستی و تاقە کوڕێکی "حاتەم" لێ بوو. ئەو خێزانە بەدڵ و بەگیان ڕۆژئاواییانە ژیان، حاتەم بیری نایەت ڕۆژێک دوکتۆر ڕەشیدی بابی سەری لەسەر بەرماڵ دانابێت، یاخۆ ڕۆژووی گرتبێت، پاپ لە لێوی نەدەبووەوە و شەرابی فرەنسییش هەمیشە لەسەر مێزەکەی بوو، ئەو کاسێتی گۆرانییانەی لە فرەنسا دەردەچوون لە ماڵی ئەمان دەوترانەوە، بەزۆرییش لە ماڵەوە بەفرەنسی دەدوان، لەسەر شێوازی ڕۆژئاواییەکان گشت شتێک لە ژیانی خێزانەکەدا بەپێی بنەمای کات و نەخشەدانان بەڕێوە دەچوو، تەنانەت بینینی برادەران و خزمان و وتاری تایبەت نووسین.

دوکتۆر ڕەشید حەفتانە سەعاتی دیارکراوی بۆ دادەنا، پیاو حەق بڵێت وێڕای توانا عەقڵییە گەورەکەی وزەیەکی بێ پایانی لەسەر ئیشکردنی بەردەوام هەبوو، لە ماوەی بیست ساڵدا قەڵەمبازێکی گەورەی لە بواری کۆڵینەوە لە یاسای شارستانیی میسریدا بەدەست هێنا. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەستێرەی لە درەوشانەوەدا بوو، تاکو بووە ڕاگری کۆلێجی یاسا لە زانکۆی

قاهیره، دواتر کۆمەڵەی یاسایی نێودەوڵەتی لە پاریس وەکو دیارترین سەد یاساناس لە جیهاندا هەڵیان بژارد.

لەبەرئەوەی بەردەوام لە وانەبێژی و توێژینەوەکانیدا نقوم بووبوو و کاری جانێتی ژنیشی وەرگێڕان بوو لە باڵیۆزخانەی فرەنسی، حاتەمی کوڕیان منداڵیی بەخەمباری و تەنیایی بردە سەر، تەنانەت بەپێچەوانەی گشت منداڵانەوە حەزی لە ڕۆژانی قوتابخانە بوو و ڕقی لە پشووی درێژی هاوین دەبووەوە، چونکە بەتەنیایی و بەبێ هاوەڵ و گەمەکردن دەیبردە سەر، وێڕای ئەو تەنیاییە کوشندەیەش هەستی بەنامۆیی و بیرئاڵۆزی دەکرد.. حاتەمی چکۆڵە زۆری کاتی خۆی لەگەڵ خزمەتکارەکاندا دەبردە سەر، گەلێک جاریش دایک و بابی (کە هەمیشە سەرقاڵ بوون) لەگەڵ یەکێک لە خزمەتکارەکاندا بۆ یانەی جەزیرە، یاخۆ بۆ سینەمایان دەنارد.

لە نێوان ئەو هەموو نۆکەرانەدا حاتەمی چکۆڵە ئیدریسی خوانچی، بەجلوبەرگە پانوپۆڕە سپییەکەی و قایشە سوورە پانەکەی و کڵاوە درێژەکەی و قەدوباڵای کەڵەگەت و جەستەی باریک و بەهێزی، بە قۆزی و دەموچاوی ڕەشتاڵە و چاوە بریسکەدارە ژێری نوێنەکانییەوە و زەردەخەنە رووناکی بەخشەکەی، کە ددانە سپییە ڕێکەکانی لەگەڵیدا بەدەر دەکەوتن، بەدڵدا چوو بوو. ئیدریس وا ڕاهاتبوو لەگەڵ حاتەمدا لە ژووره گەورەکەی دەیروانییە سەر شەقامی سلێمان پاشا، دابنیشێت، گەمەی لەگەڵدا بکات و حەکایەتی ئاژەڵانی بۆ دەگێڕایەوە و گۆرانیی جوانی نووبیی بۆ دەچڕی و ماناکانی بۆ ڕوون دەکردەوە، ئیدریس ئەو کاتی باسی دایک و براکانی و گوندەکەی بۆ دەکرد، کە بەمنداڵی ئەویان لێیان دوور خستووەتەوە، هەتا لە ماڵان نۆکەری بکات، دەنگی هەڵدەچوو و فرمێسک دەزانە چاوانییەوە.

حاتەم: ئیدریسی بەدڵدا چوو و پێوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوانیاندا دروست بوو، تا وای لێ هات ڕۆژانە چەندین سەعاتیان پێکەوە دەبردەسەر.

هەینێ ئیدریس دەموچاو و ملی حاتەمی ماچ دەکرد و بەگوێیدا دەچرپاند "تۆ جوانیت.. خۆشم دەوێیت" حاتەم هەستی بەسڵەمینەوە، یاخۆ بەترس و بیم نەدەکرد، بەڵکو ئەو هەناسە گەرمەی هاوەڵەکەی، کە بەر جەستەی دەکەوت، بەشێوەیەکی پەنهان دەیورووژاند. ماچومووچ لە نێوانیاندا بەردەوام بوو، تا ڕۆژێکیان ئیدریس داوای لێ کرد جلەکانی دابکەنێت، ئەو کات حاتەم نۆ ساڵی تەمەن بوو، شەرم و شڵەژان دایان گرت، لێ لە کۆتاییدا بۆ پێ لەسەر داگرتنی هاوەڵەکەی شل بوو، کە جەستە سپییە لووسەکەی بەڕادەیەک وروژاندبووی لە دەریای چێژدا هەناسەی هەڵدەلووشی و بەنووبی قسەی ناحاڵیی بەگوێدا دەچرپاند، وێڕای ئارەزووی بەتینی ئیدریس، بەهێواشی و بەئاگەدارییەوە کردی بەلەشی حاتەمدا و داوای لێ کرد ئەگەر کەمترین ئێشی هەبوو پێی بڵێت، ئەم شێوازەی لەگەڵیدا پەیڕەوی کرد سەرکەوتنی بەدەست هێنا، تەنانەت کە ئێستا حاتەم یەکەمین جاری لەگەڵ ئیدریسدا بیر خۆی دێنێتەوە ئەو هەستە نامۆیە بەیەکداچووە دای دەگرێت، کە ئەو کات بۆ یەکەمین جار هەستی پێ کرد، لێ هەرگیز بیری نایەت ئازاری پێ گەیبێت، دوای ئەوەی ئیدریس ڕژاندی حاتەمی بۆ لای خۆی وەرسووڕاند و بەگەرمی لێوی ماچ کرد، پاشان لە چاوانی ڕوانی و بەچرپەوە پێی گوت:

– من بۆیە ئەمەم کرد، چونکە خۆشم دەوێیت. ئەگەر تۆش منت خۆش دەوێت نەکەی ئەوی ڕووی دا بۆ کەسی باس بکەیت. ئەگەر پێیان بڵێیت ئەوا دارکاریت دەکەن و منیش دەردەکەن، دووریش نییە بابت بمخاتە زیندانەوە، یاخۆ بمکوژێت، ئیتر هەرگیز نامبینیتەوە.

پێوەندیی حاتەم بەئیدریسەوە چەندین ساڵی خایاند، تا لە پڕ دوکتۆر ڕەشید لە شەکەتیدا لە کارەکەی مێشکی تەقی، ئیتر ژنەکەی ناچار بوو تا دەست بەخەرجییەوە بگرێت زۆرێک لە خزمەتکارەکان دەرکات. ئیدریس ماڵی جێ هێشت و کەس هەواڵی نەزانی، دووریەکەی بەڕادەیەک کاری لە

دەروونی حاتەم کرد، ئەو ساڵە لە دواناوەندی نمرەی زۆر کەمی بەدەست هێنا، ئیتر نوقمی ژیانی نەسرۆیی بوو. ئەوا بۆ دوو ساڵ دەچێت دایکی کۆچی دوایی کردووە و ئیتر بۆ یەکجاری لە دوا کۆت لەسەر لەزەتەکانی ڕزگار بوو، دەرامەتێکی وای بۆ مایەوە ژیانی ئاسوودە بکات «جگە لە مووچە ماقووڵەکەی لە ڕۆژنامەکەوە» ئەپارتمانە گەورەکەی لە باڵەخانەی یاقوبیان تازە کردەوە، تا لەو سیما کلاسیکییەی ڕزگاری بکات، لە خەڵوەتگەی هونەرمەندێکی بۆهیمییەوە نزیکتر بوو وەک لەماڵی خێزانێکی سەقامگیر، ئێستا بەکەیفی دڵی خۆی دەتوانێت بۆ چەند ڕۆژێک، هەندێک جار بۆ چەند مانگێک لە جێیەکەیدا میوانداریی دۆستەکانی بکات.

حاتەم پیاوانێکی زۆری ناسی و بەهۆی جیاجیاوە لێیان دوور کەوتەوە، وەلێ ئالۆشییە شاراوە پڕ لە گوناهەکانی هەمیشە پێوەند بوون بەئیدریسی خوانچییەوە، چون پیاو لە ئافرەتدا لە وێنەی یەکەمین ئەوینی دەگەڕێت، کە بۆ یەکەمین جار لەگەڵیدا لەزەتی گۆڕییەوە، حاتەمیش لە هەموو پیاواندا منەی ئیدریس دەکات، ئەو نێرە سەرەتاییە بەهێزەی سەرەڕای ڕەقی و دڕندەیی و ملهوڕییەکەی هێشتا شارستانییەت نەرم و ناسکی نەکردووە، هەرگیز لە بیرکردنەوە لە ئیدریس ناکەوێت، زۆرجار بەپەرۆشییەکی سووتێنەری بەتامەوە بیری لێ دەکاتەوە، هەستکردنی ئەو کاتی بەدەما لەسەر زەویی ژوورەکە پاڵکەوتووە «دەڵێی بەچکە کەروێشکێکە و خۆی ڕادەستی چارەنووسی کردووە» بەچاوی سەرنجی ئەو نەقش و نیگارە فارسییانەی سەر مافوورەکە دەدات، لە کاتێکدا جەستە گەرمە لێوانڕێژەکەی ئیدریس پێوەی نووساوە دەیگووشێ و دەیتوێنێتەوە، ئەوی مایەی سەرسوڕمان بوو گشت کارە سێکسییەکانیان هەمیشە لەسەر زەویی ژوورەکە ئەنجام دەدا و سەرناکەوتە سەر سیسەمەکە، ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئیدریس هەستی بەکەمبوودی خۆی وەکو نۆکەرێک دەکرد و لە لایەنی دەروونییەوە نەیدەتوانی جێگەی گەورەکەی بەکار بهێنێت،

هەرچەندە لەژێریشیدا بێت.

بەر لە چەند مانگێک، شەوێکیان حاتەم تەواو سەرخۆش بوو، ئالۆشییەکی بێ ئەندازە دایگرت، سەعات دەی شەو دابەزییە خوارەوە، تا لە ناوەندی شاردا پیاسە بکات «ئەمەش کاتی گۆڕانی نۆبە ئێشکگرتنی سەرباز پۆلیسەکانە، کە سەرجەم نەسرۆکان ئاگایان لەوە هەیە و هەوڵ دەدەن لەو نێوانەدا دۆستەکانی خۆیان لە پۆلیس هەڵبژێرن».

حاتەم چاوی بەناو سەربازە سادەکاندا دەگێڕا، لەو دەمی خۆیان بۆ ڕۆیشتنەوە ئامادە کردووە، تا عەبد ڕەبەی بینی "کە زۆر لە ئیدریسی دەکرد" لەگەڵ خۆیدا بەئۆتۆمبیل بردی و هەندێک پارەشی پێ دا، دەستبازی لەگەڵدا کرد، هەتا توانی فریوی بدات، دوای ئەوە عەبد ڕەبە زۆری کرد و کۆشا، تاکو بتوانێت لەو پێوەندییەی لەگەڵ حاتەمدا هەیەتی قوتاری بێت، حاتەمیش بەلێزانیی خۆی لە ئەویندارییی نەسرۆ درکی بەوە کردبوو، کە نەسرۆی تازەکاری "بورغەل" وەک عەبد ڕەبە، بەسروشتی خۆی هەست بەگوناهی گەورە دەکات، هێند نابات دەگۆڕێت بۆ داخ و پەژارە و ڕقی ڕەش لە بەرابەر نەسرۆی "کۆدیانا"، کە فریوی دەدات. هەروەها ئەوەش دەزانێت کە ئەزمووونی نەسرۆ لەگەڵ بەردەوامبوونی و چێشتنی لەزەتەکەیدا لای نەسرۆی بورغەل ئەگەر لە سەرەتادا چەندێک ڕقی لێ بێت و لێی دوور بکەوێتەوە، پەیتا پەیتا بۆ شاوەتێکی ڕەسەن دەگۆڕێت. بەم ئاوایە پێوەندیی نێوان حاتەم و عەبد ڕەبە لە نێوان پێکگەیشتن و هەوڵی لێک دابڕاندا دەخوولێتەوە. هەر دوێنێ بوو عەبد ڕەبە باڕی چینۆی جێ هێشت، تا لە دەست حاتەم هەڵبێت، لێ دووی کەوت و زۆری لێ کرد تا لەگەڵ خۆیدا بردی بۆ ئەپارتمانەکەی و بەر لە خۆشەویستی کردن بوتڵێک شەرابی بەهێزی فرەنسییان خواردەوە، ئەوەتا حاتەم بەم بەیانییە لە گەرماوەکە خۆی خاوکردووەتەوە و خۆی ناوەتە ژێر لێزمەی ئاوی گەرمی دووشەکە، کە لەسەر جەستەی هەستی پێ دەکات، هەر دەڵێی سوپایەک لە مێروولەی تامبەخشە،

بەزەردەخـەنەوە یادی شـەوە پڕ لە گـەرمـوگـوڕییـەکـەی لەگـەڵ عـەبد ڕەبەدا دەکـردەوە، شـەراب گـڕی لە شـاوەتی بەردابوو، بۆیە چـەند جـارێک بەتوندی بەخۆیەوەی گووشی، حاتەم وەستا تا لە بەر ئاوێنەکەدا خۆی وشک بکاتەوە و بەوریـاییـیـەوە شـوێنە ورووژێنەرەکـانی پاک بکاتەوە و بەکـرێمی بـۆندار چەوری بکات، پاشـان ڕۆبێکی کشـمیری پەمەیی لە خـۆی پێچا و لە گەرماو دەرچوو بەرەو ژووری نووسـتن، لە عەبد ڕەبەی نووسـتوو ڕامابوو:

ڕوخـسـاری ڕەشـتـاڵەی و لێـوە ئەسـتـوورەکـانی و لووتە پـانەکـەی و برۆ پڕەکانی، کە سیمایەکی یەکلاکەرەوەیان بەدەموچاوی بەخشـیبوو، بەسەریدا نووشتایەوە و ماچێکی کرد، بێدار بووەوە و بەگرانی پێڵووەکانی هەڵێنان.

– Bonjour "بەیانیت باش".

حـاتەم بەنەرمـیـیـەکەوە بـەدەم بزەوە بۆ عـەبد ڕەبە وای گـوت، کـە تۆزێک ڕاست بـووەوە و پشــتی دایە سـیـسـەمـەکـەوە، سـینگە تووکنە پـانە ڕەش داگـیـرسـاوەکـەی بـەدەر کـەوت، حـاتەم بەمـاچ بـەربووە گـیـانی، لێ ئەو بەدەسـتـەکانی دەموچاوی دوور خـسـتـەوە، پاشـان سـەری دانەواند و چون واوەیلێ بکات، بەئازارەوە گوتی:

– حـاتەم بـەگ من قـوڕ کـرا بەسـەرمـا.. سبـەی ئەفسـەرەکـەمـان ڕەوانەی تەمێکردنم دەکات.

– ئۆهۆ عـەبدە.. دیسـانەوە باسـی ئەفسـەرەکە بکەینەوە.. پێم گوتی گوێی مـەدەرێ. من واسـیـدەیەکم بـۆ لای ئەفسـەرەکـە دۆزیوەتەوە.. لیـوایەکی زۆر گەورەیە لە وەزارەت.

– تاکو تۆ لەگەڵ واسیدەکەیا قسە دەکەیت، من لە بەندیخانەی لیمان تووڕ دراوم.. ژنەکەم و کوڕە بچووکەکەم لە شار لەسەر زگی خەڵک دەژین جەنابی بەگ.. ئاواتم ئەوەیە ڕۆژێک زووتر خزمەتی سـەربازییەکەم تەواو بکەم، ئەگەر بخرێمە زیندانەوە ئەوا ماڵ و منداڵم لە برسـاندا دەمرن.

حاتەم بەمیهرەبانییەوە تەماشایەکی کرد و زەردەخەنەیەکی بۆ کرد، پاشان لەسەرخۆ ڕاست بووەوە و دەستی بۆ جانتا بچووکەکەی برد و سەد جونەیهییەکی دەرهێنا و دای پێی، ئینجا پێی گوت:

– هانێ.. بینێرە بۆ ژنەکەت و کورەکەت.. چیان بوێت بۆتی دەکەم.. سبەی دەچم بۆ لای لیوا خزمەکەم و لەگەڵ ئەفسەرەکەشدا قسە دەکەین. بەڵام توخوا عەبدە خۆت دڵتەنگ مەکە.

عەبدە سەری دانەواند و بە وشەی پڕ لە منەتبارییەوە لەژێر لێوەوە دوا.

حاتەم لێی نزیک بووەوە تا بەتەواوی پێکەوە نووسابوون، لەو دەمی لێوی لە لێوە ئەستوورەکانی نزیک دەکردەوە بەفرەنسی بەخۆی گوت:

– چ سپێدەیەکی قەشەنگە.

***

هاووڵاتی: تەها محەمەد شازلی

باڵەخانەی یاقوبیان – ٣٤ شەقامی تەڵعەت حەرب – قاهیرە

سلاوێکی گەرم...

بەئاماژەکردن بەو سکاڵایەی بۆ سەرۆکایەتیی کۆمار لەبارەی دوورخستنەوەتان لە تاقیکردنەوەی وەرگرتن لە کۆلێجی پۆلیس، بەرزتان کردبووەوە. ئاگەدارتان دەکەینەوە دوای تاوتوێکردنی بابەتەکە لەگەڵ جەنابی لیوای بەڕێوەبەری کۆلێجی پۆلیس، بۆمان دەرکەوت سکاڵاکەتان لە ڕاستییەوە دوورە.

ئاواتمان سەرکەوتنتە و ڕێزمان قبووڵ بفەرموون.

لیوا حەسەن بازرعە
بەڕێوەبەری کارگێڕیی سکاڵای هاووڵاتییان
لە سەرۆکایەتیی کۆمار

***

دراوسـێکان لە دەمـەقـاڵەی نێـوان زەکی دسـووقی و دەولـەتی خـوشـکی ڕاهـاتبـوون، ئەمـە زۆر دووبـارە دەبووەوە، بۆیە مـایەی سـەرسـوڕمـان، یاخـۆ لاپرەسـەنـی نەبوو. لێ شـەڕەکـەی ئەمـجـاریان تەواو جـیـاواز بوو، شـتـێک لە تەقـیـنـەوەی گـەورەوە نزیک بوو، فـیـزاح و هـاوار و جـوێنی پیس بەیەک دان و شـەڕە چـەپۆک، دەنگیان دەگـەیشـتـە لای دراوسێکان، دەرگـاکانیـان کردەوە و دەرچوونە دەرێ تا بزانـن چییـە، هـەندێکیـان وەخـۆ کـەوتن تـا ناوبژی بکەن.. دەولەت بەتووڕەییەوە قیژاندی:

– ئەموستیلە ئەڵماسەکەت بزر کرد هەی بۆگەن؟!

– دەولەت ڕێزی خۆت بگرە.

– هەڵبەت داوتە بەیەکێک لەو قەحپانەی برادەرت.

– پێم وتی ڕێزی خۆت بگرە.

– من ڕێزی خۆم گرتووە.. ئەوە تۆی مایەی قەشـمەری و گاڵتە پێکردنیت.. لە ماڵەکەم دەرچۆ هەی کوڕی سەگ، هەی بەنگکێش.

– ئەمە ئەپارتمانی منە.

– نا گیانەکەم ئەمە ماڵی باوکە پاشا خانەدانەکەمە، کە تۆ گڵاوت کرد.

پاشان دەنگی شـەپازلە و لە یەکتر دان بەرز بووەوە، دەرگەی ئەپارتمانەکە کرایەوە و دەولەت بەشیرە شیرِ زەکیی بەپاڵ کردە دەرەوە:

– برۆ دەرەوە. نامـەوێت جـارێکی تر چرِوچـارەت ببینم، تێگەیشـتـیت؟.. بۆ دەرەوە.

زەکی بەگ چووە دەرێ، تێبینیی ئاپۆڕەی دراوسێکانی کرد، ئاوڕیشی لە دواوەی دایەوە و گوتی:

– باشە دەولەت، من دەڕۆم.

دەولەت دەرگەکەی بەتوندی داخست، زەکی گوێی لە دەنگی سـورگییـەکە

بوو دادەخرا، دراوسێکان لە زەکی بەگ نزیک بوونەوە و گوتیان ئەمەی ڕوو دەدات هەرگیز لەو ناوەشێتەوە، ئەگەر ناکۆکییەکانیان چەند زۆر بن، ئەوا بۆ کەسانی بەڕێزی وەک زەکی بەگ و دەولەت خاتوون نەشیاوە بەم ئاوایە شەڕ بکەن. زەکی بەگ بەدەم بزەوە بەخەمباری سەری لەقاند و ڕۆیشت. بەر لەوەی بچێتە ئاسانسەرەکەوە بەزمانێکی دۆستانەی پڕ لە لێبووردنەوە بەدراوسێکانی گوت:

– بمبەخشن جارسم کردن. هیچ نییە تەنیا لەیەک نەگەیشتنە. خوا یاربێ بەباشە دوایی دێت.

***

ئەو هەموو چیرۆکە زۆرە یەک بەدوای یەکانەی لەسەر کەمال فولی دەوتران جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە لە خێزانێکی زۆر هەژار لە شبین کۆمی پارێزگای منوفیەدا لە دایک بووە، سەرەڕای هەژارییەکەی لەوپەڕی زیرەکی و ئاواتخوازیشدا بووە، لە ساڵی ١٩٥٥دا دوا قۆناغی خوێندنی بەپلەیەکی بەرز لەسەر ئاستی وڵات تەواو کرد، هەر هێندەی چووە کۆلێجی یاسا دەستی بەکاری سیاسی کرد.

کەمال فولی بەڕیزە پێوەندیی بەگشت ڕێکخراوەکانی دەسەڵاتەوە کرد:

دەستەی ڕزگاری و یەکێتیی نەتەوەیی، پاشان یەکێتیی سۆسیالیستی و ڕێکخراوی پێشەنگان و ئینجا مینبەری ناوەند و حزبی میسر، لە دواییشدا حزبی نەتەوەیی.

لە ماوەی ئەم هەموو گۆڕانانەدا هەمیشە شێلگیرترین ئەندام بوو بۆ پرەنسیپەکانی حزبی دەسەڵاتدار، دەنگیشی لە هەموویان بەرزتر بوو، لە سەردەمی ناسریدا وانەی گوتەوە و چەندین کتێبی لەسەر حەتمییەتی گۆڕانی سۆسیالیستی و پێویستییە مێژووییەکەی نووسی. کاتێکیش دەوڵەت بەرەو سەرمایەداری وەرگەڕا، یەکێک لە توندترین لایەنگرانی

بەتایبەتکردن و ئابووریی ئازاد بوو و لەژێر سایەی پەرلەمانەوە هەڵمەتێکی توندوتیژی دژ بەکەرتی گشتی و ئایدیۆلۆجییە تۆتالیتارییەکان بەگشتی بەرپا کرد، ڕەنگە یەکێک لەو سیاسەتوانە کەمانە بێت توانییان بۆ زیاد لە سی ساڵی بەردەوام کورسییەکەیان لە پەرلەمان بپارێزن، ڕاستە هەموو جارێک هەڵبژاردن لە میسر بۆ بەرژەوەندیی حزبی دەسەڵاتدار ساختەکاریی تێدا دەکرێت، لێ ئەوەش تەواو ڕاستە، کە فولی بەهرەیەکی سیاسی ڕاستەقینەی وای تێدایە بکارێت لە کۆمەڵگەی دیموکراسیدا بەرزترین پۆستی دەوڵەت بەڕێوە ببات، هەر ئەم بەهرە ڕەسەنە خۆی، وەک چۆن بەسەر زۆرێک لە بەهرەکان لە میسردا دێت، لای داوە و شێوێنراوە و تێکەڵ بەدرۆ و دەلەسە و دووڕوویی و ئاژاوەگێڕی بووە. تا وای لێ هات ناوی کەمال فولی لای میسرییەکان واتای گەندەڵی و ڕیایی دەگەیاند. لە پۆستە حزبییەکاندا تا پلەی ئەمینداری ڕێکخراوەیی لە حزبی نەتەوەیی وەرگرت، لە هەڵبژاردنەکانی میسریشدا بووە دەسەڵاتداری یەکەم، ئەو کاندیدی دەکرد، لە پاڵێوراوانی حزبی کێی بویستایا دووری دەخستەوە، هەر بەخۆشی سەرپەرشتیی ساختەکارییەکانی هەڵبژاردنی لە ئەسکەندەرییەوە تا ئەسوان دەکرد و بەرتیلی زۆری لە کاندیدکراوەکان دەسەند، تاکو مسۆگەری بکات، کە ساختەکاریی هەڵبژاردنەکان لە بەرژەوەندیی ئەواندایە، لە هەمان کاتیشدا گەندەڵییەکەی بەگەمەی گەورە دادەپۆشی:

بەرژەوەندیی گۆڕینەوە و ئاسانکاری، کە بەملیۆنانی بۆ گەورە سیاسەتوانان فەراهەم دەکرد، هەروەها ڕاپۆرتی ئاسایش و بەڵگەنامەی نهێنی لادانی بەرپرسان دەسەلمێنن، فولی گشت ئەمانەی لای خۆی بەمەبەستی هەڕەشە لێکردن، یاخۆ ئەگەر پێویستی کرد بۆ لێدانیان دەپاراست. لە گشت کۆبوونەوە سیاسییەکانی ئەنجوومەنی گەلدا، یاخۆ حزبی نەتەوەیی، ئەگەر فولی قسەی بکردایا، ئەوا هەموان بێدەنگ دەبوون، سەرنجێکی تیژ لەوەوە بەس بوو بۆ ئەوەی هەر بەرپرسێک لە بەرپرسەکان

بتۆقێنێت.. لەم بوارەشدا ڕووداوی بەناوبانگی هەبوو، چەندین بەرپرسی بەبەرچاوی خەڵکەوە بەزەویدا داون، هەر لەبەرئەوەی قسەکانیانی بەدڵ نەبووە، بۆ نموونە ئەو هەڵمەتە کوێرانەیەی بەر لە چەند ساڵێک «بۆ بەرژەوەندیی گەورە بەرپرسان» دژ بەدوکتۆر غەمراویی پارێزگاری بانکی ناوەندی بەڕێوەی برد، کە لە کۆتاییدا بووە هۆی دەست کێشانەوەی.

نموونەیەکی نزیکتر:

وەزیری ئەوقاف، کە تا ڕادەیەک جەماوەری هەبوو، هەر ئەمەش بەو هەڵەیەیدا برد، کە وا بزانێت بەهێز و کاریگەرە، ساڵی پار لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیی حزبدا هەستا و بەتوندی هێرشی کردە سەر گەندەڵیی سیاسی و داوای پاکسازیی لە حزبدا کرد، لە لادەران و ئەوانی لە ڕێگەی پۆستەکانیانەوە قازانج بەدەست دەهێنن. فولی ئاماژەی بەوەزیر دا تا وتەکەی تەواو بکات، کەچی بەردەوام بوو و هیچ گوێی پێ نەدا، ئیتر فولی بەقەشمەری پێکردنەوە قسەکانی پێ بڕی و بەشێوەی نمایشی شانۆیی بەدەوری خۆیدا ئاوڕی لە ئامادەبووان دەدایەوە:

– ئەڵڵا.. مەسەلە چییە جەنابی وەزیر؟ مادام بەڕێزتان هێند بەتەنگ لەناوبردنی گەندەڵییەوەن.. لە خۆتەوە دەست پێ بکە برا.. تۆ دە ملیۆن جونەیهت لە بانکی خزمەتگوزاری قەرز کردووە، ئەوا بۆ پێنج ساڵ دەچێت نەتداوەتەوە.. بەڕاست لێپرسراوانی بانک بەنیازن سکاڵات لەسەر تۆمار بکەن و ئابڕووت بەرن.

ئیتر وەزیر ڕەنگی هەڵبزڕکا و بەبێدەنگی لە نێوان پلار و پێکەنینی ئامادەبوواندا دانیشت.

***

حاجی عەزام هەموو ئەم شتانەی باش دەزانی، لێرەوە هەر ئەوەندەی بڕیاری خۆ کاندیدکردنی لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی گەلدا دا، داوای

چاوپێکەوتنی لەگەڵ کەمال فولیدا کرد، کەمال فولی تا چەند هەفتەیەک سستی نواند، پاشان هەرچۆنێک بوو کاتێکی لە نووسینگەی پارێزەر یاسر فولیی کوڕی لە شەقامی شیهاب لە ئەندازیاراندا بۆ دیار کرد، دوای نوێژی هەینی حاجی عەزام و فەوزیی کوڕی بۆ شوێنی دیارکراو چوون، نووسینگەیەکی خاڵی تەنیا پاسەوان و کەمال فولی و یاسری کوڕی لێ بوون، عەزام و فولی باوەشیان لە یەک دا و خۆشدوویی و سوعبەتیان گۆڕییەوە، وا دەهاتە بەرچاو هەردووکیان دوو هاوەڵی دێرینی نزیک لە یەکتر بن، کە خۆشەویستی و لێکگەیشتن و ڕێز کۆی کردبنەوە. دوای قسە و باسی درێژی پەلوپۆ لێ بووەوە، وەک دەستپێک، عەزام چووە ناو بابەتەکەوە، باسی خۆشەویستیی خۆی بۆ خەڵک و حەز و ئارەزووی بۆ خزمەتکردنیان کرد، زیاد لە فەرموودەیەکی پێغەمبەری لەسەر چاکەکردن و ئەوی کاروباری موسڵمانان ڕادەپەڕێنێت هێنانەوە، فولی سەری بۆ قسەکانی دەلەقاند، تا عەزام گەیشتە خاڵی مەبەست و گوتی:

– بۆیە باشترین ویست و خوازم بۆ پەروەردگار بەرز کردەوە و بەپشتیوانی خوا بڕیارم دا خۆم بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو لەسەر دەڤەرەکەم، قەسرلنیل خۆم کاندید بکەم. خوازیارم حزبی نەتەوەیی لەسەر پاڵاوتنم قایل بێت، ئیتر کەمال بەگ من لەژێر فەرمانتدام بۆ هەر پێویستییەک.

فولی وای نیشان دا لە بیرکردنەوەیەکی قووڵدایە، وێڕای ئەوەی پێشبینی ئەوەی کردبوو کە عەزام گوتی، فولی ئەوەی بیبینیایا لە ناخەوە شتێکی دژ بەیەکی لە لا دروست دەبوو:

زیرەکی و زوو بۆ شت چوونەکەی و ئامادەبوونی بەردەوامی لە لایەکەوە، لە لایەکی دیشەوە قەڵەوی و ورگە شۆڕبوو و بۆینباخە هەمیشە نەختێک شلبووەکەی و ڕەنگی جلە ناشرینە نەگونجاوەکەی و بۆیاغکردنی قژی

بەشـێـوەیەکی ناپوخـتـە و دەمـوچاوە پڕە ئەسـتـوورەکـەی و نیگا نەگـریسـە درندانە درۆینەکەی و شێوە قسەکردنە بازارییەکەی. کاتێک دەستی بۆ پێش خۆی درێژ دەکات و پەنجەکانی دەستی دەجوولێنێت و شـان و زگی لە کاتی قسەکردندا وەک ژنێکی بەرەلا هەڵدەتەکێنێت.

گشت ئەمانە دیمەنی وا لێ دەکەن تا ئەندازەیەک پێکەنینهێنەر بێت «چون برگەیەک بۆ بینەران پێشکێش بکات» هەروەها لە ناخدا هەستێکی سووک و قێزەوەن جێ دەهێڵێت.

فـولی داوای لە هـەردوو یاریدەدەرەکانی کرد کـاغەز و خـامـەیەکی بۆ بێنن، پاشـان دەسـتی بەوێنەکێشـان کـرد. چەند سـاتێک تێپەڕین ئەو هـەر خـەریکی وێنەکێشـان بوو، تاکـو حـاجی عەزام وای مـەزەندە کـرد شـتـێک لە گۆڕێدایە، لێ هێندەی نـەبرد فـولی لە وێنەکێشـان بووەوە، پـاشـان کـاغـەزەکـەی بۆ لای حــاجی عــەزام وەرســووڕاند، ئـەویش ســەیری هـاتـێ هـەینـێ بینـی وێنـەی کەروێشکێکی گەورەیە، قەیرێک بێدەنگ بوو، پاشان بەدۆستانەوە پرسی:

– لە مەبەستی جەنابت ناگەم قوربان.

فولی دەمودەست وەڵامی دایەوە:

– تۆ دەخـوازیت سـەرکـەوتن لـە هەڵبـژاردنەکـاندا مـسـۆگـەر بکـەیت و لە داواکراو دەپرسیت، منیش وێنەی داواکراوم بۆ کێشایت.

– کـەروێشـکێکی تەواو؟! کـەمـال بەگ ملیـۆنێک جـونەیە؟! ئـاخـر گـەلێک زۆرە.

عـەزام مـەزەندەی ئەوەندەی کـردبوو، لێ دای نـابوو سـەنگ و سـووکـییـەکی لەگەڵدا بکات بەڵکو کەمێک دایگرێت. فولی گوتی:

– گوێ بگرە حاجی!! بڕوا بەخوا دەکەیت؟

ئەوانی لەوێ بوون پێکەوە گوتیان" لائیلاهە ئیلەلا"

– من لەو دەڤـەرانەی تر، کـە لە قـەسـرلنیـل کـەمـتـرن ملیـۆن و نیـو و دوو

ملیـۆن دەسـێنـم، ئەوەتا یاسـری کوڕم لە بەردەمـتـە بـا پێت بڵـێت. بەڵام بەو خـوایە گـەورەیە حـاجی من تـۆم خـۆشـدەوێت و حـەز دەکـەم لـەگـەڵمـاندا لە ئەنجوومـەن بیت. دوای ئەوە ئەم پارەیە تەنیا بـۆ من نییە، من پۆسـتـەچییـەکم لە تۆی وەردەگرم و دەیگەیەنمە یەکێکی تر، بەخۆت باش دەزانیت.

حاجی عەزام هەندێک نیگەرانیی پێشان دا، پاشان پرسـی:

– باشـــە کــەمــال بـەگ ئەگــەر ئەو پارەیـە بدەم، پشـت بەخــوا دەرچوونم مسۆگەرە؟!

– شـوورەییـیـە حـاجی، تۆ لەگەڵ کـەمـال فـولیـدا قسـە دەکـەیت. سی سـاڵە شـارەزای پەرلەمـانم. هیچ پاڵێـوراوێک لە مـیـسـردا نـیـیـە بەپەنای خـوا بێ ویستی ئێمە سەرکەوێت.

– بیسـتـوومە هەندێک کەسی بێ توانا دەیانەوێت خۆیان لەسـەر قەسرلنیل کاندید بکەن.

– گوێی مەدەرێ. ئەگەر بەپشـتـیوانی خوا ڕێککەوتین، ئەوا خدری زیندەش دژی تۆ خۆی کاندید بکات هەر تۆ دەردەچیت. ئەمە ئیشـی منە حـاجی.

پاشان فولی لە قاقای پێکەنینی دا و پشـتی دایە کورسییـەکەوە و ناولەپی بەورگە زلەکەیدا هێنا و بەفیزێکەوە گوتی:

– خـەڵکە سادەکە وا دەزانن ئێـمـە ساختـەکاری لە هەڵبژاردندا دەکـەین.. نا، هـەمـوو مــەسـەلـەکـە لـەوەدایە ئێــمــە ناخی خــەڵکی مــیـسـرمــان باش خـوێندووەتەوە. ئەم میسرییـانە خوا لـە سێـبەری حکوومـەتدا خوڵقـاندوونی.. هیچ میسرییەک بۆی نییە لـە حکوومەتەکەی هەڵگەڕێتەوە. هەڵبەت میللەتیش هـەن ڕادەپەڕن و یاخی دەبن، هەرچی میـسرییـە بەدرێژاییی تەمـەنی بۆ تیکە نانێک سـەر دادەنوێنێت. ئەم قـسـانە لە مـێـژوودا هاتوون، لە دنیـادا گـەلی مـیـسـر لـە هەمـوو گـەلێک ئاسـانـتـر حوکـمی دەکـرێت.. هەر کـە دەسـەڵات دەگـریتـە دەست میـسـرییـەکان گوێڕایەڵت دەبن و ملت بۆ کەچ دەکەن، ئیـتـر

بەكامی دڵی خۆت بەڕێوەیان ببە. هەر حزبێكیش دەسەڵاتی بەدەستەوە بێت و هەڵبژاردن بكات، دەبێت بیباتەوە، چونكە مەرجە هەموو میسرییەكان پشتگیری لە حكوومەت بكەن. خوا وا خوڵقاندوونی.

عەزام وای نیشان دا كە تیاماوە و قەناعەتی بەقسەكانی فولی نییە، پاشان پرسیاری چۆنیەتی پارەدانەكەی لێ كرد، ئەویش بەسانایی وەڵامی دایەوە:

– ناوی خوای لێ بێنە حاجی. ئەگەر پارەكە كاشە ئەوا خۆم وەری دەگرم، خۆ ئەگەر چەكیشە بەناوی پارێزەر یاسر فولیی كوڕمەوە بینووسە، هەروەها گرێبەستێک لەسەر هەر كێشەیەک بێت لەگەڵیدا مۆر دەكەیت، چون ئەو تێیدا بریكارت بێت. هەڵبەت بەخۆت دەزانیت ئەمە ڕێوڕەسمێكی ڕووكەشە.

حاجی عەزام نەختێک بێدەنگ بوو، پاشان دەفتەری چەكەكانی دەرهێنا و ئەو دەمی خامە زێڕینەكەی دەكردەوە، گوتی:

– چاكە.. بەپشتیوانیی خوا.. ئێستا چەكێک بەنیوەی پارەكە دەكەم، دوای دەرچوونیش خوا یار بێت ئەوی تر دەدەم.

– نا كاكە شوورەییە.. بەمە زویرم دەكەیت.. ئەم قسانە لەگەڵ منداڵدا بكە، سیستەمی كار لای من بدە و وەرگرەیە.. هەموو پارەكە بدە و منیش ئێستا پیرۆزبایی ئەنجوومەنت لێ دەكەم و هەر ئێستا لەگەڵتدا فاتیحەكەی پێكەوە دەخوێنین.

ئەمە دوا سەنگ و سووكی بوو لە عەزامەوە، هەینێ دۆڕا و خۆی دایە دەستەوە، چەكێكی ملیۆن جونەیهی نووسی و بەخدێی خۆی بەوردی پشكنی و بۆ فولیی درێژ كرد، ئەویش لێی وەرگرت و دایە دەست كوڕەكەیەوە. پاشان ڕووی كرایەوە و بەدڵی خۆشەوە گوتی:

– پیرۆزە حاجی. بابەناوی خواوە فاتیحەیەک بخوێنین، خوا دڵمان فراوان و سەركەوتوومان بكات، گرێبەستەكەش لای یاسر ئامادەیە.

هەر چواریان، فولی و عەزام و کوڕەکانیان، چاویان نووقاندن و دەستیان لە پێش خۆیان بەمەبەستی پاڕانەوە پان کردەوە و لەژێر لێوەوە فاتیحەیان دەخوێند.

***

حاجی عەزام چەکەکەی بەفولی دا و وای هاتە بەرچاو، کە هەڵبژاردن لە بەرژەوەندیی ئەودا یەکلا بووەوە، بەڵام وا نەبوو، ململانێ لە دەڤەری قەسرلنیلدا لە نێوان پتر لە چەند خاوەنکارێکدا بوو، هەر یەکە و دەیویست کورسیی کرێکاران لە ئەنجوومەنی گەلدا بەدەست بهێنێت، بەهێزترین بەربەرەکانی حاجی عەزام، حاجی ئەبو حەمێدەی خاوەن زنجیرە دوکانی جلفرۆشیی "الرضا والنور"ی بەناوبانگ بوو.

چون دوو جەمسەری لێکچوو لە سروشتدا لە یەک دوور دەکەونەوە، ڕقی توندی نێوان حاجی عەزام و ئەبو حەمێدە لە بناغەدا دەگەڕێتەوە بۆ هاوشێوەییان لە گەلێک لایەنەوە، ئەبو حەمێدەش عەزام ئاسا کرێکارێکی سادە و ساکار بوو لە بەندەری پۆرسەعید، پاشان لە کەمتر لە بیست ساڵ سامانەکەی زیادی کرد و بووە گەورەترین ملیۆنێری میسر، خەڵکی بۆ یەکەمین جار ناوی ئەبو حەمێدەیان بیست، ئەو دەمی زنجیرە فرۆشگە گەورەکانی لە قاهیرە و ئەسکەندەرییەدا کردەوە، ئینجا ڕۆژنامە و تەلەڤزیۆنەکانی بەریکلام داگرت، تێیاندا بەڵێنی دەدا، هەر خانمێک بریاری ئەوەی دا سەرپۆش بکا و تەواو خۆی داپۆشێت، پاشان وەک نیشانەی واز لێ هێنان جلە مۆدەکانی ڕادەستی فرۆشگەکە بکات، ئەوا چەند کراسێکی تازەی شۆڕ و سەرپۆشی ڕەنگاوڕەنگی پێ دەبەخشرێت.

ئەو کات خەڵکی سەریان لەم بانگهێشتنە سەیرە سووڕما، سەراسیمەییەکەیان زیاتر بوو کاتێک بینییان فرۆشگەکانی "الرضا والنور" بەڕاستی جلی کۆنەیان لە دەیان خانم وەرگرت و لە باتی ئەوە کەلوپەلی

گرانبەهای ئیسلامیی نوێی بێ بەرابەر پێ دەبەخشن.

ئەو ئامانجە پیرۆزەی پرۆژەکە ڕێی لەوە نەگرت هەندێک ئافرەتی لە بناغەدا خۆ داپۆشیو و لەچک لەسەر، لەوانەی ویستیان سوود لەو جل بەخۆڕایی دانە وەربگرن، خۆیان بخزێننە ناوەوە. دەهاتن و وایان دەنواند، کە هێشتا لەچکیان نەپۆشیوە، دەچوون جلی مۆدەیان کە هی خۆیانیش نەبوو، بەفرۆشگەکە دەدا، تاکو لە جیاتیی ئەوە جلی نوێ وەربگرن.

فرۆشگەکانی "الرضا والنور" هەینێ بەم گەمەیەیان زانی، لە گشت لایەک ئاگەدارینامەیان بلاو کردەوە تێیدا هەڕەشەی سزای یاساییان لەوانە کرد، کە فێڵ و گزی دەکەن، چونکە ئەو گرێبەستەی ئافرەتەکە مۆری دەکات، لە کاتی درۆکردندا مەرجی سزایی دەیگرێتەوە.

وێڕای ئەم سەرپێچییانە ئینجاش پرۆژەکە سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا و هانی هەزاران ئافرەتی دا خۆبپۆشن و لەچک لەسەر بکەن. لە ڕۆژنامەکانیشدا بابەتی تۆمارکراو (پارەکەی درابوو) لەسەر پرۆژەکە دەرچوو. تێیدا حاجی ئەبو حمێدە ڕای گەیاند پارەیەکی زۆری بۆ خێرکردن لە ڕێی خوای مەزندا تەرخان کردووە، لە دوای ڕاوێژ لەگەڵ زاناکاندا بینی باشترین ڕێگە، وەکو هەنگاوی یەکەم کە خزمەت بەبانگەشەکەی بکات، ئەوەیە یارمەتیی خۆپۆشینی ئافرەتە موسڵمانەکان بدات، تا تەواو پابەندی دەستوور و فەرمانەکانی خوا بن. کاتێک لێیان پرسی دابەشکردنی بەهەزاران جلی نوێ بەخۆڕایی چەندی تێ دەچێت؟ ئەبو حمێدە بەرسڤی نەدایەوە، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە ئەو پارەیە لای پەروەردگار دەژمێرێت.

بێگومان پرۆژەی جل و لەچک بەناوی ئەبو حمێدەوە بازی دایە جیهانی ناوبانگەوە و کردی بەئەستێرەی کۆمەڵگەی میسری، لێ هەندەی نەبرد بەبلاوی واتەوات لەملا و لەولادا بلاو بووەوە، کە ئەبو حمێدە یەکێک لە گەورەترین بازرگانانی هیرۆیینە و پرۆژە ئیسلامییەکەشی ڕووپۆشێکە بۆ

قۆڵبڕین و پارە کۆکردنەوە. هەروەها ئەو بەرتیلانەی بەگەورە لێپرسراوانی دەدات ڕێگە لە دەستگیرکردنی دەگرن.

ئەبو حەمێدە هەوڵێکی زۆری دا تا کاندید بکرێت بۆ حزبی نەتەوەیی لە دەڤەری قەسرلنیل، کاتێک حزب ڕای گەیاند حاجی عەزام کاندید دەکات، ئەبو حمێدە گەلێک تووڕە بوو و لای گەورە بەرپرسان هەوڵی زۆری دا، وەلێ بێ سوود بوو، چونکە قسەی فولی لە سەرووی قسەی هەموانەوە بوو، گەورە بەرپرسێک، کە دۆستی نزیکی ئەبو حمێدە بوو، سکاڵاکەی حاجی عەزامی لە فولییەوە بیست، بزەیەک گرتی و گوتی:

– گوێ بگرە ئەبو حەمێدە.. بەخۆت دەزانیت من خۆشم دەوێی و بەرژەوەندیی تۆم دەوێت، نەکەی ناکۆکی لەگەڵ فولیدا بنێیتەوە. ئەگەر ئەمجارە نەچوویتە ئەنجوومەنی گەلەوە ئەوا بەپشتیوانی خوا جاری دیت لەپێشە، بەڵام هەرگیز نەکەیت فولی لەدەست بدەیت، چونکە پشتی هەیە و تا بڵێی گەیشتووە و زرنگییەکەی لەوەدا نییە، ئەگەر تووڕە بێت گرفتی وات بۆ دەنێتەوە وێنای ناکەیت.

کەچی ئەبو حمێدە پاشەکشەی نەکرد، بەڵکو بەفەرمی وەکو بێلایەنێک چووە پێشەوە و دەڤەری قەسرلنیلی بەسەدان پۆستەری هەڵبژاردن پڕ کردەوە، کە وێنە و ناو و ئارمی هەڵبژاردنەکەیشی "کورسییەکەی" لەخۆ گرتبوون، شەوانە دەواری گەورەی هەڵبژاردنی لە ناوەڕاستی شاردا لەو شوێنەی لایەنگرانی خۆی لێ بوون، هەڵدەدا و گوتاری بۆ دەدان، تێیدا هێرشی دەکردە سەر حاجی عەزام و ئاماژەشی بەسامانە حەرامەکەی و هاربوونی بۆ شاوەت دەدا "بەئاماژە بۆ ژنهێنانە تازەکەی"، عەزام لەم بەرکەوتنە تووڕە بوو و خۆی گەیاندە فولی. ڕاست و ڕەوان پێی گوت:

– سوودی کاندیدکردنی حزب چییە ئەگەر ڕێگە بەجوێن پێ دانی شەوانە بەبەرچاوی خەڵکەوە بەمن، نەگرێت؟!

فــولی ســـەری لەقــانـد و بەڵێنـی باشـی پێ دا. پاشـــان بـۆ ڕۆژی دوایی ڕاگـەیاندنێکی دا سـەرجـەم ڕۆژنـامـەکـان لە یەکـەمین لاپەڕەدا بەمـانشـێتی گەورە دایان گرتبوو، تێیدا وتبووی:

حزبی نەتەوەیی لە هەر دەڤەرە و یەک پاڵێوراوی هەیە، ئەرکی حزبییش وا دەخـوازێت، گشت ئەنـدامـانی حـزب بەهـەمـوو هێـزیانەوە لـە پشت پاڵێوراوی حزب بووەستن.. هـەروەها هەر ئەندامێک دژ بەپاڵێوراوی حزب خـۆی کاندید بکات، ئـەوا لە لایەنی حـزبیـیـەوە لێـپرسـینەوەی لەگـەڵدا دەکـرێت و دوای هەڵبژاردنیش لە حزب وەدەر دەنرێت.

ئەو قسـانە بەڕوونی ئەبو حـمـێدەیان دەگـرتەوە، کـە هەڕەشـە کـاری لێ نەکرد و بەردەوام بوو لە هەڵمەتە توندەکەی دژ بەحاجی عەزام، وای لێ هات ڕۆژانە دەواریـان هەڵدەدا و بەســەدان دیارییــان بەســەر دانیـشــتوانی ئەو دەڤـەرەدا دابەش دەکـرد. هەردوو لا لەســەر کـۆکـردنـەوەی شـوێنکەوتووان و لایەنگران لە ڕکابەرایەتیدا بوون بەهەر ڕێگەیەک بێت.

ڕۆژانە شــەڕ و ئاژاوەی پڕ لە توندوتیـژی ڕووی دەدا و بـرینداری زۆری لێ دەکـــوتـەوە، وێڕای ئـەو دەســـەڵاتـە گـــەورەیـەی هـەردوو نـەیار هـەیانبـــوو، دەزگـاکانـی ئاسایش بێلایەن وەسـتـان، زۆربەی جارەکان هێـزەکانی پۆلیس دوای تەواوبوونی شـەڕەکە دەگەیشـتن، یاخۆ بەشـێـوەیەکی ڕەمـزی بڕێک لەو شـەڕکەرانەی دەگرت، کە هەر هێندەی دەگەیشتنە پۆلیسـخانە بێ کۆڵینەوە بەر دەدران..

بەهەر هـۆیەکـەوە بێت، کـۆلێـجی ئـابووری و زانسـتـە سـیـاسـیـیـەکـان بەڕێکپۆشـی و خـۆش ڕابواردن ناسـرابوو، ئەگـەر پرسـیـاری کۆلێـجـەکـەت لە خوێندکارەکانیان بکردایا بەبڕوا بەخۆبوونەوە دەیانگوت:

- ئابووری و زانستە سیاسییەکان.

بەخـۆهەڵکێـشـان و گـوێ پێ نەدانەوە «چون بـڵـێن.. بەڵێ، وەک دەبینیت

ئێمە لەسەر لوتکەین» کەس نازانێت نهێنیی ئەم تیشک خستنە سەرە چییە! ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت بەتەنیا بەچەند ساڵێک دوای کۆلێجەکانی تر دامەزرا، ئەمەش سیمایەکی تایبەتی پێ بەخشیوە، یاخۆ حکوومەت بەتایبەت بۆ ئەوەی دامەزراندووە "بەمل وتیاری" تاکو کچی سەرۆک جەمال عەبدولناسر تێیدا بخوێنێت، یان زانستە سیاسییەکان وا لە خوێندکارەکانی دەکات پێوەندییەکی توندوتۆڵی ڕۆژانەیان بەڕووداوەکانی جیهانەوە هەبێت، ئەمەش کاریگەریی لەسەر شێوازی بیرکردنەوە و مامەڵەکردنیان جێ دەهێڵێت.

لە دواییشدا، دوور نییە، چونکە ئەم کۆلێجە بۆ ماوەیەکی زۆر دەروازەی پادشایی بوو بۆ کارکردن لە وەزارەتی دەرەوە، کوڕی پیاوە گەورەکان وەکو هەنگاوی یەکەم بۆ کاری دیپلۆماسی دەچوونە ئەم کۆلێجەوە.

کەچی تەها شازلی لەودەمی فۆرمی کۆلێجی ئابووریی وەکو یەکەمین ئارەزوو پڕ دەکردەوە، شتی لەم بابەتەی بەمێشکدا نەهات، هیوای بەکۆلێجی پۆلیس بۆ یەکجاری لەدەست دا، حەزی دەکرد سەرکەوتنەکەی بەوپەڕی تواناوە بەکار بهێنێت.. ئەمە هەمووی بوو.. ڕۆژی یەکەمی خوێندن هەینێ بەژێر کاتژمێری زانکۆدا ڕەت بوو، کە گوێی لە لێدانە بەناوبانگەکەی بوو، هەستی ترس و سەربەرزی دایگرت، دواتر چووە ناو تەلارەکەوە، کە لە تێکەڵبوونی قسە و پێکەنینی سەدان خوێندکاردا زرمەی دەهات.

کەوتنە یەکترناسین و قسەی خۆش گۆڕینەوە، ئەو کات تەها هەستی کرد، کە لە بەرابەر ئەم ئاپۆڕە زەبەلاحەی لە ئاژەڵێکی ئەفسانەیی دەکات هەزار سەری هەبێت و گشت چاوەکان ڕوو لەو بن، خۆی بەبچووک دەهاتە پێش چاو. بەپەیژەکاندا سەرکەوت و چوو لەوسەر دانیشت، وەک ئەوەی لە شوێنێکی ئارامدا خۆی مات دابێت، بەشێوەیەک ئەوان ببینێت، لێ ئەوان ئەو نەبینن. پانتۆڵێکی جینزی شین و تی شێرتێکی سپیی لەبەر کردبوو.

لەو دەمی لە ماڵ دەرچوو بڕوای وابوو، کە زۆر شیکە، لێ پاش ئەوەی

هاوەڵە خوێندکارەکانی بینی، دڵنیا بوو جلەکانی هەرگیز لەو باشانە نین، بەتایبەت پانتۆڵەکەی لاساییکردنەوەیەکی خراپ و کلۆڵی پانتۆڵی جینزی ڕەسەنە. مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی باوکی قایل بکات دەستێک جل لە ئەندازیاران، یاخۆ زەمالک بکڕێت، لە بریی فرۆشگەکانی "الرضا والنور"، کە جلە هەرزانباییەکانی لێ دەکڕێت. هەروەها لە دڵی خۆیدا بڕیاری دا خۆی بەکەس نەناسێنێت، چونکە یەکترناسین مانای زانیاری لەسەر یەکتر گۆڕینەوە، دوور نییە لەگەڵ کۆمەڵێک هاوەڵدا وەستابێت (بۆ نموونە کیژیشیان لەگەڵدا بن) و یەکیان پرسیاری پیشەی بابی لێ بکات، ئەوسا چی بڵێت؟

پاشان کەڵکەڵەی ئەوە دایگرت، ئەگەر یەکێک لەم خوێندکارانەی دانیشتوون ماڵیان لە باڵەخانەی یاقوبیان بێت؟ ڕەنگبێ تەها جارێک پاکەتە جگەرەی بۆ باوکی کڕیبێت، یاخۆ ئۆتۆمبیلەکەی شوشتبێت، ئەوەی دەهێنایە بەرچاوی ئەگەر ئەو خوێندکارە بزانێت کوڕی دەرگەوانەکەیان لە هەمان کۆلێجدا لەگەڵیەتی، داخۆ چی ڕوو دەدات؟

بەردەوام بەم شێوەیە بیری دەکردەوە، وانەکان یەک بەدوای یەکدا تێ دەپەڕین تا دەنگی بانگی نیوەڕۆ بەرز بووەوە، هەندێک لە خوێندکارەکان هەستان بۆ نوێژکردن، تەهاش بەرەو مزگەوتی کۆلێج دوویان کەوت. "بەدڵخۆشییەوە" تێبینیی ئەوەی کرد، کە ئەوانیش وەکو ئەم هەژارن و سیمای لادێییانە بەزۆریانەوە دیارە، ئەمەش هانی دا دوای نوێژکردن لە یەکیان بپرسێت:

– تۆ یەکەمین ساڵتە؟

ئەویش بەبزە و بەدۆستانەوە وەڵامی دایەوە:

– ئینشاڵا.

– ناوت چییە؟

– خالد عەبدولڕەحیم.. لە ئەسیوتم، ئەی تۆ؟

– تەها شازلی.. لە شارم لێرە.

ئەمە یەکەمین یەکترناسینی تەها بوو، ڕاستییەکەی هەر لە یەکەم ساتەوە چون ڕۆن یەکسەر لە ئاو جیا دەبێتەوە و لە سەرەوە توێژاڵێک چێ دەکات، خوێندکارە دەوڵەمەند و هەژارەکان لێکتر جیا بوونەوە و دەستەی جیاجیا و داخراویان لە دەرچووانی قوتابخانەکانی زمان و خودان ئۆتۆمبیلی تایبەت و جلی هاوردە لەبەر و جگەرەی بیانی کێش پێکهێنا.

جوانترین و شیکترین کیژیش بۆ لای ئەمان دەچوون، هەرچی خوێندکارە هەژارەکانیش بوون، وەکو مشکی تۆقیو بەشەرمەوە چپەچپیان بوو و بەیەکدا دەهاتن.

لە کەمتر لە مانگێکدا تەها هاوەڵیی دەستەی مزگەوتی کرد و لە هەموویان نزیکتر بۆ ئەو خالد عەبدولڕەحیم بوو:

بەباڵای کورت و جەستەی لەڕ و لاوازیەوە دەتگوت قامیشە، ڕەشتاڵەییەکەی و چاویلکە پزیشکییە چوارچێوە ڕەشە هەرزانبەهاکەی، کە سیمایەکی شێلگیرانەی پێ دەبەخشی، بەو جلە مۆدیل کۆنە ئاساییەیەوە بەمامۆستایەکی تازە دەرچووی دەکرد. تەها زۆری خۆش دەویست، ڕەنگە لەبەر ئەوە بێ، چونکە وەک خۆی هەژارە، یاخۆ ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەو لەم دەستکورتترە «گۆڕەوییە پینە پینەکراوەکانی، کە هەمیشە لە کاتی نوێژکردندا بەدەر دەکەوتن، باشترین گەواهیدەرن»، هەروەها لەبەرئەوەی خۆشدەویست، چونکە لە ئاین قووڵ بووبووەوە و لە کاتی نوێژکردنیشدا دەوەستا و بەمانای وشە لەگەڵ پەروەردگاردا دەژیا، دەستەکانی گرێ دەدان و لەسەر دڵی دادەنان و بەتەواوی کڕنۆشی دەبرد و سەری دادەنواند، تاکو ئەوی ببینێت بزانێت ئەگەر ئاگر بەربووەوە، یاخۆ تەقە بەتەنیشتییەوە کرا، ئەوا بۆ ساتێک چییە نوێژەکەی نابڕێت، تەها چەندە بەئاواتەوە بوو وەک

خالد بڕوای بەتین بێ و ئیسلامی خۆشبوێت. دۆستایەتییان هێند توندوتۆڵ بوو، دەردی دڵیان بۆ یەکتر ئاشکرا دەکرد و نهێنییان دەگۆڕییەوە، لەسەر ئەوەی ڕۆژانە بەچاوی خۆیان دەیان دی لە هەڵەشەیی و ڕابواردنی هەندێک لە هاوپۆلەکانیان و پشتکردنیان لە ئاینی ڕاستەقینە و خۆ ڕازاندنەوەی ئەو کیژە خوێندکارانەی هەینێ بۆ زانکۆ دەهاتن، دەتگوت بۆ ئاهەنگی سەماکردن دەچن.

خالد تەهای هاوەڵی بەهاوەڵانی لە شاری زانکۆیی ناساند:

لادێیین، دڵیان باشە و خواناسن و هەموویشیان کوڕە هەژارن.

وای لێ هات تەها ئێوارەی گشت پێنجشەمووانێک سەری لێ دەدان، نوێژی شێوانی لەگەڵ دەکردن و لەگەڵیاندا دەمایەوە، دەمەتەقێیان دەکرد و خەریکی گفتوگۆ دەبوون، ڕاستییەکەشی سوودی زۆری لەم گفتوگۆیانە بینی، بۆ یەکەمین جاریش تێگەیشت کۆمەڵگەی میسری کۆمەڵگەی نەزانییە نەک کۆمەڵگەی ئیسلامی، چونکە دەسەڵاتدار دەستووری خوا لە کار دەخا و بەبەرچاوی خەڵکەوە ئەرکەکانی یەزدان پێشێل دەکەن و یاسای دەوڵەتیش ڕێ بەخواردنەوە و زینا و سووخۆری دەدات، هەروەها مانای کۆمۆنیزمیشی زانی، کە چەند دژ بەئاینە، جگە لە زانینی ئەو تاوانە گەورانەی ڕێژیمی عەبدولناسر دەرهەق بەبرایانی موسوڵمان "اخوان المسلمین"ی کردوون، لەگەڵیشیاندا کتێبەکانی ئەبی ئەعلای مەودوودی و سەید قوتب و یوسف قەرەزاوی و ئەبی حامد غەزالیی خوێند..

دوای چەند هەفتەیەک ئەو ڕۆژە هات، دوای شەومانەوەیەکی خۆش و دڵگیر لەگەڵ دۆستانی شاردا، هەستان بەخدێی خۆیان بەرێی بکەن، لەبەر دەرگە خالد عەبدولڕەحیم کتوپڕ لێی پرسی:

– نوێژی هەینیت لە کوێ دەکەیت؟

– لە مزگەوتێکی بچووک نزیک ماڵی خۆمان.

خالد لەگەڵ برایاندا سەرنجەکانیان گۆڕییەوە، پاشان بەکەیفخۆشییەوە گوتی:

– گوێ بگرە تەها، بڕیارم دا خێرێکم لە تۆوە دەست بکەوێت.. سبەی سەعات دە لە گۆڕەپانی تەحریر لە بەرابەر چایخانەی عەلی بابا چاوەڕێم بکە.. پێکەوە لە مزگەوتی ئەنەسی کوڕی مالک نوێژ دەکەین و بەپشتیوانیی خوا بەجەنابی شێخ شاکرت دەناسێنم.

***

بەر لە بانگی هەینی بەدوو سەعات، مزگەوتی ئەنەسی کوڕی مالک تەواو سیخناخ بوو لە نوێژکەران، سەرجەمیان لە خوێندکارە ئیسلامییەکان بوون، هەندێکیان کراس و پانتۆڵیان لەبەردا بوون، زۆربەشیان بەجلی پاکستانییەوە بوون:

دیشداشەی سپی، یاخۆ شین، دەگەیشتە خوار ئەژنۆ، ژێریشی پانتۆڵێک بوو لە هەمان ڕەنگ، سەرپێچێکی سپییش لچکێکی بەپشت ملدا شۆڕ بووەتەوە، ئەمانە گشتیان لە دڵپابەندانی شێخ محەمەد شاکر و پێڕەوکەرانی بوون، ڕۆژانی هەینی زوو بۆ مزگەوت دەهاتن، تاکو بەر لە قەرەباڵغ بوون شوێن بگرن، ئەو کاتەشیان بەیەکتر ناسین و خوێندنی قورئان و وتووێژی ئاینی دەبردە سەر، بەرە بەرە هێند زۆر بوون شوێنەکە نەیدەگرتنە خۆ، بۆیە بەرپرسانی مزگەوت بەدەیان مافووریان دەرکرد و لە گۆڕەپانەکەی بەرابەر مزگەوت ڕایان خستن. ئیتر بەیەکجار پڕ بوو لە نوێژکەران، تا وای لێ هات هاتوچۆ بەتەواوی وەستا، تەنانەت ژوورۆچکەکەی بان، کە تایبەت بەکچە قوتابییەکان بوو، هەرچەندە لە چاو بەدوور بوو، کەچی ئەو دەنگە دەنگەی لێوەی دەهات نیشانەی ئەوە بوو، کە تا ئەوپەڕی قەرەباڵغە.

مایکرۆفۆنی مزگەوتەکە کرایەوە، زیکەیەکی توندی لێوە هات، پاشان

دەنگەکە ساف بوو، یەکێک لە قوتابییەکان بەدەنگێکی خۆشەوە کەوتە قورئان خوێندن، خوێندکارەکانیش بەدڵ و بەگیان گوێیان بۆ ڕادێرابوو، کەشێکی ئەفسانەیی و ڕاستگۆیانە و خاوێن بوو.

ئەو دیمەنە سەرەتاییە مەزنە بەتەنگ دنیا نەهاتنە، ڕۆژانی یەکەمی ئیسلامی بەهزردا دەهێنایەوە، لەپڕ هاواری "لا إله إلا الله" و "الله اکبر" بەرز بووەوە، خوێندکارەکان ئاپۆڕەیان بەست و هەستان، تاکو دەستی شێخ شاکر بگووشن.

شێخ شاکر لە دەوروبەری پەنجا ساڵی دەبوو، باڵای مامناوەندی و ڕیشێکی تەنکی خەنەیی دانابوو، ڕوویەکی جوان و دوو چاوی کاریگەری گەورەی هەنگوینی، جلێکی لە شێوەی قوتابییەکان، کە دوگمەکانی سەرەوەی ڕەش بوون، لەبەر دەکرد..

زۆربەی زۆری خوێندکارانی ئاپۆراکەی دەوروبەری دەناسی، تەوقەی لەگەڵدا دەکردن و باوەشی لێ دەدان و لە حاڵوباڵیانی دەپرسی. چەند ساتێکی برد تا لە دوانگەکە سەرکەوت، سیواکێکی لە بەرکی دەرهێنا و لە دەمی ژەند، پاشان ناوی خوای هێنا و لە گشت لاوە دەنگی "الله اکبر" بڵند بووەوە و مزگەوتەکەی هێنایە لەرزین، شێخ بەدەستی ئاماژەی کرد و دەمودەست کپ و هێمن بوونەوە، بەسوپاسبژێری بۆ خوا و پیا هەڵدانی، دەستی بە گوتارەکەی کرد، پاشان گوتی:

– کوڕان و کچانی خۆشەویست..

ئومێدەوارم هەر یەکێک لە ئێوە ئەم پرسیارە لە خۆی بکات:

مرۆڤ چەند ساڵ لەسەر ئەم دنیایەدا دەژێت؟!... وەڵام:

تەمەنی مامناوەندیی بنیادەم لە باشترین دۆخدا لە ٧٠ ساڵ تێپەڕ ناکات.. ئەگەر لەم ماوەیە ورد بینەوە دەبینین گەلێک کورتە.. هەروەها ڕێی تێدەچێت تووشی نەخۆشی، یاخۆ ڕووداوێک ببێ و بمرێت. ئەگەر چاو بەناو

ناسـیـاو و هـاوەڵانتـدا بگێـڕیت، دەبینیت زیـاد لە کەسـێک لە تەمـەنی لاویدا کتـوپڕ گیـانیـان لـەدەست داوە، هەمـوو ئـەوانەش کە لە گـەنجیـدا مـردوون، هـەرگیـز ئەوەیان بەمـێشکدا نەهـاتووە، کە دەمـرن.. ئەگـەر زیادیش بیـری لێ بکەینەوە، دەبینین ئادەمیزاد سەرپشکی دوو شت کراوە و سێیەمی نییە:

یان هـەموو هـەوڵ و کۆششـی بۆ ئەم ژیانە کورتەی دنیای فانی بخاتە گەڕ، کـە ڕەنگە لـە هـەر کـاتێکدا بێت بێ ئەوەی بـەخـۆی بزانێت لـەدەسـتی بدات، وەکو ئەو پیاوەی ویسـتی مـاڵێکی خـۆش و دڵگیر بۆ خـۆی بنیـات بنێت، چوو لە لـی دەریا دروسـتـی کـرد، بەمــەش مـاڵەکـەی لە هـەمـوو سـاتێکدا لـەژێر هـەڕەشـــەی شـــەپۆلـە تووڕەکـــانی دەریـادا بوو، نـەکــو بێ و بەئـاســـانـی بیرووخێنێت، ئەمە هەڵبژاردنی سەرنەکەوتووە.

هـەرچی هەڵبـژاردنی دووەمـە، کـە خـوای مـەزنمان بانگـمـان بۆی دەکـات، دەبێت مـوسـڵـمـانـان ئەم دنیـایە وەکو قـۆناغێکی کورت و ڕاگـوزەر لە ژیانی نەمری ڕوحدا تەمـاشا بکەن، ئەوی ژیانی بەم مـانـایەوە بباتە سـەر، ئەوا ئەم دنیــا و ئـەو دنیــاش دەباتـەوە و هەمـیــشــە دڵـخــۆش و ئاســوودەیە، ئازا و چاونـەترســـە و لـە پەروەردگـــاری مـــەزن نەبێت لـە کـــەس سڵ نـاکـــاتەوە. خواپەرستی ڕاستەقینە مردن نایتۆقێنێت، چونکی بەکۆتایی بوونی دانانێت، هەر وەک مــاددییـەکــان بۆی دەچن، بەڵکو مــەرگ لەلای خـواپـەرست تەنیـا گواسـتنەوەی ڕوحە لـە جەسـتـەی فـانییـەوە بۆ ژیانی هـەتا هـەتایی، ئەم بڕوا ڕاسـتەقینەیە وای لە چەنـد سـەد خـواپەرسـتێکی سەرەتای سـەرهەڵدان کرد بەسـەر سوپـای ئیمپراتۆرییەتـە مەزنەکانی ئەو سـەردەمەدا سـەربکەون، وەکو فارس و ڕۆمەکان، ئەم مـوسڵمانە سادە و ساکارانە بەپشـتیوانی هێزی بڕوا و خۆشـەویستیی ڕاسـتەقینەیان بۆ مردن، لـە پێناوی خوا و ڕقی قـووڵیان لە خـۆشـی و ڕابواردنەکـانی دنیـای ڕۆیندەدا "زائل"، لـە بەرزکـردنـەوەی ئاڵای ئیسلام لە سەرتاپای جیهاندا سەرکەوتنیان بەدەست هێنا.

خـوا له پێناوی بـەرز و پیـرۆزڕاگرتنی ناوی خـۆیدا، جیـهـادی بەسـەردا سـەپاندووین. جیـهـاد وەکـو نوێژ و ڕۆژوو ئەرکـێکی ئیـسـلامـیـیـه، بەڵکو جیهادکردن له هەموو ئەرکەکان گرینگترە، بەڵام فەرمانڕەوا گەندەڵەکان، ئەوانەی هـەڵپـەی پارە و چێـژن، ئەوانە بەیارمـەتیی زانا دووڕووەکـانیـان له سـەردەمی داتەپیندا حوکمی جیـهـانی ئیـسـلامـییـان کردووە، بەئەنقەست جیـهـادیـان له ئەرکەکانی ئیسـلام دوورخسـتووەتەوە، چونکه درکیـان بەوە کـردووە ئەگـەر خـەڵکەکە بەجیـهـادەوە پێـوەند بن، ئەوا له دواییـدا بەسـەر خـۆیانـدا ئاوەژوو دەبێـتـەوە و تـەخت و تاراجیـان لەدەست دەدەن، بەم ئاوایە "بەرەتکردنەوەی جیهاد" ئیسلام له مانا ڕاستەقینەکەی خۆی بەتاڵ کرایەوە و ئەم ئاینه مـەزنەمان بۆ کۆمەڵێک سرووتی بێ مـانا گۆڕدرا، کـه موسـڵمـان وەکـو یاریی وەرزشی، کـه تەنیـا کۆمـەڵێک جـووڵەی جەسـتـەیی بێ ڕوحن، ئەنجامیان دەدات.

کاتێک مـوسـڵمانەکان جیهادیان وەلا نا، بوونه کۆیلـەی دنیا، بەتەنگییەوە بوون و له مـردن دەتۆقین و ترسنۆک بوون، بۆیە دوژمنانیان بەسـەریاندا زاڵ بوون و ملیـان پێ کـەچ کـردن. پەروەردگـاریش نوشـوسـتی و دواکـەوتن و هەژاریی بۆ برینەوە، چونکه پەیمانی یەزدانی مەزنیان شکاند.

ئەی کوڕان و کچانی خۆشەویست..

فـەرمـانڕەواکـانمان وا ڕادەگـەیەنن گـوایا پێـڕەوی دەسـتـووری ئیـسـلام دەکەن، له هـەمان کاتیـشدا جـەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە بەدیموکراسی دەمـانبـەن بەڕێوە.. خـوا بەخـۆی دەزانێت چەندە درۆ دەکـەن. دەسـتـووری ئیـسـلامی لەم وڵاتە مـاڵوێرانـەی ئێـمـەدا له کـار کـەوتووە، ئێـمـە بەیاسـای فـەرەنسـای عـەلمانی دەبرێـین بەڕێوە، کـە ڕێ بەمـەیخـواردنەوە و زینا و نەسـرۆییش دەدات، مـادامـەکی هـەردوو لا ڕازین، بەڵکو دەوڵەت خـۆی له قـومـار و مـەیفرۆشی سـوود دەبینێت، پاشـان ئەو پارە حـەرامـه له شـێوەی

مـووچە بەمـوسـڵـمـانان دەدات، بۆیـە نەفـرەتی حـەرامـیـان بەر دەکـەوێت و خـوایـش بەرەکـەت لە ژیـانیـان دەکـێـشـێـتـەوە، ئەو دەوڵەتە دیموکـراسـیـیـەی بانگەشـەی بۆ دەکەن، سـاختـەکاری لە هەڵبـژاردنەکاندا دەکـات و کـەسـانی بێـتـاوان دەگرێت و ئەشکەنجـەیان دەدات، تاکو ئەو تاقـمـە دەسـەڵاتدارە تا سـەر بەردەوام بن.. ئەوانە درۆ دەکـەن، درۆ دەکـەن، درۆ دەکـەن، دەیانەوێت بڕوا بەدرۆ و دەلەسـەکـانیـان بکەین.. ئەوەتا ئێـمـەش بەدەنگی بەرز و بڵند پێیان ڕادەگەیەنین.. نامانەوێت کۆمەڵگەکەمان سۆسیالیستی و دیموکراسی بێت.. دەمانەوێت ئیسـلامی و ئیسلامی بێت.. تێدەکۆشین و بەسەر و ماڵەوە ئامـادەین، هەتاکو میسر دەگەڕێتـەوە سەر ئیسلام.. ئیسلام و دیموکراسی دوو دژن هەرگـیـز پێکەوە هـەڵناکـەن.. چۆن ئـاو و ئاگـر، یاخـۆ ڕووناکی و تاریکی پێکەوە کۆ دەبنەوە؟

دیموکراسی واتا خـەڵک خۆیان فـەرمـانڕەوایی خـۆیان بکەن، ئیسلامیش جگە لە فەرمـانڕەوایی خوا هیچ شـتێکی تر نازانێت، دەیانەوێت دەسـتووری پەروەردگار بخەنە بەردەم ئەنجوومـەنی گەل، تا جەنابی نوێنەران بڕیار بدەن داخـۆ دەسـتووری خوا بۆ پیادەکردن دەشـێت، یاخـۆ نا؟.. "وشـەی گـەورە لە زاریان دەردەچێت و قسەکانیشیان درۆن".. دەستووری پەروەردگار وتووێژی لەسەر ناکرێ و ناشێت پێیدا بچنەوە، بەڵکو گوێڕایەڵیی دەکرێت و یەکسەر بەجێ دەگەیەنرێت، ئەگەرچی ڕقئەستوورانیش پێیان ناخۆش بێت.

ڕۆڵەکـانم وەرن با پێکەوە جـێی خـوا لـە دڵدا بکـەینـەوە، ئێـمـەش لەم کـۆبوونەوە پیـرۆزەمـاندا بەڵێن نوێ دەکـەینـەوە، کـە ئەم ئاینەی بۆ ڕزگـار بکەین، بـەهـەرچی شـتێک هـەمـانـە جـیـهـادی لە پێناودا بکـەین، ڕوحمـان لە ڕێیدا هەرزان بکەین، تاکو وشەی یەزدان بەبەرزی بمێنێتەوە..

هوتاف لێدان و "الله اکبر" بڵند بووەوە، شـێخ لە قسـەکردن وەستا، تاکو ئارام بوونەوە ئەو هەر سەری دانەواندبوو، پاشان گوتی:

– ڕۆڵەکانم..

ئەرکی لاوانی موسڵمان لە ئەمڕۆدا ئەوەیە، بەچەمکی جیهاددا بچێتەوە و بیخاتەوە هزر و دڵی موسڵمانانەوە، هەر ئەمەشە زراوی ئەمەریکا و ئیسرائیل و فەرمانڕەوا ناپاکەکانمانی بردووە، ئەوان تۆقیان لە ڕابوونی گەورەی ئیسلامی چووە، کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە وڵاتماندا توندتر و بەهێزتر دەبێت، کۆمەڵە موجاهیدێکی کەم لە حزبوڵا و بزووتنەوەی حەماس توانییان ئەمەریکای زەبەلاح و ئیسرائیل، کە شکستیان بۆ نییە ببەزێنن، لە کاتێکدا لەشکری بێ شوماری عەبدولناسریان تێک شکاند، چونکە بەدنیا شەڕی کرد و دینی بیر چووەوە.

پاشان خرۆشانی شێخ گەیشتە ڕادەیەک هوتافی کێشا:

– جیهاد، جیهاد، جیهاد.. ئەی نەوەکانی ئەبو بەکر و عومەر و خالد و سەعد.. ئەمڕۆ هیوای ئیسلام بەئێوەوە بەندە، وەک چۆن ڕۆژانێک بەباوباپیرانی مەزنتانەوە بەند بوو.. لە ڕێگەی خوادا بجەنگێن و ئەم دنیایە سێ بەسێ تەڵاق بدەن، وەک چۆن ئیمامی عەلیی کوڕی ئەبوتاڵیب خوا لێی ڕازی بێت، تەڵاقی دا.

خوا چاوی لێتانە تاکو بەڵێنەکەتان بەجێ بگەیەنن، بڕواتان پتەو بێ و پاشگەز نەبنەوە، ئەگینا زیان دەکەن.. بەملیۆنان موسڵمان، کە داگیرکەری زایۆنی سەری پێ شۆڕکردوون و نامووسی حەڵاڵ کردوون، هانا بۆ ئێوە دەهێنن، تا ئابڕووی تکاویان بۆ بگەڕێننەوە.

ئەی لاوانی ئیسلام، ئەم زایۆنیستانە لە حەوشەی مزگەوتی ئەقساتان مەست دەبن و زینا لەگەڵ لەشفرۆشاندا دەکەن.. ئەی ئێوە چیتان لەدەست دێت؟

شڵەژانی خوێندکارەکان لە زیادبووندا بوو، یەکیان لە ڕیزی پێشەوە ڕاست بووەوە و بەلای ئاپۆراکەدا وەرسووڕا و کەفوکوڵی هێند بەهێز بوو، بەدەنگی پچڕاوەوە هوتافی کێشا:

– ئیسلامیی ئیسلامیی.. نەڕۆژهەلاتی و نەڕۆژئاوایی..

بەسەدان کەس لە دوایەوە دەیانگوتەوە، پاشان گشت خوێندکارەکان یەکدەنگ و بروسک ئاسا سروودی جیهادیان گوتەوە.

بەدەیان هەڵهەڵە لە ژوورۆچکەی کچە قوتابییەکانەوە دەهات، شێخ شاکر حەماسی بەرز بووبووەوە و دەنگی لێ هەڵبڕی:

– بەیەزدانی مەزن من ئەم شوێنەم هێند بەخاوێن و پیرۆز دێتە بەرچاو هەست دەکەم چواردەوری بەفریشتە تەنراوە، بەو خوایە دەوڵەتی ئیسلامیتان لەگەڵدا دەبینم، کە چەندە بەهێز و بەشکۆیە، دوژمنانی نەتەوەی ئیسلامیش دەبینم لە ترسی بڕوای بەتینتان زەندەقیان چووە، دەسەلاتدارە ناپاکە دووڕووەکانیشمان، نۆکەرانی ڕۆژئاوای خاچپەرست، پشت بەخوا کۆتاییی دادپەروەرانەی خۆیان بەدەستی پاقژی هەمیشە بەدەستنوێژی ئێوەوە دەبینن.

پاشان نوێژی دابەست و بەسەدان خوێندکار لە دوایەوە ئاپۆڕەیان بەست، ئەویش بەدەنگێکی خۆشی کاریگەرەوە سوورەتی ئال عومرانی بۆ خوێندنەوە:

وەناو خوا کە دەهەندە و دلۆڤانە

تا دوو ڕووگەلیش بناسێ: پێیان وترا: ئێوەش وەرن لە ڕێی خوا غەزا بکەن، یان ببنە هێزی بەرگری. گوتیان: ئەگەر بن زانیبا شەڕ و بەسەردا سەپاوە، دیارە وەدوووتان دەکەوتین. ئەوێ ڕۆژێ لە بێدینی نزیکتر بوون تا لە باوەڕی بەخوا. ئەو شتانەی بەدەم دەیلێن، ئەوە نییە کە ڕازە و لە دڵیاندایە: خوا لەوەی دەیشارنەوە ئاگەدارترە. ئەوانەی کە خۆیان نەچووبوونە غەزا، لەمەڕ هاوەلانیان دەگوت: ئەگەر بەقسەیان کردبایین نەدەکوژران. بێژە: سا ئەگەر ڕاست دەکەن، خۆ لە مردن بپارێزن. ئەو کەسانەی لە ڕێی خوادا کوژراون، هەرگیز نابێ بەمردوویان حیساب بکەن: هەر زیندوون و خوا

بژێویان دەداتێ: دڵیان خۆشە بەو چاکەیە کە خوا دەربارەی کردوون. شادن بەوەش کە ئەوانەی وا نەگەیشتوونە ئەمان و بەجێ ماون، هیچ ترسێکیان لەسەر نابێ و هیچ خەمێکیان لەبەر نابێ.

دڵیان خۆشە بەنیعمەتی خوا و زیادە بەشانەی ئەو. بەوەش کە خوا پاداشی باوەڕدارەکان ون ناکا. ئەو کەسانەی کە لە پاش بریندار بوونیش فەرمانی خوا و پێغەمبەریان بەجێ هێنا، بۆ ئەوانیانە وا کاری چاکیان کرد و لە خوا ترسان، پاداشێکی گەورە هەیە.

ئەو کەسانەی پێیان وتن: گەلە کۆمەگیو لێ کراوە و بەپانەوە دێنە سەرتان، ئەشێ ترسوو لێیان هەبێ: باوەڕیان بەهێزتر بووە و گوتیان: ئێمە هەر خوامان بێ بەسمانە و چاکترین پشت و پەنامان تەنیا ئەوە. هاورێ دەگەڵ نیعمەت و چاکەی خوادا – بێ ئەوەی تووشی زیان بن – گەڕانەوە و هەڵوەدای ڕەزای خوا بوون: هەر خواشە چاکەی گرینگی بەدەستە.[1]

"خوا ڕاستی فەرمووە"

***

هەر ئەوەندەی لە نوێژ بوونەوە خوێندکارەکان هوروژمیان هێنا، تا تەوقە لەگەڵ شێخدا بکەن، پاشان لە حەوشەی مزگەوت چوار چوار لێی دانیشتن، خۆیان بەیەکتر دەناساند و قورئانیان دەخوێند و قسەیان لەسەر دەکرد، لەودیو دوانگەکەوە شێخ شاکر لەسەرەخۆ لە دەرگە بچووکە نزمەکەوە بەرەو نووسینگەکەی ڕۆیشت، کە جمەی دەهات لە خوێندکاران، هەر یەکە و بەبۆنەیەکەوە دەیویست بیبینێت، ئەوانی لەوێ بوون بەرەو لای ملیان نا و باوەشیان لێ دا، هەندێکیان دەیانویست دەستی ماچ بکەن، کەچی ئەو بەتوندی دەستی کشاندەوە. دانیشت و بەبایەخەوە گوێی بۆ کێشەی هەر

(١) وەرگێڕانی ئەم چەند ئایەتە و ئەوانی تریشم دەقاودەق لە: وەرگێڕاوی قورئانی پیرۆز – مامۆستا هەژار – وەرگرتووە. (و)

خــوێندکــارێک ڕادەگــرت، هەندێک چرپە چرپیـــان دەکــرد و دوای ئەوە خوێندکارەکە دەڕۆیشت.. لە کۆتاییدا تەنیا چەند خوێندکارێک مانەوە، خالد عەبدولڕەحیم و تەها شـازلیشـیان لەگەڵدا بوون.. ئەمـانە زۆر لە شـێخـەوە نزیک بوون، ئاماژەی بـەیەکێکیـان دا، هەسـتـا چوو دەرگەی نـووسـینگەکەی بەسورگی داخست.. خوێندکارێکی کەتەی ڕیش درێژ دەستی بەقسـان کرد، بەدەنگێکی شێلگیرانەی بڵندەوە بەشێخی گوت:

– مەولانا، ئەمە شەڕفرۆشتن بەئاسایش نییە.. ئەوان دەستدرێژییان کردە سەرمان، هاوەڵەکانمانیان بەبێ تاوان لە ماڵی خۆیان گرتووە و لە زیندانیان پەسـتـاون.. هەمـوو ئـەوەی داوای دەکـەم تەنیـا نـاڕەزایـی دەربڕینێکە بەهەر شـێـوەیەک بێت.. مـانـگرتن، یاخـۆ خـۆپێـشـانـدان لە پێناو بەردانـی برا گیراوەکانمان.

خـالد بەبن گوێی تەهایدا چرپـانـد و ئاماژەی بە خـوێندکارە تێکسمڕاوەکە دا:

– تاهیری برامان.. ئەمیری کۆمـەڵە لە زانکۆی قاهیرەدا.. خوێندکاری دوا قۆناغی کۆلێجی پزیشکییە.

شـێـخ گـوێی بۆ قـسـەکـانی لاوەکـە ڕادێرا، پـاشـان کـەمـێک تێـفکری و بەهێمنی و زەردەخەنەوە، کە هەمیشە بەلێوییەوە بوو، گوتی:

– کــارێکی بـاش نـاکــەین ئەگــەر لەم کــاتـەدا دار بەشـــارە زەردەواڵەی ئـاســـایشـــدا بکەین، ڕێژیم بەهـاوپـەیمانـی کــردن لـەگـــەڵ ئەمـــەریکا و زایۆنیـسـتـەکاندا بەبیـانووی ڕزگـارکردنی کـوێت تێوە گـلاوە.. دوای چەند ڕۆژێکی کـەم جـەنگێکی کـافـرانەی پڕ لە سـتـەم هەڵدەگـیرسـێت، تێـیـدا موسڵمـانە میسرییەکان بەڕابەریی ئەمەریکا برا عێراقییـەکانیـان دەکوژن، ئەوسـا خـەڵکەکـە لە حکوومـەتی مـیسـری هەڵدەگەڕێنەوە و پشت بەیەزدان بزووتنەوەی ئیسـلامی ڕابەرایەتیـان دەکات.. وا بزانم ئێسـتـا تێگەیشـتیت کـوڕی من.. ئـاسـایشـی دەوڵـەت گـێـچـەڵمـان پـێ دەکـەن، بەو مـەبەسـتـەی

وەڵامـیـان بدەینەوە و بـەهانەیان بـدەینە دەسـت، تاكـو گـورزی كـوشـندە لە ئیسلامـییـەكان بسـرەوێنن. لەگوتارەكەی ئەمـڕۆدا تێبینیی ئەوەت نەكرد من بەگشتـی لەسـەری ڕۆیشتـوومـە و بەڕاشكاوانە باسـی جەنگی چاوەڕوانكراوم نەكردووە؟!.. چونكە ئەگەر هێرشم بكردایەتە سـەر چوونە پاڵی میسر بۆ ناو هاوپەیمانییـەكە، ئەوا سـبـەی مزگەوتەكەیـان دادەخسـت، منیش پێـویسـتم بەمزگەوتەكەیە، تاكو گەنجان كۆ بكەمـەوە بۆ ئەو كاتەی جـەنگ دەست پێ دەكات.. نا كوڕی خۆم.. ئاقڵی نییە ئێستاكێ زەفەرمان پێ بەرن.

لێیان بگەڕێ با برایانی موسڵمـانمان بەپێش قەرەوڵیی زایۆنیستە لە ئاین دەرچووەكان لە عێراق بكوژن، ئەوسـا بەچاوی خۆت دەبـینی بەپشـتیـوانیی خوا چی دەكەین.

– كێ پێی گوتیت تا جـەنگ دەست پێ دەكات ئەوان لێمـان دەگەڕێن؟.. ئەم باوەڕ بەخـۆبـوونەت لە كـوێوە هـێنا؟ ئەمـڕۆ بیـسـت لە ڕابەرانی بزووتنەوەی ئیسـلامـییـان گرتـووە، سـبـەینێش ئەوانی تر دەگرن ئەگەر بـەرهـەڵسـتـییـان نەكەین.

كوڕە لاوەكە بەم ئاوایە بەتوندی بەرپەرچی دایەوە، كشومـاتی دای گرتن و شڵـەژانێكیـان پێـوە دیار بوو. شـێخ نیگایەكی سـەرزەنشـتكارانەی لە لاوەكە گرت و بەهەمان هێمنییەوە گوتی:

– لە خـوا دەخـوازم ڕۆژێك بێت لەو توند تەبـیعـەتییـەت ڕزگار بیت كـوڕم.. خـاوەنبـاوەڕی تەواو ئـەوەیە لە كـاتی تووڕەبووندا خـۆی لەدەست نەدات، هەر وەك چۆن خـۆشـەویسـتـمـان دروودی خـوای لەسـەر بێت فـێری كـردووین.. دەزانم خـۆشـەویسـتـیت بۆ براكـانت و ویژدانت بۆ ئاینەكـەت بـەرەو ئەم تووڕەییـەت دەبـەن، كوڕم من دڵنیـات دەكەمەوە و بەیەزدانـی مەزن سـوێندت بۆ دەخـۆم، پشت بەخـوا دەبێت زەبری كـوشـندە لەم ڕێژیمە كـافـرە بدەین، بەڵام لە كاتی شیاودا.

بۆ ساتێک شێخ بێدەنگ بوو، پاشان بەوردی لەو کوڕە گەنجە ڕاما و درێژەی پێ دا:

- ئەمە دوا قسەمە.. بەپەنای خوا هەوڵەکانم بۆ ئازادکردنی گیراوەکان بەگەڕ دەخەم، سوپاس بۆ خوا دۆستمان لە هەموو شوێنناندا هەن.. هەرچی مانگرتن و خۆپێشاندانیشە، ئەوا لەم قۆناغەدا من ڕام لەسەریان نییە.

کوڕە لاوەکە سەری داخست و دیاربوو بەئازارەوە بێدەنگ بوو، هێندەی نەبرد ڕوخسەتی ڕۆیشتنی خواست و تەوقەی لەگەڵ ئامادەبووان‌دا کرد، کاتێک گەیشتە لای شێخ، بەسەریدا نوشتایەوە و دووجار سەری ماچ کرد، وەک ئەوەی کاریگەریی مشتومڕەکەیان بسڕێتەوە، شێخیش بەبزەیەکی دۆستانە و هاوخەمانەوە دای بەسەر شانیدا، پاشان خوێندکارەکان یەک لە دوای یەک ڕۆیشتن، جگە لە تەها و خالد عەبدولڕەحیم کەس لەوێ نەمابوو، خالد لە شێخ نزیک بووەوە و گوتی:

- مەولانا.. ئەمە تەها شازلیی هاوەڵمە لە کۆلێجی ئابووری، کە لەبارەیەوە قسەم بۆ کردیت.

شێخیش بەخێرهاتنی کرد و گوتی:

- بەخێربێی، بەخێربێی.. چۆنی کوڕی خۆم؟ زۆر شتم لە خالدی هاوەڵتەوە لەبارەی تۆوە بیستووە.

***

شەڕ و پێکدادان لە پۆلیسخانە توندتر بووەوە..

حامد حەواس لە کۆنووسی فەرمی (المحضر الرسمي) مەلاک خلەی بەدەست بەسەرداگرتنی ژوورەکە تاوانبار کرد و داوای کرد ڕەوانەی دادگای بکەن. مەلاکیش لای خۆیەوە، وێنەیەکی لە گرێبەستی ژوورەکە بەکۆنووسەکەوە هاوپێچ کرد و مکوڕ بوو لەسەر نووسینەوەی کۆنووسێکی تر، تێیدا حامد حەواس و عەلی شوفێری بەهەڵکوتانە سەری و لێدان

تاوانبـار کردن، هەروەها داوای سەلماندنی برینداریيـەکەيشی کـرد. لەگەڵ پۆلیسێکدا ڕەوانەی نەخۆشخانەی ئەحمەد ماهریان کرد.

بەڕاپۆرتێکەوە گـەڕایەوە، کە هـاوپێـچی کۆنـووسـەکـەیان کـردبوو، عـەلی شـوفـێر بەتـەواوی نکووڵی لە دەسـتـدرێژیکردنـە سـەر مـەلاک کـرد و بەوەی تاوانبار کرد، کە بریندابوونەکەی لە دەسهەڵبەست زیاتر هیچ نییە.

ئەمـە دەربارەی کێبـەرکێی یاسـایی، هەرچی شـەڕی مـانـەویشـە "مـعنوی" هەمـوویان پیـادەیان کـرد، هەر کـەسـە و بەڕێگەی خـۆی، حـامـد حـەواس بۆ سـاتێک چیـیـە لە بەڵگە هێنانەوەی یاسـایی لـەبارەی سـوودی گـشـتـیی دانیشـتوانەوە نەوەسـتا، ئەمـەش بەپشتگیـری بڕیاری دژ وەسـتـانەوە.. کەچی هـاتوهـاواری ئەبسـەخـرۆن بەرز بووەوە و لە ئـەفسـەرەکە دەسـتی بەپاڕانەوە کرد و دیشـداشەکەی هەڵدایەوە "لە کـاتی تەنگانەدا ئەمە ئاکـاری بوو" و لاقە براوەکەی دەرهێنا و دەستی بەهـاوار کرد:

– بەزەیی گـەورەم، بەزەیی.. دەمـانـەوێ کـاسـبی بکـەین، کـەچی وەدەرمـان دەنێن و تێمان هەڵدەدەن.

هەرچی مـەلاک بوو، نواندنـەکەی لـە پۆلیسـخـانـە دەگـمـەن و بێ هـاوتا بوو، ئەو زوو درکی بـەوە کـردبوو، کـە ئەفـسـەرە پۆلیـسـەکـان هەر هـاووڵاتیـیـەک لەسەر بنەمای سێ شت هەڵدەسەنگێنن:

دیمەن و پیـشـە و شـێـوازی قسـەکـردنی.. بەپێی ئەم هەڵسـەنگـاندنەش لە بەشی پۆلیس ڕێز لە هاووڵاتی دەگیـرێت، یاخـۆ ڕیسـوا دەکرێت و دارکـاری دەکەن. لە کـاتێکدا جلە میللیـیەکەی مـەلاک هیچ کەشـاکێکی تایبـەتی لای ئەفسـەرەکـان جێ نەدەهێشت، هەروەهـا پیشـەکەی وەکو کـراسـدروو بەپێی پێـویست ڕێزی پێ نـابەخـشێت، هیچ نەمـایەوە جگە لە شـێـوازی قسـەکـردن نەبێت.. ئا لێـرەوە مـەلاک وا ڕاهـات، ئەگـەر بـەهەر هۆیەکـەوە بێت بچـێـتـە بەشی پۆلیسەوە، یـەکسـەر دیمەنی خـاوەنکارێکی سـەرقـاڵ بەئیـشـی بەپەلە و

ترسناک بگرێتە خۆ و وابنوێنێت زۆر چارەسە بەلەکارخستنی بەم شێوەیە، هەروەها بەزمانێکی نزیک لە پەتی لەگەڵ ئەفسەرەکاندا بدوێت، تا وایان لێ بکات دوودڵ بن لە بەنزم تەماشاکردنی. ئیتر هەر قسەیەکی دەکرد، پاشان بەجەخت لەسەرکردنەوە بەرووی ئەفسەرەکەدا دەیشیراند:

– جەنابت بەخۆت دەزانیت، هەروەها منیش دەزانم.. قۆمیسەر بەگیش هەر ئاگای لێیە و جەنابی بەڕێوەبەری ئاسایشیش بێ ئاگا نییە..

بەکارهێنانی زمانی پەتی لەگەڵ ناوبردنی بەڕێوەبەری ئاسایش «وەک ئەوەی نزیک بێ و بکرێت پێوەندیی پێوە بکرێت» شێوازێکی کاریگەر بوو، وای لە ئەفسەرەکان دەکرد بەنابەدڵییەوە لە سووکایەتی پێکردنی مەلاک بکشێنەوە.. ئەوەتان، ئەبسەخرۆن و مەلاک و حامد حەواس لە بەرابەر ئەفسەرەکەدا وەستاون لە هاوارکردن ناوەستن، لە پشتیشیانەوە عەلی شوفێری بەدەمەستە، دەڵێی کۆنتراباسژەنێکی بەتەمەنە، کە ڕۆڵی خۆی لە ژەنیندا بزانێت و بەدەنگە گڕە خنکاوەکەیەوە بەردەوام هەمان ڕستە بڵێتەوە:

– جەنابی بەگ، سەربانەکە ئافرەت و خێزانی لێیە، ناکرێت بەوە قایل بین هەرچی و پەرچی بێن هەستمان بریندارمان بکەن، ئەی جەنابی بەگ.

کابرای ئەفسەر لە ڕقاندا پیشی دەخواردەوە، ئەگەر لە ئەنجامەکەی نەترسایا، فەرمانی بەپۆلیسەکان دەدا فەلاقە و تێلاترێنیان بکەن.. کەچی لە کۆتاییدا لەسەر کۆنووسەکەی نووسی بیانبەن بۆ دادگە. ئەو ناکۆکیکارانە لە ژووری حەپسدا تا بەیانی مانەوە، هەینێ سەرۆکی دادگە بڕیاری بەوە دا، کە مەلاک مافی ئاکنجیبوونی لە ژوورەکەدا هەیە "زیان پێ کەوتووش با پەنا بۆ دادوەری ببات".

بەم شێوەیە مەلاک بەسەرکەوتوویی گەڕایەوە سەربانەکە، پاشان هەندێک پیاوباش هاتنە نێوانەوە و لەگەڵ هەردوو نەیارەکەیدا، عەلی شوفێر و حامد

حـەواس «کـە وای نیـشـان دا ئـاشت بووەتەوە، کـەچی لە سکالآنووسین دژ بەمـەلاک و بـەوردی شـوێنکەوتنی وازی نەدەهێنا» ئاشـتـیـان کـردەوە.. لێ بڕیاری دادگـە خـاڵی دەسـپـێک بوو بۆ مـەلاک، کـە لە مـاوەی هەفـتـەیەکـدا دیمەنی ژوورەکەی بەتەواوی گۆڕی:

ئەو دەرگـەیەی دەیبـردەوە سـەربانەکـە داخسـت و دەرگـەیەکی گـەورەی لە ژوورەکەی ناوەوە کـردەوە، پارچەیەکی پلاستیکیی گەورەی هەڵواسی بەپیتی عـەرەبی و لاتینی لەسـەری نووسـیـبـوو "کـراسـی مـەلاک"، لە ژووریشـەوە مـێزێکی گەورەی بۆ بڕین و چەند کورسییەکیشی بۆ مەعمیلەکان دانابوو، وێنەیەکی مریەمی پاکـیزە لەگەڵ وێنەی وتارێکی ئینگلیزی لەژێر سـەردێری "مەلاک خلە.. بەرگدروویەکی مەزنی میسرییە"، کە لە ڕۆژنامەی "نیویۆرک تایمز"ی ئەمەریکایی دەرهێنابوو، بەدیوارەوە هەڵواسین.

لەو وتارەدا ڕۆژنامـەنووسە ئەمەریکاییەکە لە لاپەڕەیەکی تەواودا باس لە دەسـتڕەنگینیی مەلاک لە کراس بڕیندا دەکات، لە ناوەڕاستی لاپەڕەکەشـدا وێنەیەکی گـەورەی مـەلاک داگیراوە، کـە فـیـتەکەش بەملیدا شـۆڕ بووەتەوە و ئەویش چـون ئاگای لـێ نەبێت یەکـێک وێنـەی بگرێت، مـژووڵی بڕینی پارچە قـومـاشـێکە. هـەر کـەسـێکیش پرسـیـاری ئەم وتارەی لێ بکردایا، مـەلاک بۆی دەگێڕایەوە کابرایەکی بیانی «پاشان دەرکەوت پەیامنێرێکی نیویۆرک تایمزە لە قـاهیـرە» بـەمـەبەسـتی دوورینی چەند کـراسـێک هـاتووەتـە لای، مـەلاک سـەیری پێـدا هـاتووە بۆ ڕۆژی دوایی گـەڕاوەتەوە لای و چەنـد وێنەگـرێکی بیانییشی لەگەڵدا بووە، هێند بەکراسبڕینەکەی سەرسام بوونە، لە سۆنگەی ئەوەوە ئەم بابەتەیان لەگەڵدا سـاز داوە.. مـەلاک بەشـێوەیەکی ئـاسـایی ئەم ڕووداوە دەگێڕێتـەوە، پاشان بەدزییـەوە چاویان تێ دەبڕێت، ئەگـەر بینییـانی بێتاقـەت و بەگومانن، ئەوسا دەیگواسـتەوە بۆ بابەتێکی تر «وەک ئەوەی هیچ نەبووبێت»، لێ ئەگـەر بڕوایان کـرد، ئەوا مـەلاک درێژەی دەداتێ و جـەخت لەسـەر ئـەوە دەکاتەوە کابرای بیانی "خەواجـە" پێی لەسـەر ئـەوە داگرت، هەر

دەبێت لەگەڵیدا بۆ ئەمەریکا بێت، تاکو لەوێ وەکو کراسدوور بەچەند دەیەوێت کار بکات. وەلێ، بێگومان ئەوەی ڕەت کردەوە، چونکە ڕقی لە دوورەوڵاتییە.. پاشان مەلاک بەبڕوا و شانازی بەخۆکردنەوە کۆتایی بەقسەکانی دێنێت و دەڵێت:

– دیارە.. لە دەرەوە هەموویان هەناسە بۆ کراسدرووییەکی زیرەک هەڵدەکێشن.

ڕووی ڕاستەقینەی ڕووداوەکەش ئەوەیە، بەسیونیی وێنەگر لە گۆڕەپانی عوتبە، لە توانایدایە بابەتێکی ڕۆژنامەوانی لە هەر ڕۆژنامەیەکدا چۆنیان بوێت، بۆ هەر کەسێک هەڵبەستێت، تێیدا قسە لەسەر دەستڕەنگینیی بکات:

ڕۆژنامەی عەرەبی بەدە جونەیه، ڕۆژنامەی بیانییش بەبیست جونەیه، ئیشەکە بەلای بەسیونییەوە هیچی تێ ناچێت، جگە لە ناوی ڕۆژنامەکە و وێنەیەکی ئەو کەسە، دواییش بابەتی ئامادەی هەیە، تێیدا نووسەر لەسەر شتێکی سەیر دەدوێت، کە لە شەقامی قاهیرەدا بینیویەتی، ئەویش وەرشەی فلان کەسە، کە کراسدروویەکی بلیمەتە، یاخۆ دوکانی جامبازیی فیسار کەس، بەسیونی ئەم هەموو شتانە بەشێوەیەکی دیارکراو دەخاتە ئامێری فۆتۆکۆپییەکەیەوە و وێنەکە وا دەردەچێت دەڵێی هەر بەڕاستی لە ڕۆژنامەوە وەرگیراوە.

وەلێ.. مەلاک خلە چی لە دوکانە تازەکەی دەکات؟ هەڵبەت کراس دەدوورێت، لێ دوورین بەشێکی کەمی چالاکییە ڕۆژانەییەکانیەتی، چونکە بەکورتی ئەو چی شتێک پارەی تێدا بێت، ئیشی لێ دەکات:

هەر لە بازرگانیی پارە گۆڕینەوە و مەیی قاچاغەوە، تاکو دەڵاڵیی خانوبەرە و مۆتێل و کچە لادێیی بردن بۆ شێخە عەرەبەکان، لە ڕێگەی هەندێک کەسی دیارکراوەوە، کە لە گوندەکانی جیزە و فەیومەوە بۆیان

دەهێنن.. هەتاکو ڕەوانکردنی کرێکار بۆ کەنداو لە بەرابەر دوو مانگ مووچەدا.

ئەم کار و چالاکییە کراوەیەش وای لێ کرد، بەتەنگ ئەوەوە بێت زانیاری لەسەر خەڵکی کۆ بکاتەوە و بەوردترین نهێنییان بزانێت، چونکە دوور نییە گشت کەسێک لە هەر ساتێکدا بێت مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت و بچووکترین زانیاری لە کاتێکی دیارکراودا سوودی پێ بگەیەنێت و کاریگەرییەکی یەکلاکەرەوەی لەسەر ئەوە هەبێت، کە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات.

پاشان بەکامی دڵی خۆی ڕێککەوتنێکی لەگەڵدا مۆر دەکات.

ڕۆژانە هەر لە بەرەبەیانەوە، تاکو سەعات دەی بەیانی گشت جۆرە کەسێک هاموشۆی دوکانەکەی مەلاک دەکەن:

کڕیاری دەستکورت، هەژار، دەوڵەمەند، شێخە عەرەبەکان، دەلاڵ، ئافرەتی خزمەتکار، کچان بۆ مۆتێل، بازرگانانی بچووک، قۆمسیۆنچی..

لەم نێوەدا، مەلاک دێ و دەچێ، قسە و هاوار دەکا و دەخەنێتەوە و شۆخی دەکا، تووڕە دەبێ، شەڕ دەکا، بەسەدان جار سوێندی درۆ دەخوا و لەگەڵ ئەم و ئەودا ڕێک دەکەوێت، وەک ئەوەی ئەکتەرێکی دێرینی درەوشاوە بێت و بەچێژ لێ بینینەوە ڕۆڵ لە شانۆدا لەسەر ڕۆمانێک بگێڕێت، کە ماوەیەکی زۆر بێت ڕاهێنانی لەسەر کردبێت و تەواو بەسەریدا زاڵ بووبێت.

***

مەلاک ڕۆژانە دووجار بوسەینە سەیدی دەبینی، لە کاتی چوونی بۆ کار و لە گەڕانەوەیشدا، هەر لە یەکەمین نیگاوە سەرنجی ڕاکێشا، چونکە جوانە و لەشێکی حەزبزوێنی هەیە، هەروەها هەستێکی تری بەرابەری هەبوو، کە تا ڕادەیەک وەسف ناکرێت، ئەمەش وای لێ دەکرد لەوە دڵنیا بێت دیمەنی ڕوخساری بێ مانا و درۆینەیە و بەو ڕاستییەش نییە، کە دەیەوێت بینوێنێت، کەوتە زانیاری لەسەر کۆکردنەوە و گشت شتێکی لەسەر زانی،

وای لێ هات سڵاوی لێ دەکرد و پرسیاری تەندروستیی دایکی لێ دەکرد، هەروەها پرسیاری ئەوەی دەکرد داخۆ فرۆشگەی شنن بۆ جلفرۆشی، کە ئەو کاری تێدا دەکات پێویستی بەکراس بەنرخێکی گونجاو هەیە "هەڵبەت بەشتیاکەیشی پارێزراوە"[٢] ئیتر پەیتا پەیتا لە هەموو بابەتێکدا قسەی لەگەڵدا دەکرد:

کەش و هەوا و دراوسێ و شووکردن.. ڕاستییەکەشی بوسەینە هەرگیز خۆشیی بەمەلاکدا نەدەهاتەوە، نەیشی دەتوانی بەری پێ بگرێت، چونکە ڕۆژانە بەبەردەمیدا تێ دەپەڕی، هەروەها لەبەرئەوەی دراوسێیان بوو و بەسەلارییەوە قسەی لەگەڵدا دەکرد، ئەو دەرفەتەیان پێ نەدەدا، تاکو هێرشی بباتە سەر، جگە لەوەی ئەم خۆیشی ڕادەستی قسەکردن بوو لەگەڵیدا، چونکە شتێکی بەرچاو لە ڕەوشتیدا وای لێ دەکرد ملی بۆ کەچ بکات.. مەلاک لەبارەی هەر شتێکەوە قسەی بۆ بکردایا، ئاوازی دەنگ و نیگاکانی وا پێی دەگەیشتن چون پێی بڵێت:

"خۆت وا نیشان مەدە بێ ئەملا و ئەولایت، هەموو شتێکت لەبارەوە دەزانم"

ئەم نامە نەوتراوە بەرە بەرە ڕوون و بەهێز دەبوو، تاکو لە دڵی خۆیدا گوتی، نەکا تەها پێوەندییەکەیانی ئاشکرا کردبێت.

مەلاک هێواش هێواش لێی نزیک دەبووەوە، تاکو ڕۆژێکیان لەپڕ نیگایەکی پرسیارئامێزی لەسەرخۆی لە سینگە پڕ و جەستە توندوتۆڵەکەی گرت، پاشان بەبەدخووییانەوە لێی پرسی:

– تەڵاڵ شنن مانگانە چەندت دەداتێ؟

بوسەینە ڕق و تووڕەییەکی توند دای گرت و ئەمجار بڕیاری دا بەوپەڕی

(٢) بەشتیا: عمولە، ئەو بڕە پارەیەی دەلاڵێک، یاخود دەزگایەک لەبڕی کارێکدا وەری دەگرێت. (و)

توندوتیژییەوە بەرەو ڕووی بوەستێتەوە، کەچی لە کۆتاییدا خۆی بینییەوە وا وەڵامی دەداتەوە و خۆی لە تەماشاکردنی بەدوور دەگرێت:

- ۲۵۰ جونەیھ.

دەنگی پچڕ پچڕ و سەیر دەهات، چون یەکێکی تر بێت قسە بکات، مەلاک پێکەنی و لێی نزیک بووەوە وەک ئەوەی درێژە بەهێرشەکەی بدات، گوتی:

- تۆ زۆر بێ مێشکیت.. ئەو پارەیە گەلێک کەمە.. گوێ بگرە، من ئیشێکم بۆت دۆزیوەتەوە مانگی ٦٠٠ جونەیهت دەست دەکەوێت. ئێستا وەڵام مەدەوە، بەکاوەخۆ بیری لێ بکەرەوە، ڕۆژێک دوو ڕۆژ ئینجا وەرەوە.

# ٢

زەکی دسوقی لە باڕی مەکسیم هەستی بەئاسوودەیییەکی تەواو دەکرد.

هەر هێندەی گۆڕەپانی سلێمان پاشا بەرەو باریکە ڕێیەکەی بەرابەر یانەی ئۆتۆمبیل دەبڕێت، لەگەڵ پاڵنانی دەرگە دارینە بچووکە نیو شووشەیییەکە بەدەستی و بڕینی ڕاڕەوەکە، هەستێکی وای لا دەڕوێت، چون ئامێری کات بۆ ساڵانی قەشەنگی پەنجاکانی بگەڕێنیتەوە:

دیوارەکان بەڕەنگی سپی ڕەنگ کراون و تابلۆی ڕاستەقینەی گەورە هونەرمەندانیان پێوە هەڵواسراون، ڕووناکییەکی کپ و خامۆش لە گڵۆپە جوانەکانی تەنیشتەوە دەهات، مێزەکانیش بەپەڕۆی بێگەردی سپی داپۆشرابوون، دەفر و قاپ و خاولیی نووشتاوە و کەوچک و چەقۆ و پەرداخی شووشەی هەمەڕەنگ لەسەر شێوازی فرەنسی بەسەریانەوە ڕیز کرا بوون.

ڕاڕەوەکەی بۆ گەرماوەکە دەچوو پەردەی "پاراڤان"ی گەورەی شینیان پێدا دابوو، لەوسەریشەوە بارێکی خنجیلانەی ڕێکوپێک، بەتەنیشتیشییەوە پیانۆیەکی کۆن، خاتوو کرستینی خودان بار بۆ هاوەڵەکانی دەژەند. لە باڕی مەکسیم گشت شتەکان دیمەنی ڕابردووی جوانیان هەڵگرتوون، وەکو

ئۆتۆمبیلی رۆلز رایسی دێرین و دەستکێشی خانمە سپیکەلانە بەژن درێژەکان و کڵاوە پەڕدار و ئامێری گرامافۆنی کەڕەنادار و دەرزیی زێڕ و وێنەی کۆنی ڕەش و سپیی چوارچێوە ڕەش، کە لە ژوورەکاندا هەڵیان دەواسین و ماوە ناماوەیەک دەگەڕێنەوە سەریان و لێیان ڕادەمێنن، ئیتر هەست بەتاسە و پەژارە دەکەن..

خاوەن باڕی مەکسیم:

مەدام کرستین نیکۆلاس، یۆنانییە و لە سەرووی شەست ساڵییەوەیە، هەر لە میسر لە دایک بووە و لەوێدا ژیاوە، لە هونەری نیگارکێشاندا شارەزایە و پیانۆ و کەمانچەش دەژەنێ و لێهاتووانە گۆرانییش دەچڕێت، چەند شوویەکی کردووە و ژیانێکی پڕ لە هەراو زەنای خۆشی بردووەتە سەر.

لە ساڵانی پەنجاکانەوە پێوەندییەکی ئەویندارییی گڕگرتووی لەگەڵ زەکی بەگدا بەستووە، دواتر کوژایەوە و دۆستایەتییەکی قووڵی چەسپاوی جێ هێشت..

هەندێک جار زەکی بەگ وا سەرقاڵ دەبێت بۆ چەندین مانگ نایبینێت، کاتێکیش هەست بەدڵتەنگی دەکات، یاخۆ ڕەوشی خراپ دەبێت، پەنای بۆ دەبا و ئەویش هەمیشە لە چاوەڕوانیی ئەودایە. بەگرینگی پێدانەوە گوێی بۆ ڕادەدێرێت و بەدڵسۆزییەوە مۆچیاری دەکات و دایک ئاسا میهرەبانیی لە بەرابەردا دەنوێنێت.

ئەمڕۆش هەر هێندەی زەکیی بینی لە دەرگەی باڕەکە دێتە ژوورەوە، هەڵهەڵەی لێ دا و لە ئامێزی گرت و ڕوومەتەکانی ڕامووسین، پاشان هەردوو شانی گرتن و سەری بردە دواوە و بەچاوە شینەکانی سەرنجی دایێ و گوتی:

– وا دیارە خەمباری برادەر؟

زەکی بەدڵێکی پڕ لە کەسەرەوە بزەیەکی بۆ کرد و خەریکبوو شتێک بڵێت،

کەچی مـتەقی نەکرد و کرسـتین چون لێی گەیشـتبێت سەری لەقانـد، پاشان داوای دانیشـتنی سەر ئەو مێزەی تەنیشت پیانۆکەی لێ کرد، کە ئەم حەزی پێ دەکـرد، ناردی بوتڵێک شـەراب و مـەزەی سـاردیان بۆ هێنا. چون گـوڵی وشککراوە هەنـدێک لە بـۆنە خـۆشــەکـەی هـەر دەپارێزێت، کـرســتـینـیش شـوێنەواری جوانییە بەسـەرچووەکەی هـەر پێوە دیاربوو، جـەسـتـە توندوتۆڵە باریکەکەی و قژی بۆیەکراو و بـۆ دواوە هەڵدراوی و ئەو مـاکـیـاجـە هێـمنەی دیمەنێکی پڕ لە ویقـار بەڕوخسـارە چرچ و لۆچەکەی دەبەخشـێت. ئەو دەمی پێ دەکەنێت دەمـوچاوی لە نێوان میـهرەبانی و لێبووردەییدا ئاڵوگۆڕێتی، کە تەنیا شـایان بەداپیرەیەکی باشن، هەروەها ئەو فریودانە کۆنـەی دەگەڕێتەوە و بۆ سـاتێک بریسکە دەداتـەوە و دەکـوژێتــەوە، کـرسـتین بـەپێی نـەریت و خـواسـتی سەر مـێز حـەزی چووە سـەر شەراب، پـاشان ئاماژەی بەمـەیگێڕە پیـرە نوبییـەکە دا، دوو پێکی لێوانلێوی بۆ تێکردن، لەگەڵ قوم لێداندا زەکی ئەوی ڕووی دابـوو بۆی گـێـڕایـەوە، ئەویش بـەبایـەخــەوە گــوێی ڕادێرابوو، پاشـان بەناڕازیبوونـەوە پیـتـە فرەنسـیـیـەکـانی بەشـێـوەیەکی هارمـۆنیی ناسکەوە دەربڕی:

– زەکی تۆ زێدەگۆیی دەکەیت.. ئەمە دەمەقاڵەیەکی ئاساییە.

– دەولەت دەری کردم.

– هێند تووڕە بووە ئـەو هـەڵەشــەییــیــەی کـردووە. ڕۆژێک دووان و داوای لێبووردنت لێ دەکات. دەولەت تووڕەیە، بەڵام دڵی باشـە. بیـریشت نەچێ تۆ ئەمـوسـتـیلە بەنرخـەکەیت ون کردووە، هـەر ئافـرەتێکیش لـە دنیـادا ببـیـتـە ئەگەری بزرکردنی خشڵەکەی، ئەوا دەرت دەکات.

کرسـتین بەخـۆشـییـەوە وای گـوت، وەلێ زەکی بەپەسـتـییـەوە وەسـتـابوو و بەخەمبارییەوە وتی:

– دەولەت لە مێژە پـلان بۆ وەدەرنانم لە ئەپارتمانەکەدا دادەنێت، بزربوونی

ئەنگوستیلەکەش بۆ ئەو بەهانەیەکی باش بوو.. پێم گوت ئەنگوستیلەیەکی نوێت بۆ دەکڕم، کەچی قایل نەبوو.

– تێناگەم.

– دەوڵەت دەیەوێت دەست بەسەر ئەپارتمانەکەدا بگرێت.

– لەبەر چی؟

– دۆستی ئازیزم.. بەخۆت دەزانیت من هێند بەلای ئاینەوە ناچم، هەندێک شت هەن من هەرگیز بیریان لێ ناکەمەوە، وەکو دابەشکردنی ماڵ و میراتی.

کرستین سەرنجێکی دا و تێگەیشت. زەکی لەگەڵ پڕکردنی پەرداخەکەیدا درێژەی بەقسەکانی دا:

– من نەژنم هێناوە و نەیش منداڵم هەیە، کەنگێ مردم ئەوا ماڵ و موڵکم بۆ دەوڵەت و منداڵەکانی دەمێننەوە.. ئەویش دەیەوێت هەر لە ئێستاوە هەموو شت بۆ منداڵەکانی مسۆگەر بکات. دوێنێ لە کاتی دەمەقاڵێکەماندا پێم دەڵێت: ڕێگەت نادەم مافمان زەوت بکەیت.. دەبزانە.. ئاوا بەوپەڕی بێ شەرمییەوە، ئەو وای داناوە چی شک دەبەم هی منداڵەکانن، وەک ئەوەی من تەنیا پاسەوانی پارەکەم بم.. دەیەوێت بەر لەوەی بمرم میراتەکەمی بدەمێ. ئێستا تێگەیشتی؟

– نا زەکی..

کرستین بەم ئاوایە دەنگی هەڵبڕی، وا دیاربوو تۆزێک مەست بووبێت، زەکی ویستی قسە بکات، کەچی بەگەرمییەوە قسەکانی پێ بڕی:

– نابێ دەوڵەت ئاوا بیر بکاتەوە..

– دوای ئەم هەموو ساڵە هێشتا سادە و ساکاریت.. بۆچی سەیرت بەشەڕدا دێتەوە؟ تۆ وەکو منداڵ بیر دەکەیتەوە: وا دەزانیت ئەوانی باشن هەمیشە زەردەخەنەیان لێ دەبارێت و ڕوویان خۆشە، ئەوانەیشی

شەڕانگێزن دەموچاوێکی قەڵب و برۆکانیان پڕ و تیسکاوین.. ژیان زۆر لەوە ئاڵۆزترە، شەڕ لە ناخی دڵنەرمترین و نزیکترین کەسماندا هەیە.

– فەیلەسووفە ئازیزەکەم تۆ زێدەگۆیی دەکەیت. گوێ بگرە.. با گرەو لەسەر بوتڵێکی گەورەی بلاک لەیبڵ بکەین.. ئەمشەو پێوەندیی بەدەولەتەوە دەکەم و ئاشتتان دەکەمەوە، ئەو کات یەخەت دەگرم بوتڵەکە بکڕیت، نەکەی لە قسەی خۆت ژیوان ببیتەوە.

زەکی لە بارەکە دەرچوو و بێ مەبەست بەناو شاردا پیاسەی دەکرد، پاشان گەڕایەوە نووسینگەکەی. ئەبسەخرۆن «لەو بەزمەی رووی دابوو بێ ئاگا نەبوو» بەخەمبارییەکەوە لەگەڵ ڕوخساریدا دەگونجا، بەپیریەوە هات و بەخێرایی و گەرمییەوە چون دڵی بداتەوە خواردنەوە و مەزەی بۆ ئامادە کرد.

زەکی لە بانیژەکە دەستی بەخواردنەوە کرد، تا ئەو ساتەش ئومێدێکی بەوە هەبوو لەگەڵ دەولەتدا پێک بێنەوە.. هەستی دەکرد هەر چۆنێک بێت خوشکێتی و ناکرێت ئازاری پێ بگەیەنێت.. نیو سەعات تێپەڕی، زەنگی تەلەفۆنەکە لێی دا، دەنگی کرستین بەشڵەژاوی هات:

– زەکی.. پێوەندیم بەدەولەتەوە کرد.. داوای لێبووردن دەکەم، وا دیارە شێتگیر بووە و مکوڕە لەسەر دەرکردنت لە ئەپارتمانەکەدا.. گوتی، کلیلەکەی گۆڕیوە و سبەی کەلوپەلەکانت بۆ دەنێرێت.. من ئەوەی ڕوو دەدات ناچێتە مێشکمەوە.. قسەی لەبارەی گرتنە بەری ڕێوشوێنی یاساییەوە دەکرد لە دژی تۆ بەکاری بهێنێت.

– ڕێوشوێنی یاسایی چی؟!

زەکی لەو کاتی هەستی بەقوڕگگیران دەکرد، ئەم پرسیارەی کرد.

– بۆی ڕوون نەکردمەوە، بەڵام دەبێت ئاگەداری خۆت بیت زەکی.. گشت شتێکی لە دەست دێت..

***

بۆ ڕۆژی دوایی ئەبسەخرۆن کوریژگەیەکی لە شەقامەوە هێنابوو چەمەدانێکی گەورەی هەڵگرتبوو، توومەز دەولەت گشت جلەکانی زەکیی ناردبوو، دوای ئەوە گەلێک داوانامەی لە بەشی پۆلیسەوە بۆ هات. دەولەت چەند کۆنووسێکی بەمەبەستی چەسپاندنی خاوەندارێتیی ئەپارتمانەکە نووسیبوو، بەڵێننامەشی بەزەکی نووسی، کە توخنی نەکەوێت، هەندێک لە دۆست و برادەران ویستیان بێنە نێوانەوە و پێکیان بێننەوە، وەلێ دەولەت ڕەتی کردەوە و زەکییش چەندین جار بەتەلەفۆن پێوەندیی پێوە کرد، کەچی دەولەت بیستەکەکەی بەڕوودا داخست. لە ئەنجامدا ڕاوێژی بەیەکێک لە پارێزەرەکانی کرد و پێی ڕاگەیاند، هەڵوێستی نەخراپە و نەیش نایابە، چونکە ئەپارتمانەکە بەناوی باوکییەوە بەکرێ دراوە، دەولەت مافی خۆیەتی تێیدا نیشتەجێ ببێت، دڵنیاشی کردەوە، کە پەتی یاسا درێژە و ڕەفتاری گونجاو لە کاتی وادا پشت بەتوندوتیژی دەبەستێت، بۆیە "زۆر بەداخەوە" لەسەریەتی چەند بەرەڵایەک بگرێت و دەولەت لە ئەپارتمانەکەدا دەربکا و نەهێڵێت پا بەژووردا بکات، ئینجا با ئەو پەنا بۆ دادگە ببات. ئەمە تاقە چارەسەرە بۆ ناکۆکیی لەم بابەتە.

زەکی لەسەر بیرۆکەی پارێزەرەکە ڕازی بوو، پێشنیازی ئەوەیشی کرد، هەینێ دەولەت سەرلەبەیانی ڕۆژی یەکشەمە بەخدێی خۆی بۆ بانک دەچێت، بڕوات دەرگەکە بشکێنێ و کێلۆنەکەی بگۆڕێت، ئەمیش پارێزەرەکەی دڵنیا کردەوە، دەرگەوان و دراوسێکانی ڕێ لە جێبەجێکردنی پلانەکەی ناگرن، لە ناخەوە بەجۆش و خرۆشەوە دەدوا، لێ لە ناخی خۆیدا ئەوەی باش دەزانی شتی وای لەدەست نایەت، نەبەرەڵایەک بەکرێ دەگرێ و نەیش دەولەت دەردەکا و نەسەنگ و سووکیشی لەگەڵدا دەکات. بەڕاستی کاری وای لەدەست نایەت.

لێی دەترسێت؟ دوور نییە.. ئەم هەرگیز بەرەنگاری نابێتەوە، هەمیشە لە بەردەمیدا پاشەکشێ دەکات، چونکە بەسروشتی خۆی جەنگاوەر نییە، هەر

له منداڵییەوە حەز بەململانێ و گرفت ناکات، بەهەر نرخێکیش بێت خۆی لێ دوور دەگرێت، ئەم لەبەرئەوە دەری ناکات کە خوشکییەتی، تەنانەت ئەگەر ئەپارتمانەکەی بۆ خۆی داگیر کرد و بەرەڵای شەقامەکانیشی بکات، ئەوا دڵی پێ خۆش نییە، ئەم کێشمەکێشە لەگەڵیدا خەمباری کردووە، چونکە هەرچییەکیش بکات ناتوانێت وەکو مرۆڤێکی درندە و شەڕخواز بیر بکاتەوە. ناتوانێت ئەو وێنە دێرینەی لە بیر بکات، کە خۆشی دەویست، چەندە ناسک و شەرمن بوو، ئای چەند گۆڕاوە، خەم بۆ ئەوە دەخوات، کە پێوەندیی بەخوشکە تاقانەکەیەوە بەم ڕادەیە گەیشت، لەوە ڕادەمێنێت کە لەگەڵیدا کردی، دەپرسێت داخۆ ئەم هەمـوو دڵڕەقییەی لە کوێوە هێناوە؟ چۆن دڵی هات بەبەرچاوی دراوسێکانەوە وەدەری بنێت، ئەی چۆن توانی لە بەرابەر ئەفسەرەکەدا لە بەشی پۆلیس دانیشێ و کۆنووس دژ بەبراکەی پڕ بکاتەوە، جارێک بیری نەکردەوە ئەمە برایەتی و ڕۆژێک خراپی بۆی نەبووە، تاکو بەم شێوەیە پاداشتی بداتەوە؟

پاشان بڕە ماڵوموڵکێک ئەوە دەهێنێت مرۆڤ کەسی خۆی لەدەست بدات؟ ڕاستە ئەو زەوییەی لە چاکسازیی کشتوکاڵی سەندەوە، ئێستا چەند قات نرخەکەی زیادی کردووە، لێ دوای مردنی هەمووی بۆ دەوڵەت و منداڵەکانی دەمێننەوە. بەهەر حاڵ.. ئیتر گرفت نانەوە و لە نرخی خۆ کەمکردنەوە لە پای چی؟!

زەکی هەستی کرد خەم و کەسەر پەیتا پەیتا سێبەری ڕەشی بەسەر ژیانیدا دەکشێت، چەندین شەوی بێ ئەوەی تۆزقاڵێک خەوی بچێتە چاو ڕۆژ کردەوە، تا گزنگ لە بانیژەکە دادەنیشێ، دەخواتەوە و جگەرە دەکێشێت و بیر لە ڕووداوەکانی ڕابردوو دەکاتەوە.

هەندێک جار وای بەمێشکدا دێت، کە هەر لە منداڵییەوە خۆشیی لە خۆی نەدیتووە و بەدبەختە.. هەر ڕۆژی لەدایکبوونەکەی لە جێی خۆیدا نەبووە،

ئەگـەر بەر لـەوە بەپـەنجـا سـاڵ بهـاتایەتە دنیـاوە، ئەوا ژیانی بـەتەواوی دەگـۆڕا.. ئەگـەر شـۆڕش نسکۆی بهـێنایا، ئەگـەر زوو شـا فـاروق بەخـۆ بکەوتایا و ئەفـسـەرە ئازادیخـوازەکـانی بگرتایا، کـە بـەناو یـەک یەک دەینـاسـین، ئـەوا شـــۆڕش بـەرپا نـەدەبـوو و ئـەو کــات زەکی ژیـانێکـی ڕاسـتـەقینـەی شـایـان بەخـۆی دەژیا، زەکی بەگی کـوڕی عـەبدولعـال پاشـا دسـوقی، سـەد دەر سـەد وەزارەتێکی بەدەست دەهێنا، دوور نییـە سـەرۆکی وەزیران بووایا، ژیانێکی شکۆمـەند، کە بەڕاسـتی شـایان بەو بـوو، لە بری ئەم بێ سەرەوبەرەیی و سووکایەتی پێکردنە:

قەحپەیەک بیێهۆشی دەکات و دزی لێ دەکات، پاشان خوشکەکەی دەری دەکـات و لە بەرابـەر دراوسـێکاندا ئابڕووی دەبات، لە ئـەنجـامـدا لە نووسینگەکەی لەگەڵ ئەبسەخرۆندا دەنوێت، داخۆ ئەمە بەدبەختییە، یاخۆ ناتەواوییەک لە کەسایەتیدا هەیە هەمیشـە وای لێ دەکات بڕیاری هەڵە وەربگرێت؟

بۆچی لە دوای شـۆڕش لە میسردا مـایەوە؟! دەیتوانی بچێت بۆ فرەنسا و ژیانێکی نوێ دەست پێ بکات، وەک چۆن زۆرێک لە ڕۆڵەی خێزانە گەورەکان کردیان، وا نەبوایا وەک چۆن هەندێک لە برادەرەکانی کردیان، کە لە هەموو شتێکدا لەو کەمتر بوون، ئێستا شتێکی تر بوو، کەچی لە میسر مـایەوە و پەی دەر پەی لـەگەڵ ئەو ڕەوشـە نالەبارە خراپەیدا ڕاهات، تاکـو گەیشتـە ئەوپەڕی خـراپی، باشـە ئەی بۆ ژنی نەهێنا؟ کـاتێک گـەنج بوو، گـەلێک ئافرەتـی جـوان و دەوڵەمەند بەدەوریدا دەهاتن، کەچی ڕەتی دەکردنەوە، تا هەلی لە کیس چوو، ئەگەر ژنی بهێنابایا ئێستا کوڕی گەورە بوو، ئاگایان لێی دەبوو و گاڵتەی لەگەڵ منداڵەکانیان دەکرد و خۆشی دەویستن.. ئەگەر تاقـە کـوڕێکی هـەبووایا دەولەت ئـەم هەمـوو پەندەی پێ نەدەدا، ئەگـەر ژنی بهـێنایا هەرگیز هەستی بەم تەنیاییـە کوشندەیە نەدەکرد، ئەو هەسـتە ڕەشـەی ئەم چەند بیـبـیـسـتـایا یەکـێک لە برادەرەکـانی مـردووە، لە

نزیکبوونەوەی لە مەرگ ئاگەداری دەکردەوە.

ئەو پرسیارە لێڵەی کاتێک سەر دەنێتە سەر سەرین بەدواوەیەتی.. مەرگ کەی و چۆن دێت؟ ئێستا دێتەوە یادی کاتی خۆی هاوەڵێکی پێشبینیی مردنی خۆی کرد. لە بانیژەی نووسینگەکەی دانیشتبوون، پاشان نیگایەکی پەنهانی لێ کرد، لە پڕ، چون لە ئاسۆوە شتێکی بەرچاو کەوتبێت، بەئارامییەوە گوتی:

– زەکی من مردنم نزیک بووەتەوە.. من بۆنی نامۆی مەرگ دەکەم.

ئەم هاوەڵەی دوای چەند ڕۆژێک بێ ئەوەی نەخۆش بێت هەر بەڕاستی مرد. ئەم ڕووداوە وای لێ کرد بپرسێت "کاتێک خەمۆک و تێکشکاوە" دەبێت مردن بۆنێکی دیارکراوی هەبێت، لە دوا دوایی ژیاندا دەور و خولی مرۆڤ بدات و هەست بەنزیک بوونەوەی بکەین؟ ئەی کۆتایی چۆنە؟ داخۆ مردن وەک خەوێکی درێژە و مرۆڤ هەرگیز تێیدا بێدار نابێتەوە؟ یاخۆ وەکو باوەڕداران بڕوایان پێیەتی، هەڵسانەوە و پاداشت و سزا هەیە؟ دەبێ پەروەردگار لە دوای مردن ئەشکەنجەی بدات؟ خۆ ئەم نە باوەڕدارە و نە نوێژ دەکات و نە ڕۆژووش دەگرێت.. ئەمە ڕاستە.. وەلێ بەدرێژاییی ژیانی ئازاری کەسی نەداوە، نە فێڵی کردووە و نە دزی کردووە و دەستی بەسەر مافی کەسیشدا نەگرتووە، هەرگیزیش درێخی لە یارمەتیدانی هەژاراندا نەکردووە، بەدەر لە مەیخواردنەوە و ئافرەت، بڕوا ناکات گوناهێکی بەمانای گوناه کردبێت.. ئەم کەڵکەڵانە بەردەوام سەرودڵیان دەگرت و چەندین ڕۆژ بەدەستیانەوە دەیناڵاند، نزیکەی سێ هەفتەی لە نووسینگەکەیدا بردەسەر. سێ هەفتەی پڕ لە خەم و کەسەر، سەرلەبەیانییەکیان بەشتێکی خۆش دوایی هات، چون شەوی درێژ ڕوون دەبێتەوە، تەمی خەم و پەژارەکەش لە ساتێکی ئەفسووناویدا ئاوا ڕەوییەوە، زەکی هەرگیز ئەو دیمەنە خۆشیهێنەی بیر ناچێتەوە، بەسەدان جار لەگەڵ مۆسیقایەکی خەمڕەوێندا

بیری دێتەوە، لە بانیژەکە دانیشتبوو قاوەی سبەینانی هەڵدەقوڕاند و جگەرەی بەبادا دەدا و تەماشای شەقامە جەنجاڵەکەی دەکرد، ئەبسەخرۆن بەلەقەلەق خۆی بەسەر گۆچانەکەیدا دەدا و بەدیار دەکەوت، بەپێچەوانەی سروشتی پڕ لە پاڕانەوەی، زەردەخەنەیەکی شاراوەی نەگریس بەڕوویەوە دیار بوو:

– چیت دەوێت؟

زەکی بەگ دەستپێشکەری کرد و بەدەنگێکی نووساوی ڕاگەیێنەوە، وەلێ شتێکی جیای دڵنیاییکەر بڕوایەکی لە ڕادەبەدەری بەئەبسەخرۆن بەخشیبوو، لە زەکی بەگ نزیک بووەوە، داچەمایەوە و بەگوێیدا چرپاند:

– قوربان.. من و مەلاکی برام شتێکمان هەیە دەمانەوێ پێتی بڵێین.

– چیتان هەیە؟

– قوربان شتێکی ئاوا بۆ جەنابت..

– قسە بکە کەرە، هەر تۆم مابوو.. شتی چی؟

ئەبسەخرۆن بەسەریدا چەمایەوە و چرپاندی:

– سوکەرتێرەیەکمان بۆ جەنابت داناوە.. کیژێکی باشە. هەڵبەت جەنابت لەم دۆخە خراپەدا پێویستت بەسوکەرتێرەیەکە تا ئاگای لێت بێت.

زەکی بەگ هاتەوە خۆی و سەرنجێکی قووڵی تێگەیشتووانەی لە ئەبسەخرۆن گرت، وەک ئەوەی کۆدێکی تایبەتی پێ گەیشتبێت، یاخۆ ڕستەیەکی بەزمانێکی نهێنی بیستبێت و لێی گەیشتبێت، بەپەلە بەرپەرچی دایەوە:

– قەیدی چییە.. بابیبینم.

ئەبسەخرۆن بێدەنگ بوو، کەمێک وەڵامی بەتەفرەی ئازاردانی گەورەکەی دایەوە، بەهێورییەوە گوتی:

– واتا جەنابت دەتەوێت بیبینی؟

بەگیش بەخێرایی سەری لەقاند، تاکو شڵەژانەکەی بشارێتەوە، وای نیشان دا سەیری شەقامەکە دەکات.. بەشێوازی ئەو جادووگەرەی لە دوا دوایی یارییەکەدا شتە سەیرەکان بەدەر دەخات، ئەبسەخرۆن وەرسووڕا و لەگەڵ بەزەویدا کێشانی گۆچانەکەیدا دوور کەوتەوە. نزیکەی دە خولەکێک ون بوو و ئەوی لەگەڵ خۆیدا هێنا، هەرگیز ئەو ساتەی بیر ناچێتەوە، هەینێ بۆ یەکەمین جار بینی، کراسێکی سپیی لەبەردا بوو، بەگوڵی سەوزی گەورە داپۆشرابوو، بەجەستەیەوە چەسپ بووبوو و گیانی دیار بوو، لە قۆڵە کورتەکانییەوە بازووە مەرمەڕییە ناسکەکانی بەدەر کەوتبوون.. ئەبسەخرۆن دەستی ڕاکێشا و گوتی:

– خاتوو بوسەینە سەید.. باوکی خوالێخۆشبووی پیاوێکی چاک بوو، لێرە لە سەربان لەگەڵماندا نیشتەجێ بوو، خوا لە گوناهی خۆشبێت، بۆ من و مەلاک لە برایەک زیاتر بوو.

بوسەینە بەهەنگاوی کورتی لەرزیوەوە هاتە پێشێ، پاشان بزەیەکی کرد و ڕوخساری بەشێوەیەک کرایەوە دڵی زەکیی پێکا، ئینجا گوتی:

– بەیانیت باش جەنابی بەگ.

ئەوانی لە پێشدا تەها شازلییان دەناسی ئێستا زۆر بەزەحمەت دەیناسنەوە، بەتەواوی گۆڕابوو، وەک ئەوەی کەسایەتییە پێشینەکەی بەکەسێکی تری تازەیان گۆڕیبێتەوە، کارەکە هەر لەوەدا نەبوو، کە جلە بیانییەکانی بەجلی ئیسلامی گۆڕیون، نەیش لەبەرئەوەی ڕیشەکەی بەردابووەوە و دیمەنێکی پڕ لەشکۆ و ویقاریان پێ بەخشیبوو و لە تەمەنی گەورەتر دیار بوو، هەروەها ئەو کونجەی تەنیشت ئاسانسەرەکەش نەبوو لای ڕاڕەوی باڵەخانەکە، کە لەگەڵ برادەرێکی ڕیشنی خوێندکاری لە کۆلێجی ئەندازە، کە لە نهۆمی پێنجەمدا بوو، بەنۆرە بانگیان لێ دەدا. گشت ئەم گۆڕانکارییانە لە دیمەنن، هەرچی ناوەوەی بوو ئەوا ڕوحێکی بەهێزی هەڵمەتبەری نوێی هەبوو.

وای لێ هاتبوو دەرۆیی و دادەنیشت و بەشێوازێکی تازە قسەی بۆ خەڵکی باڵەخانەکە دەکرد، بۆ یەکجاری ئەو خۆبەکەمزانین و ترس و بەخۆداشکانەوەیەی لە بەرابەر خەڵکیدا نەمابوو، ئەو ئێستا بەشێوەیەک بەرەوڕوویان دەبێتەوە گەلێک شانازی بەخۆیەوە دەکات، گوێی پێ نەدەدان و کەمترین سەرکۆنە، یاخۆ ڕیسوایی قەبووڵ نەدەکرد، هەروەها گوێی بەو کاغەزە بچووکە پارانەش نەدەدان، کە پێیان دەدا و پێویستیی تازەی بۆ خۆی پێ دەکڕی.. یەکەم لەبەر باوەڕی چەسپاوی بەوەی خوا نانی دەدات، دووەمیش چونکە شێخ شاکر لە بازرگانیکردن بەکتێبی ئاینییەوە کردوویەتی بەهاوبەشی خۆی، لە کاتی دەست بەتاڵیدا بۆ چەند شوێنێک دەردەچێت و پارەیەکی باشی لێ دەست دەکەوێت، ئەو ئێستا خۆی لەسەر ئەوە ڕادەهێنێت خەڵکی خۆش بوێت و لە خواشدا ڕقی لێیان ببێتەوە، لە

شێخەوە فێر بوو ئادەمیزاد هیچوپووچ و زۆر لەوە نزمترن، کە لەبەر سیفەتە دنیاییەکانیان خۆشمان بوێن، یاخۆ ڕقمان لێیان ببێتەوە، بەڵکو دەبێت هەستەکانمان لە بەرابەریاندا بەپێی پابەندبوونیانەوە بێت بۆ دەستووری پەروەردگار، بەم پێیە تێڕوانینی بۆ زۆرێک لە شتەکان گۆڕا:

هەندێک لە خەڵکەکەی خۆشدەویست، چونکە لەگەڵیدا باش بوون و یارمەتییان دەدا «لەبەرئەوەی زۆریان پێ دەبەخشی، ئەم لەبەر خوا ڕقی لێیان بوو»، چونکە نوێژ ناکەن و هەندێکیشیان مەیخۆرن، براکانی لە کۆمەڵی ئیسلامی هێند خۆشدەویست ئامادە بوو لە پێناویاندا خۆی بەخت بکات.. پێوەرە دنیاییە کۆنەکانی چون خانوویەکی داڕووخاوی کۆن ئاوا هەرەسیان هێنا و نرخاندنێکی ئیسلامیی ڕاستەقینە بۆ خەڵک و شتەکان شوێنیانیان گرتەوە، هێزی باوەڕ لە دڵیدا ژیابووەوە و دەسەڵاتێکی تازەی ئازاد لە ترس و شەڕانگێزی پێ بەخشیبوو، لە مردن نەدەترسا، لە هیچ خەڵقەندەیەکیش سڵی نەدەکردەوە، ئیتر توانا و دەسەڵاتی هەرچەندێک بووایا، ئێستا لە ژیانیدا لە هیچ ناترسێ تەنیا لە سەرپێچیکردنی خوا و تووڕەییەکەی نەبێت، ئەمەش بۆ پەروەردگاری مەزن ئینجاش بۆ شێخ شاکر دەگەڕێتەوە، کە هەرچەند لەگەڵیدا دابنیشتایا باوەڕی بەیەزدان و زانیاریی لەبارەی ئیسلامەوە زیاتر دەبوو، تەها خۆشی ویست و هۆگری بوو و بووە یەکێک لە نزیکەکانی، تەنانەت شێخ ڕێگەی پێ دا هەر کات ویستی سەردانی ماڵەکەی بکات، ئەمەش پایەیەکی نزیکە و شێخ تەنیا بەدۆستە گیانی بەگیانییەکانی دەبەخشێت.

تاقە شتێک لە دڵی تەهادا، کە هی سەردەمی کۆن بوو بۆی مابووەوە:

خۆشەویستیی بوو بۆ بوسەینە، زۆری کۆشا تا هەستی لە بەرابەریدا ملکەچی بیرە تازەکەی بکات، لێ نەیتوانی، هەوڵی دا قایلی پابەندبوونی بکات:

کتێبی "الحجاب قبل الحساب"ی بۆ هێنا و زۆری لێ کرد تا بیخوێنێتەوە، سەری نایە سەر تا لەگەڵ خۆیدا بردی بۆ مزگەوتی ئەنەسی کوڕی مالک، گوێی لە گوتاری شێخ شاکر گرت، لە واقورمان و خەمباریدا گوتارەکە کاریگەریی لەسەری جێ نەهێشت، بەڵکو ڕاشکاوانە پێی گوت گوتارەکە زۆر وەڕسکەر بوو، ئەمەش وای لە تەها کرد لەگەڵیدا بەشەڕبێت.

وایان لێ هات چەندێک پێک بگەیشتنایا لەگەڵ یەکتری تێکیان دەدا، بوسەینە بەردەوام دەماری دەگرت، شەڕیان دەکرد، تەها دەڕەنجا و دەڕۆیی، هەموو جارێکیش بڕیاری دەدا، کە ئیتر هەرگیز قسەی لەگەڵدا نەکات. چەندێک بۆ شێخی باس بکردایا، شێخ بە زەردەخەنە ڕووناکە هێمنەکەیەوە دەیگوت: "کوڕی خۆم، تۆ ڕێنیشاندەری خۆشەویستەکەت نەبوویت، بەڵام خوا کێی بوێت ڕێنوێنیی دەکات".

قسەکانی شێخ لە مێشکیدا دەزرنگانەوە، بڕیاری دەدا ئیتر چاوی پێ نەکەوێت، کەچی دوای چەند ڕۆژێکی کەم پاشگەز دەبووەوە و خەم دایدەگرت و سەرلەنوێ شەیدای بینینی دەبوو، دوای هەر شەڕکردنێک کاتێک ئاشتی دەکردەوە لالووتی و دڵڕەقییەکەی زیاتر دەبوو، ئەمڕۆ بۆ زانکۆ نەچوو، تەنیا بۆ ئەوەی بیبینێت.. لە بەر دەرکی باڵەخانەکە چاوەڕێی کرد، سەرلەبەیانی لە کاتی دەرچوونیدا پێی گوت:

– بەیانیت باش بوسەینە.. ئەگەر ڕێم بدەیت یەک دوو قسەم لەگەڵتدا هەیە.

– کاتم نییە.

بەسارد‌ییەکەوە ئاوا بەرپەرچی دایەوە و پشتگوێی خست، چەند هەنگاوێکی نا، کەچی ئەو خۆی نەگرت و دەستی ڕاکێشت، بۆ ساتێک بەرهەڵستیی کرد، پاشان هاتە ژێر بارەوە و بەترسەوە بەگوێیدا چرپاند:

– دەستم بەردە و ئابڕووم مەبە.

هەردووکیان بەبێدەنگی بەنێو هاموشۆکەراندا تێپەڕین، تاکو گەیشتنە کۆنە هەوارەکەی خۆیان لە گۆڕەپانی تەوفیقیە. هەر هێندەی دانیشتن، بەسەریدا شیراندی:

– تۆ پێم نالّێی چیت لە من دەوێت؟ هەر ڕۆژە و گرفتێک دەنێیتەوە؟

ئەوی مایەی سەرسوڕمان بوو وەک ئەوەی هەر هیچ نەبووبێت، یەکسەر تووڕەییەکەی دامرکایەوە. ساتێک چاوەڕێی کرد، پاشان بەدەنگێک زۆری لە خۆی کرد، تاکو هێمنانە بێت چون سۆز و میهرەبانی پێ ببەخشێت، گوتی:

– بوسەینە تکات لێ دەکەم لێم تووڕە مەبە.

– پێت دەڵێم چیت لێم دەوێت؟

– دەمەوێت لەو هەواڵەی بیستوومە دڵنیا بم.

– دڵنیابە..

– یانی چی؟

– واتا ئەوی بیستووتە ڕاستە.

بوسەینە بەڕوویدا دەوەستایەوە و قسەکانی بەرە و برانەوە دەبرد.

– لە فرۆشگەی تەلاڵ دەرچوویت؟

– لە ئیش لای تەلاڵ نەمـــام، نووکـــە لای زەکی دســـوقی کـــار دەکـــەم.. شوورەییە یان حەرامە جەنابی شێخ؟

بەدەنگێکی کزەوە گوتی:

– زەکی دسوقی ناوبانگی باش نییە.

– بەڵی، ناوبانگی باش نییە و خەریک ئافرەتە، وەلێ مانگی ٦٠٠ جونەیهم دەداتێ.. لەبەرئەوەی من خێـزانێک بەکۆڵمەوەیە و جەنابیشت ناتوانیت خەرجی قوتابخانە و خواردن و خواردنەوەم بۆ دابین بکەیت، کەواتە بەڕێزت حەقت نەبێت.

– کچێ بوسەینە لە خوا بترسە.. تۆ کەسێکی باشیت.. نەکەی خوا لە خۆت برەنجێنیت.. ئیشی باش بکە و پەروەردگار رزقت دەدات.

– راستە رزق لە دەستی خوادایە، وەلێ هیچمان نییە بیخۆین.

– من دەتوانم ئیشێکی گونجاوت بۆ بدۆزمەوە.

– حەیاتم ئیش بۆ خۆت بدۆزەوە.. من زۆر لە ئیشەکەم رازیم.

– ئاوا.

– بەڵی ئاوا.. شتێکی ترت هەیە بیڵێیت؟

بەگاڵتە پێکردنەوە ئاوا پرسیاری لێ کرد، پاشان سەرلەنوێ خەشم و تووڕەیی دایگرتەوە، هەستا لە بەردەمی وەستا، بەدەم رێکخستنی قژیەوە تاکو بڕوات، گوتی:

– گوێ بگرە تەها.. من لەو سەریەوە پێیدا دێم.. لێرەدا چیرۆکەکەمان برایەوە.. با هەر کەس و بەرێی خۆیدا بڕوات.. بەیارمەتی خۆت، ئیتر پێویست ناکات یەکتر ببینین.

پاشان بەپەنهانییەکەوە بزەیەکی هاتێ و لەو دەمی هەنگاوی هەڵهێنایەوە بڕوات، گوتی:

– ئەوەتا تۆ ریشت هێشتووەتەوە و پابەندی ئاینیت، کەچی من جلی کورت و ڕووت لەبەر دەکەم.. تەنانەت شێوەشمان بۆ یەکتری ناگونجێت.

***

خانووەکەی شێخ شاکر تەنگ و خاکەڕایی بوو.. دوو قات بوو و لە خشتی سوور دروست کرابوو، کەوتبووە گەڕەکێکی تەسکەوە لە دارلسەلام. لە دوو ژوور و هۆڵێکدا شێخ شاکر و هەردوو ژنەکەی و حەوت کوڕ و کچەکانی، کە لە قۆناغی جیا جیای خوێندندا بوون، دەژیان. شێخ لەگەڵ میوانە خوێندکارەکانیدا لەسەر نیشانەیەک رێک کەوتبوون، بەوەدا دەیانی ناسییەوە.. سێ جار یەک لە دوای یەک لە دەرگەکە بدەن.

تەها لە دەرگای دا، دەنگی شێخ لە ژوورەوە هات:

- هاتم..

گـوێی لە جـووڵە بـوو، زانی ئافـرەتەکـان دەچنە ژوورەکـەی ئەوسـەرەوە، دەنگی هەنگاوە قورس و لەسەرخـۆکانی شێخ و ئحم ئحمکردنی هاتە بەر گوێ. هێندەی نەبرد بەدەم ناوی خوا هێنانەوە دەرگەکەی کردەوە:

- تەها.. بەخێربێیت کوڕم..

- بمبوورە ئەگەر بێزارم کردبی، دەمەوێت کەمێک قسەت لەگەڵدا بکەم.

- وەرە.. فەرموو.. چییە ئەمڕۆ بۆ زانکۆ نەچوویتە؟

تەها لەسەر قەنەفەکە لای پەنجەرەکەوە دانیشت، لەگەڵ بوسەینەدا چی ڕوویدا بوو بۆی گێڕایەوە، هەموو شتێکی گوت، وەسفی ناخی خۆی بۆ کرد، شێخیش گوێی ڕادێرابوو و یاریی بەتەسبێحەکەی دەکرد، ئەو دەمی شێخ هەستـا چای هێنا، چەند ساتێک بێدەنگ بوو، سـەرلەنوێ گـوێی بۆ شل کردەوە، تاکو تەها لێ بووەوە، ماوەیەک تێفکری، دوایی وتی:

- کـوڕەکـەم، ئاینە ڕاستگۆکـەمـان خـۆشـەویسـتـیی حـەرام نەکـردووە، مـادامـەکی پرۆژەیەکـە و ناتگەیەنێـتـە سـەرپێـچی.. بەڵکو بەئابڕووترین خـەڵقـەندەی خـوا، مـسـتـەفـا سـڵاوی خـوای لێ بێت، خـاتـوو عـایشـەی خۆشـویست، هەمـوو ئەو ڕیوایەتانەش باسـیان کـردووە و لەسـەری کـۆکن، گرفتەکە لەوەدایە ئەو ئافرەتە هەڵبژێریت، کە شایان بەسـۆزی تۆیە، داخـۆ وردەکارییەکانی ئەو ئافرەتە چین؟ پێغەمبەری خوا درووودی خـوای لێ بێت، دەفەرمووێت:

"لەبەر سێ هۆ داخوازی ئافرەت دەکرێت.. جوانی و سامان و ئاینەکەی. بەدەستخۆشییەوە باوەڕدارەکە هەڵبژێرە".. پێغەمبەر ڕاستی فەرمووە..

پەروەردەی ڕاستەقینەی ئیسلامییە بەرت پێ دەگرێت تووشی قەڵبەیەک بیت، وەک ئەوەی ئێسـتـا بەدەسـتـییـەوە دەناڵێنیت، تۆ و سـەرجـەم ڕۆڵەی

نەوەکەت پەروەردەی ئیسلامیتان نەبووە، چونکە لە وڵاتێکی عەلمانیدا پێگەییون و عەلمانییانەش فێرکراون، بۆیە وا ڕاهاتوون بەشێوەیەک بیربکەنەوە ئاین لێوەی دوور بێت، ئێوە بەدڵ گەڕانەوە ناو ئیسلام، کەچی ئاوەزتان کاتی پێ دەوێت، تاکو لە عەلمانییەت ڕزگاری بێت و بۆ ئیسلام پاراو بێت، وەکو چەندین جار پێم گوتوویت فێربە چۆن لە خوادا خەڵکت خۆشبوێت و هەر لەویشدا ڕقت لە خەڵکی ببێتەوە، بەبێ ئەمە هەرگیز موسڵمانییەکەت کامڵ نابێت، ئەو گرفتەی ئێستا بەدەستییەوە ئازار دەکێشیت، ئەوە بەرمەبنایەکی سروشتیی سەد لە سەدە بۆ دوورخستنەوەت لە پەروەردگار، ئەگەر بۆ تاقە هەڵوێستێکیش بێت لە ژیانت، ئەگەر لە سەرەتای دڵپێوەبوونت بەو کچەدا لە خۆت بپرسیایا داخۆ چەندە بەئاینەوە پێوەستە.. ئەگەر پابەندبوونی بەئیسلامەوەت بکردایەتە مەرجێک بۆ پێوەندییەکەتان، ئەوا وەکو ئێستات لێ نەدەهات..

شێخ دوو پیاڵە چای تێ کرد و یەکیانی دایە تەها، ئەوی تریشی خستە سەر سینییە فافۆنەکەی لە کۆنیدا ڕەنگی گۆڕابوو، لەو دەمی بەلەسەرخۆییەوە قومی لە چایەکە دەدا، گوتی:

– خوا بەخۆی دەزانێت من چەندێک تۆم خۆشدەوێت کوڕەکەم، زۆریشم پێ ناخۆشە بەخەمباری بۆ لای شێخەکەت بێیت و ئەویش لە بری دڵت بداتەوە وانەیەکت بۆ بخوێنێت، بەڵام بەو خوایە من ئامۆژگارییەکی باشت دەکەم، ئەو کیژە لەبیر خۆت بەرەوە تەها، چونکە گومڕا بووە و تۆش لاوێکی بەباوەڕ و پابەند بەئاینی، کچێکی خۆت ئاسا موسڵمان بێنە، خۆت لەسەر لەبیرکردنی ڕابهێنە و پشت بەنوێژ و خوێندنی قورئان ببەستە، کارەکە لە دەسپێکدا قورس دەبێت، بەڵام دوایی بەپشتیوانی یەزدان بۆت ئاسان دەبێتەوە.. پاشان تۆ ئاینەکەت بیرکردووە تەها؟! کوا جیهاد تەها؟! کوا ئەرکت لە بەرابەر ئیسلام و موسڵماناندا؟ دوێنێکە ئەو جەنگە پۆخڵە دەستی پێ کرد و دەسەڵاتدارانمان بەسەرکردایەتی کافران ملیان بۆ شەڕ دژ

بەموسڵمانان دا.. ئەرکی لاوانی موسڵمان لە میسردا ئەوەیە شۆڕش دژ بەم ڕێژیمە کـافـرە بکەن.. تـەها تۆ ئەوەت پـێ قـبـووڵە لـە بەرابەر کـۆمـەکی ئەو مـوسڵـمـانـانـەی ڕۆژانە بەهەزارانیـان لێ دەکوژرێت، سـەرشـۆڕ بیت و خـۆت بەکچێکی داوێنـتـەڕی گومڕاوە مـاندوو بکەیت، کـە جێی هـێشـتوویت؟ خـوای گەورە و مـیـهرەبانمان ڕۆژی قیامـەت پرسیـاری بوسـەینەت لێ ناکات، بەڵکو لێـپـرسـینەوەت لەسـەر ئەوە لێ دەکـات، کـە چیت لـە پێناوی سـەرخـسـتنی ئیسلامدا کردووە.. لەو ڕۆژە مەزنەدا چی بەپەروەردگار دەڵێیت؟

تەها سـەری دانەواند و کاریگەریی قسـەکانی پێوە دیار بوو، دواتر بـەخەم و پەژارە و شـەرمـەوە وتـی:

– چـەند جـــارێک پـەیمـانم بەخـــوا داوە لـە بیـــری بکـەم، لێ بەداخـــەوە دەگەڕێمەوە و بیری لێ دەکەمەوە.

– شـــەیتـانـی ناخت بەئـاسـانی خـۆی ناداتـە دەسـتــەوە، بەیەک جـاریش ناگـەیتە خـواپەرستیی تەواو.. جیـهـادی ناخ تەها گـەورەترین جیـهادە، وەکو پێغەمبەری خوا درووودی خوای لێ بێت فەرموویەتی.

– باشە مەولانا چی بکەم؟

– نوێژ بکە و قـورئان بخـوێنە.. لەســەریان بەردەوام بە کـوڕەکـەم، تاکـو پەروەردگـار خـۆشـحـاڵت دەکـات، تـەها دەبێت بـەڵێنم بدەیتێ ئـیـتـر بەهەر شێوەیەک بێت نابێت ئەم کچە ببینیت.

تەها تەماشایەکی شێخی کرد و متەقی نەکرد.

– ئەمە بەڵێنە لە نێوان من و تۆدا تەها، مـن دڵنیام پشت بەخوا ئەم بەڵێنە ناشکێنیت.

پاشـان شـێخ هەسـتـا و چەکـمـەجـەی مێـزە کۆنەکـەی کردەوە وێـنەیەکی دەرهێنا، کە لە ڕۆژنامـەیەکی بیـانییـەوە دەرهێنرابوو، هـاویشـتییـە باوەشی تەهاوە و گوتی:

– سەیری ئەم وێنانە بکە.. باش لێی وردبەرەوە.. ئەمە برا موسڵمانەکانتن لە عێراق، کە ناپاڵمی فڕۆکەکانی هاوپەیمانان پارچە پارچەی کردوون.. بڕوانە چۆن جەستەیان هەلا هەلا بووە و منداڵ و ئافرەتیشیان لە نێودان.. ئاوا بەموسڵمانان و منداڵەکانیان دەکەن و فەرمانڕەوا ناپاکەکانیشمان هاوشان لەگەڵ کافراندا لە تاوانەکانیاندا بەشداری دەکەن.

پاشان شێخ وێنەیەکی تری هەڵگرت و لە پێش چاو تەهای بەرز کردەوە و گوتی:

– لە ڕوخساری ئەم منداڵە عێراقییە وردبەرەوە بزانە چۆن ناپاڵمی ئەمەریکایی شیتاڵ شیتاڵی کردووە.. باشە لێپرسراویی ئەم منداڵە وەکو خوشک و دایکت لە ئەستۆی تۆدا نییە.. تۆ بۆ پشتیوانییان چی دەکەیت؟! تا ئێستاش شوێنی خەم و پەژارە بۆ دۆستە گومڕاکەت لە دڵتدا ماوە؟

وێنەی منداڵە دەموچاو شێواوەکە تا بڵێی ئازاربەخش بوو، تەها بەکەسەرەوە گوتی:

– منداڵی موسڵمانان بەم شێوە دڕندانەیە بکوژرێن و تەلەڤزیۆنی میسرییش گەورە زانایانی ئەزهەر کۆ دەکاتەوە، تا جەخت لەسەر ئەوە بکەنەوە، کە هەڵوێستی حکومەتی میسری لە لایەنی شەرعەوە ڕاستە، هەروەها بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە ئیسلام بۆ لێدانی عێراق ڕێگە بەهاوپەیمانی لەگەڵ ئەمەریکادا دەدات.

بۆ یەکەمین جار شێخ گەرم بوو و دەنگی هەڵبڕی:

– ئەم شێخانە دووڕوو و بەدکارن، فەقێی سوڵتانەکانن و تاوانیان لای خوا گەورەیە.. هەرگیز نابێت ئیسلام شانبەشانی کافران لە کوشت و بڕی موسڵماناندا بەهەر هۆیەکەوە بەشدار بێت.. پاڵپشتی شەریعەتیش هەر قوتابییەک لە پۆلی یەکەمی شەریعەدا دەیزانێت.

تەها بەبڕوا بوون بەقسەکانی شێخ سەری لەقاند. شێخ چون بیری

هاتبێتەوە لەپڕ گوتی:

– گوێ بگرە، سبەی پشت بەخوا براکانت خۆپێشاندانێکی گەورە لە زانکۆدا دەگێڕن.. تکا دەکەم دوا نەکەویت.

ساتێک وەستا و درێژەی پێ دا:

– ناتوانم بەخۆم ڕابەریی خۆپێشاندانەکە بکەم، بەڵام تاهیری براتان پشت بەخوا ئەمیرتان دەبێت.. کۆبوونەوەشتان لە بەرابەر هۆڵی ئاهەنگەکانە دوای نوێژی نیوەڕۆ.

تەها سەری ڕەزامەندیی لەقاند، هەستا ڕوخسەتی ڕۆیشتن بخوازێت، وەلێ شێخ داوای لێ کرد پەلە نەکات، هەندێک لە ژوورەوە خۆی بزر کرد، پاشان بەلێوی پڕ لە زەردەخەنەوە گەڕایەوە و لەو دەمی نامیلکەیەکی بچووکی دەدایێ گوتی:

– ئەمە "پەیمانی کاری ئیسلامی"یە، دەمەوێت بەتەنێ بیخوێنیتەوە، دوایی قسە و باسی لەسەر دەکەین، پشت بەخوا تەها چی شتی خراپ بەمێشکتدا بێت ئەمە لە بیرتی دەباتەوە.

***

سەرلەبەیانیی ڕۆژی هەینی قوربانی بەزەویدا دران. سێ گۆلکی گەورە شەویان بەتەنیشت ئاسانسەرەکەوە لە ڕاڕەوی تەلاری یاقوبیان ڕۆژ کردەوە. هەینێ بانگی بەرەبەیانی دا، پێنج قەساب کەوتنە گیانیان، شەتەکیان دان و سەریان بڕین، دوای چەند سەعاتێک کەوڵیان کردن و کەوتنە پارچە پارچەکردنیان، ئینجا گۆشتەکەیان کردە ئەو کیسانەی بۆ دابەشکردن ئامادە کرابوون، هەر ئەوەندەی نوێژی هەینی تەواو بوو شەقامی سلێمان پاشا جمەی دەهات لە خەڵک، حەشاماتێکی زۆر لە دەوری فرۆشگەی عەزام کۆبوونەوە، خەڵکانی تا بڵێی هەژار بوون:

دەرۆزەکەر و سەرباز پۆلیس و کوڕیژگەی پێخاوس و ئافرەتی ڕەشپۆش

منداڵە ساواکانیان لە باوەش بوون، یاخۆ بەدوای خۆیاندا بەکێشیان دەکردن، گشتیان بۆ ئەوە هاتبوون بەشی خۆیان لە گۆشت قوربانییەکان وەربگرن، کە حاجی عەزام لە سۆنگەی سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنەکاندا دابەشی دەکرد.

لە بەرابەر دەرگەی سەرەکیی فرۆشگاکە فەوزیی کوڕە گەورەی حاجی عەزام بەدیشداشەیەکی سپییەوە وەستابوو و کیسە گۆشتەکانی هەڵدەگرت و بۆ خەڵکەکەی دەهاویشت، ئەوانیش ئاپۆرایان بەستبوو و بۆ بەدەستهێنانی گۆشت بەدەست پاڵیان بەیەکترەوە دەنا، تا وای لێ هات کەوتنە شەڕکردن لەگەڵ یەکتردا و هەندێک برینداریشی لێ کەوتەوە، کرێکارانی فرۆشگەکە ناچار بوون وەردیان ئاسا بەقایش لە پاڵنەران بدەن، تاکو لە جامی پێشەوەی فرۆشگەکە دووریان بخەنەوە، نەکو لەو پاڵەپەستۆیەدا بشکێت.

لە ژوورەوە حاجی عەزام لە پێشەوە دانیشتبوو، قاتێکی شینی کەشخەی لەبەر کردبوو، لەژێریشەوە کراسێکی سپی و ملبەستێکی سووری نەخشینی بەستبوو.

ئەنجامی هەڵبژاردنەکە بەفەرمی سەرلەئێوارەی پێنجشەم ڕاگەیەندرا و حاجی عەزام کورسییەکی لە ئەنجوومەنی گەل لە دەڤەری قەسرلنیلدا "کرێکاران" بەسەرکەوتنێکی بەرچاوەوە بەسەر ئەبو حەمێدەی نەیاریدا بەدەست هێنا، کە دەنگێکی زۆر کەمی هاورد «فولی بەئەنقەست ویستی ئەبو حەمێدە زیانێکی گەورە بکات و وا دەنگ بداتەوە ببێتە پەند بۆ ئەوانەی لە دوارۆژدا سەرپێچی ڕێنوێنییەکانی دەکەن» حاجی عەزام هەستی بەمنەتبارییەکی قووڵی ڕاستگۆیانە لە پەروەردگاری مەزنەوە کرد، کە پشتی زیاتر گرت و سەرکەوتنێکی گەورەی پێ بەخشی، بۆیە ئەمیش هەر لەو دەمی بەهەواڵەکەی زانی، زیاد لە بیست ڕکات نوێژی منەتباریی کرد و

ڕێنوێنیی کردن گوێرەکە سەربڕن و بەنهێنیش نزیکەی بیست هەزار جونەیهی بەسەر خێزانە نەدار و هەژارەکاندا دابەش کرد، کە خۆی بەخێوی دەکردن. بیست هەزاری دیکەشی دایە شێخ سەمان تا بەپێی زانینی خۆی بیداتە پیاوچاکان، ئەمە جگە لەو بیست هەزار جونەیهەی بەشێخ سەمانی بەخشی.

حاجی هەینێ بیری لە سوعاد دەکردەوە هەستێکی تر ختووکەی دڵی دەدا، چۆن ئەمەشەو بەبۆنەی ئەو بردنەوە دڵگیرەوە ئاهەنگی لەگەڵدا بگێڕێت؟

وردەکاری جەستە نەرم و شل و گەرمەکەی بەمێشکدا دەهات، هەستی کرد بەڕاستی خۆشی دەوێت، لە دڵی خۆیدا گوتی، پەیامبەری خوا دروودی خوای لەسەر بێت، لەسەر هەق بوو کاتێک گەشبینیی لە ئافرەتدا دەبینییەوە، هەندێک ئافرەت هەر بەڕاستی پایان بەخێرە، هەر کە پیاو دەیانخوازێت خێری بەسەردا دەڕژێ، سوعادیش یەکێکە لەوانە، سەرکەوتن و پیت و فەڕی لەگەڵ خۆیدا هێنا. ئەوەتا سەرکەوتنی بەدەست هێنا و دەچێتە ئەنجوومەنی گەلەوە، کاری خوا چەند جوانە. ئەو ئێستا نوێنەری ئەنجوومەنی گەلی خەڵکی دەڤەری قەسرلنیلە، ئەوانەی ڕۆژگارێک پێڵاوەکانیان بۆ درێژ دەکرد، تا بیانسڕێتەوە و بەنزمی لە سەرەوە لێیان دەڕوانی و پارەکەیان بۆ هەڵدەدا، ئەو ئێستا جەنابی نوێنەری بەڕێزە. پارێزمەندیی دادوەریی "حصانة قضائية" هەیە و بێ ڕەزامەندی ئەنجوومەن ڕێ لە هەر لایەنێک دەگرێت توخنی بکەوێت، لەمەودوا وێنەی لە ڕۆژنامە و تەلەڤزیۆنەکاندا دەردەکەوێت و هەموو ڕۆژێک هاوشان لەگەڵ وەزیرەکاندا کۆ دەبێتەوە و تەوقەیان لەگەڵدا دەکات..

ئەو ئێستا تەنیا کابرایەکی دەوڵەمەند نییە و بەس، نووکە ئەو لە پیاوانی دەوڵەتە و دەبێت لەگەڵ هەمووانددا لەسەر ئەم بنەمایە بجووڵێتەوە، لەمەودوا

لە ئیشی گەورەدا کار دەکات و دەیگەیەنێتە ئاستی زەبەلاحەکان، هەنگاوی داهاتوو دەیگەیەنێتە لووتکە، دەبێتە یەکێک لەو پێنج شەش گەورانەی سەرتاپای ولات، ئەگەر ئەو مامەڵەیەی نەخشەی بۆ داناوە سەر بگرێت، لە خانەی ملیۆنێرەوە دەگوازێتەوە بۆ ملیاردێر، یان دوور نییە ببێتە دەوڵەمەندترین کەس لە میسردا، ڕەنگە وەزارەتێک وەربگرێت.. بەڵێ وەزارەت..!! بۆ نا؟! ئەگەر خوا بیەوێت شتێک نییە ئەستەم بێت، کەنگێ ئەو خەونی بەئەندامێتی ئەنجومەنی گەلەوە دەبینی؟ پارە سەر بەزەحمەت و ئەستەم شۆڕ دەکات و دووریش نزیک دەکاتەوە، وەزارەتیش دەبێت وەک چۆن ئەنجوومەن بەدی هات..

لەم ڕامانانەیدا قوووڵ بووبووەوە، تاکو بانگی ئێواری دا، بەخدێی خۆی پێشنوێژیی کرێکارەکانی دەکرد، هەرچەندە «لەسەر ئەوە داوای بەخشینی لە پەروەردگار کرد» لەو دەمی نوێژی دەکرد زیاد لە جارێک بیری لە جەستەی سوعاد کردەوە، هەر هێندەی لە نوێژەکەی و تەسبیحات بووەوە بەپەلە هەستا و ڕۆیی، خۆی بەباڵەخانەی یاقوبیاندا کرد و سواری ئاسانسەرەکە بوو بەرەو نهۆمی حەوتەم، ئای لەو تاسە گڕگرتووە پێداگرە بەتامە، وەکو پێشبینی کردبوو، هەر هێندەی کلیلەکەی بادا سوعاد لە بەرابەری بوو، بەرۆبێکی سوورەوە کە گشت گیانی بەدەرەوە بوو چاوەڕێی دەکرد، هەروەها ئەو بۆنە خۆشەی، کە بەر لووتی کەوت و ختووکەی هەستەکانی دا، بەلەنجەولار بەرەو لای هات، هەینێ گوێی لە هەنگاوەکانی و خشەی ڕۆبەکەی بەسەر زەوییەکەدا دەگرت، دڵی وەخورپە کەوت، سوعاد باوەشی لێ دا و کاتێک بەلێوەکانی یاریی بەگوێی دەکرد، بەگوێیدا چرپاند:

– پیرۆزە خۆشەویستەکەم.. هەزار جار پیرۆزە.

***

لە ساتێکی دەگمەنی هەڵاوێردەدا سوعاد ڕووی ڕاستەقینەی خۆی بەدەر

دەخات، لە ناکاو لە چاوانیدا وەکو برووسکەیەک ڕوخساری دەگەڕێتەوە سەر دیمەنی ڕاستەقینەی، ڕێک وەک ئەکتەرێک چۆن دوای ئەوەی ڕۆڵەکەی خۆی دەبینێت دەگەڕێتەوە سەر کەسایەتیی خۆی، جلی نمایش لە خۆی دادەماڵێ و مکیاژەکەی دەموچاوی لادەبات، هەمان نیگای شێلگیری بەهێوری بێدار بووەوە، کە بەکەللەڕەقی و پێداگری شتێک بیر خۆی دێنێتەوە، بەسیمای سوعادەوە دەردەکەوێ و دەری دەخات، لە هەر کاتێکدا بێت ئەمەی بەسەردا دێت:

ئەو دەمی لەگەڵ حاجیدا نانی دەخوارد و دەمەتەقێی دەکرد، تەنانەت لەناو جێگەش دەمەتەقێ دەکات، لە ئامێزیدا ئەمدیو و ئەودیو دەکات و دەکۆشێت تا نێرێتییە سیسبووەکەی بورووژێنێت، پاشان ئەم بریسکەیە لە چاوانیدا شەوق دەداتەوە و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە مێشکی لە بیرکردنەوە ناوەستێت ئەگەر لە گەرمەی خۆشەویستیکردنیشدا بێت، زۆرجاران لە توانا تازەکەی خۆی لەسەر ڕۆڵ بینینی درۆزنانە سەری سووڕ دەمێنێت، هەرگیز پێشتر نەیزانیوە درۆ چییە، بەدرێژاییی ژیانی ئەوی لەسەر دڵانی بوو لەسەر زاری بوو، ئەی ئەم هەموو ڕۆڵ نواندنە لە کوێوە هات؟

بەلێزانییەوە ڕۆڵی ژنی خۆشەویست و شەیدا و بەبەزەیی و خەمخۆر دەبینێت، وەکو ئەکتەری پیشەوەری لێهاتووە، بەتەواوی کۆنترۆڵی هەستەکانی خۆی دەکات:

کەنگێ بیەوێت دەگریێ و پێدەکەنێت و تووڕە دەبێت، ئەو ئێستا لەگەڵ حاجی عەزامدا لەناو جێگەدا لە دیمەنێکدا ڕۆڵ دەبینێت:

ئەو ژنەی نێرێتیی پیاوەکەی بەدڵە، خۆی ڕادەستی کردووە، تاکو بەبەهێزیی خۆیەوە چی بوێت بەجەستەی بکات، چاوی دەنووقێنێت و ئاخ و ئۆف دەکات، کەچی جگە لە لێکخشاندن هەست بەهیچ شتێکی تر ناکات، تەنیا بەریەککەوتنی دوو جەستەی ڕووتی ساردوسڕ و وەڕسکەر، لە بیرە

تیژەکەی خۆیشیدا، کە لە پشتەوە خۆی مەڵاس داوە و بۆ ساتێک چییە بێ ئاگا نابێت، سەرنج لە لەشی ماندوو و شەکەتی حاجی دەدات، کە دوای مانگێک لە ژنهێنانەکەی هەڵچوونەکەی نەما و لاوازییەکەی بەدەرکەوت، خۆی لە تەماشاکردنی سپێتی پێستە پیرە چرچ و لۆچەکەی و مووی کەم و پرژ و بڵاوی سەر سینگی و گۆیە بچووکە ڕەشەکانی دەپارێزێت، ئەو دەمی دەستی بەر جەستەی دەکەوێت چون بەهەردوو دەستی پیسپیسۆکێک، یاخۆ بۆقێکی لینجی قێزەون بگرێت، ئاوا بێزی دێتەوە. گشت جارێکیش جەستەی توند و باریکی مەسعوودی مێردی یەکەمی بیر دێتەوە، کە بۆ یەکەمین جار خۆشەویستیی لەودا بینییەوە، ڕۆژانێکی خۆش بوون، بزەیەک دای دەگرێ و بیری دەکەوێتەوە چەندێک خۆشی دەویست و تاسەی بینینی دەکرد، دەست پێداهێنان و گڕی هەناسەکانی بەسەر سینگ و ملیدا ئاگریان تێ بەردەدا، بەحەزەوە لەگەڵیدا دەنووست و لە دەریای بێهۆشیی لەزەتدا دەتوایەوە، هەینێ ئاگەدار دەبووەوە هەستی بەشەرم و فەدی دەکرد.

سەری دوور دەخاتەوە و وەخت بەڕێ دەکات، تاکو خۆی لە نیگای چاوەکانی بپارێزێت، ئەویش دەیدا لە قاقای پێکەنین و بەدەنگە گڕە توندەکەیەوە دەڵێت:

– ئەوە چیتە کچێ شەرم دەکەیت.. قابیل ئیشێکی خراپمان کردووە.. بێ مێشک ئەمە شەرعی خوایە؟

ئای لە جوانی و قەشەنگی ئەو ڕۆژە دوورانە، مێردەکەی خۆی خۆشدەویست و لە دنیادا هیچی ناخواست ئەوە نەبێت پێکەوە بژین و کوڕەکەیان بەخێو بکەن، بەو خوایە نە پارەی دەویست و نە داواکاریی هەبوو، لە ئەپارتمانە بچووکەکەیدا لە عەسافرەی تەنیشت ئاسنەڕێکە گەلێک بەختەوەر بوو، جلی دەشوشت و چێشتی لێ دەنا و شیری بەتامر دەدا و زەوییەکەی دەسڕییەوە، ئینجا ئاوێکی بەخۆیدا دەکرد و خۆی دەڕازاندەوە و

تا درەنگانێک چاوەڕێی مەسعوودی دەکرد، دەیبینی ماڵەکەی وەک ئەوەی کۆشک بێت گەورە و پاک و خاوێن و ڕووناکە.

پێی گوت گرێبەستێکی بۆ کارکردن لە عێراقدا بەدەست هێناوە، ئەم ڕەتی کردەوە و هەڵچوو و شەڕی لەگەڵدا کرد و چەندین ڕۆژ لەگەڵیدا نەنووست، هەر بۆ ئەوەی ڕێ لە سەفەرکردنی بگرێت.. قیژاندی بەڕوویدا:

– دوور دەکەویتەوە و جێمان دەهێڵیت؟!

– یەک دوو ساڵێکە و پارەیەکی باش دێنمەوە.

– هەموویان وا دەڵێن و هەرگیز ناگەڕێنەوە.

– واتا نەبوونیت بەدڵە.. ئێمە ژیانێکی مەمرە و مەژی دەگوزەرێین.. دەبێ بەدرێژاییی ژیانمان هەر بەقەرز و قۆڵە بژین؟!

– پەیتا پەیتا بچووکیش گەورە دەبێت.

– تەنیا لە وڵاتی ئێمەدا نا.. هەموو شتێک پێچەوانەیە.. لای ئێمە گەورە گەورەتر دەبێ و بچووکیش دەپووکێتەوە.. پارە پارە دەهێنێت و هەژارییش نەداری.

لە بڕیار وەرگرتندا بەهێمنی دەدوا. ئێستا چەند پەشیمانە لەوەی گوێڕایەڵی بوو، خۆزگە تا سەر بەرهەڵستی دەکرد. ئەگەر تووڕە ببووایا و ماڵی جێ هێشتایا، ئەوا گوێی لێ ڕادەگرت و لە سەفەرکردنەکەی ژیوان دەبووەوە. زۆری خۆشدەویست و بەرگەی دوورکەوتنەوەی لە سوعاد نەدەگرت، کەچی ئەم بەئاسانی ڕادەستی بوو و لێ گەڕا بڕوات.. هەموو شتێک بەخت و نێوچەوانە.. مەسعوود سەفەری کرد و ئیتر بۆ یەکجاری نەهاتەوە، ئەم دڵنیایە لە جەنگدا مردووە و هەر لەوێشدا ناشتوویانە و بەبزریان داناوە، ئەمە بەسەر زۆر خێزاندا لە ئەسکەندەرییە هات، کە ئەم بەخۆی دەیانناسێت، چونکە ناکرێت مەسعوود جێی بهێڵێت و واز لە کوڕەکەی بهێنێت.. ئەستەمە.. بەدڵنیاییەوە نەماوە، گەیشتە لای خوا و

ئەمی بەتەنیا بۆ چەرمەسەری هێشتەوە، سەردەمی خۆشەویستی و هەستی ڕاستەقینەی بەکوڵ و شەرم و کاتی جوان بەسەر چوو، لە خۆی دا و برسی کەوت، تاکو کوڕەکەی پێ بگەیەنێت. تەواوی پیاوانیش دەموچاو و جەستە و جلەکانیان جیاوازن، وەلێ هەردەم نیگاکانیان یەکن:

ئابڕووبردن و ڕووتکردنەوەی و بەڵێندان بەهەمـوو شـتـێک ئەگـەر ڕازی بوو.. ئەویش دڕندانە و بەزەحـمـەت بەرهەڵسـتی دەکـات، وەلێ دەترسـێت ڕۆژێک ماندوو ببێ و خۆی بداتە دەستەوە، ئیشەکەی لە شوێنی هانۆ تاقەت پرووکێنە و پارەکەشی کەمە، خەرجیی کوڕەکەیشی لە زیادبووندایە و وەک ئەوەی چیـایەکی بەکـۆڵەوە بێت، باری سـەر شـانی قـورس بووە. هەرچی خزمەکانین سەرجەمیان "بەحەمیدۆی برایشییەوە" یان وەک خۆی دەستیان کورتە، یانیش ناپیاون و بەئومێدی شتی باش یارمەتیی دەدەن و بەبیانووی درۆزنانە داوای لێبووردن دەکەن و قەرزی نادەنی، ساڵانێکی سەخت ژیا، خـەریک بوو کـفـر بکا و زیاد لە جـارێک ورەی بەردا و لە بێ هیـوایی و پێویستیدا هێندەی نەمابوو بکەوێتە زەلکاوی حەرامەوە، کاتێک حـاجی عەزام لەسەر سوننەتی خوا و پێغەمبەر داوای کرد، بەوردی لێکی دایەوە، لە بەرابەر خەرجی و پێویستییەکانی کوڕەکەیدا جەستەی خـۆی بەحاجی دەبەخـشێت، ئەو مـارەییـەی عـەزام دای پێی، دەسـتی لێ نەدا، بەناوی تامرەوە بەبانکی سپارد، تاکو دوای دە ساڵ سێ قات زیاد بکات. سەردەمی سـۆز بەسـەر چوو، ئێسـتـا کارەکە حـیسـابی بۆ کـراوە، بەڕەزامـەندی و ڕێککەوتن شتێک لە بەرابەر شتێکی دیدا، ڕۆژانە دوو سەعات لەگەڵ ئەم پیرەمێردەدا دەنوێت و پارەکەی وەردەگرێت، کوڕەکەیشی لە ئەسکەندەرییە جێ هێـشـتـووە، بەتاسـەوەیە بۆ تـامـر و گـەلێک جـار هەست بەبەتاڵیی شـوێنەکەی بەتەنیشتییەوە دەکات، ئیتر کوڵی گریانی دانامرکێتەوە، ئەو بەیانییە کاتێک بەبەردەم قوتابخانەیەکی سەرەتاییدا ڕەت بوو و منداڵەکانی بەجلی قوتابخانەوە بینی، ئەوی هاتەوە بیر، لە پڕمەی گریانی دا و چەندین

ڕۆژ بەخەم و تاسەوە بۆ تامر تلایەوە، خۆی هاتە بەرچاو، جەستە خنجیلانە گەرمەکەی لە جێگەکە هەڵدەگرت و لە گەرماو دەموچاوی دەشوا و جلی قوتابخانەی لەبەر دەکا و خواردنی بەیانیی بۆ ئامادە دەکا و هەڵی دەخەڵەتێنێت، تاکو کوپێک شیر بەتەواوی بخوات، پاشان لەگەڵیدا دادەبەزێت، هەتا سواری ترام بن بۆ قوتابخانە، دەبێت ئێستا لە کوێ بێت؟.. چەندە بەزەیی پێدا دێتەوە.. ئەو تەنیایە و دووریشە، ئەمیش لەم شارە ساردوسڕە قێزەونە گەورەیەدا، کە کەسی تێدا ناناسێت، بەتاقی تەنێ لە ئەپارتمانێکی گەورەدا دەژێت، کە هیچ شتێکی تێدا هی خۆی نییە، وەک ئەوەی دز یاخۆ داوێنپیس بێت، تاقە ئیشی ئەو سەرجێییە لەگەڵ ئەم پیرە پیاوەدا، کە ڕۆژانە بەبێهێزییە ڕووەو خوارە شەکەتەکەی و جەستە نەرمە قێزەونەکەیەوە پێ لەسەر سینگی گیر دەکات، ئینجاش ناهێڵێت سەفەر بکا و سەر لە تامر بدات، کاتێکیش لەبارەیەوە دەدوێت چون پێی ناخۆش بێت خۆی مڕومۆچ دەکات، ئەمیش لە گشت ساتێکدا تاسەی کوڕەکەی دەکات، ئاواتخوازە ئێستا بیبینێ و بەتوندی لە ئامێزی بگرێت، بۆنی پێوە بکا و دەست بەقژە ڕەشە نەرمەکەیدا بهێنێت، ئای.. خۆزگە دەیتوانی بیهێنێت و لە قاهیرە لەگەڵیدا بژێت.

هەرگیز حاجی عەزام لەسەر ئەمە ڕازی نابێت، ئەو لە سەرەتاوە مەرجی بۆ دانا کوڕەکەی جێهێڵێت، بەڕاشکاوی پێی گوت:

– من بەتەنیا دەتخوازم بەبێ منداڵ.. باشە؟

لەو دەمەدا ڕوخسارە ساردوسڕە ڕەقوتەقەکەی بیر هاتەوە و لە ناخی دڵەوە ڕقی لێ بووەوە، وەلێ دەگەڕێتەوە و خۆی قایل دەکات، کە هەرچییەک بکات لە پێناو بەرژەوەندیی تامر و دواڕۆژیەتی، چ سوودێکی هەیە ئەگەر لە ئامێزی دایکیدا بژێت و دەرۆزە لە خزم و نەناسیاو بکەن؟ دەبێت سوپاسی عەزام بکات و منەتباری بێت، نەک ڕقی لێ ببێتەوە، هیچ نەبێت بەحەلاڵی

خـواستی و بژێویی لـه ئەستۆ گرتووە، ئـەم بیرۆکـە پیادەکراوە ڕاسـتەوخۆیە بڕیار لـەسـەر پێـوەندیـی لەگەڵ حـاجـیـدا دەدات، بەپێی شـەرع ئەو خـاوەنی جەسـتـەیەتی، مافی ئەوەی هەیە هەر کاتێک و چۆنیشـی بـوێت بێتە لای، بۆیە لەسـەریەتی هەردەم ئامـادە بێت، ڕۆژانـە بەخـۆ ڕازاندنەوە و بۆن لەخـۆدانەوە چاوەڕێی بکات، ئەو مـافی خـۆیەتی هەست بەسـاردییەکەی نەکات، هەروەها وای لێ نەکات ئەم هـەست بەلاوازی و بێـتواناییـیـەکەی خـۆی لـەناو جێگەدا بکات، ئەو ئێسـتـا پەنا بۆ فێڵێکی تـر دەبات، کە هـەر بـەڕەمەک فێری بووە، تاکو ئەم لە ڕوو دانەمێنێت:

هـاوار دەکـات و بـەنینۆکـەکـانـی پشـتـی بریـندار دەکـا و وا دەنوێنـێت، کـە گەیشـتـووەتە ترۆپکی چێژ، ئینجـا جـەسـتـە شـەکەتەکەی لە باوەش دەگرێ و وەک ئەوەی لەزەت مـەست و سـڕی کـردبێت، سـەر دەخـاتە سـەر سـینگی، هێندە نابـات چاوی هەڵدێنێ و دەکـەوێتـە ڕامـووسـانـی چەناگـە و ملـی و ئەمـوسـتـەکـانـی بەسـینگیـدا دەهێنێت، پاشـان بەدەنگێکی ناسکەوە دەچرپێنێت:

– بەڕاست.. کوا شیرینیی سەرکەوتنت لە هەڵبژاردنەکاندا؟

– شیرینیی تۆ لە چاومدایە.. دیارییەکی گەورەیە.

– خـوا بۆ منت بهێڵێت گیـانی من.. تەمـاشـاکە.. پرسـیـارێکت لێ دەکەم بەڕاست وەڵامم بدەرەوە.

حـاجی سەری دایە پـاڵ سیسـەمەکە و بەگرینگی پێدانەوە سەیری کرد و دەستیشـی هەر لەسەر شانە ڕووتەکەیدا بوو.. گوتی:

– منت خۆشدەوێت؟

– سوعاد زۆر، خواش بەخۆی دەزانێت.

– واتا داوای هەر شتێکم لە دنیایا کرد بۆمی دەکەیت؟

– بێگومان.

– باشه.. ئەم قسەیەت لە یاد نەچێت.

حـاجی بەدوودڵـیـیـەوە نیگای کـرد، کـەچی ئەو بـڕیاری دابوو ئەمـشـەو ڕووبەڕووی نەبێتەوە، بۆیە گوتی:

–.. پەنا بەخوا هەفتەی داهاتوو شتێکی گرینگت پێ دەڵێم.

– نا.. ئەمشەو بیڵێ.

– نا چاوەکەم.. با یەکەم جار دڵنیا ببم.

حاجی پێکەنی و گوتی:

– چییە مەتەڵە؟

ماچی کرد و بەدەنگێکی وروژێنەرانەوە بەگوێیدا چرپاند:

– ئا.. مەتەڵە.

***

ناوازە سێکسییەکان بەسروشتی خۆیان لەو پیشانەی پشت بەپێوەندبوون بەخـەڵکەوە دەبەسـتن داهێنان دەکـەن، وەکـو: پێـوەندیی گـشـتـی و نواندن و دەلالی و پارێزەری.

دەڵێن گـوایا سـەرکەوتنیان لەم بـوارانەدا دەگەڕێتـەوە بۆ ڕزگـاربوونیـان لە شـەرم، کـە دەرفـەتی سـەرکـەوتن لەدەست ئـەوانی دی دەردەکـات، هـەروەها ژیانی ناوازەیی پڕ لـە ئەزمـوونی هـەمـەچەشن و نا ئاسـایی مـرۆڤـەکان وایان لێ دەکـات زیـاتر سـروشـتـی کـەسـەکـان بنـاسن و کـاریگـەریی زیاتـریان لەسـەریان هـەبێت، ئەم ناوازانە لـە پیـشـەی چێژ و خـەیاڵی وەک: ئەندازەی دیکۆر و دیزایـنی جلوبـەرگـدا لێـهـاتوون، زانـراوە کـە بـەناوبـانگتـرین نەخـشـەسـازی جلوبـەرگ لە جیـهـاندا لە ناوازەکـانن، ڕەنگـە سـروشـتـی سێکسیی دوو لایەنەیان وایان لێ بکات دیزاینی جلی وروژێنەری ئافرەتانە بۆ پیاوان بکەن و بەپێچەوانەشەوە.

ئەوانەی حـاتەم ڕەشـید دەناسن ڕەنگـە ڕایان لەسـەری جـوایەز بێت، وەلێ

دەبێ دان بەوەدا بنێن، کە ئارەزوویەکی ناسک و بەهرەیەکی ڕەسەنی لە هەڵبژاردنی ڕەنگەکان و جلوبەرگ و تەنانەت ژووری نووستنیشدا هەیە. حاتەم لەگەڵ دۆستەکانیدا بەخۆی ئەو شێوازە مێیینە بازاڕییەی زۆرێک لە ناوازەکان دروستی دەکەن دەگۆڕێت:

پۆدرە لە دەموچاوی نادات، کراسی نووستنی ئافرەتانە لەبەر ناکات، شەمامەبەندی دروستکراو نابەستێت، وەلێ هەوڵ دەدات جێپەنجەی شارەزایانەی لە دەرخستنی جوانییەکەیدا وەکو ژنانییەک بەرجەستە بکات:

دیشداشەی تەنکی نەخشێنراو بەڕەنگی جوان لەسەر جەستە رووتەکەی لەبەر دەکات، ڕیشی بەتەواوی دەتاشێت و برۆکانی بەشێوەیەکی گونجاو و حیساب بۆ کراو هەڵدەگرێ و بەسووکی چاوەکانی دەڕێژێت، پاشان قژە نەرمەکەی بەرەو دوا هەڵدەداتەوە، یاخۆ لێ دەگەڕێ پەرچەمی بەملا و بەولایدا بڵاو بێتەوە..

بەم شێوەیە هەمیشە لە خۆ ڕێکخستنیدا دەکۆشێت نموونەی لاوی جوانی سەردەمە دێرینەکان بەدەست بهێنێت، حاتەم بەم حەزە ناسکەیەوە جلوبەرگی نوێی بۆ عەبدەی هاوەڵی کڕی:

پانتۆڵی تەسک تا بەهێزیی دەمارەکانی بەدەر بخات، کراس و فانیلەی ڕەنگ کاڵ، تاکو ڕوخساری ڕەشتاڵەی بریقە بداتەوە، هەمیشەش یەخەیان کراوە بێت، تا دەمارەکانی مل و تووکی سینگە پڕەکەی نیشان بدات.. حاتەم لەگەڵ عەبدەدا بەخشندە بوو:

پارەیەکی زۆری دا پێی و بۆ خێزانەکەی نارد، ڕاسپێرییەکی لە فەرماندەی سەربازگەکەوە بۆ وەرگرت، مامەڵەیان لەگەڵیدا باش بوو و مۆڵەتی یەک لە دوای یەکیان پێ دەدا، هەمووی لەگەڵ حاتەمدا دەبردە سەر، چون بووک و زاوا بن و لە مانگی هەنگوینیدا بژین:

لەگەڵ گزنگدا بێدار دەبنەوە و چێژ لە دەستبەتاڵی و تەمبەڵییەکەیان

وەردەگرن و لە گرانبەهاترین ریستۆرانتدا نانیان دەخوارد و دەچوونە سینەما و بازاڕییان دەکرد، شەویش پێکەوە دەچوونە ناو جێگەوە، دوای ئەوەی تەواو تێر دەبوون، لەبەر چرا کزەکە ڕادەکشان و دەستیان لە ملی یەکتر دەکرد، هەندێک جاریش تا بەیانی دەمەتەقێ یان بوو حاتەم ئەو ساتە پڕ لە میهرەبانییانە هەرگیز لە بیر ناکات.. ئەو دەم لە خۆشەویستی تێر بووە و وەکو منداڵێکی ترساو خۆی بەجەستەی بەهێزی عەبدەوە دەنووسێنێت، پشیلە ئاسا لووتی دەژەنێتە پێستە ڕەشە زبرەکەیەوە و هەموو شتێکی بۆ باس دەکات:

منداڵی و باوکی و دایکە فرەنسییەکەی و ئیدریسی یەکەم ئەوینی، ئەوی مایەی سەرسوڕمان بوو عەبدە وێڕای کەمی تەمەنی و نەزانییەکەی لە هەست و سۆزی حاتەم دەگەیشت، وای لێ هات پێوەندییەکەیانی پتر چووە دڵەوە. سڵکردنەوەکەی یەکەمی نەما و شەیداییەکی بەتامی پڕ لە گوناه جێی گرتەوە، هەروەها بوونی پارە و سەربەرزی و جلی نوێ و خواردنی خۆش و شوێنی شکۆدار، کە عەبدە ڕۆژێک لە ڕۆژان خەونی بەچوونە ناویانەوە نەبینیبوو، بەشەوانیش لە شەقام کاتێک لەگەڵ حاتەمدا دەگەڕایەوە، پێی خۆشبوو بەدیمەنی شیکییەوە بەتەنیشت سەربازەکانی ئاسایشی نێوەندا تێپەڕێ و لە دوورەوە سڵاویان لێ بکات، چون بۆ خۆی بسەلمێنێت ماوەیەکە لەگەڵ ئەم کڵۆڵ و نەدارانەی بەبێ مانا و ئەنجام بەدرێژایی چەندین سەعات لەبەر خۆر و سەرما وەستاون، جیاوازیی هەیە.

ئەو دوو دۆستە ڕۆژانێکی پڕ لە بەختەوەریی تەواویان بردەسەر، پاشان کاتی جەژنی لەدایکبوونی عەبدە هات، کە بەحاتەمی گوت ئەم بۆنەیەی بەلاوە گرینگ نییە، چونکە ئەوان لە سعیدن و تەنیا لە ژنهێنان و سونەتکردندا ئاهەنگ دەگێڕن، کەچی حاتەم سوور بوو لەسەر ئاهەنگگێڕان، سواری ئۆتۆمۆبێلی کرد و بەبزەخەنەوە پێی گوت:

– من ئەمشەو شتێکی جوانم بۆ کردوویت، بەڵام پێت ناڵێم.

– شتی چی؟

– ئارامت هەبێ.. ئێستا دەیزانی.

حـاتـەم وای گـوت و بەدەم ئـاژۆتنی ئۆتۆمـبـیـلەکـەیەوە بـەئـاقـارێکی تردا، بزێوییـەکی منداڵانە بەڕوخسـاریەوە دیار بوو، ڕێگەی سـەڵاح سـالمی بڕی و چووە شـاری نەسـرەوە، دواتر ڕێگەکەی بڕی تاکـو گـەیشـتـە شـەقـامـێکی لابەلای باریک، دوکانەکان داخرابوون و شەقامەکەش نیمچە تاریک بوو، لێ کـــوشکێکی لە ئـاسن دروســـتکراوی تـازە بۆیـاغ کـــراو بـەدەرکـــەوت، لـە تاریکییـەکەدا بریقـەی دەدایەوە، هەردووکیـان لە ئۆتۆمـبیلەکە دابەزین و لە بەرابەر کـوشکـەکـە وەسـتـان، عـەبدە گـوێی لـە زرنگەیەک بوو، بینی حـاتەم زنجـیـرەیەک کلیلـی بچـووکی دەرکـردووە و کلیلـەکـانی بـۆ درێژ کـرد و بەمیهرەبانییەوە گوتی:

– فـەرمـوو.. ژۆیوز ئەنیڤەر سێر.. joyeux anniversaire .. هەموو سـاڵێک بەخۆشی.. ئەمە دیاریی منە بۆ تۆ.. خوا بکا بەدڵت بێت.

– من هیچ تێناگەم.

حاتەم لە قاقای پێکەنینی دا و گوتی:

– ئای سـعـێـدی.. چیـیـە مـێشکت داخـراوە؟ ئەم کـوشکە هی تۆیە، من واسیدەیەکی گەورەم کرد تا توانیم لە پارێزگا بۆتی بکرم.. هەر کە خزمەتی سەربازییەکەت تەواو کرد شتومەکت بۆ دەکرم، تاکو شتی تێدا بفرۆشیت.

پاشان لێی نزیک بووەوە و بەچرپەوە گوتی:

– ئاوا ڕۆحی من، کار دەکەیت و پارەت دەست دەکەوێ و لە منداڵەکانتی خـەرج دەکـەیت، هـەروەها ئەوەش مـسـۆگـەر دەکـەم، کە هەتا هەتا لەگـەڵمـدا دەمێنیتەوە.

عەبدە قیژەیەکی بڵندی کرد و لەو دەمی بەپێکەنینەوە باوەشی لە حاتەم دا

لەژێر لێوەوە سوپاسی دەکرد.

شەوێکی جوان و دڵڕفێن بوو. پێکەوە لە ئەندازیاران شامیان بەماسی کرد، عەبدە بەتەنیا خۆی کیلۆیەک ڕۆبیان "گەمبەری"ی بەبرنجەوە خوارد، لە گەڵ خواردنیشدا دوو بوتڵ شەرابی سویسرییان خواردەوە، حیسابەکەی گەیشتە زیاد لە ٧٠٠ جونەیه، حاتەم بەڤیزە بەکارتی تایبەت بەخۆی دای، کاتێک ئەو شەوە پێککەیشتن حاتەم خەریکبوو لە ئازاری خۆشیدا بگرییێت، هەستی کرد باڵی گرتووە و لە ئاسماندا دەفرێت، ئاواتی دەخواست لەو دەمەدا کات بووەستێت، دوای خۆشەویستیکردن وەکو جاران لەناو جێگەدا پێکەوە نووسابوون، ڕووناکیی کزی مۆمە درێژەکە سەمای دەکرد و سێبەرەکەی دەکەوتە سەر دیوارەکەی بەرابەر، کە بەکاغەزی نەخشێنراو سواخ درابوو.

حاتەم زۆرێک لەسەر هەستی خۆی لە بەرابەر عەبدەدا، قسەی کرد.

عەبدەش متەقی نەدەکرد و چاوی لە بەردەمی خۆی بڕیبوو، جدیەتێکی لە ناکاو بەسیمایەوە دیار بوو، حاتەم بەئارام لێ بڕانێکەوە وتی:

– چیتە عەبدە؟!

–..........

– چیتە؟!

– دەترسم حاتەم بەگ.

عەبدە بەهێوری و دەنگێکی خنکاوەوە دەدوا.

– لە چی دەترسیت؟!

– لە خوای مەزن و میهرەبان.

– دەڵێیت چی؟!

– لە خوای مەزن و میهرەبان.. دەترسم لەسەر ئەوەی دەیکەین سزامان بدات.

حاتەم بێدەنگ بوو و لە تاریکییەکەدا لێی ڕاما.. شتەکەی پێ سەیر بوو، دوا شتێک بیری لێ کردبێتەوە ئەوە بوو لەگەڵ دۆستەکەیدا لەبارەی ئاینەوە قسە بکات.

– ئەم قسانە چین عەبدە؟

– گەورەم من بەدرێژاییی ژیانم خەریکی خواپەرستی بوومە، لە گوند پێم دەڵێن شێخ عەبد ڕەبە.. هەمیشە نوێژەکانم لە کاتی خۆیدا لە مزگەوت دەکرد و ڕەمەزانانیش بەڕۆژوو دەبووم، جگە لە سوننەتەکانی تریش، تاکو تۆم ناسی و گۆڕام.

– دەتەوێت نوێژ بکەیت عەبدە؟! نوێژ بکە.

– چۆن نوێژ بکەم لە کاتێکدا گشت شەوێک دەخۆمەوە و لەگەڵتدا دەنووم؟ وا هەست دەکەم خوا لێم تووڕەیە و سزام دەدات.

– خوا سزامان دەدات لەبەر ئەوەی یەکتریمان خۆشدەوێت؟!

– خوا ئەم خۆشەویستییەی لێ حەرام کردووین.. ئەمە تاوانێکی تابڵێی گەورەیە.. مەلای مزگەوتمان لە گوند ناوی شێخ دراوی بوو، خوا لە گوناهی خۆش بێت، پیاوێکی چاک و خواپەرست بوو. لە گوتاری ڕۆژی هەینیدا پێی دەگوتین:

"نەکەن توخنی منداڵبازی بکەون، تاوانێکی هێند گەورەیە عەرشی پەروەردگار لە تووڕەییياندا دەلەرزێت".

حاتەم خۆی نەگرت، لەناو جێگە ڕاست بووەوە، گڵۆپەکەی پێ کرد و جگەرەیەکی گڕ دا، بەدەموچاوە جوانەکەی و کراسە تەنک و ناسکەکەیەوە، کە بەسەر جەستە ڕووتەکەیدا دابوو، دەتگوت ژنێکی جوان و قەشەنگی تووڕە و تۆسنە، دووکەڵی جگەرەکەی دەردا و لە پڕ هاواری کرد:

– عەبدە بەڕاستی سەرت لێ شێواندووم.. نازانم لەمە زیاتر چیت بۆ بکەم؟ من خۆشم دەوێی و بیرت لێ دەکەمەوە، هەمیشەش هەوڵ دەدەم دڵت

خۆش بکەم، لە بری سوپاسم بکەیت بەم تەرزە ژیانم لێ تاڵ دەکەیت؟!

عەبدە بەبێدەنگی ڕاکشابوو لە میچەکەی دەڕوانی، دەستی خستبووە ژێر سەری. حاتەم لە جگەرەکە بووەوە و پێکێک وێسکیی بۆ خۆی کرد، یەکبین نای بەسەرەوە، پاشان گەڕایەوە و بەتەنیشت عەبدەوە دانیشت و بەهێمنییەوە گوتی:

– گوێ بگرە ڕۆحەکەم، خوا گەورەیە و بەبەزەییە، نەک قسەی شێخ و مشایەخی نەزانی گوندەکەتان.. خەڵکانێکی زۆر نوێژ دەکەن و ڕۆژوو دەگرن، کەچی دزی دەکەن و ئازاری خەڵکی دەدەن، خوا سزای ئەمانە دەدات.. هەرچی ئێمەین، من دڵنیام خوا لێمان خۆش دەبێت، چونکە ئێمە ئازاری کەس نادەین.. ئێمە تەنیا یەکترمان خۆشدەوێت.. عەبدە گیان توخوا لێمی تاڵ مەکە.. ئەمشەو جەژنی لەدایکبوونتە پێویستە ڕابوێرین.

***

سەر لە ئێوارەی ڕۆژی یەکشەمە ئەمە رووی دا.. بوسەینە دوو هەفتە دەبوو چووبووە سەر ئیشە نوێیەکەی، لەو نێوەدا زەکی دسوقی گشت هەنگاوە ئامادەکارییەکانی گرتبووە بەر:

سەرەتا هەندێک کاری پێ سپارد:

دانانی دەفتەرێک بۆ ژمارە تەلەفۆنەکان و دانی پارەی وەسڵی کارەبا و ڕێکخستنی کاغەزە کۆنەکان. پاشان لەبارەی خۆیەوە دەستی بەقسان کرد:

هەستکردنی بەتەنیایی و هەندێک جار پەشیمانبوونەوەی لەوەی ژنی نەهێناوە، هەروەها سکاڵای خۆی لە دەست دەولەت لای کرد و پێی گوت، کە چەند خەفەت لەو ڕەفتارە ناشرینانەی لە بەرابەر ئەمیدا دەکات، دەخوات. ئینجا پرسیاری لەبارەی خێزانەکەی و برا بچووکەکانیەوە کرد، ماوە نا ماوەیەکیش پێیدا هەڵدەدا، ستایشی کراسە شیکەکەی و شێوەی قژ داهێنانەکەی دەکردن، کە جوانیی ڕوخساری زیاتر بەدەردەخات، زۆریش لە

جەستەی ڕادەما، لە یاریزانێکی کارامەی بلیاردی دەکرد، کە بەبڕواوە حـیـسـاب بۆ لێـدانەکـانی بکات، ئەویش ئامـاژەکـانی بەبزەیەکی تێگەیشتووانەوە وەردەگرتن «بەبەراورد لە نێوان مووچەی زۆری و ئیشە بێ نرخـەکـەیدا بەس بوو، تا لە ڕۆڵی چاوەڕوانکراوی بگات»، چەندین ڕۆژ ئاماژەکردن لە نێوانیاندا بەردەوام بوو، تاکو جارێکیان لەو دەمی خۆی بۆ ڕۆیشتنەوە ئامادە دەکرد، پێی گوت:

– بوسەینە، من زۆرت لێ ڕازیم.. بەهیوام هەر پێکەوە بین.

– بەسەر چاو.

بەم ئاوایە بەناسکی وای گـوت تاکـو ڕێگەی بۆ خـۆش بکات. ئەویش دەستی گرت و پرسی:

– گەر داوای هەر شتێکم لێ کردیت بۆمی دەکەیت؟!

– ئەگەر شتەکە لای من بێت بێگومان بۆتی دەکەم.

زەکی هەردوو دەستی بوسەینەی بەرەو دەمی بەرزکردنەوە و ماچی کردن، تاکو مەبەستی خۆی ئاشکرا بکات، پاشان بەگوێیدا چرپاند:

– سبەی دوای نیوەڕۆ وەرە.. تاکو بەتەنیا بین.

بۆ ڕۆژی دوایی لە ماوەی ئەو سەعاتەی بوسەینە لە گەرماوی بردە سەر و مووی زیادەی لە گیانی دەکردەوە و بەردەڕەشەی بەپاژنەکانیدا دەهێنا و کرێمی لە دەست و پێستی دەدا، بیری لەوەی ڕوودەدا دەکردەوە، وای بینی پێوەندیی جەستەیی لەگەڵ پیرە پیاوێکی وەکو زەکی دسوقیدا، تا ڕادەیەک سەیر و ناوازە دەبێت، ئەوەیشی بیر هاتەوە، کە هەندێک جار لێی نزیک دەبێتەوە لەگەڵ ئەو بۆنی جگەرەیەی لە جلەکانیەوە دێت، بۆنێکی تری تیژ و کۆن، ئەو بۆنەی بیر دەخاتەوە کە بەمنداڵی هەینێ لە دۆڵابە کۆنە تەختەکەی دایکی جلی تێدا دادەنا، خۆی دەشاردەوە لووتی پڕ دەکرد. هەروەها بیری لەوەش دەکردەوە، لە بەرابەریدا هەست بەسۆز دەکات، چونکە پیاوێکی

تێگەیشتـووە و بەنەرمـی مـامـەڵەی لەگـەڵدا دەکـات، هەر بەڕاسـتـیـیش بەستەزمانە، چونکە لەم تەمەنەدا بەتاقی تەنێ دەژێت، نە ژن، نە منداڵ.

ئێوارێ چوو بۆ نووسینگەکەی، بینی زوو ئەبسەخرۆنی بەڕێ کردبوو و بەتەنیا دانیشتبوو چاوەڕێی دەکرد. بوتڵێک وێسکی و پەرداخێک و قاپێک بەفـری لە بەردەمـدا بوون، چاوانی کـەمـێک سـوورەوە بووبوون، بۆنی ئەلکهوولیش ژوورەکەی تەنیبوو، هەستا و بەخێرهاتنی کرد، پاشان دانیشت و یەکبین ئەوی لە پەرداخەکەدا مابووەوە نای بەسەرەوە، بەخەمباریـیەوە گوتی:

– زانیت چی بووە؟!

– خێر؟!

– دەولەت داوای گلدانەوە "حجز"ی لە دژم بەرز کردووەتەوە.

– یانی چی؟!

– واتا داوای لە دادگـە کـردووە ڕێم لێ بگرێت، کـە ڕەفـتـار بەمـوڵک و ماڵەکەمەوە بکەم.

– خوایە بمانپارێزە.. باشە بۆ؟!

– تاکو هێشتا نەمردووم میراتەکەم ببات.

لەو دەمی پێکێکی بۆ خـۆی دەکـرد بەئـازارەوە وای گوت.. بوسـەینەش لە بەرابەریدا هەستی بەسۆز کرد.

– خوشک و برا لێک زویر دەبن، وەلێ هەرگیز یەکتری ڕیسوا ناکەن.

– تۆ وای دەبینیت.. دەولەت لە پارە زیاتر هیچ نابینێت.

زەکی سـەری نـاڕەزایی ڕاوەشـاند بەواتا (بـێ سـوودە)، بۆ ئەوەی قسـەکە بگۆڕێت گوتی:

– لەگەڵمدا دەخۆیتەوە؟!

– نا سوپاس.

– له ژیانتدا نهتخواردووهتهوه؟!

– له ههموو ژیانمدا.

– پهرداخـێک تاقی بکهرهوه.. یهکـهم جـار تاڵه دوایـی پێی کـهیفـخـۆش دهبیت.

– سوپاس.

– بهداخــهوه.. خــواردنـهوه شـتـێکی زۆر ناسکه.. بیـانـیـیـهکـان نـرخی خواردنهوه له ئێمه زیاتر دهزانن.

– من تێبینیی ئهوهم کردووه، که جهنابت وهک بیانییهکان دهژێیت.

بزهیهکی کـــرد و وهک ئهوهی بـوســـهینه منداڵێکی زمـــان پـاراو بێت، بهشهیدایی و میهرهبانییهوه له ڕوخساری ڕاما و گوتی:

– تکایه ئیـتر مـهڵێ جـهنابت.. ڕاسـتـه من پیرم، بهڵام پێـویست ناکـات بهدرێژاییی کات ئهم بابهتهم بیر بخـهیتهوه.. هـهر بهڕاسـتی وایه، من ههموو تهمهنم لهگهڵ بیانییهکاندا بوومه.. له قوتابخانهی فرهنسی پهروهرده کراوم و زۆربهی هاوهڵهکانم بیانی بوون، من له فرهنسا فێـر بووم و چهندین سـاڵ لهوێدا ژیاوم.. پاریس وهکو میسر شارهزام.

– دهڵێن پاریس خۆشه.

– خۆش..؟! ههموو دنیا له پاریسه.

– باشه بۆ لهوێ نهمایتهوه؟

–.. ئهمه چیرۆکێکی درێژه.

– بۆم باس بکه، چیمان ههیه.

بوسـهینه بۆ ئهوهی خـهمی کـهم بکاتهوه پێکـهنی، ئهویش بۆ یهکـهمین جـار خهنییهوه، بوسهینه لێی نزیک بووهوه و بهدۆستانهوه پرسی:

– ڕاستە.. ئەی بۆ لە فرەنسا نەژیایت؟!

– زۆر شت دەبوو لە ژیانمدا بیانکەم، کەچی نەمکردن.

– بۆ؟!

– نازانم.. ئەو دەمی لە تەمەنی تۆدا بووم وام دەزانی هەر شتێک بکەم ئاکامەکەی لە دەستمدایە.. نەخشەم بۆ ژیانم دەکێشا و لە هەموو شتەکانیش دڵنیا بووم.. کاتێکیش گەورە بووم زانیم هیچ شتێکی وا لە دەستی مرۆڤەکاندا نییە.. سەرتاپای دنیا قەزا و قەدەرە.

هەستی کرد خەریکە خەم و پەژارە دایدەگرێت، ئاهێکی هەڵکێشا و بەدەم زەردەخەنەوە لێی پرسی:

– حەزت لێیە سەفەر بکەیت؟!

– بێگومان.

– حەز دەکەیت بۆ کوێ بڕۆیت؟!

– هەر شوێنێک لەم وێرانەیە بەدوور بێت.

– تۆ ڕقت لە میسرە؟!

– بێگومان.

– ماقووڵە!.. کەس هەیە ڕقی لە وڵاتەکەی ببێتەوە؟!

– من شتێکی چاکم لێ نەبینییەوە، تاکو خۆشم بوێت.

ئەم قسەیەی کرد و ڕووی خۆی هەڵماڵی. زەکی بەجۆش و خرۆشەوە بەرپەرچی دایەوە:

– دەبێت هەر یەکێک لە ئێمە وڵاتی خۆی خۆشبوێت، چونکە وڵاتەکەی وەکو دایکێتی.. کەس هەیە ڕقی لە دایکی خۆی ببێتەوە؟!

– ئەم قسانە تەنیا لە گۆرانی و فیلمەکاندا هەن.. خەڵک هیلاکن زەکی بەگ.

– هەژاری ڕێ لە نیشتیمانپەروەری ناگرێت.. زۆربەی زۆری سەرکردە نیشتیمانییەکان هەژار و نەدار بوون.

– ئەمە بۆ وەختی ئێوە.. ئێستا خەڵکی یەک لەوی تر بێزارە.

– خەڵک وەک کێ؟!

– گشت خەڵک.. بۆ نموونە ئەو کیژانەی لە قوتابخانەی بازرگانی لەگەڵمدا بوون.. سەرپاکیان ئاواتیان ئەوە بوو لەم وڵاتە دەربچن.

– بەم ڕادەیە؟!!

– بێگومان.

– ئەوی سوودی بۆ ئەم وڵاتە نەبێت سوودی بۆ کەس نابێت.

زەکی ئەم ڕستەیەی لە زار ترازا و هەستی کرد قورس بوو، زەردەخەنەیەکی بۆ کرد، تا لە کاریگەریی قسەکەی بۆ سەر بوسەینە کەم بکاتەوە، ئەویش ڕاستەپێ هەستا و بەکەسەرەوە گوتی:

– تۆ تێ ناگەیت، چونکە باش دەگوزەرێیت.. ئەگەر دوو سەعات لە وێستگەی شەمەندەفەر بوەستیت، یاخۆ سێ قۆناغ سواری ئۆتۆمبیل ببیت و هەموو ڕۆژێک گیانت دەربچێت، ئەمە چییە دەگەڕێیتەوە ماڵەوە.. کاتێک ماڵەکەت دەڕمێ و حکوومەت لێت دەگەڕێت بەخۆت و ماڵ و منداڵتەوە لە شەقام لە چادردا دابنیشیت.. یان ئەفسەرێک جوێنت پێ دەدا و لێت دەدات، تەنیا لەبەرئەوەی بەشەو سواری مایکرۆباس بوویتە.. یانیش بەدرێژاییی ڕۆژ بەدوای کاردا بەفرۆشگەکاندا دەسووڕێیتەوە و دەستت ناکەوێت.. کاتێک بەو هەموو قەڵافەتەوە خوێندنت تەواو کردووە و لە جونەیهێک زیاترت لە گیرفاندا نییە و جاری وا هەیە ئەوەش نییە.. ئەو دەم دەزانیت بۆ ڕقمان لە میسرە..

بێدەنگییەکی قورس دایگرتن، زەکی بڕیاری دا بابەتەکە بگۆڕێت، لە شوێنەکەی هەستا و ڕووی لە نەوارەکە کرد و بەشۆخییەوە گوتی:

– ئێستا جوانترین دەنگت لە دنیایا بۆ لێ دەدەم.. ئافرەتێکی سترانبێژی فەرەنسییە ناوی ئەدیس بیاڤە.. ناودارترین سترانبێژە لە مێژووی فەرەنسادا .. ناویت بیستووە؟!

– من فەرەنسی هەر نازانم.

زەکی دەستی ڕاوەشاند بەو مانایەی گرینگ نییە، پلی بەدوگمەی نەوارەکەوە نا و دەنگی مۆسیقایەکی سەما ئامێز لە پیانۆوە هات، دەنگی ڕوون و گەرم و بەهێزی بیاڤ بەرز بووەوە، زەکی لەگەڵ ڕیتمی ئاوازەکەدا سەری دەلەقاندەوە، گوتی:

– ئەم گۆرانییە ڕۆژانێکی خۆشم بیر دەخاتەوە.

– وشەکانی چی دەڵێن؟!

– باسی کیژێک دەکات لە ناوەڕاستی ئاپۆرایەکدا وەستاوە، پاشان خەڵکەکە بەزۆر بۆ لای یەکێکەوە پاڵی پێوە دەنێن، کە نایناسێت. هەر کە یەکەم جار بینی هەستێکی جوان دایگرت و هیوای ئەوەی خواست هەموو ژیانی لەگەڵیدا بمێنێتەوە، کەچی لە هیکرا خەڵکەکە لێیان دوور خستەوە.. لە کۆتاییشدا بەتەنیا خۆی مایەوە و ئەو کەسەی ئەم خۆشی ویست بۆ یەکجاری دیار نەما.

– بەداخەوە.

– بێگومان گۆرانییەکە جەفەنگی تێدایە.. واتا هەر یەکێک لە ئێمە دەشێت بەدرێژاییی تەمەنی بەدوای کەسێکی شیاودا وێڵ بێت، کەچی کاتێک دەیدۆزێتەوە لێی ون دەبێت.

هەردووکیان بەتەنیشت مێزەکەوە وێستابوون، بەدەم قسەکردنەوە لێی نزیک دەبووەوە، دەستەکانی خستنە سەر کوڵمەکانی، بۆنە تیژە کۆنەکە بوسەینەی کاس کرد، لەو دەمی لە چاوی ڕامابوو، گوتی:

– گۆرانییەکەت بەدڵ بوو؟!

– خۆش بوو.

– دەزانیت بوسەینە من هەر بەڕاستی پێویستم بەکەسێکی وەکو تۆ بوو!

–...............

– چاوەکانت زۆر جوانن.

– سوپاس.

بەنەرمییەوە وایگوت و ڕوخساری داگیرسابوو، لێی گەڕا تا زیاتر لێی نزیک ببێتەوە، تاکو لێوی بەر دەموچاوی کەوت، پاشان لە ئامێزی گرت، هێندەی پێ نەچوو ناو دەمی تامی وێسکییەکی تیژی لێوە دەهات.

***

– بووکەخان بۆ کوێ؟!

مەلاک بەنەگریسییەکەوە لێی پرسی و بەو بەیانییە زووە لە بەردەم ئاسانسەرەکەدا پێشی لێ گرت، بەدەم خۆ پاراستنییەوە لە نیگاکانی، وڵامی داوە:

– دەچم بۆ ئیش.

مەلاک لە قاقای پێکەنینی دا و پرسی:

– وا دیارە ئیشەکەت بەدڵە؟!

– زەکی بەگ پیاوێکی باشە.

– گشت کەسێک باشن.. بۆ ئەو ئیشەی پێم گوتی چیت کرد؟

– هێشتا.

– مانای چییە؟!

– هێشتا دەرفەتم بۆ نەڕەخساوە.

مەلاک نێوچەوانی تێک نا و بەشێوەیەک لە تووڕەیی دەچوو لێی ڕوانی، بەتوندی دەستی گرت و گوتی:

- گوێ بگرە کچی باش.. ئیشەکە گەمە نییە.. دەبێ ئەم هەفتەیە گرێبەستەکە ئیمزا بکات.. تێگەیشتی؟

- بەچاوان.

ئەمەی گوت و لە دەستی هەڵات، ئینجا خۆی بەئاسانسەرەکەدا کرد.

***

لە بەیانیی زووەوە لە زۆربەی کۆلێجەکاندا نارەزاییی خوێندکاران دەستی پێ کرد، خوێندنیان پەکخست و هۆڵەکانی خوێندنیان داخست، پاشان بەکۆمەڵ دەرۆیشتن، هوتافیان دەدا و لافیتەی دژ بەجەنگی کەنداویان هەڵگرتبوو، کاتێک بانگی نیوەڕۆ بڵند بووەوە، نزیکەی پێنج هەزار خوێندکاری کچ و کوڕ بۆ نوێژی نیوەڕۆ لە گۆڕەپانەکەی بەرابەر هۆڵی ئاهەنگەکان ڕیزیان بەست (کوڕەکان لە پێشەوە و کچانیش لە دوایانەوە) ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی، برا تاهیر پێشنوێژی دەکردن. پاشان نوێژی بزریان بۆ ڕوحی شەهیدە موسڵمانەکانی عێراق کرد، هێندەی نەبرد تاهیر سەرکەوتە سەر پلیکانەکانی بەرابەر هۆڵەکە، بەدیشداشە سپی و ڕیشە ڕەشەکەیەوە وەستا، لە مایکرۆفۆنەکەوە دەنگی بەرز بووەوە:

- برایان...

ئەمرۆ هاتووین تاکو کوشتنی موسڵمانان لە عێراقی براماندا ڕاگرین، هێشتا ئوممەتی ئیسلامامان نەمردووە وەکو دوژمنان دەخوازن، پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت دەفەرمووێت "تا ڕۆژی دوایی خێر لە ئۆمەتەکەمدایە "..

جا برایان با ئێمەش قسەی خۆمان بکەین و دەنگی لێ هەڵبڕین، تا ئەوانەی دەستیان لەناو دەستی گڵاوی دوژمنانی چنگ بەخوێنی سووری موسڵمانان ناوە بیبیستن..

ئەی لاوانی ئیسلام..

ئێمە لە کاتێکدا قسە دەکەین، ئێستا ڕۆکێتی کافرەکان بەسەر عێراقی براماندا دەبارێن، ئەوان شانازی بەوەوە دەکەن، کە بەغدایان خاپوور و وێران کرد، دەڵێن دوای ئەوەی وێستگەکانی کارەبا و ئاویان بەتەواوی تێک شکاند بەغدایان بۆ سەردەمی بەردین گەڕاندۆتەوە، برایان ئێستا لە هەر چاوترووکانێکدا بەهەزاران موسڵمانی عێراقی، کە ناپاڵمی ئەمەریکایی پێستیان دادەماڵێت، شەهید دەبن. کارەساتەکە ئەوسا تەواو کامڵ بوو عانێک فەرمانڕەوایانمان گوێیان بۆ ئەمەریکا و ئیسرائیل شل کرد، لە بریی سوپای موسڵمانان ڕووی چەکەکانیان لەو زایۆنییانەی فەلەستینیان داگیر کردووە و مزگەوتی ئەقسایان گلاو کردووە، بکەن، دەسەڵاتدارانمان فەرمانیان بۆ سەربازانی میسری دەرکردووە، تا برا موسڵمانەکانیان لە عێراقدا بکوژن.

ئەی برایانی موسڵمان...

دەنگتان بەوشەی حەق هەڵبڕن.. بەدەنگی بڵند بیڵێن با دەنگ بداتەوە، تاکو ئەوانەی خوێنی موسڵمانانیان فرۆشت و پارە و سامانی ڕاوڕووتیان لە بانکەکانی سویسرادا داناوە، گوێیان لێ بێت.

لە هەموو لاوە هوتاف بەرز بووەوە، ئەو خوێندکارانەی بەسەر ملی براکانیانەوە بوون هوتافیان دەکێشا، بەهەزاران کەسیش بەکوڵ دەیانگوتەوە:

"ئیسلامی.. ئیسلامی.. نە ڕۆژهەڵاتی و نە ڕۆژئاوایی"

"ئەی جوولەکە خەیبەر خەیبەر.. لەشکری محەمەد هەر دەگەڕێتەوە"

"ئەی دەسەڵاتداران، ئەی نارەسەنینە.. خوێنی موسڵمانانتان بەچەند فرۆشت؟"

تاهیر ئاماژەی پێ دان و بێدەنگ بوون، دەنگی پڕ لە تووڕەی نەڕەی لێوە دەهات:

– دوێنێ شـاشـەی تـەلەڤزیۆنـەکان لە گـشت دنیـادا، وێنەی ئەو سـەربازە ئەمـەریکاییـیەیان پێشـان دەدا، کە خـۆی بۆ ئەوە ئامـادە دەکـرد، تا ڕۆکێت بەکـەسـوکـارمـانەوە لـە عـێـراقـدا بنێ و بیـانـکوژێت.. دەزانن ئـەو بەرازە ئەمەریکاییـە بەر لەوەی بیهاوێژێت چی لەسەر نووسی بوو؟.. نووسیبووی.. لەگەڵ ڕێز و سڵاوم بۆ خـوا.. موسـڵمـانینە.. ئەوان تیـز و گاڵتـە بەخواکـەتان دەکــەن، ئـەی ئێــوە چـی دەکــەن؟!.. ئـەوان لەنـاوتـان دەبـەن و دەست بـۆ ژنەکـانتـان درێژ دەکـەن و قـەشـمـەری بەپەروەردگـاری مـەزنتـان دەکـەن.. ئـایا پیـاوەتـی و شکۆمـەندیتـان تا ئەم ڕادەیە پێشـێل کراوە؟!.. جـیـهـاد جـیـهـاد جیهاد..

با هەمـووان قسـەی بەرز و بڵندمـان ببیسن.. نا بۆ ئەم جـەنگە پۆخڵـە.. نا بۆ کوشـتنی مـوسـڵمـان بەدەسـتی مـوسـڵمـان.. قـەسـتـەم بەخـوا بەر لەوەی ئوممەتی ئیسـلام ببێتـە پارووپەکی چەور بەدەم دوژمنانەوە، ئێمـە دەمـرین.. نابینە پێڵاو بۆ ئەمەریکا بەئارەزووی خۆی لە پێمان بکات و دامان بکەنێت.

خوێندکـارەکان تاهیـریان خسـتـە سـەر شـان و ئاپۆراکەش بەرەو دەروازەی سـەرەکـیـی زانکۆ ملـی نـا، ئامـانجـی خـۆپێـشـانـدەران ئەوە بوو بچـنە سـەر شـەقامـەکە، تاکو خـەڵکەکە بدەنە پاڵیان، وەلێ هێـزەکانـی ئاسایش لە بەرابەر زانـکۆدا لـە چاوەڕوانـیــیــاندا بـوون، هـەر کـــە خـــوێندکـــارەکـــان چوونـە گـۆڕەپانەکـەوە، سـەربازە چەکـدارەکـان بەتێـلا و خـوودە و زرێی ئاسـنینەوە هێـرشـیان بردنە سـەر و بەوپەڕی توندوتیژییـەوە دەسـتیان بـەلێدانیـان کـرد، هـاوار و ناڵـەی کـیـژە خـوێندکـارەکـان بڵند بووەوە و خـوێندکـارێلێکی زۆر کـەوتن و بریندار بوون و خـوێنیـان ڕژایە سـەر قـیـری شـەقـامـەکە، کـەچی هێشتـا ئاپۆڕەی خوێندکاران بەلێشـاو لە دەروازەکەوە هەڵدەقووڵین و زۆریان توانییـان هـەڵبـێن، دوور لەو سـەربازانە ڕایان دەکرد، کـە بەدوایانەوە بوون، ئەو خوێندکارانە توانییان گۆڕەپانـی زانکۆ ببڕن و سەرلەنوێ لای کۆپرییەکە یەکیـان گرتەوە، تیپـی تری ئاسـایشـی نێوەند هـەڵیـان کوتایە سـەریان، کەچی

بەسـەدانیـان بەرەو باڵیـۆزخـانەی ئیـسرائیل ملیـان نا، لای باڵیـۆزخـانەکەش گـەلێک لە هێـزی تایبـەت بەدەر کـەوتن، بۆمـبی فـرمـێـسکڕێژیـان بۆ خـوێندکـارەکـان دەهـاویشت، دووکەڵ بڵند بووەوە و دیمەنـەکەی بەیەکـجـاری داپۆشی، پاشان دەنگی تەقەیەکی زۆر هات..

***

تەها شازلی بەدرێژاییی ڕۆژەکە لە خۆپێشاندانەکەدا بەشدار بوو، لە دوا سـاتدا ئەو کـاتی هێـزەکـانی ئاسـایش لـە بەرابەر باڵیـۆزخـانەی ئیـسرائیلدا خوێندکارەکانیان دەستگیر دەکرد، ئەو ڕای کرد.

بەپێی ڕێککەوتنـەکـەیان تەها ڕۆیشت بـۆ چایخـانـەی ئۆبرج لـە گـۆڕەپانی سـەیدە زێنـەب، لەوێ لەگـەڵ هەندێک لـە براکـاندا بەیەک گـەیشـتن، تاهیـری ئەمیریشیـان لەگەڵدا بوو، کـە ڕووداوەکانی ڕۆژەکەی هەڵسەنگاندن، پاشان بەدەنگێکی خەمبارانەوە گوتی:

– تاوانکاران بـۆ سـەرلێـشـێـواندنمان بۆمـبی فـرمـێـسکڕێژیـان هـاویشت، پاشـان تەقـەیان لـە خـوێندکـارەکـان کـرد. لەو نێـوەدا براتـان خـالد حـەربی لە کـۆلێـجـی مـاف شـەهیـد بـوو. ئێـمـەش ئەسـپـاردەی خـوای دەکـەین و لێی دەپاڕێینـەوە لە گـوناهـەکـانی خـۆش بێت و سـۆز و بەزەیی خـۆی بەسـەردا ببارێنێ و پەنا بەخوا جێی بەهەشت بێت.

ئەوانی لەوێ بـوون فـاتیـحـەیان لەسـەر ڕوحی شـەهیـد خـوێند و هەسـتی ترس و خـەمـۆکی دای گـرتن. پاشـان برا تاهیـر ڕاسـپـێرییـە پێـویسـتـەکـانی ڕۆژی داهـاتووی بۆ ڕوون کردنەوە، پێوەندیکردن بەئاژانسەکانی دەنگوباسی بیـانییـەوە بۆ جەختـکردنـەوە لەسـەر شـەهیـدبوونی خـالد حـەربی و سـەردانی خـانەوادەی گیـراوەکـان و ڕێکخسـتنی خـۆپێـشـاندانی نوێ لە شـوێنێکدا، کـە هـەرگیز لە مەزەندەی ئاسایشدا نەبێت.

ئەوی بـەتەهـا سـپــێـررابوو ئـەوە بوو کــۆواری ســەر دیـوار بنـووسـێ و

سـەرلەبـەیانیی زوو بەدیوارەوەی هەڵواسـێت، بـۆ ئەم مـەبەسـتـە کـۆمـەڵێک خامەی ڕەنگاوڕەنگ و فایلی کڕین. دەرگەی ژوورەکەی لـە سەربان لە خۆی داخـسـت، لـە ئیـشـکردن وا بـەردەوام بوو تەنـانـەت بـۆ بانگدان دانەبـەزییـە گۆشەکەی خوارەوە و نوێژی مەغریب و شێوانی بەتەنیا کرد، نەخشەسازیی دە لاپەڕەی بەوێنە و نووسینەوە بۆ کۆوارەکە کرد، نیوە شەوی درەنگ لە کار بووەوە، هەسـتی بەشەکەتی و ماندووبوونێکی زۆر کرد، لە دڵی خۆیدا گوتی چەند سـەعاتێکی کەمی لـە بەردەمدا مـاوە بۆ نووستن، چونکە دەبێ بەر لە سەعات حەوتی بەیانی بۆ کۆلێج بڕوات، دوو ڕکات نوێژی سوننەتی شێوانی کرد، پاشان گڵۆپەکەی کوژاندەوە و لەسـەر لای ڕاست لێی ڕاکشـا، ئینجا دوعای بەر لە نووستنی وتەوە:

"خـوایە ڕووم لـە تۆ کـرد و پشـتـم دایە پەنای تـۆوە، بەویسـتـی خـۆم بێت، یاخۆ لە ترساندا خۆم ئەسپاردەی تۆ کرد، هیچ پەناگە و قوتاربوونێکم لە تۆ نییە تەنیا لای خۆت نەبێت، خوایە باوەڕم بەو کتێبە هێنا کە ناردووتە و بەو پێغەمبەرەش، کە ڕەوانەت کرد".

پاشـان کـەوتە خـەوێکی قـووڵەوە، دوای قـەیرێک هەسـتـی کـرد خـەون دەبینێت، لە دەنگە دەنگی تێکەڵ بەئاگا هاتـەوە، چاوی کردەوە تێبینیی ئەو تارماییيانەی کرد لە تاریکییەکەدا دەجمان، لەپڕ ڕووناکییـەکە پێ بوو، سێ زەلامی کەتەی بەبان سەرەوە بوون.. یەکیان پتر لێی نزیک بووەوە، بەتوندی شـەپازلەیـەکی لێ دا، دواتر قـژی گـرت و بـەتوندی بـەلای ڕاسـتـای وەرسووڕاند، تەها بۆ یەکـەمین جـار ئەفسـەرێکی گـەنجی بینی بەگـاڵتـە پێکردنەوە لێی پرسی:

– تۆ تەها شازلییت؟!

وەڵامی نـەدایـەوە، ئـەوانـی تر بـەتوندی بـەربـوونـە سـەر و گـوێلاکی، ئەفسەرەکە پرسیارەکەی دووبارە کردەوە، تەها بەنووزەیەکەوە گوتی:

- بەڵێ..

ئەفسەرەکە بەلێڕاستبوونەوەوە گوتی:

- کوڕی قەحپە خۆت لێم کردووەتە سەرۆک..

ئەمە ئاماژەیەک بوو، ئیتر تێی بەربوون، ئەوی سەیر بوو نە ناڕەزایی دەربڕی نە هاواری کرد، تەنانەت بەدەستی دەموچاویشی نەپاراست. بەو لێدانە ڕوخساری مەیی بوو، بەتەواوی ڕادەستی لێدانەکانیان بوو، توند گرتیان و بەرەو دەرەوەی ژوورەکە ڕایان کێشا.

***

لە نێوان ئەو دەیان کەسەی هۆڵی ڕیستۆرانتی شەرقیان لە ئوتێلی شیراتۆن جەزیرە پڕ کردبووەوە، کەم لە هاووڵاتییانی ئاساییان تێدا دەبینیت، لەوانەی لە ڕۆژانی پشوودا دەستگیرانەکانیان، یاخۆ ژن و منداڵەکانیان لەگەڵ خۆیاندا بۆ کەباب خواردنێکی بەتام دێن، زۆربەی هاموشۆکەرانی ڕیستۆرانتەکە لە پیاوماقووڵانی کۆمەڵن:

خاوەنکاری بەناوبانگ و وەزیر و پارێزگارەکانی ئێستا و پێشووش، بۆ ڕیستۆرانتەکە دێن تا نانەکەیان بخۆن و دوور لە چاوی ڕۆژنامەنووسان و لاپرەسەنەکان کۆبوونەوەی خۆیان بکەن. بۆیە پۆلیس بەچڕی پاسەوانییان دەکرد، ئەمە جگە لەو پاسەوانە تایبەتانەی لەگەڵ گەورەکاندا دێن. وای لێ هات کەبابخانەکەی شیراتۆن هەمان ڕۆڵی یانەی پاشایی ئۆتۆمبیلی لە سیاسەتی میسریدا بەر لە شۆڕش دەبینی، چەندین سیاسەت و ڕێککەوتن و یاسا کاریگەریی خۆیان لەسەر ژیانی ملیۆنان میسری جێ هێشتوون، کە لە کەبابخانەی شیراتۆن لەسەر مێزی پڕ لە گۆشتی برژاو ئامادە کراون و لەسەری ڕێککەوتوون، جیاوازییش لە نێوان یانەی ئۆتۆمبیل و کەبابخانەی شیراتۆن بەوردی گوزارشت لەو گۆڕانە دەکات، کە بەسەر دەستەبژێری دەسەڵاتداری میسریدا بەر لە شۆڕش و دوای شۆڕشدا هاتووە، وەزیرە

ئەرستۆکراتییەکانی ڕێژیمی لەناوچوو، بەفێرکردن و ئاکاری ڕۆژئاوایی ڕووتیانەوە، یانەی ئۆتۆمبیل بۆ ئەوان گەلێک گونجاو بوو، چونکە شەوانیان لەوێ دەبردە سەر و ژنەکانیشیان بەجلی نیوە ڕووتی شەوئاهەنگەوە لەگەڵ خۆیاندا دەبرد و وێسکییان دەخواردەوە و یاریی پۆکەر و بریدجیان دەکرد.. هەرچی گەورەکانی ئەم سەردەمەن، زۆرجار بەبنەچەی لادێییەکان و پابەندبوونی بێ ئەملا و ئەولایان بەنەریتە ئاینییەکان و چڵێسییان لە بەرابەر خواردنی خۆشدا، ئەوا کەبابخانەی شیراتۆن تابڵێی بۆ ئەوان گونجاوە، چونکە لەوێ باشترین کەباب و کفتە و کۆتری ئاخنراو دەخۆن، پاشان چەند پیاڵەیەک چای دەخۆنەوە و نێرگەلە دەکێشن، کە لەسەر داخوازیی ئەوان بۆیانیان هێناوەتە ژوورێ، لەکاتی خواردن و خواردنەوە و کێشاندا قسە لەبارەی کاروباری پارە و بزنس نەدەبڕایەوە.

کەمال فولی داوای بینینی حاجی عەزامی لە کەبابخانەی شیراتۆن کرد، حاجی عەزام و فەوزیی کوڕی بەر لە وادە هاتن. دانیشتن و دەستیان بەنێرگەلە کێشان و چا خواردنەوە کرد، تاکو کەمال فولی لەگەڵ یاسری کوڕی و سێ لە پاسەوانەکانی بەدەرکەوت، پاسەوانەکان ئەو ناوەیان پشکنی، دواتر یەکیان فسکاندیە بنا گوێی فولی و ئەویش سەری ڕازیبوونی لەقاند، دوای بەگەرمی باوەش لە یەک دان بەحاجی عەزامی گوت:

– چی بکەین حاجی.. دەبێ شوێنەکە بگۆڕین.. پاسەوانەکان ڕایان لەسەر نییە، چونکە شوێنەکە کراوە و بەرچاوە.

حاجی عەزام ڕازی بوو و لەگەڵ کوڕەکەی و فولی ڕابوون و ڕوویان لە مێزێکی دوور کرد، کە پاسەوانەکان لەو سەرەوە بەتەنیشت فوارەکەوە بۆیانیان دەستنیشان کردبوو، لەوێ دانیشتن و پاسەوانەکانیش لەسەر مێزێکی نزیکی حیساب بۆ کراو دامەزران، کە دەیانتوانی چاویان لە مێزەکە بێت، وەلێ مافی ئەوەیان نەبوو ئەوی لەسەر مێزەکە باس دەکرێت ببیستن.

له قسەی گشتییەوە دەستیان پێ کرد:

پرسیار له یەکتری کردن لەبارەی ساغ و سەلامەتی و ماڵ و منداڵ و سکاڵای دەق بەستوو لەسەر ماندووبوون له کار و زۆربوونی بەرپرسیارێتییەکان، ئینجا فولی بەزمانێکی دۆستانەوە بەحاجی عەزامی گوت:

– بەڕاست، بیرۆکەی هەڵمەتەکەت له ئەنجوومەنی گەلدا دژ بەڕیکلامە ڕووتەکانی تەلەڤزیۆن کارێکی باش بوو و دەنگدانەوەی لای خەڵکی دروست کرد.

– پیاوەتی ئێوەیە کەمال بەگ.. خاوەن بیرۆکەکە خۆتیت.

– مەبەستم ئەوە بوو خەڵکەکە بتناسن، چونکە تۆ ئەندامێکی تازەی ئەنجوومەنی گەلیت.. سوپاس بۆ خوا هەموو ڕۆژنامەکان لەسەرتیان نووسی.

– خوا پشتیوانمان بێت، تا بتوانین چاکەکانت بدەینەوە.

– بمبەخشە حاجی.. خوا ئاگای لێیە تۆ برایەکی ئازیزی منیت.

– بەڕای تۆ کەمال بەگ دەبێ تەلەڤزیۆن لەسەر هەڵمەتەکە بڕوات و بەر بەم ڕیکلامە سووکانە بگرێت؟

فولیش بەکەفوکوڵێکی "پەرلەمانی" یەوە شیراندی:

– غەسپە لەسەری وەڵام بداتەوە.. من له کۆبوونەوەی نووسینگەی سیاسیدا بەوەزیری ڕاگەیاندنم گوت: نابێت ئەم گاڵتەجاڕییە بەردەوام بێت.. ئەرکمان ئەوەیە ڕەوشتی خێزان له وڵاتماندا بپارێزین.. کێ بەوە ڕازییە کچی یاخۆ خوشکی سەیری سەما و قنگ بادان بکات، له کوێش؟ له میسری وڵاتی ئەزهەر؟!

– من سەرم لەو کیژانە سوڕ دەمێنێت، کە بەڕووتوقووتی له تەلەڤزیۆن دەردەچن، باشە ئەمانە کەسوکاریان نییە؟! باوک و برایان لەکوێن؟ هەر

لەبەرئەوەی لێیان دەگەڕێن دەبێ وا لە خۆیان بکەن؟

– نازانم جـوامـێـری چی لـێ هات؟.. ئەوی لێگەڕێت ئافـرەتی ئاوا خـۆی ڕووتەوە بکات ئەوە تەرەسـە.. پێغـەمـبەری خـواش دروودی خوای لەسـەر بێت نەفرەتی لێ کردوون.

حاجی عەزام سەری لەقاند و بەسڵەمینەوە گوتی:

– بەتایبـەت گـەواد چارەنووسی دۆزەخ و خـراپتـرین چارەنووسـە، خـوا بەدوورمان بخات.

ئەم گفتوگۆیە دەستپێک و بۆندەمکردن و دەمەزەردکردنی تواناکان، وەکو ڕاهێنانی خـۆ گەرمکردنن، کە یاریچـییانی تۆپی پێ بەر لـە دەست پێکردن ئەنجامی دەدەن، تـەمی ترس ڕەوییەوە و گەرمـوگوڕی دانیشتنەکەی گرتەوە، کـەمـال فـولی سـەری بەرەوپێش لار کـردەوە و بزەیـەکی کـرد، لـە کـاتێکدا ئاغزەی نێرگەلەکەی لەنێو قامکەکانیدا دەجووڵاند، بەدەنگێکی پڕ لە ماناوە گوتی:

– بەڕاست.. بیرم چوو پێت بڵێم پیرۆزە.!

– خوا خۆشت بکات.. لە چی؟!

– لەسەر بریکاریی ئۆتۆمبیلی تاسۆی ژاپۆنی.

– ئا..

عـەزام بـەم ئاوایـە بەدەنگێکی کـزەوە بەرپـەرچی دایەوە و تـرووسکەی ئاگەداری کردنەوەیەکی لە ناکاو لـە چاوانیدا ڕەنگی دایەوە، پاشـان سـەری دانەواند و مژێکی لە نێرگەلەکە دا، تاکو بواری بیـرکردنەوە بەخـۆی بدات و هـەر وشـەیەکی لە زار دەردەچوو دەیکێشا:

– کوا بابەتەکە هێشتا تەواو نەبووە کەمال بەگ.. من تازە داوای بریکاریم پێشکێش کردووە، وا ژاپۆنییـەکانیش سـۆراخ و پشکنینـم لەسـەر دەکەن.. ڕەنگە ڕازی ببن و بریکارییـەکـەم بدەنێ، دووریش نییـە ڕەتی بکەنەوە.. ناوی

خوا بێنە و لە پێناوی پێغەمبەردا دوعامان بۆ بکە.

فولی بەدەنگی بڵند لە تریقەی پێکەنینی دا و دەستی کێشا بەبان چۆکی حاجیدا و بەگەرمییەکەوە گوتی:

– پیرەپیاو ئەم قسانە بۆ من دەکەیت؟ .. نا برا تۆ ئەم هەفتەیە بریکارییەکەت وەرگرت.. بۆ خستنەوە بیریشت ڕۆژی پێنجشەم فاکسی ڕەزامەندیت بۆ هاتەوە.. ڕات چییە؟!

عەزام بەبێدەنگییەوە لێی ڕوانی، ئەویش بەشێلگیرییەوە درێژەی بەقسەکانی دا:

– حاجی عەزام گوێ بگرە.. من ناوم کەمال فولییە.. پیاوێکی ڕاستم وەکو شیر «بەدەستی نیشانەی ڕاستەوڕاستی کێشا».. من قسەم یەکە.. وا بزانم تاقیت کردمەوە.

– خوا چاکەت بداتەوە.

– با لەوسەرییەوە بێم؟! قازانجی ئەم بریکارییە حاجی ساڵانە ٣٠٠ ملیۆن تێ دەپەڕێنێت.. بێگومان ئەو خوایە بەخۆی دەزانێت من خێری تۆم دەوێت.. بەڵام تیکەی وا گەورەیە بۆ تۆ.

– مانای چییە؟

بەم شێوەیە عەزام بەدەنگێکی توندەوە شیڕاندی، فولییش لەو دەمی چاوی تێ بڕیبوو وەڵامی داوە:

– واتا نابێ بەتەنیا بیخۆیت حاجی.. ئێمە چارەکیمان دەوێت.

– چارەکی چی؟

– چارەکی قازانجەکەی..

– ئێوە کێن؟!

فولی لە قاقای پێکەنینی دا و گوتی:

– توخوا ئەمە پرسیارە مامۆستا.. کورە کابرا تۆ خۆت خەڵکی ئەم وڵاتەیت و هەموو شت بەچاوی خۆت دەبینیت.

– مەبەستت چییە؟!

– مەبەستم ئەوەیە، من لە بریی پیاوە گەورەکە قسان دەکەم.. پیاوە گەورەکە داوای کردووە لە بریکارییەکەدا هاوبەشت بێ و چارەکی قازانجەکەی ببات.. تۆ بەخۆت باش دەزانیت! گەورەمان ئەگەر داوای شتێک بکات دەبێت بیبات.

نەهامەتییەکان یەک لە دوای یەک نایەن..

هەر کات حاجی عەزام ئەو ڕۆژەی بیر بکەوتبایەوە وای دەگوت..

لە دەوروبەر سەعات دەی شەو دوای ئەوەی لەسەر داواکەی کەمال فولی قایل بوو، شیراتۆنی جێ هێشت. دەبوو ڕازی بوایا، چونکە بەهێز و توانای کابرای گەورە دەزانێت، هەرچەندە بیرۆکەی چارەکێک لە قازانجەکەی زۆر پێ ناخۆش بوو.. پرۆژەیەکی گەورەی ئاوا پێوەی هیلاک و ماندوو دەبێ و بەملیۆنانی لەسەر خەرج دەکات، پاشان کابرای گەورە دێتە سەر حازری و چارەکێک لە سوودەکەی دەبات. درۆ و دەلەسە و بەرەڵایی.. لە دڵی خۆیدا بەتووڕەییەوە وای گوت، ئینجا بڕیاری دا تێبکۆشێت بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەک، کە بەر بەم زۆرداریە بگرێت.

ئۆتۆمبیلەکەی بەرەو ماڵەکەی لە ئەندازیاران ملی دەنا، حاجی عەزام ئاوڕێکی دایەوە و بەفەوزیی کوڕی گوت:

– بڕۆ بۆ ماڵ و بەدایکت بڵێ من ئەمشەو نایەمەوە.. دەبێ لەبارەی بابەتەکەی فولییەوە هەندێک پێوەندی بکەم.

فەوزی بەبێدەنگی سەری لەقاند و دوای ئەوەی دەستی باوکی، کە بەسەر شانیەوە بوو ڕاموسی، لای ماڵ دابەزی، بابی پێی گوت:

– سبەی بەیانی زوو خوا یار بێت لە نووسینگەدا یەکتر دەبینین.

حاجی عەزام لەسەر کوشنەکە ڕاکشا و هەستی بەحەسانەوە کرد، داوای لە لێخوڕەکە کرد بۆ باڵەخانەی یاقوبیانی بەرێت، لەبەر سەرقاڵیی بەبریکارییەکەوە چەندین ڕۆژ بوو سوعادی نەبینیبوو، لەو دەمی ئەوی

بەمــێــشکدا هـات بزەیەکی هـاتێ و بیــری لەوە دەکــردەوە چۆن ســەیری بەهاتنەکەی دێت بۆ لای، چۆنی دەبینێت، ئێستا بەتەنیا چی دەکات؟!

ئای چەند بەتاسـەی شـەوێکەوەیە لەگـەڵیـدا، شـەوێک تێـیـدا لە خـەم و خـەفەت ڕزگـاری بێت و لە ئامـێـزی ئاسـوودەییـدا بێـدار ببـێتـەوە.. ئەوەی بەمـێـشکدا هات لە تـەلەفـۆنـی ئۆتۆمـبـیلەکـەوە پێوەنـدیی پێـوە بکات، تاکـو ئامـادەیی خـۆی وەرگرێت، کەچی پێی باش بوو لە ناکاو بداتە سـەریا، تاکو بزانێت چۆنی پێشوازی لێ دەکات، هـەر بەڕاستییش وای کرد، شوفـێرەکەی ئیـزن دا و بەرەو ئەپـارتمانەکە سـەرکەوت، بەهێـوری کلیـلەکـەی بادا و چووە هۆڵـەکـە، لە هـۆڵەکـەوە دەنگێکی بیـست، بەئاسـپـایی نـزیک بووەوە.. بینـی لەسـەر قـەنەفەکە ڕاکشـاوە، پیـجامـەیەکی سـووری لە پێدا بوو، قـژی بەرۆڵە لوول دابوو و دەموچاویشـی بەکرێم سـواخ دابوو، سـەیری تەلەڤزیۆنـی دەکرد، هـەر کە بینی بـەقیژەی پێشوازییەوە لە شـوێنی خۆیدا هـەڵبـەزییەوە، باوەشـی لێ دا و بەگلەیییەوە گوتی:

– حاجی ئاوا؟!.. هـەر هیـچ نەبوایا تەلەفۆنت بکردایا، تاکو حیسـابی خۆم دەکرد، یا حەز دەکەی بەناشرینی بمبینیت.

– تۆ دەڵێی مانگیت.

حـاجی ئاوای بەگـوێدا چرپاند، ئینجـا خـۆی پێـوە نووسـاند و بـەتوندی باوەشـی لـێ دا، ئەویش وەک ئەوەی تێـوەی بژەنن هـەسـتی بەئاڵۆشـی کـرد، سـەری بەرەو دوا گەڕاندەوە و بەخۆدزینەوە و بێ شـەرمییەوە گوتی:

– حــاجی، گـشت شــتـێک لای تۆ ئاوا بەپـەلەیە.. چاوەڕێ بکە با ئـاوێک بەخۆمدا بکەم و تیکە نانێکت بۆ ئامادە بکەم.

شـەویان وەک هـەمـوو جار بەسـەر برد، خـەڵووز و نێرگـەلەی بۆ ئامـادە کرد، تا ئەو ئاوێکی بەخۆیدا کرد ئەم هـەندێک حەشیشـەی کێشا. پاشان جلەکانی داکەندن و خـۆی شـوشت، دیشداشـە سپییەکەی بەسـەر جەستـە ڕووتەکەیدا

لەبەر کـرد و لەگـەڵیـدا نـووست، ئەم لەو جـۆرە پـیـاوانە بوو خـەمـەکـانیـان بەسـێکسکردن دەڕەوینەوە. ئەمـشـەو دوور لە خـدێی خـۆی زۆر بەگـەرمی و خوڕەم کردی، تەنانەت دوای ئەوەی لێبوونەوە سوعاد ماچی کرد و لەو دەمی لووتی بەلووتیدا دەخشاند، بەچرپەوە گوتی:

– هێشتا چەوراییت تێدا ماوە.

سوعاد لە قاقای پێکەنینی دا و پشـتی دایە سیسەمـەکەوە و بەشۆخییەوە گوتی:

– دەی با مەتەڵەکەت پێ بڵێم.

– مەتەڵی چی؟!

– هـای.. ئاوا زوو لـە بیـرت کـرد؟!.. مـەتـەڵەکـە حـاجی.. ئەوەی وتـت پێی دڵنیات دەکەمەوە کە خۆشت دەوێم.

– ئا ببـووره ڕاست دەکـەیت.. ئـەمـشـەو مـێـشکـم زۆر سـەرقـاڵە.. دەی خاتوونەکەم مەتەڵەکەم پێ بڵێ.

سـوعاد بـەلایدا وەرسووڕا، وەک ئەوەی هـەسـت لە کاردانەوەکەی ڕاگرێت، بەبێدەنگییـەوە تەمـاشـایەکی کـرد، دواییش زەردەخـەنەیەکی پان ڕوخسـاری گرتەوە و گوتی:

– ڕۆژی هـەینی بۆ دوکتۆر چووم.

– دوکتۆر؟! خێرە؟!

– ماندوو و بێتاقەت بووم.

– چاک دەبیتەوە ئینشالڵا.

قاقا پێکەنی و گوتی:

– نا.. دەرکەوت ماندووییەکی شیرینە.

– تێناگەم..

– پیرۆزە خۆشەویستەکەم.. ئەوە بۆ دوو مانگ دەچێت سکم هەیە.

***

بارهەڵگرە گەورەکە لە بەردەم باڵەخانەی یاقوبیاندا وەستا.. جگە لە چەند پەنجەرەیەکی بچووک نەبێت، کە تەلبەند کرابوون تەواو داخرابوو. سەربازەکان بەلێدان و تێهەڵدان بەپۆستاڵ، تەها شازلییان پێش خۆیان دا، بەر لەوەی بەپاڵ بیخەنە ئۆتۆمبیلەکەوە، چاویان بەپەڕۆیەک شەتەک دا، پاشان دەستیان بۆ دواوە برد و لە کەلەپچەیان دا، هەستی کرد توندی ئاسنەکە بەسەر دەستییەوە پێستی دادەماڵێت، ئۆتۆمبیلەکە سیخناخ بوو بەگیراوەکان، لەوانەی بەدرێژاییی ڕێگەکە لە هوتاف کێشان نەدەوەستان:

"لا ئیلاهە ئیللەلا.. ئیسلامی.. ئیسلامی"

دەتگوت بەهاوارکردنیان بەسەر ترس و شڵەژانەکەیاندا زاڵ دەبن، پاسەوانەکانیش لێیان گەڕان بەکامی دڵی خۆیان هوتاف بکێشن، ئۆتۆمبیلەکە لەپڕ بەوپەڕی خێراییەوە دەرپەڕی و زیاد لە جارێک خوێندکارەکان بەسەر یەکدا کەوتن. دوایی لە هیکرا وەستا، جیرەی دەروازەیەکی کۆنی ئاسنینیان بیست، ئۆتۆمبیلەکە لەسەر خۆ ڕێی کرد، پاشان سەرلەنوێ وەستایەوە و دەرگەکەی دواوە کرایەوە، کۆمەڵێک سەرباز بەهاوارکردنەوە پشتێنەکانیان کردەوە و بەربوونە وێزەی ئەو خوێندکارانەی بەدەم هاوارەوە لە ئۆتۆمبیلەکەوە دەکەوتن، ئینجا گوێیان لە وەڕینی سەگی پۆلیسی بوو، کە هێندەی پێ نەچوو پەلاماریان دان، تەها ویستی دوور بکەوێتەوە، وەلێ سەگێکی زەبەلاح پڕی پێدا کرد و دای بەزەویدا، بەکەڵبەکانی کەوتە سەر سینگ و ملی، تەها خۆی وەرگێڕا تاکو دەموچاوی لە کەڵبەی سەگەکە بپارێزێت، بیری لەوە کردەوە ئەوان لێ ناگەڕێن بەدەستی ئەم سەگانە بمرن، خۆ ئەگەر مردیش ئەوا بەهەشت بەدەست دەهێنێت، کۆڵی نەدەدا، لە دڵی خۆیدا ئایەتی قورئانی دەخوێندەوە و

کۆپلەیێلێکی لە گوتارەکەی شێخ شاکری وەبیر خۆ دەهێنانەوە، بۆی دەرکەوت ئازاری جەستەی دەگاتە لووتکەیەکی دیارکراوی لە وزە بەدەر، دواتر پەیتا پەیتا هەستکردنی لە بەرابەریدا کەمتر دەبووەوە.. کتوپڕ سەگەکان چون ئاماژەیان پێ درابێت، کشانەوە، بۆ چەند خولەکێک لە کونجێکەوە وەستا بوون، ئینجا سەربازەکان سەرلەنوێ هەڵیان کوتایە سەریان و بێبەزەییانە بەربوونە گیانیان، پاشان یەک یەک پێش خۆیانیان دان، تەها هەستی کرد بەڕاڕەوێکی درێژدا دەیانبەن، دەرگەیەک کرایەوە و برایە ژوورێکی گەورەی قانگدراو بەدووکەڵی جگەرە، دەنگی ئەو ئەفسەرانەی لەوێ دانیشتبوون لێک جیا دەکردەوە، قسەی ئاسایی پێکەنینهێنەریان دەکرد، یەکیان بۆی هەستا و تا هێزی تێدا بوو شەپازلەیەکی خێواندە پشتەسەری، بەڕوویدا شیراند:

– ناوت چییە کوڕی باش؟

– تەها محەمەد شازلی.

– چی؟!.. گوێم لێ نییە.

– تەها محەمەد شازلی.

– دەنگت هەڵبڕە هەی قەحپە دایک.

تەها بەهەموو توانایەوە هاواری دەکرد، کەچی ئەفسەرەکە زللەیەکی تێ سرەواند و سەرلەنوێ و بۆ سێیەمین جار لێی پرسییەوە، دواتر بەتێهەڵدان بەربووە گیانی، تاکو کەوتە سەر زەوییەکە، هەڵیان ساندەوە و بۆ یەکەمین جار دەنگێکی هێمنی نووساو بەشێنەیی و بڕوا بەخۆبوونەوە بەرز بووەوە، دەنگێک تەها هەرگیز لە یادی ناکات:

– تەواو کوڕینە.. لێدان بەسە.. ئەم کوڕە دیارە زیرەک و ژیرە.. وەرە کوڕی خۆم نزیک بەرەوە.

بەرەو سەرچاوەی دەنگەکەیان پاڵ نا، تەها دڵنیا بوو ئەوە سەرۆکەکەیانە

و لەسەر کورسی و مێزێک لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا دانیشتووە:

– ناوت چییە حەیاتم؟

– تەها محەمەد شازلی.

بەزەحمــەت هاتە قســان، هەسـتی بەتامی تیـژی خـوێنەکـەی لە زاریدا دەکرد.. سەرۆک گوتی:

– تەها، وا دیارە تۆ کوڕێکی باشی و لە خێزانێکی خانەدانیت.. کوڕم بۆ وا لە خـۆت دەکەیت؟ بینیت چیت لێ هـاتووە؟ هێشتـاش؟ تۆ هێشتـا هیـچت نەبینیـوە.. ئەم سـەربازانە دەناسـیت؟.. بەردەوام تا نیـوەشـەو لێت دەدەن، پاشان دەچنەوە ماڵی خۆیان دەخۆن و دەخەون، سەربازی تر دێنە شوێنیان و ئەوانیش تا بەیانی دارکـاریت دەکـەن، بۆ سبـەینێش ئەو سـەربـازانە لە مـاڵـەوە دەگـەڕێنەوە و ســەرلەنوێ تا نیـوەشـەو بەردەبـنەوە وێزەت... ئیـتـر بـەردەوام ئاوا، ئـەگــەریش لەژێر لێــداندا بمریت ئەوا لەو شــوێنـەی لێی وەسـتـاویت دەتنێژین.. هیـچیش بەلامـانەوە گرینگ نییـە.. تـۆ دەرۆسـتـمـان نایەی تـەها.. ئێـمـە حکوومـەتین.. تـۆ لە ئاسـتی حکوومـەتدایت تـەها؟ ئەو قـوڕاوەت بینیـوە خـۆت لێ هەڵکێـشاوە؟.. گوێ بگرە باوکە.. حـەز دەکـەیت ئێسـتـا بەرت بدەم؟!.. پێت خـۆشـە بچیـتـەوە بۆ لای کەسوکـارت؟!.. ئێسـتـا دایک و باوکت دڵیان لاتە..

دوا ڕســتــەی وا دەربڕی وەک ئـەوەی هـەر بـەڕاســتی بێــزار بێت. تـەها هـەستی کرد مووچوڕکەیەک سـەرتاپای جەستەی داگرت، زۆری هـەوڵ دا دان بەخـۆیدا بگرێت، کـەچی نەیتـوانی. دەنگێکی تیـژی لوورە ئاسـای لێـوە هـات، پاشان خـۆی دایە دەست کەفوکوڵی گریانەوە، ئەفسـەرەکە لێی نزیک بووەوە و دەستی نایە سەر شانی و گوتی:

– نا تەها.. نا چـاوەکەم مـەگری.. بەخـوای مـەزن بەزەییم پێـتدا دێتـەوە.. گوێ بگرە کوڕی باش.. تۆ زانیـاریمان لەسـەر ڕێکخـراوەکەت بدەرێ و منیش

بەشەرەفم ئێستا بەرت دەدەم.. دەڵێیت چی؟

تەها شیڕاندی:

– من هیچ ڕێکخراوەیەکم نییە.

– ئەی بۆ پەیمانی کاری ئیسلامیت لایە؟

– دەمخوێندەوە.

– بەڵام ئازیزم ئەمە کتێبی ڕێکخراوەییە.. دەی تەها بەڵکو خوا ڕێگەی ڕاستت پێ نیشان بدات.. پێم بڵێ ڕۆڵی تۆ لە ڕێکخراوەکەدا چییە؟

– من هیچ لە ڕێکخراو و مێکخراو نازانم.

دیسانەوە تێهەڵدان دەستی پێ کردەوە، تەها وای هەست دەکرد جارێکی تر ئازارەکەی چڵەپۆپەی تێپەڕاندەوە، تا نزیکتر ببێتەوە لە بیرۆکەیەک، کە لە دەرەوە درکی پێ دەکات، دەنگی سەرۆک بەهێمنی کەوتەوە بەر گوێی:

– کوڕی خۆم بۆ وا لە خۆت دەکەیت.. بۆچی ئەوی دەیزانیت نایدرکێنیت و خۆت قوتار ناکەیت.؟

– بەخوای مەزن، گەورەم ئاگام لە هیچ نییە.

– تۆ ئازادیت.. گوناهی خۆت لە ملی خۆت.. ئەوەت بیر نەچێت من تاقە کەسم لێرە دڵم باشە.. ئەم ئەفسەرانە خوانەناس و پیاوکوژن، ئیشیان تەنیا دارکاریکردن نییە. ئەمانە ئیشی تا بڵێی دزێو دەکەن.. دەتەوێت قسە بکەیت یان نا؟!

– بەخوای مەزن ئاگام لە هیچ نییە.

– تەواو.. کەیفی خۆتە.

چون وشەی نهێنی بێت، هەر هێندەی ئەفسەرەکە وای گوت لە گشت لاوە بەربوونە گیان تەها، دواتر تووڕیان هەڵدایە سەر زەوییەکە و زیاد لە دەستێک دیشداشەکەیان پشکنی و جلەکانی ژێرەوەیان لەبەر داکەند،

بەهەموو هێزیەوە بەرهەڵستی کرد، کەچی بەسەریدا ڕژان و بەپێ و دەستیان کەمەندکێشیان کرد، دوو دەستی ئەستوور تلیشەکانی دواوەیان گرت و لێکیان جیا کردنەوە، هەستی بەتەنێکی ڕەق کرد لە دواوەی دەچەقێت و ناوەوەی دەدڕێت، هاواری کرد، بەهەموو توانایەوە قیژاندی، هێند هاواری کرد، تا وای هەست کرد قوڕگی ونجڕ ونجڕ دەبێت.

***

لەگەڵ هاتنی زستاندا عەبد ڕەبە ژیانی نوێی دەست پێ کرد.

خزمەتی سەربازییەکەی لە ئاسایش تەواو بوو، بۆ یەکجاری جلە سەربازییەکەی داکەند و کراس و پانتۆڵی لە پێ کرد و لە کوشکە تازەکەی دەست بەکار بوو، ناردی بەدوای هەدیەی ژنی و وائیلی کوڕە شیرەخۆرەیدا لە سعێد، هەموویان لە ژوورێک لە سەربانی باڵەخانەی یاقوبیاندا نیشتەجێ بوون، کە حاتەم ڕەشید بۆی بەکرێ گرتبوون.

عەبدە تەندروستیی باش بوو و کێشی زیادی کرد، دایەمیشیی پێوە دیار بوو و لە دیمەنی لەڕولاوازی سەربازان قوتاری بوو، زیاتر لەبازرگانێکی گەنجی سەرکەوتووی پڕ لە بڕوا بەخۆبوون و چوست و چالاکی قاهیرەیی دەکرد «وێڕای ئەوەی شێوە زمانە سعێدییە قورسەکەی پاراستبوو، لەگەڵ نینۆکە درێژە پیسەکانی و ددانە زەردەوە بووەکانی لە ئەنجامی جگەرە کێشاندا و ئەو خواردنانەی پێیانەوە دەنووسن و پاکیان ناکاتەوە»، قازانجێکی باشی لە فرۆشتنی جگەرە و شیرنەمەنی و ساردەمەنی دەکرد، خەڵکی سەربانەکەش بەشێوازی خۆیان عەبدە و خێزانەکەی و دراوسێ نوێیەکەیان بەگەن کرد:

ڕووپێدانی تێکەڵ بەوریایی و لاپرەسەنی، کەچی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر هەدیەیان بەدڵدا دەچوو، ئیتر ڕەنگە لەبەر جەستە ڕێکە باریکەکەی و کراسە ڕەش و ڕوخسارە گەنم ڕەنگییەکەی و خاڵە شینە تێرەکەی خوار چەناگەی و

خواردنە سعێدییەکانی "بتاو و ویکا" و شێوە قسەکردنە ئەسوانییەکەی بێت، کە پێیان خۆشبوو بەپێکەنینەوە لاسایی بکەنەوە..

عەبدە وا لە دراوسێکانی گەیاندبوو، وەکو ئاشچی لای حاتەم ڕەشید ئیش دەکات، کەچی ئەوان بڕوایان پێ نەکردبوو، چونکە ناوازەیی حاتەمیان پێ دەزانی، هەروەها لەبەرئەوەی هەفتەی بەلای کەمەوە دووجاران لای دەمایەوە، ئەمان لەنێو خۆیاندا قسەی خۆشیان لەسەر ئەو "خواردنانەی شەو" دەکرد، کە عەبدە بۆ حاتەمی لێ دەنێت، بەهەموو شتیان دەزانی و قبووڵیان بوو، بەگشتی ڕەفتاریان لە بەرابەر هەر کەسێکی نەسرۆدا لەسەر ڕادەی خۆشەویستییان بۆی وەستابوو، ئەگەر ڕقیان لێ ببوایەتەوە ئەوا بۆ سەرکەوتنی چاکە بەرەو ڕووی دەوەستانەوە و بەدڕندەیی لەگەڵیدا بەشەڕ دەهاتن و ڕێیان لە منداڵەکانیان دەگرت لێی نزیک ببنەوە. لێ ئەگەر وەکو عەبد ڕەبە خۆشیان بویستایا، ئەوا وەک گومڕا و بەستەزمانێک چاوپۆشییان لێ دەکرد و مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرد، ئەوەشیان دەگوتەوە، سەرەنجام گشت شتێک قسمەت و نسیبە و دوور نییە خوای مەزن ڕێنیشاندەری بێت "چەندان کەس لەوەش خراپتر بوون و دوایی پەروەردگار ڕێی ڕاستی پێ نیشان دان و دەرگەی خێری لێ کردنەوە و بوونە پیاوچاکی خوا"، ئاوایان دەگوت لێویان دەگازین و بەسۆزەوە سەریان ڕادەوەشاند.

ژیانی عەبد ڕەبە تا ڕادەیەک بێ گرفت بەڕێوە دەچوو، لێ پێوەندیی بەهەدیەی ژنییەوە ئاڵۆز بوو، هەدیە بەو ژیانە تازەیە پڕ لە خۆشگوزەرانییە بەختەوەر بوو، وەلێ شتێکی قووڵ و تێکچڕژاو لە نێوانیاندا هەبوو، هەڵدەچوو و دادەمرکایەوە، جار جاریش لە چاو ون دەبوو، لێ بەردەوامبوونی هەبوو، کاتێک دوای شەو ڕابواردن لەگەڵ حاتەمدا، سبەینێکەی دەچوو بەلایەوە، شڵەژاوی و تووڕەیی پێوە دیاربوون، خۆی لە تەماشاکردنی چاوەکانی دەپاراست و لەسەر بچووکترین شت بەتوندی سەرکۆنەی دەکرد، ئەویش وەڵامی تووڕەییەکەی بەبزەیەکی خەمبارانە

دەدایەوە، ئەم زیاتر شێتگیری دای دەگرێ و دەشیرێنێت:

– قسە بکە هەی بێ مێشک.

– خوا لێت ببوورێت.

هەدیە بەدەنگێکی کزەوە بەرسڤی دەداتەوە و لەوێ دەڕوات تاکو هێمن دەبێتەوە، کاتێکیش لە سەرجێییدا جێگەکە دەیانگرێتە خۆ، گەلێک جار عەبدە بیر لە حاتەمی ئەویندار دەکاتەوە و ئەودەم هەست دەکات هەدیە مێشکی دەخوێنێتەوە و نیگەرانییەکەی لە جەستەی خۆیدا دەشارێتەوە. عەبدە بەوپەڕی دڵڕەقییەوە سێکسی لەگەڵدا دەکرد، چون بەر بەبیرکردنەوەی بگرێت، یاخۆ وەک ئەوەی لە سۆنگەی پێزانینیەوە بەنەسرۆییەکەی دەستدرێژی بکاتە سەر و سزای بدات، کاتێکیش خاڵی دەبێتەوە لەسەر پشت لێی ڕادەکشێ و جگەرەیەک پێ دەکات و چاو دەبڕێتە بنمیچی ژوورەکە، ئەویش بەتەنیشتییەوە پاڵ دەکەوێ و شتە تێکچڕژاوەکەش لە نێوانیاندا هەڵواسراوە، ناتوانن نەپشتگوێی بخەن و نەیش ئاماژەی پێ بدەن. تاقە جارێک عەبدە وەڵامی بەو ململانێ پەنهانەی ناخی دایەوە.. لە پشتگوێ خستنی ماندوو و شەکەت و لەسەر دڵی گەلێک گران بوو، لە دڵی خۆیدا ئاواتی ئەوەی دەخواست لە بریی ئەم چاوشارکێ پڕ لە ئازارە هەدیە ڕووبەڕووی بوەستێتەوە، ئەگەر بەڕوویدا هەڵشاخێ و بەهەتیوبازی تۆمەتباری بکات، ئیتر لەو بارە ڕزگاری دەبێ و هەموو شتی بۆ ئاشکرا دەکات و بەسادە و ساکاری بۆی ڕوون دەکاتەوە، کە ناتوانێت دەسبەرداری حاتەم بێت، چونکە پێویستی بەپارەیە.. لە ناکاو پێی گوت:

– دەزانی هەدیە، ئەم حاتەم بەگە پیاوێکی زۆر چاکە.

–...........

– دەزانیت چەند دڵی لامانە؟

–...........

– بۆ بێدەنگیت؟

– چونکە نە چاکە و نە هیچ.. هەموو مەسەلەکە ئەوەیە تۆ کابرایەکی دەستپاکی و ئەویش لە ئیشدا پشتی پێ بەستوویت.

ئەمە ئەو بەهانەیە بوو لە بەرابەر دراوسێکاندا دەیگوتەوە، لە سۆنگەی ئەو خۆگێلکردنەی عەبدەوە، کە بایی شەرمکردنی نەهێشتبووەوە، ئەم قسانەی بەتووڕەییەوە کردن. عەبدەیش لەسەر ئەو هەڵەشەییەی تۆزێک پەشیمان بوو، بەهێمنییەوە گوتی:

– کچێ دەبێ ئێمە منەتباری بین، چونکە ئەو گشت ئەم شتە باشانەی بۆ کردووین.

– شتی باشی چی؟ هەر کەس و لە بەرژەوەندیی خۆیدا کار دەکات، من و تۆیش ئەوە چاک دەزانین.. خوا لە ئیشی حاتەم و گشت ڕۆژەکانی بمانبەخشێت.

قسەکانی بەلایەوە قورس بوون، بێدەنگی لێ کرد و ڕووی بەلای دیوارەکەدا وەرچەرخاند، هەدیە لە بەرابەریدا هەستی بەسۆز و بەزەیی کرد.. لێی نزیک بووەوە و دەستی عەبدەی خستە نێوان دەستەکانی و ماچی کردن، بەمیهرەبانییەوە چرپاندی:

– باوکی وائیل.. خوا بۆ ئێمەت بهێڵێ و ڕزقی حەڵاڵت پێ ببەخشێت.. عەزرەتم ئەوەیە یەک دوو قرش بخەیتە لاوە و کوشکێک بۆ خۆت بکەیتەوە، موڵکی خۆت بێت و نەحاتەم و نەکەسی تر هیچیان لات نەمێنێت.

***

لەسەر شێوازی وڵاتە داگیرکارە زەبەلاحەکان مەلاک خلە بۆ درێژەدان و کۆنترۆڵکردن دەکۆشا.. بەردەوام هێزێکی پێداگری ناوەکی دنەی دەدات، بەهەر نرخ و شێوازێک بێت، دەست بەسەر هەموو شتێکدا بگرێت و لەبەر دەستیدا بێت. ئەو لەو دەمی گەیشتووەتە سەربانەکە لە هەوڵی ئەوەدایە

لێبڕاوانە بەگشت لایەکدا پەلوپۆ بهاوێت.

کارەکە بەگەرماوێکی فەرامۆشکراوی بچووک دەستی پێ کرد، کە ڕووبەرەکەی یەک مەتری دووجا دەبوو، کەوتبووە لای ڕاستی شوێنی هاتنە ژوورەوە، هەر هێندەی مەلاک بینی هەوڵی دەست بەسەرداگرتنی دا:

مقەبای کارتۆنی بەتاڵی لە بەردەمیدا دانا، پاشان لەناو گەرماوەکەدا عەمباری کردن، ئیتر پەیتا پەیتا بەقفڵێکی گەورە دای دەخست و بەبەهانەی بوونی کوتاڵ لەناو سندووقەکاندا، کە دوور نییە ئەگەر گەرماوەکە کراوە بێت بدزرێن، کلیلەکەی لە گیرفانی خۆیدا دادەنا. دوای گەرماوەکەش ڕووبەرێکی گەورەی سەربانەکەی داگیر کرد و پڕی لە مەکینەی بەرگدرووی کۆن و تێکچوو کرد و بەخەڵکەکەی ڕاگەیاند (ئەوانەی لەم کارە ناڕازی بوون)، چاوەڕێی یەکێکە لە نزیکترین دەرفەتدا بێت ئەم مەکینانە ببات و چاکیان بکاتەوە، لێ ئەو کەسە خاوەن قسەی خۆی نییە و هەمیشە دوا دەکەوێت، تەلەفۆن بۆ مەلاک دەکات و لە دوا ساتدا پێی دەڵێت ئیشێکی بۆ دەرچووە و دڵنیامان دەکاتەوە، کە دوای یەک دوو حەفتەی تر دێت و مەکینەکان دەبات.

بەم شێوەیە مەلاک ئەمڕۆ و سبەیان پێ دەکات، تا خستنیە بەردەم ئەمری واقیعەوە.

هەرچی ئەو کونە گەورەیەیە، کە لە دیوارەکەی سەربانی کردووە، بەیەک لێدانی لە ناکاو کردی، لە ماوەی کەمتر لە سەعاتێکدا سێ دارتاشی هێنا، دەرگەیەکی داریان دروست کرد و کونەکەیان پێ گرت و قفڵێکیشیان لێ دا، کلیلی ئەوەیشی هەر لای خۆی هێشتەوە.

بەم ئاوایە لە هیچە دۆڵابێکی تری بۆ عەمبارکردنی کاڵاکانی بەدەست هێنا.

مەلاک لەم شەڕانەدا «لەسەر شێوازی سیاسەتوانە دنیادیتەکان» بەهەر شێوەیەک بووایا تووڕەیی و ناڕەزاییی خەڵکەکەی کەم دەکردەوە، هەر لە

هێمنکردنەوەوە تاکو ساردکردنەوەی بابەتەکە، تەنانەت ئەگەر پێویستی بکردایا (بەکەمی پێویستی دەکرد) دەمەقاڵێ توندەکانیش، لە بەخت باشی خۆی لەمەشدا بۆی هات، مامۆستا حامد حەواس دوای ئەوەی سکاڵانامەکانی بۆ نزیکەی سەرجەم بەرپرسانی وڵات نارد، توانی گواستنەوە بەخورتییەکەی بۆ قاهیرە هەڵوەشێنێتەوە و بۆ زێدی ڕەسەنی خۆی لە مەنسوورە بگەڕێتەوە، بەمە مەلاک لە ناحەزێکی سەرسەخت ڕزگاری بوو، کە دەیتوانی پیلانە فراوانخوازەکەی لە سەربان لێ تێک بدات، هەڵبەت دەستکەوتە بچووکەکانی وەک گەرماو و دۆلاب، شاوەتی زەویوزاری مەلاکیان هێندەی بردنەوەی فەرماندەیەکی سەربازیی گەورە لە شەترەنجدا تێر دەکرد، خەونی بەلێدانێکی گەورەوە دەبینی، کە پارەیەکی زۆری لێ بەدەست بهێنێت:

بۆ نموونە دەست بەسەر پارچە زەوییەکی باشدا بگرێت، یاخۆ ئەپارتمانێکی گەورە ئەوی تیایەتی بمرێت و ئەم بۆ خۆی بیگرێت، ئەم دۆخەی دواییان لە ناوەڕاستی شاردا باوە، گەلێک جار ڕوو دەدات پیرێکی بیانیی بێ کەس و بێ خێزان لار دەبێتەوە و نزیکترین میسری لێیەوە، دەست بەسەر ئەپارتمانەکەیدا دەگرێت، ئوتوچی، یاخۆ ئاشچی، یان مێردی خزمەتکارەکەی، بەپەلە خۆیان دەگەیەننە ئەپارتمانەکەی و تێیدا نیشتەجێ دەبن، کۆنووسێکیش پڕ دەکاتەوە مانەوەی خۆی تێدا جێگیر دەکات و قفڵەکانی دەگۆڕێت، ئینجا نامەی تۆمار کراو (بەمەبەستی چەسپاندنی دۆخەکە) بۆ خۆی ڕەوان دەکات و لەگەڵ شایەدحاڵە بەدرۆکاندا لە بەرابەر دادگەدا جەخت لەسەر مانەوەی بەردەوامیان لەگەڵ بیانییە مردووەکەدا دەکەنەوە، پاشان پارێزەرێک ڕادەسپێرێت بەدواداچوون بۆ کێشە درێژخایەنە لەسەرخۆکە دژ بەخاوەن باڵەخانەکە بکات، کە زۆرجار سەرەنجام ناچار دەبێت لەگەڵ داگیرکەری ئەپارتمانەکەدا لە بەرابەر پارەیەکی گەلێک کەمتر لە نرخی خۆی ڕێک بکەوێت. بەختارییەکی وا چون

شنەبا گەمە بەلقی درەختەکان دەکات، ئاوا ختووکەی خەونەکانی مەلاکی دەدا، ئەپارتمانەکانی باڵەخانەی یاقوبیانی لە مێشکیدا بەسەر دەکردنەوە، داخۆ دەرەتانی دەست بەسەردا گرتنی کامیانی هەیە، بینی نزیکترینیان لەژێر دەستیدا بێت ئەپارتمانەکەی زەکی دسوقییە، شەش ژوور و هۆڵێک و دوو گەرماو و بانیژەیەکی گەورە، کە دەیڕوانییە شەقامی سلێمان پاشا، زەکییش کابرایەکی پیری تەنیایە هەر کاتێک بمرێت دەمرێت، ئەپارتمانەکەش بەکرێیە کرێش بەمیرات نامێنێتەوە، هەروەها بوونی ئەبسەخرۆنی برای لەناو ئەپارتمانەکەدا ئیشەکە بۆ مەلاک ئاسان دەکاتەوە، تاکو لە کات و ساتی خۆیدا دەستی بەسەردا بگرێت. دوای بیرکردنەوە و ڕاوێژی فراوانی یاسایی مەلاک لەسەر پیلانێک جێگیر بوو:

گرێبەستی کۆمپانیایەکی خەیاڵی لەگەڵ زەکی بەگدا مۆر بکات و لە فەرمانگەی خانووبەرە تۆماری بکات، پاشان بیشارێتەوە تاکو ئەگەر زەکی مرد مەلاک گرێبەستەکە دەربکات، ئەو کات ناکرێت لە ئەپارتمانەکە دەری بکەن، بەو حیسابەی هاوبەشی بازرگانیی خوالێخۆشبووە، باشە زەکی چۆن گرێبەستەکە ئیمزا بکات؟! ئا لێرەوە بیری بۆ بوسەینە سەید چوو، زەکی دسوقی لە بەرابەر ئافرەتدا لاوازە، بۆیە ئافرەتێکی وتو وریا دەتوانێت بیخافڵێنێ و بێ ئەوەی ئاگەدار بێت ئیمزای پێ بکات، مەلاک بەپێنج هەزار جونەیە لە بەرابەر بەدەستهێنانی ئیمزای زەکی دسوقی، لەگەڵ بوسەینەدا ڕێککەوت، دوو ڕۆژیشی بۆ بیرکردنەوە پێ دا. گومانی لە ڕازیبوونی نەبوو، وەلێ ویستی وا نیشان نەدات بۆ ڕێککەوتنەکە بەپەرۆشە. وەک پێشبینیی کردبوو قایل بوو، وەلێ ڕاستەوخۆ و بەڕوونی بوسەینە لێی پرسی:

– ئەگەر گرێبەستەکەم بۆ هێنایت و ئیمزای زەکی دسوقی بەسەرەوە بوو.. من چۆن بزانم تۆ ئەو پارەیە دەدەیت؟!

مەلاک ئامادە بوو بۆ وەڵامدانەوە، بەپەلە گوتی:

– سیستمەکە بیدە و وەرگرەیە.. با گرێبەستەکەت لا بێت، تاکو پارەی

خۆت بەتەواوی وەردەگریت.

بوسەینە بزەیەکی بۆ کرد و گوتی:

– واتا ڕێککەوتین.. ئەگەر پارە نەبێت گریبەستیش نییە؟!

– بێگومان.

***

بوسەینە بۆچی ڕازی بوو..؟

.. ئەی بۆ ڕەتی بکاتەوە؟ پێنج هەزار جونەیه پارەیەکی کەم نییە، پێداویستیی براکانی پێ دابین دەکات، خۆیشی چی پێویست بێت دەیکڕێت، مەلاکیش پاش مردنی زەکی دسوقی بۆ خۆی ئەپارتمانەکە داگیر دەکات و زەکییش بەو کەتنە نازانێت و ئەمیش تووشی ئازاردان نایەت، چونکە ئەو کات ئەو مردووە.. هەرچەندە ئەگەر ئەمەش ئازاری زەکی بدات، ئەی بۆچی بەزەیی پێدا دێتەوە؟! سەرەنجام پیرێکی کەللەڕەقی چاو لە هیچ نەبووە، شایانی ئەمەیە وای بەسەردا بێت.. بەزەیی پێدا هاتنەوەی لە بەرابەر خەڵکدا لە دەست دابوو و توێژاڵێکی ئەستووری گوێ پێ نەدانی بەدەوری هەستەکانیدا کێشابوو.

ئەو بێزارییەی تووشی هەرزەکاران و تێکشکاوان و لادەران دەبێت و ڕێی هاوسۆزییان لەگەڵ خەڵکیدا لێ دەگرێت، دوای چەندین هەوڵدان لە ڕزگاربوون لە هەست بەئازاری ویژدان، توانی قوتار بێت، ئیتر بۆ یەکجاری لە گۆڕ نرا.

ئەو هەست بەگوناهکردنەی کاتێک لە بەردەم تەلاڵدا خۆی ڕووت دەکردەوە و ئەو پیسییەی بەجلەکانیەوە بوو دەیشوشت و پاشان دەستی پان دەکردەوە، تاکو دە جونەیه وەربگرێت، دڵڕەقانە و پڕ لە ئازار و بوێرانەتر بوو و گوێیشی بەقسەی خەڵکەکە نەدەدا چی لەبارەوە دەڵێن، ئەوەندەی لەبارەی شەرم و ئابڕووچوونەکانیانەوە دەزانی، تا هەست بەچاکەکردنەکانیانی لا

ببێتە مایەی گاڵتەجاڕی، ئەگەر ئەو لەبەر بێ پارەیی پێوەندیی لەگەڵ تەلاڵدا دانابێت، ئەوا هەندێک لە ژنانی سەربان دەناسێت، تەنیا بۆ چێژ وەرگرتن ناپاکی لە مێردەکانیان دەکەن، لە سەرەنجامیشدا ئەم هێشتا پاکیزەیە و دەکارێت شوو بەهەر پیاوێکی بەڕێز بکات و زمانی ئەوەش دەبڕێت بەخراپە باسی بکات.

بوسەینە لەو دەمەوەی لای زەکی دسوقی دەست بەکار بووە، لە دەرفەتێک دەگەڕێت بیقۆزێتەوە، تا بەدزییەوە ئیمزاکەی پێ بکات، لێ ئیشەکە هەروا ئاسان نەبوو، چونکە ئەو پیرە ڕەزا قورسە نەبوو، کە بیری لێ دەکردەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە گەلێک میهرەبان و تێگەیشتوو بوو، بەڕێزەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرد، ئەمیش لەگەڵیدا هەستی بەوە نەدەکرد، کە لە بەرابەر پارەدا ئەوەی لەگەڵدا دەکات، وەک ئەوەی لای تەلاڵ هەستی پێ دەکرد، تەلاڵ جلی لەبەردا نەدەهێشت و بێ ئەوەی ورتەی لە دەمەوە بێت، یاریی بەجەستەی دەکرد، کەچی زەکی لە بەرابەریدا نەرمیی دەنواند، خێزانەکەی ناسی و براکانی خۆشدەویستن و دیاریی گرانبەها و شتی زۆری بۆ دەکڕی، ڕێزی لە هەستەکانی دەگرت و بەبایەخەوە گوێی لە قسەکانی دەگرت و حەکایەتی خۆش و بەتامی ڕابردووی بۆ دەگێڕایەوە، تەنانەت پێکگەیشتنیان لەناو جێگەدا ئەو هەست بەبێزلێکردنەوەی لا نەهێشت، کە لەگەڵ تەلاڵدا هەستی پێ دەکرد.

زەکی دەتگوت لە جێ پەنجەکانی بەسەر جەستەیەوە دەترسێت، وەک ئەوەی یاریی بەگوڵێک بکات دوور نییە لە کەمترین توند گووشیندا بوەرێت، ئاوا بەناسکی دەستی پێدا دەهێنا. ئەو زیاتر دەستەکانی ڕادەمووسین «هەرگیز بڕوای نەدەکرد ڕۆژێک پیاوێک دەستی ماچ بکات»، لە یەکەمین شەودا ئەو دەمی جەستەیان بەر یەک کەوتن، لە ئامێزی گرت و بەنەرمی بەگوێیدا چرپاند:

– ئاگادار بە.. من کچم.

بەدەنگێکی نزمەوە پێکەنی و گوتی:

– دەزانم.

پاشان ماچی کرد، بوسەینە هەستی بەجەستەی کرد بەتەواوی لە باوەشیدا دەتوێتەوە.. زەکی شێوازێکی ئەفسووناوی لە خۆشەویستیکردندا هەبوو.. چون یاریچییەکی دێرین بێت و لاوازیی لەشی بەکارامەییە باڵاکەی جێ بکاتەوە، لە بری هەڕەتی لاوی پشتی بەشارەزایی دەبەست. بوسەینە لە دڵی خۆیدا خۆزگەی ئەوەی دەخواست لە دوا ڕۆژدا ئەو پیاوەی شووی پێ دەکات وەک ئەم هەست ناسک بێت، لێ دڵپێیوەبوونە لە ڕادەبەدەرەکەی بەشێوەیەک لە شێوەکان دڵتەنگی دەکرد، چونکە لە ناخیدا هەستی بەگوناه دەکرد، ئەو میهرەبانیی لە بەرابەردا دەنواند، کەچی ئەم ناپاکیی لەگەڵدا دەکات و ئازاری دەدات، ئەو پیاوە باشەی هاوخەمی بوو و نازی دەکێشا و نهێنییەکانی ژیانی خۆی بۆ باس دەکرد، هەرگیز وێنای ئەوە ناکات ئەم پیلان دابنێت، تاکو لە دوای مردنی دەست بەسەر ئەپارتمانەکەیدا بگرێت.

هەرچەند بیر لەوە دەکاتەوە خۆی لە پێش چاو دەکەوێت و ڕقی لە خۆی دەبێتەوە، چۆن پزیشکێک بەلایەوە زەحمەتە نوشداری بۆ ژنەکەی، یاخۆ منداڵەکانی بکات، ئەمیش زۆری بەلاوە قورسە فریوی بدات، خۆ زیاد لە جارێک لەو دەمی سەرخۆش دەبوو، هەوڵی داوە ئیمزای لەسەر گرێبەستەکە دابنێت، کەچی لە دوا ساتدا ژیوان بووەتەوە، نەیدەتوانی.

دوای ئەوە "سەیری هاتووە" بەتوندی سەرکۆنەی خۆی کردووە و هەستی بێزاری و کۆڵدان دایگرتووە، ڕاستییش بەزەیی هاتنەوەی بەزەکیی پیردا و هەست بەگوناهکردنی لە لایەک و حەزی شێتانەی بۆ پارە لە لایەکی ترەوە، لە ناخیدا بەهەمان هێزەوە لە ململانێدا بوون، تاکو ویستی خۆی کۆ کردەوە و بڕیاری دا کارەکە ببڕێنێتەوە و لە نزیکترین دەرفەتدا ئیمزاکەی وەربگرێت.

***

– ئەگەر چاک دیقەت بدەیت گشت قاتەکانم زستانەن.. چونکە زستانان بۆ ئەم ئاهەنگانە ئامادە دەبووم، تاوسانانیش بۆ ئەوروپا دەچووم.

لە ڕیستۆرانتی مەکسیم دانیشتبوون، دوای ئەوەی نانی شێوانیان خوارد، بەتڵێکی شەو ڕاکشابوو و چێشتخانەکە خاڵی بوو لە هاموشۆکەران. بوسەینە کراسێکی تازەی شینی لەبەر کردبوو، سینگە سپییەکەی و شەقی مەمکی بەدەرەوە بوون. زەکی بەتەنیشتییەوە دانیشتبوو وێسکیی هەڵدەدا و کۆمەڵێک وێنەی کۆنی پێ نیشان دەدا، لە وێنەکاندا وەکو لاوێکی قۆز و شیکی دەم بەخەندە دەهاتە بەرچاو، بادەیەکی بەدەستەوە بوو و لە نێوەڕاستی کۆمەڵێک ئافرەت و پیاودا وەستابوو، زەلامەکان قاتیان لەبەردا بوو و ئافرەتە قەشەنگەکانیشیان جلی ڕووتیان لەبەردا بوون. بەردەمیشیان خوانی ڕازاوەی پڕ لە خواردن و شووشەی گرانبەهای شەراب بوو.. بوسەینە بەپەرۆشییەوە تەماشای وێنەکانی دەکرد، پاشان ئاماژەی بەیەکیان دا و بەپێکەنینەوە دەنگی هەڵبڕی:

– ئەمە چییە؟! ئەم قاتە زۆر عەنتیکەیە.

– ئەمە قاتی ئاهەنگە.. کاتی خۆی هەر بۆنەیەک و قاتی تایبەت بەخۆی هەبوو.. قاتی بەیانی لەگەڵ قاتی ئێوارە و شەوئاهەنگدا جیا بوو.

– دەزانیت ئەو کات جوان بوویتە.. لە ئەنوەر وەجدی دەچیت.[٣]

زەکی لە قاقای بەرزی پێکەنینی دا، پاشان ساتێک بێدەنگ بوو و گوتی:

– من ڕۆژانێکی خۆش ژیاوم بوسەینە.. زەمەنێکی تر بوو.. میسر دەتگوت ئەوروپایە.. پاکی و ڕێکپۆشی، خەڵکەکەش بەڕەوشت و بەڕێز بوون، کەس سنووری خۆی نەدەبەزاند.. من بۆ خۆم شتێکی تر بووم. وەزعم باش بوو، پارەم هەبوو و گشت برادەرەکانم لە ئاستێکی دیارکراودا بوون و شوێنی

---

(١) ئەنوەر وەجدی (١٩٠٤–١٩٥٥): ئەکتەرێکی بەرەگەز سووریی ناوداری سالانی سییەکان تا پەنجاکانی میسر بوو (وەرگێڕ).

تایبـەتی خـۆم هـەبوو شـەوم لیّ بەسـەر دەبرد.. یانـەی ئۆتۆمـبـێل و كـلـەبی مـحـەمـەد عـەلی و یانەی جـەزیرە.. ئای چ ڕۆژگـارێک بوو.. گـشت شـەوێک پێکەنـین و شـەوئاهـەنگ و خـواردنـەوە و گـۆرانی. مـیـسـریش بێگانەی زۆری تێدا بوو.. زۆربـەی زۆری خەڵکی ناو شار بێگانە بوون، تاکو عەبدولناسر لە ساڵی ٥٦دا وەدەری نان..

– باشە بۆ دەریانی کرد؟!

– یەکەم جار جوولەکەکانی دەرکرد، بێگانەکانی تریش لە خۆیان ترسان و ڕۆیشتنەوە.. بەڕاست ڕات لەسەر عەبدولناسر چییە؟!

– من دوای مـردنی ئەو لە دایک بـوومـە.. نازانم.. هـەنـدێک بەپاڵـەوانی ناو دەبەن و هـەندێکیش بەتاوانکار.

– عەبدولناسر خراپترین فەرمانڕەوایە لە مێژووی هـەمـوو میسردا.. وڵاتی وێران کـرد و نسکۆ و نەداریی بـۆ هێنـاین.. ئەو تێکشکانەی لە کـەسـایەتیی میسریدا کردی پێویستی بەچەندان ساڵە تاکو چاک بکرێتەوە.. عەبدولناسر میسرییەکانی فێری ترسنۆکی و هـەلپەرستی و دووڕوویی کرد.

– ئەی باشە بۆ خەڵکی خۆشیان دەوێت؟!

– بەقسەی کێ خەڵکی خۆشیان دەوێت؟!

– خەڵکانێکی زۆر دەناسم زۆریان خۆشدەوێت..

– ئەوی عەبدولناسـری خۆشدەوێت، یان نەزانە یانیش سـوودی لیّ بینیوە. ئەفسـەرانی ئازادیخـواز کۆمـەڵێک منداڵ و هـەرچی و پەرچیـی ناو کۆمـەڵگە بوون.. نەبووی کوڕی نەبوو بوون.. نوحـاس پاشـاش پیاوێکی باش و دڵی لای نەداران بوو، لێیـان گەڕا بچنـە کۆلێجی سـەربازییـەوە، ئەنجامـەکەشی ئەوە بوو کوودەتای ٥٢ یان کرد.. مـیـسریان گرتە دەست و تالان و بڕۆی دنیـایان کرد و بوونە ملیـۆنێر.. بێگومـان دەبێت عەبـدولناسریان خـۆشـبـوێت، چونکە سـەرۆکی چەتەکان بوو.

بەداخ و کەسەرەوە قسانی دەکرد و هێند شڵەژابوو تەواو دەنگی لێ هەڵبڕیبوو، هەستی بەمە کرد، بۆیە بزەیەکی نابەدڵی کرد و گوتی:

– باشە تاوانی تۆ چییە من سەرت بەسیاسەتەوە دەیەشێنم.. ڕات چییە شتێکی خۆشت بۆ لێ بدەم؟ کرستین.. بەیارمەتی خۆت وەرە.. plait Viens sil te

کرستین لە نووسینگە گچکەکەی تەنیشت بارەکە دانیشتبوو، چاویلکەیەکی پزیشکیی لە چاو کردبوو و مژووڵی ژماردن بوو، بەئەنقەست خۆی خڵافاندبوو تاکو پێکەوەیان جێ بهێڵێت، پاشان بەدەم زەردەخەنەوە بۆ لایان هات، هێند زەکیی خۆشدەویست بەڕادەیەک، کە دەیبینی بەختەوەرە لە دڵەوە پێی دەگەشایەوە، هەروەها بوسەینەشی زۆر چووە دڵەوە..

زەکی لەو دەمی هەردوو دەستی بۆ درێژ کردبوو بەسەرخۆشی بەفرەنسی هاواری کرد:

– کرستین.. ئێمە دوو دۆستی دێرینی یەکتر نین؟!

– بێگومان.

– کەواتە.. لەسەرتە ئێستا چیم بوێت بۆمی بکەیت.

کرستین خەنییەوە و گوتی:

– ئەمە دەکەوێتە سەر جۆری داواکەت.

– داواکەم هەرچییەک بێت دەبێ جێبەجێی بکەیت.

– کاتێک وەکو دوێنێ شەو نیو بوتڵ وێسکیت خواردبێتەوە، دەبێت خۆم لە داخوازییەکانت بپارێزم!

– دەمەوێت ئێستا گۆرانیمان بۆ بچڕیت.

– گۆرانی بچڕم.. ئێستا؟ ناتوانم.

گفتوگۆکانی نێوانیان چون سرووتێکی پێویست بن، هەمیشە بەم ئاوایە

دووباره دەبوونەوە:

داوای گۆرانیی لێ دەکات، لێبووردنی لێ دەخوازێت، هەینێ مکوڕ دەبێت لەسەری، نارەزایی دەردەبڕێ و خۆی نەخۆش دەخات، لە کۆتاییشدا قایل دەبێت.

دوای چەند خولەکێک کرستین لە بەرابەر پیانۆکەدا دانیشت و بەقامکەکانی گەمەی بەکلیلەکان دەکرد، ئاوازی جیا جیایان لێوە دەردەچوون، کتوپڕ، لە ساتێکی دیارکراودا چون تەلەفۆنێکی پێشبینی نەکراوی بۆ هاتبێت، چاوەکانی داخستن و ڕوخساری تێک چوو و کەوتە ژەنین، دەنگی مۆسیقاکە بەتوندی لەو شوێنەدا بڵاو بووەوە، دەنگی بەسافی لێ هەڵبڕی، لێهاتووانە گۆرانییەکی ئەدیس بیاڤی دەگوتەوە:

نا.. لە هیچ شتێک ژیوان نیم..
هیچ شتێک
نە چاکە میوانداری کردم نە خراپە..
هەموو شتەکان لای من چونیەکن
گڕم لە خەرمانی یادەوەرییەکانم بەردا..
ئیتر پێویستم بەخەم و خۆشییەکانم نەماوە
لە ڕابردوو ڕزگار بووم و گەڕامەوە خاڵی سفر
تاکو لە ئەوینی تۆوە دەست پێ بکەمەوە.

***

دوای بەسەربردنی شەو ئاهەنگەکە، گۆڕەپانی سلێمان پاشایان بەرەو نووسینگە بڕی، زەکی تەواو مەست بووبوو، بوسەینە لە ناوقەدەوە گرتبووی، ئەویش بەزمانێکی قورسەوە شێوەی گۆڕەپانەکەی لە زەمانی زوودا بۆ وەسف دەکرد. لە بەرابەر فرۆشگە داخراوەکاندا وەستا و گوتی:

– ئا لێرەدا بارێکی جوان هەبوو خاوەنەکەی یۆنانی بوو،

بەتەنیشتیشیەوە کوافێر و ڕیستۆرانت هەبوون، لێرەشدا دوکانی لابۆرسا نۆڤا بۆ پێستە بوو.. گشت فرۆشگەکان لووتکەی پاکی بوون و کالآیان لە لەندەن و پاریس نمایش دەکرد.

بوسەینە گوێی ڕادێرابوو و بەنیگەرانییەوە چاوی لە هەنگاوەکانی دەبڕین نەکو بکەوێت، بەهێوری دەڕۆیشتن، تاکو گەیشتنە باڵەخانەی یاقوبیان، زەکی لە بەرابەریدا وەستا و هاواری کرد:

– بینیوتە چ تەرزێکی بیناسازیی دڵگیرە.. ئەم باڵەخانەیە ملیم بەملیم لە باڵەخانەیەکەوە گواستراوەتەوە بەچاوی خۆم لە گەڕەکی لاتینی لە پاریس بینیومە.

بوسەینە ویستی لەسەرخۆ پاڵی بنێ و لە شەقامەکەی بپەڕێنێتەوە، کەچی ئەو درێژەی پێ دا:

– دەزانی بوسەینە من وا هەست دەکەم باڵەخانەی یاقوبیان موڵکی منە.. من لە هەموویان زووتر تێیدا نیشتەجێ بوومە.. مێژووی هەر بنیادەم و مەترێکی دوو جای باڵەخانەکە دەزانم.. زۆری تەمەنم لێرەدا بەسەر بردووە، ڕۆژانێکی خۆشم تێدا بەڕێ کرد، وا هەست دەکەم تەمەنم لەگەڵ تەمەنیدایە.. ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەم باڵەخانەیە برمێت، یاخۆ شتێکی لێ بێت، ئەوا من دەمودەست دەمرم.

زۆر بەزەحمەت لە شەقامەکە پەڕینەوە و لە پلیکانەکان سەرکەوتن، بەهەر حاڵێک بوو گەیشتنە ئەپارتمانەکە، بوسەینە پێی گوت:

– لەسەر قەنەفەکە پاڵ بدەرەوە.

تەماشایەکی کرد و بزەیەکی بۆ کرد، پاشان لەسەرخۆ دانیشت، لرخەی سینگی دەهات، وا دیار بوو هەوڵێکی زۆری دەدا تاکو بێتەوە سەر خۆی، بوسەینە بۆ ئەوەی لەو دوودڵییە ڕزگاری بێت تاوێکی دا و خۆی پێوە نووساند، بەدەنگێکی نەرمەوە گوتی:

– من داوایەکم لێت هەیە دەتوانی بۆمی جێبەجێ بکەیت؟!

ویستی وەڵامی بداتەوە، کەچی لە ئەنجامی زۆر خواردنەوەدا زمانی لە گۆ کەوتبوو، لە پێشی خۆی دەروانی و هەناسەی دەخواردەوە، بوسەینە کەڵکەڵەی ئەوە دای گرت، کە لەوانەیە ئێستا گیان لەدەست بدات، بۆیە خۆی کۆ کردەوە و گوتی:

– داوایەکم بەبانکی ئەهلی داوە و داوای قەرزێکی بچووکم کردووە.. دە هەزار جونەیە.. لە ماوەی پێنج ساڵدا بەسوودەکەیەوە دەیدەمەوە. داوای دەستەبەر "کفیل"م لێ دەکەن. بێ زەحمەت دەتوانی دەستەبەریم بکەیت؟

دەستی لەسەر رانی دانابوو و بەدەنگێکی ناسک و لەرزیوەوە چرپاندی، بەرادەیک زەکی بەو سەرخۆشییەی خۆیەوە دەموچاوی بەروومەتییەوە نووساند و ماچی کرد، ئەویش ئەمەی بەرازیبوون دانا و بەخۆشییەوە قیژاندی:

– سوپاس.. خوا بۆ منت بهێڵێت.

پاشان هەستا و بەپەلە کاغەزەکانی لە جانتاکەی دەرهێنا و پێنووسێکی دایە دەستەوە:

– بێ زەحمەت لێرە ئیمزاکە بکە.

کاغەزی راستەقینەی بۆ داوای قەرزکردن ئامادە کردبوو، گرێبەستەکەی مەلاکیشی خستبووە نێوانیانەوە، زەکی ئیمزای دەکرد، ئەویش دەستی گرتبوو تا یارمەتیی بدات، کەچی لە هیکرا راوەستا، بەزمانێکی قورسەوە ورتە ورتی بوو و ماندوویی پێوە دیار بوو:

– ئاودەستەکە..

بوسەینە چون لە ئاماژەکە نەگەیشتبێت، بۆ ساتێک متەقی نەکرد، ئەویش بەدەستی ئاماژەی کرد و بەقورسییەکەوە گوتی:

– دەمەوێت دەست بەئاو بگەیەنم.

بوسەینە کاغەزەکانی خستنە لاوە و بەزەحمەتییەوە ڕاستی کردەوە، ئەویش خۆی دابوو بەسەر دەستیدا، تاکو چووە ئاودەستەکەوە، دەرگەکەی داخست و گەڕایەوە، کاتێک گەیشتە ناوەڕاستی ژوورەکە لە دواوە گوێی لە زرمەیەکی توند بوو.

ئەو شەوە کافیتریای گرۆپی لە شەقامی عەدلی جمەی دەهات لە خەڵک، زۆربەیان لە ئەویندارانی هەرزەکار بوون، لەوانەی گڵۆپە کزەکانی باخچەکە ئاسوودەیی پێ دەبەخشین، چونکە ڕوخساریان دەشارێتەوە و بێ وەڕسکردن و خۆتێهەڵقورتاندنی کەسێک خۆشەویستی دەگۆڕنەوە. پیاوێکی پەنجا ساڵی تێکسمڕاوی باڵا مامناوەندی، قاتێکی بەبەر گەورەی ڕەشباو و کراسێکی سپیی کراوەی بێ ملبەستی لەبەردا بوو، خۆی بەو شوێنەدا کرد. جلەکانی بەبەری فلت و نەگونجاو بوون، دەتگوت هی خۆی نین، کابرا لای مێزەکەی تەنیشت دەرگەکەوە دانیشت و داوای کوپێک قاوەی سادەی کرد. بەبێدەنگی لە شوێنەکە ڕامابوو، جار ناجارێک بەنیگەرانییەوە لە سەعاتەکەی دەڕوانی، دوای نزیکەی نیو سەعات گەنجێکی ڕەشتاڵەی لەڕولاواز، کە جلی وەرزشیی لەبەردا بوو، گەیشت و بۆ لای کابرا تێکسمڕاوەکە ڕۆیشت، بەگەرمی باوەشیان لە یەک دا، پاشان دانیشتن و بەدەنگی نزم کەوتنە قسەکردن:

– بەخێربێیتەوە تەها.. کەی دەرچوویت؟

– دوو هەفتەیە.

– بەدڵنیاییەوە ئێستا تۆ لەژێر چاودێری دایت.. ئەوی حەسان پێی گوتی لەگەڵ هاتنتدا بۆ ئێرە کردت؟

تەها سەری لەقاند و شێخ شاکریش درێژەی پێ دا:

– برا حەسان کەسێکی تەواو جێ بڕوایە.. با پێوەندیت لەگەڵ مندا لە ڕێی ئەوەوە بێت، ئیتر ئەو لە کات و شوێنی پێکگەیشتنمانت ئاگەدار دەکاتەوە. هەڵبەت ئێمە ئەو شوێنانە هەڵدەبژێرین، کە جێی گومان نین.. بۆ نموونە ئەم شوێنە قەرەباڵغ و تاریکە، ئەمەش وا دەکات گونجاو بێت.. هەروەها لە باخچە گشتی و ڕیستۆرانتەکان و هەندێک جاریش لە بارەکاندا یەکتر دەبینین.. بەڵام.. نەکەی لەسەر دانیشتنی بارەکان ڕابێیت.

شێخ شاکر خەنییەوە، وەلێ تەها کپ و لاڵ دانیشتبوو، بێدەنگییەکی قورس دایگرتبوون، دوایی شێخ بەداخ و کەسەرەوە هەڵی دایێ:

– ئێستا ئاسایش هەڵمەتێکی بەرفراوانی تاوانکارانەیان بۆ سەر تەواوی ئیسلامییەکان بەڕێ خستووە.. گرتن و ئەشکەنجەدان و کوشتن.. ئەوان لە کاتی گرتندا تەقە لە برا بێ چەکەکانمان دەکەن و دواتر بەبەرهەڵستکاری دەسەڵاتدارانیان تۆمەتبار دەکەن.. ڕۆژانە کوشت و کوشتاری ڕاستەقینە ئەنجام دەدەن و ڕۆژی قیامەت بەخوێنی ئەم بێتاوانانەوە دەسووتێن.. ناچار بووم ماڵ جێهێڵم و لە مزگەوتیش دابڕێم.. دەبینیت چۆنیش دیمەنی خۆم گۆڕیوە.. بەڕاست.. ڕات لەسەر شێخ شاکر بەدیمەنە بیانییەکەیەوە چییە؟!

شێخ لە قاقای پێکەنینی دا، ویستی بەوە نەختێک جەوەکە خۆش بکات، لێ بێ سوود بوو.. سێبەرێکی چەسپاوی خەمۆکی بەنێویاندا درێژ بووەوە، هێندەی نەبرد شێخ ملی بۆ دا، ئاهێکی هەڵکێشا و تۆبەی کرد، ئینجا گوتی:

– ورەت بەرز بێ تەها.. من هەستت پێ دەکەم و لە ئازارەکانت دەگەم کوڕی خۆم.. دەمەوێت گومڕایان چییان پێ کردیت لای پەروەردگار بیانژمێریت، بەپشتیوانیی خوا باشترین پاداشتت دەداتەوە.. ئەوەش بزانە بەهەشت خەڵاتە بۆ ئەوانەی لە پێناوی یەزداندا ئازار دەکێشن.. ئەوی

بەسەرتدا هات باجێکی سووکە موجاهیدینەکان بەویستی خۆیان لە پێناوی بەرزکردنەوەی وشەی ڕاستیدا دەیدەنەوە.. فەرمانڕەواکانمان بەرگری لە بەرژەوەندی و سامانە نارەواکەیان دەکەن، ئێمەش بەرگری لە ئاینی خوا دەکەین.. ئێمە داوای ئەو دنیا دەکەین، ئەوانیش داوای ئەم دنیا.. کوتاڵیان زیانمەند و کەمە، هەرچی ئێمەین ئەوا پەروەردگار بەڵێنی سەرکەوتنی پێ داوین، ئەویش هەرگیز لە بەڵێنی خۆی پاشگەز نابێتەوە.

تەها وەک ئەوەی چاوەڕوانی قسەی شێخ بووبێت، تاکو بەر بەخەمەکانی بەرەڵا بکات، بەدەنگێکی نووساوەوە گوتی:

– ڕیسوایان کردم مەولانا.. بەشێوەیەک ڕیسوایان کردم هەستم دەکرد سەگە بەرەڵاکان کەرامەتیان لە من زیاترە.. تووشی هەندێک شت بووم هەرگیز بڕوام نەدەکرد موسڵمانێک شتی وای لێ بووەشێتەوە.

– ئەوانە بەکۆدەنگی زانایان موسڵمان نین، بەڵکو کافرن.

– با کافریش بن.. ئەی زەرەیەک بەزەییان نییە؟ ئەی کوڕ و کچ و ژنیان نییە خۆشیان بوێن و بەزەییان پێیاندا بێتەوە؟ من ئەگەر لە ئیسرائیلیش بگیرامایا ئەوا جوولەکە وایان لێ نەدەکردم.. تەنانەت ئەگەر گزیرێکی ناپاک بەئاین و وڵاتەکەمیش بوومایا ئەمەیان پێ نەدەکردم.. من لەو تاوانە دەپرسم، کە شایان بەم سزا گەورەیەیە.. ئاخۆ پابەندبوون بەشەریعەت و دەستووری خوا تاوانی گەورەیە؟!.. هەندێک جار لە گرتووخانەدا وام دەزانی ئەوی لە پێشم ڕوو دەدات ڕاستەقینە نییە.. مۆتەکەیەکە و هەر بێدار ببمەوە دەبینم تەواو بووە.. ئەگەر بڕوام بەپەروەردگاری مەزن نەبوایا، ئەوا خۆم دەکوشت، تا لەو ئازارە ڕزگارم بێت.

نارەحەتی بەڕوخساری شێخەوە دیار بوو، متەقی نەکرد، کەچی تەها مشتی توند گووشی و گوتی:

– چاویان بەستمەوە تا نەیان ناسمەوە.. وەلێ من سوێندم خواردووە و

گفتم بەخوا داوە وازیان لێ نەهێنم.. دەیاندۆزمەوە و یەک یەک تۆڵەیان لێ دەستێنمەوە.

– کوڕی خۆم، ئامۆژگاریت دەکەم ئەم ئەزموونە تاڵە توورِ هەڵدەیت و پشتی تێ بکەیت.. دەزانم ئەوی لێتی داوا دەکەم زەحمەتە، لێ تاقە هەڵوێستی ڕاست ئەمەیە.. ئەوی لە گرتووخانە بەسەرتدا هاتووە تەنیا تایبەت بەتۆ نییە.. بەڵکو ئەوە چارەنووسی هەموو ئەوانەیە لەم وڵاتە قورِ بەسەرەدا داوای حەق دەکەن، بەرپرسەکانیش چەند ئەفسەرێک نین، بەڵکو ڕێژیمی کافر و تاوانکارە، کە فەرمانرِەواییمان دەکات.. دەبێت ڕووی ڕمی توورِەییت لە سەرتاپای ڕێژیمەکە بکەیت نەک لەو کەسانە.. خوای مەزن لە قورئاندا دەفەرمووێت " بێ سۆ پێغەمبەری خوا سەرمەشقی چاکە بۆ ئێوە "خوای مەزن ڕاستی فەرمووە.. مستەفا دروودی خوای لەسەر بێت لە مەککە تەشقەڵە و سووکایەتییان پێ دەکرد، هێندیان ئازار دا تاکو سکاڵای بردە لای خوا لەسەر کەم ئەزموونی و بێ ئابروویی خەڵکەکە، کەچی ئینجاش ئەو جیهادەی نەکردە تۆڵەسەندنەوە لە تاکەکان، بەڵکو تەنیا خەمی ئەوە بوو چۆن بانگەوازەکەی بڵاو بکاتەوە. سەرەنجام کاتێک ئاینی ئیسلام سەرکەوت پێغەمبەر لە کافرەکان خۆشبوو و ئازادی کردن.. دەبێت ئەم وانەیە فێربیت و پێرِەوی بکەیت.

– ئەوە پێغەمبەری خوا دروودی خوای لەسەر بێت وا بوو، خۆ من پێغەمبەر نیم. ناتوانم ئەوی ئەو تاوانکارانە پێیان کردم لە بیر بکەم، ئەوی بەسەرمدا هات لە هەموو ساتێکدا بەدوامەوەیە. خەو ناچێتە چاوم، لەو دەمی دەرچوومە بۆ زانکۆ نەرِۆیشتووم، برواش ناکەم بچم.. ڕۆژەکە لە ژوورەکەمدا دەبەمە سەر، لەگەڵ کەسدا نادوێم، هەندێک جار وام بەمێشکدا دێت ئاوەز لە دەست دەدەم.

– ورە بەرمەدە تەها، بەهەزاران لاوی موسڵمان گیران و بەناشرینترین

شـێوە ئەشکەنجـە دران، کەچی هـەر هێندەی دەرچوون لە جـاران سـوورتر بوون لەسـەر بەڕوودا وەسـتانەوەی زوڵم و زۆرداری، ئامـانجی ڕاسـتەقینەی ڕێژیم لە ئەشکەنجـەدانی موسڵمانەکان تـەنیا لەبەر ئازاردانی جەسـتەییـیان نییە، بەڵکو مـەبەسـتیـان تێکشکاندنیـانە لەلایەنی دەروونییەوە، تاکو توانای جیـهادکردن لەدەست بدەن.. تۆ ئەگـەر خـۆت ڕادەسـتی خـەم و پەژارە کرد، بەمە ئامانجی کافرانت بەدی هێناوە..

شێخ قەیرێک لێی ڕاما، پاشان لەسەر مێزەکە دەستی گرت و گوتی:

– کەنگێ بۆ زانکۆ دەگەڕێیتەوە؟!

– ناگەڕێمەوە.

– بەڵکو دەبێت بگەڕێیتـەوە.. تۆ خـوێندکارێکی زیرەکیت و خـۆت ماندوو دەکەیت، بەپشـتیـوانیی یەزدان دواڕۆژێکی گەشت چاوەڕوانە... ناوی خـوای لێ بێنـە و ئەوی ڕووی دا لـە بیـــری خـــۆتی بـەرەوە و بگەڕێوە ســـەر وانە و کۆلێجەکەت.

– ناتوانم.. ئیتر بەچ ڕوویەکەوە چاو لە ڕوویاندا هەڵبێنم.

تـەها لـەپڕ بێـــدەنگ بـوو، پـاشـــان دەمـــوچـاوی کـــرژەوە بوو و بـەتوندی هـەناسـەی دایەوە:

– ئاخر مەولانا لاقەیان کردووم..

– وسبە.

– دە جاران سوارم بوون مەولانا.. دە جاران.

– پێم گوتی بێدەنگ بە تەها.

شـێخ بەتووڕەییـیـەوە شـیـڕاندی، کەچی تەها بەتوندی بەسـەر مـێزەکەیدا کـێـشـا، کـوپەکـان لەرینـەوە و زرنگەیان لێـوە هات. شـێخ هـەسـتـا و بەوەڕسییەکەوە بەتەهای گوت:

– ورەت بەرز بێت تەها.. خەڵکی تەماشامان دەکەن.. دەبێ ئێستا لێرە بڕۆین.. گوێ بگرە، دوای سەعاتێکی تر لە بەرابەر سینەما میترۆدا چاوەڕێت دەکەم.. ئاگاداری خۆت بە و دڵنیابە لەوەی کەسێک بەدواتەوە نەبێت.

بۆ ماوەی دوو هەفتە حاجی عەزام قایلکردن و هەڵخەڵەتاندن و هەڕەشە و توندوتیژی بەکار هێنا.. گشت ڕێگەیەکی لەگەڵ سوعاددا تاقی کردەوە، کەچی بەمکوڕبوونەوە بیرۆکەی لەبارچوونی ڕەت کردەوە، ئەوەندەی نەبرد ژیان لە نێوانیاندا بەتەواوی وەستا:

نە قسەی عەشقبازی و نە خواردنی بەتام و نە حەشیشە و نە پێکگەیشتنی نێو جێگە، هیچیان بەدەستەوە نەبوو قسەی لەسەر بکەن لە لەباربردن زیاتر، هەموو ڕۆژێک دێت بۆ لای و لە بەرابەریدا دادەنیشێت:

بەهێمنی و نەرمونیانی قسەی بۆ دەکات، دوایی پەیتا پەیتا ئاوەزی لەدەست دەدا و تێک دەچن.. بەسەریدا دەشیرێنێت:

– تۆ ڕێککەوتی و ئێستا پەشیمان بوویتەتەوە..

– هەستە بمخنکێنە.

– هەر لە یەکەم جارەوە وتمان ئاوسبوون قەدەغەیە.

– چییە تۆ خوامانیت تا حەرام و حەلاڵی بکەیت؟.. یاخۆ زۆڵمان هێناوە؟!

– ئافرەت ئەقڵ بێنەوە بەر خۆت و لەم گرفتەمان ڕزگار بکە.. خوا لێت ڕازی بێت.

– نا.

– سێ بەسێ تەلاقت دەدەم.

– تەلاقم بدە.

حاجی وشەی تەلاقی بەدەنگێکی ساختەکارانەی بەتاڵەوە دەردەبڕی، چونکە لە ناخەوە دەیویست لەدەستی نەدات، وەلێ بیرۆکەی منداڵ هێنان و

ئەمیش لەم تەمەنەدا بێت بەلایەوە شتێکی ئەستەم بوو، خۆ ئەگەر ڕێگەش بدات ئەوا کوڕەکانی هەرگیز ناهێڵن، باشە ئەگەر حاجی ژن، بەژنی دووەمی نەزانیبێت، ئەی چۆن ئەمەی لێ بشارێتەوە، کە منداڵی تری هەیە؟! هەینێ حاجی عەزام لە قایلکردنی سوعاد نائومێد بوو لێی گەڕا و بۆ ئەسکەندەریە سەفەری کرد، حەمیدۆی برای سوعادی بینی و ئەوی ڕوویدابوو نایە مستییەوە.. حەمیدۆ هەندێک ڕاما و تاوێک تێفکری، پاشان گوتی:

– شەیتان بەنەحلەت بکە حاجی.. ئێمە هەردووکمان خەڵکی شارێکین و کەسیش لە داوونەریت زویر نابێت.. ڕاستە من برایم وەلێ ناکارم داوای ئەوەی لێ بکەم سکەکەی لەبار ببات.. لەباربردن حەرامە و منیش کابرایەکم لە خوای خۆم دەترسم.

– بەڵام ڕەیس ئێمە ڕێککەوتین.

– ڕێککەوتین و لە بەڵێن دەرچووین.. هەقت لەسەرمانە گەورەم.. بەپیاوەتی هاتینە پێشەوە و با بەپیاوەتییش دەرچین.. حاجی گیان بەوی خوا لەسەری ڕازییە مافی شەرعی خۆی بدەرێ و تەڵاقی بدە.

لەو دەمەدا ڕوخساری حەمیدۆی بەسپڵە و دووڕوو و قێزەون دەهاتە بەرچاو، لە دڵی خۆیدا ئاواتی ئەوەی دەخواست شەپازلەیەکی تێ بسرەواندایا و دارکاری بکردایا، لێ ئاوەزی خستە گەڕ و هەرچەندە لە ناوەوە دەکوڵا، کەچی لێیدا ڕۆیشت. لە ڕێگە لە کاتی گەڕانەوەیدا بەرەو قاهیرە کتوپڕ بیرۆکەیەک بەمێشکیدا هات، لە دڵی خۆیدا گوتی:

– یەکێک ماوە، دڵنیام تەنیا ئەو دەتوانێت لەم کێشەیەم دەرباز بکات.

***

شێخ سەمان گەلێک بەجەنگی کەنداوەوە سەرقاڵ بوو، ڕۆژانە وانە و کۆڕی ڕێکدەخست و وتاری درێژی بۆ ڕۆژنامەکان دەنووسی، تاکو حوکمی شەرع لە جەنگی ڕزگارکردنی کوێتدا ڕوون بکاتەوە. حکوومەت چەندین جار

لە تەلەڤزیۆنەکانەوە میوانداریی کردووە و بانگهێشتنی کرد، تاکو گوتاری هەینی لە گەورەترین مزگەوتی قاهیرەدا بدات، شێخ بەڵگەی شەرعیی بۆ خەڵکەکە لەسەر دروستیی هەڵوێستی فەرمانڕەوایانی عەرەب دەهێنایەوە، کە لە پێناو ڕزگارکردنی کوێت لە داگیرکاریی عێراقدا بانگی هێزەکانی ئەمەریکایان کردووە..

حاجی عەزام سێ ڕۆژی ڕەبەق بەدووی شێخ سەماندا عەوداڵ بوو، تاکو سەرەنجام توانی لە نووسینگەکەی لە مزگەوتی سەلام لە شاری نەسردا بیدۆزێتەوە، لەو دەمی بەنیگەرانییەوە لە ڕوخساری ڕاما پێی گوت:

– مەولانا چیتە؟ زۆر ماندوو دیاریت.

– لە یەکەمین ڕۆژی جەنگەکەوە زۆر بەکەمی دەنووم.. گشت ڕۆژێک کۆڕ و کۆبوونەوە و چاوپێکەوتنە، بەپەنای خوا لەم ڕۆژانەشدا بۆ ئامادەبوون لە دیداری بەپەلەی زانایانی موسڵمان سەفەری سعوودیە دەکەم..

– نا مەولانا.. دەبێت ئاگات لە تەندروستیی خۆت بێت.

جەنابی شێخ ئاخێکی هەڵکێشا و ورتەیەکی لێوە هات:

– ئەوی دەیکەم لەوی لەسەرمە کەمترە، لە یەزدانی مەزن دەپاڕێمەوە ئیشەکانمی بەدڵ بێت و بیانخاتە تەرازووی چاکەکانمەوە.

– دەکرێت سەفەرەکەت بۆ سعوودیە دوا بخەیت و هەندێک وچان بدەیت.

– پەنا بەخوا کەمتەرخەمی ناکەم.. شێخ غامدی پێوەندیی پێوە کردم، ئەویش زانایەکی پایەدارە، هەڵبەت کەس لە یەزدان بەپایەدارتر دانانێین.. لەوێ لەگەڵ برایانی زانادا بەیاننامەیەکی شەرعی دەردەکەین بۆ کۆڵپێدان بەئاژاوەگێڕان و هەرەس پێ هێنانی یەک بەدوای یەکی بەهانەکانیان بۆ خەڵکی، پشت بەخوا لە بەیاننامەکەدا بەڵگەی شەرعیی ڕەوایی پەنا بردن بۆ لەشکری گاوری ڕۆژئاوا بەمەبەستی ڕزگارکردنی موسڵمانان لە تاوانکاری گومڕا سەدام حوسەین، دەخەینە بەرچاو.

حاجی عەزام بەبڕوابوونەوە بەقسەکانی شێخ سەری لەقاند، ساتێک لە بێدەنگی تێپەڕی، پاشان شێخ دەستی نایە سەر شانی و بەدۆستانەوە پێی گوت:

– ئەی تۆ چۆنیت؟.. وا بزانم بۆ شتێک بۆ لام هاتووی.

– نامەوێت خەمت زیاتر بکەم.

شێخ بزەیەکی هاتێ و جەستە تێکسمڕاوەکەی گەڕاندەوە سەر کورسییە ڕیشووداره‌کە و گوتی:

– بەتایبەت تۆ هەرگیز نابیتە مایەی خەم زیادکردن بۆ من.. فەرموو قسە بکە.

***

کاتێک حاجی عەزام و شێخ سەمان گەیشتنە ئەپارتمانەکەی سوعاد لە باڵەخانەی یاقوبیان، جلی ماڵەوەی لەبەردا بوو، بەخۆپارێزییەوە شێخ سەمانی بەخێرهاتن کرد و بەپەلە خۆی بەژووردا کرد، دوای چەند خولەکێک گەڕایەوە، سەری داپۆشی بوو و سینییەکی زیوینی بەدەستەوە بوو، دوو پەرداخی خۆشاوی لیمۆی تەزیوی بەسەرەوە بوون. شێخ فرێکی لێ دا و بەتامکردنەوە چاوانی نووقاندن، وەک ئەوەی بۆنەیەکی بۆچوونە ناو بابەتەکە دۆزیبێتەوە، سەیرێکی عەزامی کرد و بەپێکەنینەوە گوتی:

– خۆشاوی لیمۆ بەتامە.. ژنەکەت بەڕاستی کابانێکی چاکە.. برا مەمنوونی خوا بە لەسەر ئەم نیعمەتە.

عەزام سەری داوەکەی گرت و لە مەبەستی گەیشت، گوتی:

– هەزار جار منەتباری خوام مەولانا.. سوعاد کابانی ماڵ و ژنێکی باشیشە، وەلێ ڕەگەنیز و کەللەڕەقە.

– کەللەڕەقە؟!

شێخ ئەم پرسیارەی کرد و سەرسوڕمانێکی دروستکراوی نیشان دا و

ئاوڕی لە سوعاد دایەوە، ئەویش بەزمانێکی شێلگیرانەوە پێشی کەوت:

– بێگومان حاجی گرفتەکەی بۆ جەنابت باس کردووە؟!

– یەزدان لە گـرفـتـمــان بەدوور بگرێت.. گـوێ بـگرە کـیـژی خــۆم، تۆ ئافرەتێکی موسڵمانیت و لەسەر شەرعی خوا دەڕۆیت، پەروەردگاری مەزن فـەرمـانی بەژن داوە لە هـەمـوو کـاروباری دنیـادا گوێڕایەڵی پیـاوەکەی بێت، تەنانەت مستەفا سـڵاوی خوای لێ بێت، دەفەرمووێت: "ئەگەر بۆ بوونەوەرێک هەبوایا کـڕنـۆشی بۆ بوونەوەرێکی تر ببـردایا، ئەوا فــەرمــانم بەژن دەدا کڕنۆش بۆ مێردەکەی ببات". پێغەمبەر ڕاستی فەرمووە.

– ژن بەحەڵاڵ گوێ بۆ پیاوەکەی ڕادەدێرێت یاخۆ بەحەرام؟!

– تۆبە لە حـەرام کـیژی خـۆم.. گوێڕایەڵیی بنیـادەم لە سـەرپێـچـیکردنی پەروەردگاردا نییە.

– چاکە، مەولانا تۆ خۆت پێی بڵێ.. دەیەوێت سکەکەم لەبار بەرم.

ســاتێک بێـدەنگی دایگرتن، پاشــان شــێخ ســەمــان بزەیەکی هـاتێ و بەدەنگێکی هێمنانەوە گوتی:

– کچی خۆم تۆ لە سـەرەتاوە لەگەڵیدا ڕێککەوتیت منداڵت نەبێت، حـاجی عەزامیش پیاوێکی گەورەیە و بارودۆخەکەی ڕێی ئەوە نادات.

– تەواو.. بەوەی خوا لەسەری ڕازییە با تەڵاقم بدات.

– ئاخــر ئـەگـەر بـەسکپـڕی تـەڵاقت بدات ئەوا بەشــەرع دەبێت پابـەندی کۆرپەکە ببێت.

– واتا تۆ قایلیت لەباری بەرم؟!

– تۆبە خـوایە.. هەڵبـەت لەباربردن حـەرامـە، بەڵام هـەندێک ڕای فـیـقـهیی جێ بڕوا هـەن پێ لەسـەر ئەوە دادەگرن خۆ ڕزگارکردن لە ئاوسی لە مـانگی یەکەمدا بەلەباربردن ناژمێردرێت، چونکە لە سەرەتای مانگی سێیەمدا ڕوح دەچێتە بەر کۆرپەلە.

– ئەمە بەقسەی کێ؟!

– فەتوای جێ بڕوای گەورە زانایانی ئاین..

سوعاد بەگاڵتە پێکردنەوە خەنییەوە و بەداخ و کەسەرەوە گوتی:

– ڕەنگە ئەوانە شێخ و مشایەخی ئەمەریکایی بن.

– بەئەدەب و ڕەوشتەوە لەگەڵ جەنابی شێخدا بدوێ.

حــاجی بەم ئاوایە ســەرکــۆنەی کــرد، ئەویش بەنیگایەکی هارانە و بەسەرسەختییەوە گوتی:

– با هەر کەس و خۆی بەڕەوشت بکات.

شێخ خۆی تێهەڵقورتاند و بەهێمنییەکەوە گوتی:

– تۆبە لە تووڕەیی یەزدان.. سوعاد کچم لە کەلی شەیتان وەرە خوارێ.. خوانەخواستە ئەمە ڕای من نییە، من ڕایەکی فیقهیی جێ باوەڕت وەک خۆی بۆ دەگوازمەوە.. شارەزایانی ئیسلام گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی لەباربردنی کۆرپەلە بەر لە مانگی سێیەم لەژێر بارودۆخی زاڵدا بەکوشتنی ڕوح دانانرێت.

– واتا لەباری بەرم بەگوناه دانانرێت؟! ئەمە بەقسەی کێ؟!.. بەقورئانیش سوێندم بۆ بخۆیت ئینجاش بڕوات پێ ناکەم!

حاجی عەزام هەستا و لێی نزیک بووەوە، بەتوندی بەسەریدا شیراندی:

– پێم گوتی بەئەدەبەوە لەگەڵ جەنابی شێخدا بدوێ.

سوعاد وەستا، بەدەستی ئاماژەی کرد و قیژاندی:

– جەنابی شێخی چی!! گشت شتەکان بەدەرکەوتن.. تۆ پارەت پێ داوە تا دوو قــســەی باشت بۆ بکات.. لەباربردن لە دوو مــانگی یەکــەم حــەلاڵە وەنییە؟!.. مامە شێخ شوورەییە بۆ تۆ.. ئەی لە دەست خوا بۆ کوێ دەڕۆیت؟!

شێخ سەمان پێشبینیی ئەو پەلامارە کتوپڕەی نەدەکرد، ڕەنگی هێنا و برد و بەئاگەدارکردنەوەوە گوتی:

– ڕێزی خۆت بگرە کیژم، نەکەیت سنووری خۆت ببەزێنیت.

– سنوور بەزاندنی چی و تەڕەماشی چی.. هەی شێخی درۆودەلەسە.. چەندی پێ دایت تاکو لەگەڵیدا بێیت؟!

– هەی دەڵە سەگی نارەسەن.

حاجی عەزام بەم شێوەیە دەنگی هەڵبڕی و زللەیەکی بەبنا گوێیدا سرەواند، سوعاد قیژاندی و کەوتە لاڵانەوە، کەچی شێخ سەمان دەستی عەزامی گرت و دووری خستەوە، بەچرپەوە قسەی بۆ دەکرد. هێندەی نەبرد ڕۆیشتن و زرمەیان لە دەرگەکەوە هێنا.

***

سوعاد بەجنێو و نەفرەت دوویان کەوت، لە تووڕەییياندا لە داخ قسەکانی شێخ سەمان و زللەکەی عەزام، کە بۆ یەکەمین جار لێی دا لەرز گرتبووی، شوێن زللەکە زۆر دێشا. لە دڵی خۆیدا بڕیاری دا تۆڵەی لێ بکاتەوە، وێڕای ئەوە ئاسوودەییيەکی پەنهان دایگرت، چونکە لەگەڵیدا یەکلای کردەوە. هیچ شتێک لە نێوانیاندا نەما تاکو پابەندی بێت، یاخۆ لە بەرابەریدا لە ڕوو دابمێنێت، لێی دا و جوێنی پێ دا، ئیتر لەمەودوا ڕق و سووک تەماشاکردنی لە بەرابەریدا ئاشکراتر دەبێت، ڕاستییەکەی توانای خۆی لە شەڕکردن و دژوێن داندا بەلاوە تازە بوو، دەتگوت لەپڕ شەڕەنگێزی لە ناخیدا تەقیوەتەوە، چەندی ئازار و ژان لە ناخدا کەڵەکە بووبوون، ئێستا کاتی لێپرسینەوەیە، ئێستا ئامادەیە بیکوژێت، یان ئەو بەر لەوەی ئەم خۆی لەبار بەرێت بیکوژێت.

هەینێ تۆزێک هێور بووەوە لە خۆی پرسی باشە بۆ هێند بەتەنگ سکەکەیەوەیەتی؟!.. بێگومان ئەم خواپەرستە و لەباربردنیش حەرامە،

هەروەها لە کرداری لەباربردن تۆقی دەچێت، چونکە زۆرێک لە ژنان لەژێریدا دەرناچن.. هەمـــوو ئەمـــانە بۆچوونی دروستن، وەلێ لاوەکین.. حـــەزێکی غـەریزیی چەسـپـاو دنەی دەدات دڕندانە بەرگـری لـە سکەکـەی بکات، وا هەست دەکات ئەگەر منداڵەکەی ببێت ئەوا کەرامەتی بۆ دەگەڕێتەوە، ژیانی مانایەکی نوێ و شـەرەفمـەندانە لە خۆ دەگرێت، ئەو ئافرەتە نەدارە نابێت، کە عـەزامی ملیـۆنێر کـڕی، تاکو دوو سـەعاتێک دوای نیـوەڕوان لەگەڵیدا ڕابوێرێت، بەڵکو ژنێکی ڕاسـتــەقـینەیە و ناکـرێت پشــتگوێ بخــرێ و سـووکایەتی پـێ بکرێت، دەبێـتە دایکی کوڕەکـەی، دەچێـتە دەرەوە و دێتـە ژووری کوڕی حاجیی بەباوەشەوەیە، ئەی مافی خۆی نییە وا بکات؟ برسێتی زۆری کـێـشـا و دەرۆزەی کـرد و زەبوونیی زۆری چەشت و بەسـەدان جـار ئەوەی ڕەت کردەوە لـە ڕێ لا بدات، تا لە کۆتاییدا قایل بوو جـەستەی بخاتە بەردەستی پیرەمێردێک لە تەمەنی باوکی دایە، ئینجا بەرگەی ئێسکقورسی و خەمۆکی و دەموچاوە چرچ و لۆچەکەی و قژە بۆیاغ کراوەکەی و پیاوەتییە پووکـاوەکـەی بگرێت، هەروەها وا نیـشـان بدات دەیشـارێتـەوە و جـەسـتـەی هێند تینووی ئارەزووکردنە لە تاوا دێشێت، بەدزییـەوە وەکو ئەوەی دۆستی بێت بێـتـە لای و بڕوات، شـەوان بەتاقی تـەنیـا لە جـێـیـەکی سـاردوسـڕ و ئەپارتمانێکی گەورەی تۆقێنەردا بنوێ و گشت شەوێک ناچار بێت گڵۆپەکان پێ بکات، تاکـو تەنیاییـەکەی بڕەوێنێتـەوە، ڕۆژانە بەتاسـەی کوڕەکەیەوە بگری و دواییش کاتی هـاتنی عـەزام بێت خـۆی بۆ بڕازێنێـتـەوە و ئەو ڕۆڵە بگێڕێت، کە پارەکەی وەردەگرێت.

ئەی توخوا مـافی خۆی نییـە دوای ئەو هەمـوو زەبوونییە بۆ تەنیـا جـارێک هەست بکات ژن و دایکە، ئەی مـافی خـۆی نیـیــە کـوڕێکی شـەرعی ببێ و سـامـانێکی وای بۆ بمێنێتـەوە بۆ یەکجـاری لە هەژاریی دوور بخـاتەوە؟ خـوا ئەم سکـەی وەکـو پاداشـتـێکی دادپەروەرانە لـەسـەر ئەو ئارامگرتنـەی، کـە بەهیچ نرخێک دەستبەرداری نابێت، پێ بەخشیوە.. سوعاد بەم ئاوایە بیری

کردەوە، پاشان چووە گەرماوەکەوە، جلەکانی داکەندن، کاتێک ئاوە گەرمەکە بەسەر جەستە ڕووتەکەیدا دەپرژا هەستێکی سەیر و تازە دایگرت، ئەو جەستەیەی عەزام بەکاری هێنا و گڵاو و زەلیلی کرد، لەپڕ ئازاد بوو و بووە مـوڵکی خـۆی، دەست و قـۆڵ و قـاچ و سـینگی، هەر پارچەیەک لە لەشی بەئازادی هەناسە دەدات، لە ناخیدا هەست بەترپەیەکی کز و جوان دەکات، ترپەیەک گەورە دەبێتەوە و گەشە دەکات و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پڕی دەکات، تا کاتی خۆی دێ و کۆرپەیەکی قشتیلەی دەبێت، کە کتومت لە خۆی دەکا و سـامـانی باوکی بۆ دەمـێنێـتـەوە و ڕێز و شکۆ و دۆخـە شـیـاوەکـەی بۆ دەگـەڕێتـەوە، لە ئاو بـەخـۆدا کـردن بووەوە، گـیـانی وشکەوە کـرد و جلی نووستنی لەبەر کرد، ئینجا نوێژی خەوتنان و سوننەتی کرد، پاشان لەسەر جێیەکەی دانیشت و دەستی بەقورئان خوێندن کرد، تا وەنەوز بردیەوە.

***

– کێیە؟!

لە جـووڵە و چپـەچپـێک کـە لە دەرەوەی ژوورەکـەدا دەهات لـە خـەوەکـەی بەئاگا هاتەوە، ئەوەی بەمێشکدا هات دزێک خۆی بەئەپارتمانەکەدا کردبێت، لە ترسا زەندەقی چوو، بڕیاری دا پەنجەرەکە بکاتەوە و هانا بۆ دراوسێکان ببات:

– کێیە؟!

ســــەرلـەنوێ بـەدەنگێکی بـەرز هـاواری کــــردەوە و گـــوێی ڕادێرا، لە تاریکییەکەدا لەسەر نوێنەکەی دانیشتبوو، دەنگەکان بڕان و کپییەک ئەوێی داگرت، بڕیاری دا بەخۆی سووسەیەکی بکات، جووڵا و پێی لەسـەر جێیەکە داگرت، لێ ترسێک لە پەلوپۆی خست، بڕوای بەخۆی هێنا ئیشەکە تەنیا ترسـە و هیچی تر، گـەڕایەوە سـەر جـێگەکـەی و سـەرینێکی دا بەبان سـەر خـۆیدا، چەند سـاتێک تێـپـەڕین هـەوڵی دا بنوێت، لەپڕ بـەتوندی دەرگـەی

ژوورەکە کرایەوە و بەر دیوارەکە کەوت، هەڵیان کوتایە سەری.

چوار پێنج کەس بوون، لە تاریکییەکەدا ڕوخسارییان دیار نەبوو، گرتیان و یەکیان بەبالیفەکە هەناسەی لەبەر بڕی، ئەوانی تریش دەست و پێیان گرت، ویستی بەهەموو هێزیەوە خۆی ڕاپسکێنێت و پڕ بەدەم هاوار بکات، گازێکی لەوە دا کە بالیفەکەی بەسەر دەمیدا دابوو، وەلێ بەرهەڵستیکردنەکەی بێ سوود بوو، چونکە بەتوندی شەتەکیان دا و بەیەکجار لە پەلوپۆیان خست، ئەوان بەهێز و ڕاهێنراو بوون، یەکیان قۆڵی کراس پیجامەکەی لەبەریدا بوو هەڵکێشا و هەستی کرد شتێکی تیژ وەک دڕک بەقۆڵیدا دەچێت، هێواش هێواش جەستەی لە لاوازی و خاوبوونەوەی دا، پاشان چاوانی لێڵ بوون و هەستی کرد شتەکانی دەوروبەری چون خەون بن دوور دەکەونەوە و نامێنن.

***

ڕۆژنامەی لۆکێر LeCaire بەر لە سەد ساڵ لە قاهیرەدا دامەزرا، لە هەمان ئەو تەلارە دێرینەی ئێستا لە شەقامی جەلا دایە، لە ڕۆژی دامەزراندنییەوە تاکو ئێستا ڕۆژانە بەزمانی فرەنسی دەردەچێت بۆ ئەوانەی قسەی پێ دەکەن و لە قاهیرەدا دەژین، هەینێ حاتەم ڕەشید کۆلێجی ئادابی تەواو کرد، دایکە فرەنسییەکەی توانی کارێکی لەو ڕۆژنامەیەدا بۆ بدۆزێتەوە، خوا هەڵناگرێ ئەویش لێهاتوویی خۆی لە بواری ڕۆژنامەوانیدا بەدەر خست و زوو بەرزیان کردەوە، تاکو لە چل و پێنج ساڵیدا بووە سەرنووسیار، گۆڕانکارییەکی زۆری خستە ڕۆژنامەکەوە و بەشێکی بەزمانی عەرەبی بۆ خوێنەری میسری کردەوە، بەمە تیراژی ڕۆژنامەکە لە ڕۆژێکدا گەیشتە سی هەزار دانە، ئەمەش بۆ ڕۆژنامەیەکی بچووکی ناوەخۆیی گەلێک زۆرە. ئەم سەرکەوتنەش وەکو ئەنجامێکی سروشتی و دادپەروەرانە بۆ توانا و ماندووبوون و پێوەندییە کاریگەرییەکانی بەنێوەندە جۆراوجۆرەکان و توانای بێ پایانی لەسەر کارکردن دەگەڕێتەوە، کە لە باییەوە بۆی مابووەوە.

ئەگەر زانیمان حەفتا کەس «لە نێوان کارمەند و ڕۆژنامەوان و وێنەگر» لەژێر دەستیدا لە ڕۆژنامەکەدا کار دەکەن، ئەوا یەکەمین پرسیار بەمێشکماندا بێت ئەوەیە:

داخۆ بەنەسرۆ سێکسییەکەی دەزانن؟.. وەڵام: بەڵێ بێگومان، چونکە خەڵک لە میسردا بایەخ بەژیانی تایبەتی کەسەکان دەدەن و بەوردئاگایی و پێداگرتنەوە لە نهێنییەکانی دەپشکنن.. بابەتی نەسرۆییش ئەستەمە بشاردرێتەوە، بۆیە گشت کارمەندانی ڕۆژنامەکە پێ دەزانن سەرۆکەکەیان حیزە. وێڕای ئەوەی قێز و ڕقیان لێ دەبێتەوە، نەسرۆیی حاتەم ڕەشید تەنیا سێبەرێکی کاڵەوەبووی دوور لە وێنە بەهێزە قایلکەرەکەیەتی لە کاردا، ئەوان درک بەنەسرۆییەکەی دەکەن، وەلێ لە کاتی مامەڵەکردنی ڕۆژانەیاندا لەگەڵی هەرگیز هەستی پێ ناکەن، ڕەنگە زیاد لە پێویست جیدی و یەکلاکەرەوە بووبێت، ڕۆژانە چەندین سەعاتی لەگەڵیاندا دەبردە سەر، بێ ئەوەی بچووکترین جووڵانەوە، یاخۆ ئاوڕدانەوەی لێ ببینرێت دەلالەت لە حەز و ئارەزووەکانی بکات، هەڵبەت جار جار ڕووداوی لابەلا هەر ڕووی دەدا:

ڕۆژنامەوانێکی تەمبەڵ و بێ بەهرەی لا بوو، حاتەم چەند ڕاپۆرتێکی خراپی پێ دا، تا بیکاتە بەهانەیەک بۆ دەرکردنی لە ڕۆژنامەکە، ڕۆژنامەوانەکە لە نیازی سەرنووسیار گەیشت، بڕیاری دا تۆڵەی خۆی لێ بکاتەوە، بوونی سەرجەم ڕۆژنامەنووسەکانی لە کۆبوونەوەی هەفتانەدا بەهەل زانی و داوای قسەکردنی کرد، کاتێک حاتەم ڕێگەی پێ دا، بەتیزەجارییەوە گوتی:

– دەمەوێت بیرۆکەی نووسینی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانی لە سەر دیاردەی نەسرۆیی سێکسی لە میسردا بەجەنابتان ڕابگەیەنم.

بێدەنگییەکی ڕوو لە گرژی ئامادەبووانی گرتەوە، ڕۆژنامەوانەکە نەیتوانی

بزەخــەنەکـەی بشـارێتــەوە، دەیویست بەمـە حــاتەم ڕیســوا بکات، ئـەویش بەبێـدەنگی ســەری دانەواند و دەسـتـێکی بەقـژە خـاوەکـەیدا هێنا «لە کـاتی شـتی لە ناکـاو و ئاڵۆزیدا وای دەکـرد» و خـۆی کـێشـایەوە و بەهـێوریـیـەوە گوتی:

– بڕواناکەم بابەتی وا سەرنجی خوێنەران ڕابکێشێت.

– بەڵکو بەلایانەوە زۆر گرینگە، چونکە ژمارەی حیزەکان لە زیادبووندان و هەندێکیشیان پۆسـتی گەورەیان بەدەسـتـەوەیە، لێکۆڵینەوە زانسـتیـیـەکانیش دەریان خسـتووە، کە کـەسی قوندەر لە لایـەنی دەروونییـەوە بۆ ڕابەرایەتی لە هیچ داوودەزگایەکدا ناشێت، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو شێواندنە دەروونییەی کەسی نەسرۆ دروستی دەکات.

هێـرشـێکی ڕامـاڵـکەری بێبـەزەییـیـانە بوو، حــاتەم بڕیاری دا بـەتوندی بەرسڤی بداتەوە، پێی گوت:

– ئەو شــێــوازە کــۆنـەت لە بیــرکــردنـەوەدا، یەکــێکە لـە هۆیـەکــانی سەرنەکەوتنت لە کایەی ڕۆژنامەنووسیدا.

– ئایا حیزی بووەتە ئاکارێکی پێشکەوتنخوازانە؟!

– گرفتی نەتەوەیی وڵاتەکەمـانیش نییە.. ئەی مامۆستای ڕۆشنبیر، میسر لە سـۆنگەی نەسـرۆیی سـێکسـییـەوە دوانەکەوتووە، بەڵکو بەهۆی گەندەڵی و دیکتاتۆریەت و ستەمی کۆمەڵایەتییەوەیە.. هەروەها چاوبڕینە ژیانی تایبەتی خـەڵکی ڕەوشـتـێکی سـووک و ڕیسـوایانەیـە و لەگەڵ ڕۆژنـامـەیەکی دێرینی وەکو لۆکێردا نایەتەوە.

ڕۆژنامەنووسەکە ویستی ناڕەزایی دەربڕێت، حـاتەم یەکسەر قسەکانی پێ بڕی:

– گـفـتـوگـۆ تـەواو.. تکات لێ دەکـەم بێـدەنگ بیت، تاکـو بتـوانین لەسـەر بابەتەکانی تر قسە بکەین.

بەم شـێـوەیە حـاتەم لێـهـاتووانە شـەڕەکـەی بردەوە و بۆ هـەمـووانیش بەهێزیی کەسایەتیی خۆی و ملکەچنەکردنی بۆ هەڕەشەکەی بەدەرخست.

جـارێکی تریش تووشی هەمـان هەڵوێسـتی سـەخت هاتەوە، ئەمـەیان بازاڕیتر بوو، نووسیارێک کە لەژێر ڕاهێناندا بوو تەشقەڵەی پێ کرد، حاتەم لە نێوان کرێکارانی چاپخانەکەدا وێستا بوو سەرپەرشتیی ڕۆژنامەکەی دەکرد، نووسـیـارەکە بەبەهانەی گفتوگۆوە لێی نزیک بووەوە و ئامـاژەی بەشـتێک لەناو کـاغـەزەکـەی سـەر مـێزەکـە دا و لە دواوە سـووقی پێوە دا، حاتەم یەکسەر هەستی بەمانای جووڵەکەی کرد و بەئاسپایی دوور کەوتەوە و سووڕانەوەی بەناو چاپخانەکەدا بەشێوەیەکی ئاسایی دەست پێ کردەوە، کاتێک گەڕایەوە نووسـینگەکـەی بەدوای نووسـیـارەکەیدا نـارد و ئەوانی لە ژوورەکەدا بوون ئیزن دان، پاشان چەند خولەکێک بەپێوە هێشتییەوە و بێ ئەوەی ڕێگەی دانیـشـتنی پێ بدات، یاخـۆ ئاوڕی لێ بداتەوە، تەمـاشـای کاغەزەکانی بەردەمی دەکرد، سەرەنجام سەری بڵند کرد و لێی ورد بووەوە، بەهێواشی پێی گوت:

– گوێ بگرە.. یان ڕێز لە خۆت دەگریت، یانیش ئێسـتا لە ڕۆژنامەکەت وەدەردەنێم، تێگەیشتیت؟

کابرای نووسیار ویستی وا نیشان بدات ئاگای لە هیچ نییە و بێتاوانە، کـەچی حـاتەم بەزمـانێکی یەکـلاکـەرەوەوە بەر لەوەی بگەڕێتـەوە سـەر خوێندنەوەی کاغەزەکان، گوتی:

– ئەمە دوا ئاگەدارکردنەوەیە.. بێ چەندوچون.. فەرموو.. قسە تەواو..

***

کـەواتە حـاتـەم ڕەشـیـد هەر ژنانی نیـیـە، بەڵکو کـەسـێکی بـەهرەدار و هەوڵدەریشـە، تاقـیکردنەوە فـێـری کـردووە و بەتوانا و زیرەکـیـی خـۆی گەیشتووەتە لووتکەی سەرکەوتن لە پیشەکەیدا، وێڕای ئەوەش ڕۆشنبیرێکی

بەرزە و چەند زمانێک بەڕەوانی دەزانێت "ئینگلیزی و ئیسپانی و فرەنسی، وێڕای عـەرەبییـەکـەی" خـوێندنەوەی قـووڵ و بەرفـراوانی گـەیاندییـە بیـری سـۆسـیـالیـزم، لەژێر کـاریگەریدا بـوو و دەکـۆشـا هـاوڕێیـەتیی گـەورە سۆسیالیستە میسرییەکان بکات، لە سۆنگەی ئەم دۆستایەتییەوە جارێکیان لە دوادواییی حەفتاکاندا لە ئاسایش بانگ کرا، لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کرد، وەلێ پاش چەند سـەعـاتێکی کـەم دوای ئـەوەی لە پەروەندەکـەیدا نووسـییـان "کەسێکی هاوسۆز و نارێکخراوە" بەریان دا.

ئەوەبوو زیاد لە جارێک ڕۆشنبیرییە سۆسیالیستییەکەی بۆ چوونە ڕیزی ڕێکخراوە کۆمۆنیستییە نهێنییەکانیان پاڵاوت "پارتی کرێکاران و پارتی کۆمـۆنیسـتی میسری"، لێ نەسـرۆیییە ناسراوەکـەی بەرپرسـەکانی لە هاتنە ڕیزەوەی ژیوان دەکردنەوە.

ئەمـە کـەسـایەتیی ڕاسـتـەقـینەی ڕاگەیانـدراوی حـاتەم ڕەشـیـدە، هەرچی ژیانە نهێنییـە نەسـرۆکـەی بوو، زیاتر لە سـندووقـێکی داخـراوی پڕ لە یاریی قـەدەغـەکراوی لەبەردڵانی گوناهکاری دەکرد، شـەوان بیکاتەوە و چێژی لێ وەربگرێت، دواتر دای بخـاتەوە و هـەوڵی لەبیـرکـردنی بدات، لە کـاتێکدا دەکـۆشـێت سنووری نەسـرۆییـیـەکـەی لە ژیانیـدا بۆ تەنگـترین ڕووبەر کـەم بکاتەوە، ڕۆژی ئـاسـایی خـۆی وەکو ڕۆژنامـەوانێک و سـەرۆکێکی پێشـەوا دەژێت، بەشـەوانیش لەناو نوێندا بۆ چەند سـەعاتێک دەست لەمـلانێی لەزەت دەبێت و لە دڵی خۆیدا دەڵێت، زۆربەی زۆری پیـاوانی دنیا زەوقی دیارکراوی خـۆیان هـەن و گـوشـاری ژیان وایان لێ دەکـات لێی سـارد ببنەوە، گـەلێک کەسایەتیی دەناسی لە بەرزترین ئاستدا بوون:

پزیشـک و ڕاوێژکـار و مـامـۆسـتـای زانکۆ، پەرۆشـی خـواردنەوە، یـاخـۆ ئەفـیـون، یان ئافـرەت، یا قـومـار بوون، ئەمـانەش لە سـەرکـەوتن و ڕێزیان لە بەرابـەر خـۆیانـدا کـەم ناکـەنەوە، ئەویش قـەنـاعـەت بەخـۆی دێنێت، کـە

نەسرۆییەکەی شتێکی لەم بابەتەیە، تەنیا ئەوەندەیە ئارەزوویەکی جیایە، زۆری حەز بەم بیرۆکەیەیە، چونکە ئاسوودەی دەکات و هاوسەنگیی بۆ دەگەڕێنێتەوە و ڕێزی پێ دەبەخشێت، ئا لێرەوە هەمیشە چاوی لە پێوەندییەکی جێگیرە لەگەڵ دلبەرێکی هەتاهەتاییدا، تاکو بەڕێگەیەکی ئاسوودە تێری بکات، نەسرۆییەکەیشی تەنیا بەشەوان لەناو جێگەدا قەتیس دەخوات، چونکە ئەودەمی تەنیا و بێ خۆشەویستە وای لێ دێت حەزە شێتانەکەی بەرەو دۆخێکی ئابڕووبەرانەی دەبات، ڕۆژانێکی تاڵی پڕ لە ئازاری بەڕێ کرد، وای لێ هات هاموشۆی ئەو شوێنانەی دەکرد، کە نەسرۆکانی لێبوون، لەگەڵ گومان لێکراوان و هەرچی و پەرچییاندا خۆی زەلیل دەکرد، تاکو لە نێویاندا دلبەرێک بدۆزێتەوە شەوەکەی لەگەڵدا ڕۆژ بکاتەوە، پاشان چارەی نەبینێتەوە.

چەندێک تووشی دزی و سووکایەتی پێکردن و هێرشکردنە سەر هاتووە، جارێکیان بەشێوەیەکی گەلێک دڕندانە لە گەرماوێکی میللیدا لە گەڕەکی حوسێن دارکارییان کرد و کاتژمێرە زێڕەکەی و جزدانەکەیان لێ سەند.

حاتەم دوای ئەو شەوە سەرشێتانە چەندان ڕۆژ گۆشەنشینیی لە ماڵی خۆیدا هەڵدەبژارد، نە کەسی دەبینی و نەیش قسانی لەگەڵ کەسدا دەکرد، زۆری دەخواردەوە و لە ژیانی خۆی ڕادەما، بەڕق و تووڕەییەوە باب و دایکی بەبیردا دەهاتن.. بەخۆی دەگوت، ئەگەر تۆزێک کاتیان بۆ چاودێریکردنی تەرخان بکردایا، ئەمیش بەم دۆخە نەدەگەیشت، کەچی هەردووکیان مژووڵی ئاواتە پیشەییەکانی خۆیان بوون و بەرەو بەدیهێنانی سامان و شکۆیی ڕۆیشتن و ئەمیان بۆ نۆکەرەکان جێ هێشت، تاکو یاریی بەجەستەی بکەن، ئەم هەرگیز سەرکۆنەی ئیدریس ناکات و بۆ ساتێک چییە گومان لە خۆشەویستییە ڕاستەقینەکەی ناکات، ئاواتی ئەوەیە بۆ جارێک دوکتۆر حەسەن ڕەشیدی بابی لە گۆڕەکەیدا ڕاست بێتەوە، تاکو گوێی لە ڕایەکانی لەبارەیەوە ببێت، لە بەرابەریدا دەوەستێت و ڕووبەڕووی نیگا تیژ و

دیمەنی تێکسمڕاو و پایە شکۆبەخشەکەی دەبێتەوە.. لێی ناترسێ و پێی دەڵێت:

– ئەی زۆر زانای گەورە، ئەگەر ژیانی خۆت بەیاسای مەدەنی بەخشیبێت، بۆچی ژنت خواست و منت هێنایە دنیاوە؟!.. ڕەنگە لە یاسادا بلیمەت بیت، وەلێ بەدڵنیاییەوە نازانیت چۆن ببیتە باوکێکی ڕاستەقینە.. لە هەموو ژیانتدا چەند جارت ماچ کردووم.. چەند جار لەگەڵمدا دانیشتوویت، تاکو باسی گرفتەکانی خۆمت بۆ بکەم؟!.. وەکو ئەوەی من شتێکی ناوازە، یاخۆ کەڤاڵێکی دەگمەن بم پێی سەرسام بوویت و هەڵت گرتبێت و لە بیرت کردبێت، ماوە نا ماوەیەک کاتێک خشتەی پڕی کارکردنت ڕێت پێ دەدات، بیرت دەکەوێتەوە و هەندێک لێی ڕادەمێنیت و سەرلەنوێ لە بیرت دەچێتەوە..

هەرچی جانێتی دایکییەتی هەر بەڕاستییەکانی خۆی بەرەوڕووی ئەویش دەبێتەوە:

– لە مەیگێڕی بارێکی بچووکی گەڕەکی لاتینی زیاتر هیچ نەبوویت، هەژار و نەخوێندەوار، شووکردنت بەباوکم گواستنەوەیەکی کۆمەلایەتیی گەورە بوو، هەرگیز خەونت پێوە نەدەبینی، کەچی دوای ئەوە بەدرێژاییی سی ساڵ ڕقت لە باوکم دەبووەوە و دەماریت دەگرت، چونکە ئەو میسری بوو و تۆش فرەنسی، ڕۆڵی ژنە ئەوروپاییەکی شارستانیت لەناو کۆمەڵێک هەرچی و پەرچیدا دەگێڕا، بەردەوام ئاخ و ئۆفت بوو لە دەست میسر و میسرییەکان، بەدڵڕەقی و لالووتییەوە مامەڵەت لەگەڵدا دەکردن.. فەرامۆشکردنی من بەشێک بوو لە ڕق لێ بوونەوەت لە میسر، درۆم نەکردبێت زیاد لە جارێک ناپاکیت لە بابم کردووە، نا بەڵکو دڵنیام، هەر بەلای کەمەوە لەگەڵ مسیۆ بیناری سکرتێری باڵیۆزخانەدا، کە چەندین سەعات لەسەر جێیەکە ڕادەکشایت و بەتەلەفۆن بەچرپەوە قسەت لەگەڵیدا

دەكرد و شەهوەت ڕوخسارتی دادەگرت و دوورت دەخستمەوە، تا بچم لەگەڵ خزمەتكارەكاندا گەمان بكەم.. لە ڕاستیدا تۆ داوێنتەڕیت و ئەوەندە بەسە بۆ پیاوێک لە بارەكانی پاریسدا دەستی واڵا بكات، تا دەی وەک تۆ بدۆزێتەوە..

لەو ساتە تاریكانەدا بێ هیوایی حاتەم دادەگرێت و هەست بەسەرشۆڕیكردن دای دەگرێت و منداڵ ئاسا ڕادەستی گریانێكی بەكوڵ دەبێت، هەندێک جاریش بیر لە خۆكوشتن دەكاتەوە، لێ ئەو بوێرییەی نییە پەنای بۆ ببات.. كەچی ئێستا لە باشترین دۆخیدایە:

پێوەندییەكی سەقامگیری لەگەڵ عەبد ڕەبەدا دانا، لەوەشدا سەركەوت ژیانی ئەوی لە ڕێگەی كوشک و ژوورەكەی لە سەربان بۆی بەكرێ گرتبوو، بەخۆوە گرێ دا، هەروەها تێربوونی سێكسیشی مسۆگەر كرد و بۆ یەكجاری پێی لە باڕی چینۆ و شوێنەكانی تری نەسرۆكان بڕی، زۆریش لە عەبدە دەكات خوێندنەكەی تەواو بكات، تاكو ببێتە پیاوێكی بەڕێزی ڕۆشنبیر، تا لە هەست و بیری بگات و شایان بەدۆستایەتییە هەمیشەییەكەی بێت..

– عەبدە گیان.. تۆ وریا و هەستەوەریت، دەتوانیت بەماندووبوون بارودۆخت باشتر بكەیت.. تۆ ئێستا دەستت دەكەوێ، بەڕێوە دەچن و گوزەرانت چاكە، بەڵام پارە هەموو شتێک نییە.. دەبێت فێربیت و ببیتە پیاوێكی بەڕێز..

تازە لە خۆشەویستیكردنی بەیانیان بووبوونەوە، حاتەم بەڕووتی لە سیسەمەكە دابەزی، بەهەنگاوێكی سەما ئامێزی خەون ئاراوە لەسەر نووكی پەنجەكانی دەڕۆیشت، بەخدێی خۆی هەینێ لە خۆشەویستی تێر دەبێت، خۆشحاڵی و بووژانەوە بەڕوویەوە دەبینران، پێكێكی بۆ خۆی تێكرد، عەبدەیش لەسەر جێیەكە هەڵایژابوو، خەنییەوە و بەشۆخییەوە گوتی:

– بۆچی دەتەوێت فێر بم؟!

– تاکو بەڕێز بیت.

– واتا من بەڕێز نیم؟!

– بێگومان بەڕێزیت.. بەڵام دەبێت فێر ببیت و بڕوانامە بەدەست بهێنیت.

– بڕوانامەی لا ئیلاهە ئیللەڵا.

عەبدە لە پێکەنینەکەی بەردەوام بوو، حاتەم بەگلەییکردنێکەوە تەماشای کرد و گوتی:

– من بەڕاستیمە، دەبێت خۆت ماندوو بکەیت.. دەخوێنی و ئامادەیی بەدەست دەهێنیت و دەچیتە کۆلێجێکی گەورەوە.. بۆ نموونە کۆلێجی یاسا.

– کنگر و ماستیش بەوادەی خۆی.

– نا عەبدە.. نەکەیت ئاوا بیر بکەیتەوە.. تۆ هێشتا تەمەنت ٢٤ ساڵە.. ژیان لە پێشتدایە.

– گشت شتێک بەخت و نێوچەوانە.

– گەڕاینەوە سەر قسەی دواکەوتووان..! چارەنووسی خۆت لە دنیادا تەنیا لە دەستی خۆتدایە.. ئەگەر دادپەروەری لەم وڵاتەدا هەبوایا دەبوو یەکێکی وەکو تۆ لەسەر حیسابی دەوڵەت بیخوێندایا.. فێرکردن و چارەسەر و کار مافی سروشتیی هەر هاووڵاتییەکە لە سەرتاپای جیهاندا، بەڵام ڕێژیمی میسری بەئەنقەست لە نەدارانی وەک تۆ دەگەڕێت نەزان بن، تاکو بتوانێت دزییان لێ بکات و بیان ڕووتێنێتەوە.. تەماشا بکە حکوومەت پیاوانی ئاسایشی نێوەند لە هەژارترین و نەزانترین کەس هەڵدەبژێرێت..

تۆ ئەگەر خوێندەوار بوویتایا، لە هەموو ژیانتدا و لەژێر خراپترین دۆخدا ڕازی نەدەبوویت بۆ پارەیەکی کەم لە ئاسایشی نێوەندا کار بکەیت.. کەچی گەورەکان ڕۆژانە بەملیۆنان جونەیە لە بەشی میللەت دەدزن..

– تۆ داوام لێ دەکەیت نەهێڵم گەورەکان دزی بکەن.. باشە من دەڕۆستی

فەرماندەی سەربازگەکە دێم، تاکو لێپرسینەوە لە گەورەکان بکەم؟!

– لە خۆتەوە دەست پێ بکە عەبدە.. تەقەلا بدە و خۆت خۆت فێر بکە.. ئەمە یەکەم هەنگاوە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانت.

پاشان حاتەم لێی ڕاما و بەمیهرەبانییەوە گوتی:

– چوزانی.. ڕەنگە ڕۆژێک لە ڕۆژان ببیتە مامۆستا عەبدەی پارێزەر.

عەبدە لە جێیەکەی ڕاست بووەوە و لێی نزیک بووەوە، هەردوو شانی گرت و ڕوومەتەکانی ماچ کردن و گوتی:

– ئەی کێ خەرجیی خوێندنەکەم دەکێشێت؟! ئەو دەمی خوێندن تەواو دەکەم کێ نووسینگەم بۆ دەکاتەوە؟!

لەپڕ دەموچاوی حاتەم سوور هەڵگەڕا، لە عەبدەی نزیک کردەوە و بەئاسپاییەوە گوتی:

– خۆشەویستەکەم من هەرگیز وازت لێ ناهێنم و هەمیشەش بۆ پارە لە بەرابەر تۆدا دەستم والا دەبێت.

عەبدە لە ئامێزی گرت و هەردووکیان لەناو ماچوموچی گەرم و درێژدا خۆیان لە بیر کرد، لێ دەنگێک لە دوورەوە بەر گوێیان کەوت، پەیتا پەیتا گوێیان لە لێدانی بەردەوام و توندی دەرگاکە بوو، حاتەم بەنیگەرانییەوە تەماشایەکی عەبدەی کرد، پرپان بەجلەکانیاندا کرد و هەرچۆنێک بوو بەپەلە لەبەریان کردن، حاتەم لە پێش ئەودا گەیشتە دەرگەکە، خۆبەزلزانی و وەڕسی بەڕوخساریەوە دیار بوو، ئامادەیی بۆ پێشهاتێک وەرگرت، دوایی لە چاوە ئەفسووناوییەکەوە تەماشای کرد و بەسەرسوڕمانەوە گوتی:

– ژنەکەتە عەبدە.

عەبدە بەپەلە دەرگەکەی کردەوە و بەتووڕەییەوە بەسەریدا شیڕاند:

– هەدیە خۆ شتێک ڕووی نەداوە.. بەم ناوەختە چی هێناتی.. چیت دەوێ؟!

بەواوەیلێوە ئاماژەی بۆ منداڵە نووستووەکەی باوەشی کرد و هاواری کرد:

– عەبدە بگە پێم.. کوڕەکەمان گیانی وەک ئاگر دەسووتێ و بەردەوام دەڕشێتەوە.. شەو تا بەیانی گریاوە.. دەستم دامێنت حاتەم بەگ.. پزیشکێکمان بۆ بێنە، یاخۆ بیبەینە نەخۆشخانە.

***

کاتێک بوسەینە دەرگەی گەرماوەکەی کردەوە بینی زەکی دسوقی لەسەر زەوییەکە کەوتووە، گیانی یەک پارچە ڕشانەوەیە و توانای جووڵانی نییە.. داچەمییەوە و دەستی گرت، بینی دەستی وەک بەفر ساردە:

– زەکی بەگ.. هیلاکیت؟!

ورتەی نادیاری لێوە هات، سەیری میچەکەی دەکرد، چوو کورسییەکی بۆ هێنا، باوەشی لێ دا و دای نیشاند «لەو ساتەدا بۆی دەرکەوت جەستەی چەند سووکە»، دواتر جلە پیسەکانی داکەندن و دەست و دەموچاو و سینگی بەئاوی گەرم شوشت، هێندەی نەبرد کەمێک هاتەوە سەر خۆی، بەزەحمەت توانی بوەستێ و خۆی بداتە سەر شانیاو ڕێ بکات، خستیە جێیەکەیەوە و بەرەو ژوورەکەی سەربان سەرکەوت، بەهەڵەداوان گەڕایەوە و پەرداخێکی گەورەی پونگەی کوڵاوی پێ بوو، زەکی خواردیەوە و خەوێکی قووڵ دایگرت..

شەو بەتەنیشتییەوە لەسەر قەنەفەکەدا مایەوە، زیاد لە جارێک هەڵستا و سەری لێ دا.. دەستی لە هەنیەی دا تا بزانێت تای لێیە یان نا، قامکی لەبەر کەپووی ڕاگرت، تا لە ڕێکی هەناسەدانی دڵنیا بێت.. بەردەوام بێدار بوو، بڕیاری دا ئەگەر خراپتر بوو گازی پزیشکی بۆ بکات، لەو دەمی نووستبوو لە ڕوخسارە پیرەکەی ڕاما، بۆ یەکەمین جار وای هاتە بەرچاو ڕاستەقینە و سادە و ساکارە، پیاوێکی بەتەمەنی چاکی سەرخۆشە، لەڕولاواز و نەرمونیان، وەک منداڵ مایەی بەزەییە، سەرلەبەیانی

بەرچاییەکی سووکی لەگەڵ ماستدا بۆ ئامادە کردبوو. ئەبسەخرۆن گەیشت و بەوی ڕووی دابوو زانی، سەری دانەواند و بەخەمبارییەوە لە بەرابەر بەگی نەساغیدا وەستا، بەدەنگێکی پڕ لە تاسەوە گوتی:

– یاخوا دەرد و بەڵات لێ هەڵوەرێن.

زەکی چاوی هەڵێنا، بوسەینە ئاماژەی پێ دا دەربچێتە دەرێ، پاشان بەزەحمەت هەستا، خۆی بەدیوارەکەوە گرت، بەهەردوو دەستی سەری توند گرت و بەدەنگێکی نزمەوە گوتی:

– سەرێشەیەکی سەیرم هەیە و گەدەشم زۆر دێشێت.

– حەز دەکەیت پزیشکت بۆ بانگ بکەم؟!

– نا.. هیچ نییە.. من زیاد لە پێویستم خواردەوە.. زۆرجار ئەمەم بەسەردا هاتووە.. کوپێک قاوەی سادە دەخۆمەوە و دێمەوە سەر خۆم.

وای نیشان دەدا خۆی گرتووە و توندوتۆڵە، بوسەینە پێکەنی و گوتی:

– گوێ بگرە.. بەسە چەنەبازی.. تۆ پیر بوویتە و تەندروستیشت تا بڵێی خراپە.. بەسە توانای خواردنەوە و شەوئاهەنگت نەماوە.. دەبێت وەکو پیرەکانی وەک خۆت زوو بنوویت.

زەکی بزەیەکی هاتێ و بەمنەتبارییەوە تەماشای کرد و گوتی:

– سوپاس بوسەینە.. تۆ کەسێکی چاک و دڵسۆزیت.. نازانم بەبێ تۆ چیم بکردایا!

بوسەینە ناولەپی خستە سەر دەموچاوی و نێوچەوانی ماچ کرد. بەر لەوە زۆری ماچ کردبوو، کەچی ئەمجاریان هەستی بەشتێکی جیاواز کرد، کاتێک لێوەکانی بەر تەوێڵی کەوتن، هەستی بەوە کرد باش دەیناسێت و حەز بەبۆنە تیژە کۆنەکەی دەکات و ئیتر ئەو بەگە نییە، کە زۆرێک لێوەی دوور بوو و باسی ڕۆژگاری بۆ دەکرد، تەنانەت ئەو ئەویندارە نێرە تێکچڕژاوە جیاوازە لەوەوە نییە، بەڵکو ئەو ئێستا بەڕادەیەک لێوەی نزیکە وەک ئەوەی

له زووەوە بیناسێت، دەتگوت باوکی یاخۆ خاڵەی یان مامیەتی، چون بۆن و خوێنی ئەمی هەڵگرتبێت، ئاواتی دەخواست بەتوندی بەخۆوەی بگووشێت و باوەش لە جەستە لەڕولاوازەکەی بدات و لە خۆی بگرێت و لووتی بەبۆنە تیژەکەی ئەو پڕ ببێت، کە زۆری حەز پێ بوو.

ئەوەی بەبیردا هات ئەوی لە نێوانیاندا ڕوو دەدات شتێکی سەیر و لە ناکاوە، ئەوەشی بیر هاتەوە، کە هەر دوێنێ بوو ویستی هەڵی بخەڵەتێنێ و ئیمزای پێ بکات، هەستی بەشەرم و فەدی کرد، ئەوەشی بەبیردا هات فێڵکردنەکەی دوێنێی دوا هەوڵی بوو بۆ بەرهەڵستیکردنی ڕاستەقینەی لە بەرابەریدا. لە ناخیدا دەیویست لە خۆشەویستیی بۆی ڕابکات، بەشێوەیەک لە شێوەکان زیاتر بەوە ئاسوودە دەبوو ئەگەر پێوەندییەکەی لە سنووری سێکس و پارەدا کورت بکردایەتەوە، ئەو سێکسی دەوێت و ئەمیش پارە، بەم ئاوایە وێنای سنووری پێوەندییەکەی دەکرد، کەچی لە سنوور دەرچوو، ئەم ئێستا ڕووبەڕووی هەستی ڕاستەقینەی خۆی دەبووەوە و بەڕوونی تێی دەگەیشت، ئاواتی ئەوەی دەخواست بۆ هەمیشە لەگەڵیدا بووایا، لە تەندروستیی دڵنیا بووایا، ڕێزی لێ بگرتایا و لە بەرابەریدا هەستی بەمنەتبارییەکی قووڵ بکردایا، بڕواشی بەوە هەبووایا ئەم چی پێ بڵێت ئەو یەکسەر تێ بگەیشتایا.. لەبارەی ژیانییەوە، باوکی و دایکی و خۆشەویستییە کۆنەکەی بۆ تەها، تەنانەت ئەو شتە قێزەونانەی لەگەڵ تەلاڵدا کردوونی بێ ئەوەی شەرم بکات بۆی باس بکات..

هەینێ باسی بۆ دەکرد، چون بارێکی قورس لەسەر شانی لابچێت، ئاسوودەیییەکی تەواو دای دەگرت، چەندێک دڵی بەسیما پیرەکەی دەکرایەوە، کاتێک بەبایەخەوە گوێی بۆ ڕادەدێرا و پرسیاری وردەکارییەکانی لێ دەکرد، دواتر قسەی خۆی لەسەر سەرهاتەکەی دەکرد..

سۆز و هەستکردنی لە بەرابەریدا بەهێزتر دەبوو، تا ئەو بەیانیانە بۆی

ساغ بووەوە زەکیی خۆشدەویت، ناتوانێت بێ ئەم وشەیە وەسفی هەستی خۆی بکات. هەڵبەت ئەو خۆشەویستییە گرگرتووە نەبوو، کە بۆ تەهای هەبوو، بەڵکو جۆرێکی تری جیاواز بوو، هێمن و ڕەگ داکوتاو، نزیک بوو لە حەوانەوە و متمانە و ڕێز، ئەم شەیدای بووبوو، درکی پێ کردبوو، بۆ یەکجاری لە دوودڵییەکەی ڕزگار بوو و زیاتر خۆی لێ بردە پێشەوە، ڕۆژانێکی بەختەوەری گەش لەگەڵیدا ژیا، زۆربەی کاتی بەیانیان و بەشێک لە شەویش لەگەڵیدا بوو و بەر لەوەی بنوێت چییان کردبوو لە مێشکی خۆیدا دووبارەی دەکردنەوە، زەردەخەنەیەکی دەکرد و میهرەبانییەک ڕای دەماڵی.

چەندێک بیری لەوە بکردایەتەوە ناپاکی لێ دەکات شتێکی بچووکی تیژ و دڕکاوی دەرزی ئاژنی دەکرد، ڕێککەوتبوو لەسەر گرێبەستەکە ئیمزاکەی وەربگرێت، تاکو مەلاک دەست بەسەر ئەپارتمانەکەیدا بگرێت، ئەم متمانەی ئەوی بەگەڕ خستبوو تا ئازاری بدات، ئەی وا نەبوو..؟! ئەی ئامانجی ئەوە نەبوو؟! بیخافڵێنێ و بەسەرخۆشی ئیمزاکەی وەربگرێت، ئینجا پێنج هەزار جونەیە لە مەلاک بسەنێت، نرخی ناپاکییەکەی.. چەندێک ئەم وشەیە لە مێشکیدا بزرنگێتەوە زەردەخەنە جوانەکەی و بایەخ دانی پێی و بەهەند وەرگرتنی هەست و سۆزی ئەوی بیر دەکەوێتەوە، ئەوەی بیر دەهاتەوە هەمیشە بەنەرمی مامەڵەی لەگەڵدا کردووە و متمانەی تەواوی پێ بەخشیوە، ئەو کات هەست بەخۆی دەکات چەندە بەدنمەک و ناپاکە، قێزی لە خۆی دەبووەوە و دەکەوتە گێژەنگی ئازاری ویژدانەوە، بەردەوام بەدەم ئەم هەستەوە دەتلایەوە، تا بەیانیانێکیان بەخۆ کەوت و بۆ لای مەلاک ڕۆیشت، کاتەکەی زوو بوو، تازە دوکانی کردبووەوە و پەرداخێک چای بەشیری لە بەردەمدا بوو لەسەر خۆ هەڵی دەقوڕاند، لە بەرابەریدا سڵاوی لێ کرد، بەر لەوەی ئازایەتییەکەی بڕەوێتەوە، گوتی:

– مامە مەلاک من داوای لێبووردن دەکەم.. ئەوی لەسەری ڕێککەوتبووین ناتوانم جێبەجێی بکەم.

– تێناگەم.

– مەسەلەی ئیمزاکەی دەبێت لە زەکیی وەربگرم.. نایکەم.

– بۆ؟

– ئیتر.

– ئەمە دوا قسەتە؟

– ئا.

– باشە تەواو.. سوپاس.

مەلاک بەهێمنییەوە وای گوت و فڕێکی لە چای بەشیرەکەی دا و ڕووی لێ وەرگێڕا، هەینێ مەلاکی جێ هێشت هەستی کرد لە باری خەمێکی قورس قوتاری بوو، لێ سەیری لەوە هات ئاوا بەسووک و ئاسانی لێبووردنەکەی لێ قبووڵ کرد، مەزەندەی ئەوەی کردبوو تووڕە و شێتگیر ببێ، کەچی چون پێشبینیی کردبێت هێمن بوو و بەسەر خۆیدا نەهێنا، یان وەک ئەوەی شتێکی لەژێر سەردا بێت. ئەمە چەند ڕۆژێک لە دڵەڕاوکێیدا هێشتەوە، کەچی هێندەی پێ نەچوو لەو کەڵکەڵانەش ڕزگاری بوو و بۆ یەکەمین جار هەستی بەئاسوودەیی و ئارامییەکی قووڵ کرد، چونکە لە ناپاکیکردن لە ئاست زەکیدا پاک بووەوە و شتێکی نەبوو لێی بشارێتەوە.

***

سەعات هەشتی سەرلەبەیانی، شێخ شاکر و تەها شازلی بەرەو حەلوان سواری مێترۆ بوون، بەدرێژاییی چەند ڕۆژ لە وتووێژدا بوون، شێخ دەیویست ئەوی ڕووی دا لە بیری تەها بباتەوە و سەرلەنوێ ژیانی دەست پێ بکاتەوە، کەچی خەشم و قینی دانەدەمرکایەوە، بەڕادەیەک زیاد لە جارێک خەریکبوو هەرەس بهێنێت، سەرەنجام دوای مشتومڕێکی توند شێخ بەڕوویدا شیراند:

– ئەی کەواتە چیت دەوێت؟! نە خوێندنت دەوێت نە کار، ناشتەوێ هیچ

کامێک لە برادەرەکانت ببینیت، تەنانەت کەسوکاریشت.. تەها پێم ناڵێیت چیت دەوێت؟!

– دەمــەوێت تۆڵە لەوانە بکەمــەوە، کــە دەســتــدرێژییــان کــردە ســەرم و سەرشۆڕیان کردم.

– باشە چۆنیان دەناسیتەوە لە کاتێکدا تۆ ڕوخساریانت نەبینیوە؟!

– لە ڕێگەی دەنگیــانەوە.. دەتوانم لـەنێــو ســەدان دەنگدا دەنگیــان جـیــا بکەمـەوە.. تکات لێ دەکەم مـەولانا ناوی ئەو ئەفسـەرە گەورەیەم پێ بدە، کە سەرپەرشتیی ئەشکەنجەدانی دەکردم.. پێشتر پێت گوتم ناوەکەی دەزانیت.

شێخ شاکر خۆی کڕ کردبوو و بیری دەکردەوە..

– تکایە مەولانا.. ئۆقرە ناگرم تا ناوی نەزانم.

– ســەد لە ســەد ئـەو کـەســە ناناسـم، بەڵام بەگـشـتـی ئـەشکەنجـەدان لە ئاســایش بەســەرپەرشـتـیی دوو کـەس دەبێت: ســەرهـەنگ ساڵح ڕەشــوان و ســەرتیپ فــەتحی وەکـیـل.. هەردووکـیــشـیــان دوو تاوانکاری گـومــڕان، چارەنووسـیان دۆزەخ و خراپـترین کۆتاییـیـە.. پێم بڵـێ سـوودی چی لەوەدا دەبینیتەوە ناوی ئەفسەرەکە بزانیت؟!

– تۆڵەیان لێ دەکەمەوە.

– قسەی قۆڕ.. تەمەنت بـۆ ئەوە تەرخان دەکەیت بەدوای یەکێکدا بگەڕێیت بەچاوی خـۆتیش نەتبـینیـبێت؟! ملـملانێیـەکی شـێـتـانەیە و ئەنجـامـەکەشی دۆڕانە.

– تا دوایی لەگەڵیدا دەڕۆم.

– بەتەنـیـا دژ بەدەســەڵاتێک دەجـەنگیت ســوپا و پۆلیس و بەدەیـان چەکی گەورەی هـەیە.

– تۆ وا دەڵێیت، بەخۆت فێرت کردین، کە مـوسڵـمانی ڕاستـەقینە بەتەنێ خۆی نەتەوەیەکە.. ئەی پەروەردگاری مەزن نـەیگوتووە "زۆرجار کۆمـەڵێ کەم

-بەئیزنی خوا- بەسەر کۆمەڵێکی زۆردا سەرکەوتوون".. خوای گەورە ڕاستی فەرمووە.

- لاریمان لە فەرمانی خوادا نییە، بەڵام کێشمەکێشی تۆ لەگەڵ ڕێژیمەکەدا ژیانت لەدەست دەدات.. دەمریت کوڕەکەم.. هەر لەگەڵ یەکەم ڕووبەڕوو بوونەوەدا دەتکوژن.

تەها بێدەنگ بوو و تەماشای ڕوخساری شێخی کرد، ناوبردنی مردن کاریگەریی لە دەروونیدا جێ هێشت، پاشان گوتی:

- ئێستا من مردووم.. لە گرتووخانەدا کوشتمیان.. ئەو دەمی سوارت دەبن و پێدەکەنن.. کاتێک ناوی ئافرەتێکت لێ دەنێن و ناچارت دەکەن بەناوە تازەکەت وڵام بدەیتەوە، تۆش بەزۆرەملێ لەژێر ئەشکەنجەدا بەرسڤیان دەدەیتەوە.. ناویان لێ نابووم فەوزیە.. ڕۆژانە دارکارییان دەکردم، تاکو لە بەردەمیاندا بڵێم: من ئافرەتم و ناوم فەوزیەیە.. دەتەوێت ئەم هەموو شتانە لە بیر بکەم و بژیم؟!

بەداخ و کەسەرەوە قسانی دەکرد و ددانەکانی لە لێوی خوارەوەی گیر دەکردن، شێخ گوتی:

- گوێ بگرە تەها.. ئەمە دوا قسەمە و لە بەرابەر خوای مەزندا گەردنی خۆم ئازاد دەکەم: کەوتنە داوی دژایەتیکردنی ئەم ڕێژیمە مانای مردنی سەد لە سەدە.

- هیچ لە مردن ناترسێم.. من خۆم بۆ شەهیدبوون ئامادە کردووە و لە دڵەوە ئاوات دەخوازم شەهید ببم و بچمە بەهەشتەوە.

تەمی بێدەنگی نێوانیانی داگرت، لە پڕ شێخ لە شوێنەکەی هەستا و لە تەها نزیک بووەوە، کەمێک لە سیمای ڕاما، دوایی بەتوندی لە ئامێزی گرت و بەدەم زەردەخەنەوە گوتی:

- خوا پشتیوانت بێت کوڕی خۆم.. بڕوای ڕاستەقینە ئاوا بەپێڕەوکەرانی

دەکات.. گوێ بگرە.. ئێستا بگەڕێوە ماڵ و چون سەفەر دەکەیت ئاوا چەمەدانەکەت بپێچەرەوە.. سبەی تاق بەیانی یەکتری دەبینین و دەتبەم.

– بۆ کوێ؟!

بزەکەی شێخ فراوانتر بووەوە و بەئاسپاییەوە گوتی:

– لێم مەپرسە، ئەوی پێتی دەڵێم بیکە و لە کاتی خۆیدا گشت شتێک دەزانیت.

***

ئەم گفتوگۆیە دوێنێ لە نێوانیاندا ڕووی دا، تەها تێگەیی بەرهەڵستیکردنی شێخ لە سەرەتادا فێڵێک بوو بۆ تاقیکردنەوەی ڕادەی سووربوونی، ئێستا هەردووکیان لە فارگۆنێکی قەرەباڵغی میترۆدا بەبێدەنگی بەتەنیشت یەکەوە دانیشتوون. شێخی زانا لە پەنجەرەکەوە سەرنجی دەرێی دەدا، وەلێ تەها چاوی لە سەرنشینەکان بڕیبوو و نەیدەبینین، لە مێشکیدا پرسیارێکی دڵەڕاوکێکەر دەهات و دەچوو:

«دەبێ شێخ بۆ کوێی ببات؟!» بێگومان متمانەی پێیەتی، وەلێ وێڕای ئەوەش ترس و دڵەڕاوکێ دای گرتووە و هەست دەکات دەست بۆ کارێکی ترسناک دەبات، جیاکەرەوە و بنەڕەتیشە لە ژیانیدا، هەستی بەمووچڕکەیەک کرد ئەودەمی شێخ بەگوێیدا چرپاند:

– ئامادەبە، لە توڕڕەی چیمەنتۆ لە وێستگەی داهاتوودا دادەبەزین.

***

وێستگەی توڕڕە ناوی کۆمپانیای چیمەنتۆی بۆ خۆی هەڵگرتووە، کە سویسرییەکان لە ساڵانی بیستەکاندا دایان مەزراند، دواتر شۆڕش خۆماڵیی کرد و توانای بەرهەمهێنانی زیاتر کرد، تاکو بووە گەورەترین کۆمپانیای چیمەنتۆ لە جیهانی عەرەبیدا. پاشان وەک هەر کۆمپانیایەکی گەورەی تر چووە ژێر باری کرانەوە و بەتایبەتکردنەوە "خصخصە"،

کۆمپانیا بیانییەکان شەیرێکی "سهم" زۆریان لێ کڕی، هێڵی میترۆکەش بەناوەڕاستی زەویی کۆمپانیاکەدا تێدەپەڕی:

بەلای ڕاستدا کۆمەڵێک ساختمانی کارگێڕی و فرنی گەورە، لای چەپیش بیابانێکی بەرفراوان درێژ دەبێتەوە، بەشاخ و داخ دەورە دراوە و کانە بەردیشی لە دەوروبەرن، کە لە ڕێگەی دینامێتەوە تاشەبەردە زەبەلاحەکان دەتەقێنرێنەوە، پاشان بەبارهەڵگری گەورە دەگوازرێنەوە، تاکو لە فرنی چیمەنتۆدا بسووتێنرێن.

شێخ شاکر دابەزی، تەهاشی لەگەڵدا بوو، وێستگەی میترۆکەیان بڕی و بەرەو شاخەکان ملیان نا، بەبیابانەکەدا ڕۆیشتن، ڕۆژەکە گەرم و تۆز و خۆڵیش ئەو دەڤەرەی داگرتبوو، تەها هەستی کرد قوڕگی هیشک بووە و ژانێکی کزی بەردەوام لە بان سکییەوە دێ و دەچێت، دواتر دڵی تێک چوو و کۆکی. شێخ بەشۆخییەوە پێی گوت:

– ئارامگرتنێکی جوانت هەبێت پاڵەوان.. لێرە لە سۆنگەی تۆزی چیمەنتۆوە کەشەکەی پیسە.. سبەی لەگەڵیدا ڕادێیت.. بەهەر حاڵ هێندەمان نەماوە بگەین.

لە بەرابەر تەپۆڵکەیەکی بەردین وەستان و چەند خولەکێک چاوەڕێیان کرد، گوێیان لە غرەی ماشێن بوو، ئۆتۆمبیلێکی گەورەی بەرد گواستنەوە بەدەر کەوت، لێیان نزیک بووەوە و لە بەرابەریاندا وێستا، شوفێرە لاوەکە بەدلەیەکی شری شینی ڕەنگ کاڵەوەبووی کرێکارانی لەبەردا بوو، بەپەلە سڵاوی لەگەڵ شێخدا گۆڕییەوە، شێخ بەچاوی پرسیار ئامێزەوە لێی ڕوانی و گوتی:

– خوا و بەهەشت.

شوفێرەکەش بەزەردەخەنەوە وەڵامی دایەوە:

– ئارامگرتن و سەرکەوتن.

توومەز ئەمە وشەی نهێنی بوو. شێخ دەستی تەهای گرت و سەرکەوتنە ناو کابینەی ئۆتۆمبیلەکەوە، ئەوان متەقیان نەکرد و ئۆتۆمبیلەکەش پەیتا پەیتا ڕێگە شاخاوییەکەی دەبڕی، ئۆتۆمبیلی بارهەڵگری تری سەر بەکۆمپانیاکە بەرابەریان دەهاتن، پاشان ئۆتۆمبیلەکە بەڕێگەیەکی تەنگەبەری لاوەکیی قیرتاونەکراودا لای دا، زیاد لە نیو سەعات ڕێیان کرد، خەریکبوو تەها نیگەرانییەکەی بەشێخ ڕابگەیەنێت، کەچی بینی سەرقاڵی خوێندنەوەی قورئانێکی بچووکە، سەرەنجام لە دوورەوە چاوی بەکۆمەڵێک شەبەنگ کەوت، پەیتا پەیتا دەکەوتنە بەرچاو، دەرکەوت کۆمەڵێک ماڵی بچووکی لە خشتی سوور دروست کراون، ئۆتۆمبیلەکە ڕاوەستا، تەها و شێخ دابەزین، شوفێرەکە بەر لەوەی بسووڕێتەوە خواحافیزی لێ کردن.. دیمەنەکە لە شەقامی شوێنە هەڕەمەکییەکانی دەکرد، هەژاریی بەرچاو، گۆلاو لە ڕێگە خۆڵییەکان، مریشک و مراوی بەدەوری ماڵەکاندا تەراتێنیان بوو، منداڵان بەپێخاوسی وازییان دەکرد، چەند ئافرەتێکی لەچک لەسەریش لەبەر دەرگە دانیشتبوون.. شێخ بەبڕوابەخۆبوونی کەسێک چون شوێنەکە بزانێت، هەنگاوی دەنا، تەها بەدوایەوە خۆی بەماڵێکدا کرد.. دەرگەکەیان بڕی، چوونە ژوورێکی گەورەی چۆڵەوە، تەنیا مێزێکی بچووک و تەختەڕەشێک بەدیوارەکەوە و حەسیرێکی گەورە لەسەر زەوییەکە ڕاخرابوو، کۆمەڵێک لاو بەڕیشە درێژ و دیشداشە سپییەکانیانەوە دانیشتبوون، هەموویان ڕاستەپێ هەستان تا سڵاو لە شێخ شاکر بکەن، یەک یەک باوەشیان لێ دا و ماچیان کرد، ئەوی لە هەموویان بەتەمەنتر بوو تۆزێک دواکەوت، پیاوێکی کەتەی چل ساڵان دەبوو، ڕیشێکی درێژی بەردابووەوە، لە بان دیشداشە سپییەکەیەوە پەستەکێکی سەوزی ڕەشباوی لەبەر کردبوو، شوێنەوارێک، چون شوێن زامی برینێکی قووڵ بێت و وای لێ کردبێت نەتوانێت بەتەواوی چاوی دابخات، لەسەر پێڵوویەوە تا بان تەوێڵی کشابوو، کابرا بەدیتنی شێخ گەشایەوە و بەدەنگە گڕەکەیەوە گوتی:

– سـڵاوتان لـێ بێت.. مـەولانـا تۆ لە کـوێیت؟! ئەوە دوو هەفتـەی ڕەبەقـە چاوەڕێتین.

– بیـلال گـیـان، جگە لە ئیـشی زۆر پێـویست، هیچ شـتـێک ڕێی لێ نەگرتووم.. ئەی تۆ و براکانت چۆنن؟!

– سوپاس بۆ یەزدان ئێمە خوا یار بێت زۆر باشین.

– ئەی کارەکانتان چۆن بەڕێوە دەچن؟!

– هەر وەکـو لـە ڕۆژنامـەکـاندا دەیخـوێنیـتـەوە.. بـەپشـتـیـوانیـی خـوا لە سەرکەوتنێکەوە بۆ سەرکەوتنێکی تر.

شێخ شاکر دەستی لە مل تەها کرد و بەبزەوە بەکابرای گوت:

– بیـلال ئەمـە ئـەو تەها شـازلییـەیە کە بـاسم بۆ کـردیت.. نموونەی لاوی پابەند و خواپەرست و ئازا، کەسیش لە خوا بەچاکتر دانانێین.

تەها چـووە پێشـەوە تاکـو تەوقـەی لەگـەڵدا بکات، هەسـتـی بەدەسـتـە بەهێـزەکـەی کرد، لە ڕوخسـارە شێـواوەکەی ڕامـا و قـسـەکـانی شـێخ لە مێشکیدا دەزرنگانەوە:

– تەها.. بەپەنای خـوا بەشـێـخ بیـلالی برای خـواییت دەناسێنم.. ئەمـیری سەربازگەکەیە.. بەپشـتیوانیی خوا لێرە لەگەڵ شێـخ بیلالدا فێر دەبیت چۆن مافی خۆت بسێنیت و تۆڵەت لە گشت ستەمکاران بکەیتەوە.

***

سوعـاد بەهۆش خۆی هاتەوە و بەزەحمـەت چاوی هەڵێنا، هەستی بەژان و دڵتـێکچـوون و ژانەسـەر دەکرد، قـوڕگـیـشی وشک بـووبوو و ئێـشی هەبوو، پەیتـا پەیتـا درکی بەوە کرد لە نەخـۆشـخـانەیە، ژوورێکی گـەورە و مـیـچـەکە بڵند، چەند کۆنە کورسییەک و مێـزێکی بچووک لە گۆشـەکەدا بوون، دەرگە دوو دەرییـەکـەی دوو کـونی خـڕی شـووشـەیـی هەبوون لە دەرگـەی ژووری نەشـتـەرگـەریی فـیلمـەکـانی سـاڵانـی چلی مـیـسـری دەکـرد.. بەتـەنیـشت

چارپایەکەیەوە پەرستارێکی قەڵەوی لووت پان وەستابوو، بەسەر سوعاددا نووشتایەوە و دەستی خستە سەر دەموچاوی و بەدەم بزەوە پێی گوت:

– سوپاس بۆ خوا بۆ سەلامەتیت.. خوا بەخشیتی. خوێنت بەربووبوو.

– درۆزن.

سوعاد بەدەنگێکی خنکاوەوە هاواری کرد و بەپاڵێک پەرستارەکەی لە خۆی دوور خستەوە:

– ئێوە بەزۆر منداڵەکەتان لەبار بردم.. بەقوڕا دەتان بەمە خوارێ.

پەرستارەکە لە ژوورەکە چووە دەرێ و تووڕەبوونێکی شێتانە سوعادی گرتەوە، پێیەکانی ڕادەوەشاندن و بەدەنگی بەرز دەیشیڕاند:

– ئەی تاوانکارانە منداڵەکەتان لەبار بردم.. پۆلیسی فریاکەوتنم بۆ بانگ بکەن.. هەمووتان دەخەمە زیندانەوە.

هێندەی نەبرد دەرگە کرایەوە و پزیشکێکی لاو بەدەرکەوت، لێی هاتە پێشێ و پەرستارەکەش لە دواوە بوو، سوعاد هاواری کرد:

– من سکم هەبوو و ئێوە بێ خواستی خۆم لەبارتان برد.

پزیشکەکە زەردەخەنەیەکی هاتێ، دیار بوو درۆی دەکرد و دەترسا، بەدەنگێکی شڵەژاوەوە گوتی:

– خانم جەنابت خوێنت بەر بووبوو.. هێمن بەرەوە، دوور نییە تووڕەییەکەت زیانت پێ بگەیەنێت.

سوعاد سەرلەنوێ لە پرمەی گریانی دایەوە.. دەیشیڕاند و جوێنی پێ دەدان و دەلالایەوە، پزیشک و پەرستارەکە چوونە دەرەوە، دواتر جارێکی تر دەرگەکە کرایەوە، حەمیدۆی برای بەدەر کەوت، فەوزیی کوڕی حاجی عەزامیشی لەگەڵدا بوو، حەمیدۆ هاتە پێشێ و ماچی کرد، سوعاد لە پرمەی گریانێکی بەکوڵی دا و لە ئامێزی گرت.

دەمـوچاوی حـەمـیـدۆ کـرژ بووەوە و لێـوەکـانی لەسـەر یەک توند کـردن و مـتـەقی نەکـرد.. فـەوزییش بەهێـمنـی کـورسـیـیـەکی لەوسـەری ژوورەکـەوە ڕاکێشـا و بەتەنیـشت قـەرەوێڵـەکەی سـوعـادەوە دانیـشت، سـەری گـەڕاندە دواوە و بەزمانێکی توندەوە چون وانە بەمندالٚ بلٚێتەوە، دوا وشـەیانی بەزەقی دەردەبڕی:

– گویٚ بگرە سـوعاد.. هەمـوو شـتێک قسمـەت و نسـیبـە.. حـاجی عـەزام لەسـەر شـتێک لەگەلٚتدا ڕێک کـەوت و تۆش لە بەلٚێنەکـەت پاشگەز بوویتـەوە، دەستپێکەریش ستەمکارترە..

– خـوا تۆلٚـەم لە تۆ و لە باوکت بسـێنێـتـەوە.. هـەی تاوانبـارینـەی کـوڕی سـەگانە.

– دەمت داخە.

ئاوا بـەتونـدی شــیــڕاندی و ڕووی گــرژ و مــۆن بـوو، دیار بـوو دلٚڕەق و یەکلاکـەرەوە بوو، پاشـان کەمێک بێدەنگ بوو، ئاهێکی هـەلٚکێشـا و دەسـتی بەمۆچیارییەکانی کرد:

– سـەرەڕای کـەم ڕەوشـتـیـیـەکـەت حـاجی بەوەی خـوا لەسـەری ڕازییـە مــامــەلٚەی لەگــەلٚدا کـردیت.. تووشی خـوێن بـەربوون هـاتـی و خـەریک بوو بمریت، بـۆیە تۆمـان گـواسـتـەوە بۆ نەخـۆشـخـانە و پزیشکیش نـاچار بوو مندالٚەکـەت لەبار بـەرێت.. کـاغـەزەکـانی نەخـۆشـخــانە و ڕاپۆرتی پزیشک ماون.. حەمیدۆ پێی بلٚێ.

حــەمـیـدۆ بەبێـدەنگی سـەری دانەواند، دەنگی فـەوزی سـەرلەنوێ بەرز بووەوە:

– حـاجی عەزامی بابم پیاوێکی خواپەرستە. تەلاقی دایت و زیاد لە مـافی خـۆتی پێ دایت، خـوا پاداشـتی بداتـەوە.. پاشـەکی و پارەی بۆ بڕاوە، خـوا چۆنی پێ خـۆشە ئاوا بڕیمانەوە، بەلٚکو بەزیادەوە، حەمیدۆی برات چەکێکی

بیست هەزاری لایە.. حیسابی نەخۆشخانەش دراوە و هەموو شتەکانیشت لە ماڵەوە بردمان و بۆ ئەسکەندەریە بۆتی ڕەوانە دەکەین..

بێدەنگییەکی قووڵ دایگرتن، سوعاد بەتێکشکاوییەوە بەدەنگێکی نزم دەگریا.. فەوزی هەستا، لەو کاتەدا بەهێز و کۆتایی پێ هێن دەهاتە بەرچاو، وەک ئەوەی گشت شتێک لە دنیادا لەسەر ئەوە وەستاوە، کە دەیڵێت، دوو هەنگاو بەرەو دەرگەکە جووڵا، ئینجا وەک ئەوەی شتێکی بیر کەوتبێتەوە وەرسووڕا و گوتی:

– حەمیدۆ خوشکەکەت تەمێ بکە، چونکە مێشکی بەتاڵە.. هەمووی لاپەڕەیەک بوو و پێچرایەوە، مافی خۆشی بەتەواوی وەرگرت، چۆن بەباشی دەستمان پێ کرد با هەرواش لێ ببینەوە.. ئەگەر خۆت و خوشکەکەت ویستتان گرفت و سەرێشەمان بۆ بنێنەوە، ئێمە بەخۆمان دەزانین چۆنتان تەمێ بکەین.. حەمیدۆ وڵات وڵاتی ئێمەیە، دەستمان درێژە و دەگاتە هەموو کونج و کەلەبەرێک، گشت ڕەنگەکانیشمان هەن.. ئەو ڕەنگە هەڵبژێرە کە خۆت بەدڵتە.

پاشان لەسەرخۆ ڕۆیشت و لە ژوورەکە دەرچوو، دەرگە دوو دەرییەکە لە دوایەوە لەرییەوە..

***

چۆن یەکێک بەدوو پەنجە تۆز لە قاتە کەشخەکەی بتەکێنێت و وەک ئەوەی هیچ نەبووبێت دەست بەڕۆیشتن بکاتەوە.. ئاوا حاجی عەزام لە سوعاد جابر ڕزگاری بوو، توانی تاسە و پەرۆشیی لە بەرابەردا بپلیشێنێتەوە، یادی لەشولارە تەڕوبڕە گەرمە بەتامەکەی بەمێشکیدا دەهات، هەوڵێکی بێ پایان و ئازاربەخشی دەدا تاکو لە یادی بکات، بەئەنقەست ڕوخساری ناشرین و قێزەونی سوعادی لە دوا دیمەندا وێنا دەکرد و ئەوەی دەهێنایەوە بیر خۆی ئەگەر لە دەستی قوتار نەبووایا ئەوا تووشی چ ئابڕووچوون و گێرمە و

کێشەیەکی دەکرد، هەروەها دڵخۆشیی خۆی بەوە دەدایەوە، کە خواستەکەی چەندێک کاتی دڵگیری پێ بەخشی، ئینجاش هێندەی لەسەر نەکەوت، بیری لەوەش دەکردەوە ئەو ئەزموونە قابیل بەدووبارەبوونەوە هەیە، چونکە جوان و شۆخ و شەنگی هەژار و نەدار زۆرن و ژنهێنانیش حەڵاڵە و هیچ شەرمێکی تێدا نییە.

دەیویست بەم ئەندێشانە وێنەی سوعاد لە یادەوەریی خۆیدا بسڕێتەوە، هەندێک جار بۆی دەچووە سەر و جار جاریش شکستی دەهێنا، خۆی هاویشتە ناوجەرگەی کارەوە، تاکو بیری بچێتەوە. کردنەوەی بریکاریکردنی تاسۆ بۆ ئۆتۆمبێل دوای چەند ڕۆژێکە، لە نووسینگەکەی لەگەڵ فەوزی و موئمینی کوڕیدا چون لە جەنگدا بن، ژووری چالاکییەکانیان دامەزراند. سەرپەرشتیی دابینکردنی پێداویستییەکانی ئاهەنگێکی گەورەی لە ئوتێلی سەمیرەمیس دەکرد، هەر بەخۆی هەموو گەورە پیاوانی شارەکەی بانگهێشتن کردن، هەموویان ئامادە بوون، وەزیرانی ئێستا و ئەوانی پێشوویش، هەروەها بەرپرسە حکومەتییە گەورەکان و سەرنووسیارانی ڕۆژنامە سەرەکییە ناسیۆنالیستەکان، بەدەیان ئۆتۆمبیلیش بوونە قوربانی دۆستایەتیی ئەمانە، کە وەک دیاری، یاخۆ بەنرخی ڕەمزی پێیان دەدرا..

ئەمەش بەڕەزامەندی بەرپرسە ژاپۆنییەکان ئەنجام درا، هەندێک جاریش لەسەر پێشنیازی ئەوان بوو، ئاهەنگەکە تا درەنگانێک درێژەی کێشا و تەلەڤزیۆنیش وەک ڕیکلامی کرێ دراو بەشێکی پەخش کرد، زۆربەی ڕۆژنامەکانیش بەسەریان کردەوە.

نووسیارێکی گەورەی ئابووری لە ڕۆژنامەی "الاخبار"دا کردنەوەی بریکاریکردنی تاسۆی بەهەنگاوێکی نیشتیمانیی بوێرانە دانابوو، کە خاوەنکاری ڕەسەنی میسری محەمەد عەزام بەمەبەستی شکاندنی قۆرخکردنی ئۆتۆمبیلی ڕۆژئاوایی دەستپێشکەری کردووە، هەروەها

نووسیارەکە داوای لە سەرجەم خاوەنکارە میسرییەکان کردبوو لە پێناو ڕابوونی میسر و سەلامەتیی ئابوورییەکەی هاوشێوەی حاجی عەزام ڕێگەی ڕاستی قورس و دژوار بگرنە بەر.

بەدرێژاییی دوو هەفتەی تەواو وێنەی حاجی عەزام و لێدوانەکانی سەرجەم ڕۆژنامەکانیان گرتبووەوە، ئەو وێنە ناوازە و پڕ مانایانەی بڵاویش دەکرانەوە کاتی ئیمزاکردنی گرێبەستی بریکارییەکە بوو، حاجی عەزام بەدیمەنی تێکسمڕاو و ڕوخسارە بازاڕی و نیگا فێڵاوییە لە ڕێوی چووەکەیەوە، بەتەنیشتییەوە مستەر ین کیی سەرۆک ئەنجوومەنی کارگێڕیی کۆمپانیای تاسۆ بەباڵا کورتە ژاپۆنییەکەی و تەماشاکردنە ڕاستە و ڕاستەکەی و سیما ژیرانە شێلگیرەکەیەوە دانیشتبوو.. جیاوازی لە دیمەنی هەردووکیاندا ئەو ماوە زۆرەی نیشان دەدا، کە لە نێوان میسر و ژاپۆندا ڕوو دەدات.

بریکارییەکە هەر لە مانگی یەکەمەوە فرۆشتنێکی ئەفسانەیی وای بەدەست هێنا لە دەرەوەی هەموو پێشبینییەکان بوو، سوود و قازانج بەسەر حاجی عەزامدا باری، کە بەمنەتبارییەوە پێشوازیی لە نیعمەتی خوا کرد و بەدەیان هەزار جونەیهی وەکو خێر لێ دەرکرد. لایەنی ژاپۆنییش پرۆژەیێلی تری وێستگەی پاراستنی لە قاهیرە و ئەسکەندەریەدا خستە بەردەم حاجی عەزام، ئیتر حاجی عەزام خۆشترین و شکۆدارترین ڕۆژانی ژیانی دەبردە سەر، تەنیا شتێک نەبێت میزاجی تێک دەدا، ویستی فەرامۆشی بکات، لێ بێهوودە بوو.. فولی بەردەوام بەدوایەوە بوو تا بیگرێت، عەزامیش ئەمڕۆ و سبەی لەگەڵدا دەکرد، تا وای لێ هات ئەو خۆ لێ شاردنەوەیە دادی نەدا و ناچار ملی بۆ کەچ کرد و بۆ دیدەنیی فولی ڕۆیشت بۆ شیراتۆن و خۆی بۆ سەرێشە ئامادە کردبوو.

هۆڵە تاریکەکە لە گەرمەی ڕۆژدا لە قەرەباڵغیدا جمەی دەهات، زیاتر لە فارگۆنێکی پلە سێی شەمەندەفەری سەعێدی دەکرد وەک لە هۆڵی پێشوازیی نەخۆشخانە، ژنان بەمنداڵە نەخۆشەکانیانەوە ئاپۆرایان بەستبوو، بۆنی ئارەقە و زەوی و دیوارەکان لەوپەڕی پیس و پۆخڵیدا بوون. چەند پەرستارێک چوونە ژوورەوەیان بۆ ژووری پشکنین ڕێک دەخست، جوێنیان بەئافرەتەکان دەدا و پاڵیان پێوە دەنان، مقۆ مقۆ و قیژە و ژاوە ژاوێک بوو ئەوپەڕی دیار نەبوو.

حاتەم ڕەشید و عەبدە، هەدیەش کۆرپەکەی کە لە گریان نەدەکەوت، بەباوەشەوە بوو، گەیشتن. ماوەیەک لە قەرەباڵغییەکە وەستان، پاشان حاتەم لە یەکێک لە پەرستارەکان نزیک بووەوە و داوای بینینی بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکەی کرد، پەرستارەکە بەبێزارییەکەوە تەماشایەکی کرد و گوتی، بەڕێوەبەر لێرە نییە. عەبدە خەریک بوو بەشەڕ بێت کاتێک پێیان گوت دەبێت چاوەڕێ بکات، تاکو نۆرەی دێت منداڵەکەی بپشکنن..

حاتەم چووە دەرێ و خۆی گەیاندە نزیکترین تەلەفۆن و لە ڕۆژژمێرە بچووکەکەی بەر باخەڵی، کە هەرگیز لێی جیا نەدەبووەوە چەند ژمارەیەکی وەرگرتن و تەلەفۆنی بۆ کردن، سەرەنجام جێگری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکە بەدوایاندا هات و پێشوازییەکی گەرمی لێ کردن و داوای لێبووردنی کرد، کە بەڕێوەبەر لەوێ نییە، جێگرەکە کابرایەکی سپیکەلانەی قەڵەوی چل ساڵان دەبوو، سیمای دڵباشی و سادە و ساکاریی ڕادەگەیاند.

بەوردی کۆرپەکەی پشکنی و بەدەنگێک نیگەرانیی تێدا دەبینرا، گوتی:

– بەداخەوە دۆخەکەی دواکەوتووە و قورسە.. وشک بووەتەوە و تای لێیە.

پاشان هەندێک شتی نووسی و بەعەبدەی دا، عەبدە ئارامی لەبەر بڕابوو و لە جگەرەکێشان و هاوارکردن بەسەر ژنەکەیدا نەدەکەوت. منداڵەکەی کردە باوەشی و لەگەڵ پەرستارەکەدا، کە بایەخ پێدانی دوکتۆرەکە ئەویشی گرتەوە، ڕایان کرد.

کۆرپەکەیان بردە ژووری فریاکەوتنەوە و سۆندەی گلوکۆزیان لە قۆڵە وردیلەکەی بەست. ڕەنگی تەواو زەرد هەڵگەڕابوو و چاوانی بەقووڵدا چووبوون، دەنگی گریانەکەی هێواش هێواش کز دەبوو، هەمووان خەمێکی قورس دایگرتن، عەبدە هۆیەکەی لە پەرستارەکە پرسی، وڵامی داوە:

– ئەنجامی چارەسەرییەکە بەلای کەمەوە دوای دوو سەعاتی تر دەردەچێت.. خوا گەورەیە.

سەرلەنوێ بێدەنگی دایگرتنەوە، هەدیە بەکزییەوە دەگریا، حاتەم عەبدەی خستە لاوە و دەسچەیەک پارەی خستە گیرفانییەوە و دەستی نایە سەر شانی و گوتی:

– بگرە عەبدە ئەمە بۆ خەرجی نەخۆشخانە، ئەگەر پێویستیت بەهەر شتێک بوو پێم بڵێ.. من ناچارم بۆ ڕۆژنامەکە بچم، شەو پێوەندیت پێوە دەکەم.

***

– خۆزگە لە زووەوە دەمناسییت.

– بۆچی؟

– ئەو کات هەموو ژیانم دەگۆڕا.

– ئەوەتا تێیداین.. دەی ژیانت بگۆڕە.

– چی بگۆڕم بوسەینە.. من تەمەنم شەست و پێنج ساڵە.. واتا دوادواییمە.

– کێ وا دەڵێت.. دەکرێ بیست سی ساڵی تریش بژیت.. تەمەن لای خوایە.

– خۆزگە.. پێم خۆشبوو بەلای کەمەوە سی ساڵی تریش بژیامایا.

پێکەوە لە قاقای پێکەنینیان دا.. ئەو بەدەنگە گڕەکەی و ئەمیش بەجریوە جریوە یەک لە دوای یەکەکانی.. بەڕووتوقووتی لە جێگەکەیاندا ڕاکشابوون، ئەو باوەشی لێ دابوو، قژە ئاوریشمییە پڕەکەی ختووکەی قۆڵی دەدا.. تەواو لە هەستکردن بەتایبەتمەندیی جەستەیان ڕزگار بووبوون، چەندین سەعاتیان پێکەوە بەڕووتی دەبردە سەر، بوسەینە قاوەی بۆ دەکرد و پێکی وێسکی و مەزەی بۆ ئامادە دەکرد، جار ناجاریش پێکەوە دەنووستن، مەگەر سەرجێییییەکی لەگەڵدا بکردایا، ئەگینا زۆربەی کات هەروا پێکەوە ڕادەکشان، گڵۆپی ژوورەکەی دەکوژاندەوە و لەبەر ڕووناکییە کزە لەریوەکەی لە دەرێ دەهات، سەرنجی دەموچاوی دەدا، لەو ساتەدا وای وێنا دەکرد ڕاستەقینە نییە، ئەندێشەیەکی جوان، بوونەوەرێکی شەوانە چۆن لە پڕ لەگەڵ گزنگی بەیاندا دێت، ئاواش ون دەبێت، قسەیان پێکەوە دەکرد، دەنگی لە تاریکییەکەدا بەقووڵی و سازگار و شیرینی دەهات.

بوسەینە لەو دەمی لە میچەکە ڕامابوو بەزمانێکی شێلگیرانەوە گوتی:

– کەنگێ سەفەر بکەین؟!

– سەفەر بۆ کوێ؟!

– تۆ بەڵێنت پێ دام پێکەوە سەفەر بکەین.

زەکی سەرنجی دەموچاوی دا و لێی پرسی:

– تا ئێستاش ڕقت لە وڵاتە؟!

بەسەری ئاماژەی کرد و چاوی لە میچەکە بڕیبوو..

– من لەم نەوەیەی ئێوە ناگەم.. ڕۆژگاری ئێمە خۆشەویستیی نیشتمان وەکو ئاین وا بوو.. لاوانێکی زۆر لە خەبات لە دژی ئینگلیزدا گیانیان لەدەست دا.

بوسەینە لە دانیشتنەکەی ڕاست بووەوە و گوتی:

– خۆپێشـاندانتـان دەکرد تاکـو ئینگلیـز وەدەر بنێـن؟ ئەوەتا دەرچوون.. واتا ڕەوشی وڵات باشتر بووە؟!

– هۆی بـەرەو خــراپ چوونی وڵات نەبوونی دیموکــراتیــیــەتە.. ئـەگــەر ڕێژیمێکی دیموکراتیی ڕاستـەقینە لـەمیسردا هـەبووایا ئەوا دەبووە هێزێکی مـەزن.. قوربەسـەریی میسر لە دیکتـاتۆریەتدایە، دیکتـاتۆریەتیش کۆتاییـە حەتمییەکەی هەژاری و گەندەڵییە لە گشت بوارەکاندا.

– ئەمە قسـەیەکی گەورەیە.. من خەونەکانم هێندەی خۆمن.. ئاواتم ئەوەیە ئاسـوودە بم و خـێزان پێکەوە بنێم.. پیـاوێک خـۆشی بوێم و منالەکـانم پێ بگـەیەنم و لە بری خـانوو لە سـەربان، مـاڵێکی قنجی جـوان و ئاسـوودەم هـەبێت. ئاواتم ئەوەیـە بچمە وڵاتێکی پاک و خـاوێن، نە پیسیی تێدا بێت نە هـەژاری و سـتـەم.. دەزانی.. برای کـچـێکی هاوەڵـم سێ جـار لە ئـامـادەیی کـەوت، سـەفـەری کرد بۆ هـۆڵەندا، کـچێکی هـۆڵەندی خـواست و هـەر لەوێ مـایەوە.. بۆمـان باس دەکات لەو وڵاتانـە نە سـتـەم و نە بوختـان هـەیە.. لەوێ هـەر کـەس و مــافی خـۆی وەردەگرێت، خـەڵکەکـەش ڕێز لە یەکـتـر دەنێن، تەنانەت گسکدەریش لە شـەقامـدا خەڵکەکە ڕێزی لـێ دەگرن.. بۆیە خـۆزگـە دەخوازم بڕۆم بۆ دەرەوە.. لەوێ بژیم، ئیش بکەم و بەڕاستی کەسێکی بەڕێز بم:

دەمـەوێت لە بری ئەوەی لەگـەڵ یەکێکی وەک تەڵاڵدا دابەزمە کۆگاوە، تا دە جــونەیهـم بداتێ، بـەرهـەمی کــارەکــەم بخـۆم.. دە بـزانە.. هـەر جــارەی دە جـونەیهی دەدامێ.. نرخـی دوو پاکـەت مـارلبـۆرۆ.. بەڕاسـتی مـنیش گـەمـژە بووم.

– تۆ ئـاتاجی پارە بوویت و کـەسـی ئاتاجـیش بیـر ناکـاتـەوە.. بوسـەینە نامـەوێت لەسـەر ڕابردوو بژیت.. هـەمـوو ئەوانەی بەسـەرتدا هاتن لاپەڕەیەک بوو و پێچرایەوە.. بیر لە دوارۆژ بکەرەوە.. ئێمـە ئێستا لەگـەڵ یەکتردایـن و

بەختەوەرین، من هەرگیز دەست بەردارت نابم.

ساتێک بێدەنگی دایگرتن، پاشان زەکی بۆ ئەوەی تەمی خەمبارییەکەی بڕەوێنێتەوە بەشۆخییەوە گوتی:

– من بەلای زۆرەوە مانگێک دوو مانگم لە بەردەم دایە، پارەیەکی باش وەردەگرم و لەگەڵ خۆمدا دەتبەم و سەفەر دەکەین.

– بەڕاست؟!

– بەڕاست.

– بۆ کوێ بڕۆین؟

– فرەنسا.

قیژەی لێوە هات و بەهەردوو دەستی وەک منداڵ چەپڵەی لێ دا، دوایی بەنەگریسییەوە گاڵتەی لەگەڵدا کرد:

– بەس تۆ خۆت بگرە و ئاگات لە تەندروستیت بێت، چونکە دوایی لەوێ بەدەستمەوە خەریک دەمێنی و دەبێتە بەزم.

کە پێدەکەنی دەموچاوی کرژ دەبووەوە و تەوێڵی ئارەقەی دەر دەدا، وەک ئەوەی سەیری بەو خۆشییە لە ناکاوەدا هاتبێت و بڕیاری دابێت بەتوندی بیگرێت نەکو لە دەستی دەرچێت، دیمەنی دڕندانە و نامۆ دەبوو، زەکی باوەشی لێ دا و بەچرپەوە پێی گوت:

– تەواو.. ڕێککەوتین؟

– ڕێککەوتین.

لە دەستەکانییەوە پێیدا هات.. یەک یەک ئەموستەکانی ڕاموسین، دواتر چووە سەر ناو لەپەکانی و باسکی و سینگە نەرم و نۆڵە پڕەکەی، هەینێ گەیشتە ئەستۆی قژە پڕەکەی هەڵدایەوە، تا گوێیە بچووکە جوانەکەی بخاتە دەمییەوە، هەستی دەکرد جەستەی لە حەزدا دەسووتێت. ئیشەکە لە پسە

پسەوە دەستی پێ کرد، پسەپس چاکترین وشەیە، دەنگێکی زۆر نزم لە پڕ دەرچوو و بڕا، کەچی زەکی گوێی بوسەینەی لە زاردا بوو و دەیلستەوە، چەند چرکەیەک تێپەڕین هێشتا لە ئامێزی یەکتردا بوون، پاشان دەنگەکە دووبارە بووەوە، ئەمجاریان ڕوون بوو، دەرگەی ئەو ژوورەی تێیدا دەنووستن لەسەر پشت بوو، برووسکە ئاسا ئەوە بەمێشکی زەکیدا هات یەکێک لە سالۆنەکەدا دەجوولێتەوە، بەڕووتی لە جێیەکەی ڕاپەڕی و بوسەینەش قیژەیەکی کرد و بازی دا، تاکو هەرچۆنێک بێت بەجلەکانی جەستە ڕووتەکەی داپۆشێت، وەک مۆتەکە دیمەنی ترس و تۆقینی بەدوادا هات، ساتێلێکی تیژ و تۆقێنەر، بوسەینە و زەکی هەرگیز لە بیریان ناچێتەوە:

گڵۆپەکان پێ بوون و ئەفسەرێکی پۆلیس بەجلە فەرمییەکەیەوە بەدەرکەوت، لە دوایشییەوە کۆمەڵێک هەواڵگەیەن (مخبر) وەستابوون، دەولەت بەنێویاندا هاتە پێشێ، زەردەخەنەیەکی بەدی نەگریسانە بەڕوویەوە بوو، زۆری نەبرد دەنگە تیژە ناسازەکەی دەتگوت دەنگی مەرگە بڵند بووەوە:

– تیزەجاڕی و بێ ئابڕووییە.. هەر ڕۆژی و سۆزانییەک دێنیت و لەگەڵیدا دەمێنیتەوە.. بەسە گلاوی، برام ویژدانت هەبێت.

– دەمت داخە.

زەکی وەکو یەکەم بەرپەرچدانەوە ئاوا هاواری کرد، لە واقوڕمانەکەی قوتار بوو و تا ئەوپەڕی شڵەژابوو، جەستە ڕووتەکەی دەلەرزی و لە خەشم و تووڕەییاندا چاوانی زەق بووبوونەوە، بێ ئاگایانە دەستی بۆ پانتۆڵەکەی درێژ کرد و لەگەڵ لە پێکردنیدا شیراندی:

– چی بووە.. ئەم گاڵتەجاڕییە چییە؟! کێ ڕێگەی پێ دایت بێیتە نووسینگەکەمەوە.. ئیزنی دادگەت پێیە؟

بەم شێوەیە بەسەر ئەفسەرە لاوەکەیدا شیراند، کە هەر لە بەراییەوە سیمایەکی دوژمنکارانەی هەبوو، بەدەنگێکی هێمنانەی بەڕوودا وەستانەوە

بەرپەرچی دایەوە:

– چییە تۆ فێری ئیشەکەمم دەکەیت؟! من پێویستم بەئیزنی دادگە نییە.. خاتوونی خوشکت لەگەڵتدا نیشتەجێیە و سکالایەکی لە دژت نووسیوە، چونکە داوێنپیسیی لە ماڵەکەیدا دەکەیت، هەروەها داوای سەلماندنی دۆخەکەی کرد، چونکە داوای جیاکردنەوە دەکات.

– قسەی بێ مانا.. ئەمە نووسینگەی تایبەتی منە و ئەویش لێرە لەگەڵمدا نییە.

– بەڵام بەکلیلی خۆی دەرگەکەی کردەوە و کردمانیە ژوورەوە.

– تەنانەت ئەگەر کلیلەکەشی پێ بێت.. ئەمە نووسینگەی منە.. بەناوی منەوەیە.

– باشە ئەم قسانەت لە کۆنووسەکەدا جێگیر بکە.

– قسەی چی؟ من یەخەتان بەر نادەم و بەقوڕدا دەتان بەمە خوارێ.. دەبێت نرخی دەستدرێژیکردنە سەر حورمەتی خەڵکی بدەنەوە.

– ڕاست دەکەیت حورمەتی داوێنتەڕەکان.

دەولەت بەم ئاوایە شیڕاندی و چاوانی زەق بوونەوە.

– وتم دەمت داخە.

– تۆ دەمت داخە، هەی پیرەی شەرم لە خۆ نەکردوو.

– خاتوون تکایە بێدەنگ بە.

ئەفسەرەکە وای نیشان دا تووڕە بووە، تاکو لایەنگیرییەکەی داپۆشێت، بەسەر دەولەتدا شیڕاندی، پاشان ئاوڕی لە زەکی دایەوە و گوتی:

– گوێ بگرە بەڕێز.. تۆ پیاوێکی بەتەمەنیت و پێویست بەخۆسووککردن ناکات.

– تۆ بەتەواوی چیت دەوێت؟

- ئەم دۆخە بسەلمێنین و دوو قسەتان لێ وەربگرین.

- دۆخی چی بسەلمێنی؟ بڵێ کە ڕاسپێردراوی.. ئەم مارپەلاسە ڕای سپاردوویت.

- وا دیارە تۆ زۆر بێ ئابڕوویت.. گوێ بگرە، من بۆ دواجار پێت دەڵێم.. با ئەم شەوت بەخێر بگەڕێت.

- هەڕەشەم لێ دەکەیت؟! من ئێستا بەتەلەفۆن قسان دەکەم و فێرت دەکەم شوێنت کوێیە.

- ئاوا؟! باشە بمبوورە..

ئەفسەرەکە ئاوا بەقینەوە بەرسڤی داوە، پاشان گوتی:

- کوڕی باش خۆت و سۆزانییەکەت وەرن بۆ پۆلیسخانە.

- من لە بەکارهێنانی ئەم قسە ناشرینانەت ئاگەدار دەکەمەوە، لە سەریان بەتوندی لێپرسینەوەت لەگەڵدا دەکرێت و مافی ئەوەت نییە دەستگیرمان بکەیت.

- پێت نیشان دەدەم مافی خۆمە یان نا.

ئەفسەرەکە وەرسووڕا و بەهەواڵگەیەنەکانی گوت:

- بیانبەن.

هەواڵگەیەنەکان چون چاوەڕێی وشەیەک بکەن، وەکو ئامـاژەیەکی سیحری هەڵیان کوتایە سەر زەکی و بوسەینە. زەکی بەرگریی کرد و دەیشیڕاند، هەڕەشەی دەکرد و ناڕەزایی دەردەبڕی، لێ ئەوان بەتوندی گرتبوویان، هەرچی بوسەینە بوو دەیقیژاند و دەیدا بەدەمـوچاوی خـۆیدا و لێیـان دەپاڕایەوە، هەواڵگەیەنەکانیش بەرەو دەرەوە بەکێشیان کرد.

لە سەرەتادا تەها هەستی بەدڵتەنگی دەکرد، هێندەی نەبرد بەتێپەڕبوونی ڕۆژگار کاتێک لەگەڵ سیستەمی توندوتۆڵی سەربازگەکەدا ڕاهات، ئەوەش نەما:

بەر لە گزنگ بێدار بوونەوە و نوێژی بەیانی و قورئان خوێندن و بەرچایی، دوایی سێ سەعات بێ وەستان مەشقی توندی جەستەیی "لەش ڕاهێنان و هونەری شەڕ"..

دوای ئەوە برایان کۆ دەبوونەوە تا وانەیان پێ بوترێتەوە "فیقه و تەفسیر و زانستی قورئان و فەرمووده"، وانەکان شێخ بیلال و زاناکانی تر دەیانگوتنەوە.

دوای نیوەڕوانیش تەرخان بوو بۆ ڕاهێنان لەسەر چەک، سواری پاسێک دەبوون «لەسەری نووسرابوو کۆمپانیای توڕڕە بۆ چیمەنتۆی میسری»، دەچوونە ناو شاخەکەوە و لەوێ مەشقیان لەسەر تەقەکردن و چۆنیەتی بۆمب دروستکردن و بەکارهێنانی دەکرد، ڕیتمی سەربازگەکە خێرا و نووزەبڕ بوو، بواری بیرکردنەوەی نەبوو، تەنانەت دوای نوێژی شێوان کاتی دەمەتەقێی شەو، قسەی نێوان براکان ئاسایی بۆ گفتوگۆی ئاینی دەگۆڕا، لە میانەیدا بەڵگەی شەرعی لەسەر ئەوەی ڕێژیمەکە کافرە و پێویستە دژی

بجــەنگن و لەناوی بـدەن دەکـرا، کــاتی نـووســتنیش بـڵاوەیان لـێ دەکــرد، ژندارەکــان دەچوونە خــانووی خــێــزاندارەکــان لە قــەدپاڵی شــاخــەکــە، زگورتییـەکانیش دەچوونە ئەو خانووە بچووکەی بۆیان تەرخـان کرابوو. تەنیا ئەو دەمـە، تەها شـازلی لـە تاریکیـیـەکـەدا لەسـەر جـێـیـەکـەی ڕادەکـشـا و بەمـێـشـکێکی سـافـەوە ڕووداوەکـانی ژیانـی دێنێـتـە بەرچـاو، وەک ئەوەی وزەیەکی ڕووناکی سـەرسـامکەر لـە پڕ لە یادەوەریدا بکرێتـەوە، بـوسـەینە سـەید دەبـینێ و تـاسـە ڕای دەمـاڵێت، تـاکـو وای لێ دێت، هەینێ کـاتە خۆشـەکـان بیـر خـۆی دێنێتـەوە بزەی دێتـێ، پاشـان تووڕەیی دای دەگـرێت کاتێک ڕوخساری دوایەمین جاری دێنێتـەوە بەرچاو بەسـووکایەتییـەوە پێی دەڵێت:

– تەها چیرۆکی ئێمە لێرەدا تەواو بوو، با هەر کەس ڕێی خۆی بگرێت.

لە ناکاو وەکو لێدانی یەک لە دوای یەک بـەتەپڵی سـەریدا یـادەوەرییەکانی گرتنەکەی بەسـەریدا دەبارێن:

تێـهـەڵدان و سـووکـایـەتی و هەسـتکردنی بـەلاوازیی خـۆی و شـەکـەتی و تێکشکاوی، دوای هەر جارێک کە دەستدرێژییـان دەکردە سـەر، دەگریا و لە سـەربازەکان دەپاڕایـەوە، تاکو ئەو دارە ئەسـتوورەی تێ نـەبڕن، نووزە پچڕ پچڕەکەی هەینێ فەرمانی بەسـەردا دەدەن و دەڵێت:

– من ژنم..

سـەرلەنوێ لێی دەدەنەوە و ناوی خـۆی لێ دەپرسنەوە، ئەویش بـەدەنگێکی خنکاوەوە چون لە سـەرەمەرگدا بێت، دەڵێت:

– فەوزیە.

ئیـتر ئەوانیش وەک ئەوەی تەمـاشـای فیلمێکی کۆمـیدی بکەن لە قـاقـای پێکەنینیان دەدا..

تەها گـشت ئەمـانەی بیـر دێتـەوە، بۆیـە توانای نووسـتن لەدەست دەدات،

بێدار دەبێ و قەتماغەی برینەکانی هەڵدەداتەوە، لە تاریکییەکەدا دەموچاوی کرژ دەبێتەوە و هەناسەشی توند دەبێت، چون ڕابکات هانکە هانک دەکات و ڕقێکی بێ ئەندازە توند دەیگرێتەوە، ئارام نابێتەوە تاکو دەنگی ئەفسەرەکان بەمێشکیدا دێنەوە، پۆلێنیان دەکا، جیایان دەکاتەوە و بەوریاییییەوە لە مێشکیدا هەڵیان دەگرێت، دوای ئەوە حەزێکی سووتێنەری وا دایدەگرێت، لە تاوا مووچڕک بەلەشیدا دێت، تاسەی تۆڵەسەندنەوە دەکات و دێنێتەوە بەرچاو خۆی چۆن سزای گشت ئەوانە دەدات، کە ئەشکەنجەیان دا و دەستدرێژییان کردە سەر.. تینوێتی بۆ تۆڵەسەندنەوە سەرتاپای داگرتبوو و هێز و گوڕێکی وای پێبەخشی، سەرکەوتنێکی بەرچاوی لە مەشقکردنەکانی سەربازگەکەدا بەدەست هێنا، سەرەڕای کەم تەمەنییەکەی لە شەڕی جەستەییدا بەسەر زۆرێک لەوانەی لە خۆی گەورەتر بوون زاڵ بوو، دوای چەند مانگێک لە تەقەکردن بەتفەنگی ئاسایی و نیوە ئۆتۆماتیکی و ئۆتۆماتیکی هونەری نواند، دەیتوانی زۆر بەئاسانی و لێهاتووییییەوە نارنجۆکی دەستی دروست بکات، بەرەوپێش چوونە خێراکەی سەرجەم برایانی تووشی سەراسیمەیی کرد، تا جارێکیان لە مەشقی نیشانشکێنیدا لە بیست تەقە یەکیان بەری نەکەوت، شێخ بیلال بەخەدێی خۆی، کە هەڵدەچوو زامەکەی بان برۆی پلی دەدا، لێی نزیک بووەوە و دەستی نایە سەر شانی و پێی گوت:

– خوا دەست بەباڵتەوە بگرێت تەها.. لە نیشان شکاندندا بوویتە مامۆستا.

– ئەی کەی ڕێگەی جیهادم پێ دەدەیت؟

تەها بەم شێوەیە بەبوێرییەوە وەڵامی داوە و ئەو پرسیارەی بەهەل زانی، کە ماوەیەک بوو لە ناخیدا گینگڵی دەدا، شێخ بیلال کەمێک بێدەنگ بوو، پاشان بە دۆستانەوە بەئاسپاییییەوە پێی گوت:

– پەلە مەکە کوڕی خۆم.. هەموو شت بەوادەی خۆی.

چون بیەوێت قسە لەو بارەیەوە ببڕێت یەکسەر لێی دا و ڕۆیشت، تەها بەو وەڵامە نارۆشنەی ئاسوودە نەبوو.. تینووی تۆڵەسەندنەوەکەی بوو، وای هەست دەکرد تەواو ئامادەیە بۆ چالاکیکردن، باشە بۆچی ئەم هەموو دواخستنە؟! ئەو لەو هاوەڵانەی کەمتر نییە، کە بۆ جیهاد دەردەچن و دوایی بەخۆ نازینەوە بەوەی کردوویانە دەگەڕێنەوە و لە براکانیانەوە دەستخۆشی و پیرۆزباییان لێ دەکرێت.

دوای ئەوە تەها زیاد لە جارێک چووە لای شێخ بیلال، تا کاری لێ بکات بینێرێت بۆ چالاکیکردن، کەچی ئەو بەوەڵامی پەنهان مۆڵەتی دەدایێ، هەتاکو لە دواجاردا تەها تووڕە بوو و بەتوندی هاواری کرد:

– بەم زووانە، بەم زووانە.. پێم ناڵێیت ئەم زووە کەنگێ دێت؟! ئەگەر بۆ جیهادکردن لێم ڕانابینیت بۆ پێم ناڵێیت، تاکو سەربازگەکە جێهێڵم؟

شێخ بیلال وەک ئەوەی کەفو کوڵی تەها دڵخۆشی کردبێت، زەردەخەنەکەی زیاتر دەمی پەل کردەوە، گوتی:

– پشت بەپەروەردگار ببەستە تەها، خوا یار بێت شتی خۆش دەبیستیت.

هەر بەڕاستیش وابوو.. هەفتەیەکی نەبرد هەندێک لە برایان پێیان ڕاگەیاند، کە شێخ بیلال داوای دەکات. هەر هێندەی لە نوێژی نیوەڕۆ بووەوە بەپرتاو خۆی بەنووسینگەکەی شێخدا کرد:

ژوورێکی تەنگ، مێزێکی شڕ و چەند کۆنە کورسی و حەسیرێک لە پەلکی دارخورما چنراوی تێدا بوو، شێخ لە سەری دانیشتبوو قورئانی دەخوێند، دوای چەند ساتێک هەستی بەتەها کرد بەتەنیشتیەوەیەتی، بەزەردەخەنەوە پێشوازیی لێ کرد و لە تەنیشت خۆیەوەی دانا.

– بۆ کارێکی گرینگ بەدوومدا ناردیت.

– لەژێر فەرمانتدام.

– فەرمان تەنیا بۆ پەروەردگارە.. گوێ بگرە گەورەم.. بڕیارمان دا ژنت بۆ بێنین.

شێخ لە هیکڕا وای گوت و پێکەنی، لێ تەها نەخەنییەوە.. ڕوخسارە گەنم ڕەنگەکەی تێک چوو و گوتی:

– تێناگەم.

– ژن دێنیت کوڕم.. لە مانای ژنهێنان ناگەیت؟!

ئا لێرەدا دەنگی تەها بڵند بووەوە:

– نا مەولانا تێناگەم.. تێناگەم، من لێت دەپاڕێمەوە بۆ جیهادم بنێریت تۆش باسی ژنهێنانم بۆ دەکەیت.. هاتووم بۆ ئێرە تا ژن بهێنم؟! من هەرگیز لەمە ناگەم مەگەر بتەوێت گاڵتەم پێ بکەیت.

بۆ یەکەمین جار لە تووڕەییاندا دەموچاوی شێخ هاتەوە یەک و شێڕاندی:

– تەها بۆت نییە بەم شێوەیە لەگەڵمدا بدوێیت، تکام وایە لە بانەڕۆژدا خۆت بگریت، چونکە دوایی لێت دەڕەنجێم.. تۆ دەخوازیت تۆڵە لە ئەوانە بسێنیتەوە، کە ستەمیان لێ کردوویت، منیش پێت دەڵێم:

تۆ تاقە کەس نیت لە ئاسایشی دەوڵەت ئازار و ئەشکەنجەیان داویت، بەهەزاران برایان ئەشکەنجە داوە.. بەخۆت دەبینیت، من ئەوە پاشماوەی ئەشکەنجەدانە بەڕوخسارمەوە، کەچی ئاوەز لە دەست نادەم و ڕۆژانە هاوار بەسەر شێخەکانمدا ناکەم.. وا دەزانیت من لە دەرچوون بۆ جیهادکردن ڕێت لێ دەگرم؟ ئیشەکە لە دەستی مندا نییە.. من مافی بڕیاردانی چالاکیم نییە، بەڵکو لە دوا ساتەکاندا ئینجا پێی دەزانم.. من ئەمیری سەربازگەم تەها نەک ئەمیری گشتی، تەنانەت ئەندامی ئەنجوومەنی شووڕای کۆمەڵیش نیم.. تکا دەکەم لەمە بگەیت، خۆت ئاسوودە بکەیت و ئارامی بەمنیش ببەخشیت.. من خاوەن بڕیار نیم، ئەوی لە دەستم بێت ئەوەیە ناوت بدەمە برایانی شووڕای کۆمەڵ، پێم لەسەر ئەمە داگرتووە و چەندین ڕاپۆرتم

لەســەر ئازایەتی و پێشکەوتنت لە مەشـقکردندا بەرز کـردووەتەوە، بەڵام هێشتا بڕیاری ناردنتیان نەداوە، بەخۆت دەبینیت گوناهی منی تێدا نییە.. هەرچەندە بەشــارەزاییی خــۆم وا بزانم بـەپشــتــیـوانیی خــوا بـەم زووانە دەتنێرن.

تەها بێدەنگ بوو و کەمێک سەری دانەواند، دوایی بەدەنگێکی کزەوە گوتی:

– مەولانا داوای لێبووردن لەو شێوە هەڵچوونەم دەکەم.. شێخ بیلال خوا بەخۆی دەزانێت چەندم خۆشدەوێیت و ڕێزت لێ دەگرم.

– دەی بەهەندی وەرمەگرە کوڕی خۆم.

شێخ بیلال بەم ئاوایە ورتەیەکی کرد و لە تەسبێحاتەکەی نەکەوت، تەها بەزمانێکی دۆستانەوە چون کاریگەریی مشتومڕەکە بسڕێتەوە، درێژەی پێ دا:

–... بەڵام بەڕاستی سەیرم بەپرسی ژنهێنانەکەدا دێت..

– ســەیرەکـەی لە کـوێدایە؟! ژنـهـێنان ســوننـەتێکە لە ســوننەتەکــانی پەروەردگـار بۆ ئێمـەی ئادەمیـزاد، خـوای مـەزن لە پێناو چاککردنی تاک و کۆمەڵگەی ئیسلامیدا دایناوە.. تۆ گەنجیت و پێویستی سروشتیت پێ هەیە، ژنهێنانەکەشت فەرمایشتی خوا و پێغەمبەرەکەیەتی، پەنا بەخوا لە بەرابەردا پاداشـتت دەدرێتـەوە.. مـسـتـەفـا دروودی خـوای لەسـەر بێت دەفەرمووێت "کێ لە ئێوە توانای هەیە با ژن بێنێت" هەروەها فـەرمانی پێ داوین درودی خوای لەسەر بێت، ئاسانکاری و پەلە لە ژنهێناندا بکەین، تا خراپەکاری لە موسڵمانان دوور بخەینەوە.. ئێمەش لێرەدا لەسەر ڕێبازی خوا و پێغەمبەرەکەی دەژێین و دەمرین و بەپەنای یەزدان هەنگاوێک چییە لێی لانادەین.. کەس لە خوا بەچاکتر دانانێم، من خوشکێکی بەخشندە و چاکەکارم بۆ هەڵبژاردوویت.

– ئافرەتێک بخوازم نایناسم؟!!

تەها بێ بیرکردنەوە ئاوا وەڵامی داوە. شێخ بیلال بزەی هاتێ و گوتی:

– پەنا بەخوا دەیناسیت.. ئەویش خوشکە ڕەزوە ئەبوعولایە، نموونەی باشترین ئافرەتی موسڵمانە، لە ئەسیوت شووی بەبرامان حەسەن نوورەدین کرد، هەینێ شەهیدبوونی بەدەست هێنا، خوا لێی ڕازی بێت، بەخۆی و کوڕە بچووکەکەیەوە پەنای بۆ هێناین، تاکو ژیانێکی ئیسلامییانە لەگەڵماندا بژێت.

تەها متەقی نەکرد، دوودڵی پێوە دیار بوو، شێخ درێژەی پێ دا:

– کوڕی خۆم، پەنا بەخوا هیچ شتێکت بەسەردا ناسەپێنم.. بەپێی شەرع بەخۆت ڕەزوە دەبینیت و قسەی لەگەڵدا دەکەیت، ئینجا بەئازادی بڕیاری خۆت دەدەیت، تکام وایە بەکتێبی ژنهێنان لە ئیسلامدا بچیتەوە، کە لە وانەکەدا بەسەرتاندا دابەشمان کرد.

کوڕی خۆم، ئەوەش باش بزانە خواستنی ژنە شەهید و چاودێریی کوڕە هەتیوەکەی پەنا بەخوا پاداشتت چەند قات دەکاتەوە.

***

دەوروبەری نیوەشەو، تەندروستیی کۆرپەکە خراپتر بوو و نیشاندەری شاشەکان لە بەشی چاودێری، پشێویی هەناسە و ترپەی دڵیان تۆمار دەکرد، گازی پزیشکیان کرد، بەپەلە هات و پێشنیازی کرد دەرزییەک لە خوێنهێنەری بدرێت، پەرستارەکە دەرزییەکەی لێ دا، کەمێک باشتر بوو، کەچی دوای کەمتر لە سەعاتێک سەرلەنوێ خراپتر بووەوە، ئیتر زۆری پێ نەچوو گیانی لەدەست دا.

پەرستارەکە لە پرمەی گریانی دا و بەچەرچەفەکە بان دەموچاوە بچووکەکەی دا، ئینجا لە ژوورەکە دەرچوو، هەدیە هەر هێندەی چاوی پێ کەوت فیزاحێکی وای کرد لە نەخۆشخانەکەدا دەنگی دایەوە، پاشان کەوتە

سەر زەوییەکە و سەری بەدەستەکانی داپۆشی و کەوتە لاڵانەوە، هەرچی عەبدە بوو ڕوخسارە ڕەشەکەی هاتەوە یەک و ددانەکانی لەسەر یەک توند کردن و جیرەیان دەهات، ئەو پاکەتە جگەرەیەی بەدەستییەوە بوو فلیقاندەوە و تووتنەکە وەک خۆڵ لەنێو قامکەکانیدا پرژ و بڵاو بووەوە، هەوڵێکی بێ پایانی دا تا نەگرییێت، وێڕای ئەوەش فرمێسکەکان لە چاویەوە دزەیان کرد، پاشان بەتەواوی خۆی دایە دەستەوە و بەدەنگی بەرز گریا.. سەرجەم ئەوانی لەوێ بوون گریان:

کرێکارانی پاککردنەوە و پەرستارەکان و کەسوکاری نەخۆشەکان، تەنانەت پزیشکەکەش چاویلکەکەی لە چاو کردەوە، تاکو ئەسرینەکانی بسڕێتەوە.

دەبوو عەبد ڕەبە و هەدیەی ژنی لاشەی کۆرپەکە لە یەخچاڵی نەخۆشخانەکەدا تا سبەینێ بپارێزن، تاکو کاتی ناشتنی دێت، ئەمەش دیمەنێکی پڕ لە ئازاری تر بوو، ئەو دەمی جەستە بچووکەکەی لە نێوان تەرمە گەورەکاندا دانا، کرێکارە پیرەکەی سەر یەخچاڵەکە (بەپێی ئیشەکەی لەسەر دیمەنی مەرگ ڕاهاتبوو) نەیتوانی دان بەخۆیدا بگرێت، بەدەنگێکی ورووژاوەوە دەینووزاند:

- "لا اله الا الله.. إنا لله وإنا إليه راجعون".

هەرچی دانیشتوانەکەی سەربانی باڵەخانەی یاقوبیان بوون هەینێ هەواڵەکەیان بیست، تا بەیانی نەنووستن، دەرگەی ژوورەکانیان خستنە سەر گازی پشت و چون لە چادری پرسەدا بن بەبێدەنگی چاوەڕێیان کرد و سەریان دانەواندبوو، هەندێکیشیان (ئەوانی نەواریان هەبوو) شریتی قورئانیان خستە سەر و هەموو دەنگەکەیان دابوویێ و لە سەرتاپای سەربانەکەدا دەنگی دەدایەوە..

بەر لە گزنگ بەماوەیەکی کەم عەبد ڕەبە و هەدیە لە سەربان بەدەر کەوتن،

ئازار و شەکەتی پرزەی لێ بڕیبوون، خەڵکی سەربانەکە پێکەوە بەرەو لایان چوون و سەرەخۆشییان لێ کردن، دیسانەوە خەمەکانیان نوێ بوونەوە، پیاوەکان دەستیان لە مل عەبدە کرد و دەستیان گووشی «گشتیان ئەو ڕووداوە بەڕاستی کاری تێ کردبوون، تەنانەت دڕندەترین و دوژمنانەترینیان، کە عەلی شوفێر بوو، بەخدێی خۆی بۆنی ئارەقی هەرزان لە دەمی دەهات، وەکو منداڵیکی ونبوو بەکوڵ دەگریا»، پیرە شازلیی دەرگەوانیش بەسمێڵە چەرمووەکەی و باڵا درێژە باریکەکەیەوە، هەر کە لە باوکە زامدارەکە نزیک بووەوە، تەوقەی لەگەڵدا کرد «دۆستایەتییەکی تایبەت لە نێوانیاندا هەبوو» عەبدە بەتوندی باوەشی پێدا کرد و دەموچاوی لە دیشداشە سپییەکەیدا ون کرد و بەشێوە زمانە سعێدییەکەیەوە دەیلاواندەوە:

– کوڕەکەم ڕۆیی خاڵە..

هەرچی ژنەکانیش بوون دەیانزانی چۆن گوزارشت لەو کۆستە بکەن:

شین و واوەیلێیان پەردەی ماتییەکەیان دەدڕاند، زۆریشیان هێند بەتوندی دەیانکێشا بەڕوومەتی خۆیاندا، دەکەوتنە سەر زەوییەکە، ئیتر پەیتا پەیتا گڕی خەمەکانیان دامرکایەوە، لە کاتی وادا زۆر ڕوو دەدات پیاوەکان زۆریان لە عەبدە کرد ژنەکەی بێنێ و کەمێک لە ماڵەکەیاندا بحەسێنەوە، چونکە سبەینێ کاری قورسیان لە بەردەمدا دەبێت، هەرچۆنێک بوو قایل بوون و چوونە ژوورەوە، گڵۆپەکە تا بەیانی نەکوژایەوە، چونکە خەو نەچووە چاویان، بەڵکو لە مشتومڕێکی تونددا بوون، تا بووە شەڕە قسەی توند و لە سەربان دەنگی دەدایەوە..

دەنگی هەدیە بڵند دەبووەوە و ڕق و قین و لێ ڕاستبوونەوەی لێ دەباری، کەچی دەنگی عەبدە پەیتا پەیتا نزم دەبووەوە، تاکو بەتەواوی بێدەنگ بوو.

بۆ ڕۆژی دوایی دوای ئەوەی کفن و دفن و پرسە تەواو بوو، خەڵکی

سەربان سەیریان هاتێ بارهەڵگرێکی گەورە بەو شەوە لە بەردەم دەرگەی باڵەخانەکە وێستاوە، پاشان عەبدەیان بینی لە گواستنەوەی کەلوپەلی ژوورەکەدا یارمەتیی کرێکارەکان دەدات، خەڵکەکە بەسەخڵەتییەوە پرسیاریان کرد، عەبدەش پێی ڕاگەیاندن دەگوازنەوە بۆ شوێنێکی تر لە ئومبابە.

ڕوخساری تەواو تێک چووبوو و لالووت بوو، بەشێوەیەک ڕێی سەیر پێدا هاتن، یان تەنانەت ڕێی بەگەرمی بەڕێکردنی گونجاویشی لێ گرتن.

– عەزام تۆ بەهەڵە دەستت پێ کرد.

– خوایە تۆبە.. کەمال بەگ من قسەی خۆم لە ئەستۆی خۆمە، لێ ئیشەکە پێویستی بەکاتە.

لە ریستۆرانتی شیراتۆندا دانیشتبوون، دۆخەکە بەرەو ئاڵۆزی دەڕۆیشت، عەزام قسەی لەسەر بابەتێکی تر دەکرد، کەمال فولی ڕەنگێکی هێنا و برد و بەتوندی گوتی:

– لەناو بابەتی تردا ونم مەکە.. من منداڵ نیم.. تۆ بەڵێنت پێ دام و پاشگەز بوویتەوە. من بەر لە سێ مانگ گرێبەستەکەم پێ دای، تاکو لەگەڵ کابرای گەورەدا ئیمزای بکەیت، کەچی تۆ خاوە خاو دەکەیت.

– کەمال بەگ جوان نییە دەڵێی خاوە خاو دەکەیت.. دەبێت ئەم بابەتە بەهاوبەشە ژاپۆنییەکەشم نیشان بدەم، منیش چاوەڕێی کاتی گونجاوم.

– ئێمە چیمان لە ژاپۆنییەکان داوە.. گرێبەستەکە لە نێوان تۆ و کابرای گەورەیە لەسەر ڕێژەی سوود و قازانج لە نێوانتاندا.

– گەورەم، دەبێت ژاپۆنییەکان گشت شتێک بزانن، ئەگەر شتێک لە دوایانەوە بکرێت دوور نییە بریکارییەکە هەڵوەشێننەوە.

کەمال قومێکی گەورەی لە نێرگەلەکە دا، پاشان ئاغزەکەی لەسەر مێزەکەی دانا و لە پڕ هەستا، کورەکەی و پاسەوانەکانی مێزەکەی تەنیشت لەگەڵیدا ڕاست بوونەوە، لەو دەمی خۆی ڕێک دەخست تاکو بڕوات، بەزمانێکی یەکلاکەرەوەوە گوتی:

– عەزام تۆ گەمە بەئاگر دەکەیت.. من سەیرم دێت، چونکە تۆ کابرایەکی

ژیریت.. دەبێت لەوە باش بگەیت ئەوی هێناتیە ناو ئەنجوومەنی گەلەوە، هەر بەخۆشی دەتوانێت وەدەرت بنێت.

– کەمال بەگ هەڕەشەم لێ دەکەیت؟!

– چۆنی تێ دەگەیت تێ بگە.

حاجی عەزام هەستا و دەستی بۆ شانی فولی درێژ کرد، تا باوەشی لێ بدات، گوتی:

– گەورەم تکا دەکەم گەورەی نەکەیتەوە.

– خوا حافیز.

فولی وەرسووڕا تاکو بڕوات، لێ حاجی عەزام قۆڵی گرت و پێی گوت:

– گەورەم قسە وەرگرتن و پێ دانە.. قەستەم بەخوا من لەسەر قسەی خۆمم.

فولی بەتووڕەییەوە قۆڵی ڕاپسکاند، کەچی عەزام لێی نزیک بووەوە و بەشێوە پاڕانەوەیەکەوە بەگوێیدا چرپاند:

– کەمال بەگ تکایە گوێم بۆ ڕادێرە.. من داوایەکم لات هەیە، تۆ و منیش ئاسوودە دەکات.

فولی بەچاوی پرسیار ئامێزەوە تەماشایەکی کرد، تووڕەییەکەشی ڕوخساری بەر نەدابوو، عەزام گوتی:

– دەمەوێت چاوم بەکابرای گەورە بکەوێت.

– کابرای گەورە چاوی بەکەس ناکەوێت.

– کەمال بەگ تکایە یارمەتیم بدە.. ئومێدم ئەوەیە چاوم بەجەنابیان بکەوێت و بەخۆم ڕەوشەکەی بۆ باس بکەم.. تو ئەو نان و نمەکەی لە نێوانماندایە داواکەم ڕەت مەکەوە.

فولی بەنیگایەکی قووڵی پرسیار ئامێزەوە چون بۆ دواجار تاقی بکاتەوە،

لەگەڵ ڕۆیشتندا گوتی:

– بابزانین.

***

هێند ئاسان نەبوو بۆ حاجی عەزام ئاوا بەسووک و سانایی دەستبەرداری چارەکێک لە بریکارییەکەی بێت، نەیشی دەتوانی بەڕوونی ڕەتی بکاتەوە، بڕوای وابوو مادامەکی ئەوان هیوایەکی کەمیش بێت بەویان هەیە، کە پێیانی دەدات بۆیە دژایەتی ناکەن. داوای دیدەنی کابرای گەورەی کرد و پێی لەسەر داگرت، یەکەم: تاکو سوود لە کات ببینێت.

دووەمیش هەستێکی پەنهانی سەد لە سەدی هەبوو، ئەگەر ڕوو بەڕوو لەگەڵیدا قسان بکات ئەوا قایلی دەکات، کە ڕێژەی قازانجەکەیان کەم بکاتەوە، دوا مەبەستی گرینگیشی ئەوە بوو:

هەر لە بناغەوە لە بوونی کابرای گەورە دڵنیا بێت.. باشە ڕێی تێ ناچێت بێ ئەوەی کابرای گەورە پێ بزانێت ئەم ناوی بەکار بهێنێت؟! هەڵبەت شیمانەیەکی لاوازە، لێ ڕێی تێ دەچێت..

کارەکە چەند هەفتەیەک و چەندان پێوەندیی تەلەفۆنیی برد، لەو ماوەیەدا عەزام زۆری لە فولی دەکرد چاوی بەکابرای گەورە بکەوێت، سەر لە بەیانیانێک زەنگی تەلەفۆنی نووسینگەکەی عەزام لێی دا و گوێی لە دەنگی ناسکی سکرتێرەکەی بوو، گوتی:

– حاجی عەزام، سڵاوت لێ بێت.. کەمال بەگ لەگەڵتاندایە.

دەنگی فولی بیست بەسەرپێییەوە گوتی:

– ڕۆژی پێنجشەم، سەعات دەی بەیانی گەورەمان دەبینیت. لە نووسینگەکەت ئامادەبە و ئۆتۆمبیلێکت بەدوادا دەنێرین.

***

دەولەت زۆر بەوردی پلانەکەی دارشتبوو و بەواسیدە و بەرتیل توانی

گشت ئەفسەرەکان بۆ خۆی ڕاکێشێت، بەوپەڕی ڕەقی و بێ شەرمییەوە مامەڵەیان لەگەڵ زەکی دسوقیدا دەکرد و ڕێی تەلەفۆنکردنیان لێ گرتبوو و بەگاڵتە پێکردنەوە پلاریان تێ دەگرت:

– خۆی لێم کردووە بەڤالەنتینۆ.

– کەواتە تۆ شێخ شرەیبیت.

– ڕەنگە مەکینەکە تێک چووبێت و بەدەست ئیشی کردبێت.

قاقا پێ دەکەنین و سینە و قورگ پاککردنەوەی بەدوادا دەهات و دەکۆخین، دەولەتیش بۆ خۆشکردنی کەشەکە و هاندان و دەستبەتاڵی لەگەڵیاندا دەخەنییەوە، زەکییش متەقی نەدەکرد، وەڵامی نەدەدانەوە، ئەو لەمپەرەی بەدەوری خۆیدا لێی دابوو هەرەسی هێنا و تەواو بوو، درکی بەوە کردبوو کە بەرهەڵستیکردنی لە بێ ڕەوشتییان زیاد دەکات، زۆری بەزەیی بەبوسەینەدا هاتەوە، کە کوڵی گریانی دانەدەمرکایەوە.

هەرچی ئەو ئەفسەرەش بوو کە دەستگیری کردن، بەپێکەنینەوە گوتی:

– ئێستا چی دەڵێیت خەواجە؟! زانیت کە خوا لەسەر هەقە؟!

زەکی بەدەنگێکی نزمەوە بەرپەرچی داوە:

– ڕەفتارەکانت نایاسایین، من سکاڵات لە دژ بەرز دەکەمەوە.

ئەفسەرەکە شیڕاندی:

– هێشتا فشە فش دەکەیت؟ بەڕاستی تۆ زماندرێژ و چەقەچناوەی.. کورە کابرا شەرمت بەخۆت بێت، تازە تۆ تەواو.. پێیەکت لە ژیان و پێیەکت لەسەر گۆڕە.. یەکێک لە تەمەنی تۆدا بێت دەبێ گۆشەنشینی مزگەوت بێت، نەک لەسەر سۆزانییەک بەڕووتی بتگرین، هێشتا ڕووت هەیە قسان بکەیت؟!

بوسەینە ویستی سۆز و بەزەیی لە ئەفسەرەکە بخوازێت، کەچی بەخەشم و قینەوە پێی گوت:

– وسبە هەی کچی قەحپە، ئەگینا ئێستا کێشەی ئابڕووچوونت لەسەر دەنووسم.

ئیتر بەتەواوی ڕادەستی بوون و وەڵامی پرسیارەکانی ئەفسەرەکەیان دایەوە، زەکی لە قسەکانیدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، سکاڵاکە هەڵبەستراوە، دەولەت لە نووسینگەکەیدا لەگەڵیدا نییە و بوونی بوسەینەشی لەگەڵیدا وا لێکدایەوە، کە کچی برادەرێکێتی و لەگەڵ خێزانەکەیدا دەمەقاڵەی بووە، ئەمیش لای خۆی هێشتوویەتییەوە تاکو پێکیان دێنێت. پاشان ئیمزای لەسەر کۆنووسەکە کرد، هەروەها بوسەینە و دەولەتیش "شکاتکار"، کە دوای ئەوەی سوپاسی ئەفسەرەکانی کرد و دڵنیا بوو، لێی دا ڕۆیشت.

زەکی بێدەنگیی هەڵبژارد و دوای ئەم هەموو سووکایەتییە کەوتە پاڕانەوە لە ئەفسەرەکە، تاکو بەهەر حاڵێک بوو بەنابەدڵییەوە ڕێی پێ دا تەلەفۆن بەکار بهێنێت، زەکی هاواری بۆ هاوەڵێکی برد، کە لە پێشدا ڕاوێژکار بووە.

ئەویش بەپەلە خۆی گەیاندە لای، لە کاتێکدا هێشتانەکینێ خەو بەری نەدابوو، چووە ژووری نووسینگەی سەرۆکی بنکەی پۆلیسەکەوە، کە زەکیی بانگ کرد و داوای دانیشتنی لێ کرد، مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی داوای فنجانێک قاوەی بۆ بکات و جگەرەشی داپێی «چونکە لەو هەرا و هوریایەدا پاکەتە جگەرەکەی لە نووسینگەکەی لە بیر کردبوو»، سەرۆکی بنکەکە سەرنجێکی دایێ و بەدەم زەردەخەنەوە بەهێمنییەوە پێی گوت:

– بێگومان.. لەسەر هەموو ئەو سووکایەتییەی لە لایەن هاوکارەکانمەوە پێت کراون، من داوای لێبووردن دەکەم، تۆ بەخۆت دەزانیت ڕووداوەکە ئاکارییە و بابەتێکی ئاڵۆزە، ئەفسەرەکانیش خەمخۆری داوونەریتن و سوپاس بۆ خوا گشتمان خواپەرستین.

زەکی زاری هەڵنەهێنا.. قومی لە جگەرەکەی دەدا و لە ئەفسەرەکە

ڕامابوو، ڕاوێژکارەکە گوتی:

– هیوادارم گەورەم ئیشەکە لە کۆڵ بکەینەوە و تۆش دەستەکانت خۆش بێت.

– داواکەی جەنابت فەرمانە، لێ مخابن کۆنووسەکە تۆمار کراوە و ژمارەی بۆ دانراوە، ناتوانین ڕەشی بکەینەوە، جەنابت مامۆستامانی و خۆت ئەو شتانە لە ئێمە باشتر دەزانیت، ئەوی پێمان بکرێت ئەوەیە دەتوانین لێگەڕێین خۆی و ئەو کیژە ئەمشەو بڕۆنەوە و سبەینێ بۆ چوون بۆ دادگە ئامادە بن، منیش بەخۆم پشت بەخوا قسە لەگەڵ جێگری دادوەردا دەکەم، تا لای خۆی بیهێڵێتەوە.

زەکی و بوسەینە ئیمزایان لەسەر بەڵێندانەکە کرد، کە ئامادەی دادگە بن. هەینێ لە بنکەکە دەرچوون زەکی بەسوپاسەوە دەستی ڕاوێژکارەکەی هاوەڵی گووشی، ئەویش پێی گوت:

– زەکی بەگ ئێمە براین سوپاسی یەککردن لە نێوانماندا نییە.. بیرم چوو پێتی بڵێم، وا دیارە دەولەتی خوشکت دەستی باش دەڕوات، هەموو ئەفسەرەکانی لە گیرفان ناون.. ئەگەر سەرۆکی بنکەکە بیویستایا دەیتوانی کۆنووسەکە لە پێشماندا بدڕێنێت.

زەکی بەخەمبارییەوە بزەی هاتێ، ڕاوێژکارەکەش دڵی دایەوە و گوتی:

– دەی گـوێی مـەدەرێ.. هەر هێندەی بەیانی ببـێـتـەوە پێـوەندیی بەبەڕێوەبەرایەتییەوە دەکەم و خوا کەریمە.

زەکی سەرلەنوێ سوپاسی کردەوە و لەگەڵ بوسەینەدا پێکەوە بەئاقاری باڵەخانەی یاقوبیاندا بەڕێ کەوتن.

تازە تیشکی ڕۆژەکە پەخش دەبووەوە و لە شەقامی سلێمان پاشای دەدا، جگە لە کرێکارانی شارەوانی، کە بەگیانی قورسەوە گسکیان دەدان، هەروەها ئەو هاموشۆکەرانەی بەهەر هۆیەکەوە بێت زوو لە ماڵ دەرچوونە،

یاخۆ لە شەوئاهەنگ دەگەڕێنەوە، کەسی تری تێدا نەبوو.

زەکی هەستی بەشەکەتییەکی بێ پایان و سەرەگێژە و دڵ هەڵشێوان کرد، نەهەڵچوو بوو و نەیش تووڕە بوو، تەنیا هەستی بەوە دەکرد گەدەی زۆری ئازار دەدات و مێشکی بەتاڵ بووەو و بیری پرژ و بڵاوە، پەیتا پەیتا هەستی دەکرد خەمی قورس لە شێوەی پەڵە هەوری کۆچەریی بەر لە زریان لێی نزیک دەبێتەوە، سەدان جار ئەو جوێن و سووکایەتییەی پێیان کردبوو بیر خۆی هێنانەوە، هەرگیز لە خۆی خۆش نابێت ئەگەر تێکشکا و ڕادەستیان بوو، خۆی بەراورد دەکات "تاکو بەرەقی ئازاری خۆی بدات" لە نێوان ئەو ڕێزەی بەدرێژاییی ژیانی پێی ئاشنا بوو لەگەڵ ئەو سووکایەتییەی لە بنکە پێیان کرد، وەکو گیرفانبڕ یان گەواد مامەڵەیان لەگەڵدا کرد، ئەوی بەڕاستی دڵی دەگووشێت ئەوەیە، کە بەتەواوی خۆی دایە دەستەوە، ئەگەر لێیشیان بدایا دەنگی نەدەکرد.. بۆچی سەری بۆ دانەواندن و خۆی کردە پەڕۆ کۆنەیەک بەدەستیانەوە؟! چۆن ئیرادە و ئابڕووی خۆی تا ئەم ڕادەیە لە دەست دا؟!

دەبوو تا کۆتایی بەرهەڵستییان بکات، چیش دەبوو با ببوایا، ئەگەر بەرەڤانی لە ئابڕووی خۆی و نامووسی بوسەینە نەکات، کە دەستیان بۆ هێنا، داخۆ ئێستا لەبارەی ئەمەوە چی دەڵێت؟ ئەی ئیتر چۆن چاو لە چاوی ببڕێت لە کاتێکدا بەوشەیەک چییە نەیتوانی بیپارێزێت، یاخۆ بەرگریی لێ بکات؟!

ئاوڕێکی لێ دایەوە، بەبێدەنگییەوە شانبەشانی ڕێی دەکرد، گوێی لە خۆی بوو لە پڕ بەدەنگێکی کزەوە دەڵێت:

– وەرە با لە ئەکسلسیۆر دوو تیکە نان بخۆین.. دڵنیام ئێستا زۆرت برسییە.

متەقی نەکرد، بەبێدەنگی بەرەو ڕیستۆرانتە گەورەکەی بەرابەر باڵەخانەی

یاقـوبیـان دوای کـەوت، کـە لەو کـاتە زووەدا جگە لـە چەند کـرێکارێک، کـە سـەرقاڵی شـوشـتنی ناوی بوون بەئـاو و تایت و بیـانییـەکی پیـر لەو سـەرەوە بەدەم قـاوە خـواردنەوەوە ڕۆژنـامـەیەکی فـرەنسـیی دەخـوێندەوە، کەسـی تری تێدا نەبوو.

لەسەر مـێزێک لە بەرابەر یەکتری بەتەنیـشت جامەکەوە لەو گۆشـەیەی دوو ڕیانەکەی شـەقامـی سلێمـان پاشـا و عـەدلیی لێوە دەبینرا، دانیـشتن. زەکی داوای دوو کوپ چایی کرد، بێدەنگییەکی ئازاربەخشی قورس دای گرتبوون، زەکی قومـێکی لە چایەکە دا و بەهێواشی چون ڕێگەی قسەکردن بـدۆزێتەوە گوتی:

– بوسـەینە.. تکایە خـۆت دڵتـەنگ مـەکـە.. مـرۆڤ لـە ژیانیـدا تووشی هەڵوێسـتی نەشیـاوی زۆر دەبێت، ئەگەر لەوێدا وەستـا ئەوا بەهەڵەدا چووە.. لە میـسـردا ئەفسـەرانی پۆلیس وەکو سـەگی هارن، بەداخـەوە لە سـۆنگەی یاسای فریاکەوتنەوە دەسەڵاتی زۆریان پێ دراوە.

ئەوی دەیگوت گەلێک بێ مانا و نەشـیاو بوو، بوسەینە سەری دانەواندبوو، کوپە چایەکەی هەر لە بەردەمدا بوو و دەستـی بۆ نەبردبوو. زەکی زانی زۆر خەمبارە، گوتی:

– تەنیـا دەمـەوێت ئـەوە بزانم دەولـەت چۆن کلیلی نووسـینگەکـەمی دەستکەوتووە؟! ئەو ئەم کارە گلاوەی کرد، تاکو دەسـەڵاتی بسەپێنێت، لێ لە ئێستاوە دۆڕاوە.. پارێزەرەکە دڵنیای کردمەوە دەولەت دۆڕاوە.

بەچەنـەبازی بەرهـەڵسـتـیی شـڵـەژانەکـەی دەکـرد، دەکـۆشـا هـەڵوێسـتـە ئازاراوییـەکـە بۆ قسـەی ئاسـایی بگۆڕێت.. شـیـمـانە و گـریمـانـە، ڕەنگە بەم شـێـوەیە بۆ دەرچوون لەو کـڵـۆڵـییـەی یـەخـەی گـرتوون سـەرکـەوتن بەدەست بهێنێت.

– پارێزەرەکـە مـەرجـە یاسـاییـیـەکـانی دەسـتـبـەسـەرداگرتنی بۆ ڕوون

کـردمـــەوە.. ئەوە بـابەتێـکی ئاڵۆزە و دادگـە ئاوا بـەئاسـانی بڕیـار نادات.. دەوڵەت چونکە نەزانە ئیشەکەی بەئاسان وەرگرتووە.

هەوڵەکانی بێ سـوود بوون و بوسـەینە زاری هەڵنەدەهێنا، مـتـەقی نەکرد، دەتگوت توانای بیستن و قسەکردنی لەدەست داوە. زەکی لێی نزیک بووەوە، بۆ یەکـەمین جـار لـەبەر ڕۆشنایـیـەکـە تێبـینیی ڕەنگ بزڕکانەکـەی و چاوە ئاوسـاوەکـانی و ئەو ڕووشـانانـەی کرد، کـە بـەڕوخسـار و ملیـەوە بوون لە ئەنجـامی ئەو بەرگـرییـەی دژ بەهەواڵگەیەنـەکان کـردبووی، زەکی بەسـۆز و بەزەیییەوە بزەی هاتێ و دەستی خستە نێو دەستییەوە و چرپاندی:

– بوسەینە ئەگەر منت خۆشدەوێت ئەم شتە پووچە لە بیر خۆت بەرەوە.

ناسکیـیـەکەی زەکی لـە سـەرووی بەرگـەی ئەوەوە بوو، چـون بەیەک دەست بەرکەوتن چیایەکی درز بردووی بەحاڵ پێکەوە نووساو هەرەس پێ بینێت..

دەستی بەگریان کردەوە و بەدەنگێکی نزمەوە گوتی:

– بەدرێژاییی تەمەنم لە هیچ شتێکدا بەختم یار نەبووە.

***

تەها بەئـامـادەبوونـی خوشکان چاوی بەڕەزوە کەوت، ڕوخـسـاری بینی و زۆریش لەگەڵیدا دوا، زانی سێ ساڵ لـە خۆی گەورەترە، ئەوەی گەلێک بەدڵ بوو، کـە زانیـارییـەکی قـووڵی لەبارەی ئاین لا کـۆ بـووبـووەوە و شـێـوازێکی نەرمـونیـانی لە قـسـەکردندا هـەبوو، لەبارەی خـۆی و چۆنیـەتیی کـوشـتـنی حەسەن نوورەدینی مێردی پێشوویەوە قسانی بۆ کرد.. گوتی:

– لە ڕۆژنامـەکاندا نووسـیـبـوویان تـەقـەی لە کـۆمـەڵێک ئەفسـەر کردووە و ئەوانیش بەنـاچاری کـوشـتـوویانـە، خـوا شـــایەدە ئەو شـــەوە تەقـــەیـەکی بەچەکەکەی نەکرد.. لە دەرگەیان دا، دەرگەکەی کردەوە دەستـڕێژێکیـان لێ کـــرد و دەمـــودەست خـــۆی و سێ لە برایان شـــەهیـــد بـوون.. لە خـــۆڕا کوشتیانیان، خۆ ئەگەر بیانویستایا دەیانتوانی بەزیندوویی بیانگرن.

غەم و پەژارە و سوێبوونەوە بەڕوخساری تەهاوە دیار بوون:

– ڕێنوێنیی تازە وابوو، تا بتوانن زۆرترین ژمارە لە ئیسلامییەکان بکوژن.. ناویان ناوە سیاسەتی گورجگبڕ.. ئەگەر ئەم ڕێژیمە کافرە بەم دڕندەییە لەگەڵ جوولەکەدا بجوولایەتەوە، ئەوا لە مێژ بوو قودس ڕزگار بووبوو.

ڕەزوە سەری دانەواند و بێدەنگییەکی قووڵ دایگرتن، پاشان چون بیەوێت بەڕاشکاوی چی لە ژیانیدا ڕووی داوە بگێڕێتەوە، تێ هەڵچووەوە:

– دوای شەهیدبوونی خوا لێ خۆشبوو، کەسوکارم ویستیان بەشووم بدەن، زانیم زاوای چاوەڕوانکراو ئەندازیارێکی دەوڵەمەندە، بەڵام لە نوێژکردن دوور کەوتووەتەوە، کەسوکارەکەم ویستیان قەناعەتم پێ بێنن، کە دوای گواستنەوەم پابەندی نوێژکردن دەبێت، کەچی من ڕازی نەبووم.. بۆم ڕوون کردنەوە ئەوی وازی لە نوێژکردن هێنابێت بەشەرع کافرە و نابێت ئافرەتی موسڵمان شووی پێ بکات، کەچی ئەوان بەتوندی گوشاریان خستە سەرم، تاکو ژیانم بەیەکجار بوو بەدۆزەخ، گرفتەکە لەوەدایە کەسوکارم پابەند نین، کەسانێکی باشن، لێ ئەفسووس تا نەهۆ لە نەزانیدا دەژین، من لە خۆم ترسام لە ئاینم هەڵبگەڕێننەوە، ویستم عەبدوڕەحمانی کوڕم لەژێر فەرمایشتی پەروەردگاردا پێ بگات، پێوەندیم بەشێخ بیلالەوە کرد و داوام لێ کرد، ڕێگەم بدات لە سەربازگەکەدا بژیم.

– ئەی کەسوکارت چییان کرد؟!

– یەکێکم بۆ لایان نارد، تا دڵیان پێمەوە نەبێت و وتم بەپەنای خواوەند بەم زووانە لە نزیکترین دەرفەتدا سەریان لێ دەدەم و لە یەزدانیش داواکارم ئەگەر خراپەیەکم لەگەڵدا کردبن لێم خۆشبن.

هەستی دەکرد، کە قسەکانی دەبیستێت ڕاستگۆییان تێدا دەبینێت، ئەو سیما جدییە دڵسۆزانەیەی بەڕووە جوانەکەیەوە دیار بوو، لە کاتێکدا وەکو

منداڵێکی کەتنکەر بەڕاستگۆیی دانی پێدا دەنا. هەروەها تێبینیی ئەوەشی کـردبوو، کـە جـەسـتـەی پڕ و ڕێکە و سـینگی توند و بەرز «دوای ئەوە سـەرزەنشتی خۆی کرد لەو بیرەی بەمێشکیدا هاتووە، لەوە پەشیمان بووەوە». ***

دوای چەند ڕۆژێک شێخ بیلال بۆ نووسینگەکەی بەدوویدا نارد، بەگەرمی تەوقـەی لەگەڵدا کرد، ئینجا تاوێک لێی ڕاما و زەردەخەنەیەکی واتادار بەڕوویەوە دەبینرا، چون دەسپێکی قسان بێت لە نێوانیاندا، بەدەنگێکی خنکاوەوە گوتی:

– ها.. ڕات چییە؟!

– لەبارەی چییەوە؟

شێخ بەدەنگی بڵند پێکەنی و گوتی:

– چییە شێخ تەها نازانیت؟!.. ڕەزوە؟!

تەها بێدەنگی هەڵبژارد و بەشەرمەوە بزەیەکی هاتێ، شێخ دەستی نایە سەر شانی و گوتی:

– پیرۆزە کوڕی خۆم.

هەر کە ڕۆژی پێنجشەممە لە نوێژی شێوان بوونەوە، برایان دەوریان لە تەها دا و پیرۆزباییان لێ کرد، لە ژوورەکەی ناویشەوە، کە بۆ ئافرەتان دانرابوو، دەنگی هەڵهەڵە بەرز بووەوە، خوشکان دوو ڕۆژ بوو سەرقاڵی ڕازاندنەوە و ئامادەکردنی بووکە بوون، دوای چارەکە سەعاتێک لە هەڵهەڵە و پیرۆزبایی شێخ بیلال دانیشت، تاکو مارەیان ببڕێت..

ڕەزوە بۆ مارە بڕینەکە برا ئەبو حەسەنی کردبووە وەکیلی خۆی «خزم و هاوشاریەتی لە ئەسیوت»، دوو برای تریش بوونە شایەد لەسەر مارە بڕینەکە، شێخ بیلال دەستی بەقسان کرد لەسەر ژنهێنان لە شەرعی خوادا، پاشان دەستی تەهای خستە ناو دەستی ئەبو حەمزە و داڕشتنی مارە

بڕینەکەی وت و ئەوانیش لە دوایەوە وتیانەوە، کە تەواو بوون شێخ ورتەیەکی لێوە هات:

– خوایە ئەم مارە بڕینەیان لێ پیرۆز بکەیت، ڕێگەی خواپەرستییان پێ نیشان بدەیت و وەچەی ساڵحیان پێ ببەخشیت.

ئینجا دەستی خستە بان سەر تەها و گوتی:

– خوا پیرۆزی بکات لێت و پیرۆزی بکات لەسەرت و لە خێردا خۆت و ژنەکەت کۆ بکاتەوە.

سەرجەم برایان هاتنە پێشێ، تاکو زاوا لە ئامێز بگرن و پیرۆزبایی لێ بکەن. دەنگی هەڵهەڵە بەرز بووەوە، خوشکان گۆرانییان دەچڕی و دەفیان لێ دەدان:

هاتین بۆ لاتان.. بۆ لاتان هاتین
سڵاوتان لێ بێ و
سڵاومان لێ بکەن
ئەگەر ئاڵتوونی سوور نەبووایا
شیوەکانتان ئاوەدان نەدەبوون
ئەگەر گەنمە ڕەشکوڵ نەبووایا
کچۆڵەکانتان گۆشتن نەدەبوون

تەها بۆ یەکەمین جار تەرزی زەماوەندی ئیسلامیی بینی، خۆشیی خوشکان و گۆرانی گوتنیان و شێلگیریی برایان لە پیرۆزباییکردنی کاریان تێ کرد.

خوشکان دەستی بووکەیان گرت و بەرەو ماڵە تازەکەیان برد:

تاقە ژوورێکی گەورە گەرماوێکی بچووکی لێ جیا کرابووەوە، لە خانووە گەورەکەی بۆ ژندارەکان تەرخان کرابوو، دابڕێنرابوو «کە لە بناغەدا لە

کاتی سویسرییەکاندا جێی کرێکارانی کانەکانی کۆمپانیای چیمەنتۆ بوو، بەچۆڵی و لە بیرکراوی مابوونەوە، تاکو هەندێک لەو ئیسلامیيانەی لە کۆمپانیاکە کاریان دەکرد گرتیان و کردیان بەسەربازگەی نهێنیی کۆمەڵ».

ئافرەتەکان ڕۆیشتن و بێدەنگی مزگەوتی گرتەوە. برایان لەگەڵ زاوادا دانیشتن و قسەی خۆشیان دەکرد و دەخەنینەوە. شێخ بیلال هەستا و گوتی:

– برایان فەرموون با بڕۆین.

تەها ویستی بیهێڵێتەوە، شێخ پێکەنی و گوتی:

– لە شەوی زەماوەنددا نابێ وزەت بەقسان بەفیڕۆ بدەیت.

ئیتر برایان ئەودەمی لە مزگەوت دەردەچوون پلار و لاقرتێی گاڵتە ئامێزیان بەسەردا باراند و خوا حافیزییان لە تەها کرد و ڕۆیشتن، تاق و تەنیا مایەوە، ترسێک دایگرت.. بەچەندین شێوەی جیا جیا شەوی پەردەی هێنایە بەرچاوی خۆی، پاشان ناوی خوای لێ هێنا و بڕیاری دا پەروەردگار چۆنی بڕیوەتەوە ئاوای بەڕێ بکات، هەرچەندە بیرۆکەی ئەوەی، کە هیچ ئەزموونێکی لەگەڵ ئافرەتدا نییە نیگەرانی کردبوو، کەچی ژنەکەی شارەزایی پێشتری هەبوو، بۆیە ڕەنگە ڕازیکردنی قورس بێت، شێخ بیلال چون مێشکی خوێندبێتەوە ڕۆژی پێشتر تەنیای کردەوە و لەبارەی ژنهێنان و مافی شەرعیی ژنەکەی بەسەریەوە قسەی بۆ کرد و ئەوەی دووپات کردەوە، موسڵمان نابێت لەوە دڵگران بێت، کە ژنی کونکراوی هێناوە، هەروەها نابێت شووی پێشووی ئافرەتی موسڵمان بەخاڵی لاواز دابنێت و پیاوە تازەکەی لە دژی بەکاری بهێنێت، بەگاڵتەپێکردنەوە گوتی:

– عەلمانییەکان بەکەللەڕەق و مێشک وشکمان تاوانبار دەکەن، کەچی خۆیان بەدەست گەلێک گرێی دەروونییەوە دەناڵێنن.. داخۆ ئەگەر یەکێکیان ژنێکی هێنا پێشتر شووی کردبێت، ئەوا یادی کابرای یەکەم لە مێشکیدا

بەردەوام بەدوایەوە دەبێت و دوور نییە چون لەسەر شووە حەڵاڵەکەی سزای دەدات، ڕەفتاری خراپیشی لە بەرابەردا بکات.. ئیسلام ئەم گرێ دەروونییانە نازانێت..

گشت ئەمانە نامەی ناڕاستەوخۆ بوون، تەها تێگەیی چۆن مامەڵە لەگەڵ ڕەزوەدا بکات، هەروەها شێخ لەگەڵیدا باسی ئەوەی کرد، کە لە نێوان ژن و پیاودا هەیە و ئایەتێکی لە سوورەتی "بەقەرە"ی بۆ هێنایەوە "ژنان و کێڵگەی خۆتانن: لە هەر کوێوە دەتانەوێ، بچنە کێڵگەی خۆتانەوە: تۆشەیەکیش وەپێش خۆ خەن." زیاتر لەسەر ڕوونکردنەوەی "تۆشەیەکیش وەپێش خۆ خەن" ڕۆیشت، کە لە میانەیدا پەروەردگار فێرمان دەکات چۆن بەشێوەیەکی ناسکی مرۆڤانە لەگەڵیاندا بێین. شێخ توانای قسەکردنی لەسەر بچووکترین وردەکاریی سێکسی بەشێوەیەکی جدی و بەڕێزەوە هەبوو، بەشێوەیەک ئابڕوو لەکەدار نەکات. تەها سوودی لە قسەکانی وەرگرت و گەلێک شت پەی پێ نەدەبردن، زانی و خۆشەویستیی بۆ ئەو زیاتر بوو و لە دڵی خۆیدا گوتی، ئەگەر باوکم لەگەڵمدا بووایا لەوە زیاتری بۆ نەدەکردم، کە شێخ بیلال بۆی کردم..

ئەوەتا سروتی زەماوەند تەواو بوو و برایان جێی دەهێڵن، تاکو ڕووبەڕووی ساتی یەکلایی کەرەوە ببێتەوە.. بەپەیژەکەدا سەرکەوت و لە دەرگەی دا، چووە ژووری بووکەوە، بینی لەسەر لێواری نوێنەکە دانیشتووە و سەرپۆشی لەسەر کردووەتەوە، قژە قەترانییە ئاوریشمییەکەی بەسەر شانیدا شۆڕ بووبووەوە، ڕەشیی پرچی لەگەڵ پێستە سپییە سوور هەڵگەڕاوەکەیدا تابلۆیی دڵگیر بوو، تەها بۆ یەکەمین جار تێبینیی ملە جوان و دەستە بچووک و قامکە ناسکەکانی کردن، دڵی بەتوندی لێی دا و کەوتە کۆکە کۆک، پاشان بەدەنگێکی شڵەژاوەوە گوتی:

– سەلامون عەلەیکوم.

ڕەزوە بزەی هاتێ و سەری دانەواند، لە کاتێکدا ڕوخساری سوورەوە بووبوو، بەناسکییەکەوە وەڵامی داوە:

– وە عەلەیکومە سەلام وە ڕەحمەتوڵاهی وە بەرەکاتوهو..

حاتەم ڕەشید بۆ ڕۆژی دوایی بەهەواڵەکەی زانی، تا شەودرەنگانێک مایەوە، تاکو چاپی یەکەمی ڕۆژنامەکە دەرچوو، نزیکەی سەعات چواری بەیانی بەجەستەیەکی شەکەت و ماندووەوە بۆ ماڵ گەڕایەوە، لە دڵی خۆیدا گوت:

– دەنووم و سبەی لە عەبدە دڵنیا دەبم.

درەنگ لە خەو ڕابوو، ئاوێکی بەخۆیدا کرد و جلەکانی لەبەر کردن و بەرەو نەخۆشخانە کە بەڕێ کەوت، لە بەردەمی باڵەخانەکە شازلیی دەرگەوانی بینی، بەسەرپاوە پێی گوت:

– عەبد ڕەبە کلیلی ژوورەکە و کوشکەکەی بۆ جێ هێشتوویت.

– چۆن؟!

حاتەم ئاوا بەسەرسامییەوە هاواری کرد. دەرکەوانەکەش هەواڵی مردنی کوڕەکەی و ئەوی ڕوویدابوو پێ ڕاگەیاند، حاتەم جگەرەیەکی گڕ دا و لە کاتێکدا دەیویست ورە بەر نەدات، پرسی:

– پێی نەگوتی بۆ کوێ دەڕوات؟

– گوتی لە ئومبابە دادەنیشێ و ناوونیشانە تازەکەی جێ نەهێڵا.

حاتەم گەڕایەوە و سەرکەوتە سەربانەکە، ناوونیشانە نوێیەکەی عەبدەی لە خەڵکەکە پرسی و بەرگەی نیگا ڕووهەڵماڵراو و وەڵامە شەڕانگێزەکانیانی گرت «زمانحاڵیان دەیگوت واز لە عەبدە بهێنە و ئەوی بەسەریدا هات بەسیەتی»، کەچی بەهیچ ئەنجامێک نەگەیشت، بۆ ئێوارێ، ماوەی دوو سەعات، ئۆتۆمبیلەکەی لە بەرابەر کۆشکە داخراوەکە ڕاگرت، بەڵکو ئەمە خوایە عەبدە شتێکی لە بیر کردبێت و بگەڕێتەوە بەکلیلەکەی تر بیکاتەوە،

سێ ڕۆژ بەدوای یەکدا بۆ کوشکەکە چوو، لێ عەبدە دەرنەکەوت و حاتەمیش بێ ئومێد نەبوو.

بێهوودە لە گشت شوێنان بەدوویدا دەگەڕا و کێش عەبدەی بناسیایا پرسیاری لێ دەکرد.

دوای هەفتەیەکی درێژ لە منەکردن، بۆی دەرکەوت عەبدە بۆ یەکجاری ڕۆیشتووە، شەپۆلێکی هار لە خەم و پەژارە ڕایماڵی، هەستی تژی لە ئازار دایگرت:

بەتاسەوە بوو بۆ عەبدە.. بوونە گەرمەکەی و جەستە بەهێزە توندوتۆڵ و دڵباشی و پاکی و دەنگە گڕ و شێوە قسەکردنە سعێدییەکەی، هەروەها بەزەیی پێدا دەهاتەوە، چونکە دەیزانی چەند کۆرپەکەی خۆشدەویست و چەندێک بەمردنەکەی خەم دەخوات، هەستی بەپەشیمانی کرد، چونکە ئەو ڕۆژە لە نەخۆشخانە جێی هێشت و بۆ ڕۆژنامەکە چوو، بەخۆی گوت: دەمتوانی کارەکە دوا بخەم و لەو سەخڵەتییە لەگەڵیدا بمێنمەوە.. پێویستی بەمن بوو بەتەنیشتییەوە بم، لێ لە شەرماندا ئەو داوایەی لێ نەکردم.

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ شەیدایی حاتەم زیاتر بوو و ئەو هەستە دایگرت، کە زۆر بەدبەختە:

سالانێکی زۆری لە کلۆڵی و کۆژاندا بردەسەر، تاکو هاوەڵێکی نەرمونیان و پڕ لە هەستی بێ گرفت پەیدا بکات، هەر هێندەی ژیانی ئارامیی بەخۆوە بینی، کۆرپەکە دەمرێ و عەبد ڕەبە گوم دەبێت، تا سەرلەنوێ حاتەم گەشتە وێڵەکەی دەست پێ بکاتەوە.. دەبێ شەوان بەشەقامەکاندا بسووڕێتەوە، تاکو سەربازێک لە ئاسایشی نێوەند دەدۆزێتەوە، دوور نییە دز، یاخۆ تاوانکارێک بێت دارکاری بکات، یان دزی لێ بکات وەک چۆن لە پێشدا زۆر ڕووی داوە، جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ باڕی چینۆ، تاکو بەدوای بورغەلدا بگەڕێت، هەروەها بۆ گەرماوی جەبەلاوی لە حوسێن تا مێردمنداڵێکی

هەرزەکار پەیدا بکات شاوەتی خۆی پێ دابمرکێنێتەوە و بەرگەی بازاڕی و چاوچنۆکییەکەی بگرێت.

بۆ دوای ئەوەی عەبد ڕەبەی خۆشویست و لێی دڵنیا بوو و نەخشەی بۆ ژیانی هەردووکیان کێشا، لێی ون بوو؟.. هێند زەحمەت بوو تا ماوەیەکی درێژ خۆشی لە دۆستەکەی ببینێت؟! ئەگەر بڕوای بەخوا هەیە دەبوو مەزەندەی ئەوەی بکردایا ئەمە سزایەکی یەزدانییە بۆ سەر هەتیوبازان، وەلێ بەلای کەمەوە دە دوودەکی دەناسێت، لەگەڵ دۆستەکانیاندا ژیانێکی خاترجەم و ئارام دەگوزەرێنن، باشە بۆ بەتایبەت ئەو عەبدەی لە کیس دەچێت.

پەیتا پەیتا دۆخی دەروونیی بەرەو خراپی دەڕۆیشت، حەزی خواردنی لە دەست دا، بەردەوام دەیخواردەوە و ماڵی جێ نەدەهێشت، بۆ کاری زۆر پێویست نەبوایا بۆ ڕۆژنامەکە نەدەچوو، زوو جێبەجێی دەکرد و خێرا بەرەو ماڵ دەگەڕایەوە، چونکە لەوێ بێدەنگی و خەم و یادەوەرییەکانی بەسەر دەکردنەوە.. ئا لێرەوکانە عەبدە دادەنیشت، لێرەش نانی دەخوارد و ئا ئەلێرەش جگەرەکانی دەکوژاندنەوە و لێرەش.. لێرە بەتەنیشتییەوە ڕادەکشا، حاتەم دەستی بەجەستە ڕەشەکەیدا دەهێنا و گشت شوێنێکی ڕادەمووسی و لە کاتی کڵپەی شاوەتدا بەنووزەوە دەیچرپاند:

– تۆ تەنیا موڵکی منی عەبدە.. تۆ ئەسپە ڕەشە کەحێلەکەمی.

حاتەم چەندین شەوی بەکاوێژکردنی یادەوەرییەکانەوە بەسەر برد، خولەک بەخولەکی پێوەندییەکەی لەگەڵ عەبدەدا بەمێشکدا هات، شەوێکیان لە نێوان پەڵە هەوری بەدمەستی و بێ ئومێدیدا بیرۆکەیەکی بەمێشکدا هات و برووسکەئاسا شەوقی دایەوە، ڕستەیەکی بیر هاتەوە، کە جارێکیان عەبدە بەشۆخییەوە گوتی:

– سعێدی هەرگیز دەستبەرداری سعێدییەکان نابێت... بزانە من بۆ هەر

کوێیەک بڕۆم دەبێ پرسیاری قاوەخانەی سعێدییەکان بکەم و لێی دانیشم.

حاتەم تێبینیی ئەوەی کرد و بەشۆڕ و شەوقەوە تەماشای کاتژمێرەکەی کرد، لە یەکی دوا نیوەڕۆی تێپەڕاندبوو، بەپەلە جلەکانی لەبەر کردن و دوای نیو سەعات لە ئومبابە لە هامۆشۆکەران پرسیاری قاوەخانەی سعێدییەکانی دەکرد، دوای نیو سەعاتی تر دۆزییەوە.. لەو ماوە کورتەی لە ئۆتۆمبیلەکەیەوە بۆ بەردەم قاوەخانەکەی بڕی، ئارەقە بەدەموچاویدا تک تک دەهاتە خوارێ، توندیی دڵەکوتێکەی خەریکبوو دڵی لە لێدان بخات.

قاوەخانەکە تەنگ و پیس و پۆخڵ بوو، حاتەم بەپرتاو خۆی بەژووردا کرد و بەحەسرەتەوە لەملا و لەولای دەڕوانی «دوای ئەوە بیری لە پێوەندیی نێوان حەزە سەرشێتانەکانمان بۆ شتێک و توانای بەدیهاتنی دەکردەوە، داخۆ ئەگەر بەتوندی شتێکمان ویست و ئارەزوومان کرد دیتە دی؟!»، خۆزگەی دەخواست عەبدە بدۆزێتەوە، هەر بەڕاستییش دۆزییەوە، بینی لەوسەری قاوەخانەکەوە دانیشتووە نێرگەلە دەکێشێت، دیشداشەیەکی پانوپۆڕی مەیلەو ڕەشی لەبەرکردبوو و مێزەرە زلە سعێدییەکەیشی بەستبوو، لەو کاتەدا چوارشانە و شکۆدار دەهاتە بەرچاو، دەتگوت دێوێکی ڕەشتاڵەی ئەفسووناوییە و لە خەیاڵ دروست بووە، هەروەها وا دیاربوو بەخۆیدا چووبێتەوە، گەڕابێتەوە بۆ بنەچە و ڕەگی خۆی، چون لەگەڵ تووڕهەڵدانی جلە بیانییەکانی، گشت مێژووە ڕیزپەڕە سەخت و گرانەکەیشی لەگەڵ حاتەم ڕەشیدا، کە لە بەرابەریدا بۆ ساتێک بەبێدەنگی وەستابوو، دابماڵێت. بەچاوی پرسیارئامێزەوە چون دڵنیا ببێتەوە، تۆماری بکات و بوونی بگرێت نەک سەرلەنوێ ون بێتەوە، لێی ڕامابوو. هێندەی نەبرد بەرەو لای تاوی دا و بەهانکە هانکەوە بەشێوەیەک هاواری کرد، ئەوانی لەوێ دانیشتبوون خڕ ئاوڕیان لێ دایەوە:

– عەبدە.. ئاخریەکەی..

شەوی یەکەم وەک ئەوەی چەندین ساڵ بێت ژنی بێت، بەئاسانی و سەرپێیی پێک گەیشتن، گوڵەکە لەنێو پەنجەکانیدا کرایەوە و چەندین جار ئاوی دا تا تێر ئاو بوو، سەیری پێدا هات و لەودەمی وردەکارییەکانی زەماوەندەکەی بیر خۆی دێنایەوە لە خۆی پرسی:

چۆن ئاوا بەئاسانی لەگەڵ ڕەزوەدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا، لە کاتێکدا پێشتر دەستی بەر دەستی ئافرەتێک نەکەوتبێ؟! ئەی ئەو ترس و دڵەڕاوکێیەی لە نوشوستی هێنان بۆ کوێ ڕۆیی؟! ڕەنگە لە لایەنی دەروونییەوە دڵی بەڕەزوە کرابێتەوە، یاخۆ مۆچیارییەکانی شێخ بیلالی پێڕەو کردبێت، یانیش ژنەکەی بەلێزانیی خۆی هانی دابێت، هەموو نهێنییەکانی پێ وتبێت و بەلێهاتوویی و قسەی خۆش، بێ ئەوەی وەک ئافرەتێکی موسڵمان شەرمە سروشتییەکەی لەدەست دابێت..

تەها بیری لە گشت ئەمانە کردەوە و گەیشتە ئەو بڕوایەی خواستنی ئەم ئافرەتە نیعمەتێکی گەورەیە، خوای مەزن پێی بەخشیوە، چونکە ژنێکی بەڕەوشت و دەستپاک و موسڵمانێکی ڕاستەقینەیە، خۆشیویست و ژیانی لەگەڵیدا سەقامگیر بوو و سیستمە ڕۆژانەکەی بەدڵ بوو:

بەیانیان جێی دەهێڵێت و ڕۆژەکە لە سەربازگەکە بەسەردەبات، پاشان لە دوای نوێژی خەوتنان دەگەڕێتەوە، دەبینێت ژوورەکە پاک و خاوێن و ڕێکخراوە و خواردنی گەرم و بەتام ئامادە کراوە، چەندێک حەز بەدانیشتن لەگەڵیدا لەسەر تەپڵە دەکات، تاکو پێکەوە نانی شێوان بخۆن:

ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژەی بۆ دەگێڕێتەوە و ئەویش لەگەڵ خوشکاندا قسەی چییان کردووە بۆی دەگێڕێتەوە، لەگەڵ کورتەی ئەوەی لە ڕۆژنامەکاندا

خوێندبوویەوە «چونکە تەها کاتی ڕۆژنامە خوێندنەوەی نەبوو» ئیتر بەقسە خۆش و لاسارییەکانی عەبدورەحمانی گچکە پێ دەکەنن، کە هەرگیز دواییان نایەت، مەگەر ئەو کاتی لە ناکاو بکەوێتە باوەشی خەوەنووچکێوە.. ئیتر ڕەزوە هەڵی دەگرێ و دەیخاتە سەر جێیەکەی، کە لەسەر زەوییەکە بۆی ڕاخستووە، ئینجا دەگەڕێتەوە خواردنەکە خڕ دەکاتەوە و قاپەکان دەشوات، دوای ئەوە دەچێتە گەرماوەوە و ئاوێک بەخۆیدا دەکات، تەهاش دەچێتە سەر قەرەوێڵە کۆنەکە، لەسەر پشت ڕادەکشێ و چاوەڕێی دەکات، لە میچی ژوورەکە ڕادەمێنێ و دڵی بۆ ئەو شەیداییە پڕ لە شڵەژانە بەتامە لێ دەدات، کە حەزی پێ دەکرد و شەوانە چاوەڕوانی ڕوودانی دەکرد، تامەزرۆیی بێ پایانی بۆی، جەستە نازدارە بووژاوەکەی دوای ئاوی گەرم بەخۆداکردنی، جگە لە پەشتەماڵێکی گەورە، کە لەو دەمی لە گەرماو دەردەچوو لە خۆی دەپێچا تەواو ڕووت بوو، ئەو ساتە قورسە تژی لە ئاڵۆزییە تێکەڵ بەحەزەی لە نێوانیاندا بوو، ڕەزوە پشتی لێ کرد و لەبەر ئاوێنەکە کەوتە ڕێکخستنی خۆی، ئەو ڕستە شلۆقە خاڵی لە مانایانەی بەهەناسەبڕکێوە بەدەنگی نزم دەری دەبڕین، چون کامی کامی پێ بکات، وای نیشان دەدا قسە لە بابەتێکدا دەکات، ئەویش لە ئاماژەکەی دەگەیشت و پڕی پێدا دەکرد، قەد و باڵابەرزە نەرم و شلەکەی لە ئامێز دەگرت و بەماچ و هەناسە گەرمەکانی ختووکەی دەدا، تا شیرنییەکەی سەری دەکرد و لە باوەشی ڕەزوەدا هەستەکانی خاڵی دەکردنەوە:

خەم و یادەوەری و خەونە بەدی نەهاتووەکانی و حەزی تۆڵەسەندنەوەی، کە هەرگیز دانەدەمرکایەوە و ڕقی دڕندانەی بۆ گیان ئەشکەنجەدەرانی، تەنانەت ئەو تاسە سێکسییە گڕگرتووە پەنهانەی زۆرجاران لە ژوورەکەی لە سەربان دای دەگرت و ئازاری دەدا، لە جەستەی ڕەزوەدا بەتاڵی دەکردەوە، بەمە ئازاد دەبوو و دەحەسایەوە و ئاگرەکەی ناخی دادەمرکایەوە، تاکو خۆشەویستییەکی ئارام و سەقامگیری وا جێ بهێڵێت، شەوانە جێگیرتر بێت.

دوای خۆشەویستی کردن بەمنەتبارییەکی ڕاستگۆیانەوە لێی ڕادەمێنێت و دەست و ڕوخسار و تاڵ تاڵی قژی ڕادەمووسێت، ئیتر بووە پسپۆڕ لە وردەکاری و کونج و کەلەبەرەکانی گیانیدا و لە زمانی گەیشت، تاکو خۆشەویستییەکەیان چەندین سەعات درێژەی دەکێشا و لە میانەیدا دەموچاوی ڕەزوە چەند جارێک مەست دەبوو و دەدرەوشایەوە، چەند مانگێک بەسەر ئەو ژیانە نوێیەیدا تێپەڕین، خۆشی و بەختەوەریی نۆشی.

شەوێکیان دوور لە خدێی خۆی لەناو جێدا شڵەژا و هیچی پێ نەکرا.. بێدەنگی دایگرتن، لە هیکرا ڕاستەپێ هەستا و چارپایەکەی ژێریان لەرییەوە، تاوی دا و چراکەی پێ کرد، ئەویش جلەکانی خڕ کردنەوە، تاکو جەستە ڕووتەکەی داپۆشێت، بەنیگەرانییەوە لێی پرسی:

– هیچ بووە؟!

متەقی نەکرد و بەهێوری لەسەر قەنەفەکە دانیشت، پاشان بەئاسپایی داچەمییەوە و سەری خستە نێوان هەردوو دەستییەوە و چون شتێک ئازاری بدات دەموچاوی کرژ بووەوە، ئەویش خۆی گەیاندێ و ئارامی لەبەر بڕا:

– تەها چیتە؟!

ڕەنگە بەداخ خواردنە ڕاستگۆییەکەی ڕەزوە کاریگەر بووبێت، وەڕس بوو و بەتوندی هەناسەی دایەوە، دوایی بەخۆ پاراستن لە نیگای چاوەکانی ڕەزوە، گوتی:

– تکایە ڕەزوە بەهەڵە لێم تێ مەگە.. بێگومان من دڵخۆشم بەوەی تۆم خواستووە و هەزار جار سوپاسی پەروەردگار دەکەم، چونکە ژنێکی باشی وەک تۆی پێ بەخشیوم.. وەلێ من لە پێناوی ژنهێناندا پێوەندیم بەم سەربازگەیەوە نەکردووە.. من لەگەڵ شێخ شاکردا بەئامانجێکی دیارکراوەوە هاتم.. جیهاد لە ڕێگەی خوادا.. وا ساڵێکە من لێرەم. هەموو جۆرە مەشقێکم تەواو کردووە، کەچی تاکو ئێستا هیچ چالاکییەکیان پێ

نەسپاردووم.. من دەترسم بەتێپەڕبوونی کات بڕوام لاواز بێت.

بەدەنگێکی کزی خەمبارانەوە قسانی دەکرد، پاشان دەستی بەقاچیدا کێشا و بەداخ و کەسەرەوە شیڕاندی:

– ئەگەر شتەکە ژنهێنان بوایا ئەوا لە هەر شوێنێکدا دەمخواستی لە سەربازگەکە نەبێت.. ڕۆژانە سەد جار لە خۆم دەپرسم من بۆچی لێرەم.. ڕەزوە بۆ؟! من دڵنیام شێخ بیلال تۆی بۆ خواستم، تاکو لە جیهادم دوور بخاتەوە.

ڕەزوە وەکو دایکێکی تێگەیشتوو و دانا بزەی هاتێ، دەستی لە ملی کرد و بەدەنگێکی پڕ لە میهرەوە گوتی:

– پشت بەخوا ببەستە و ئەم بیرۆکانە لە مێشکت دەربکە، چونکە ئەوانە گومان و دوودڵیی شەیتانن.. شێخ بیلال پیاوێکی ڕاستگۆیە و هەرگیز درۆ ناکات، خۆ ئەگەر بزانێت شایان بەجیهاد نیت ئەوا لە سەربازگەت وەدەر دەنێت.. هەروەها ئافرەتێکی بەدڕەوشتی بۆ نەخواستوویت، تا لە ئاینت دوور بخاتەوە «لێرەدا شێوە گلەییکردنێک لە دەنگیدا بەدی دەکرا». تەها من شووم پێ کردیت تا ببمە یەکەمین کەس هانی جیهادکردنت بدات و ئەگەر شەهید بوویت یەکەمین کەس بم شانازیت پێوە بکات، لە پەروەردگار دەخوازم لەگەڵتدا پێمی ڕەوا ببینێت. وەلێ من بەشارەزایی خۆم لەگەڵ کۆچکردووی شەهیددا دەزانم چالاکییە سەربازییەکان سەیران، یاخۆ گەمە نین، بەڵکو حیسابی وردیان بۆ دەکرێت جگە لە برایانی شوورای کۆمەڵ، کەس پێیان نازانێت.

تەها زاری هەڵهێنا تاکو ناڕەزایی دەربڕێت، کەچی ئەو گورج و بەنەرمی دەستی نایە سەر دەمی، وەک ئەوەی ڕێی قسەکردنی لێ بگرێت، ئینجا بەگوێیدا چرپاند:

– ئارامت بێ تەها.. ئارامت بێ. خوا لەگەڵ ئارامگراندایە.

***

سـەعـات دەی سـەرلەبـەیانیی ڕۆژی پێنجـشـەمـە، ئۆتۆمـبـیلێکی جـۆری مـارسـیدسی ڕەش لە بەرابەر باڵەخـانـەی یاقـوبیـاندا وەسـتـا و پیـاوێکی چل سـاڵانی جـوانبـەرگ و کەشـخـەی لێ دابەزی، پرسـیـاری کرد تا گەیـاندیانە نووسینگەی حاجی عەزام، سڵاوی لێ کرد و بەخۆپەسندییەکەوە گوتی:

– جەمال بەرەکات.. لە سکرتارییەتی پاشاوە.

حـاجی عـەزام لە ئۆتۆمـبیلـەکەدا بەتەنیـشـتـییـەوە سـوار بـوو، بەدرێژاییی ڕێگە جگە لـە چەند وشـەیەک بۆ ڕووپامـایی "مـجـامله" ئـیـتـر هیـچـیـان نەوت، عـەزام ڕێگـەکـەی بەتەسـبـێـحـات و نزا خـوێندن بردە سـەر، دەیزانـی کـابرای گەورە لە مـەریوتییـە دەژێت، لێ هـەرگیز ئەوەی بەمـێشکدا نەدەهات مـاڵەکەی بەم شێوەیەیە:

کـۆشکێکی گـەورەی وا ئـەو کـۆشکە پاشـاییـیـانەی بیـر هـێنایەوە، کـە بەمنداڵـی بینیبـووی لەسـەر بـەرزاییـیـەک بوو، لە قـەڵایەکی سـەختـی دەکرد بەلای کەمەوە سـەد دۆنم سەوزایی بەدەورەوە بوو. ئۆتۆمبیلەکە ماوەی نێوان دەروازەی دەرەوە و دەرگای کۆشکی بەنیـو سەعات بڕی، بەڕێگەیەکی درێژدا بەنێـو باخـچـە و دار و درەخـتدا تێپـەڕین، لە بەردەم سـێ بازگـەدا وەسـتـان تا پیاوانی ئاسـایش بیپشـکنن، کەسـانی تێکسـمڕاو و کەتە قاتیان لەبەردا بوو و بۆینبـاخی یەک ڕەنگیان لە ملدا بوون و دەمـانچـەی گـەورە بەپشـتـێنەکانیـاندا شـۆڕ بووبووەوە، ئامـێری ئەلیکتـرۆنیی لە شـێـوەی داریان بەدەسـتـەوە بوون، زیکـەیەکی دەردەکـرد، بەوردی ئـۆتـۆمـبـیلەکـانیـان دەپشکنـی و دوای ئەوە سـەیری ناسنامـەکەی حـاجیـیـان کـرد و زانیـارییـەکـانیان لـەگەڵ ئەو کـارتەدا بەراورد کرد، کـە سکرتێر پێی دابـوون، سێ جـار ئەمـەیان لەگەڵیدا ئەنجـام دا، ئەمەش حـاجی عەزامی تەنگاو کرد، خـەریکبوو لە دواجـاریاندا ڕێیان پێ نەدات، لێ لە دڵی خۆیدا هێشتییەوە و نقەی نەکرد، سـەرەنجـام ئۆتۆمبیلەکە بەڕاڕەوێکی پانی پێچـاوپێچـدا سـەرکەوت، تا گـەیشـتـە بەر دەرگەی کۆشک.

لەوێش بەهەمـان شـێوە بەوردی ڕێوشـوێنـی توندوتۆڵیـان لەگەڵدا گرتە بەر، ئەمجاریان جانتاکەی حاجی عـەزامیان کردەوە و پشکنییـان، ئینجا داوایان لێ کـرد دەرگـە ئەلیکتـرۆنیـیـەکـە ببـڕێت.. دەمـوچاوی تورش هەڵگەڕابوو، سکرتێر لێی نزیک بووەوە و بەبێ شەرمییەوە گوتی:

– ڕێوشوێنی ئەمنی پێویستە.

پاشان داوای لێ کرد لە هۆڵەکەدا چاوەڕوان بێت، خـۆی ڕۆیشت و حاجی عەزامیش لە چاوەڕوانیدا مایەوە، لەو ماوەیەدا لە دینگە خرە مـەڕمەڕی و لە نەقش و نیگارە فارسییەکانی سەر قاڵییە گرانبەهاکان و ئاوێزە کریستاڵییە زەبەلاحـەکانی لە مـیچـە بڵندەکەوە شـۆڕ بووبوونەوە ڕامـابـوو، پەیتـا پەیتـا هەسـتـی بەدڵتـەنگی و سـووکـایەتـی کـرد، لەوەی بەئەنقـەست دەیانـەوێت بەهێـشـتنەوەی لە چاوەڕوانیـدا و گـرتنـە بەری ڕێوشـوێنی توندوتۆڵی پڕ لە زێدەڕۆیی لـە بـەرابـەریدا، ســـووک و ڕیســـوای بکـەن "ئەوان لـەو کــــاتـی سووکایەتیم پێ دەکەن لە هەمان کاتیشدا پارە و سامانەکەم بەتاڵان دەبەن.. دەخـوازن بێنە سـەر حـازری و چارەکـی سـوود و قـازانجـەکە ببـەن، ئینجـاش وشـەی سوپاس لە زاریان دەرناچێت.. هەرچی و پەرچییە بێ ئابڕووانە".

عــەزام خــەشـم و قین دای گــرتبــوو، بێــزاری بەڕوویـەوە دەبینـرا و وای بەمێشکدا هات خۆی لەم چاوپێکەتنە بدزێتـەوە، خۆزگەی دەخواست ئێستا هەڵسێت داوای سکرتێر بکات و پێی ڕابگەیەنێت کە دەڕوات، چیش دەبێت با ببـێت، لێ لە ناخی خـۆیدا دەیزانی ئەسـتـەمـە، ئەگـەر لێی بگەڕانـایا تا بەیانی لە چاوەڕوانیـدا بمایەتەوە، بوێریی ئـەوەی تێدا نەبوو بـەتاقە وشـەیەک ناڕەزایی دەربـڕێت.. ئەو ئێـسـتـا لەناو بـازنەی گـەورەکـانـە، تەنیـا هـەڵەیەک بەقـوڕا دەیبـاتە خـوارێ، بۆیە لە سـەریەتی فـرتوفـێڵـەکانی بیر بێتـەوە و تواناکانی بخـاتە گەڕ، تاکو کابرای گەورە بەزەیی پێـدا بێتـەوە و بەڕێژەی کەمتر لە چارەک قایل بێت.. ئەمـە ئەوپەڕی توانایەتی، هەر گەوجێتییـەکیش لەوەوە نرخەکەی یەکسـەر و بەگرانیش لەسەری دەکەوێتەوە.. گوێی لە تەپەی

هەنگاوەکـان بوو لە دوایەوە دەهاتن، بەشـێوەیەک ترس دای گرت نەیتـوانی ئاوڕ بداتەوە، هێندەی نـەبرد یەکێک لە پاسـەوانەکان بەدیار کـەوت، ئامـاژەی دا دوای بکەوێت.

بەڕاگوزەرە درێژەکەدا ڕەت بوون، ترقەی پێیان لەسـەر کاشییە لووسـەکەدا دەنگی دەدایەوە، گـەیشتنە هۆڵێکی فراوان، لای پێشـەوەی مـێزێکی گـەورە و مـێـزێکی گـەورەتری کـۆبوونـەوەکـان دە کورسـیـی بەدەوردا ڕیز کـرابوون.. پاســەوانـەکـە ئامــاژەی بـۆ عــەزام کـرد دانیــشــێت و لەو دەمـی دەڕۆیشت بەساردییەکەوە گوتی:

– لێرە چاوەڕوانبە تا پاشا قسانت لەگەڵدا دەکات.

عـەزام لە وشـەی "قـسانـت لەگەڵدا دەکـات"دا کەوتـە گومـانەوە، پرسـی دەبێ ئەمە مانای ئەوە بێت کابرای گەورە لێرە نییە؟! ئەی بۆ پێوەندیی پێوە نەکرد داوای لێـــبـــووردن بـکات، کـــە نـاتوانـێت ئامـــادە بـێت، تـا ئـەویش ئـەم ماندووبوونەی نەکێشیایە و ئەم ماوە زۆرەش چاوەڕیی نەدەکرد، لە پڕ گوێی لە دەنگێکی بڵند بوو لە هۆڵەکەدا دەنگی دەداوە:

– عەزام بەخێر بێیت.

ڕاسـتـەپێ هەسـتـا، ترس دای گرت و لە ئەمـلا و ئەولای خـۆی دەڕوانی، تا سـەرچاوەی دەنگەکە بزانێت، کە نەرمە پێکەنینێکی کرد و درێژەی پێ دا:

– مەترسێ.. من لە شـوێنێکی دیم، بەڵام قسـەت لەگەڵدا دەکـەم و دەتبینم.. مـخـابن هێندە کـاتم نییە.. با لەسـەر بابەتـەکە بدوێین.. بـۆچی داوای بینینت کردووم؟!

حـاجی بیری کۆکردەوە و هـەوڵێکی زۆری دا تا لە قسـەکردندا دەنگی بڵند بکاتەوە، کـە دوو هـەفـتـە دەبـوو خـۆی بۆ ئامـادە کـردبوو، کـەچی لە تـرسـاندا بیـرۆکـەکان لە سـەریدا بەهـەڵم بوون، دوای چەند سـاتێک توانی بەزەحـمـەت بدوێت:

– گەورەم من نۆكەری تۆم و لەژێر فەرمانی جەنابتاندام.. لە چاكە و پیاوەتیتاندا نقوم بووم، خێرتان بەسەر ولاتدا سەر دەكات.. خوا بتانپارێزێت و بۆ میسرتان بهێڵێت. هەموو هیوام ئەوەیە چاوی بەزەیی لە بابەتەكەی من ببڕن.. من بەرپرسیارێتیی زۆرم لەسەرە و خوا بەخۆی دەزانێت چەند ماڵێكم بەسەرەوەیە و دەیانژێنم. گەورەم ڕێژەی سوودەكە زۆرم ماندوو دەكات.

كابرای گەورە متەقی نەكرد، عەزام گورێكی بەبەردا هاتەوە و بەپاڕانەوەوە درێژەی پێ دا:

– من چاوم لە بەخشندەیی جەنابتانە.. پێغەمبەر دەست بەباڵتەوە بگرێت، توخوا بەدڵشكاوی مەمگێڕەوە، ئەگەر بەڕێزتان ڕێژەكەتان بۆ نموونە بۆ یەك لەسەر هەشت دابگرتایا، ئەوا هەمیشە قەرزارباری جەنابتان دەبووم.

ساتێكی تریش لە بێدەنگی تێپەڕی، پاشان دەنگی كابرای گەورە بەشڵەژاوییەوە بەرز بووەوە:

– گوێ بگرە عەزام.. من كاتی ئەوەم نییە لەگەڵ تۆدا بەفیرۆی بدەم.. ئەم ڕێژەیە لەسەر تۆ و ئەوانی تریش چەسپاوە.. هەر بزنسێكی گەورەی وەك بریكارییەكەی تۆ بەچارەك لەگەڵتدا هاوبەش دەبین.. ئەم ڕێژەیەش لە بەرابەر كاردا بەدەستی دەهێنین.. ئێمە لە باج و بیمە و ئاسایشی پیشەسازی و سانسۆری كارگێڕی دەتپارێزین، هەزار لایەنیش دەتوانن پرۆژەكەت بوەستێنن و لە چاوترووكانێكدا پشتت بشكێنن.. دوای ئەوە بەتایبەت تۆ دەبێت سوپاسی خوا بكەیت ئێمە ڕازی بووین لەگەڵتدا كار بكەین، چونكە ئیشەكانت پۆخڵن.

– پۆخڵ؟!

عەزام ئاوا بەدەنگی بڵند بەرپەرچی دایەوە و بەجاڕسییەوە پرتەوبۆڵەیەكی ناڕەزایی لە زار دەرچوو، كابرای گەورەی تووڕە كرد و بەدەنگی بەرزەوە

ئاگەداری کردەوە:

– تۆ گێژیت یان خۆت گێژ دەکەیت؟!.. تۆ دەسکەوتە ڕاستەقینەکەت لە ئیشی خراپەوەیە، جگە لە بریکارییە ژاپۆنییەکەت.. بەکورتییەکەی تۆ ئیش لە پۆدرە دەکەیت و ئێمە بەهەموو شتەکان دەزانین.. لەسەر مێزەکە دانیشە و ئەو دۆسیەیە بکەرەوە، کە ناوتی لەسەر نووسراوە.. چەندین ڕاپۆرت لەبارەی چالاکییەکانتەوە دەبینیت.. پشکنینەکانی ئاسایشی دەوڵەت و لەناوبردنی مادە بێهۆشکەرەکان و هەواڵگریی گشتی.. گشتیان لامانن و ئێمە ڕامان گرتوون، ئێمە دەتوانین کاری تێدا بکەین و لە چاوترووکانێکدا بێ سەروشوێنت بکەین. عەزام دانیشە، ئاوەزت بەگەڕ بخە و پەروەندەکە بخوێنەرەوە، پێیدا بچۆرەوە و باشی لەبەر بکە، لە کۆتاییی دۆسیێکەدا دانەیەک لە گرێبەستی هاوبەشی نێوانمان دەبینیتەوە، ئەگەر پێت خۆشە ئیمزای بکەیت بیکە.. بەکەیفی دڵی خۆت.

پاشان کابرای گەورە پێکەنینێکی تیزەجاڕی کرد و دەنگەکە بڕا.

***

عەبدە بەوشکی پێشوازی کرد.. هەر بەدانیشتنەوە بەساردییەکەوە تەوقەی لەگەڵدا کرد، ڕووی لێ وەرگێڕا و لە نێرگەلە کێشان بەردەوام بوو، حاتەم زەردەخەنەی هاتێ و بەدۆستانەوە پێی گوت:

– ئەم چاوپێکەوتنە ساردە چییە.. هەر هیچ نەبێت داوای چایەکم بۆ بکە؟!

بێ ئەوەی ئاوڕی لێ بداتەوە، عەبدە دەستەکانی بەیەکدا کێشان و بەچایچییەکەی گوت چایەک بێنێت، حاتەم دەستی بەقسان کرد:

– خۆت خۆشبیت عەبدە.. خۆت بڕوات بەخوا و قەدەری هەیە.. لێ خەمخواردنت بۆ کوڕەکەت ڕێ لەوە دەگرێت نەمبینی؟!

عەبدە لە ناکاو شڵەژا:

– حاتەم بەگ توخوا بابەس بێت.. پەروەردگار لێمان خۆش دەبێت. من

کوڕەکەم بەبان دەستمەوە گیانی لەدەست دا.

- مانای چییە؟!

- مانای ئەوەیە لەسەر ئەوەی لەگەڵ تۆدا کردم خوا سزای دام.

- چییە هەر کەسێک کوڕی بمرێت مانای وایە خوا سزای داوە؟!

- بەڵێ.. پەروەردگاری مەزن دەرفەت دەدات، لێ لە بیری ناکات، منیش زۆرم هەڵە لەگەڵدا کردیت و شایانی سزا بووم.

- کێ بەم قسانەی قایل کردوویت؟! هەدیەی ژنت؟

- هەدیە یان هەرچ کەسێکی تر، تۆچیت بەسەرەوە.. پێت دەڵێم ئەوی لە نێوانماندا بوو کۆتاییی پێ هات.. هەر کەس و بەڕێگەی خۆیدا بڕوات.. ئیتر نە بمبینە و نە دەتبینم.

دەنگی شڵەژاو و نووسا بوو، دەیشیڕاند و دەستی ڕادەوەشاند، چون ڕێی گەڕانەوە لە خۆی بگرێت، حاتەم قەیرێک بێدەنگ بوو، پاشان بەهێمنانە کەوتە قسە و پلانی گۆڕی:

- باشە کاکە.. ڕێککەوتین. تۆ سەربان و کوشکەکەت جێ هێشتن، دەتەوێ پێوەندییەکەشمان ببڕیت، من ڕازیم.. وەلێ خەرجی خۆت و ژنەکەت لە کوێ دێنیت؟

- ڕزق لای خوایە.

- بێگومان لای خوایە.. لێ ئەرکی من ئەوەیە یارمەتیت بدەم، تەنانەت ئەگەر پێوەندییەکەشمان کۆتایی پێ هات.. وێڕای مامەڵەی خراپت لەگەڵ مندا، ئینجاش لە خەمی تۆدام.

-...............

- گوێ بگرە.. من ئیشێکی باشم بۆ دۆزیویتەوە، تاکو هەمیشە ناوم بەچاکە ببەیت.

عەبدە متەقی نەکرد، هەندێک دوودڵی پێوە دیار بوو، چون شڵەژانەکەی بشارێتەوە، مژێکی قووڵی لە نێرگەلەکە دا:

– نەتپرسی چ کارێک؟!

–.............

– ڕام سپاردوون وەکو دەرگەوان لە سەنتەری ڕۆشنبیریی فەرەنسی لە مونیرە کار بکەیت.. ئیشێکی پاک و پوختە و بێ سەرێشە، مانگانەکەیشی پێنجسەد جونەیهە.

عەبدە زاری هەڵنەهێنا، وەڵامی نەداوە و ناڕازیبوونیشی دەرنەبڕی، حاتەم هەستی بەسەرکەوتن کرد، بۆیە درێژەی پێ دا:

– تۆ شایانی گشت چاکەیەکیت عەبدە.. بگرە.

لە جانتاکەی بەدەستییەوە بوو، خامە و دەفتەری چەکەکانی دەرهێنان و چاویلکە پزیشکییەکەی لە چاو کرد، چەکێکی بۆ نووسی و بەزەردەخەنەوە گوتی:

– ئەمە چەکێکی هەزار جونەیهییە بۆ خەرجیی خۆت، تاکو دەست بەکار دەبیت.

ساتێک دەستی ڕاگرت، تا عەبدە بەهێوری دەستی جووڵاند و چەکەکەی وەرگرت، ئینجا بەدەنگێکی کزەوە گوتی:

– سوپاس.

– عەبدە.. من هەرگیز پێوەندییەکەمانم بەسەردا نەسەپاندوویت.. ئەگەر بڕیارت دا جێم بهێڵیت جێم هێڵە.. وەلێ تەنیا داواکارییەکم لات هەیە، کە دوا داواکارییە.

– داواکاریی چی؟!

حاتەم لێی نزیک بووەوە و خۆی پێوە نووساند، دوایی دەستی خستە سەر

ڕانی و بەدەنگێکی گڕگرتووەوە بەگوێیدا چرپاند:

– ئەمشەو لەگەڵمدا دەمێنیتەوە.. تەنیا ئەمشەو و دەبێتە دوا شەو لە نێوانماندا.. بەڵێنت دەدەمێ عەبدە ئەگەر ئەمشەو لەگەڵمدا بێی، بەڵێنت دەدەمێ دوای ئەوە هەرگیز نامبینیتەوە.. تکات لێ دەکەم.

لە ئۆتۆمبیلەکە بەتەنیشت یەکەوە دانیشتبوون، بێدەنگییەکی پڕ لە ئاڵۆزی گرتبوونییە خۆ، حاتەم پلانەکەی بەوردی جێبەجێ دەکرد، مەزەندەی ئەوەی دەکرد سەرەنجام عەبدە بۆ خۆی دەمێنێتەوە و لە بەرابەر فریوی پارە و کارە نوێیەکەیدا خۆ ڕاناگرێت، هەروەها هەر هێندەی سەرلەنوێ تامی بکاتەوە، ئەوا پێوەندییەکەیان نوێ دەبێتەوە..

هەرچی عەبدە بوو پاساوی ئەوە بوو، پێویستیی و دۆخەکە بەسەریدا سەپاندوویەتی، لەو ڕۆژەوەی کوشکەکەی جێ هێشتووە، خۆی و ژنەکەی عانەیەک چییە نەهاتووەتە دەستیان، تەنانەت چای و تەماکۆش بەقەرز لە خاوەن قاوەخانە هاوشارییەکەوە وەردەگرێت، هەروەها لە ماوەی کەمتر لە دوو مانگدا لە سعێدییە ناسیاوەکانی سێسەد جونەیهی قەرز کردووە.

شەکەت و ماندوو بوو هێند بەدوای کارێکی گونجاودا بگەڕێت، چەند ڕۆژێک کرێکاریی کرد و بۆی نەچووە سەر، نەیدەتوانی بەرگەی ئەم کارە قورسانە بگرێت:

هەر بۆ چەند جونەیهێک تەشتە گەچی قورسی بەشاندا دەدا و بەدرێژاییی ڕۆژ دادەبەزی و سەردەکەوت، بەڵێندەرەکەش جگە لە جنێو و سووکایەتی پێکردن نیوەی ڕۆژانەکەی دەدزی، ئەی کەواتە چی بکات؟!

ئەو ئیشەی حاتەم پێی گوت پاک و پوختە و گونجاوە، بۆ یەکجاری لە چنگی هەژاریی قوتار دەکات، چی تێدایە دەبا بەس ئەمشەو لەگەڵیدا بنوێت، تاقە جارێک ڕازیی دەکات، ئینجا چەکەکەی ورد دەکاتەوە و پێویستی و قەرزەکانی دەداتەوە.

هەر کە لە ئیشە نوێیەکەی دەستبەکار بوو پێوەندیی لەگەڵدا دەبڕێ و ئەم لاپەڕە قێزەونە دەپێچێتەوە.. ئەم دڵنیایە پەروەردگار لێی خۆش دەبێت و تۆبەی قبووڵ دەکات، ئیتر دوای ئەوە لە یەکەم دەرفەتدا بۆ حەج دەچێت، تاکو لەو گوناهانەی کردوونی وەکو یەکەم ڕۆژی لە دایکبوونی پاک بێتەوە، ئەمە دوا شەو دەبێت گوناهی تێدا بکات، لە سبەینێوە تۆبە و پەشیمانیی خۆی ڕادەگەیەنێت و ڕێگەی ڕاست دەگرێت..

عەبدە لە دڵی خۆیدا ڕای گەیاند بەهەدیە نەڵێت حاتەمی بینیوە، چونکە ئەگەر پێ بزانێت ئەوا ژیانی لێ دەکات بەدۆزەخ، ڕاستییەکەی لەو ڕۆژەوەی کوڕەکەی مردووە ڕۆژێک تێ نەپەڕیوە قڕەقڕی لەگەڵدا نەکردبێت و جوێنی پێ نەدابێت و نزای لای خوا لێ نەکردبێت، داخی کوڕەکەی ئاوەزی لە دەست دابوو و بووبووە بارێکی قورس بەسەر ژیانییەوە، وای مامەڵە لەگەڵدا دەکرد وەک ئەوەی ئەم کوڕەکەی بەدەستی خۆی کوشتبێت، ئەوی مایەی خەم بوو هەستی گوناهباری گرتییەوە و دەرۆستی هات، تا وای لێ کرد زۆرجار شەوان نەدەخەوت، لێ گشت ئەم شتانە ئەمشەو دواییان دێت، بۆ دواجار جەستەی حاتەم تێر دەکات، کاری دەست دەکەوێت و ئیتر تۆبە دەکات.

بەبێدەنگی چوونە ئەپارتمانەکەوە، حاتەم گاڵۆپەکانی پێ کردن و بەشۆخییەوە گوتی:

- ماڵەکەم بێ تۆ دۆزەخە.

عەبدە لە پڕ لێی نزیک بووەوە و باوەشی پێدا کرد، ویستی جلەکانی لەبەر دابکەنێ و لەگەڵیدا ڕابوێرێت، زۆری پەلە بوو زوو لێ بێتەوە، حاتەم وا تێگەیشت ئەوە نیشانەی زۆر حەزکردنی بێت، بەدڵخۆشییەکی ژنانەوە پێکەنی و بەنازەوە چرپاندی:

- ئارامت بێ عەبدە.

ڕای کردە ژوورەوە، کەچی عەبدە بارەکەی کردەوە و بوتڵێک وێسکیی دەرهێنا و پەرداخێکی گەورەی بۆ خۆی پڕ کرد، بێ بەفر و ئاو یەکبین نای بەسەرەوە، زۆری پێویست بەوە بوو سەرخۆش ببێت، لەو ماوە کورتەی حاتەم مژووڵی خۆ ڕازاندنەوە بوو، چەند پەرداخێکی هەڵدا، کاریگەریی خواردنەوەکەی پێ گەیشت، هەستی بەخوێنی گەرم کرد لەدەمارەکانیدا قوڵپ دەدات، ئەو هەستە دای گرت کە زۆر بەهێزە و هیچ شتێک نییە بەر بەوە بگرێت، کە دەیەوێت جێبەجێی بکات.

حاتەم لە گەرماو هاتە دەر، پیجامەیەکی ئاوریشمینی گوڵگوڵی بەسەر گۆشتەکەوە لەبەردا بوو، بەرەو ئاشخانەکە بای دایەوە، خواردنی گەرمی هێنا و لەسەر مێزەکەی دانا، پێکێک وێسکیی بۆ خۆی کرد، لەسەرخۆ دەیخواردەوە و بەشێوەیەکی ورووژێنەر بەزمانی لێواری پەرداخەکەی دەلستەوە، دوایی دەستی خستە سەر قۆڵە قەوییەکەی عەبدە، ئاهێکی هەڵکێشا و بەگوێیدا چرپاند:

– زۆر بەتاسەوە بووم بۆت.

عەبدە دەستی لادا و بەسەرخۆشییەوە گوتی:

– حاتەم بەگ، ئێمە ڕێککەوتین ئەوی لە نێوانماندایە ئەمشەو دوایی بێت.. لە سبەینێوە هەر کەس بەڕێی خۆیدا بڕوات.. وایە؟

حاتەم زەردەخەنەیەکی هاتێ و قامکی بەسەر لێوە ئەستوورەکانی عەبدەدا هێنا، لاسایی شێوە قسەکردنە سعێدییەکەی کردەوە:

– وایە هەی سعێدی.

ئەمجار عەبدە بەرگەی نەگرت، وێڕای بەرگریکردنە پێکەنیناوی و هاوارکردنی حاتەم، پری پێدا کرد و وەک منداڵ هەڵی گرت، فڕێی دایە سەر جێ خەوەکەی و پانتۆڵەکەی داکەند و خۆی هاویشتە بانی، بەتوندی لەگەڵیدا ڕای بوارد، وەک ئەوەی پێشتر نەیکردبێت وای پەلامار دا، تەنانەت

حـــاتەم بـەدەم خـــۆشی و ئـازارەوە بەدەنگی بەرز هـاواری کــرد، لە مـــاوەی سـەعـاتێکدا سێ جـاران گـڕی ئالۆشـیـیـەکەی بـەجەسـتـەی دامـرکـاندەوە، بێ ئەوەی زاری هەڵبـێنێت وەک ئەوەی کارێکی قـورس بەشـێلگـیـریـیـەوە بکات، تاکو لە دەستی ڕزگاری بێت، ئەمەی ئەنجام دا.

هەینـێ لێ بوونەوە حـــاتەم بەڕووتی لەســەر سک لێی ڕاکـشــا، چون بەنج کـرابـێت، یاخـۆ نووسـتـبـێت و نەیەوێت هـەرگـیـز لەو خـەونە خـۆش و بەتـامـە بێدار بێـتـەوە، لە بێـهـۆشـیـی مـەسـتـیدا چـاوانی لێک نان، هـەرچی عـەبدە بوو هـەڵایژابوو لە میچەکەی دەڕوانی، بێ ئەوەی مـتەق بکات دوو جگەرەی کێشا، ئینجـا ڕاسـتـەپێ هـەسـتـا و جلەکـانی لەبەر کـردن، حـاتەم ئاگـەدار بووەوە، لەسەر جێیەکە دانیشت و بەنیگەرانییەوە لێی پرسی:

– بۆ کوێ؟!

– دەڕۆم.

بێ گوێ پێدان وەک ئەوەی ئیشـەکە تەواو بووبێت وای گوت. حـاتەم هـەستا و لە بەردەمی وەستا:

– ئەمشەو بمێنەوە و سبەینێ برۆ.

– یەک خولەکی دی چاوەڕێ ناکەم.

حاتەم بەڕووتی باوەشی لێ دا و بەئاسپاییەوە پێی گوت:

– لەبەر خاتری من دەمێنیتەوە.

کتوپڕ.. عەبدە پاڵێکی توندی پێوە نا، کـەوتە سـەر قەنەفەکەی تەنیشت جێ خەوەکە، دەموچاوی سوور هەڵگەڕا و بەتووڕەییەوە شیڕاندی:

– تۆ شێت بووویت؟!.. چۆن پاڵم پێوە دەنێیت؟!

عەبدەش بەبەرەنگاری بوونەوەوە بەرپەرچی دایەوە:

– ئیتر هـەر کەس و بەڕێگەی خۆیدا بڕوات.

حاتەم بەو قسـە ڕوون و ئاشكرایەی عەبدە، كە سـەرنـەگرتنی پلانـەكەی ڕاگەیاند، خەشم و قینی هەستا و گوتی:

– وا ڕێككەوتین ئەمشەو بمێنیتەوە.

– ئەوی لەسەری ڕێككەوتین من جێبەجێم كرد، هیچت لای من نەما.

– تۆ بەتەواوی خۆت دەناسی كێیت؟

عەبدە وەڵامی نەداوە و بەبێدەنگی جلەكانی لەبەر كردن، حاتەم لەودەمی توورەییەكەی زیاتر بوو، درێژەی پێ دا:

– وەڵامم بدەرەوە.. خۆت دەناسیت كێیت؟

– بنیادەمێكم وەک تۆ.

– تۆ جگە لە سعێدییەكی نەزان و پێ پەتی زیاتر هیچی تر نیت.. من لە شەقام هەڵم گرتیتەوە، خاوێنم كردیتەوە و كردتم بەمرۆڤ.

عـــەبدە لەســـەرەخـــۆ هەنگاوێک لێی هاتە پێـشـێ و بەچاوە ســـوور هەڵگەڕاوەكانیەوە لە سۆنگەی زۆر خواردنەوەوە لێی ڕاما و بەوریاكردنەوەوە گوتی:

– تەماشاكە.. نەكەی هەڵەم لە بەرابەردا بكەیت.. تێگەیشتیت؟

حـاتـەم چۆن شـەیتـان دەسـتی لێ وەشـاندبێت و بەرەو هەڵدێری ببـات، كۆنترۆڵی خۆی لەدەست دابوو، بەچاوی گاڵتە پێكردنەوە لە عەبدەی ڕوانی و گوتی:

– عەبدە تۆ خۆت بیر چووەتەوە؟! من بەتەلەفۆنێک بەقوڕا دەتبەمە خوارێ.

– ناتوانیت.

– پێشـانت دەدەم دەتوانم یان نا.. ئەگـەر ئێـسـتـا دابەزییت تەلەفـۆن بۆ پۆلیس دەكەم، كە تۆ دزیت لێ كردووم.

خـەریكبـوو عـەبدە وەڵامی بداتەوە، لێ ســەری بادا و بەرەو دەرگــەكـە

هەنگاوی نا تا بڕوات، هەستی دەکرد خۆی بەهێزترە و حاتەم ناتوانێت هەڕەشەکەی بەجێ بگەیەنێت، دەستی برد تا دەرگەی ئەپارتمانەکە بکاتەوە، کەچی حاتەم لچکی دیشداشەکەی گرت و شیڕاندی:

– نارۆیت.

– پێت دەڵێم بەرمدە.

– کە پێت دەڵێم بوەستە یانی بوەستە.

حاتەم لە کاتێکدا لە دواوە بەتوندی ملی گرتبوو ئاوای بەسەردا شیڕاند، عەبدە وەرسووڕا و بەئاسانی دەستی لادا، ئینجا تا هێزی تێدا بوو شەپازلەیەکی سرەواندێ، حاتەم لێی ڕاما و چاوانی زەق هەڵاتن، چون شێت بووبێت هاواری کرد:

– لە گەورەکەت دەدەیت هەی نۆکەری سەگباب.. بەگیانی دایکت نە ئیشت دەدەمێ نە پارە.. من سبەینێ پێوەندیی بەبانکەوە دەکەم و چەکەکە ڕادەگرم.. ئیتر تۆ ئاوەکەی بخۆرەوە.

عەبدە لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا وێستا بوو، لە مێشکی خۆیدا لێکی دەدایەوە، پاشان دەنگێکی دەرکرد لە دەم بەیەکدا دانی ئاژەڵێکی دڕندەی تووڕەی دەکرد، هەڵمەتی بردە سەر حاتەم و دایە بەر پێلەقە و بەمشتیش پێیدا دەکێشا، ئینجا بەهەموو هێزییەوە ملی گرت و سەری بەدیوارەکەدا دەکێشا، تا هەستی بەخوێنە گەرمە لینجەکەی بەسەر دەستییەوە کرد.

پاشان دراوسێکان لە کۆنووسەکەدا گێڕابوویانەوە، دەوروبەر سەعات چواری بەیانی گوێیان لە هاوار و نەڕە بوو لە ئەپارتمانەکەی حاتەمەوە دەهات، وەلێ لەبەر سروشتی ژیانە تایبەتییەکەی خۆیان تێ هەڵنەقورتاند.

وەناو خوا کە دەهندە و دلۆڤانە

"با ئەوانەی بۆ قیامەتێ دەس لە دنیایە هەڵدەگرن، بچنە غەزا لە رای خوادا. ئەوەش کە دەچێتە غەزا لە رێی خوا، چ بکوژرێ و چ سەرکەوێ لەو دنیا پاداشێکی گەورەی دەدەینێ. بۆچی ئێوە ناچنە غەزا لە رای خوا و لەبەر هێز لێ گیراوەکان؟ لەبەر پیاوان و ژنان و منداڵانێ کە دەڵێن: ئەی پەروەرێنمان! لەم شارە وا خەڵکەکەی ناهەقیکارن، رزگارمان کە و لە لای خۆتەوە یار و یاوەرێکمان بۆ دیاری بکە!"..

شێخ بیلال بەدەنگ و ئاوازێکی خۆشەوە لە سوورەتی نیسائی خوێندەوە، کاری لە برایانی نوێژکەری پشتەوەی کرد، ترس دای گرتن و لە دوایەوە نزای گوێڕایەڵی و ملکەچییان بۆ یەزدان وتەوە.

نوێژی بەیانی تەواو بوو، شێخ بیلال کەوتە تەسبیحات، برایان یەک یەک لێی نزیک بوونەوە و بەخۆشەویستی و رێزەوە تەوقەیان لەگەڵدا کرد، هەینێ تەها شازلی بەسەریدا نووشتایەوە شێخ بەنەرمییەوە بۆ لای خۆی رای کێشا و بەگوێیدا چرپاند:

– لە نووسینگە چاوەڕوانم بە.. پشت بەخوا ئێستا دێم.

تەها بەرەو نووسینگەکە کەوتە رێ و لە خۆی دەپرسی:

– دەبێت شێخ بۆچی بیەوێت؟ دەبێ ئەو قسانەی کردیان رەزوە پێی گەیاندبێت؟! چونکە ئەو هەمیشە دەڵێت شێخ بیلالی وەکو باوکی خۆش دەوێت، لێ دەبێت تا ئەو رادەیەی خۆشبوێت قسەی مێردەکەی لەبارەیەوە بۆ بگێڕێتەوە؟ ئەگەر کاری وای کردبێت ئەوا حیسابی توندی لەگەڵدا دەکات،

هەرگیز لێی خۆش نابێت، چونکە دەبێت ژن نهێنییەکانی مێردەکەی بپارێزێت، ئەگەر شێخیش لەو قسانەی بۆ ڕەزوەی کردن بپرسێت ئەوا درۆی لەگەڵدا ناکات، قسەکان دەکاتەوە و چی دەبێت با ببێت.. قابیلە شێخ چی دەکات؟ ئەوپەڕی لە سەربازگەکەی وەدەر دەنێت، چش، نرخی مانەوەی لە سەربازگەکەدا چییە ئەگەر هەر بخوا و بخواتەوە و بنوێت و هیچ نەکات؟ ئەگەر شێخ ڕێی جیهادی پێ نەدات، وا چاکە لە سەربازگەکەی دەرکات و لە کوێوە هاتووە بۆ ئەوێ بچێتەوە.

تەها بەم ئاوایەی بیـــر دەکـــردەوە، بەدەســـتی پاڵێکی بەدەرگـــەی نووسـینگەکـەوە نا و بەگـوڕەوە چووە ژوورێ، بینی دووان لە براکـان لەوێ چاوەڕوانین:

دوکتۆر مەحجووبی برا، کە پزیشکی ڤیتێرنەرییە و چلی تێپەڕ کردووە، لەو پێشەنگانەیە کە کۆمەڵی ئیسلامییان لە حەفتاکاندا دامەزراند، هەروەها برا عەبدولشافی لە فەیوم، خوێندکار بوو لە کۆلێجی ماف لە قاهیرە، چەند جارێک گیراوە و ئاسایش بەدوایەوە بوون، هەتا خوێندنی جێ هێشت و لە سەربازگەکەدا دەژیا، تەها بەدۆستانەوە تەوقەی لەگەڵدا کردن، هەرسێکیان قسەی گشتییان دەکرد، لێ لە ناخەوە نیگەرانی و چاوەڕوانیی پێشهاتێک دای گرتبوون. شێخ بیلال گەیشت، تەوقەی لەگەڵدا کردن و بەگەرمییەوە باوەشی لێ دان، بەدەم بزەخەنەوە هەینێ لێیان ڕامابوو، گوتی:

– لاوانی ئیسـلام ئەمە ڕۆژتانە.. ئەنجوومەنی شـووراى کـۆمەڵ هەڵی بژاردوون بۆ چالاکییەکی گرینگ دەربچن.

ساتێک لە بێدەنگی تێپەڕی، دوایی برایان تاویان دا و کەوتنە هەڵهەڵە لێدان و "الله اکبر"یان دەکێشا، باوەشیان لەیەک دا و پیرۆزباییان لە یەکتری کرد، تەها لە گشتیان دڵخۆشتر بوو، هاواری کرد:

– سوپاس بۆ پەروەردگار.. "الله اکبر".

شێخ بزەکەی فراوانتر بووەوە و گوتی:

– ماشەڵا.. خوا دەست بەباڵتانەوە بگرێت و باوەڕتان بەتینتر بکات، لەبەر ئەمەیە دوژمنانی ئیسلام زەندەقیان لێتان چووە، چونکە ئێوە مەرگتان خۆشدەوێت، وەک چۆن ئەوان ژیانیان خۆشدەوێت.

خرۆشان بەسیمایەوە دیار بوو، لای مێزەکەی دانیشت و کاغەزێکی گەورەی لە بەردەمیدا والا کرد و لە گیرفانی دیشداشەکەیدا لە خامە دەگەڕا:

– کاتمان کەمە.. دەبێت چالاکییەکە لە سەعات یەکی نیوەڕۆ ئەنجام بدرێت، ئەگینا دەبێت بەلای کەمەوە مانگێکی ڕەبەق چاوەڕوان بین.. کوڕینە دانیشن و لەگەڵمدا تەواو سەرنج بدەن.

***

دوای دوو سەعات پیکابێکی تاسەر لیپ لە بوتڵە غاز، ڕێگەکەی بەرەو دەڤەری فەیسەڵ لە هەرەم دەبڕی، دوکتۆر مەحجوب ئۆتۆمبیلەکەی لێ دەخوڕی، تەها شازلییش بەتەنیشتییەوە بوو، هەرچی عەبدولشافیی بوو لە دواوە لە نێوان بوتڵە کەڵەکە کردووەکاندا وەستابوو، ڕیشیان تاشیبوو و بەرگی دابەشکەری بوتڵە غازیان لەبەر کردبوون، نەخشەکەیان وابوو بەلای کەمەوە بەر لە سەعاتێک لە چالاکییەکەیان دەستنیشانی شوێنەکە بکەن، پاشان بەشێوەیەکی ئاسایی لە شەقامەکەدا بن، هەتا ئەفسەری ئاسایشی دەوڵەت لە ماڵەکەی دەردەچێت، لە ماوەی دەرچوونەکەی لە دەرگەی باڵەخانەکە، تاکو سواری ئۆتۆمبیلەکەی دەبێت، لەسەریانە بەهەر شێوەیەک بێت بیوەستێنن، ئینجا بەسێ کلاشینکۆف، کە لەژێر کوشنەکانیاندا شاردبوویانەوە، دەسترێژیی لێ بکەن..

ئەمان ڕێنوێنیی توندوتۆڵی تریشیان پێ درابوو:

ئەگەر ئەفسەرەکە توانی بەر لە جێبەجێکردن بچێتە ئۆتۆمبیلەکەیەوە،

دەبێت ئەمان بەئۆتۆمبیلەکەیان ڕێی لێ بگرن، پاشان چەندێک نارنجۆکی دەستییان پێیە بەیەکجار لێی بگرن، ئینجا ئۆتۆمبیلەکە جێ بهێڵن و هەر کەسە و بەئاقارێکدا ڕا بکات و تەقە بەئاسماندا بکەن، نەکو یەکێک دوایان بکەوێت. ئەگەریش هەستیان کرد چاودێری دەکرێن، ئەوا دوکتۆر مەحجوب «بەو حسێبەی ئەمیری گرووپەکەیە» دەسەڵاتی ئەوەی هەیە یەکسەر چالاکییەکە هەڵوەشێنێتەوە و بیوەستێنێت، ئیتر دەبێت ئۆتۆمبیلەکە لە شەقامێکی لاچەپدا جێ بهێڵن و بەجیا جیا بەئۆتۆمبیلی گشتی بۆ سەربازگەکە بگەڕێنەوە..

هەر هێندەی ئۆتۆمبیلەکە گەیشتە دەڤەری فەیسەڵ، خێراییەکەی کەم کردەوە، عەبدولشافییش دەیکوتی بە بوتڵە غازەکاندا، تاکو بەخەڵکەکە ڕابگەیەنێت غاز گەیشت، چەند ئافرەتێک لە بانیژە و پەنجەرەکانەوە سەریان کێشا و گازیان کردن، زیاد لە جارێک وەستان و عەبدولشافی چەندین بوتڵی بۆ کڕیاران داگرت و پارەکەی وەرگرتن و بەتاڵەکانیشی خستنە ئۆتۆمبیلەکەوە، ئەمە ڕێنوێنیی شێخ بیلال بوو بۆ چاوبەستکردن.

ئۆتۆمبیلەکە گەیشتە شەقامی عاکف، ئەو شوێنەی ئەفسەرەکانی لێ نیشتەجێن، ئافرەتێک لە بانیژەکەوە داوای بوتڵێکی کرد، عەبدولشافی بۆی برد، ئەمە دەرفەتێکی باش بوو بۆ مەحجوب و تەها تاکو بەهێوری شوێنەکە بپشکنن..

ئۆتۆمبیلی ئەفسەرەکە مەرسیدسێکی شینی مۆدیل کۆتاییی حەفتاکان بوو، لە بەرابەر دەرگەی باڵەخانەکەدا دەوەستێت. مەحجوب بەباشی ماوەکان و دوکانەکانی دەوروبەر و شوێنەکانی چوونە ژوورەوە و هاتنە دەرەوەی هەڵسەنگاندن، هەر کە عەبدولشافی گەڕایەوە ئۆتۆمبیلەکە لەو شوێنە دوور کەوتەوە، دوکتۆر مەحجوب سەیری سەعاتەکەی کرد و گوتی:

– سەعاتێکی تەواومان لە بەردەمدایە.. ڕاتان لەسەر پیاڵەیەک چا هەیە؟

چون دڵنیاییان پێ ببەخشێت، بەدەنگێکی تژی لە شۆخییەوە قسانی دەکرد، ئۆتۆمبیلەکە لە شەقامێکی نزیک لە بەرابەر چاخانەیەکی بچووکدا وەستا، هەرسێکیان دانیشتن و چای بەپونگەیان دەخواردەوە، سیمایان تەواو ئاسایی بوو، گومانیان دروست نەدەکرد، مەحجوب بەدەنگێکی بیستراوەوە فڕێکی لە چایەکەی دا و گوتی:

– سوپاس بۆ خوا.. هەموو شتەکان بەجوانی بەڕێوە دەچن، تەواوە.

تەها و عەبدولشافییش بەدەنگێکی نزمەوە وتیان سوپاس بۆ خوا.

– دەزانن برایانی ئەنجوومەنی شوورای کۆمەڵ بۆ ماوەی ساڵێکی ڕەبەق چاودێریی ئامانجەکەیان دەکرد؟

– ساڵێکی ڕەبەق؟

تەها بەم شێوەیە پرسیاری کرد.

– بەیەزدانی مەزن ساڵێکی تەواو.. پشکنین زەحمەتە، چونکە ئەفسەرە گەورەکانی ئاسایشی دەوڵەت لە خۆشاردنەوە زێدەڕۆیی دەکەن، زیاد لە ناوێک بەکار دەبەن و لە شوێنێک زیاتریش نیشتەجی دەبن و هەندێک جاریش لەگەڵ خێزانەکانیاندا زوو زوو لەم ئەپارتمان بۆ ئەو ئەپارتمان دەگوازنەوە، هەموو ئەمانەش کارێکی وا دەکەن گەیشتن پێیان نیمچە ئەستەم بێت.

– برا مەحجوب ناوی ئەو ئەفسەرە چییە؟

– پێویست وایە نەیزانیت.

– تێ دەگەم قەدەغەیە، وەلێ حەز دەکەم بیزانم.

– ناوەکەی لە شتێک دەگۆڕێت؟

تەها متەقی نەکرد، دوایی قەیرێک لە مەحجوب ڕاما و بەشڵەژاوییەوە گوتی:

– برا مەحجوب، ئێمە بەکردەوە دەستمان بەجیهاد کرد، دوور نییە خوا شەهیدبوونمان پێ ببەخشێت و ڕوحمان پێکەوە سەرکەونە لای خولقێنەرەکەیان.. هێشتا بڕوات پێم نییە لە کاتێکدا وا لە کەناری مەرگداین؟

قسەکانی تەها کاریگەرییان لەسەر مەحجوب جێ هێشت، لەبەرئەوەی خۆشی دەویست بەدەنگێکی نزمەوە گوتی:

– سالّح ڕەشوان.

– سەرهەنگ سالّح ڕەشوان؟؟

– تاوانکار و کافر و خوێنڕێژە.. چێژ لە سەرپەرشتیکردنی ئەشکەنجەدانی ئیسلامییەکان وەردەگرێت، هەروەها بەرپرسیاری ڕاستەوخۆی کوشتنی زۆرێک لە برایانە لە گرتووخانەدا، بەڵکو بەدەمانچەکەی خۆی دووان لە چاکترین لاوانی موسڵمانی برا حەسەن شرباسیی ئەمیری فەیوم و دوکتۆر محەمەد ڕافعی برامان وتەبێژ بەناوی کۆمەڵەوەی شەهید کردن و لە بەندیخانەی عەقرەب لە بەرابەر گیراوەکاندا شانازیی بەکوشتنیانەوە دەکرد.. خوا لە گشت شەهیدانی سەرفرازمان خۆشبێت و بەهەشتی پان و بەرینیان پێ ببەخشێت، بەپشتیوانیی خوا بەچاکە پێکمان بگەیەنێت.

بەر لە سەعات یەک بەپێنج خولەک ئۆتۆمبیلی غازەکە لەو بەرەوە لە بەرابەر دەرگەی باڵەخانەکەدا وەستا و عەبدولشافی دابەزی و لە کابینەی لێخوڕینەکە نزیک بووەوە، دەفتەرۆچکەیەکی لە گیرفانی دەرهێنا و وای نواند، کە لەگەڵ مەحجوبی شوفێردا بەحیسابەکانیدا دەچێتەوە، هەردووکیان بەدەنگێکی بیستراوەوە گفتوگۆیان لەسەر ژمارەی بوتڵە فرۆشراوەکان دەکرد، دیمەنیان سروشتی بوو، تەها بەپەرۆشییەوە مشتووی دەرگەکەی گرت، شوێنی چوونە ژوورەوە بۆ ناو باڵەخانەکە کراوە بوو، دڵی

هێند بەتوندی لێی دەدا خەریکبوو دەتەقی، هەوڵی دا سەرنج لە تەنیا خاڵێک گیـر بکات، وەلێ تاقگەیەکی بەخـوڕ لە وێنە مـێشکی داگرت، لە مـیـانەی خولەکێکدا سەرتاپای ژیانی دیمەن بەدیمەن هاتە بەرچاو:

ژوورەکەی لە سەربانی باڵەخانەی یاقوبیان و یادەوەرییەکانی منداڵی و دایک و باوکە میهرەبانەکەی و بوسەینە سەیدی خۆشەویستە کۆنەکەی و ڕەزوەی ژنی و لیـوای فەرماندەی کۆلێجی پۆلیس، کە بەپیشەکەی باوکی هەڵی سەنگاند، هەروەها سەربازەکانی گرتووخانە چۆن لێی دەدەن و لاقەی دەکەن، شەیدای ئەوە بوو بزانێت داخۆ ئەم ئەفسەرە بوو لە گرتووخانەدا سەرپەرشتیی ئەشکەنجەدانی کرد؟ ئەمەی بەمەحجوب نەگوت، نەکو نیگەران بێت و لە چالاکییەکەی دوور بخاتەوە، تەها چاوی لەبەر دەرکی باڵەخانەکە بڕیبوو و یادەوەرییەکان بەخێرایی بەبەر چاویدا تێدەپەڕین.

ئەفسەرەکە بەدەرکەوت، چۆنیان بۆ وەسف کردبوو وا دەرچوو، قەڵەوێکی سپیکەلانە، تا نووکە شوێنەواری خەو و گەرماوی گەرم بەدەمەوچاویەوە دیارە، لەسەر خۆ و بەبڕوا بەخۆ بوونەوە ڕێ دەکا و جگەرەکەی بەگۆشەی دەمییەوە تەکە تەکێتی.. تەها بەپەلە دەرگەکەی کردەوە، دابەزی و ڕێک بەرەو ڕووی ڕۆیشت، دەبوو بەهەر شێوەیەک بێت ڕێگەی پێ بگرێت و بیوەستێنێت، تاکو برایان دەسڕێژی لێ بکەن، ئەوسا تەها بەرەو ئۆتۆمبیلەکە ڕادەکات و خۆی هەڵدەداتە ناویەوە و بۆ داپۆشینی ڕاکردنەکەیان نارنجۆکێکی دەستی دەهاوێژێت.

تەها لە ئەفسەرەکە چووە پێشێ و بەدەنگێکەوە هەوڵی دا ئاسایی بێت، لێی پرسی:

– بەیارمەتیت مامۆستا.. ژمارە ١٠ شەقامی عاکف لە کام لاوەیە؟!

ئەفسەرەکە نەوەستا، بەلووت بەرزییەکەوە ئاماژەیەکی بۆ کرد و لە کاتێکدا بەرەو ئۆتۆمبیلەکە هەنگاوی دەنا ورتەیەکی لێوە هات:

- لەم لاوەیە.

خـۆی بوو.. ئەو بوو سـەرپـەرشـتـیـی ئەشکەنجـەدانی کـرد، کـە فـەرمـانی بەسـەربازەکـان دا تێی هەڵبدەن و بەقـامـچی گشت گیـانی هەلا هەلا بکەن و داری تێ ببڕن، بێ هیچ ئەملا و ئەولایەک خۆیەتی، هەمان دەنگی گڕ و گوێ پێ نەدەر و ئـەو هەناسـەبڕکـێـیـەی لە ئەنجـامـی جگەرە کـێـشـانـدا تووشـی بووبوو..

تـەها ئـاوەزی لەدەست دا و بەرەو لای تـەکـانـی دا، چون نـەڕەی تووڕەیـی هـاوارێکی تیژی پەنهـانی کرد، ئەفسـەرەکە بەدوو چاوی پڕ لە ترسەوە ئاوڕی لێ دایـەوە، ڕوخـسـاری لـە ترسـانـدا کـرژ بـووەوە، وەک ئەوەی درکـی پێ کـردبێت، دەمـی داپـچـڕی تاکـو شـتـێک بڵـێت، لـێ نەیتـوانی، لە پڕ گـوللەی بەسـەردا باری، گشـتـیـان بەر جـەسـتـەی کـەوتن، بـەشـەلاڵی خـوێنەوە کەوتە سـەر زەوییـەکە، تەها لەو پلانەی بـۆی دانرابوو لایدا، وەسـتـابـوو تا بەچاوی خۆی ببینێت دەمرێت، هـاواری کرد:

- الله اکبر.. الله اکبر.

بەرەو ئۆتۆمـبـیلەکە گەڕایەوە، لێ شـتـێکی چاوەڕوان نەکراو ڕووی دا، لە قـاتی یـەکـەم دەنگی هـاڕەی شـووشـە هـات، دوو زەلام بەدەر کـەوتن، تـەقـەیان ڕووە و ئۆتـۆمـبـیـلەکـە دەکـرد، تەها درکی بـەوەی ڕوو دەدات کـرد، ویسـتـی سـەری نەوی بکات و چون لە مەشق فێر بووبوو بەپێچاو پێچی ڕابکات، تاکو خـۆی لە گوللەکـان بپـارێزێت، لە ئۆتـۆمـبـیـلەکە نزیک بووەوە و گولله وەکـو بـاران بەسـەریدا دەبـارین، هـەینـێ دوو مـەتری مـابوو بگات، هـەسـتـی بەسـاردییـەک لە شـان و لە سـینـگی کـرد، سـەرمـایـەکی تەزیو وەکـو بەفـر، سـەیری پێدا هـات، تەمـاشـای گیـانی کـرد یەک پارچە خـوێن بوو، سـەرمـاکـە بووە ژانێکی تونـدی وا قـەپاڵی لێ دەگرت، کـەوتە سـەر زەوییـەکە بەتەنیـشت تایەی دواوەی ئۆتۆمبیلەکە، لە تاو ئازار هـاواری دەکرد، دوایی هەسـتی کرد

ئەو ئازارە گەورەیە پەیتا پەیتا نامێنێت، هەستی بەحەوانەوەیەکی سەیر کرد، سەرتاپای داگرت و گرتییە خۆی، دەنگی دووری کەوتە بەر گوێ، کە لێوان لێو بوو لە:

زەنگ و وێرد خوێندن و چریکەی سروود، دەنگیان دەدایەوە و لێی نزیک دەبوونەوە، وەک ئەوەی لە جیهانێکی نوێدا پێشوازی لێ بکەن.

له ئێوارێوە ڕیستۆرانتی مەکسیم جمەی دەهات..

جگە لە کرێکارانی ڕیستۆرانتەکە دە کرێکاری تریان هێنا، گشتیان سەرقاڵی زەوی سڕینەوە و دیوار و گەرماوەکە بوون بەئاو و سابوون و شلەی پاقژکردنەوە، پاشان مێز و کورسییەکانیان گواستنەوە بۆ ئەملا و ئەولای شوێنەکە، بەشێوەیەک ڕێگەیەکی پانیان هێشتبووەوە چوونە ژوورەوە و بارەکەیان پێکەوە گرێ دەدا، ڕووبەرێکی فراوانیش لە ناوەڕاستەوە بۆ سەماکردن هێڵرابووەوە.

بەردەوام لەژێر سەرپەرشتیی کرستیندا لە کاردا بوون، کە جلێکی پانوپۆڕی وەرزشیی لەبەر کردبوو و بەخۆیشی لە هەڵگرتنی شتەکاندا یارمەتیی دەدان «ئەمە شێوازی ئەو بوو لە هاندانیان بۆ کارکردن» جار ناجارێکیش بەعەرەبییە تێکشکاوەکەی، کە لەگەڵ کێ قسەی بکردایا دەیکردە مێ:

– کچێ تۆ گشتیم لێرە بۆ هەڵگرە.. باش پاکی بکەوە.. کچێ تۆ هیلاک بوویت چییە؟!

لە سەعات حەوت شوێنەکە تەواو ڕێک خرابوو، سەرمێزی سپیی تازەیان بەسەر مێزەکاندا دابوو، کە تایبەت بۆ ئەم بۆنەیە دەرهێنرابوون، پاشان سەبەتە گوڵ هێنران و کرستین بەخۆی ڕێنوێنیی کردن لە کوێ دایان بنێن، چەپکە بچووکەکانی کردنەوە و گوڵەکانی بەسەر ئینجانەکاندا دابەش کردن و فەرمانی بەکرێکارەکان دا سەبەتە گەورەکان لای دەرەوە بەدرێژاییی ڕاڕەوەکە دابنێن، پاشان لە چەکمەجەی مێزەکەیدا پارچە تەختەیەکی کەشخەی دەرهێنا بەفرەنسی و عەرەبی لەسەری نووسرابوو:

"ئەمشەو ڕیستۆرانت بۆ ئاهەنگێکی تایبەت گیراوە"

کرستین لە دەرگەکەی دەرەوەی هەڵواسی، دواتر سەری دەرهێنا، تا بۆ دواجار تەماشا بکات. شێوەی ڕیستۆرانتەکەی بەدڵ بوو، بەپەلە خۆی گەیاندە ماڵە نزیکەکەی هەتا جلەکانی بگۆڕێت. هەینێ دوای سەعاتێک بەکراسە شینە جوانەکەی و ماکیاجە ورد و هێمنانەکەی و قژە ڕێکە "شینیۆن" بۆ سەرەوە هەڵدراوەکەی شێوازی پەنجاکان، گەڕایەوە، تیپە موزیکەکە گەیشتبوو و ئەندامەکانی سەرقاڵی ڕێکخستنی ئامێرەکانیان بوون:

زوڕنا و سەکسەفۆن و کەمانچە و ئامێری تەپڵی هەمەجۆر.

ئاوازی ئامێرە جیاجیاکان دەتگوت گرمەی بوونەوەرێکی مۆسیقیی زەبەلاحن، بانگهێشتووان بەدەرکەوتن، چەند پیرێکی هاوەڵی زەکی هاتن، کرستین هەندێکیانی دەناسین و تەوقەی لەگەڵدا کردن، بانگهێشتنی بارەکەی کردن، کە بیرە و وێسکی بەخۆڕایی پێشکێش دەکران.

میوانی زیاتر خۆیان بە ژووردا کرد، هاوەڵانی بوسەینە لە قوتابخانەی بازرگانی لەگەڵ خێزانەکانیاندا هاتن، عەلی شوفێر «کە یەکسەر ڕێی خۆی بەرەو بارەکە کردەوە» و سابیری ئوتوچی و ژن و منداڵەکانی، هەروەها کەسانێکی زۆر لە سەربانەکەوە، ئافرەتەکان جلی بریقەداری بەلیلک و پوولەکە نەخشێنراویان لەبەردا بوون، کچانیش کە لە هەڕەتی شووکردندا بوون، تەواو خۆیان ڕازاندبووەوە، بەڵکو دەرفەتی شووکردنە متبووەکەیان لە ئاهەنگەکەدا بێتە پێشەوە، دانیشتوانی سەربان زندۆقیان لە گەورەیی ڕیستۆرانتەکە و شێوازە ئەوروپاییە دێرینەکەی چوو، کەچی پەیتا پەیتا بەقسە و پێکەنین بەدەنگی بڵند، کە لە بێ شەرمییەوە نزیکتر بوو وەک لە سروشتی بۆنەکە، ترسەکەیان ڕەوییەوە.

لە سەعات نۆ دەرگە کرایەوە و چەند کەسێک بەپەلە خۆیان بەژووریدا

کرد، ئینجا زەکی دسوقی بەدوایاندا هات، قاتێکی ڕەش و کراسێکی سپیی لەبەردا بوو، پاپیۆنێکی گەورەی سووری لە ملی بەستبوو، قژی بۆیاغ کردبوو و بەشێوەیەکی ڕێک خستبوو و بۆ دواوەی هەڵدابووەوە، کە پێشنیازی سەرتاشەکە بوو و بەرهەمی هەبوو. چونکە دە ساڵ لە تەمەنی ڕاستەقینەی بچووکتر دەبینرا، هەنگاونانی کەمێک ڕەق و چاوانیشی لە ئەنجامی ئەو دوو پەرداخە وێسکییەی هەڵی دابوون سووورەوە بووبوون، کە حەزی لێ بوو ئەم شەو بیانخواتەوە، لەگەڵ دەرکەوتنی لە ئاهەنگەکەدا، هاوار و فیکە و چەپڵە لێدان لە هەموو لاوە بەرز بوونەوە:

– پیرۆزە.

– هەزار جار پیرۆز بێت.

چەند هەڵهەڵەیەک بەشەرمەوە بەرز بوونەوە، لەو دەمی خەڵکەکە تەوقە و پیرۆزباییان لەگەڵدا دەکردن، کرستین خۆی بردە پێشێ، باوەشی لێ دا و بەشێوە پڕ لە میهرەکەی ماچی کرد:

– دەڵێی ئەستێرەی سینەماییت.

بەکەفوکوڵەوە وای گوت، پاشان ئاهێکی هەڵکێشا، لێی ڕاما و گوتی:

– چەندم خۆشی پێتدا دێتەوە زەکی.. ئەوەت کرد کە دەبوو لە مێژەوە بتکردایا.

ئەمە ئاهەنگی گواستنەوەی بوسەینە سەید بوو بۆ زەکی بەگ دسوقی.

بوسەینە وەک بووکانی تر کەمێک لای قژڕێکخەرەکە دواکەوت، پاشان جلی سپیی بووکێنییان بۆ هێنا، کە خوشکەکانی و مستەفای برا بچووکی دامێنە درێژەکەیان هەڵگرتبوو.

هەر هێندەی بووکە بەدەرکەوت سەرجەم ئامادەبووان بەبینینی خۆشحاڵ بوون، ئینجا بەڕوونی و ڕاشکاوی دەنگی ڕیزێک لە هەڵهەڵەی یەک لە دوای یەکی ئاوازدار بەرز بووەوە، هەمووان دڵیان خۆش بوو، دوای ئەوەی تیپە

موزیکەکە لە شاییبەکە بووەوە، بۆفیەکە کرایەوە، کرستین هەوڵی دا شێوازە ئەوروپاییبیەکەی ئاهەنگ گێڕان بپارێزێت، بۆیە لەسەر پیانۆکە گۆرانیی "ژیان لە ڕەنگی گوڵ"ی ئەدیس بیاڤی ژەند و بەدەنگە سازگارەکەیشی دەیگوتەوە:

کاتێک دێتە باوەشمەوە و

بە گوێمدا دەچرپێنێ:

ژیان لە ڕەنگی گوڵدا خۆی دەنوێنێ

وشەی "خۆشەویستی"م پێ دەڵێ:

هەموو ڕۆژێک هەر پەیڤ:

بەڵام، لە ناخمدا شتێک دروست دەکەن...

بووک و زاوا پێکەوە سەمایان کرد، بوسەینە کەمێک شڵەژا و خەریکبوو لە کاتی سەمادا ساتمە بکات، لێ زاوا هەنگاونانی ڕاستی پێ گوت و بەهەلی زانی بینووسێنێتە خۆیەوە، جووڵەکە بەسەر خەڵکەکەدا تێ نەپەڕی، کەوتنە پلار و لاقرتێ گرتنی پڕ لە پێکەنین، زەکی بیری لەوە کردەوە بوسەینە بەجلی بووکێنییەوە چەند بوونەوەرێکی خاوێن و لەبەردڵانە، دەتگوت ئەمڕۆ لە دایک بووە و بۆ یەکجاری لە خڵتە و خەوشی ڕابردوو پاک بووەتەوە، کە بێ هۆ پیسی کرد، کاتێک گۆرانییەکە تەواو بوو کرستین ویستی بەڕووخۆشییەوە پێشنیازی گۆرانیی فرەنسیی تر بکات، لێ بێهوودە بوو، چونکە ڕای گشتی بەتوندی گوشاریان بۆ هێنا، تاکو لە ئەنجامدا وڵامی بەداخوازییەکانیان دایەوە و تیپە موزیکەکە پارچە مۆسیقایەکی سەمای ڕۆژهەڵاتیی ژەند.. ئەمە ساتی ئەفسووناوی بوو، ژنان و کچان (چون لە دواییدا خۆیان بینیبێتەوە) دەستیان بەچەپڵە ڕێزان کرد، کەوتنە ستران وتن و لە گەڵ ڕیتمەکەدا خۆیان لار دەکردەوە و زیاد لە یەکێک سمتی شەتەک دا و سەمایان کرد، زۆریان لە بووکە کرد، تا بەرسڤی

بەداخـوازییـەکـەیان دایەوە و ڕێی پێ دان کـەمـەری ببـەستن، پاشـان لـەگەڵ سـەماکەدا جـووت بوو و زەکی بەگ دسـوقییش بەچاوێکی خـۆشـەویستـانە و سەرسامییەوە لێی ڕامابوو، بەگەرموگوڕییەوە لـەگەڵ ئاوازەکەدا چەپڵەی لێ دەدا و پەیتـا پەیتا دەسـتـەکانی بەرز کردنەوە و لەگەڵ هەڵهەڵە و پێکەنینی ئامادەبوواندا شانبەشانی بوسەینە کەوتە سەماکردن.